**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٢٤

سالّی/ ٢٠٢١ – بەرگی سەدو بیست و چوار

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٣

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

---

ناوی کتێب: پڕۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(٢٠٢١)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

بەرگی: ١٢٤

چاپی یەکەم: ٢٠٢٣

تیراژ: ٢٥٠

پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن

ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢١/١٢/٢١ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢١/١٢/٢٢ ل ١٥٩

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی**
**سێ شەممە ڕێکەوتی ٢١\١٢\٢٠٢١**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)
# سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢١

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢١ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەرنامەی کار، بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦)، وە بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی (١،٢،٣،٤، ٥)یەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکان (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢)، ماددەکانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی خۆی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٢١) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خستنە ڕووی بە داواداچوونی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری سەبارەت بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٧٨) و بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:.

١ - یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان.

٢ -پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە شەشی ساڵی (٢٠٢١)، یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.

٣ -دەنگدان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکان (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

یەکەم: پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

دووەم پڕۆژە یاسای سەرپەرشتیکردنی پڕۆژەکانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

٤ -خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوگمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:.

یەکەم: پێشنیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: پڕۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی پایزە لە ساڵی سێیەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، سەرەتای کۆبوونەوەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ڕوحی بەرزە فڕی ئەو ئازیزانەمان کە بەهۆی لافاوەوە گیانیان لە دەست

دا، فەرمـوون زۆر سـوپاس، ئێسـتاش داوا لە بەڕێـز سـکرتێری پەرلەمـان دەکەم بەرنـامەی کـار، پـوختەی کۆنووسـی کۆبـوونەوەی پێشـوو و نـاوی ئامـادەنەبوان بە مـۆڵەت و بەبـێ مـۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنـامەی کـار، بەپێـی حـوکمی مـاددەی (٥) بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی (١٦)، وە بـڕگەی سـێیەم لە مــاددەی (١٨)، بڕگەکــانی (١،٢،٣،٤، ٥)یەم لە مــاددەی (٢٠)، ماددەکــان (٤٧، ٤٨) بــڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢)، ماددەکـانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بڕیاریـدا بەرنـامەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (١٢)ی ئاسـایی خـۆی خـولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆ، رۆژی سێ شەممە، رێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٢١) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خســتنە رووی بە داواداچــوونی لیــژنەی دارایــی و کاروبــاری ئــابووری ســەبارەت بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پڕۆژە یاسـایانەی خـوارەوە بەپێـی حـوکمی بـڕگەی دووەمـی ماددەی (٧٨) و بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:.

٥ -یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان.

٦ -پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە شەشی ساڵی (٢٠٢١)، یاسای وەزارەتی کارەبـا لە هەرێمی کوردستان.

٧ -دەنگدان لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێـی حـوکمی ماددەکـان (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

یەکەم: پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

دووەم پڕۆژە یاسای سەرپەرشتیکردنی پڕۆژەکانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

٨ -خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خـوارەوە بەپێـی حـوگمی ماددەکـانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:.

یەکەم: پێشنیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: پڕۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان.

پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (١١)ی ئاسـایی، بە پێـی حـوکمی بـڕگەی دووەمـی مـاددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمـارە (١١)ی ئاسـایی خـولی پـایزەی سـاڵی سـێیەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆ، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٨) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:-

یەکەم: دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار، پوختەی دانیشتن و نـاوی ئەنـدامانی ئامـادەنەبوو بە مـۆڵەت و بەبێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

سێیەم: دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان گۆڕینەوەی ڕێزبەندی بڕگەکانی بەرنامەی کار بەم شێوەیە خوارەوە:-

١ - خوێندنەوەی بەیاننامەی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی لە ساڵ ڕۆژی ڕێکەوتننامەی تاوانی جینۆساید سزادان بکەرانی (١٩٤٨/١٢/٩).

٢ -دەست لە کارکێشانەوەی پەرلەمانتار بەڕێز (سیراون فرج محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی پەیوەندیەکانی ڕەوەندی کوردستانی.

٣ -خستە ڕوو و بەدواداچوونی ڕاسپاردەی هەردوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم سەبارەت بە هێرشکردنی ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، وە بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا بۆ جێ بەجێکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤ -خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

٥ -دواخستنی خستنە ڕووی بەدواداچوونی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری سەبارەت بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

چوارەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

لیستی ئامادەنەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی (٢٠٢١/١٢/٨)، هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ناوەکان (باڵانبۆ محمد علی، جلال محمد عبدالله، دیاری انور حەمە رحیم، ڕۆمیۆ حزیران نیسان، سفین اغا عمر، سەرکۆ ئازاد حسین، شایان کاکە صالح، لەنجە ابراهیم عبدالرحمن، مسلم عبدالله رسول، هاوڕێ بناء محمد، هەورامان حەمە شریف، هیمداد صباح بلال)، (کاظم فاروق نامق) ئامادەنەبوو بە بڕیاری ژمارە دووی ساڵی (٢٠٢١)، ناوی ئەو ئەندامانەی کە مۆڵەت یان بەبێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەمیشەییەکان ئامادەنەبوون، لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە (٢٠٢١/١٢/١٣) مۆڵەتیان پێدراوە بەڕێزان (گلیزار رشید حاجی، سەرکۆ ئازاد حسین، شێرکۆ جودت مصطفی، کاروان عبدالرحمن عبدالله، ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله)، لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گشت و گوزار (٢٠٢١/١٢/١٣) مۆڵەتیان پێدراوە (محی الدین حسن یوسف، کلارا عودیشۆ یعقوب)، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی مۆڵەتیان پێدراوە (٢٠٢١/١٢/١٣) (هدیە مراد حیدر، کلارا عودیشۆ یعقوب)، لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا (٢٠٢١/١٢/١٣) مۆڵەتیان پێدراوە (سروان محمد علی)، لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگای مەدەنی وەرزش و لاوان (٢٠٢١/١٢/١٤) مۆڵەتیان پێدراوە (گلیزار رشید حاجی بدری)، لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی (٢٠٢١/١٢/١٤) (گلیزار رشید حاجی بدری، سەرکۆ ئازاد حسین، زیاد حسن ابراهیم)، لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی (٢٠٢١/١٢/١٤) مۆڵەت پێدراون (هەژان حسن احمد، ادریس اسماعیل عبوش، ڕۆژان محمد کریم، ڤاهێك کمال صوغومون)، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە (٢٠٢١/١٢/٢٠) (جمال حویز، سلمە فاتح توفیق) مۆڵەتیان

پێدراوە، لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار (٢٠٢١/١٢/٢٠) (محی الدین حسن یوسف، شیرین یونس عبدالله) مۆڵەتیان پێدراوە، لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن (٢٠٢١/١٢/٢٠) (سیپان سالم حسن، جنان جبار بویا) مۆڵەتیان پێدراوە، لیژنەی دەست پاکی (٢٠٢١/١٢/٢٠) (هێڤیدار احمد سلمان) ئامادەنەبوو، لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی (٢٠٢١/١٢/٢٠) (لەنجە ابراهیم عبدالرحمن، شاخەوان رؤوف مصطفی، دیاری انور حەمە رحیم، عثمان علی اسماعیل) مۆڵەتیان پێدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئاماژە بە ماددەی (٤٨) داواتان لێدەکەم کە بڕگەی سێیەم بکرێتە بڕگەی یەکەم، لەبەر ئەوەی کە ئەو بڕگەیە تایبەتە بە دەنگدان، وە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لە ژوورەوەن بۆ ئەوەی بڕگەی دەنگدان تەواو بکەین تەسەور دەکەم هەمووی بە نیو کاتژمێرێک تەواو بێت، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە شوێنی بڕگەکان بگۆڕێت تکایە دەستی بەرزکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە جێ بەجێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار دەکەین، بڕگەی یەکەم دەنگدان لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان، داوا لە سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی دەکەم بفەرموون بێنە شوێنی خۆیان، ئەو بڕگەیە تەواو دەکەین دواتر ڕۆژێکی درێژمان لەبەردەستە، بەیانیشمان لەبەردەستە، بەڕێزان، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت: ڕاپۆرتی دەنگدان، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٢٠) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانە کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون سەبارەت بە پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی، پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان_عێراق، ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو ناونیشانەیە وەکو خۆی، چونکە هیچ پێشنیارێك نییە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

ماددەی (١):
دەقی ماددەی (١٥)یەمی یاساکە هەڵدەوشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە.
ماددەی (١٥):
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی (تأمین):
یەکەم: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و لە یاسا یان کارگێڕی و ئابووری، وە ئەزموون پسپۆڕی هەبێت، وە چاودێری کۆمپانیاکانی دڵینایی چالاکییەکانی و بەدواداچوونیان دەکات.
دووەم: بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی شوێنی لقەکانی کۆمپانیای گشتی دڵنیایی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە و دەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی یەك هیچ پێشنیارێك نییە وەکو ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی خوێندیەوە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، ماددەی دواتر فەرموو.

**بەریز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

ماددەی (٢):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی پەرلەمان لەگەڵ ماددەی دووەمە وەکو تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، فەموو.

**بەریز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ هیچ پێشنیارێك نییە وەکو.

ماددەی (٣):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەریزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی سێ هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، فەرموون.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار هیچ پێشنیارێك نییە، وەكو خۆی.

ماددەی (٤):

ئەم یاسایە لە ڕێككەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی كوردستان جێ بەجێ دەكرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن:**

دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، فەرموون.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەكانی دەرچوواندن هیچ پێشنیارێك نییە، وەكو خۆی.

هۆیەكانی دەرچوواندن:

لە پێناو دووبارە پەیكەر بەندی و ڕێكخستنەوەی چاودێریكردن و بەدواداچوونی كاروباری كۆمپانیاكانی دڵنیایی و گۆڕینی كۆمپانیای گشتی دڵنیایی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە هەرێمی كوردستان ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر كەسێك لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوواندنە وەكو خۆی هیچ پێشنیارێك نییە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، زۆر سوپاس، بەڕێزان، هەر بەڕێزێك لەگەل كۆی یاسایەكەیە با بفەرمووێت دەست بەرزكاتەوە؟ بە دەنگی (٨١) ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، زۆر سوپاس بۆ سەرۆكایەتی لیژنەی دارایی، فەرموون بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان، سەرۆكایەتی لیژنەی كشتوكاڵ فەرموون بۆ سەر سەكۆی لیژنەكان، بەڕێزان با ئەو دوو بڕگەیە تەواو بكەین هەموو قسەكانتان وەردەگرین، فەرموو كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، بابەت: ڕاپۆرتی دەنگدان، لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری، ڕۆژی دووشەممە، ڕێكەوتی (٢٠٢١/١٢/٢٠) كاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ، كۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێكردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانە كە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەشكراون سەبارەت بە پڕۆژە یاسای سەرپەرشتیكردنی پڕۆژەكانی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان_عێراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆكردن و تاوتوێكردن لیژنەكان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.

سەبارەت بە ناونیشان سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەكەم بەم شێوەیە: پڕۆژە یاسای سەرپەرشتیكردنی پڕۆژە كشتوكاڵییەكان لە هەرێمی كوردستان_عێراق، پێشنیاری دووەم: پڕۆژە یاسای دۆزینەوەی هەڵی كار بۆ دەرچووانی بەشی كشتوكاڵی و ڤیتەرنەری لە هەرێمی

کوردستان_عێراق، پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی: پرۆژە یاسای سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان _ عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشان سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٨٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، فەرموون ماددەی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم پێنج پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی پێنجەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت.

پێنجەم: سەرپەرشتیار هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان دبلۆم یان دەرچووی ئامادەیی لە بواری کشتوکاڵی یان ڤێتەرنەری سەرپەرشتی پرۆژەی کشتوکاڵی دەکات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی پێنجەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

پێنجەم: سەرپەرشتیار هەلگری بڕوانامەی دکتۆرا یان ماستەر یان بەکالۆریۆس یان دبلۆم یان دەرچووی ئامادەیی لە بواری کشتوکاڵی یان ڤێتەرنەری کە سەرپەرشتی پرۆژەکانی کشتوکاڵ دەکات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها لە بڕگەی سێیەمدا دەستەواژەی دروستی ئاژەڵ بکرێتە ڤێتەرنەری و بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

سێیەم: سەندیکا وکۆمەڵەکان هەر یەك لە سەندیکاکانی ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان وپزیشکانی ڤێتەرنەری وهونەرە کشتوکاڵییەکان وکۆمەڵەی کارمەندانی ڤێتەرنەری وهەر کۆمەڵەیەکی تری کشتوکاڵی دەگرێتەوە.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریان دەگەیەنن.

یەکەم: وەزیر/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار/ هەر یەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ و بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە.

سێیەم: سەندیکا و کۆمەڵەکان/ هەر لە سەندیکاکانی ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان و پزیشکانی دروستی ئاژەڵ و هونەریە کشتوکاڵییەکان و کۆمەڵەی کارمەندانی ڤێتەرنەری و هەر کۆمەڵەیەکی تری کشتوکاڵی دەگرێتەوە.

چوارەم: پڕۆژەی کشتوکاڵی/ یەکەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی یان کارگەکانی پیشەسازی خۆراك کە لەلایەن جوتیار یان وەرزێر یان وەبەرهێن بەپێی یاسا بەرکارەکان دامەزرێنراوە بە ئامانجی بووژانەوەی بەرهەمهێنانی رووەکی ئاژەڵی و پەلەوەری هەنگ و مێرووە سوودبەخشەکان کە سەرچاوەی ئابووری کشتوکاڵی لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەگەڕ دەخەن.
پێنجەم: سەرپەرشتیار/ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان دبلۆم یان دەرچووی ئامادەیی لە بواری کشتوکاڵی یان ڤێتەرنەری کە ئەندام بێت لە سەندیکا یان کۆمەڵەکان و سەرپەرشتیاری پڕۆژەی کشتوکاڵی دەکات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیارکراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینەڕوو و داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان، ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەڵ ئەم گۆرانکاریانەی خوارەوە بەم شێوەیەی لێبکرێت.
ماددەی (١):
بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریان دەگەیەنن:-
یەکەم: هەرێم/ هەرێمی کوردستانی_عێراق.
دووەم: وەزیر/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.
سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار/ هەر یەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ و بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە.
چوارەم: سەندیکا و کۆمەڵەکان/ هەر لە سەندیکاکانی ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان و پزیشکانی ڤێتەرنەری و هونەریە کشتوکاڵییەکان و کۆمەڵەی کارمەندانی ڤێتەرنەری و هەر کۆمەڵەیەکی تری کشتوکاڵی دەگرێتەوە.
پێنجەم: پڕۆژەی کشتوکاڵی/ یەکەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی یان کارگەکانی پیشەسازی خۆراك کە لەلایەن جووتیار یان وەرزێر یان وەبەرهێن بەپێی یاسا بەرکارەکان دامەزرێنراوە بە ئامانجی بووژانەوەی بەرهەمهێنانی رووەکی سامانی ئاژەڵی و گیانەوەرە ئاوییەکان و پەلەوەری هەنگ و مێرووە سوودبەخشەکان کە سەرچاوەی ئابووری کشتوکاڵی لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەم بوارانەدا بەگەڕ دەخەن.
شەشەم: سەرپەرشتیار/ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان دبلۆم یان دەرچووی ئامادەیی لە بواری کشتوکاڵی یان ڤێتەرنەری کە ئەندام بێت لە سەندیکا یان کۆمەڵەکان و سەرپەرشتی پڕۆژەی کشتوکاڵی دەکات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی یەك پێنج پێشنیارە، هەر بەڕێزك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ هیچ بەڕێزێکی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ هیچ بەڕێزێکی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە

تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ هیچ بەڕێزێكی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە وەكو خۆی تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ هیچ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە پێشنیاری هەردوو لیژنە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ بە دەنگی (٨٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دوو بخوێننەوە.

**بەڕێز شوان كریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو دە پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەكەم/ ماددەكە وەكو خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانكاریانەی خوارەوە لە بڕگەكانی یەكەم و سێیەمدا.

ماددەی (٢):

یەكەم: هەموو پڕۆژەیەكی كشتوكاڵی كۆمپانیایەكی هاوردەكردنی پەین و تۆ سەرپەرشتیاری دەبێت بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار و لاری نەبوونی سەندیكا و كۆمەڵە بەو مەرجەی لە كەرتی دانەمەزرابێت.

سێیەم: پێویستە سەرپەرشتیار بەشداری خولی شیاندن بكات كە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار یان هەر رێكخراوێكی جیهانی و ناوخۆیی بواری كشتوكاڵ رێك دەخرێت.

پێشنیاری دووەم/ ماددەكە وەك خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانكاریانەی خوارەوە.

١ - بڕگەی یەكەم بەم شێوەیەی لێبێت.

یەكەم: هەموو پڕۆژەیەكی كشتوكاڵی بە لایەنی كەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بەو مەرجەی لە كەرتی گشتی دانەمەزرابێت.

٢ -بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم زیاد بكرێت بەم شێوەیە.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار ساڵانە دووجار خولی شیاندن دەكەنەوە لەسەر بنەمای داواكاری سەرپەرشتیارانە بە مەرجێك لە پێنج سەرپەرشتیار كەمتر نەبێت.

پێشنیاری سێیەم/ ماددەكە وەكو خۆی تەنها زیادكردنی خاڵێك بە زنجیرەی چوار بۆ بڕگەی دووەمی ماددەكە بەم شێوەیە.

چوار: سەرپەرشتیار دەتوانێت تەنها سەرپەرشتی یەك پڕۆژەی كشتوكاڵی بكات.

پێشنیاری چوارەم/ ماددەكە وەكو خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانكارییانەی خوارەوە.

١ -زیادكردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بەو شێوەیە.

چوارەم: سەرپەرشتیار بۆی هەیە سەرپەرشتی تەنها یەك پڕۆژەی كشتوكاڵی بكات.

٢ -خاڵی سێی لە بڕگەی دووەمی ماددەكە بەم شێوەیە لێبكرێت.

سێ: هەلگری بڕوانامەی كشتوكاڵی بەشی پیشەسازی و خۆراك سەرپەرشتی كارگەكانی خۆراك دەكات.

٣ -لە بڕگەی سێیەمدا دەستەواژەی پێویستە بكرێتە دەبێت و بەم شێوەیە.

سێیەم: دەبێت سەرپەرشتیار بەشداری خولی شیاندن بكات كە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار رێك دەخرێت.

پێشنیاری پێنجەم/ ماددەكە وەكو خۆی تەنها بڕگەی سێیەم لابرێت.

پێشـنیاری شەشـەم/ مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنهـا خـاڵی سـێ لە بـڕگەی دووەم بەم شـێوەیەی لێبکرێت.
سـێ: هەڵگـری بڕوانـامەی کشـتوکاڵی بەشـی پیشەسـازی خـۆراك و بەشـی سـامانی ئـاژەڵ سەرپەرشتی کارگەکانی خۆراك دەکات.
پێشنیاری حەوتەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
یەکەم: هەمـوو پڕۆژەیەکـی کشـتوکاڵی سەرپەرشـتیاری دەبێـت لە سـنووری بەڕێـوەبەرایەتی پەیوەندیدار و بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیـدار و لاری نەبـوونی سـەندیکا و کۆمەڵە بەو مەرجەی لە کەرتی گشتی دانەمەزرابێت.
پێشنیاری هەشتەم/ ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.
یەکەم: هەر پڕۆژەیەکـی کشـتوکاڵی سەرپەرشـتیاری بـۆ دادەنـدرێت بە ڕەزامەنـدی لایەنـی پەیوەندیدار بەو بەمەرجەی لە کەرتی گشتی دانەمەزرابێت.
دووەم: هەڵگرانـی بڕوانـامەی بـواری کشـتوکاڵی ڤیـتەرنەری سەرپەرشـتی بوارەکـانی پـڕۆژەی کشتوکاڵی دەکەن بەپێی تایبەتمەندییەکان.
سـێیەم: پێویسـتە سەرپەرشـتیار بەشـداری خـولی شـیاندن بکـات کە لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی پەیوەندیدار رێك دەخرێت.
چـوارەم: ژمـارەی سەرپەرشـتیاران بـۆ هەر پڕۆژەیەکـی کشـتوکاڵی بەپێـی قەبـارە و گرنگـی بوارەکانی پڕۆژە دیاری دەکرێت و بە رێنماییەك رێك بخرێت.
پێشنیاری نۆیەم/ ماددەکە وەکو خۆی.
ماددەی (٢):
یەکەم: هەمـوو پڕۆژەیەکـی کشـتوکاڵی سەرپەرشـتیاری دەبێـت بە ڕەزامەنـدی بەڕێـوەبەرایەتی پەیوەندیدار و لاری نەبوونی سەندیکا و کۆمەڵە بەو مەرجەی لە کەرتی گشتی دانەمەزرابێت.
دووەم: سەرپەرشتیاری پڕۆژەی کشتوکاڵی بەم شێوەیە دیاری دەکرێت.
١ - هەڵگری بڕوانامەی کشتوکاڵی سەرپەرشتی بواری هونەری پڕۆژەکانی کشتوکاڵی دەکات.
٢ -هەڵگری بڕوانـامەی ڤیـتەرنەری سەرپەرشـتی پـڕۆژەی بـواری ڤیـتەرنەری پـڕۆژەی کشـتوکاڵی دەکات.
٣ -هەأگـری بڕوانـامەی کشـتوکاڵی بەشـی پیشەسـازی و خـۆراك و سـامانی ئـاژەڵ سەرپەرشـتی کارگەکانی خۆراك دەکات.
سـێیەم: پێویسـتە سەرپەرشـتیار بەشـداری خـولی شـیاندن بکـات کە لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی پەیوەندیدار ریك دەخرێت.
پێشـنیاری دەیەم/ پێشـنیاری هەردوو لیـژنەی تایبەتمەنـد، مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنهـا لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە.
١ - بڕگەی دووەمی ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت.
دووەم: هەلگرانـی بڕوانـامەی بـواری کشـتوکاڵی ڤیـتەرنەری سەرپەرشـتی بوارەکـانی پـڕۆژەی کشتوکاڵی دەکەن بەپێی تایبەتمەندییەکان.

٢ -بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بۆ ماددەكە زیاد بكرێت بەم شێوەیە.
چوارەم: ژمارەی سەرپەرشتیاران بۆ هەر پرۆژەیەكی كشتوكاڵی بەپێی قەبارە و جۆر گرنگی و بوارەكانی پرۆژەكە دیاری دەكرێت بە رێنماییەك رێك بخرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دوو دە پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٢) كەسی لەگەڵدایە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ هیچ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ هیچ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ یەك كەسی لەگەڵدایە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ هیچ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری شەشەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ هیچ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری حەوتەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ هیچ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری هەشتەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ یەك كەسی لەگەڵدایە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری نۆیەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ هیچ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دەیەمە پێشنیاری هەردوو لیژنە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ بە دەنگی (٨١) ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەكەم/ ماددەكە وەكو خۆی تەنها دەستەواژەی كرێی لە هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەمیدا بكرێتە مووچە و بەم شێوەیەی خوارەوە.
یەكەم: مووچەی سەرپەرشتیار لە ئەستۆی خاوەن پرۆژەی كشتوكاڵی دەبێت و لە گرێبەستی نێوانیان دیاری دەكرێت و دوای پەسەندكردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار.
دووەم: مووچەی سەرپەرشتیار و رێكسازییەكانی گرێبەست بە رێنماییەك ریك دەخرێت لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت.
پێشنیاری دووەم/ وەكو خۆی.
ماددەی (٣):
یەكەم: كرێی سەرپەرشتیار لە ئەستۆی خاوەن پرۆژەی كشتوكاڵی دەبێت و لە گرێبەستی نێوانیان دیاری دەكرێت و دوای پەسەندكردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار.
دووەم: كرێی سەرپەرشتیار و رێكسازییەكانی گرێبەست بە رێنماییەك ریك دەخرێت لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێیەم دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕیزێك لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ

پێشـنیاری دووەمە وەکـو خـۆی تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ بە دەنگـی (٧٣) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموو ماددەی چوار بخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم دوو پێشنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم/ مـاددەکە وەکـو تەنهـا بـڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: ڕێگە بە دەست بەکاربوونی پڕۆژەکان نادرێت بەبێ سەرپەرشتیار.

پێشنیار دووەم/ وەکو خۆی.

ماددەی (٤):

یەکەم: مۆڵەتی پڕۆژەی کشتوکاڵی نادرێت بەبێ بوونی سەرپەرشتیار.

دووەم: ئەو پڕۆژە کشتوکاڵییانەی بەر لە دەرچـوونی ئەم یاسـایە مۆڵەتیـان پێـدراوە پێویسـتە لە مـاوەیەك کە زیـاتر نەبێـت لە (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتـی بەرکـاربوونی ئەم یاسـایە خۆیـان بگـونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

سێیەم: وەزیـر سـەرپێچیکاری بـڕگەی دووەمـی ئەم مـاددەیە بە پـێ بژاردنێـك بە بـڕی (٣٠٠٠٠٠٠) ملیـۆن دینـار سـزا دەدات و لە حـاڵەتی دووبـارەبوونەوەی سـەرپێچیەکەی مـۆڵەتی پـڕۆژە کشتوکاڵییەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی چـوارەم دوو پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ یەك کەسـی لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٧١) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی پێنج بخوێننەوە.

**بەریز سفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی پێـنجەم سـێ پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم/ مـاددەکە بەم شـێوەیەی لێبکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار چاودێری ئەرك و پابەنـدییەکانی سەرپەرشـتیار و خـاوەن پـڕۆژەی کشتوکاڵی دەکات و پێویستە ڕاپۆرتی وەرزانە پێشکەش بە وەزیر بکات لەسەر ئاستی پڕۆژەکە.

پێشنیاری دووەم/ ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار چاودێری ئەرك و پابەنـدییەکانی سەرپەرشـتیار و خـاوەن پـڕۆژەی کشتوکاڵی دەکات بەپێی ڕێنماییەکان.

پێشنیاری سێیەم/ ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (٥):

بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار چاودێری ئەرك و پابەنـدییەکانی سەرپەرشـتیار و خـاوەن پـڕۆژەی کشتوکاڵی دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی پێنجەم سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٣) كەسی لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنشیاری دووەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ یەك كەسی لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ بە دەنگی (٧٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی شەشەم بخوێننەوە.

**بەڕێز سفين اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەشەم دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەكەم/ وەكو خۆی.

ماددەی (٦):

پرۆژەی كشتوكاڵی و سەرپەرشتیار دەكەونە ژێر باری حوكمەكانی یاسای خانەنشینی و بیمەی كۆمەڵایەتی كرێكارانی عێراقی ژمارە (٣٩)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەمواركراوی بەركار لە هەرێم یان هەر یاسایەكی دیكە جێگەی بگرێتەوە.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەكە بەم شێوەیە لێبكرێت.

پرۆژەی كشتوكاڵی و سەرپەرشتیار دەكەونە ژێر باری حوكمەكانی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری كۆمەڵایەتی كرێكارانی عێراقی ژمارە (٣٩)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەمواركراوی بەركار لە هەرێم یان هەر یاسایەكی دیكە جێگەی بگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی شەشەم دوو پیشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە وەكو خۆی تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەسی لەگەڵدا نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی حەوتەم بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوتەم دوو پێشنیار هەیە، پیشنیاری یەكەم/ ماددەكە بەم شێوەیەی لێبكرێت.

حوكمەكانی ئەم یاسایە لەسەر نووسینگە و كۆمپانیا كشتوكاڵییەكان كە مامەڵە و بازرگانی بە پێداویستی بەرهەمهێنانی بەروبوومی كشتوكاڵی و كەل و پەلی كشتوكاڵی دەكەن جێ بەجێ بكرێت.

پێشنیاری دووەم/ ماددەكە وەكو خۆی.

ماددەی (٧):

حوكمەكانی ئەم یاسایە لەسەر نووسینگە و كۆمپانیا كشتوكاڵییەكان كە مامەڵە و بازرگانی بە پێداویستی كەلوپەلی كشتوكاڵی دەكەن جێ بەجێ بكرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی حەوتەم دوو پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٢) کەسـی لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی هەشتەم بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی هەشـتەم دوو پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم/ مـاددەکە بەم شـێوەیەی لێبکرێت.

وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

پێشنیاری دووەم/

ماددەی (٨):

پێویستە وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی هەشـتەم دوو پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٥) کەسـی لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگـی (٦٧) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی نـۆیەم دوو پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم/ مـاددەکە بەم شـێوەیەی لێبکرێت.

لەسەر لایەنە پەیوندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

پێشنیاری دووەم/ وەکو خۆی.

ماددەی (٩):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجی بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی نـۆیەم دوو پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٣) کەسـی لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە وەکـو خـۆی تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ بە دەنگـی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دوا بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

ماددەی (١٠):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دە هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەکەیە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٨٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دواتر بخوێننەوە.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یانزە هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (١١):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یانزە هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەکەیە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٨٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ بە مەبەستی ڕێکخستنی زیاتری کەرتی کشتوکاڵی و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خاوەن بڕوانامەی کشتوکاڵی و ڤیتەرنەری ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری دووەم/ بە مەبەستی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خاوەن بڕوانامەی کشتوکاڵی و ڤیتەرنەری، وە ڕێکخستنی زیاتری پڕۆژە کشتوکاڵییەکان و شیاندنی کارمەندانی بواری کشتوکاڵی لە ڕووی توانا و هونەرییەوە ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری سێیەم/ وەکو خۆی.

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بە مەبەستی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خاوەن بڕوانامەی کشتوکاڵی و ڤیتەرنەری و بۆ ڕێکخستنی زیاتری کەرتی کشتوکاڵی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری چوارەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند.

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بە مەبەستی ڕێکخستنی زیاتری کەرتی کشتوکاڵی و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خاوەن بڕوانامەی کشتوکاڵی و ڤیتەرنەری و شیاندنی کارمەندانی بواری کشتوکاڵی لە ڕووی توانا و هونەرییەوە ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە هۆیەکـانی دەرچوواندن چـوار پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدا نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەسـی لەگەڵدا نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەو؟ کەسی لەگەڵدا نییە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە پێشنیاری هەردوو لیـژنەی تایبەتمەنـد تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ بە دەنگـی (٨٤) ئەندامی پەرلەمان پەسـەندکرا، بەڕێـزان هەر کەسێك لەگەڵ کۆی یاسـاکەیە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ بە دەنگــی (٩٥) ئەنــدامی پەرلەمــان کــۆی مــاددەکە پەســەندکرا، زۆر ســوپاس، پیرۆزبایی لە خۆمان لە دەرچووی کۆلێژەکانی کشتوکاڵ و پەیمانگاکـانی کشتوکاڵ و ئامـادەیی کشـتوکاڵییەکان دەکەیـن، بەو هیـوایەی بە زووتـرین کـات ڕێنمـایی دەربچێـت و ببێـتە هـۆی دابینکردنی هەلی کار بۆ دەرچووانی بواری کشتوکاڵ، سـەرۆکایەتی لیـژنەی کشـتوکاڵ فەرمـوون بگەڕێـنەوە شـوێنی خۆتـان، زۆر سـوپاس، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، نـوقتە نیزامیەکـان هەمووی وەردەگرین، تاوەکو ناوەکان دەنووسرێن بـڕگەی دووەم جـێ بەجـێ دەکەیـن، کـاك بـژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پــڕۆژە یاســای پەروەردە و فێرکــردن لە هەرێمــی کوردســتان_عێــراق، لەلایەن ئەنجــوومەنی وەزیـرانەوە پێشکەشـکراوە، وە ئەم پـڕۆژە یاسـایە لە (١٩٧) مـاددە پێکهـاتووە لەگەڵ هۆیەکـانی دەرچوواندن، داوا لە بەڕێزتـان دەکەیـن ئەم پـڕۆژە یاسـایە ئاڕاسـتەی لیژنەکـانی تایبەتمەنـدی پەرلەمان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پـڕۆژە یاسـای پەروەردە و فێرکـردن ئاڕاسـتەی لیـژنەی پەروەردە و لیـژنەی یاسـایی و سـەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای دووەم، پـڕۆژە یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسـای ژمـارە (٦)ی سـاڵی (٢٠٢١) یاسـای وەزارەتـــی کارەبـــا لە هەرێمـــی کوردســـتان_عێـــراق، کە لەلایەن ئەنجـــوومەنی وەزیـــرانەوە پێشکەشکراوە، وە ئەم پڕۆژە یاسایە لە چـوار مـاددە پێکهـاتووە لەگەڵ هۆیەکـانی دەرچوواندن، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پـڕۆژە یاسـایە ئاڕاسـتەی لیژنەکـانی تایبەتمەنـدی پەرلەمـان بـکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی وزە و یاسایی و سەرجەم ئەنـدامانی پەرلەمـان دەکرێـت، وە بەپێی ماددەی (٩٢) داواتان لێدەکەین سیفەی ئیستیعجالی پێبدرێت، لەبەر ئەوەی یاسـای کارەبـا ناتوانرێت بکرێتە بەرنامەی کار تاوەکو ئەو تەعدیلە نەکرێت، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەسـت

بەرزكاتەوە؟ بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان سیفی ئیستیعجالی پێدرا، داوا لە لیژنەی وزە دەکەین ئەمڕۆ هەوڵبدەن راپۆرتەکە ئامادە بکەن، لەبەر ئەوەی کە یاسای وەزارەتی کارەبا تاوەکو ئەو ماددەیە تەعدیل نەکرێت ناتوانرێت رێنمایی پێ دەربکرێت و بچێتە بواری کارکردن، سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی فەرموون، بەڕێزان کێ نوقتەی نیزامی هەبوو؟ بەڵام بەڕێزان دەبێت نیزامی بێت، (٧٠) ئەندامی بەڕێز دەست بەرز دەکاتەوە بۆ نوقتەی نیزامی ئێمە چۆن دەتوانین جەلسە بکەین ئەگەر ئەوەندە خەلەلمان هەبێت، بەڕێزان، ئەوانەی ناوتان نووسیووە (د.اسماعیل، کاك سیپان، بدریە خان، مامۆستا ابوبکر، کاك مسلم، مامۆستا عثمان، هلز خان، سەچنار خان، کاك مەم، مژدە خان، کاك سیروان، د.محی الدین، کاك دیاری، مامۆستا عبدالستار، گوڵستان خان، کاك زیاد، روپاك خان، کاك لقمان، کاك علی، شیرین امین، کاك رزگار، د.شایان، جلال محمد، کاك چیا، کاك هەڵکەوت، کاك کاروان، کاك یاسین، کاك سەروان، د. زانا، کاك پێشەوا، د. زێدان، کاك رزگار)، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵ هەبوون ئێك پرسیار بوو و ئێك پێشنیار، خالا ئێکێ ل سەر بابەتێ پێش مەهەکە جەنابێ تە ئیشارەت دا کو ل سەر بابەتێ کۆچی گەنجان لێ کۆمبوونەك دێتەر کرنێ تا شاند دزڤریت، هەرچەندە شاند نەچوو، داخازێ جەنابێ وە دکەم چارەنڤیسا کۆمبوونە دگەل بابەتێ کۆچکرنا گەنجان دێ چاوا بیت دگەل لایەنێت پەیوەندیدار، چونکی بابەتێکی گرنگە، باوەڕم ئەگەر هەیڤا سی خلاس بیت زڤستان خلاس ببیت دێ کۆچکرنا گەنجان دیسان دووبارە بیت، بابەتێ دووێ ئەڤ راپۆرتێ هاتینە بلاڤ کرن ل سەر پەرلەمانتار و پێزانینێن سەر پەرلەمانتاران هێڤیدارم سەرۆکایەتی پەرلەمانی مەوقیفەك هەبن ل سەر ڤێ راپۆرتێ بێ سەر و بەر کو بە ناڤ رێکخراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی، وە ئەو لیژنەیەشی کە لەگەڵ فراکسیۆنەکان دروستمان کردبوو پێکەوە هەر داواکارییەکیان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت بۆ ئەنجامدانی جەلسە لە ناو پشووی وەرزی یاساداناتیش بێت ئێمە ئامادەین، هیچ موشکیلەیەکمان نییە، سەبارەت بە راپۆرتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان، رێکخراوی ئاماژەپێکراو کە من نامەوێت ناوی بێنم ئەوە چەندەمین راپۆرتییەتی ئامادەی دەکات لەسەر پەرلەمانی کوردستان، بەڵام جارەکانی تر لەسەر سەرۆکایەتی بوو ئێمە زۆر گوێمان پێ نەدەدا، وە زۆر جار ئێوە داتاکانی ناو ئەو راپۆرتانەتان بە نموونە دەهێنایەوە، لەبەر ئەوەی هێشتا ئازارەکە نەگەیشتبوو بە خۆتان، ئێستا تێگەیشتن ئینساف نییە لەو راپۆرتە، بەڕێزان، نموونەی بەسیت دەهێنمەوە مەسەلەن کاك دکتۆر رێبوار یەکێك لەو نموونانە خۆی لێرە نییە بۆیە باسی دەکەم، لە یەك یاسا بیست و دوو جار قسەی کردووە، یەعنی بیست و دوو ماددە بووە بیست و دوو جار قسەی کردووە، ئەگەر لە هەر ماددەیەك یەك دەقە قسەی کردبێت کە هەندێك جار زیاتریش

قسەیکردووە هەر ئەوە دەکاتە بیست و دوو دەقە، لێرە ئەم بەڕێزانە من دڵنیام حەفتا دەقەش قسەیانکردووە، موعارەزە، لێرە بەڕێزان قیاسی ئەندامی پەرلەمان تەقیمی ئەندامی پەرلەمان لەسەر ئەوە نییە چەند لە ناو هۆڵی پەرلەماندا قسە دەکات، سەیری واجیبەکانی ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەی لێرە دەبێت تەقیمی بکەی لەسەر ئەساسی هەر کارێك، مەسەلەن لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی و ئابووری، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی پەروەردە، هەر لیژنەیەك سامانە سرووشتییەکان، ئاوەدانکردنەوە و شارەوانی، هەر یەکێکیان لەم لیژنانە بگرە دەیان سەعات کۆبوونەوەیان کردووە، ئەی ئەو ئەندامەی کە لەو لیژنانە جاری وا هەیە لە بەیانی کاتژمێر یانزەوە لە کۆبوونەوەیە تاوەکو حەوتی ئێوارە، قسەی نەکردووە، بەس لەبەر ئەوەی کامێرەی لێ نییە تەقیم ناکرێت، ئەی ئەو ئەندام پەرلەمانەی کە بەدواداچوون دەکات و ئەفکاری باش دەهێنێتەوە بۆ پەرلەمان، نابێت تەقیم بکرێت، ئەندامی پەرلەمان پرسیار دەکات، ئەندامی پەرلەمان هەیە بیرۆکە و ئەفکاری باشی هەیە، داواتان لێدەکەم لە کارەکانی خۆتان بەردەوامبن، بەبێ ئەوەی گوی بدەن بەوەی چ دەگوترێت، چ چەواشەکاریەك بەرامبەر بە پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەم پەرلەمانە دەکرێت، تکاتان لێدەکەم، ئێوە نوێنەری خەڵکی کوردستانن، یەعنی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەس خەڵکی بینیووە، ئەی کێ لیژنەکانی پەرلەمان ئیدارە دەدات و بەڕێوەیان دەبات، سکرتێری پەرلەمان بەس خەڵکی بینیووە و ئیدانەی کردووە، ئەی کێ ئەو هەموو پرسیارانە ئاڕاستە دەکات و وەڵامەکەی دەهێنێتەوە و ئاڕاستەی ئێوەی دەکات، ئێمە من بەس تەنها خەڵکم بینیووە، ئەی سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکات، حەفتا سەعات من کۆبوونەوەم بەس لەگەڵ بۆردی راوێژکاریکردووە، بەڕێزان، بەس کامیرەی لێ نیە، ئێوە پەرلەمانتاری باشن، کوالێتیتان باشە، خەڵکی بەڕێزن لەسەر کاری خۆتان بەردەوام بن، تکا دەکەم ئێوە لە هەلومەرجێکدا کاری پەرلەمانتاری دەکەن جیاوازە لەگەڵ هەلومەرجی ئەنجامدانی کاری پەرلەمانتاری لە هەر زروفێکی تردا، ئیمە زۆرجار موراعاتی هەندێك دۆختانکردووە هەمووتان پەیوەندی بە زەرورەتی پاراستنی جۆرێك لە تەبایی بووە، بۆ پاراستنی قەوارەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بۆ دروستکردنی یەك ڕێزی، بۆ ئەوەی پەرلەمان ببێتە هەوێنی یەك ڕێزی گەلی کوردستان، ئەگەر نا هەمووتان دەتوانن قسەی خراپ بکەن، وە هەمووشتان دەتوانن ئیستیغلالی زروفەکان بۆ کاری خراپ، بەڕێزان، بەردەوامبن پەرلەمانتار هەیە یەك دەقەش قسەی نەکردووە، بەڵام یەکێك لە پەرلەمانتارە زۆر باشەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ناو لیژنەکەی خۆی، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانتار هەیە بۆی نووسراوە سفر قسەیکردووە، بەڵام یەکێکە لە پەرلەمانتارە باشەکانی فراکسیۆنی یەکێتی، کاك بەختیار یەکێکە لە ئەندام پەرلەمانە باشەکانی فراکسیۆنی پارتی، بۆ بە نموونە دەیانهێنمەوە، چونکە نووسیوویانە سفر قسەیکردووە، کاك علی حەمە صالح سەرۆکی لیژنەکەیەتی، سەوسەن خان سەرۆکی لیژنەکەی هەژان خانە، ئەوان کار ناکەن، قسە ناکەن، لەبەر ئەوە داواتان لێدەکەم مەڕۆنە ژێر چەواشەکاری، مژدە بە هەموو پەرلەمانە بیست و دوو قسەیکردووە، سیانزە دەقە قسەیکردووە، کاك پێشەوا، بەڕێزان، با بچینە سەر کاری خۆمان، ئێوە ئەرك و بەرپرسیاریەتی گەورەتان لەسەرە، فەرموو کاك دکتۆر زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، بەپێـی مـاددەی (٥٦) لە بـڕگەی دووەم لە خـاڵی یەکەم قسـە دەکەم، کە یەکێـك لە یاسـاکانی هەرێمـی کوردسـتان فەراغـی یاسـاییمان هەیە لە هەرێمـی کوردسـتان کە یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی (٢٠١٤)ی کۆمسـیۆنی هەڵبـژادن و راپرسـیە لە هەرێمـی کوردســـتان، ئەم کۆمســـیۆنە لەبەر دوو نووســـراوی فەرمیـــیە لە (٢٠١٩/٨/٥) و لە (٢٠٢١/٨/٨) نووسراویان ئاڕاسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان کـردووە کە ئەم گرفتە یاسـاییەیان چارەســەر بــکەن، وێــڕای ئەوەی کە ئاڕاســتەی موفــاوەزات لەگەڵ لایەنە سیاســیەکان، لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ئاڕاسـتەیەکی باشـتر دەڕوات، گەشـبینین لەگەڵ ئەوەی بگەیـن بە ئەنجـام بـۆ دروسـتکردنەوەی ئەم کۆمسـیۆنە، بەڵام ئەرکـی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردستانە کە بەپێی هەمـان یاسـا لە مـاددەی پێـنجەم لە بـڕگەی یەك لە خـاڵی یەك کە لیـژنەیەك دروسـت بکـات سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان، سـیڤی کاندیـدەکان لە فراکسـیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن سیاسیەکانی بەشدار دەبن لە کۆمسیۆنی هەلبژاردن وەربگرێت بـۆ ئەوەی فەراغە یاسـاییە لە هەرێمـی کوردسـتان نەمێنێـت و بتـوانین هەلبژاردنەکـانی پەرلەمـانی کوردستان لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا بەڕیوەبچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـێمە بە ئەرکـی خۆمـان هەڵدەسـتین دڵنیـابە، دەمانەوێـت ئەو بـابەتە بـابەتی کۆمسـیۆن بـابەتی هەڵبژاردن بابەتێکی چارەنووسازی گرنگی نیشتیمانییە، دەمانەوێـت زۆرتـرین تەوافـوقی لەسـەر بێت، ئێمە لە کارکردنی خۆمان بەردەوام دەبین، گوڵستان خان فەرموو

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــن دەستخۆشــی لە جەنابــت دەکەم بــۆ ئەو پشــتیوانییەی کە کــردت، بەڕاســتی هەمووممــان بریندارنبووین بەو راپۆرتەی کە بڵاوکرایەوە، زۆریش ئازاریـداین، چـونکە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان پڕ بووە لە شتی چەواشەکاری بەهۆی ئەو راپۆرتەوە یەعنی موراعاتی هیچمـان نەکـراوە، مـن بـۆ خۆم کۆڕۆنام بووە نەهاتووم ئەگەر نا یەکێکم لەو کەسانەی حەز دەکەم لە هەمـوو جەلسـەیەك و لە هەمـوو دانیشـتنەکان ئامـادەبم، مـن دەمەوێـت بە بەڕێـزت بڵـێم کە پێویسـتە لیـژنەیەك پێـك بێهێنین لەم پەرلەمانە بۆ بەدواداچوونی ئەو کۆسـپ و تەگەرانەی کە بـۆتە هـۆی ئەو لافـاوەی کە لە هەولێــر دروســت بــووە، کە زەرەر و زیــانێکی زۆری گەیانــدووە، زیــانێکی رووحــی زۆر بەر هاووڵاتییان کەوتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی لیژنەی شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان هەموو لایەکمان دەزانین لە ماوەی رابردوودا کارەساتی لافاو رووی لە وڵاتەکەمان کرد و لە بەشێك لەشار و شارۆچکەکاندا و بە دیاریکراویش لە هەولێری پایتەخت دووجار کارەساتی لافاو روویدا کە بووە مایەی ئەوەی زیانێکی یەکجار زۆر بەر هاووڵاتییان بکەوێت، وە لە نێویاندا لە دوا لافاودا بە داخەوە بووە مایەی گیان لە دەست دانی دوانزە هاووڵاتی، کارەساتێکی گەورە روویدا لە شارەکەماندا، ئێمە بەپێی ماددەی (٤٤) بڕگەی دووەم لە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە گەیاندن و گەشت و گوزار لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکەمان بەدواداچوونێکی مەیدانیمان کردووە لەسەر هۆکارەکانی سەر هەڵدانی لافاو، وە کۆمەڵێك پێشنیاز و راسپاردەمان بەراوێژ لەگەڵ کەسانی شارەزا ئامادەکردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە دەبێتە مایەی سەر هەڵدانی لافاو، بەپێی ماددەی (٤٨) ئێمە دوێنی لە کۆبوونەوەی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار داوامانکردووە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئێستا جەخت لەسەر ئەو داواکارییە دەکەینەوە، داوا دەکەین کە بەیانی بڕگەیەك لە بڕگەکانی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان تەرخان بکرێت بۆ خستنە رووی راپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار سەبارەت بە پرسی هۆکارەکانی سەر هەڵدانی لافاو و رێگا چارەسەریەکانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەیانی دانیشتن لەسەر ئەو بابەتە دەبێت، بابەتی لافاو و بە دیاریکراوی کاتی بۆ تەرخان دەکەین وەکو بڕگەیەك لە بڕگەکانی بەرنامەی کار، لەبەر ئەوە هەر نوقتە نیزامییەك لەسەر بابەتی لافاوە وەری ناگرین، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٤٧) بەرنامەی کار لە دەسەڵاتی جەنابتاندایە، لە ماوەی رابردوودا لەسەر دۆسیەی نەوت و خاڵی سنووری و قاچاخی زەوی و وەبەرهێنان و لافاو و باج و پێدانی کەرتی گشتی حکومەت چۆتە خراپترین ئاستیەوە، یەعنی گەیشتۆتە ئەوەی کە بە فیڕۆدانی ئاو لەلایەن هاووڵاتیانەوە غەرامەکەی بدرێتە کەرتی تایبەت، نیزامیەکە ئەمەیە، من دەزانم بەڕێزتان دەڵێن حکومەت بەو دۆخەی کە هەیە نایەت بۆ دانیشتنی پەرلەمان، بیرۆکەی من ئەوەیە بە روونی ئەگەر لەسەر ئەم پرسە گشتییانە کە هەمووی پەیوەندی تەواوی هەیە بە چوار مانگ دانیشتنی پەرلەمان راگیرێت، پێنج مانگ راگیرێت، یەعنی حکومەت تەنها دەیەوێت ئەو یاسایانەی دەینێرێت بۆی دەربکەین، بەڵام پێی دەڵێین ئەوە قاچاخی هەیە، ئەوە گەندەڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە كۆبوونەوەیەكی سەرۆكایەتی پەرلەمانمان كرد، لەگەڵ فراكسیۆنەكان لەسەر سیغەیەك ڕێكەوتووین نووسراوی فەرمی پەرلەمانی كوردستانمان ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران كردووە بۆ ئەوەی بە دیاریكراوی پێمان بڵێن ئەو وەزیرە بەڕێزانەی كە نایەن كێن، ناوەكانیانمان پێ بڵێن بۆ ئەوەی ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان بەرچاومان روون بێت، چونكە ناكرێت وەزیرت هەبێت لە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئامادە نەبێت بێتە دانیشتنەكانی پەرلەمانی كوردستانەوە، وە ئەوە ئیتیفاقی ئێمە بووە لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان، ناوەڕۆكی نووسراوەكەشمان بۆ خوێندوونەتەوە بە رەزامەندی كۆی سەرۆكی فراكسیۆنەكان لەناو دانیشتنی سەرۆكایەتی وسەرۆكی فراكسیۆنەكان، نووسراوەكەمان ئامادەكردووە و چاوەڕێی روونكردنەوەین لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین لەو بارەیەوە، د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەیا نیزامیا من ل دور مادێ (٦٠) خالا ئێكێ و خالا دووێ ئەڤە گەلەك جارا ژی من ئاماژە كر، ئێكێش ڤێ رێكێت چاڤدێریا پەرلەمانی ل سەر حكومەتێ پرسیار كرنە، بەس حكومەت ئەڤ رێكە تەقریبەن یا مراندی بە دوو ڕیكا یا مراندی یان بەرسڤێ نادەت ل سەر پرسیارێ یان ژی ئەگەر بەرسڤ دا یەعنی پرسیارەكە شتەكە بەرسڤا وان شتەكی دیە، من پرسیارا ئاڕاستەی سەرۆكێ ئەنجوومەن كری ل سەر ڤە كرنا مەدرەسێ دینییێت سەرەتایی، میللەتێ كوردستانێ (٩٥%) موسڵمانن مەعقول نینە مەدەرسێت دینی یا سەرەتایی نەبن، من گۆتێ ئەوە بۆ ئەڤ مەدارسە نەبن ل بەر هەوە نینە ئەڤێ مەدرسێ ڤەكەن بەرسڤا وان ئەڤەیە واللە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، یەك مانگ بەغدا پارە نەنێرێت بە دوو مانگ جارێك مووچەیەك دەدرێت، سەدان ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت دەدزرێت، بەڵام بە دوو مانگ جارێك خەڵك مووچە وەردەگرێت، چۆن دەبێت ئێمە جەلسەی بۆ نەكەین و هەڵوێستمان نەبێت، ئێستا مووچەی مانگی دوانزە لە خەتەردایە، چۆن نیزامی نییە، ئەوە موشكیلەی خەڵكە، یەعنی خۆ قابیلە باسی خۆمان بێت، یەعنی لەوە نیزامیتر خەڵك بە دوو مانگ جارێك مووچەیەك وەردەگرێت و لەلایەكی دیكەوە پارەی ناوخۆ و داهاتی نەوت دەدزرێت، سەبارەت بەوەی لافاوەكە یەك كەس سزا نەدراوە، چۆن دەبێت سەرۆكی پەرلەمان، یەعنی بەیانی جەلسە دەكرێت، بەڵام سەرۆكی پەرلەمان مەعقول نییە پەرلەمانتار چەند مانگە بێ بەش دەكرێت لە جەلسە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٤١) هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لەچوارچێوەی پسپۆڕیەکەیدا بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و سەردانی مەیدانی دەکات، بۆیە ئێمە سەردانی مەیدانیمان کردووە سەبارەت بەو رووداوە نەخوازراوە لە کۆبوونەوەی داهاتوو قسە دەکەین، پشتگیری راپۆرتەکەی لیژنە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ نابێت نوقتەی نیزامیش دووبارە بێت، لەبەر ئەوە سەبارەت بە لافاو ئێمە قسەی تر ناکەین، بەیانی کۆبوونەوەی پەرلەمانە لەسەر ئەو بابەتە، کاك سروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان، من پرسیارێکم لە بەڕێزتان هەیە وەکو سەرۆکایەتی و لێرەشەوە بۆ حکومەت، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەگەر نوقتەی نیزامی بوو بەڕێزتان ناتوانن نوقتەی نیزامی رابگرن، ناکرێت نوقتەی نیزامی دەبێت هەر بە حەزی ئێوە بێت ئەو کاتە ڕێ بدرێت ئێمە قسە بکەین ئەوە یەك، دوو: زۆرجار پێشنیار و پێشبینی دروستکراوە لە پەرلەمان گوێم لێبووە لەو سێ ساڵەی لە پەرلەمان بوویمە، یەعنی حکومەت بە هەندی وەرناگرێت بۆ پێشهاتەکان کە روو دەدات ئەو کات دەچن چارە دەکەن، بۆ قسەی پەرلەمانتار و پەرلەمان بە هەند وەرناگیرێت ئەو پرسیارە لە حکومەت دەکەم بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

ئاماژە بە ماددەی (٥٨، ٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، من لە بەڕێزتان دەپرسم لە کاتێکدا دووەمین ئەرکی ئەم پەرلەمانە رۆڵی چاودێریکردنە، بەڵام ئەوە وەرزێکی یاسادانان بە کۆتا دێت بە داخەوە سەرباری ئەو هەموو قەیرانە لە نان و ئاو و بەنزین، لە نەوت، لە گرانبوونی کۆی کاڵای شتومەکەکان، لە کۆچی گەنجان و دەیان پرسی تری دڵتەزێن، ئەم خولەی پەرلەمان لەم وەرزەیدا نەیتوانیووە تەنانەت وەزیرە مەعنییەکان لەسەر ئەم پرسانە کە ئێمە چەندین یاداشتمان ئاڕاستەی پەرلەمان کردووە نەهاتۆتە ئێرە، بۆ پەرلەمان ناتوانێت تیمی حکومەت بهێنێتە ئێرە، دەزانین بە جدی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە ئیستیقالەی داوە لەبەر ئەو هەموو کارەساتە نەك هەر لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ناتوانێت بێتە پەرلەمانی کوردستان ئێمە بەپێی ماددەی (٦٦) و ماددەکانی دیکە بتوانین دۆخی خەڵك قسەی لەسەر بکەین، وە لە هەمان کاتیشدا دەبینی کەرتی بۆتە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە گوێرەی خاڵی (١) لە برگەی دوو لە ماددەی (٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان قسە دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەبوووایە ئەو نوقتە نیزامییە پێش دەنگدان لەسەر یاسای هەمواری وەزارەتی دارایی وەربگیرێت نەك ئێستا، زەحمەت نەبێت یەکێك تێم بگەیەنێت جەنابتان بتوانن روونی بکەنەوە ئێمە لە خاڵی یەك لە برگەی دوو لە ماددەی (٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کاتێك یاسا دەردەکەین یان کاتێك یاسا هەموار دەکەین کە بۆشاییەکی یاسایی هەبێت، بۆشایی یاسایی لە کوێدابووە لەم یاسایەی کە ئەمڕۆ دەرمانکرد دەنگتان پێدا بەڕێزتان، هەر کەسێك دەنگیدا بەم یاسایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەنگیدا بە رەسمیکردنی قاچاخچیەتی لە خاڵە سنوورییەکان، ئەم یاسایە شەرعیەت دانە بە قاچاخچییەتی لە خاڵە سنوورییەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تکایە رێگام پێدا تەواوی بکەم، دوو کۆمپانیا لە خاڵە سنوورییەکان بە ئارەزووی خۆیان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان لە دانیشتنی دەنگدان هیچ قسەیەك ناکرێت، ئەو موناقەشەیە تەواوبووە لەسەر ئەو بابەتە، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە ماددەی (٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری کردنە، ماددەی (٢٩) برگەی دوانزە هەم کە لیژنەیەك هەیە لە پەرلەمانی کوردستان بە ناوی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گشت و گوزار ك بۆ خۆشم ئەندامی ئەو لیژنەیەم، تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و کۆمپانیاکانی مۆبایل نرخەکانیان لەسەر خەڵك گرانکردووە، بێجگەلە کواڵیتییەکان، بۆیە من داوا دەکەم لیژنەکەی ئێمە راسپێری بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێکی مەیدانی لەسەر ئەوە، بە نموونە ئەو مۆبایلانەی ئێستا کە لە ناو خەڵك بە فری ناسراوە بێجگە لەوەی کە ئەم کۆمپانیا بۆ نموونە کارتێکی پێنج هەزاری بە شەش هەزار و شەش و نیو دەفرۆشرێت، کارتێکی دە دۆلاری بە دوانزە و دوانزە و نیو، ئەوانەی کە مۆبایلی فریان پێیە لە (١٢/٢٤)ەوە بەپێی ئەو بەداواچوونانەی کە بۆخۆم کردووە لە (١٢/٢٤)ەوە ئەوە دەبێت دوو هەزاری تریش رەصید بۆی بنێرن ئەنجا دەتوانرێ کارا بکرێت، ئەمەش بەڕاستی فێڵێکی ترە لە هاووڵاتییانی کوردستان دەکرێت و بارگرانی بۆ خەڵك دروست کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی رادەسپێرین بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە خێرایی ئاماژە بە سێ پرس دەکەم کە پەیوەندیان پەیڕەو هەیە، بە نیسبەت ماددەی (٥٥) بڕگەی یەکەم و دووەم هەندێك جار سەرۆکی پەرلەمان بەپێی ئەو ماددەیە کە یان پەرلەمانتارێك پێشنیار دەکات کە قسەی پەرلەمانتارێك لە پڕۆتۆکۆل بسڕدرێتەوە، من پێشنیارێك دەخەمە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان و داوایەکیشە لە پەرلەمانتاران، هەندێ پەرلەمانتار هەیە بە داخەوە لە ناو ناوەندەکانی میدیادا بۆ خۆی سووکایەتی بە پەرلەمان دەکات، وە بۆ خۆی سووکایەتی بە کارەکتەری پەرلەمانتار دەکات، ئەمە بووە بە دیاردە بە داخەوە، یەعنی ئەو مەسەلەیە پێویست دەکات کۆتایی پێ بهێنرێت، وە موزایەدەکردن بەسەر پەرلەمانتارەکانی دیکە هەندێك قسە دەکرێت زۆر ناشرینە لە ناو ناوەندەکانی میدیادا کۆتایی پێ بهێنرێت، ماددەی (٩٨) پێویست دەکات ئەنجوومەنی وەزیران لە مانگی تشرینی یەکەمدا بوودجە بنێرێتە پەرلەمان، ئەوە (٢٠٢٢) مادام نەهاتووە کەواتە (٢٠٢٢)ش دەبێتە نۆ ساڵ ئێمە خاوەنی بوودجە نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بەو تێبینییەی کاك مەم ئێمە لە دانیشتنی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان رەشنووسی قواعدی سلوکی پەرلەمانیمان داوەتە سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بۆیە سەرۆك فراکسیۆنەکان لەگەڵ ئەندامانی بەڕێزی فراکسیۆنەکانی خۆیان گفتوگۆی لەسەر بکەن، دوایی کە نەتیجەیەك بێنینەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین بەشێك لەو بابەتانە چارەسەری بۆ دانراوە، کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەرهەمی با بڵێین خۆراکی بە تایبەتی پۆشاك و هەموو پیداویستی رۆژانەی خەڵك بە شێوەیەکی بەرچاو گران بووە، لە کاتێکدا سەد دۆلار بیست و سێ هەزار دیناری چۆتە سەر، بەڵام زۆر شت هەیە بە تەنها ئەگەر بای پانزە هەزار دینار بێت پانزە هەزار دیناری چۆتە سەر بە بیانووی ئەوەی کە گوایە نرخی دۆلار بەرزبۆتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمانوایە پێویستە لیژنەیەکی مەیدانی بۆ ئەم بابەتە پێك بهێندرێت و بەدواداچوونێکی ورد بکرێت لە هەموو بازاڕەکانی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامییەکەی من گوترا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی (٨٣) بڕگەی دووەم خاڵێکی پەیڕەویم هەیە کە ئەمڕۆ لە بەرنامەی کار لە بڕگەی چوارەمدا خاڵی یەکەم پێشنیازە یاسای پارستنی ئەرشیف لە هەرێمی کوردستاندا خراوەتە ڕوو، ئەم پێشنیازە یاسایە لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٢)ی ریکەوتی (٥/٥) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو کاتە سێ پێشنیازە یاسای جیاوازبوون ئاڕاستەی لیژنەی لیژنەی رۆشنبیری و شارەوانی کرا، بەڵام بە داخەوە ئێمە وەکو لیژنەی شارەوانی نە ئاگاداری ئەم پێشنیازەین و نە راپۆرتی ئێمەشی لەگەڵە، بۆیە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ ئەو راپۆرتەی شارەوانی لەگەڵ بێت بۆ ئەوەی خویندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ناگەڕێتەوە، ئەگەر لیژنەی رۆشنبیری لێرەنە ئەوان دەتوانن وەڵامتان بدەنەوە، ئەگەر راو سەرەنجێکیشتان هەیە لە خوێندنەوەی دووەمدا ئاساییە دەتوانن سەرنج و تێبینییەکان بڵێن، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم لەلایەن بەڕێز سەرۆکی لیژنەکەمان کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوا بە دوای نوێنەرایەتیکردنی جەنابتان و باقی پەرلەمانتارانی بەڕێز بۆ بەسەرکردنەوەی تەواوی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی شەڕەی ئەم دوایە، لە ئەنجامی سەرەدانەکەدا هەندێك داواکاری و هەندێك پێشنیاری خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانمان هێناوە، بەو هیوایەی لیژنەیەکی تایبەت پێك بێنین بۆ بەدواداچوونی کەم و کورپەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر دواتر بە رەسمی ئاراستەمان بکەن، سەرچنار خان فەرمووو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٤١) قسە دەکەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی (٢٠٠٩) دوو سیستەم ئەنجوومەنی وەزیران دەریکردووە کە تایبەت بووە بە وەزارەتی پەروەردە، سیستەمی ژمارە (١) سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکان و سیستەمی ژمارە (٢) خوێندنگا ئامادەییەکان، ئەم سیستەمە تاوەکو ئێستا لە وەقائیعی کوردستاندا بڵاو نەکراوەتەوە، بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٩) ماددەی دووەم بڕگەی دوو و چوار هەر دەقێك بە وەقائیعدا بڵاو بکرێتەوە ئیتر پەیڕەو بێت یان یاسا بێت یان رێنمایی بێت، وە ماددەی سێ دەڵێت ئەگەر ئەم دەقە بە دەقێکی رەسمی کارپێکراو ئەژمار دەکرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو دەقە بڵاو نەکرێتەوە لە وەقائیعدا بە دەقێکی عورفی نا رەسمی کار پێ نەکراو بڵاو دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە من لێرەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەم بەپێی ماددەی (٤١) لیژنەی تایبەتمەند کە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵایە رابسپێرن بۆ بەدواداچوون لەم بابەتە بۆ ئەم کێشە یاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە رادەسپێرین بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەن و وەڵامێکمان بۆ ئامادە بکەن، کاك دکتۆر هەورامان فەرمووو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامییەکەی من گوترا پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ساڵی پار مانگی چوار لە لێکۆڵینەوەیەکی کاری پەرلەمانیماندا بۆ بەدواداچوون بۆ ئەوەی کە دوو سەد و پەنجا ملیۆن دۆلار لە بانکەکانی لبناندا گیری خواردوە لەگەڵ ملیارێك دواتر بە نووسراوی جەنابتان و نووسراوی داواکاری گشتی کە لەسەر راسپاردەی سەرۆکی حکومەت داوایکردبوو کە بەڵگەکان بخرێتە بەردەست، وە نووسراوەکەی جەنابتان لە مانگی چواردا بۆ من هاتووە و ئێستا دوای ئەوەی کە ئێمە ئەو فەزاحەتە گەورەمان لە بواری نەوتدا کەشفکرد و باسی ئەوەمانکرد کە ئەم بەهەدەردانە هەیە و پارەی داهاتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان لە بانکەکانی لبناندا گیری خواردووە، داوای بەڵگەیانکرد ئێستا دیلۆیت لە نوێترین راپۆرتیدا کە بەڵگەی موسەدەقە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانەوە باسی لەوەکردووە کە دوو سەد و نۆەت و چوار ملیۆن دۆلار و سێ سەد و دە ملیۆن یۆرۆی نەوت لە لبنان گیری خواردووە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم لە رووی یاساییەوە داواکاری گشتی

راسپێرن كه بەدواداچوون بكات و لیژنەی پەیوەندیدارەكانیش لیـژنەی نەزاهە و لیـژنەی سـامانە سرووشـتیەكان لێكـۆڵینەوە بكـات لەسـەر ئەو دۆسـیەیە، چـونكە پەیوەسـتە بە هاوولاتیـانی كوردستان، دەتوانرێت كێشەی بەشی مانگێكی مووچە كە ئێستا خۆتان دەزانن مـووچەی مـانگی دوانزە خەریكە دیزە بەدەرخۆنە دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەتوانن یاداشتێك بنووسی كـاك سـەركۆ بـۆ ئەوەی بە فەرمـی وەڵامـی جەنابـت بـدرێتەوە، كـاك یاسین فەرمووو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو وڵاتە وای لێهاتووە شەقامەكان چـۆل دەبـن و زمانەكـان دەسـووێ و كەس ناوێرێـت لە حەق بدوێت، دیارە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان گوتی بەیانی لەسەر لافاوەكەی هەولێر قسـەكانمان دەكەین، بەڵام من دوو خاڵم هەیە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، دیارە لە (١٧) شباگ و رۆژانی دواتـر چەنـد هـاوولاتییەك شـەهید بـوون تـاوەكو ئێسـتا شـەهیدانەیان بـۆ نەبەسـتراوە، یەعنـی داوا لە بەڕێــزت دەكەم لیــژنەی شــەهیدان راســپێرن ئەو هاوولاتییــانە بــۆ ئــازادی و بــۆ یەكســانی و دادپەروەری هاتوون وەكو شەهید حیساب بكرێن، خـاڵی دووەم: بەڕێـز سـەرۆكی پەرلەمـان، زۆر خەڵك لەوانەی سەدا چل، پەنجا هەزار كەس سلفەی عەقاریـان راكێشـاوە لەم وڵاتەی، حكومەت بە كەیفی خۆی فائیزی دەخاتە سەر، بەڵام حكومەت پارەی هاوولاتییان قەرزدارە نە دەیانـداتەوە و نە فائیزیشیان دەداتێ، بۆیە داوا لە بەڕێـزت دەكەم لیـژنەی دارایـی راسـپێرن یـان ئەوەتـا ئەو قەرزە لەو خەڵكەی خۆش بن فائیزەكەی یان حكومەت چۆن بۆ خۆی پارەی زیادەكە ئاواش پـارە بۆ هاوولاتییان زیاد بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەتـوانی بەیاداشـتێك بە زانیـاری وداتـا وئەو بابەتـانە بخەیـتەڕوو، ئـێمەش ئاڕاسـتەی لیـژنەی تایبەتمەندی دەكەین، كاك هەڵكەوت فەرمووو.

**بەڕێز هەڵكەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر چەندە ئیشارەتیان پێدا كە لەسـەر لافـاوەكە قسـە نەكەیـن، بەڵام هەر پێمخـۆش بـوو باسـی بـكەم، بە داخەوەم بـۆ ئەو رووداوە سرووشـتیە رۆژانـی رابـردوو كە دڵـی هەمـووانی هەژانـد و پرسە و سەرەخۆشی خـۆم ئاڕاسـتەی كەس و كـاری قوربانیـان دەكەم، داواكـارم لە خـوای گەورە جێگایان بەهەشت بێت، وەك ئەندام پەرلەمانێك كە خۆم بە خەم خـۆری چینـی هەژار دەزانـم بە دەنگـی ئەوان گەیشـتوومەتە ئەو پـیگەیە بـۆ خزمەتكردنیـان داواكـارم لە حكـومەتی هەرێـم و حكـومەتی فیـدراڵ ئـاوڕێكی جـدی لە زیـان لێكەوتـووانی ئەو كارەسـاتە دڵتەزێـنە بـدەنەوە هاوكاریان بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مسلم فەرمووو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسـەکەم لەسـەر رووداوی لافـاوەکەی شـاری هەولێـری خۆشەویسـت بـوو کە کـراوەتە بەرنـامەی کاری بەیانی، ویستم قسەیەکی تر بکەم بەڕاستی لەسەر گرانبوونی شـتومەك وکـاڵای نـاو بـازاڕە، بەڕاسـتی ڕۆژ بە ڕۆژ شـتومەك بـاجی زیـاتری خـراوەتە سـەر ولەلایەن فرۆشـیارانەوە نرخـی گرانتربووە، کە ئەمە بۆتە بارقورسیەکی زۆر لەسـەر خەڵـك و داوا دەکەم لیـژنەیەك راسـپێرن بـۆ بەدواداچوون و جیاوازی نرخیش لە ناو بازاڕ هەیە کە ئەمە پێویستی بە دواداچـوونە، بـۆ ئەوەی کە ئەمە کۆنترۆڵ بکرێت بەڕاستی ئەم بار قورسیە لەسەر شانی خەڵك نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر عثمان تەنها هەر بـۆ ڕوونکـردنەوەیەك بـۆ بەڕێـزت، ئەو پێشـنیارانەی بەڕێزتـان دیـارە لیژنەی شەهیدان نووسراوی فەرمیان کردووە لەسەر هەمـوو ئەو خـاڵانە، ئـێمەش بە نووسـراوی فەرمی ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کردووە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـز خـانەوادەی سـەربەرزی شـەهیدان تەنهـا گلەیـی گەورەیـان ئەوەبـوو جەنـابی سـەرۆکی حکومەت بە یەك چاو سەیری هەموو شەهیدەکانی نەکرد، سەردانی نەکردوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەنـدەی فریـاکەوتووین کـراوە و هاوکاریشـمان کـردوون، بە ناوی پەرلەمانیشەوە لیژنەی شەهیدانمان راسـپاردووە بچـن سـەرەدانی هەمـوو لایەکیـان بکـات، کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەسەر بابەتێك دەمەوێت قسە بکەم هەندێکی گشـتییە، راسـتی ئێسـتا ئەوەی دەبینـین سێکتەرێك دروست بووە کە لە حکومەت تا رادەیەك بەهێزتـرە وە چەنگـی لە هەمـوو بە ئەرزە بە بەهاکـان گیرکـردووە، هۆکـارێکە بـۆ دروسـتبوونی کارەسـاتی سرووشـتی، وە ئەوەی دیسـان هۆکارێکە بۆ وێرانکردنی ماڵی هاووڵاتییانی هەژاری ئەم وڵاتە، ئەوەی کە دیسانەوە حیزبەکـان و کەسـایەتی و هەنـدێك لە کارەکتەرەکـانی نـاو حکـومەتیش خاوەنـداریەتیان دەکەن، ئەوەی ڕێگریکردنیان ئەستەم بـووە و هەنـدێك لە وەبەرهێـنەرە برسیەکانی ئەم وڵاتەن، بەرزکـردنەوەی تـاوەر و باڵاخانەکـان بە تەنهـا پێشـکەوتن نیـیە لە کاتێکـدا ئـاوەڕۆی شـارەکە و ژێـر زەمیـنەکەی قەپاتکرابێت، هێنانی بزنسی دانس و سەما و شەوی سـوور و ئەو هەمـوو بـاڕە پێشـکەوتن نیـیە، گەر لەلایەکی دیکەوە ریشی مامۆستایانی ئـاینی بسـووتێنی و ڕۆژنامەنووسـان تیـرۆر بکەیـت و شەق لە مامۆستا و خوێندکار هەڵبدەی، لاپتۆپ و ئایباد بە تەنها پێشـکەوتن نیـیە گەر عەقلیەتـی حـوکمڕانی پـێش نەخرێـت و قوتابخـانە و پەیمانگـا و زانکۆکانمـان لە دەسـتی وەبەرهێنەرەکـان دەرنەکرێت و باشتر نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال پەریشان فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر بابەتێك قسە دەکەم لەسەر لۆگۆی تەکسییەکان، دوو سێ جاری تر ئەو یاداشتەمان پێشکەشمانکردووە، سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری گواستنەوە و گەیاندن کە ئەو ماوەیەی درێژکرد تا (١٢/٣١)، بەڵام ئەو ماوەیە تاوەکو (٢١) نەورۆز درێژ بکرێتەوە، چونکە زۆربەی زۆری ئەوانەی تەکسی لێدەخوڕن بەڕاستی هەموویان فەرمانبەر و پێشمەرگە و پۆلیسن، حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار یان شەش سەد هەزار دینار وەردەگرن بەڕاستی نیوەی بەشی کرێی خانوو ناکات و بژێوی ژیانی دابین بکات، ئەوەی تر لەسەر بەندکراوەکان من دوو جەلسەی رابردوو باسمکرد سەبارەت بە لێبوردنی گشتی و لێبوردنی تایبەت دیارە لیژنەی تایبەتمەند یاداشتیان پێشکەشکردووە گرنگ ئەوەیە ئەو یاداشتە ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێمی بکرێت بۆ ئەوەی بە زووترین کات لێبوردنی گشتی بکەوێتە بواری جێ بەجێکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لێبوردنی گشتی بە یاسا دەکرێت بەڕێزان، دەبێت پێشنیاز بکرێت، لێبوردنی تایبەتیش هەر بابەتێك هاتبێتە بەردەستان ئاڕاستەکراوە و بەشێکیشی جێ بەجێکراوە، بەڕێزان، ئەم روونکردنەوەماندا ناوی هەموو بەڕێزانتان نووسراون، لێرە چوار زۆن هەیە، هەر زۆنێك ئێمە هەر جارێك فریا بکەوین بەڕێزێك هەڵبژێرین بۆ تەوازنێك لە بەینی فراکسیۆنەکاندا هەبێت، تکاتان لێدەکەم ئیحترامی سەرۆکایەتی بگرن کەم دەست بەرزکەنەوە، بڵێن ئەی ئێمە و ئەی ئێمە، مەجبورین ئێمە هاوسەنگی ناو فراکسیۆنەکان و نێوان فراکسیۆنەکان و زۆنەکانیش بپارێزین، لەبەر ئەوە تکاتان لێدەکەم دەست بەرزکەنەوە، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەلبژادنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ کە من قسە دەکەم نۆ مانگ و نۆ رۆژ ماوە بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی یاسای هەلبژاردن دەبێت لە (٩/٣٠)ی ساڵی داهاتوو هەلبژاردنەکان بکرێت، چونکە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ چوار ساڵ دەنگیان بە پەرلەمانتاران و پەرلەمان داوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ئێمە وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ لەگەڵ ئەوەنین کە کاتی ئەندامیەتی پەرلەمان و ماوەی پەرلەمان درێژ بکرێتەوە، وە لەگەل ئەوەین کە هەلبژاردنەکان لە کاتی خۆی بکرێت، بۆیە ئەوەی کەوا دەبینین لە ئێستادا کە کۆمسیۆن تاوەکو ئێستا کارا نەکراوەتەوە، تاوەکو ئێستا کۆمەڵێك کێشە ماون گۆڕانکاری ماون لە مەسەلەی یاسای هەڵبژاردن و ئەمانە ئەوەی کەوا من لە کۆبوونەکانی فراکسیۆنەکان بۆم پێدەچێت کاتی زۆری بوێت، بۆیە ئەگەر لەو ماوەیەی کەوا دیاریکراوە دوو مانگی داهاتوو ئێمە نەتوانین کۆمسیۆن کارا بکەینەوە و یاسای هەلبژاردن وەکو خۆی ئەوەی کەوا دەمانەوێت

دەستکاری بکەین ڕەنگە مەسەلەی هەڵبژاردن نەتوانین لە کاتی خۆی بکەین، بۆیە هەر لایەنێك لەگەڵ ئەوبێت کە هەڵبژاردن لە کاتی خۆی نەکرێت بەڕاستی بەرپرسیارە لەبەرامبەر مێژوو...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیامەکەت گەیشت ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە ئەرکی یاسایی خۆمان هەڵساوین، کۆبوونەمان بە هەموو فراکسیۆنەکانکردووە، ئێمە دەمانەوێت لە دەستەی سەرۆکایەتی هەموو فراکسیۆنەکان لێرەن پابەندی تەوقیتی دەستووری و یاسایی بین، وە ئێمە ئەرکی یاسایی خۆمان جێ بەجێ دەکەین، بەڵام پێمانباشە تاوەکو دەتوانن داواتان لێدەکەین لەسەر بنەمای لێك تێگەیشتنی هاوبەش بێت، چونکە ئەو بابەتانەی کە بەڕێزتان قسەتان لێکرد بەڕێزانیش قسەی لێدەکەن سرووشتی دەستووریان هەیە، پێویستیان بە سازانێکی نیشتیمانی باشتر هەیە، بەڵام ناکرێت سازانی نیشتیمانی بکرێتە بیانوی ئەوەی سازانی نیشتیمانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن نەکرێت، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم بەپێی ماددەی (٦٠) دووەم دەکەم، یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمانتار لە پاڵ هەموو ئەرکەکانی تردا پرسیارکردنە، من بۆ خۆم هاوڕێیانیش زۆر پرسیار دەکەن تەنها لە مانگی دە و یانزەدا زیاتر لە بیست پرسیارم ئاراستەی جەنابتانکردووە بە سووپاسەوە زۆرینەیان بۆ گەڕاوەتەوە، بەڵام ئەوانەی کە گرنگن پشت گوێ دەخرێت، ئێستا دوو پرسیارم لە بەردەستدایە بە نموونە دەیڵێم کە من لە مانگی یانزەدا کردوومە هەردووکیان لە مانگی یانزەدا کردوومە، یەکێکیان وەڵامەکەی نەهاتۆتەوە بەدەر لەوەی کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بە ئیمزا گوتوویەتی ناردوومە زیاتر لە دوو سێ هەفتەیە، یەکێك لەوانە باسی بەدواداچوونێکم هەیە چوار سەد و بیست دۆنم زەوی لە ڕێگای عەربەت بە ناوی پڕۆژەی گەنجینەکانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی چوار سەد و بیست دۆنم عەرز داگیرکراوە و بەهەدەر دراوە بە خەڵك و بە نا شەفافی، یەکێك لەوانەی تریش قومارخانەکانە بە ناوی گازینۆ لە کوردستان زەرەر و زیانێکی زۆری لە سەروەت و سامان و نەفسیەتی خەڵکداوە، پرسیارمکردوو گوتوومە بزانم چەند گازینۆ هەیە ئەم پرسیارانە...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو کاك سیروان، کاتە تەنها یەك دەقەیە، دەتوانی دواتر لەگەڵ سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی بۆ بکەی، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دابەشکردنی مووچە قسە دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان بابەتی دابەشکردنی مووچە بۆتە عورف و نەریتێکی زۆر خراپ، کە لە دوو مانگ نزیك دەبینەوە پاشان مووچە دابەش دەکرێت، بەپێی داتا بەدواداچوونەکانی ئێمە جگەلە بەشە بودجەی حکومەتی عێراقی دەینێرێت بۆ هەرێمی کوردستان بەپێی داهاتەکانی ناوخۆ بەبێ

لێبڕین و بەبێ دواکەوتن حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت مووچە لە کات و ساتی خۆیدا دابەش بکات، ئومێد دەکەین بۆ مانگەکانی لەمەودوا و ساڵی ئایندە ئەو نەریتە تێپەڕێندرێت و مووچەی مووچەخۆران لە کات و ساتی خۆیدا دابەش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە (١١٦، ١١٧) کە دەڵێت نووسینگە لە ناوەندی پارێزگاکان و لە هەر جێگەیەکی تر ئەگەر پێویست بکات بکرێتەوە بۆ راییکردنی کاری هاووڵاتیان، یەعنی ئەوە لە پار ساڵەوە هەوڵدەدرێت کە نووسینگەیەکی پەرلەمان لە گەرمیان بکرێتەوە لە ناحیەی رزگاری، بەڵام بە داخەوە تاوەکو ئێستا ئەو نووسینگەیە نەکراوەتەوە و هاووڵاتیانی گەرمیانیش بەم ڕێگە ناخۆشە کە چوار بۆ پێنج سەعات رێگەیەتی دێنە هەولێر ئەگەر داواکارییەکیان هەبێت، بۆیە داواکارم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کەوا هەستێت بە کردنەوەی نووسینگەیەك لە ناحیەی رزگاری و ناوەندی گەرمیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، تەنها بۆ بیرخستنەوە تکاتان لێدەکەم کە نوقتەیەکی نیزامی دەگرن ئاماژە بە مادده و خاڵەکەش بکەن، ئاماژە بە یاساکە و مادده دەستووریەکانیش بدەن، لەبەر ئەوەی دەچێتە پرۆتۆکۆل بۆ ئەوەی بزانرێت، ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبێت پێتان بڕین دوایی پێمان مەڵێن نوقتەی نیزامیە، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك دەزانرێت یەکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای بوودجەیە و وا ساڵی (٢٠٢١)مان تێپەڕاند جارێکی تر پرۆژە یاسای بوودجە نەهاتە پەرلەمانی کوردستان، خۆ ئەگەر بووایە و پرۆژە یاسای بوودجە بەهاتبایەتە پەرلەمانی کوردستان حەتمەن لە یەکێك لە ماددەکانی بوودجە تەرخان دەکرا بۆ قوەی قاهیرە، وە لە ناو ئەو بوودجەیە ئێستا دەتوانرا هاوکاری لێقەوماوانی لافاوی شاری هەولێری خۆشەویستی پێ بکرێت، هاوکات بەپێی ماددەی (٢٩) بڕگەی هەشتەم لیژنەیەکمان هەیە لە پەیڕەوی ناوخۆ لیژنەی کاروباری شەهیدان، داواکارم لە ڕێگەی بەڕێزتانەوە ئەو لیژنەیە رابسپێرێ بۆ بەدواداچوون بۆ کەیسی ئەو هەزار خانەوادە بەڕێزەی کە مووچەی شەهیدی هاووڵاتییان هەیە و مووچەکەیان راگیراوە لە ئێستادا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی وردتری تێدا بکرێت، چونکە ئەوان تەنها دوو سەد هەزار دینار وەردەگرن لە پای ئەوەی کە کەسێکیان بۆتە قوربانی لە پێناو خاك و نیشتیمان، داواتان لێدەکەین ئەو کارەش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنەی شەهیدان دەکەین بەدواداچوونی ئەو بابەتە بکەن، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٩٨)ی پەیڕەو قسە دەکەم، دیارە وێڕای ئەوەی کە بێ ئومێدی و بێ هیوایەك هەیە لە بارودۆخی سیاسی بە گشتی، بەڵام پێموایە بەشێکی زۆری کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی دارایی، بابەتی دارایی کە نا روونە بابەتی دارایی کە ئێمە کەسمان نازانین بەڕاستی داهاتی هەرێمی ئەم کوردستانە چەندە، ئەو پەرلەمانە مەفروزە بەپێی پڕۆژە یاسای بودجە مانگی دە لێرە تاوتوێ بکرێت و پەسەند بکرێت، ئێستا نە وەزیر دەزانێت داهات چەندە...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ببورە من لێرە موقاتەعەتان دەکەم، بڕگەی یەکەمی ئەم دانیشتنەمان خستنە رووی راپۆرتی لیژنەی داراییە لەسەر داهاتەکان، زنجیرەیەك کۆبوونەوەیان، وە پێمباشە بابەتێك لەسەر داهاتەکان هەبێت بۆ گفتوگۆی دوای راپۆرتەکە بێت جەنابت موداخەلە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وابێت بۆ ئەو کاتی دوای بخەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٦) بڕگەی یەکەم لە (١١/٢١) یاداشتێکمان ئامادەکرد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە بۆ ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی نرخ کواڵیتی و ستیکەری دەرمان، دەزانم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەندێك ئاماژەیدا، کۆبوونەوەشی کردووە لەگەڵ سەرۆکی فراکیسۆنەکاندا، بەڵام ئایا وەزیری تەندروستیش لەو وەزیرانەی کە نایەوێت ئامادە بێت لە پەرلەمانی کوردستان ئەوە پرسیار، وە بەپێی ماددەی (٣١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هیوادارم بۆ ئەو بابەتە چوار پەرلەمانتاریش پشتکیریم بکات، داوا لە بەڕێزتان دەکەم بابەتی مۆڵك ماڵی سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت لە ئەمریکا بخرێتە بابەتی گفتوگۆکردن و بدرێتە لیژنەی نەزاهە، وە راستی و دروستی و ئەگەر پێویستی بە هەر رێکارێکی دیکە کە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان قسە دەکەم، ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر پرسەکانی رۆژ یاداشت دەیدەینە دەستەی سەرۆکایەتی

پەرلەمان، بۆ ئەوەی کۆبوونەوە ڕێکبخرێت، یاخود کۆبوونەوە بکرێت بۆ ئەوەی حکومەت بێتە ناو هۆڵی دانیشتنی پەرلەمان گفتوگۆ بکرێت، بەداخەوە یاداشتەکان هیچیان دەڵێن ئەوە حکومەت نایەت، ئەگەر حکومەت بەڕاستی...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز روپاك خان یەك دەقە، ئەمە دانیشتنی رەسمی پەرلەمانە، لە هیچ شوێنێك حکومەت نەیگوتووە ئێمە ئامادە نابین، ئێمە نازانین دەڵێی سەرۆکی فراکسیۆنەکانتان پوختکراوەی دانیشتنەکانی دەستە سەرۆکایەتی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانتان بۆ باس ناکەن، بەڕێزیشت لەوێبووی، ئێمە لەوێ بە روونی پێمان گوتن حکومەت نەیگوتووە نایەن، هەندێك لە وەزیرەکان گوتوویانە ئیمە ناتوانین بێین، وە ئەوانیش بیانوی خۆیانیان هەیە، ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین ئەم پەیوەندیە ئاسایی ببێتەوە بۆ ئەوەی بەپێی پەیڕەو ئەم گفتوگۆیانە کە هەیە بەپێی ماددەی (٦٦) بکرێت، داوامان لە سەرۆك فراکسیۆنەکان کردووە، ئاخر شتیش نووسراوی فەرمیمان کردووە بۆ ئەوەی حکومەت پێمان بڵێت کام وەزیرە نایەت، نەك ئەوەی کە حکومەت ئامادە نەبێت، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەم تەواو دەکەم، ئەو وەزیرانە کە نایەن بە قەناعەتی من وایە ئەگەر خزمەتی خەڵك بکەن زۆر بەبێ منەتانە دێن لە پەرلەمانی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران دەدەنەوە، ئەگەر وەزیرەکان نایەن بۆچی پڕۆژەی حکومەت لە چوار بڕگەی بەرنامەی کار سێیانیان پڕۆژەی حکومەتە...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزتان ئەندامی لیژنەی یاسایی ماددەکانی پەیڕەو باش دەزانیت، هەر پڕۆژەیەك لە حکومەتەوە بێت لە یەك دانیشتنی ئەنجامدانی پەرلەمان جەنابت ئەگەر ناتەوێت پڕۆژەکانی حکومەت لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر بکرێت دەکرێت هەمواری پەیڕەو پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی پەیڕەو هەموار بکرێت، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی لە خاڵی یەکەم لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٦) قسە دەکەم، پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران مافێکی یاسایی فەرمانبەرانە، لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە حکومەت لە دەرەوەی یاساوە رایگرتووە، ئەوسا هەندێك پاساو هەبوو لەسەر کەمی داهات، لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران راگیراوە لە دەرەوەی یاساوە، ئەمە زوڵمێکە لە فەرمانبەرانی دەکات، لە منداڵی فەرمانبەری دەکات، لە مووچەخۆرانی دەکات، زوڵمەکە دووقات بۆتەوە لەسەر ئەوانەی کە خانەنشین بوون لەم چوار پینج ساڵە کە مووچەکەیان مووچەی بنەڕەتیان زۆر کەم بۆتەوە، لەبەرامبەردا کۆی ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرن زۆر کەمبۆتەوە، ئێمە بۆ

چارەسـەرکردنی ئەم بـابەتە بە تـایبەت کە نـزیکەی سـاڵێکە داهـاتی هەرێمـی کوردسـتان زۆر باشبووە، وە هیچ پێویست ناکات لەوە زیاتر ئەو مافانەی کە هاووڵاتی هەیەتـی و مووچەخـۆر و خانەنشـین هەیەتـی لەوە زیـاتر دوا بخرێـت، ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـان پێشـنیازە بڕیارێکمـان پێشکەشـکرد بە ئێـوەی بەڕێـز لیـژنەی یاسـایی وەڵامـی دایـنەوە لە ڕێـگەی ئێـوەی بەڕێـزەوە، ئـێمە لە (١٢/١)ەوە ئەو بیسـت و پێـنج ئەنـدام پەرلەمـانەی کە پێشـنیازە بڕیارەکەمـان پێشکەشکردبوو جارێکی تر جەختمانکردەوە کە ئەم بابەتە...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گوتنا من ل گۆڕ ماددەیا (٢) بڕگەیا یەکەمە، پەرلەمانێ کوردستانێ بـاڵاترین دەسـەڵاتا یاسـادانان و چاڤدێری کرنێیە، یاسایا ژمارە (٢) یا ساڵا (٢٠٢٠) تایبەت ب چاکسـازیێ ل هەرێمـا کوردسـتانێ سـاڵ و نیـڤ بەسـەر چـوویە هەتـاکو نـوکە چ ئەنجـامەك ژ چاکسـازیا کـو حکومەتـا هەرێمـا کوردسـتانێ ئومێـدەکا مەزن بـۆ خەڵکـێ دروسـتکردبوو چ بـۆ وی پـڕۆژەی داهـاتەکی زۆر ژی بـۆ خەڵکی دزڤڕیت و دەگەڕێتەوە خەزینەیا حکومەتێ کو بۆ سەد و پێنجە ملیـار، ئەڤە سـاڵ و نیـڤ دەربـاز دەبـن هـیچ ئاسـۆیەك نیـیە ژ بـۆ چاکسـازیێ ل هەرێمـا کوردسـتانێ، بەڵکـو ل دەروازەی سنووری گەندەڵی زێدەتر بوویە، دەست تێوەردان ل داهـاتێ نـاڤخۆ ژ بـاڵ حزبێـت دەسـەڵاتدا ل ڤان هەردوو زۆنا زێدەتر بوویە، ئەڤە بیست و پێنج ڕۆژ دەرباز دبن مووچەیـا مەهـا یـازدە تەمـام نەبوویە، ژ بـۆ فەرمـانبەرێن هەرێمـا کوردسـتانێ وەربگـرن، ئایـا مووچەیـا مەهـا دوازدە خەڵکـی هەرێمـا کوردسـتانێ مووچەخـۆران چ ئومێـدەك هەبیـتن مووچەیـا مەهـا دوازدە بەبـێ لێبـڕین و بەبێ هیچ هۆکارێك بهێتە دابەشکرن، ئەڤە سەرەڕای ڤێ چەندێ کـو داهـاتێن نەفتـێ زێـدەی وێ چەندیە کو مـووچەی فەرمـانبەرانی هەرێمـا کوردسـتانێ ل وادەیـا خـۆ کـو دەسـت نیشـانکری ل وادەیەکا کەمدا بهێتە دابەشکرن، نەك بۆ ماوەی بیست و پێنج ڕۆژی هێشتا فەرمانبەرێن هەرێمـا کوردستانێ مووچەیا خۆ وەرنەگرتبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای قسـەتکرد لە ئـێمە گـوتم قسـەکانمکراوە، چـونکە نەمویسـت پێشـێلی پەیـڕەوی نـاوخۆ پەرلەمان بکەم، قسەکانم پێشتر نوقتەی نیزامـی نەبـوو، بەڵام ناکرێـت بە نـاوی نـوقتەی نیزامـی ئەندامانی پەرلەمان وەکو چێشتی مجێور هەرچی هات بە دەمیاندا لەسەر حکـومەت و تـا بگـاتە ئەوەی هێرش بکەنە سـەر بەڕێـز سـەرۆك وەزیـران، ئەوەی کە ئەو ڕاپـۆرتەی بڵاوکـردەوە لەسـەر بەڕێز سەرۆك وەزیـران کەسـێك بـوو کە داهـاتووی سیاسـی سـووتاوە، وە کەسـێك بـوو کە هـیچ داهاتوویەکی لەم وڵاتە نییە، هەر وەکو چۆن دکتۆرە شایان بەبێ مەعلومـات قسـە لەسـەر ئەمە

دەكات، بەڵگە بهێنێتەوە ئەگەر نا ئەویش هەمان داهاتوو چاوەڕێی دەكات كە دەبێت دوای ئەم خولەی پەرلەمان لە ماڵەوە دانیشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل دیڤ ماددەیا (٢) برگەیا ئێكێ پەیرەوێت ناڤخۆ پەرلەمان بالاترین دەسەڵاتا یاسادان و چاودێریكرنێیە، ل دیڤ ماددەیا (٤١) هەر لیژیەكا هەمیشەیی چارچێڤەی پسپۆری خۆدا بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە و سەرەدانێت مەیدانی دكەتن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پێش چەند رۆژەك ل پارێزگەها دهۆكێ ئاسایشا سێمێلێ دەست ب سەر برە یا خۆراكەكا زۆر داگرتی كو ئەڤ خۆراكە هەنێ ل خالێ سنووریدا نزیكەی دووسەد تەنە داخلی قەزایا سێمێلێ بوویە، ئەڤ خۆراكە هەموو ئیكسپایر بووە، ژبەر هەندێ ئەڤە سەرپێچیەكە بەدواداچوون پێتڤیتن ئەڤە گرێدایە ب تەندروستیا هاوولاتیا كوردستانێ ڤە، داخازێ ژ جەنابێ هەوە دكەم هەردوو لیژنێت مەعنی لیژنەیا كاروبارێن تەندورستی و ژینگە و مافی بەكاربەر و لیژنەیا وزە و سامانە سرووشتیەكان و پیشەسازی و بازرگانی بهێنە راسپاردن بۆ بەدواداچوون، ئایا ئەڤ برە خۆراكە هەمووی چاوا داخل بوویە ل پارێزگەها دهۆكێ، چونكە سەرپێچیا یاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرەنجێكی بەجێیە، هەردوو لیژنە رادەسپێرین، چونكە پەیوەندی بە ژیانی هاووڵاتییانەوە هەیە، كاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست پێك داوا دەكەم قسەكانی كاك پێشەوا لە پرۆتۆكۆل بسڕدرێتەوە، چونكە یەكەم وەڵامی دكتۆرە شایان بوو، دووەم: كۆمەڵێك وشەی بەكارهێنا هەر بۆ كواڵیتی پەرلەمان جوان نییە چێشتی مجێور ئەو تەعلیقە لە پەرلەمان، من بەپێی خاڵی یەكەم لە ماددەی (٦٦) قسە دەكەم، لە ماوەی رابردوودا سی و چوار ئەندامی بەڕێز واژوویان كۆكردبۆوە بۆ مەسەلەی پێوەری ئاو، تاوەكو ئێستا دانیشتنەكە نەكراوە، بەڵام لیژنەی شارەوانی لەسەر هێڵە بۆ ئەوەی كە ئەم پرسە چارەسەر بكات، بەڵام تاوەكو ئێستا غەرامەكردنی هاووڵاتییان بە نایاسایی بەردەوامە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، تاوەكو ئەم ساتەش هاووڵاتییان ئەو غەرامە زۆرە كە قەرارە وەزارەت لاییبات هاووڵاتییان ئەمە دەدەن، دوو: مەسەلەی خۆڵ و خاشاك و عەریزە نووسین و كامیرای هاتووچۆ كۆمەڵێك پرسی تر دراوەتە كەرتی تایبەت كە بە نایاسایی بەپێی دەستووری حكومەتی عێراقی و بە گوێرەی یاسا بەركارەكان وەزارەت و ئەنجوومەنی وەزیران بەبێ یاسا ناتوانێت غەرامەی هاووڵاتییان بكات، من چەند ژمارەیەك بۆ بەڕێزتان دەخوێنمەوە، بۆ نموونە پەنجا هەزارە، حەوتا پێنج هەزارە دینارە، دوو سەد و پەنجا هەزار دینارە، سەد هەزار دینار ئەمە

به تاوان هەژمارکراوە، چ یاسایەك ڕێگەی داوە بە وەزارەتی شارەوانی ئەمانە بە تاوان هەژمار بکات، ئەم غەرامە زۆرەی هاووڵاتییان بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان: ئەوەی کە بەڕاستی زۆر داوای لێبوردن دەکەم زۆربەی کۆبوونەوەی لیژنەکان لە کاتی جەلسەکانی پەرلەماندا ئەنجام دەدرێت، مەبەستم کۆبوونەوەی ئەمڕۆی لیژنەی وزە نییە، بەڵام چەندین جار دووبارە بۆتەوە کە کۆبوونەوەی لیژنەکان هاوکاتە لەگەڵ کاتی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە زۆرجار بەشێکی زۆر لە قاعەکە بەجێ دەهێڵدرێت، بڕگەی دووەمی قسەکانم تایبەت دەکەم بە قسەکردن لەوەی داوا دەکەم قسەکانی بەڕێز شایان خان لە پڕۆتۆکۆڵ بسڕدرێتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ خاڵێکی پەیڕەوی نەبوو، وە لە خاڵی دووەمیشی کە قسەکانی ئاماژەی پێکرد ئەگەر هەر ڕاپۆرتێك لەبەرامبەر بە هەر کەسایەتییەکی هەرێمی کوردستان کرابێت بە هیچ شێوازێك باسی موڵك و ماڵی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم نەکراوە، ناکرێت لە پێناو ئەوەی کە لایەنێك هێرش نەکاتە سەری لایەنێکی تێکهەڵکێش بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی دەکەین بۆ ئەوەی جێ بەجێکردنی ئەو بڕگەیەی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بۆ خستنەڕووی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی با بفەرموو بێنە سەر سەکۆی لیژنەکان، لیژنەی تایبەتمەند فەرموون، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من دەمەوێت پێش ئەوەی بچمە سەر ڕاپۆرتەکە ڕوونکردنەوەیەك بدەم، دیارە هەموو ئەو داتا و زانیارییانەی کە لە ڕاپۆرتەکەی ئێمە هاتووە لە ئەنجامی ئەو دانیشتنەبووە کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجاممان داوە، تەواوی ئەو داتایانە لە حکومەت وەرگیراوە تاکە سەرچاوەی وەرگرتنی داتاکان لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییکراوە، خۆزگە وابووایە کە چاودێری دارایی ڕاپۆرتی تایبەتی هەبووایە لەسەر ئەوە بۆ ئەوەی بمانتوانی بووایە ئیعتیماد بکەینە سەر ئەوەش، بەڵام ئێمە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە بەشێکی گرنگی بریتییە لە ڕاسپاردەکانی لیژنەکانی ئەوان، ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان ساڵی (٢٠٢١) لە ئامادەکردنی لیژنەی دارایی، پێشەکی: لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٢١/١٢/٦) دوای ئەنجامدانی داوامانکرد کۆبوونەوە ئەنجامبدرێت لەگەڵ هەر یەك لە بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری سامانە سرووشتییەکان و تیمی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ئامانجی بەدەستخستنی زانیاری پێویست لەسەر داتا وداهات وخەرجی لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢١)، لەرۆژی (٢٠٢١/١٢/١٩) کۆبوونەوەی

لیــژنەی دارایــی و کاروبــاری ئــابووری لەگەڵ تیمــی ئەنجــوومەنی وەزیــران ئەنجــام درا، لەم کۆبوونەوەیەدا هەر یەك لە بەڕێزان دکتۆر ئومێد صباح سەرۆکی دیوانی ئەنجـوومەنی وەزیـران و دکتۆر ئامانج رحیم سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران و ستافی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری و بەڕێـوەبەری بـانکی ناوەنـدی هەولێـر و سـلێمانی و بەڕێـوەبەری گشـتی گـومرگ و بەڕێـوەبەری گشـتی ژمێرکـاری ئامـادەبوون لە کۆبـوونەوەکە، بەڵام هەر یەك لە بەڕێــزان وەزیــری ســامانە سرووشتیەکان بە هۆکاری تەندروستی کە لە دەرەوەی وڵات بووە ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبـووە، وە بەڕێـز وەزیـری داراییـش بە هۆکـاری تـایبەتی خـۆی ئامـادەی کۆبـوونەوەکە نەبـووە، گرنگـی راپــۆرتەکە: بەهــۆی قەیرانــی دارایــی و بڕینــی بەشــە بــودجەی هەرێمــی کوردســتان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە ساڵی (٢٠١٤) و دروست بوونی شـەڕی داعـش و دابەزینـی نرخـی نەوت و هـاتنی ژمـارەیەکی زۆری ئـاوەرە بـۆ شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان و تـاوەکو ئێسـتا حکـومەتی هەرێمــی کوردســتان پــڕۆژەی بــودجەی رەوانەی پەرلەمــانی کوردســتان نەکــردووە، بــۆ ئەوەی شــەفافیەت لە خەرجــی و داهــات و کورتهێنــانی پلانــی دارایــی و ئــابووری کوردســتان روون و ئاشکرا بێـت، لەم راپـۆرتەدا هەوڵمانـداوە لە رووی داراییەوە هەنـدێك روونکـردنەوەی پێویسـت لەو کۆبــوونەوەیەدا لەگەڵ ئەنجــوومەنی وەزیــران وەرگیــراوە، وە ســەرۆکایەتی پەرلەمــان و ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـانی کوردسـتان وڕای گشـتی لە سـاڵی (٢٠٢١) بخەیـنەڕوو، ئامـانجی راپـۆرتەکە: ئامانجەکـان/ یەکەم: *تیشـك خسـتنەڕووی* ئەو ووردەکـاری داراییـانەی کە بەردەوام جێگەی پرسیاری هەموو ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکی هەرێمی کوردستانە.

دووەم: بەهێزکردنی متمانە لە نێوان دامەزراوە دەسـتووری یاسـاییەکانی هەرێمـی کوردسـتان لە رووی داراییەوە.

سـێیەم: شـەفافیەتی نەوت و نـا نەوتـی ئەوەی لە عێـراق و هاوپەیمانەکـانەوە دێـتە خەزێـنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پرسیارەکانی ئەم رپـۆرتە: سـەرچاوەکانی داهـاتی هەرێمـی کوردسـتان چین و چەنـدن، داهـاتی هەرێمــی کوردســتان چــۆن خەرج دەکرێــت، زۆرتــرین خەرجــی حکــومەت بــۆ چ کەرتــێکە، سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان چین و چەندن.

یەکەم: فرۆشتنی نەوت/

أ -بە گوێرەی زانیارییەکانی حکومەت ئەو نەوتەی لە هەرێمی کوردستانەوە هەنـاردە دەکرێـت و دەفرۆشرێت هەناردەکەی مانگ لە دوای مانگ کەمبۆتەوە، لە مـانگی تشـرینی دووەمـی یـان لە ئـۆکتەربەری سـاڵی (٢٠٢١) گەیشـتۆتە چـوار سـەد و پێـنج هەزار بەرمیـل لە رۆژێکـدا، بە بەراورد لەگەڵ مــانگی یەکــی ســاڵی (٢٠٢١) کە هەنــاردەکردنی رۆژانەی نەوت لە هەرێمــی کوردستان بە تێکڕا چوار سەد و سی و چوار هەزار بەرمیل بـووە، واتە رۆژانەی بیسـت و نـۆ هەزار بەرمیل کەمبۆتەوە.

ب - جگەلە هەناردەکردنی چوار سەد و پێنج هەزار بەرمیل بۆ دەرەوە رۆژانە بە تێکڕای بیسـت و دوو هەزار بەرمیل بە مەبەستی ناوخۆیی بەکاردێت بـۆ ئەوەی بەرهەمـی نەوتـی لێدروسـت بکرێت.

ت - کەمکـردنەوەی بەرهەمهێنـانی نەوت بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە، دیـارە ئەوەی کە باسـمانکرد لەسەرەوە بیست و نۆ هەزار بەرمیل کەمیکردووە، کورتهێنـانەکەی بـۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە بەرهەمهێنانی نەوت بۆ دەگەڕێتەوە کە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنـان نەوت دەکەن لە هەرێمـی کوردسـتان سـاڵی (٢٠٢٠) بەهـۆی پەتـای کۆرۆنـاوە دابەزینـی نرخـی نەوت پەرە بە گـێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان نەدراوە.

داهاتی نەوت/ یەکەم: داهـاتی نەوت لە هەرێمـی کوردسـتان لە (٥٨%)ی بـۆ خەرجـی کۆمپانیـا و شـەریکاتە نەوتیەکـان دەڕوات، لە (٤٢%)ی وەك داهـات دەمێنێـتەوە کە (١٠٠%)ی ئەم (٤٢%)یە رادەستی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکرێت بە مەبەستی خەرجکردنی مووچە، داهـاتی نەوت بۆ دە مانگ بەپێی ئەم خشتەیە، مانگی یەك سێ سەد و بیسـت و دوو مليـار دینـار بـووە، مـانگی دوو سێ سەد و بیست و پێنج ملیار دینار بووە، دیارە هەمـوو ئەو ژمـارانە هەمـووی رەقەمـی وا هاتووە ئەو رەقەمانەی ئێمە هەر بە نزیك کراوەیی رەقەمەکانمان داناوە، مانگی سێ سێ سـەد و نۆەت شەش ملیار دینار بووە، مانگی چوار چوار سەد و سی و حەوت ملیـار دینـار بـووە، مـانگی پێنج چوار سەد و نۆەت شەش ملیار دینار بووە، لە مـانگی پێـنج بە دواوە کە نرخـی نەوت بـاش بۆتەوە، وە فرۆشـتن زیـادی کـردووە دیـارە ئەو پـارەش کە دەخـرێتە سـەر حیسـاباتی وەزارەتـی دارایی زیادیکردووە، مانگی شەش پێنج سەد و دوانزە ملیار دینـار بـووە، مـانگی حەوت پێـنج و سەد و نۆ ملیار دینار بووە، مانگی هەشت پێنج سـەد و نـۆ مليـار دینـار بـووە، مـانگی نـۆ پێـنج و سەد و یانزە ملیار دینار بووە، مانگی دە پێـنج و سـەد و دوانـزە مليـار دینـار بـووە، تێکـڕای چـوار ترلیۆن و پێنج سەد و سی و سێ مليـار دینـار دەکـات، بە تێکـڕا بـۆ هەر مانگێـك وەکـو گـووتم لە پێنج مانگی یەکەمدا ئەو بڕە پـارەی کە تەخصیصـکراوە یـان خـراوەتە سـەر حیسـابی وەزارەتـی دارایی کەمتربووە لە پێنج مانگی کۆتـایی، لەبەر ئەوە بە تێکـڕا چـوار سـەد و پەنجـاو سـێ مليـار دینار دەکات، تێبینی: داهاتی نەوتی مانگەکانی حەوت و هەشـت و نـۆ و دە داتـای کۆتـایی پشـت راستکراوە نین لەلایەن دیلۆیتەوە پشت راستکرابێتەوە.

دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فرۆشتنی نەوتـدا هەنـدێك پێـداچوونەوەی کـردووە بـۆ ئەوەی داهاتی زیاتری نەوت بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی، نزیکەی دوو دۆلار بـۆ هەر بەرمیلێـك لە فرۆشتنی زیادبووە، پێشتر فرۆشتنی نەوت کە دەڵێـین زیـادبووە مەبەسـتمان ئەوەنـیە نرخـی پێشتر بە چـل دۆلار بـووە و ئێسـتا چـۆتە شەسـت دۆلار یـان حەوت دۆلار مەبەسـتمان ئەوەنـیە، مەبەسـتمان لەوەی کە ئەوەی جیـاوازیە لە نێـوان فرۆشـتنی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان لەگەڵ برێنـت، پێشـتر لەگەڵ برێنـت یـانزە دۆلار و چـل سـەنت جیـاوازی هەبـووە کە ئەو ئاڕاسـتەیە کەمکـراوەتەوە ئێسـتا دۆلار کەمکـراوەتەوە ئێسـتا نـزیکەی نـۆ دۆلار جیـاوازییەکەیە، هەروەهـا حکومەتی هەرێمی کوردستان کـاری زیـاتر لەسـەر ئەم بـابەتەی کـردووە بـۆ مانگەکـانی حەوت و هەشـت و نـۆ و دە و یـانزە و دوانـزە بـڕکە زیـاتر لە دوو دۆلار بـۆ هەر بەرمیلێـك بـۆ خەزێـنەی حکـومەت بگەڕێـتەوە، لە راپـۆرتی دیلۆیـت کە لە هەفـتەی یەکەمـی مـانگی یەکـی سـاڵی (٢٠٢٢) لەسـەر سـێ مـانگی حەوت و هەشـت و نـۆ پێشـکەش دەکـات، ئەم جیـاوازیە بە روونـی دەردەکەوێت، دووەم: شایستە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێـراقەوە، لە سـاڵی

(٢٠٢١) تەنها چوار مانگ حکومەتی عێراق بە بڕی دوو سەد ملیار دینار وەك پێشینە بۆ هەرێمی کوردستانی ناردووە، کە خۆی لە مانگەکانی حەوت و هەشت و نۆ و دە دەبینێتەوە کە هەمووی دەکاتە هەشت سەد و ملیار دینار کە لە (١٠٠%)ی ئەو بڕە پارەیە بۆ پێدانی مووچە تەرخانکراوە.
سێیەم: هاوکاری هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان/ مانگانە هێزی هاوپەیمانان بە گوژمەی بیست و شەش پوینت شەش ملیار دینار دەداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێدانی مووچەی هێزی پێشمەرگە، بۆ لیوا هاوبەشەکان، وە پارەکە راستەوخۆ دەچێتە سەر حیسابێکی بانکی تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە کە لە (١٠٠%)ی بۆ پێدانی مووچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەرج دەکرێت.
چوارەم: داهاتی ناوخۆ/ داهاتی ناوخۆ پێکدێت لە:
١ -گومرگ، ٢- باج، ٣- رسومات و کرێی خزمەتگوزارییەکان.
تێبنیی/ لە (٨٥%)ی داهاتی ناوخۆ بە کاش دەکەوێتە بەردەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا بە تێکڕا بریتییە لە دوو سەد و هەشت پۆینت شەش ملیار دینار، لە (١٥%)ی بە چەکی حکومی خەرج دەکرێت کە چەکەکانیش هەر حکومەت خۆیەتی کە دەکاتە چل و حەوت پۆینت چوار ملیار دینار.
داهاتی ناوخۆ بەم شێوەیە ورد دەکرێتەوە/ گومرگ لەگەڵ باجی گومرگی، گومرگ لەگەڵ ئەو باجە گومرگییەی کە لە دەروازە سنوورییەکان وەردەگیرێت بە یەکەوە دانراون، مانگی یەك سەد و سی و هەشت ملیار دینار بووە، مانگی دوو سەد و سی ملیار دینار بووە، مانگی سێ سەد و چل و سێ ملیار دینار بووە، مانگی چوار سەد و چل سێ ملیار دینار بووە، مانگی پێنج سەد و چل و چوار ملیار دینار بووە، مانگی شەش سەد و سی و چوار ملیار دینار بووە، مانگی حەوت سەد و بیست و حەوت میار دینار بووە، مانگی هەشت سەد و چل و دوو ملیار دینار بووە، مانگی نۆ سەد و چل و نۆ ملیار دینار بووە، مانگی دە سەد و پەنجا و سێ ملیار دینار بووە، کۆی گشتی کە ترلیۆنێك و سێ سەد و نۆەت و پێنج ملیار دینار دەکات، بە تێکڕا سەد و سی و نۆ پۆینت پێنج ملیار دینارە بۆ ئەو دە مانگە، باج/ مانگی یەك چل و یەك ملیار بووە. مانگی دوو چل و هەشت و ملیار دینار بووە، مانگی سێ بیست و هەشت ملیار دینار بووە، مانگی چوار سی و شەش ملیار دینار بووە، مانگی پێنج بیست و هەشت ملیار دینار، مانگی شەش پەنجا و یەك ملیار دینار، مانگی حەوت شەست ملیار دینار، مانگی هەشت سی و دوو ملیار دینار، مانگی نۆ سی و حەوت ملیار دینار، مانگی دە بیست و نۆ ملیار دینار، کۆی گشتی دەکاتە سێ سەد و نۆەت و چوار ملیار دینار دەکات، کە بە تێکڕا بۆ هەر مانگێك باج لە هەرێمی کوردستان سی و نۆ پۆینت چوار ملیار دینار وەردەگیرێت، تێبینی/ فەرمانگەکانی دیکەی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری مانگانە نۆ ملیار و حەوت سەد ملیۆن دینار داهاتی هەیە، بۆ دە مانگ دەکاتە نۆەت و حەوت ملیار دینار، رسومات و کرێی خزمەتگوزاری/ بۆ هەر مانگێك بە تێکڕا رسوماتی هەرێمی کوردستان حەفتا و پێنج پۆینت پێنج ملیار دینارە، کە لە ماوەی دە مانگەکانی دەکاتە حەوت سەد و پەنجا و پێنج ملیار دینار داهاتی وەزارەتی دیکە ئاو و کارەبا، تەبعەن وەکو گووتم کرێی خزمەتگوزاریشی لەگەڵە لە پارەی ئاو و کارەبا، کە بەشی زۆری ئەمە پارەی کارەبایە کە تەقریبەن

به دۆلار بیست و ملیۆن دۆلاری پارەی کارەبایە لەسەر ئەو رسوماتەیە، کۆی گشتی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە مانگی دە وەك نموونە پێنج سەد و حەوت ملیار و پۆینت پێنج ملیار دینار پارەی نەوت کە خراوەتە سەر وەزارەتی دارایی، دوو سەد ملیار دینار داهاتی عێراق تەنها بۆ چوار مانگ کە دەکاتە هەشت سەد ملیار دینار کە لە پێشتریش ئیشارەتمان پێداوە، دوو سەد و شەست و هەشت ملیار و پۆینت پێنج ملیار دینار داهاتی ناوخۆ، بیست و شەش پۆینت شەش ملیار دینار داهاتی هاوپەیمانان، کۆی گشتی تێکڕای داهاتی هەرێمی کوردستان لە مانگێك کە نزیکەی ترلیۆنێك دینارە، زۆرترین خەرجی حکومەت بەم شێوەیە دابەش دەکرێت، بۆ پێدانی مانگانەی مووچە نۆ سەد و دوو ملیار دینار پێویست دەکات کە دەکاتە لە (٩٠%)ی کۆی گشتی داهاتی مانگانەی هەرێمی کوردستان، بۆ روونکردنەوە دیارە رەگەیاندراوێکی وەزارەتی دارایی هەبووە لەم بڕە کەمتر گووتراوە، بەڵام ئەو بڕەی هاوپەیمانان کە دەچێتە سەر وەزارەتی دارایی لێی دەرکراوە لە مووچەکەش دەرکراوە، بۆیە هەم لە داهاتەکە دەرکراوە و هەمیش لە خەرجییەکانیش واتە لە مووچەکەش دەرکراوە، نزیکەی سەد و سی و حەوت ملیار دینار بەسەر دوو کەرت دابەش دەکرێت.

یەکەم: تەشغیلی و نەسریەی فەرمانگەکان و خەرجی خزمەتگوزارییەکان.

دووەم: وەبەرهێنان و پڕۆژەکان.

بۆ تەشغیلی و نەسریەی فەرمانگەکان و خەرجی خزمەتگوزارییەکان نۆەت و هەشت ملیار دینار، سی و نۆ ملیار دیناریش بۆ پڕۆژەکان و وەبەرهێنان، لێرەدا نزیکەی بە تێکڕای ئەمانە چل ملیار دینار کورتهێنان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە دروست دەبێت، ئەم کورت هێنانە چۆن پڕ دەکرێتەوە، کورتهێنان لە کۆی خەرجی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (٤%) دەبێت، کورتهێنانەکە لە رێگەی لە (١٥)ی لە کۆی ئەو داهاتە ناوخۆییەی کە لە رێگەی چەکی بانکە حکومییەکانەوە کۆ دەکرێتەوە، گووتمان لە (١٥%)ی داهاتی ناوخۆ بە چەك دەدرێت بە حکومەتی هەرێم، چەکەکەش هەر حکومەتی هەرێم خۆیەتی، بەشێك لەم عجزە بەم چەکانە پڕ دەکرێتەوە و بەشێکیشی لە رێگەی بڕە پارەیەکی کە بۆ تەشغیلی و بۆ پڕۆژەکان دیاریکراوە.

ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان.

یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پەلە بکات لە ئامادەکردن و رەوانکردنی بوودجەی ساڵی (٢٠٢٢) بۆ ئەوەی شەفافیەتی زیاتر لە داهات و خەرجی هەبێت و بە ناردنی بوودجە بەشێکی زۆری ئەو ناکۆکیانەی کە ئێستا هەیە لەسەر دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان یەکلا دەبێتەوە.

دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان باجی کۆمپانیاکان و کۆمپانیا نەوتییەکان و ئەو کۆمپانیا خزمەتگوزاری نەوتی پێشکەش دەکەن، وە کۆمپانیا گەورەکان وەربگیرێت کە ئێمە تێبینیمان هەیە لەسەری، من حەز دەکەم لەسەر ئەوە روونکردنەوە بدەن کە ئێمە بڕیارمانداوە لە لیژنەی دارایی و ئابووری کە دواتر هەم بەڕێوەبەری گشتی باج بانگ دەکەین بۆ ئەوەی روونکردنەوە لەسەر ئەم چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو باجانە بدات، حکومەتی هەرێمی کوردستان باج لە کۆمپانیا نەوتییەکان و کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان و پێشکەشکردنی کۆمپانیاکان وەربگرێت.

سێیەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە و چاکسازی بکات لەو (٥٨%)ی کە خەرجی کۆمپانیا نەوتیەکانە بە ئاڕاستەی ئەوەی خەرجی کۆمپانیاکان کەم بکرێتەوە و داهاتی نەوت بۆ خزێنەی گشتی زیاد بکرێت، لەو بارەیەوە لیژنەی سامانە سرووشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەین رابسپێرێت بۆ بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی خەرجییەکانی کەرتی نەوتی لە هەرێمی کوردستان.
چوارەم: پێویستە دادپەروەری هەبێت لە کۆکردنەوەی داهاتەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، وە رێکارەکانی وەرگرتنی کرێی خزمەتگوزارییەکان باج و داهات و رسومات کارتر بکرێتەوە.
پێنجەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پەلە بکات لە ئەنجامدانی چاکسازی لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و پێداچوونەوەی جدی بکات لە گرێبەستی ئەو کۆمپانیا خزمەتگوزاریانەی کە لە نێوان دەروازەکان پێشکەش دەکرێت بە ئاڕاستەی ئەوەی داهاتی بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بگەڕێتەوە، تێبینیمان هەبووە لەسەر ئەوەی پێداچوونەوە کە لە مانگی شەشدا وەزارەتی دارایی کردوویەتی لەو پرۆژە خزمەتگوزارییانە کە پێداچوونەوە لەوانە تێبینیمان هەبووە کە ئەو بڕەی کە دەگەڕێتەوە بۆ داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا بڕێکی کەمە پێویست دەکات لەوە زیاتر کاری لەسەر بکرێت.
شەشەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پەلە بکات لە ناردنی هەمواری پرۆژە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی ئەوەی لە رێگەی وەبەرهێنانەوە دەرفەتی کار بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر باری دارایی بۆ پێدانی مووچەخۆر قورستر نەبێت و لە (٩٠%)ی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ مووچە خەرج دەکرێت.
حەوتەم: دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان دەست واڵا بکرێت بۆ وردبینیکردنی داهات و خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ دەوڵەمەندکردنی راپۆرتەکە لە هەر فراکسیۆنێك دوو، سێ کەس قسە بکات ( مامۆستا عمر، کاك علی، کاك کاروان، د. اسماعیل، کاك سەرکۆ، شیرین امین، لقمان وردی، سلمە خان، کاك پێشەوا، کاك مەم، د. محی الدین، مامۆستا ابوبکر، کاك باپیر)، کاك باپیر فەرمووو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە زەحمەتیان کێشاوە، زۆر بە وردەکاری راپۆرتیان ئامادەکردووە و خستوویانەتە روو بۆ بەرچاوڕوونی ئێمە، زیاتر یەکێك لە ئامانجەکانی ڕاپۆرتەکە کە ئاماژەیان پێکردووە بۆ گێڕانەوەی متمانە لە نێوان موئەسەسات و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی زیاتر متمانە هەم بۆ خەڵك دەگەڕێتەوە و هەم بۆ متمانە لە نێوان دامەزراوەکان دەگەڕێتەوە هێنانی یاسای بوودجەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر نەشکراوە یاسای بوودجە بە هۆی کۆمەڵێك گرفتەوە پێشکەش

بکرێت بە پەرلەمانی کوردستان و لێرە پەسەندی بکەین، دەکرا ژمێرەی کۆتاییمان بۆ بنێرن، بۆ ئەوەی زیاتر متمانەکە پتەوتر بێت، ئەوە نابێتە جێگای ئەوەی کە متمانەیەکی کولیمان پێبێت سەرەنج و تێبینی زۆر هەیە ئەو داهات و خەرجییەکان، من تەنها ئەوەندە دەڵێم ئومێد دەکەم کە لیژنەی دارایی پێداگری بکات یان پەرلەمانی کوردستان پێداگری بکەین بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر یاسای بوودجەش نەنێرن یان گرفتی لەبەردەمە بەهۆی کۆ نەکردنەوەی داهاتە یان بەهۆی ئەوەیە حکومەتی ئیتیحادی شایستە داراییەکان نانێرێت با ژمێرەی کۆتاییمان بۆ بنێرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە بابەتی دارایی بەپێی ماددەی (٩٨)ی پەیڕەوی ناوخۆ قسە دەکەم، هەر سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجەیە کە دیارە کەلێن و کێشەیەکی زۆر گەورەی دروستکردووە لە هەرێمی کوردستان لە حکومەت لە پەرلەمان، کە بە داخەوە تاوەکو داهات بە گشتی نەوت و غەیرە نەوت نە بەڕاستی جەنابتان دەیزانن ئەگەر دەیزانن پێویستە ئێمەش بزانین یەعنی پێمان بڵێن، نە پەرلەمان دەیزانێت و زۆرجار هەیە وەزیری پەیوەندیداریش نایزانێت، حەقیقەتەن ئەوە شتێکی زۆر ناڕێکە و پێشموایە بەشێکی زۆری ئەم بێ ئومێدی و بێ هیوایی و ئەم قەیرانانەی کە دروست دەبن هەتا بۆ حکومەتیش بەڕاستی نەبوونی پرۆژە یاسایە بوودجەیە، من دەپرسم ئێستا حکومەت بە چ یاسایەك یەعنی چۆن ئەو پارەیە سەرف دەکات بۆ ئەم لا و ئەو لا، مەسەلەن لە خەرجکردندا ئایا دادگەری هەیە، ئایا ئەو داهاتەی کە هەیە کە باس دەکرێت لە هەردوو زۆندا ئایا بە تەواوی و بە ڕێك و پێکی کۆ دەکرێتەوە، ئایا بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بە دادگەری دابەش دەکرێت، بەڕاستی من پێموایە ئەوە کێشەیەکی زۆر گەروەیە ئەو پەرلەمانە پێویستە بە هەر چۆنێك بێت فشارێکی زۆر گەورە بکەین ئەگەر حکومەت یەك دیناریشی هەبێت مەفروزە ئەو دینارە بێتە ئەم هۆلی پەرلەمانە با پەرلەمانتار چی دیکە قسە نەکەین لەسەر ئەم مەوزوعەی، یەعنی بێنن دینارێکتان هەیە بێنن با ئێمە لێرانە ئەو دینارە دابەش بکەین، بۆ ئەوەی چیتر گلەیی لە حکومەت و لە سێکتەرێك و وەزارەتێك و لەم پەرلەمانەش نەکرێت، ئێستا هەزارەها کەس دەپرسی ئەرێ جەنابت سەرۆکی پەرلەمانی حەز دەکەم بزانم داهاتی ئەو وڵاتە چەندە، من لە جەنابت دەپرسم، سەرۆکی پەرلەمانی، موئەسەسەیەکی گەورەیە هاوتای موئەسەسەکانی دیکەیە لە حکومەت و لە سەرۆکایەتی هەرێم و دادوەری و بەرزتریشە، یەعنی دەزانن داهات چەندە، دەتوانن بۆ ئێمە باسی بکەن، بۆیە من ئەوە بە کەم و کورپەکی گەورە دەزانم و وێڕای ئەوەی کە دەزانم خەڵك لە رووی بارودۆخی چۆنە و چەند بێزار و بێ ئومێدە، بەڵام حەقیقەتەن بەشێکی زۆری نیگەرانی هاووڵاتیان ئەم موئەسەسەیەش ئەوەیە من تکا دەکەم ئەم مەوزوعە یەکلایی بکرێتەوە، پەرلەمان ئەوەندەی بکات لەم قۆناغەی ئێستادایە زۆر کێشە چارەسەر دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سلمه خان فەرموو.

**بەڕێز سلمه فاتح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای دەستخۆشیم بۆ لیژنەی دارایی بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە باشە، من دوو پرسیارم لە بەڕێزان لە لیژنەی دارایی هەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو کۆبوونەوەیەی کە کردوویانە لە ئەنجوومەنی وەزیران، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران هەنگاوەکانی جدین بۆ ناردنی بوودجەی ساڵی (٢٠٢٢) بۆ پەرلەمانی کوردستان، وە لەسەر خاڵی دووەمی ڕاسپاردەکانیشان جارێکی تر پشتیوانم و زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە باج وەرگرتن لە کۆمپانیە نەوتییەکان دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەیەکی زۆر گەورە لە دارایی لە هەرێمی کوردستان داهاتەکان زۆر زیاد دەکات، چونکە بەڕاستی ناکرێت لە وڵاتێکدا باج لەسەر تامەتە و خەیار وەربگیرێت، بەڵام باج لە کۆمپانیا نەوتییەکان وەرنەگیرێت، دەتوانێت باڵانسی داهات لە هەرێمی کوردستاندا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەسەر مەسەلەی باجی کۆمپانیا نەوتییەکان ئەنجوومەنی وەزیران چ بەڵێنێکی بە لیژنەی دارایی و بە پەرلەمانی کوردستان داوە کە ئەم هەنگاوە بکات بە هەنگاوێکی جدی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزيز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم بۆ لیژنەی دارایی، منیش بە هەمان شێوە دوو پرسیارم هەیە، لە خاڵێکدا ئاماژە بەوە دەکەن کە لە (٩٠%)ی داهاتی هەرێمی کوردستان تایبەتە بۆ پرسی مووچەخۆران دەڕوات، بەڵام بە داخەوە وێڕای ئەوەی کە ئەمە ڕەقەمێکی یەکجار گەورەیە، ئێمە لە پاڵ ئەمەدا لەم پەرلەمانی کوردستانە و لەم خولەدا بە دیاریکراوی یاسای چاکسازیمان دەرچوواند، ئایا تا چەند بەپێی یاسای چاکسازی توانراوە لیستی مووچە و لیستی مووچەخۆران پاکتاو بکرێت بە تایبەت مووچەخۆرانی پلە باڵا و مووچەخۆرانی نا یاسایی کە زیاتر چەندین کەس هەبن کە زیاتر لە مووچەیەك و ڕەنگە دوو مووچە و سێ مووچە وەربگرن، ئایا ئەم ڕەقەمەی کە ئەمان ئاماژەیان پێکردووە بەراوردکراوە بەوەی لە یاسای چاکسازیدا ئەو لیستە تا چەند پاکتاوکراوە یاخود نا، پرسیاری دووەمم ئەوەیە کە سەبارەت بە داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە (٨٥%) داهاتی هەرێمی کوردستان بە کاش دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام هەر هەمان حکومەت و هەر وەزیرێکی مەعنیەکانی ناو ئەم حکومەتە چەندین جار گوێمان لەوە دەبێت کە گلەیی ئەوە دەکەن کە داهاتی ناوخۆ ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی و بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، نازانم ئەم گلەییە لە کێ دەکرێت، خۆ ئەوەی کە مەعنییە بەوەی کە داهات بگەڕێنێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی هەم خۆیان زۆرینەیە ناو پەرلەمانن و لە هەمان کاتدا زۆرینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، خۆ

ئەمە ئەو گلەییە نییە کە زۆرجار ئاڕاستەی عێراق دەکرێت کە ئەوان بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان نانێرن، سەربارى ئەوەى حکومەتى هەرێمى کوردستان خۆشی پابەند نییە بە یاسای بودجەی عێراقەوە، کەواتە ئەم داهاتە کە ناگەڕێتەوە با بڵێین لەم راپۆرتەیاندا ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە داهات هەمووی ناگەڕێتەوە سەربارى ئەوەی کە حکومەت خۆشی گلەیی ئەوە دەکات کە دەڵێت داهات ناگەڕێتەوە، بۆچی بەدواداچوونیان لەسەر ئەوە نەکردووە کە کێ هۆکاری سەرەکیە لەوەی کە داهاتی هەرێمی کوردستان ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی وەك ئێستا دەبینین کە لیستی مووچەی مانگی یانزە پەنجا و پێنج رۆژە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو لیستە بە تەواوەتی دابەش نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن من بە رێزەوە لە کاری خوشك و براکانم لە لیژنەی دارایی دەڕوانم، وە جیاوازی بۆچوونمان دەلیلی ئەوەیە کە ئێمە هەر یەکەمان زیندووین و هەر یەکەمان بە جیاواز دەمانەوێت خزمەتی ئەم وڵاتە بکەین، بەڵام من سەرەتا لەمپەرەکانی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە دەخەمە روو کە تێبنیەکانم لە لیژنەش گوت، بۆیە واژووی ئەم راپۆرتەم نەکرد لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە.

یەکەم: ئێمە پارەی ئەم وڵاتە دەبێت لە دوو وەزیرەوە بزانین، بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری سامانە سرووشتییەکان، دوای چواردە رۆژ دوو دانە جەنابی وەزیر کە ئێمە دەبوو بچین نەك ئێمە بچین دەبوو ئەوان بێن بۆ ئێرە، دەبێت ئەوان بێن بۆ لیژنەی دارایی کەچی دوای ئەوەی ئێمە رۆیشتووین هێشتا ئەوان ئامادەنین، جەنابی وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە مۆڵەت لە دەرەوەی وڵات نەخۆشە، ئەی جەنابی وەزیری دارایی لێرەیە لە کوردستانە بۆ نایەت بۆ پەرلەمان لەبەرامبەر پەرلەمانتاران روونکردنەوە بدات لەسەر ئەم هەموو گومانەی لەسەر داهات و خەرجییەکان هەیە، ئەوە خەلەلی گەورەی راپۆرتەکەیە کە ئێمە زانیاریمان لە وەزیرانی پەیوەندیدار وەرنەگرتووە، هەر لە بنەمادا کێشەی گەورەی راپۆرتەکەیە.

دووەم: نەبوونی یاسای بوودجە، پاشان نەبوونی هیچ دۆکیۆمێنتێك کە ئەم زانیاریانە پشت راستکاتەوە، بەڕێزان، ئێمە باسی ملیاران دینار دەکەین، باسی ترلیۆن دینار دەکەین، چۆن دەبێت بە گفتوگۆی کۆبوونەوە دەبێت دۆکیۆمێنتی فەرمی هەبێت، باس لەم ترلیۆن دینارانە بکات، چیان لێکراوە، چۆن خەرج دەکرێن، داهاتەکان لە کوێ دێن، پاشان ئەم زانیارییانە هیچ بەهایەکی یاسایی و داراییان نییە تاوەکو ئەو کاتەی دیوانی چاودێری دارایی تەسدیقیان دەکات، دیوانی چاودێری دارایی موئەسەسەیەکی سەربەخۆی ئەم وڵاتەیە نە سەر بە حکومەتە و نە سەر بە دەسەڵاتە، مەفروز وردبینی لەم داهاتانە بکات ئەوجا ئێمە بڵێین بەڵێ ئەمە داهاتی هەرێمی کوردستانە، خاڵێکی تر ئێمە داوامانکرد ئەو شاندەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو خشتە و دۆکیۆمێنتانەی لەبەر دەستیاندایە بۆمان بنێرن، گوتیان بەسەر چاو لە کۆبوونەوەکە دوو رۆژ

تێپەڕی تاوەکو ئێستاش نەیان ناردووە، بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر بنەمای پشت بەست بە زانیاری ڕاپۆرتەکە داڕێژینەوە، خاڵێکی تر زانیاری دژ بە یەك هەیە لە ڕاپۆرتەکە لە زانیارییەکانی حکومەت، لە مانگی پێنجەوە داهاتی ناوخۆ سێ سەد و پەنجا ملیار دینارە، لە داهاتی ناوخۆ بۆ مووچە هەموو مانگێك سەد و شەست و چوار ملیار دینار خەرجکراوە، جیاوازی نێوان داهاتی ناوخۆ و ئەو بڕەی بۆ مووچە خەرجکراوە سەد و هەشتا و شەش ملیارە، واتە لە مانگی پێنجەوە تاوەکو ئێستا نۆ سەد و دە ملیار دینار نییە، خۆ ئەگەر حکومەت بڵێت ئەمەم بۆ خەرجیەکان و وەبەرهێنان خەرجکردووە مانگانە خۆیان دەڵێن سەد ملیار دینارمان خەرجکردووە، ئەی چوار سەد و دە ملیار دینار داهاتی ناوخۆ چی لێهات، ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بەڕێزانەی لەوێبوون نەیانتوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، وە خۆشیان لێ پاراست لە وەڵامدانەوەی، پاشان لە خاڵە گومرگییەکان عەزیزان بیست دانە کۆمپانیا داهاتی ئەم وڵاتەیان تاڵانکردووە، ئەو پارەیەی کە ئەو کۆمپانیانە دەیخەنە ناو گیرفانیان کە بەپێی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی نا یاساییە، وە بەرژەوەندی گشتی ڕاچاو نەکراوە، تەبعەن کە دەڵێی نا یاساییە و بەرژەوەندی گشتی رچاو نەکراوە واتە بەرژەوەندی تایبەت و کۆمپانیا و حیزب راچاوکراوە، کە دەڵێی نا یاسایی واتە گەندەڵییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوانەی لە لیژنە دەیانەوێت قسە بکەن ئەو ئەندامانە زۆر نین، کە تەواوبوون هەموویان یەکجار دەرفەتتان پێدەدەین قسە بکەن، بەڵێ، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئێمە کە کۆبوونەوەی ئەو چەند سەعاتەی لە ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەمانکردووە مامۆستا عمرمان لەگەڵ بووە، ئەندامی لیژنەکەیە، وە دوێنێ چوار سەعات دانیشتووین لە ڕاپۆرتەکەشدا زۆربەی هەرە زۆری تێبینیەکانی بەڕێزیان جێگەی بۆتەوە و کاری لەسەرکراوە، ڕاپۆرتەکەی ئیمزا نەکردووە خۆی ئازادە، بەڵام ناکرێت هەر ئەندامێکی لیژنەکەمان حەوت سەعات لە کۆبوونەوە بووە و حەوت سەعاتەکەی چی گوتراوە هەمووی دووبارە بکاتەوە ئێستا، منیش دەتوانم هەموو سەرەنج و تێبینیانە ئێستا دووبارە بکەمەوە و هەموو برادەرانی تریش هەروەها، ناکرێت بەو شێوەیە، ئێمە نەمان گووتووە، ئێمە گووتوومانە ئەو ژمارانەمان وەرگرتووە و دەیان پرسیارمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، ئێستا شیرین خان پرسیاری ئەوەیکرد دەڵێت پرسیارتانکرد داهات گەڕاوەتەوە یان نەگەڕاوەتەوە، ئێمە ئیشارەتمان پێنەدا باسی داهات دەکەین بە گشتی، بەڵام ئێستا روونکردنەوە دەدەین لەسەر ئەوانە، ناکرێت ئەندامێکی لیژنەکە خۆی لە هەموو کۆبوونەوەکان لەگەڵ بووە سەرەنج و تێبینیەکانی هەمووی جێگەی بۆتەوە لێرە دیسان دەست بکاتەوە بەوەی کە هەمووی جێگەی بێتەوە، لە راستیدا رەنگە بەو جۆرە راپۆرتەکەش هەر تێ نەپەڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی کە لێرەن دەتوانن قسە لەسەر قسەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان بکەن، جیاوازە لەوەی کە دەڵێین نابێت قسە بکەن، ئێوە پرسیاریان ئاڕاستە

دەکەن، ئێــوە رەخــنە لە ڕاپۆرتەکەیــان دەگــرن، ئەی کــێ وەڵام بــداتەوە ئەگەر ئەمــان وەڵام نەدەنەوە، کاك کاوە فەرمووو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو راپۆرتەی کەوا ئامادەکراوە حکومەت دەڵێت مانگانەی ئێمە نۆ سەد و دوو ملیار دینار دەدەین بە مووچە، باشە پێشتر هەشت سەد و نۆەت و پێنج ملیار دینار بوو بۆ بووە نۆ سەد و دوو ملیار زیادیکردووە لە جیاتی ئەوەی کەم بکات، خۆ حکومەت پێشتر دەیگووت ئەگەر ئێمە یاسای چاکسازی جێ بەجێ بکەین سەدان ملیار دینارمان بۆ دەگەڕێتەوە، ساڵێك و نیوە یاسای چاکسازی کەوتۆتە بواری جێ بەجێکردن لە جیاتی ئەوەی پارە بگەڕێتەوە پارە زیاتر بووە خەرجی زیاتر بووە، یەعنی ئەمە چۆن دەبێت، لە کوێ دنیا ئەمە بووە، ئینجا حکومەت رایگەیاند چەندین لیستی راگەیاند کە دەیان هەزار کەسی دوو مووچە و سێ مووچەی بڕیووە، باشە ئەگەر دوو مووچە و سێ مووچەی بڕیووە بۆچی تێچووی خەرجی مووچە زیادیکردووە، باشە ساڵانە دەیان هەزار کەس تەقاعود دەبێت کەسیان لە شوێن تەعین نەکراوە یە حیساب حکومەت دەڵێت من کەسم تەعین نەکردووە لە ماوەی ئەو کابینەیە یاخود چەند ساڵی رابردوو، باشە ئەی ئەمەش مووچەکانیان کەم ناکات تەنها مووچەی تەقاعودیان بۆ دەمێنێتەوە، بۆچی بڕی تێچووی مووچە هەر نۆ سەد و دوو ملیار دینارە، بەڵام بەڕاستی ئەمە پرسیارە بۆ ئێمە جێی پرسیارە و جێی باوەڕ نییە، لەگەڵ رێزم، دواتر داهاتی ناوخۆ لە مەسەلەی هەناردەکردنی نەوت باسی ئەوەکراوە کە رۆژانە حکومەت چوار سەد و پێنج بەرمیل نەوت لە رێگای بۆڕییەوە هەناردەی دەرەوە دەکات، وە بیست هەزار بەرمیلیش بۆ ناوخۆ سەرف دەکات، بەڵام باسی ئەوە نەکراوە رۆژانە بە دەیان هەزار بەرمیل نەوتیش لە رێگای تانکەرەکان دەڕوات، ئایا داهاتی ئەو نەوتەی لە رێگای تانکەرەکانەوە لە رێگای قاچاخەوە دەڕوات لە کوێە بۆچی نایەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، لەلایەن کێوە تەسەروفی پێدەکرێت، ئەوەی تر هەمان پرسیار لەسەر داهاتی نەوت دەڵێت (٥٨%)ی بۆ کۆمپانیاکان دەچێت و (٤٢%)ی دێتەوە خەزێنەی حکومەت، باشە ئەی چەند مانگ پێش ئێستا وەزیری نەوت لێرە نەبوو لە پەرلەمان نەیگوت چاکسازی دەکەم، نەیگوت داهاتی نەوت زیاد دەکەم، نەیگوت بەشێکی زۆر دەگێڕێنەوە، بۆچی تاوەکو ئێستا وەکو خۆیەتی؟ بۆچی (٥٨%)ی بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرمووو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە هاوڕێیانی لیژنەی دارایی دەکەم بۆ ئەو راپۆرتەی کە ئامادەیان کردووە و بە ئەرکی خۆیان هەڵساون، ئێمە هەفتەی رابردوو لەگەڵ بەڕێزان تیمێکی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کۆبوونەوەمان هەبوو، کۆمەڵێك ئەرقام و ژمارەیان خستەڕوو لە بارەی داهاتی نەوت و لەبارەی وردەکاری و تەفاسیڵەکانی ئەوەی کە لە پرسی نەوت دەگوزەرێت لە هەرێمی

کوردستان، وە تا رادەیەکی باش ئەوانەی کە ئەوان باسیانکرد یەعنی ئومێد بەخش بوون، ئەوە نەبوو کە ئێمە بێ هیوا بین لەوەی هیچ ناکرێت، بەڵێ، بە عەکسەوە چاکسازی کراوە و کاری باش بە تایبەت لەو وەزارەتەکراوە، داوا لە جەنابت دەکەم ئەگەر بە جۆرێکیش بێت، داوا لە ئەوان بکەی کە ئەو وردەکارییانە بۆ هەقاڵانی ئەندامی پەرلەمان بخەنە روو، چونکە کارێکی باشکراوە، ناکرێت لەم هۆڵەدا تەنها رەش بین و نا ئومێدی بڵاوبکرێتەوە، وە لەبارەی داهاتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا نۆ سەد ملیار دینار دەدرێتە مووچە، ئێمە پێش چەند مانگێك هەمووومان لێرە هەر یەکەو بەپێی توانای خۆی هەر یەکەو لە فراکسیۆنەکانە جیاوازەکان داوای دامەزراندنی قوتابیانمانکرد، داوای دامەزراندنی کەرتی تەندروستی دەکەین، داوای پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران دەکەین لە حکومەت، باشە کاتێك تۆ داوای ئەمانە دەکەیت ئەی تێچووی مووچە زیاد ناکات، نابێتە نۆ سەد ملیار دینار، یەعنی ئێمە سەرمان لە حکومەت شێواندووە، لەولاوە داوا دەکەی خەڵك دابمەزرێنرێت، لەملاوە دەڵێی بۆچی نۆ سەد ملیار دینار دەدات بە مووچە، سەیری ئەو ئیزدواجیەتە بکە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە ئەندامانی پەرلەمان مەسئولییەتی گەورە لەسەر شانمانە کاتێك باسی ئەرقام دەکەین کاتێك باسی ترلیۆن و ملیار و نازانم ئەو رەقەمانە دەکەین دەبێت بە بەڵگەوە قسە بکەین، ناکرێت عەشوایی تەنها بۆ ئەوەی بڵێین فلان کەس دیفاعێکی باشیکرد لە خەڵك، وە فلان کەس دیفاعێکی باش دەکات رەقەمی نا راست بڵاو بکرێتەوە، بەرگریکردن لە خەڵك ئەوەیە کە رەقەمی راستیان پێ بڵێی، وە بەڕاست و دروستی لەبەرامبەر خەڵك بووەستی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقی راستە دوو سەد ملیاری ناردووە، بەڵام دوو سەد ملیار حەقی خەڵکی کوردستان نییە حەقی خەڵکی کوردستان زیاترە لەمەیە، وە دەبێت ئەوە بزانین لە دەروازە سنوورییەکانی عێراق ئەو پەڕی ئاسانکاری دەکرێت دەروازەکانی هەرێمی کوردستان لاواز بکرێن، سەیر بکەن دەروازە سنوورییەکان چییان بەسەرهاتووە، داهاتیان هەمووی سەدا پەنجا زیاتر کەمی کردووە بە هۆی ئەوەی کە بەبێ هیچ تەفتیشێك بەبێ ئەوەی کە هیچ باجێکی وا وەربگیرێت لە دەروازەکانی عێراقەوە لە بەسرە و شوێنەکانی دیکەوە ئۆتۆمبێل و کۆنتێنەر و نازانم چی داخیل دەکرێت بەبێ هیچ چاودێرییەك، ئەگەر تۆ چاودێریت هەبێت ئەوە ئەو دەچێتە ئەوێ گەورە بازرگانان بۆ ئەوەی قازانجی هەبێت، سەلامەتی ژیانی خەڵکی ناوێت، دەبێت ئەوانە هەمووی راچاو بکرێت بە مەنتیقی قسە بکەن، ئەو ئەرقامانەی کە دەیخەنە بەردەمی خەڵکی کوردستان مەسئولیەتە لەسەر شانمان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرمووو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، کاتێك کە باسی داهاتی ناوخۆ دەکرێت بەو رەقەمانەی کە بەڕێزان لە لیژنەی دارایی ئاماژەی پێدەکەن گومرگ سەد و چل ملیار، باج سی و نۆ ملیار دینار، رسومات حەفتا و پێنج ملیار دینار، کۆی گشتی دوو سەد و شەست و هەشت ملیار دینار، من لێرەوە تەحەدای

حكومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بە داتا و بە ڕەقەم و بەڵگە کە ئەم ژمارەیە زۆر زیاترە لەوە دەگاتە نزیکەی سەرووی سێ سەد ملیار دینار لە مانگێکدا، تەنها داهاتی کارەبا لە شەش مانگی ڕابردوو بریتی بووە لە چوار سەد و پەنجا شەش ملیار و دوو سەد و نۆەت نۆ ملیۆن دینار کۆ پێنج سەد و سێزدە هەزار و حەوت سەد و پەنجا و یەك دینار، ئەمە تەنها داهاتی کارەبا واتە بۆ یەك مانگ سەد ملیار دینار بووە تەقریبەن، یەعنی چۆن دێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گومرگ و باج و ڕسومات، دەکرێت بڵێین ئەم پارەیە ئەوەندە تەمویلی وەزارەتی داراییە بۆ مووچە، مەسەلەی نەوت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت قسە دەکەم، کە ئەمە پێموایە مەوسوقترین بەڵگەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بڵاویکردۆتەوە و تەسدیقیشیانکردووە، فرۆشتنی نەوت لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٢١) بە بەهای چوار ملیار و سەد و بیست و حەوت ملیۆن دۆلار بووە، ئەمە خەرجیەکەی بریتی بووە لە دوو ملیار و سێ سەد و هەشتا و نۆ ملیار دۆلار، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قسەی خۆی کە (٤٢%)ی بەرکەوتووە دەکاتە ملیارێك و حەوت سەد و سی و حەوت ملیۆن دۆلار بۆ شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٢١)، لە کاتێکدا کە تێکڕای نەوت لەو شەش مانگە بە پەنجا و پێنج دۆلار فرۆشراوە، لە شەش مانگی دووەم کە بەم شێوەیە تێکڕای نەوت فرۆشراوە حەفتاو سێ دۆلار، حەفتا هەشت دۆلار، هەشتا و چوار دۆلار، هەشتا و دوو دۆلار، حەفتا و پێنج دۆلار، کە تێکڕای دەکاتە هەشتا دۆلار ئەگەر (٤٢%) بێت چل و چوار دۆلاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە، ئەمە بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت وەکو خۆیان ئاماژەیان پێکردووە، ئەگەر نۆ دۆلاریش کەمتر بیفرۆشن کە ئەمە ڕەقەمەکان دەکات، واتە ڕۆژانە چواردە ملیۆن و شەش سەد بیست هەزار دۆلار داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستانە، مانگانە چوار سەد و سی و هەشت ملیۆن دۆلار دەکات کە دەکاتە نزیکەی حەوت سەد ملیار دینار بۆ یەك مانگ، ئەمە ئیزافەتەن بۆ سێ سەد ملیار دەکاتە ترلیۆنێك، وە ئیزافەتەن بۆ دوو سەد ملیارەکەی بەغدا دەکاتە ترلیۆنێك و دوو سەد ملیار دینار کە تەنها خەرجی مووچە زۆرترینە (٩٥%)یە، هەشت سەد و نۆەت چوار ملیار بووە بۆتە نۆ سەد و دوو ملیار دینار، واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ داهاتی بەغدا بەبێ ئەو پارەیەی کە تەمویل دەکرێت لە بەغداوە دوو سەد ملیار دینار مانگانەی لەبەر دەستە بەبێ ئەم پارەیە، وە دەتوانێت مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك کە باس لە نەوت دەکات کاتێك کە لیژنەی دارایی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەتەوە، ئەم پارەیەی کە من باسمکرد دوو ملیار و سێ سەد و هەشتا و نۆ ملیۆن و نۆ سەد هەزار و هەشت سەد و هەشتا و حەوت دۆلار ئەمە کۆستی کۆمپانیاکان بووە، ئێمە نازانین ئەم کۆستە قەرزە، ئەگەر قەرزە زەحمەت نەبێت چواردە ساڵە ئیستیسماری نەوتی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەم قەرزە چەند بووە، ئایا بۆ تەواو نابێت ئەم پارەیە، یەعنی زەحمەت نەبێت یەکێك پێمان بڵێت لە لیژنەی داراییی لێرەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم قەرزی حکومەتە کەی تەواو دەبێت بۆ کۆمپانیاکان، تێچووەکە کەی تەواو دەبێت ئەمە نوقتەی یەکەم، نوقتەی دووەم ئەم کۆمپانیایانەی کە بە ناوی

نەقلی بۆڕیەوە کـار دەکەن لە هەرێمـی کوردسـتان کە دوو کۆمپانیـا کـار و کۆمپانیـای ڕۆژ نەفـت شەش سەد و پەنجا ملیۆن دۆلار دەبن، بۆ هەر بەرمیلێك...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرمووو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆم یاداشتم داوە جەنابتان بۆ بەدواداچوونی داهات، پێنج جار لە جەلسە تەئکیدم کـردەوە، بەڵام ئەو دوو پرسـەی ئـێمە ئامـاژەم پێـدا داوام کـردووە هیچـی ئامـاژەی پێـنەدراوە، هیـوادارم دەرفەتم پێ بدەی، یەکەم: لە مـانگی یەك و دوودا تەمـویلی مـووچە سێ سـەد و حەفتـا و چـوار ملیار هاتووە بۆ سەد و شەست و یەك ملیار، واتە دوو سەد و سیانزە ملیار دینار کەمیکـردووە، بە گرانبوونی نەرخی نەوت و بە هاتنی پارە لە بەغدا سەیری بکە تەمویلی مووچە کەم دەکـات، مـن دەزانـم پێیـان گووتـوون ئەمە داهـات نەبـووە، پـارەی مەخـزون بـووە، هـی سـاڵەکانی رابـردوو دەچێتە عەقڵی کێوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سـاڵی (٢٠٢٠)دا پـارەی مەخزونـی هەبێـت، ئەی مەخـزون هەبـوو بـۆ مـووچە پاشـەکەوت کـرا، ئەی بـۆ دەیـانگووت داهـات نیـیە و مـووچە پاشەکەوت دەکەین ئەمە یەك، واتە هەولێر لە دوو سەد و سیانزە ملیـارەوە بـۆ تەمـویلی مـووچە هاتووە بۆ نۆەت و سێ ملیـار، سـلێمانی لە سـەد و شەسـت و یەك ملیـاری مـووچەوە هـاتووە بـۆ حەفتا کە کەمیکردووە، باشە، گریمـان ئەوەش نـا، مـانگی پێشـوو داهـاتی حەقیقـی سێ سـەد و حەفتـا و یەك ملیـار بـووە لە نـاوخۆ سـەد و شەسـت و یەکـی دراوە بە مـووچە، سـەدی دراوە خەرجی تەشغیلی، سـەدەکەی تـری کـوا؟ زیـاتر لەمەش دەڵـێم، ئەمە بەڵگەنـامەی رەسـمی بـانکی سلێمانییە، تا پانزەی مانگ چل و چوار ملیار و نـۆ سـەد و حەفتـا و شـەش ملیـار دینـار تەمـویلی مانگی یانزەکراوە، بەڵام داهاتی پەرویزخان بیست و شەش ملیار و هەشت سـەد و نـۆەت بـووە، باشماخ بیست و یەك ملیار بووە، کارەبـای سـلێمانی چـل ملیـار بـووە، لە مـانگی یـانزە تەنهـا سێ شوێن هەشتا و هەشت ملیـار بـووە، بەڵام چـل و چـوار تەمـویلکراوە، تەبعەن ابـراهیم خەلیـل و حاجی ئۆمەرانیش سەد و دە ملیار بووە، پاشان من دە جـار لەم لیـژنەیە گووتـوومە پرسـی ئـێمە دوو ئیدارەییە، (٤٣%) بە (٥٧%)ە، کوا لەم راپۆرتە باسکراوە، واتە سلێمانی تۆ دەبێـت لە (٤٣%) تەمـویلی مـووچەی تەواوکـاری بکەی، چەنـدت هەیە گرفـت نـیە، دەبێـت بـیکەی تـۆش چەنـدت هەبێت هەولێر دەبێـت (٥٧%) بکـات، ئینجـا هەولێـر زیـاتری هەیە یـان کەمـی هەیە هەر پەنجـاو حەوتمان دەوێت، پاشان سلێمانی ئیرادەت هەیە دەبێت پڕۆژەت هەبێت، ئیرادەت نییە پـڕۆژەت نییە کە ئێستا نەماوە لە مانگێکدا پێنج ملیـار سـەرف دەرکرێـت بـۆ پـڕۆژەی سـلێمانی، لە رێگـای کەلار، رانیە، ئاوی دەربەندیخان، هەمووی وەستاوە، تەمویل نـیە، دە مـانگە پـارەی کۆمپانیاکـانی دەرمان لە سلێمانی نەدراوە دەڵێت تەمویل نییە، کوێ ئەم راپۆرتە باسی دوو ئیـدارەیی کـردووە، ئەمە نا عەدالەتیەکی گەورەی جوگرافیە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، یاداشتەکە خۆم نووسـیوومە

ساڵێکە من بە دوای ئەو دۆسیەیەم، یەك دەقەی ترم پێبدە، دوو ئیدارەیی باس نەکراوە، بەڕێزان لە یاداشتەکە دەڵێن کۆمپانیای خاڵە سنوورییەکان بەشێکی نسبەکەی کەمە، کەم نییە بەشێکی دەبێت لابرێت، بەشێکی دەوڵەتە، ئەوە وەرەقەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیانە دەڵێت تەعقیم زیادە لای بەن، پاشان دەڵێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. زانا لەو مونتەلەقەی هەمووی دوو دەقەی وەرگرتووە، تۆ دەقەیەکت زیادە وەرگرتووە قسەکەی پەیڕەویە، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی تۆ یاداشتەکەت پێشکەشکردووە دەرفەتمان پێتدا، سی و شەش چرکەشمان زیادە دامان بە کاك پێشەوا، د. محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆش بۆ لیژنەی دارایی بۆ ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە، بەڵام پێش ئەوەی گلەیی لە حکومەتی عێراقی بکەین بە نەناردنی مووچە و بوودجەی هەرێمی کوردستان و بڕینی پێویستە گلەیی لە خۆمان بکەین، بە خۆ رێکخستنەوەی خۆمان بە کۆکردنەوە و رێکخستنی داهاتەکان بە هەموو شێوەکانی بە شێوەیەکی شەفاف دابەشکردنی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و رێگەگرتن دەست بەسەر داگرتنی داهات و ریگریکردن بە قاچاخ بردن و بەهەدەردانی سامانی گشتی، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوەیدا کە کۆی زانیارییەکان لەلایەنی پەیوەندیدار بە تایبەتی لە حکومەتەوە وەرگیراوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا خۆیان بەراوردیان کردووە بۆ بەدواداچوونی ئەو راست و دروستی ئەو داتا و زانیاریانەیان یان زانیاری جیاوازتریان هەیە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئێمە پارەی تەرخانکراو بۆ مووچە زیادیکردووە و وتەبێژی حکومەت لە رابردوودا یاسای چاکسازی باس لە راگرتنی یانزە هەزار مووچەی کردووە جگەلە لە بڕینی هەندێك لەو بابەتە، وە ژمارەیەکی زۆر ساڵانە سەدان خانەنشین دەکرێن، بەس من دەپرسم ئەو پارەی تەرخانکراوە لە جیاتی ئەوەی کەم بکات بۆ ژمارەکەی سەر دەکەوێت، لە کۆتاییدا جەخت لەوەی دەکەینەوە کە نەبوونی پڕۆژە یاسای بوودجە و ژمێرەی کۆتایی گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم کاری پەرلەماندا، بۆیە هیواداریین سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان جەخت لە ناردنی بەشە بوودجە و ژمێرەی کۆتایی هەرێمی کوردستان بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دەستخۆشی لە هەڤاڵانی لیژنە دەکەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە دوو ستراتیژی هەبووە لە چاکسازیدا کە تاوەکو ئێستا جێ بەجێی نەکردووە، زۆرکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی، ئەمە بەشێکە لە پلانی خۆی، مەسەلەن کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە زۆرکردنی داهاتدا بەپێی راپۆرتێکی خودی خۆیان لە نۆ سەد و بیست و هەشت ملیار دیناری

قەرزی کۆمپانیاکـان دەڵـێن سـێ ملیـارم بـۆ گەڕاوەتەوە، کـامەیە ئیجرائاتەکـانی حکـومەت بـۆ گێـــڕانەوەی ئەو قەرزانە لە کاتێکـــدا ئەگەر هـــاووڵاتی ســـلفەی زەواج و خـــانووبەرە و قەرزی کشـتوکاڵی هەبێـت کەفـیلەکەی بانـگ دەکرێـت دەیـان ئیجرائـاتی لەگەڵـدا دەگیـرێتەبەر، ئەمە یەکـێکە لە هەرە نـا عەدالەتییەکـان، دووەم: کرێـی موڵکەکـانی حکـومەت بە داخەوە سـاڵانە پـارەیەکی زۆر دەڕوات بـۆ حکـومەت بـۆ کرێـی موڵکەکـانی لەمەشـدا حکـومەت ئیجرائـاتی نەکـردووە، خـاڵی سـێیەم لە راسـتیدا لە مەسـەلەی کەمکـردنەوەی خەرجیەکانـدا بـۆ نمـوونە لە چاکسـازیەکانی کوردسـتان شـەو و رۆژ بیسـت و چـوار کـاتژمێر حەوت هەزار دینـار حکـومەت مەسروف دەکات بە داخەوە بەپێـی قـانوونی ئسـولی محاکەمـاتی جەزائـی ئـازادکردنی بە مەرج هەیە، یەعنی بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە زیندانەکاندا ئەو کەسانەی کە ئیفراجـی شـەرتی دەیـانگرێتەوە جـێ بەجـێ ناکرێـت، بە داخەوە ئەمە یەکـێکە لە هۆکارەکـان، مەسـەلەی رسوماتەکانیش ئەوەندە زیادیکردووە کە لە سلێمانی و گەرمیـان مـن زانیـاری هەولێـر و دهـۆکم نییە، نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتن هاواریان لێ هەڵساوە کە بـۆتە هـۆی کەمکـردنەوەی کـار و کەسابەت، ئەوەندە رسومات زیـادیکردووە وەکـو خۆیـان دەڵێن ئەگەر خـانوویەك بفرۆشـرایە لە سێ ساڵ یەکجار رەسمی لێ وەردەگیـرا، بەڵام ئێسـتا لەگەڵ هەمـوو فرۆشـتنێکدا پـارەیەکی زۆر لە رسومات وەردەگیرێت، کە ئەمەش بۆتە هۆکاری بارگرانی بۆ هاووڵاتیان، کۆتا خاڵیشـم یاسـای وەبەرهێنانە بەڕێزەکان نەك دەرفەتی کار زیاد بکات، ئەسڵەن مـاکی گەنـدەڵی لە وەبەرهێنانـدایە، سەیرکە بزانە یاسـای وەبەرهێنـان ئەم هەمـوو ملیـاردێر و ملیـۆن نێـرەی دۆلاری دروسـتکردووە، چـۆن زەوی تەخشـان و پەخشـان دەکرێـت لە هەمـوو ناوچەکـانی کوردسـتاندا، دەرفەتـی کـاری نەدۆزیوەتەوە، کۆمەڵێك خەڵکی کردووە بە سەرمایەدار...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ماندووبوونی ئەندامانی لیژنەی دارایی، یەکەمجار لە تێبینیەکەوە دەسـت پـێ دەکەم دەبـوو ئەم لیـژنەیەی پەرلەمـانی کوردسـتان دە پەرلەمانتـاربوون کە چـوونەتە ئەنجـوومەنی وەزیران لە ئاستێکی باڵاتر ببینرایە بەڕاستی، هیچ پاساوێك نەبوو وەزیرانـی پەیوەندیـداری ئەم پرسە لەگەڵیان کۆبوونەوایەتەوە، لیژنەیەکی پەرلەمانی لەسەر ئاسـتی وەکیـل وەزیـر لەگەڵیانـدا دانیشـتوون، تێبینیەکـانی مـن لەسـەر ئەم مەسـەلەیە ئەم داتایـانە و ئەم مـادووبوونەوانەی ئەم لیژنە بەڕێزە داتاکان و ماندووبوونەکانیان و زانیارییەکانیان بایەخی نابێـت ئەگەر پاڵپشـت نەبـن بە بەڵگەنـامەی فەرمـی دەوڵەتـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، کە هەمـوو ئەو رەقەمـانە بە نووسـراوی فەرمـی روون بکـرێتەوە لە چوارچێـوەی داهاتەکانـدا، خـاڵێکی تـر باشـە ئەم لیـژنەیە دەبـووایە بیـان پرسـیایە کەی قەرزەکـانی سـەر کۆمپانیاکـان تەواو دەبێـت، ئەوە پرسـێکی زۆر گـــرنگە کە پەیوەندیـــدارە بە مەســـەلەی قەرزی ئەو کۆمپانیایـــانە کە ســـاڵانێکە بەردەوامە دەگـــوترێتەوە، قەرزی ســـەر کۆمپانیاکانمـــان لایە، مەســـەلەیەکی تـــر هەیە کە حەز دەکەم ئەم

لیژنەیە بەپێی بەڵگە بۆمان روون بکاتەوە چۆن هەشت سەد و نۆەت و چوار ملیار دینار کە بۆ مووچە بووە هەشت ملیار زیادکراوە بۆمانی روون بکەنەوە، ئەمە پاڵپشتە بە چی، لە کاتێکدا لە یاسای چاکسازی کە نزیکەی ساڵ و نیوێکە چۆتە بواری جێ بەجێکردنەوە ئەم یاسایە و لە ناو یاساکە و کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نزیکەی ساڵێك و پێنج مانگە سوێندی خواردووە زیاتر لەوە، لە (٢٠١٩/٧/١٠)دا جەختی لەوە کردۆتەوە زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی، بەڵام ئێستاکە دەبینین ئەمە پێچەوانەی موعادەلەکەیە، دوای زیاتر لە دوو ساڵ و پێنج مانگ ئایا نەتوانرا ئەم (٥٨)ەی بۆ کۆمپانیاکان و خەرجییەکانیان دەچێت کەم بکرێتەوە، بۆچی باج لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت وەرناگیرێت، ئەو مەسەلەیە بە تەواوەتی چارەسەر نەکراوە، خاڵێك تر سەیر بکە لە ناو راپۆرتەکانی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە هاوپیشەکانم دەکەم کە زۆر بە پیشەییانە و دڵسۆزانە کارەکانی خۆیانکردووە و ئەم راپۆرتەیان ئامادەکردووە، بەڵام ئەوەی کە من تێبینیم هەبوو لەسەری و لەسەر راپۆرتەکەش واژووم نەکرد و تێبینیەکانم نووسی، کیشەی ئێمە لە لیژنەی دارایی نیە، یەعنی کێشەکان ئەوەی کە بۆ خۆم لەسەر راپۆرتەکە هەمبوو ئەوەیە کە ئەو داتایانەی کە دراوە بە لیژنەی دارایی و ئەو داتایانەی کە باسکراوە بە دۆکیۆمێنت نەدراوە بە لیژنەی دارایی، لە چاودێری داراییشەوە موسەدەق نەکراوە، ئەوە یەکێکە لە خاڵەکان، دووەم: ئەگەر ئەم پەرلەمانە دەیانەوێت یەعنی لیژنەی دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕاستی دەیەوێت ئەم کێشەی نا شەفافی و کێشەی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا چارەسەر بکەن بە بڕوای من ئەم شەش خاڵەی کە لیژنەی دارایی دیاریکردووە لەم راپۆرتەدا کۆتایی بە (٨٠%)ی کێشەی دارایی و نا شەفافی دەهێنێت، بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە بودجە و پەیوەستە بەوەی کە هێنانی بوودجە پار ساڵ رۆژمێری بوودجە دیاریکرا، قەرار وابوو لە مانگی دوو و سێ ئەنجوومەنی وەزیران بینێرێتە پەرلەمان و لە مانگی چواردا پەرلەمانی کوردستان بیکات بە یاسا، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە ئەمە بە هەمان شێوە، ئەوە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانیش کە ئەو حەوت سەد و بیست و حەوت کۆمپانیا نەوتیە کە باجەکانی لێ بسەندرێت و روونیش بکرێتەوە داهاتیان چەندێك بووە، وە باجەکانیان چەندێکە، ئەمە بۆ هاووڵاتیان و بۆ لیژنەی سامانە سرووشتییەکان و لیژنەی داراییش روون بکرێتەوە، یەکێکی دیکە لە خاڵە گرنگەکان ئێمە ئەم ئەنجوومەنی وەزیران و ئەم کابینەیە کاری لەسەر ئەوەکردووە و پێکهێنەرانی ئەم حکومەتە باسیان لەوەکردووە کە چاکسازی یەکێکە لە ئەساسیاتی ئەم کابینەیە، بەڵام ئەساسیاتی داهاتی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نەوتەدایە، ئێمە جەخت بکەینەوە لە جێ بەجێکردنی چاکسازی لە بواری نەوتدا و ئەو راسپاردانەی لێرەکراوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ازاد فەرمووو.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێت لێرە بڵێم پێشنیاری هاووڵاتییەکە بۆ لیژنەی دارایی، هاوڵواتییەك گوتی من ملیۆن دینار وەردەگرم ئێستا حکومەت بزانم بە پێنج سەد هەزار تەقاعودم دەکات، یەعنی ئەوانەی دەیانەوێت لە جیاتی من یەکێك تەعین بکەن بە پێنج سەد مەعنای ملیۆنەکە بووە دوو بەش، هەر ملیۆنەکەیە من تەقاعودبم ئەویش تەعین بوو، ئەو پێشنیارە حەز دەکەم مالیە دیراسەتی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیمان بۆ لیژنەی دارایی کە ڕاپۆرتێکی وردیان ئامادەکردووە و دڵنیام پێوە هیلاك و ماندووبوون، ئەوەی کە من تێبینیم لەسەری هەیە گرێبەستی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە کە وێڕای ئەوەی لە دەروازە سنوورییەکان تەواوی خزمەتگوزارییەکان دراوە بە کەرتی تایبەت کە پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە حکومەت خۆی دەتوانێت بیکات و ئێمەش لە یاسای چاکسازی جەختمان لەسەر ئەوەکردەوە کە پێویستە پێداچوونەوەی جدی بکرێت بە گرێبەستی خزمەتگوزارییەکان، کەچی لەم ڕاپۆرتە دیسان تەئکیدکراوەتەوە کە حکومەت دەبێت هەنگاو بهاوێت، حکومەت ئەوەی ئێمە بزانین لیژنەیەکی پێداچوونەوەیکردووە ئایا دەستکەوتی حکومەت لە پێداچوونەوەی گرێبەستی خزمەتگوزاری سنوورەکان چبووە، وێڕای ئەوە حکومەت لە ماوەی ڕابردوودا هەر بەوە نەوەستا خزمەتگوزارییەکانی تریشی داوەتە کەرتی تایبەت، وەزارەتمان هەیە چل هەزار فەرمانبەری هەیە کەچی تەواوی خزمەتگوزارییەکانی دراوەتە کەرتی تایبەت، وە ئەمە بۆتە بارگرانییەکی گەورە، لەحاڵەتێکدا وەزارەتەکە خۆی دەتوانێت بە فەرمانبەرەکانی خۆی بەشێك لەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش بکات، بۆیە ئەم هەنگاوانە وێڕای ئەوەی کە نرخی نەوت بەرزبۆتەوە و پێدانی خزمەتگوزاری بە کەرتی تایبەت نەبۆتە مایەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی باش بە هاووڵاتییان و نەشبۆتە مایەی ئەوەی کەوا داهاتی زیاتر بگەڕێتەوە بەر دەستی حکومەت، بەڵگەشمان بۆ ئەوەیە کە ئێمە ئێستا لە کۆتایی مانگی دوانزەداین کەچی تازە مووچەی مانگی یانزە دەدرێتە هاووڵاتیان، بۆیە جەخت لەوە دەکەینەوە کە بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییەکان حکومەت دەتوانێت خۆی بیکات، ئەمانە بۆ خۆی جێ بەجێ ناکات بە فەرمانبەرەکانی خۆیدا لە حاڵەتێکدا مانگانە دەبێت لە سەرووی نۆ سەد ملیار دینار داهات تەرخان بکات بۆ فەرمانبەران، ئەی کار و ئەرکی ئەو فەرمانبەرانە ئەو چل هەزار فەرمانبەرەی یەکێك لە وەزارەتە هەرە خزمەگوزارییەکان ئەرك و کاری ئەمانە چییە، بۆیە ئەمە پرسیارێکی جدیە لای ئێمە و لای

هاووڵاتییان کە پێدانی ئەو خزمەتگوزارییە گشتییانە بە کەرتی تایبەت گومانێـك لای ئـێمە و لای تەواوی هاووڵاتییـانی دروسـتکردووە کە هەم بـۆتە بـارگرانی بەسـەر هاووڵاتییـان هەم نەشـبۆتە مایەی دەستکەوتێکی داهاتی زیاتر بۆ حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ دەستخۆشیێ ل لیژنەیا دارایی دکەم بۆ ئامادەکاریا وان بۆ ڤێ راپۆرتێ، بەڵـێ ل گەل هەندێ ژی مخابن ئەڤێ راپۆرتێ دڵی مە گەلەك خۆش نەکر، چونکی هەندەك پرسیار هەر هـێلانە ل دەڤ مە، مەفروز بوو ل راپۆرتا واندا پرسیار ل سەرێ مە دا هینابانە دەرێ بەرسڤ هەبان، ئەم دزانـین ئێکـیش ئەسـبابێ سـەرەکی بـۆ راسـپاردەکرنا ڤـێ لێژنـێ ڤـێ راپـۆرتی ئامـادەکەن ئەو جیـاوازی و جوداهیـا نـاڤبەرا داهـاتێ هەردوو دەڤەرا دا هەی، کـو چەنـد جـارە دڤێـت پەرلەمـانی داهـاتە ئیسـارەکرن هەلـێ خسـتن کـو دوو دەڤەرێ ل یەك جـودانە و ئەڤ دبێژیـت ئەڤە داهـاتە هەنـدەی کەمە و ئەوی دی دبێژیـت ئەوەنـدەی کەمە، ژبەر هەنـدێ هـاتە راسـپاردەکرن کـو دیـڤ چونەکی بکەتن دا بۆ مە ئاشکرابیتن کی کەمتر کەمتـرەخەمە، کـی موقەسـرە، ئەڤ لایە یـان ژی لایێ دی، ئەڤە مە ژی راپۆرتا وانە نە وەرگرت، دوو: ئەز پرسیارێ ل لیژنەیا تایبەتمەند و پسپۆری دکەم بە ئیعتیبار لەمە ل هەمیا نزیکی حکومەتێ کاروبـاری دارایـیە، یاسـایا چاکسـازیێ چەنـد ل سەدێ دەڤ وێ لیژنەیا بەڕێز هاتییە ب جێهینان، ئەڤە ئەمە دچیـنە سـاڵا سـێیدا هەنـدێ عەمـرێ ڤی پەرلەمانی تەمام بوو، پرسیارا دی ئەز لە جەماعەتێ دکەم ل برایێت بەڕێز دکەم ئەڤێ لیژنـێ پشتی ڤێ راپۆرتێ وان راپۆرتەکا درێژهینایە خارێ ئەو دبینن حکومەت موقەسـەرە ل گیروکرنـا مووچە و راتبێ خەڵکـی یـان نە موقەسرە، موقەسـەری هەیە یـان نە، یـا کۆتـایی مـن داخازیەکـا هەی ئەز حەز دکەم ئەڤ حەفـت تەوسـیەیێت هـاتیە پێشکەشـکرن هەر حەفـت تەوسـیە نەبـنە تەوسیە و راسپاردە، ان ما ئەم دانگدانێ ل سـەر بـدەین ببـنە بڕیارێـت پەرلەمـانی، وە حکومەت ڤێ تەنفیز بکەت، ببیتە بڕیار نە تەوسیە، دڤێت تەنفیـز بکەتـن ئەڤ هەر حەفـت تەوسـیە هـاتینە خارێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانە خۆیان قانون، یەعنی ئێستا هەن وجودیان هەیە، واجبە لەسـەر حکـومەت، بڕیـاردراوە بە قانوون، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشـی لەو لیـژنەیە دەکەم، خۆشـحاڵم دوای سـێ سـاڵان زانـیم حکـومەتی هەرێمـی کوردستان شەش سەد و هەشتا و هەشت ملیۆن دۆلاری مانگانە کۆ دەکاتەوە، یەعنـی بە جـدی نازانین بە چ سـەرف دەکرێـت، هەر ئێسـتا یەك خەبەری زۆر خۆشـت بـدەمێ لە نـاو شـاری رانیە پـۆلیس دەگەڕێـت دوکـان بە دوکـان پـانزە هەزار دینـار لە خەڵکـی وەردەگـرن کـامیرای لە بـازاڕی

دادەنێن، لە کاتێکیشدا شەش سەد و هەشتا و هەشت ملیۆن دۆلاری داهاتە، یەعنی ئێمە نازانین ئەم پارەیە چۆن سەرف دەکرێت، دەرمان، نەوتی سپی، پارەی گەنمی جوتیاران، پارەی بەنداوەکان، پارەی هەموو شوێنانەی کە سەر بە حکومەتی عێراقین، باشە لە بەغداوە دێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەش لەسەر خۆی حسێب دەکات، تاوەکو ئێستا یەك دەرمانی نەکڕیووە بۆ نەخۆشخانە، تاوەکو ئێستا هیچ نەکراوە بۆ نەخۆشخانەکان، لە کاتێکدا حکومەتی عێراق دەرمانمان بۆ دەنێرێت لە نەخۆشخانەکان فیلمان لێدەکەن دەرمانی نادەنە هاووڵاتیان، باشە، دەچن هەمووی ئێکس پایەر بوون، بە بەڵگەش پێتان دەڵێم، یەعنی بە جدی حەق وایە ئەو لیژنەیە بزانێت ئەو پارەیە چی لێدێت، چاوی کامیرەکان چۆتە سەر مووچە، کاکە ئێمە خزمەگوزاری دیکەمان پێویستە، پشتگیری کاك لقمان و هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم، یەعنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمووی داواتە کەرتی تایبەت، لە کاتێکدا دەتوانێت بە یەك بیری ئیرتیوازی دوو درزە وەسەتیان ئاودا، بەڵام تانکیان گرتووە بای دوو ملیار و نیو دینار ئەو ساڵ لە هەولێر ئاو کراوە بۆ ئەو درزە وەسەتیە، بۆ بیرێکی بۆخۆیان لێ نادەن، من وەختی خۆی لە یاسای چاکسازی گوتم عیبرەت لە جێ بەجێکردندایە، ئەم وڵاتە بە یاسایە، وەرن ئێمە بە هەموومان با یاسای دادەوری بە قوەت بکەین، با دادگاکان سەربەخۆبن، با کەس لەسەرووی یاساوە نەبێت، ناکرێت گەنجێکی تەمەن پەنجا ساڵ ئەمڕۆکە پەنجا ملیۆن دۆلاری هەبێت لەو وڵاتەیدا، ئەی پەنجا ملیاردێر لەو شارە و لەم وڵاتەی چ دەکات، ئەگەر دزی لەو حکومەتی نەبێت، یەعنی بە چ پەیداکراوە، دەبێت ئەو بەرپرسانە موحاسەبە بکرێن کە پارەی ئەم میللەتەیان دزیووە، یەعنی ناکرێت منداڵی فەقیر و هەژار لە ناو ئیجە بخنکێن و بەرپرسەکانیش خانووی دانێن بە پارەی ئەو وڵاتەیدا، فەرموو ئەوە پارە بڵێن چی لێهاتووە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سەرۆکایەتی لیژنە دارایی فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر دەستخۆشی لە یەکە بە یەکەی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، بەڕاستی ئەوەی کە جەنابتان باستانکرد بۆ پەرۆشیە و بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکەیە، ئێمە بە دڵنیاییەوە هەموو سەرەنج و تێبینیەکانتانمان نووسیووە، ئێمە بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی ڕاسپاردەکان هەوڵدەدین سوود لە ڕاو بۆچوونەکانتان وەربگرین، وێڕای ئەوەی کە کۆمەڵێك پرسیار ڕووبەڕوومان کراوەتەوە، ئێستا دەمەوێت بە کورتی وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە، سەرەتا لە دوو بابەتی گرنگ، یەکەم: بەڕێزان ئێمە بە نووسراوی ڕەسمی لە ڕێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە و داوای دانیشتنمان کردووە، واتە ئەو دانیشتنە دانیشتنێکی ڕەسمی بووە، دانیشتنێکی فەرمی بووە، هەر وشەیەك و هەر جوملەیەك و هەر داتا و زانیاریەك لەو کۆبوونەوە دراوەتە ئێمە ئەوە ئیعتیبارێکی ڕەسمی بۆ دەکرێت، خۆتان لە لیژنە تایبەتمەندەکانن لە هیچ کاتێك لەگەڵ ئێوە لەگەل وەزیرێکدا دانەنیشتووین ئەوەی کە دەتاندانێ بۆتان مۆر و ئیمزا بکات، ئەو زانیاریەکە لە دانیشتنەکاندا

دەزانرێت، بە رەسمی چووین نەچووین بۆ چا خواردنەوە بۆ لای وەزیرێك یان بۆ بەڕێزێك لەو بەڕێزانە معلوماتێکمان بداتێ بە عیلاقات و ئەمانە بمانداتێ، بە رەسمی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی دارایی راسپاردووە، ئێمە لەسەر راسپاردەی سەرۆکایەتی پەرلەمان رۆیشتووین، راسپاردەی شەخصی هیچ بەڕێزێك نییە، راسپاردەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە بەپێی پەیڕەو ئێمە راسپێردراوین بەوەی کە بچین راپۆرتێك ئامادە بکەین و بەدواداچوون بکەین بۆ ئامادەکردن، لەبەر ئەوە هەموو ئەو دۆکیۆمێنتانە کە هەموو رەقەمێك و هەموو قسەیەکی ئەوان لای ئێمە رەسمیە و بە رەسمی وەرمانگرتووە و بە رەسمیش بە ئامانەتەوە لێرە ئەوەمان پێشکەشکردووە، ئەوەی کە کێ لەگەڵمان دادەنیشێت ئێمە داوامانکردووە، ئێمە بە نووسراو داوامانکردووە، ئەو لیژنەی داراییە بە دەیان جار بە وەزیری ناوخۆ رەنگە بڵێم لە هەموو لیژنەکانی دیکە زیاتر بە وەزیری ناوخۆ و بە وەزیری دارایی و بە وەزیری پێشمەرگە و بە وەزیری شەهیدان و هەموو ئەو وەزیرانە بانگکراون هاتووە بۆ لیژنەی دارایی بە رێزەوە هاتوونەتە لیژنەکەمان، لەوێ قسەی خۆشمانکردووە و کۆبوونەوەی خۆشمان ئەنجامداوە، بەڵام بە نووسراو ئێمە خۆمان داوامانکردووە کە حاڵەتێکی تەبیعیە بەپێی پەیڕەو ئێمە بچینە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەمە تەعن نییە بۆ لیژنەی دارایی، ئێمە بۆ بەدواداچوون بۆ هەر شتێك ئامادەین ئەم لیژنەیە بۆ هەر شوێنێك پێویست بکات دەچین بەدواداچوون دەکەین، ئێمە چوینەتە دەروازەکان عینوانی بەڕێوەبەرێك لە دەروازەکان چووینەتە ئەوێ و دانیشتووین و کۆبوونەمان لەگەڵ ئەنجامداوە، کاك باپیر باسی ئەوەیکرد باسی ژمارەی کۆتاییکرد بەپێی ئەوەی ئێمە پێمان گوت گوتیان بەم نزیکانە ژمێرەی کۆتایی دەنێرینە پەرلەمانی کوردستان، مامۆستا عبدالستار ئەوەی ئەو باسیکرد جێگای دەستخۆشییە مەسەلەی پرۆژەی بوودجە، ئێمە هەم لە پێشەکیەکەی باسمانکردووە، هەم لە راسپاردەکانیشدا باسمانکردووە، کەواتە بە لای لیژنەی داراییەوە مەسەلەی پرۆژەی بوودجە بابەتێکی زۆر گرنگ و حیەوییە و بەردەوامیش بەدوایدا دەچین تاوەکو بگاتە شوێنی خۆی، بۆ زانیاری بەڕێزیشتان ئێستا وەزارەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە وەزارەت بە وەزارەت خەریکی کۆکردنەوەی پرۆژەکانیانە، وە بۆ کۆکردنەوەی دیارە وەزارەتی دارایی دەینێرێتە ئەنجوومەنی وەزیران ئومێد دەکەین بە زووترین کات ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەکە بنێرێت بۆ ئەوەی ساڵی (٢٠٢١)یش ئەم عەملیانە کرا، بەڵام بە داخەوە نەگەیشت، هەنگاوەکانی حکومەت جدین بۆ پرۆژەی بودجە سلمە خان ئەو پرسیارەیکرد، ئەوە وەکو وەڵامم داوەتەوە خەریکی ئەوەین، بەڵام تەمەنا دەکەین وەکو ئەوەی ساڵی (٢٠٢١)ی لێ نەیەت، چونکە ئەوەی ساڵی (٢٠٢١) ئامادەشیانکرد و نەشیان نارد، باس لە کۆمپانیا نەوتیەکان کرا، بەڕێزان، ئێمە سەرەنج و تێبینیمان هەبووە، ئەو حەوت راسپاردەی کە نووسیوومانە بۆیان نووسین دەڵێن ئەوە دیارە سەرەنج و تێبینیمان هەبووە، بۆیە دەیکەینە راسپاردە و لە رێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە چاوەڕێین کە جەنابتان دەوڵەمەندتری بکەن ئەوانە رووبەڕووی حکومەت بکەینەوە بۆ ئەوەی حکومەت کاری لەسەر بکات، پێشتریش ئێمە دوو راپۆرتی لەسەر بارودۆخی دارایی لیژنەی دارایی لەم پەرلەمانە بەڕێزە پێشکەش بە جەنابتانکراوە، راسپاردەکانمان ناردۆتە حکومەت، هەمان شت ویستمان راسپاردەکان، دیارە

ئیمە تێبینیمان هەبووە، درکمان بە کەموکوڕی کردووە، بۆیە ئەوانەمانکردۆتە ڕاسپاردە، بۆیە وا دەکەین لە داهاتوودا بنێرێت بۆ حکومەت، ئایا چاکسازی چەند کاریگەری هەبووە چەند بەڕێزێك ئەو پرسیارەیان کردووە، هەڵبەت چاکسازی کاریگەری هەبووە، بەڵام پێشتریش ئەوە خۆتان هەموو دەزانن ئەو یاسایەی کە جەنابتان لەم پەرلەمانە دەرمانکردووە بە یەکەوە دەنگمان پێداوە بۆتە یاسا، ئیمە هەموومان دەزانین ئەمە پڕۆسەیەکە بەردەوامە، ئەوە نییە والله لە فلان شوێندا ڕێنماییەك و تەعلیماتێکی ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێت کە ئێستا ئێمە بۆخۆمان لە لیژنەی دارایی ئەو تێبینیەمان هەیە کە دەبوایە سێ مانگی جارێك ڕاپۆرتیان بناردایە، ئێستا سێیەم ڕاپۆرت نەگەیشتۆتە پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لە لیژنەی دارایی داوامانکردووە کە ڕاپۆرتەکە بێت، پێشتریش حکومەت لەگەڵ لیژنەی داراییدا ئەو تەنسیقەیکردووە سێ مانگ جارێك ڕاپۆرت بنێرێت، شیرین خان باسی ئەوەیکرد کە لە (%٨٥)ی داهات بە نەقدینەیە، ئەم قسەیان پەیوەندی بەوە هەیە ئەوەی داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانە، لە (%٨٥)ی ئەو بڕەی کە داهاتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەو بە (%٨٥)ە بە نەقدینە وەردەگرێت، لە (%١٥)ەی کە دەکاتە چل و حەوت ملیار ئەوە کە کاك کاروان و کاك علی قسەیان لەسەرکرد گوتیان پارەی کارەبایە، پارەی کارەبا گوتمان چەکەکان چەکی حکومەت خۆی دەکات، ئەوە خۆمان ئەو ڕەخنەیەمان لێگرتن کە گووتمان ئەی بۆ لە هاووڵاتی چەك وەرناگرن، بۆ لە حکومەت چەکەکانی خۆتانە هی دامودەزگاکانی حکومەتن پارەی کارەبا مەسەلە فلانە وەزارەت دوو ملیار دیناری پارەی کارەبای لایە بە چەك داویەتی، ئەوە کە بە چەك هاتووە ئەو چەکانەیە و بەشێکیش ئەوەی کە دەڵێت لە داهاتەکان جیاوازی هەیە مەوزوعەکە چەکەکانە، لەبەر ئەوەی ئەمانە گوتمان لە (%٤٠)ە عیجزەکەش بەشێك لەمە پڕ دەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەوەی کە باستانکرد کە چەند بەڕێزێك ئەو پرسیارەیکرد داهات دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت یان ناگەڕێتەوە بۆ حکومەت، دەمەوێت بە ڕوون و سەراحەت ئەم قسەیە بکەم، ئێمە وەکو لیژنەی پەرلەمانی کوردستان چووین، وەکو لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان چووین، وەکو ئەوە نەچووین کە قسە لەسەر دوو ئیدارەیی بکەین، بە قانوون دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان نیە، یەك ئیدارەیە و یەك حکومەت هەیە ئەویش حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بە ڕەسمی ئەم پرسیارەمان لێکردن و بە ڕەسمی وەڵامیان داینەوە، ئایا لە هیچ شوێنێکی هەرێمی کوردستان لە هیچ پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان هەیە بە گوێنی پارەی داهاتی هەرێمی کوردستان ببرێتە دەرەوەی حکومەت و لە ژێر تەسەروفی حکومەت نییە، بە سەراحەت و بە موتلەقی پێیان گووتین بە هیچ شێوەیەك هیچ شتێکی وا نیە، کەمکردنەوە ئەوە هەموو لیژنەکە لێرە دانیشتوون زۆر بە وردی قسە لەسەر ئەم بابەتەکرا، بەڵام پرسیاری ئەوەمانکرد کەمکردنەوەی داهاتەکان، بۆ نموونە کاتیك باسی داهات دەکەین بۆ لە پەرویزخان داهات کەمیکردووە، ئەوان پیناسەکەیان وا بۆ کردین کە مونزریە پانزە کیلۆمەتر لە خوار پەرویزخانەوەیە داهاتی پەرویزخان ئێستا بەهۆی ئەوەوە هەم لە ڕووی سیاسیەکەوە لە عێراق وایە و هەم لە ڕووی ئەو فەسادیەشی کە لە دەروازەی سنوورەکانی خوارووی عێراق هەیە کە کار بەو پێناسە گومرگیە ناکرێت کە هەموو کاری لەسەر بکات، وایکردووە کە ئەو دەروازانە داهات کەم ببێت، ئێمە ئەم

پرسیارەمانکردووە، بەڵام ئەم پرسیارە بەوە نا کە کەسێك نوێنەرایەتی ئێمە بکات، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان چووین، باسی جیاوازیکرا لە داهاتەکان، جیاوازی نییە لە داهاتەکان رەنگە لەسەر کۆمەڵێك ئەرقام یەکێك لەوانەی کە دوێنی کە تاوەکو درەنگانێك خەریك بووین ئەوەی کە برێك پارە بۆ ئەم دامودەزگایانە یان فەرمانگانەی کە سەر بە وەزارەتی داراییین برێك پارە داهاتی ئەمانە هەیە، ئێمە ئەمانەمان نەخستبووە سەر حیساباتەکە شەو تاوەکو کاتژمێر دوو لەگەڵ ئەم بەڕێزانە خەریکی ئەوەبووین تا ئەوەمان دۆزیوەتەوە کە بڕێکە بڕێکە زۆریشە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی سەر بە وەزارەتی داراییین مانگانە نۆ ملیار دینار داهاتیانە، بۆچی مووچە بووە بە نۆ سەد و دوو ملیار دینار، من لە سەرەتا ئیشارەتم بە شتێکدا کە ئەوەی کە وەزارەتی دارایی رایگەیاندبوو ئەوە حەقدە ملیۆن دۆلار دەکات، بیست و شەش پۆینت شەش ملیار دینار دینارەکەی وەزارەتی دارایی کە وەزارەتی پێشمەرگە کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە دێت ئەوان نەخستبوویانە سەری نە لە داهاتیش دایانابوو نە لە خەرجی، بەڵام ئێمە ئەوەمان بە پێویست زانی کە ئەوەی تێدایە، بەڵام ئەوەی کە ئایا نۆ سەد و دوو ملیار و جاران دەیانگوت هەشت سەد ونۆەت پێنج، ئەم پرسیارەمان رووبەڕووی بەڕێزان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە، ئەوان ئەوەیان بۆ شەرح کردین کە خەڵکانێکی زۆر بە تایبەتی ئەو شەریحانەی ئەوەی کە یەکەمەکان و ئەوانە دامەزراندن بووە، وە لەم مانگەوە ئەم بڕە پارەیە زیادیکردووە و خەڵکی دیکە لە راوێژکار و لەوانە مووچەکان زیادیکردووە، دامەزراندن هەبووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بیست و دوو هەزار بەرمیل نەوت دەدرێت بۆ ناوخۆ ئەمەیان بە ئێمە گووت، بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر قاچاخچیەتی نەکردووە، ئەوانەی کە بە تەنکەر دەڕوات قاچاخچیەتی پێناوە دەکرێت یان ناکرێت، ئەوە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان شتی رەسمیش نییە ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئێوە پێشتر بە دەیان جار قسە لەسەر قاچاخچیەتی لێرە و لەوێکراوە ئێمە قسەمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە لەسەر شتی رەسمی، کەمبوونەوەی داهاتەکان، بەڵێ، کەمبوونەوەی بەرز و نزمی تێدایە، ئەگەر دیقەتی رەقەمەکان بدەیت سەیری باج بکە، لە مانگی پێنج و شەش و حەوت دا کە سەردەمی مانگی دانی باجی خەڵکە داهات زیادیکردووە، وە لە داهاتی ناوخۆش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر حاڵەتێکی تەبیعیە کە پێیان راگەیاندین کە ئەمە بەرز و نزمی بکات، ئەوە دووبارە دەکەمەوە لە (١٥%)ی ئەو پارەیە بە چەك دراوە، زیاتر لەوە کە چل و حەوت ملیار دینارە کە زۆربەشی پارەی کارەبایە ئەوە روونکردنەوەی وردیان پێماندا لەسەر ئەوە، ئێمە داوامانکردووە ئەوەی لە (٥٨%)ی خەرجیەکانە لە راپۆرتەکە داوامانکردووە کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز لیژنەی سامانە سرووشتییەکان رابسپێرێت بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ ئەو خەرجیانە بکات، چونکە بەڕاستی ئەوەیان ئیش و کاری وەبەرهێنان لە نەوت، لە هەناردەکردن، رەنگە کاری لیژنەی دارایی نیە، کاك علی حەمە صالح باسی ئەوەیکرد ئەوەی کە رایسپاردووە، ئێمە لەسەر راسپاردەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان راپۆرتمان ئامادەکردووە، ئەوەی کە لەسەر تەمویلی مووچە، بۆ تەمویلی مووچە دابەزیووە، تەبعەن تەمویلی مووچە دادەبەزێت، تەمویلی مووچە لە مانگی یەکدا دیقەت بدەن لە پارەی نەوت چ بڕە پارەیەك خراوەتە سەر

حیساباتی وەزارەتی دارایی مەجبوربوون لە داهاتی ناوخۆ، ئینجا بۆ ئەوەی بۆتان مەعلوم بێت ئەو داهاتەی نەوت دەچێتە وەزارەتی دارایی زائیدەن ئەوەی لە هاوپەیمانانەوە دێت و ئەو دوو سەد ملیارەی لە بەغداوە دێت لە (١٠٠%)ی بۆ مووچە بەکار دەهێندرێت، بەڵام داهاتی ناوخۆ لە (١٠٠%)ی بۆ مووچە بەکار ناهێندرێت، دوای ئەوەی ئەمانە چەند نوقسانی هەبێت بۆ مووچەکە داوا لە بانکی ئاشتی و بانکی منارە دەکەن تەواوە کە تەمویلی ئەو مووچەیە بکەن، دوێنێ هەردوو بەڕێوەبەری بانکەکان لە کۆبوونەوەکە لەگەڵمانبوون، بەڵێ، ئەوە تەمویلی مووچە، کاتێك لە مانگی یەك داوای سەد و شەست ملیار کراوە ئێستا داوای حەفتا ملیار دەکات، لەبەر ئەوەی پارەی نەوت ئێستا پێنج سەد و دوانزە ملیار لەم مانگە دراوە بە وەزارەتی دارایی، بەڵام پێشتر دوو سەد و شەست ملیار دراوە مەجبور دەبێت لەوەی هینی کات، ناکاتە ئەوەی داهاتی ناوخۆ کەمی کردبێت، بەڵکو داهاتی ناوخۆ بۆ شتی تر سەرف دەکرێت روونمان کردۆتەوە، نۆەت هەشت ملیاری بۆ پرۆژە تەشغیلیەکانە، وە برێکی بۆ ئەوە پرۆژانەی کە کەوتۆتەوە بواری جێ بەجێکردن ئەوەیە لەو پارەیەی داهاتی ناوخۆ کە دەبێت لەوە سەرفی دەکەنەوە، ئایا خۆمان بەراوردی ئەو رەقەمانمانکردووە، ئایا راستە یان راست نیە، وەکو گووتم ئێمە بە رەسمی دانیشتووین لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای راپۆرتەکەشدا ئیشارەتم بەوەدا خۆزگە راپۆرتی چاودێری دارایی لەبەر دەستی ئێمە بووایە بۆ ئەوەی ئێمە بەوە پشت راستمان بکردایەتەوە، وە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاگادارە کە ئێمە لە لیژنەی دارایی بە رەسمی نووسراومان کردووە بۆ چاودێری دارایی کە راپۆرتی تایبەتمان لەو بارەوە بداتێ بۆ ئەوەی پشت راستی ئەو ژمارانە بکرێتەوە، کاك دکتۆر محی الدین باسی ئەو بەراوردکاری دەیکرد، وە چاوەڕێ نەبووم راپۆرتی چاودێری داراییمان پێ بگات، مامۆستا ابوبکر دەستی خۆش بێت روونکردنەوەیەکی باش بۆ ئێمە، کاك مەم روونم کردەوە دەبووایە لەگەڵ کام باڵ و کاك باڵ دابنیشتاینە، ئێمە بەڕاستی بە رەسمی لەگەڵ حکومەت دانیشتووین و بە نووسراو دانیشتووین، کێ لەگەڵمان دادەنیشێت ئەوە نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران بووە، نوێنەری سەرۆکی حکومەت بووە و نوێنەری جێگری سەرۆکی حکومەت بووە، ئێمە لەگەڵ ئەوان دانیشتووین، بۆ لە (٥٨%)ەکە کەم نەکراوەتەوە، داواکارین لیژنەی سامانە سرووشتیەکان بەدواداچوون بکەن بۆ هەموو ئەو عەقدانەی کە کراوە، کاك سەرکۆ دەستت خۆش بێت سەرەنج و روونکردنەوەکان باش بوون، کاك ئازاد پێشنیارەکە بەجێیە، بەڵام ئەوە بۆ ئەم راپۆرتەی رەنگە پەیوەندی نەبێت، رەنگە لە داهاتوودا کاری لەسەر بکەین، کاك لقمان باسی گرێبەستە خزمەتگوزاریەکانی کرد، ئێمە بە وردی قسەمان لەسەر ئەم بابەتەکردووە و رەخنەشمان گرتووە، حەتا ئەو پێداچوونەوەی کە لە مانگی شەشدا وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران پێداچوونەوەیان کردووە ئەو پێداچوونەوەی ئێمەی تێر نەکرد، بە دڵی ئێمە نەبوو، چونکە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد کاتێك کۆمپانیایەك لە خاڵە سنوورییەکان کار دەکات لە (٨٠%)ی داهاتەکەی بۆ کۆمپانیاکەیە، لە (٢٠%)ێ بۆ حکومەتە، پێداچوونەوە بکات لایەنی کەم ببێت بە نیوە، بەڵام ئێستا حکومەت وایکردووە بووە بە (٧٠%) شتێکی زۆر کەم، بۆیە جارێکی تر جەخت دەکەینەوە لەوەدا دەبێت پێداچوونەوە جارێکی تر پێدابکرێت، وە

دڵنیابن لە داهاتوودا ئێمە جارێکی دیکە بەدواداچوون بۆ هەموو ئەمانە دەکەینەوە وەکو لە سەرەتا باسمکرد تێبینیمان لەسەر باجی کۆمپانیا نەوتییەکان هەیە بە نەسێکی سەریح و وازح گووتوومانە بەڕێوەبەری گشتی بانگ دەکەین، بەس لەسەر ئەوە بانگی دەکەین، بەڕێوەبەری گشتی گومرگ لەگەل سەرۆکی دەروازەکان بانگ دەکەین لەسەر ئەوە، ئەوە لە لیژنەی دارایی قسەمان لەسەرکردووە، کاك اسماعیل تەبعەن بە دڵی ئێمەش نەبووە، یەعنی ئەوە نییە ئێمەشی تێرکردووە، لیژنەکەشی تێر نەکردووە، بەڵام ئێمە چووین راپۆرتێك ئامادەبکەین ئەوەندەی پێمانکراوە ئامادەمانکردووە، ئیمەش حەزمان دەکرد بەم راپۆرتەی لیژنەی دارایی بمانگووتایە هەموو ئەو شەفافیەت و هەموو ئەوانەی کە باس لە شەفافیەت و نا عەدالەتی دەکرێت هەمووی رەویەتەوە، وامان نەگووتووە، بەڵام هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتووشدا بەردەوام بین، ئەو مەوزوعەی دوو ئیدارەیی و ئەوانە، ئێمە پرسیارمانکرد بە روونی وەڵامەکەشمان داناوە، ئایا چاکسازی داهاتی گەڕاندۆتەوە، هەڵبەت، بەڵام وەکو گووتم ئەوە پرۆسەیەکە و بەردەوامیش دەبێت رەنگە ئەوە نەبووبێت کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد، کاك یاسین دەستت خۆش بێت بۆ موعادەلەی تەمەنت گۆڕی، منت زۆر دڵخۆشکرد ئێستا پەنجا ساڵ گەنجە، ئەوە زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جێگری سەرۆکی لیژنە فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، حەقی هەموو ئەندام پەرلەمانتارانە زانیاری بزانێت لەسەر داهاتی ئەو وڵاتە، داهاتی وڵات داهاتی خەڵکی هەرێمی کوردستانە، هیچ کەس و لایەنێك نییە دەبێت کۆ بکرێتەوە بۆ خەڵکیش دابەش بکرێتەوە، موجمەلی ئەو راپۆرتە حەز دەکەم هەر بە کورتی بۆتان باس بکەم نەوت بەرزبۆتەوە، بەڵام ئەوە خەبەری ناخۆشە بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان کەمبۆتەوە، بۆتە چوار سەد و پێنج هەزار بەرمیل، بیست و نۆ هەزار بەرمیل لە هەموو رێژێکدا نەوتی هەرێمی کوردستان کەمبۆتەوە، ئەوەی دڵخۆشکەرە ئاستی جیاوازی فەرقی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەم راپۆرتەدا کە دەرکەوتووە پێشتر یانزە دۆلار و چل سەنت بووە ئێستا دوو دۆلار حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاندوویەتیەوە، وە لە راپۆرتی داهاتوو ئەوە زیاتر دەبێت، یەك ترلیۆن دینار داهاتی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، (٩٠%)ی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ مووچەیە، ئەگەر داهاتی هەرێمی کوردستان کۆبکەینەوە بکەین چوار بەش سێ بەش و نیو بۆ مووچەیە، نیو بەش بۆ خەرجکردنی بەڕێوەبەردنی ئەم هەرێمەی کوردستانە، ئەم وڵاتەیە، تەفاسیلی ئەم راپۆرتەیە بەڕێز عبدالستار مجید قسەی کرد لەسەر مەلەفی نەوت، بەڕێز کاك عبدالستار ئێمە کە لەو کۆبوونەوەیە بەشداربووین روونکردنەوە لەسەر مەلەفی نەوت لەلایەن سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای نەوتە بەڕێز دکتۆر ئامانج رحیم تەفاسیلی نەوتی بۆ ئێمە روونکرد، نەیگووت نایزانم، پێشتریش نەیگووتووە لێی نازانم، یەعنی بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین تۆ

نازانی ئێمە سیقە بە قسەی جەنابی ناکەین، بۆیە هەموو تەفاسیلەکەی لەلای بەڕێزیان بۆ ئێمە باسکرا، ئەوەی برای بەڕێزم کاك زیاد باسیکرد ئەو ماوەیە زیاتر لە هەشت سەد و نۆەت و چوار ملیار بوو هەشت ملیار دینار مانگانە لەسەر مووچەی خەڵکی هەرێمی کوردستان زیادبووە، هەشت سەد و نۆەت چوار بووە بۆتە نۆ سەد و دوو ملیار، لە بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی بووە، ئەمنی بووە، دامەزراندنی شەش هەزار مامۆستا بووە کە گرێبەست بوونە، ئەوانەی تەندروستی تەعین کراون، یەکەمەکان تەعین کراون، ئەمە بریکار و راوێژکار و ئەوانە زیادبووە لە پیکهێنانی حکومەتی تازەدا، ئەوەبووە کە حکومەت پارەی ئەوەی زیاد بکات، بڕیارە پێش کۆتایی ئەم ساڵ راپۆرتی سێیەمی چاکسازی بگاتە پەرلەمانی کوردستان بۆ لیژنەی دارایی ئەگەر ئاڕاستەکرا ئێمە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین، وە هەموو مانگێك لە مەلەفی کارەبا سەد و بیست ملیۆن دۆلار خەرجی مەلەفی کارەبایە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو مانگێك ئەم سەد و بیست ملیۆن دۆلارە لە خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مەلەفی کارەبایە (٤٠%)ی داهاتی کارەبا دەگەڕێتەوە، وە دیسان بۆ وەگەڕخستنی کارەبا لە هەرێمی کوردستان واتە پارەی کارەبا لێ وەرناگیرێت بدرێتە مووچە، دیسان بۆ ئەوەی کارەبا بدرێتەوە خەڵکی هەرێمی کوردستان، موشکیلەیەکی گەورە هەیە لەبەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو داتایانەی باسکرا عجزە (٤%) عجزە، عجزەکەشی هەر لەسەر حیسابی پرۆژەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕ دەکاتەوە و لە نەسریەی دائیرەکان و ئەوانەی کە تەقریبەن چل ملیار دینارە مانگانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان عجزی هەیە، بەڕیزان ئەگەر حکومەتی عێراق دوو سەد ملیارەکە رابگرێت ئێمە بەس بۆ مووچە هەموو مانگێك حەفتا و یەك ملیۆن دۆلار عجزمان دەبێت بۆ پڕ کردنەوەی مووچەی هەرێمی کوردستان، ئەو روونکردنەوانەم هەبوو هەر ویستم بە موختەسەری بۆ بەڕێزتانی باس بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ هاورێکانم بۆ شەرح و وەڵامی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، دەمەوێت لەم راپۆرتە دوو روونکردنەوەی بدەم و وەکو وەڵامێکیش بۆ پرسیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان چوار سەرچاوەیە، لە راپۆرتەکە ئاماژەی پێدراوە، دووانیان هیچ تێبینی و سەرەنجێکی لەسەر نییە کە بریتیە لە دوو سەد ملیار لە عێراقەوە کە دێت، وە زائیدەن ئەو حەقدە ملیۆن دۆلارە کە دەکاتە بیست و شەش ملیار دینار مانگانە لە هاوپەیمانانەوە دێت، لە دوو سەرچاوەکەی تر سەرچاوەی نەوت کێشەمان لە خەرجی هەیە، (٥٨%)ی داهاتی نەوت بۆ خەرجی دەڕوات یەکێکە لە تێبینیەکان لەسەر ئەو سەرەنجە جدیانەی کە لەسەر داهاتی ئەم وڵاتە هەیە، بۆ؟ ئێمە خەرجیمان ئەوەندە زۆرە، لە یەکێك لە راسپاردەکانی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێداوە، چونکە بەڕێزان ئەنجوومەنی وەزیران ئیشارەتیان بە کۆمیتەیەك کرد لە نێوان کۆمپانیاکان و حکومەت، نوێنەرایەتی کۆمپانیاکان، نوێنەرەکانی ئەمانە بڕیار

لەسەر ئەو بڕە پارەیە دەدەن کە پێی دەوگووترێت (٥٨%)ی داهاتی نەوت، لیژنەی وزە و سامانە سرووشتییەکان جەنابتان رادەسپێرن بەپێی راسپاردەکان ئەم لیژنەیە کە بە وردی یەك ئەو کومیتانە بنووسن و لەگەڵیاندا دابنیشن بۆ ئەو خەرجیانە چۆنە و چۆن دەتوانین کەمی بکەینەوە، خەلەلەکەی تر مەسەلەی داهاتی ناوخۆیە کە ئەوەی کە برای بەڕێزم کاك زیاد باسیکرد، تۆ پارەی نەوتت بۆ دێت ئەوەی لە (٤٢%)ەکە، هاوپەیمانان و عێراق دێتە بەردەستت، ئەوەی تەمویل دەکرێت بۆ مووچە لە ناوخۆیە، ئەو ناوخۆیە لێرە رەقەمێك هاتۆتە پێشەوە ئێمە و مانان باسمانکردووە ئەوە یەکەمجار لە ناو قاعەی پەرلەمان بەڕێز وەزیری دارایی ئیشارەتی پێدا ئەوەی کە پێی دەگووترێت تەمویلکردنی مووچە چل و سێ بە پەنجا و حەوت، یەعنی لەو داهاتانەی ناوخۆ لەو هەشتا و چوار ملیۆن دۆلارەی کە لەبەر دەست حکومەتی هەرێمی کوردستانە چەندی پێویست بێت بۆ مووچە دەیخاتە سەری ئەوەی تری لە خەرجیەکانی تر کە لە راپۆرتەکە ئیشارەتی پێدراوە لە شارەکان سەرف دەکریتەوە، دیارە ئەوەی ئەم رەقەمانە و ئەم زانیاریانەی کە ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانمان وەرگرتووە رەسمیە، بەڵێ رەسمیە، بەس موسەدەقە، نەخێر موسەدەق نیە، من دوێنی لە لیژنەی دەست پاکی بەڕێز سەرۆکی دیوانی چاودێری داراییمان لەلابوو پرسیاری ئەوەمانکرد ئەوە بۆ ئەوەی موسەدەقی ئەم رەقەمانە بکات دەبێت ساڵی (٢٠٢١) تەواو بێت، کە چووینە ساڵی (٢٠٢٢) ئینجا تەسدیقی ئەم رەقەمانە دەکات کە ئێمە ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان خستمانە روو، بەڵام داواکاری پەرلەمان و پەرلەمانتاران ئەوەبوو کە بە زووی ئێمە ئەم رەقەمانە بێنیە بەردەم خەڵکی کوردستان و بۆ پەرلەمانتاران روون بکەینەوە، کۆتا قسەم ئەوەیە هەموو تێبینیەکان وەکو باسمکرد نەوتە و ئەوەی پەیوەندی بە داهاتی ناوخۆ بۆ تەمویلی مووچە هەیە لیژنەی دارایی بڕیاری پێویستی وەرگرتووە کە یەك لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی گومرگ و لەگەڵ بەڕێوەیەری هەموو دەروازە سنووریەکان و لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکی منارە لە هەولێر و بەڕێوەبەری بانکی هەرێم لە سلێمانی کۆبێتەوە بۆ ئەوەی ئەو سەرچاوەی داهاتەی کە دەمێنێتەوە بێجگەلە تەمویلی مووچە و لێرە ئیشارەت دراوە لە چۆنیەتی خەرجکردنی وردتر و روونتر و شەفافتر بیخەنە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەستخۆشی لە هەڤاڵانم دەکەم لە لیژنەی دارایی بە تایبەتی دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەکە کە زۆر ماندووبوون بەم راپۆرتەوە، دەمەوێت لێرەدا وەڵامی کاك کاروان بدەمەوە، کاك کاروان گەزنەیی لەسەر ئەوەی کە باسی لە تێچووی دەرهێنانی نەوت و هەناردەکردنی نەوت کرد، ئێمە لە لەگەڵ دکتۆر ئامانج لە ناو کۆبوونەوەکەدا پرسیارمانکرد کە تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێم و بە تایبەتیش وەزارەتی پەیوەندیدار چییانکردووە لەو بارەوە کاك ئامانج پێی راگەیاندین کە ئێستا دەستیان پێکردووە بە کەمکردنەوەی تێچووی دەرهێنانی

نەوت لە کێڵگەکان، بۆ نموونە لە کێڵگەی تاوکی لە زاخۆ کە ڕۆژانە سەد و یانزە هەزار بەرمیل نەوتی هەیە، لەوێ دەستیان پێکردووە بە پێداچوونەوە بە چاکسازی لەوەی کە چۆن بتوانن لە سەدا سەد داهاتی دەرهێنانی نەوت بۆ حکومەت بێت و لەوەدا سەرکەوتووبوون، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لە کێڵگەکانی دیکەش پێداچوونە بکەن و کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی کە تێچووی دەرهێنانی نەوت کەم بکرێتەوە و ئەو داهاتەش لە سەدا سەدی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەیوەندیدار بگەڕێتەوە، هەروەها لە ڕاسپاردەکانیش ئێمە بە تایبەتی لە خاڵی سێیەم باسمانکرد، ئەگەر کاك کاروان وەڵامی بەڕێزتانی بدەینەوە ئەگەر گوێ بگرن، چونکە ئێوە گوێ ناگرن بۆیەش نازانن داتاکان هەمیشە بە هەڵە دەبەن، بە ئاڕاستەیەکی تردا دەبن، لە ڕسپاردەکانیش لە خاڵی سێیەم لیژنەی ئێوە مانان کە بەڕێزتان ئەندامێکن لە لیژنەی سامانە سرووشتیەکان، ئێوەمان ڕسپاردووە بۆ ئەوەی کە پێداچوونەوەیەکی جدی بە گرێبەستە نەوتیەکان بکەن، پێداچوونەوەیەکی جدی بەهەموو ئەو خەرجیانە بکەن کەلەپرۆسەی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتدا دەکرێت، بۆیە دەکرێت ئێوەش وەکو لیژنەی پەیوەندیدار ئەزیەتێك بکێشن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار کۆببنەوە و بێن لە هۆڵی پەرلەمان بەرچاوڕوونیمان بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان ڕاپۆرتێکیان ئامادەکردووە لە لیژنەی دارایی، ئەوان حکومەتیان بینیووە، بەڕێزتان پرسیاریان ئاڕاستە دەکەن، ئەوان وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەنەوە بەڕێزەوە، واجبیانە وەڵامتان بدەنەوە، تەنها حاڵەت ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە قسە لەسەر ئەندام پەرلەمانێکی تر بکات ئەوەیە کە وەڵامی پرسیارێکی بداتەوە لە کاتێکدا کە ئەمان لیژنەن، لە حاڵەتی ئێستا بۆ نموونە کاك بەختیار بۆی نییە قسە لەسەر قسەی ئەندامێکی تری پەرلەمان بکات ئەگەر ئەندامی لیژنە نەبێت، لەبەر ئەوە بە ئارامتر با ئێمە موناقەشە بکەین، نوقتەی نیزامی نەبێت ناهێڵم قسە بکەن، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیە یان نیزامی نییە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە دەڵێت ئێستا لە زاخۆ و تاوکی لە سەدا سەدی داهات دەگەڕێتەوە، من پێموانییە لە هیچ شوێنێکی دنیا لە سەدا سەد بگەڕێتەوە، با ئەو پرسیارە وەڵام بداتەوە، دواتر سۆمۆ خۆشی دەڵێت ئێمە چوار سەد و سی بەرمیل دەفرۆشین ئەو دەڵێت چوار سەد و پێنجە ئەوە پرسیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمان هیچ مەعلوماتێکیان هی خۆیان نییە، ئەم مەعلوماتانیان بە فەرمی وەرگرتووە لەبەردەمی بەڕێزتاندا عەرزی دەکەین، بەڵێ، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە تەواوە بەڕێزتان حیمایەی پەیڕەوی دەکەن کە بەم شێوەیە قسەیە بکەین، ئێمەش پابەندین پێوەیەوە، ئەم بەڕێزانە لەوێن کە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە نەك بۆ تەشهیرکردن،

کاتێـك کە بـاس لەوە دەگرێـت ئـێمە گـوێ نـاگرن، بەڵـێ، مـن گـوێ دەگـرم، بەڵام مـن حیمـایەی کۆمەڵێك چەواشەکاری حکومەت نیم بەڕاستی، ئەمەی کە دەگوترێت چەواشەکاریە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان، لایەنـی کەم ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان ئەوەتـان پـێ دەڵـێن گوێیـان لێبـووە، یەعنی من دڵنیام ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەکی هەڵە ناڵێن، کاك سروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پرسیارم لە لیژنە هەیە، حەز دەکەم ئێوەش گـوێ لە ئـێمە بگـرن، ژمارەکـان ئێـوە لە زاری وەزارەتـــی داراییتـــان وەرگرتـــووە بریکـــاری وەزارەتـــی دارایـــی یـــان وەزیـــری دارایـــی، نەك بەدواداچـوون کرابێـت بـۆ دەسـتکەوتنی ئەو ژمـارانە، خـۆزگە بەدواداچوونتـان دەکـرد، یەعنـی ژمارەکان و مەبلەغەکـان لە ئێـوەوە ببیسـترابان نەك لە زاری وەزارەتەکە خـۆی ئەوە یەك، دوو: بە نیسـبەت قەرزی سـلفەی زەواج، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، ئەوە شـتێکی زۆر گـرنگە پێویسـتە هەموو ئەندامانی پەرلەمـان بەڕاسـتی گـوێ لەو داواکارییەی مـن بگـرن، هاوکـاریش بـین لەگەڵ یەکتری بـۆ ئەوەی پێشـمەرگە لەو شـتە دەربـاز بکەیـن، ئێسـتا سـلفەی عەقـاری و سـلفەی زەواج، یەعنی لە راپۆرتەکەش هیچ باس نەکـراوە، دراوە بە پێشـمەرگە ئێسـتا وەزارەتـی دارایـی ئەمـری لەسەر پێشمەرگە کردووە کە دەبێت هەمـووی پـێکەوە بـداتەوە، دە باشـە پیشـمەرگە بە چـل رۆژ جارێك پێنج سەد و یەك هەزار وەربگرێـت چـۆن دەتوانێـت سـلفەی عەقـاری و سـلفەی زەواج بە یەك جار بداتەوە، من پرسیار لە خوشکی خۆم دەکەم پێش ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان، هەر وەکـو خوشـك و بـرایەك، تـۆ مـوەزەفی مـن حکـومەت مـن چـل ملیـۆنی تـۆ قەرزارم، سـی ملیـۆنی تـۆ قەرزارم، تۆش دوو ملیۆنی من قەرزاری هەمـوو رۆژ بـێم لە دەرگـات بـدەم بڵـێم دوو ملیـۆنەکەم بدەوە، گونجاوە، رۆژێك دەڵێ کاکە سی ملیۆنەکەم بدەوە بۆ ئەوەی بتـوانم هەر دوو ملیـۆنەکەت بـدەمەوە، کێـی مووچەخـۆر هەیە حکـومەت قەرزاری نەبێـت، قەرزاری هەمـوو مووچەخـۆرانی کوردستانە، بۆ پێشمەرگە نا رەحەت دەکەن، تو و خوا بـا پشـتگیری لە پێشـمەرگە بکەیـن، بـۆ خـۆ دەرخستن نییە بە گۆڕی شەهیدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بابەتی مقاسەکردن لە نێـوان قەرزەکـانی حکـومەت و قەرزەکـانی هاووڵاتییانـدا یەکێـك بـوو لەو بابەتە ئەساسیانەی کە لە کاتی پەسەندکردنی یاسای چاکسـازی قسـەی زۆرمـان لەو بـارەوە کـرد، وە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە بوون، کە باس لە دانانی ژمارەی حیسـابیکرا گووتمان مقاسە بکرێت لە ناو ئەو ژمێرە حیسابیە و ئەوەی دەمێنێتەوە کە دەێتە نـاو حیسـابەکە تەسـجیل بکرێـت، ئەو کـات بەو وازحـیە پێمـان تەسـبیت نەبـوو، داواکەی تـۆ داوایەکـی رەوایە، بزانین چیمان پێدەکرێت بە رێکاری پەرلەمانی، گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمویست روونکردنەوەیەکم بدەنێ لەسەر بڕی ئەو قەرزانەی کە لێرە حکـومەت خـۆی دانـی پێداناوە کە سی و دوو ملیار قەرزارە، ئەم قەرزانە ئایا دراوەتەوە یان چۆن دەیـداتەوە و پلانیـان چییە، بە هیچ جۆرێك ئاماژە بە قەرزەکان نەکراوە لەم راپـۆرتە، دووەمیـان: ئەنجـوومەنی نەوت

غـاز بـۆچی کۆنـابێتەوە، سـێیەمیان: سـەندووقی داهـاتە نەوتییەکـان بـۆ دروسـت ناکرێـت ئیتـر کۆتایی بەم هەموو گومان و شکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕواناکەم لیژنەی دارایی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، کاك زیاد وەڵامتان چییە، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە پێشـەکی ڕاپۆرتەکمـان لەسـەر داهـات و خەرجییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان بـووە، باسـی قەرزمان تێدا نەکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، ئەو ڕاسـپاردانەی کە لیـژنە ئامادەیـان کـردووە، لە ڕسـتیدا ئەو ڕاسپاردانە خۆیـان بە یاسـا هەن، وە ئەوانە واجبـی قـانوونی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان و دامودەزگاکـانییەتی کە جـێ بەجێـی بـکەن، پەرلەمـان جـارێکی تـر ڕایـان دەسـپێرێتەوە بـۆ جـێ بەجێکردنـی ئەرکە یاسـاییەکانی خۆیـان، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەو ڕاسـپاردنەیە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ بەڵـێ، زۆر سـوپاس، پەسـەندکرا، هەر لەم دانیشـتنە لیـژنەی وزە ڕادەسـپێرین بـۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی بەدواداچوونی ژمارەیی بۆ بابەتی ئەو لە (٥٨%)ی خەرجییە، زۆر سـوپاس دەسـتانخۆش بێـت، سـەرۆکایەتی هەردوو لیـژنەی یاسـایی و ڕۆشـنبیری بفەرمـوون بـۆ سـەر سەکۆی لیژنەکان، بەڕێزان، دەست بە جێ بەجێکردنی بڕگەیەکی تـری بەرنـامەی کـار دەکەیـن کە بــریتییە لە خوێنـــدنەوەی دووەم بـــۆ پێشـــنیازە یاســـای پاراســـتنی ئەرشـــیف لە هەرێمـــی کوردستان_عێراق، لە ناو سەندوقەکاندا دوو شت هەیە، یەکێکیان ڕاپـۆرتی ڕاسـتێنراوی لیـژنەی ڕۆشنبیرییە لەلایەن لیژنەی یاسایی، ئەوەی تریشیان پڕۆژە یاسایەکە کە لە وەزارەتی ڕۆشـنبیری تەبەنی کراوە و چووە بۆ ئەنجوومەنی شوورا، بەڵام لەبەر ئەوەی بەپێی پەیـڕەو هەر شـتێك هەر پێشنیازە یاسایەك چووە بۆ بواری ڕاپۆرت نووسین ئەولەویەت بۆ پێشنیازە یاساکەی پەرلەمـانە، وە پــڕۆژە یاســاکەی وەزارەتــی ڕۆشــنبیری ســەرباری ئەوەی کە پڕۆژەیەکــی زۆر باشــە، بەڵام ڕێوشوێنە یاساییەکانی خـۆی نەبڕیـووە لەوەی کە لە ئەنجـوومەنی وەزیـران پەسـەند بکرێـت و ئینجا بۆمان بێت، ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشـەکردنی ڕاپـۆرتی لیژنەکـانی خۆمـان بەر مەبنـای ئەو سـێ پێشـنیازە یاسـایەی کە پێشکەشـکراوە بە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان، دەتـوانن بەڕێزتان سـوودببینن لەو پـڕۆژە یاسـایەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری بە مەبەسـتی دەوڵەمەنـدکردنی پێشنیازە یاساکەی پەرلەمانی کوردسـتان، چەنـد ئەنـدامی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەدایە ڕاپـۆرتەکە بکرێتە بنەما بۆ موناقەشە؟ باشە، ڕاپۆرت دەکرێتە بنەما، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بۆکراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی.

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٦) کاتژمێر (١٢) کۆبوونەوەی خـۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسـایی و دڵنیـابوون لە دژ نەبـوونی دەقەکـانی

لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەی یەکەم و سێیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان، بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پیشنیازە یاساکانی پاراستنی بەڵگەنامە و دەست نووسەکان _ پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیفی نەتەوەیی _ پاراستنی بەڵگەنامەی هەرێمی کوردستان، لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە.

پێشنیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشان کێ قسەی هەیە؟ ئەوانەی لەسەر ناونیشان قسەیان هەیە (ئاشنا خان، د. اسماعیل، حسیبە خان، جوان خان، شایان خان، شیرین امین، شێخ ظاهر، مامۆستا ابوبکر)، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر پێشنیارەکە من پێشنیار دەکەم بکرێت بە پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیف لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی ئاشنا خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی ئاشنا خانم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بکرێت بە پێشنیازە یاسای پارستنی کۆکراوەی دەستنووس و بەڵگەنامەی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم پێشنیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەز تێبینیا خۆ بێژم جەلسەیا چووی جەنابێ تە گوت بوو هەر دێ وەزارەتا مەعنی بانگ بکەین کو بهێت دا پتر وازح بیت بەس ڤێ جارێ نەهاتینە کەس، تێبینیا من ئەز گەل هەندێمە بیتە پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەیان، بەس وەسائیق، چونکە ئەرشیف ئالیەتی حیفزی وەسائیقە، ئەرشیفکردن نە وەسیقەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستی ئەوەی کە بڕیارماندابوو بەس پڕۆژە یاساکان بوو، بۆ پێشنیازەکان لەبەر ئەوەی لیژنەکان بانگیان دەکەن، وە ئەگەر تێبینیەکانیان هەبێت وەردەگیرێت، ئەگەر پێتان باشە بۆ پێشنیازەکانیش بانگیان دەکەین، ئێمە هیچ موشکیلەمان نییە، شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من گەیشت پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز ئاشنا خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری من ئەوەیە کە بکرێتە پێشنیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی گەلی کوردستان لە هەرێمی کوردستاندا، یەك تێبینی تریشم هەیە سەبارەت بە ئەرشیف، من تەسەور دەکەم ئەمە ئەرشیف دەبێت بنووسرێت نەك ئەرشیڤ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی د. اسماعیل دەکەم، بکرێتە پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی یەك بخوێننەوە بەڕێزان، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت.

یەکەم: هەرێم – هەرێمی کوردستان_عێراق.

دووەم: وەزیر – وەزیری رۆشنبیری و لاوانی هەرێم.

سێیەم: ناوەند – ناوەندی ئەرشیفی کوردستان.

چوارەم: ئەرشیف – زانیاری و بەڵگەنامەی تۆمارکراو لە شێوەی دەستنووس، چاپکراو، دەنگی، وێنە، یان هەر شێوازێکی دیکەی گشتی بێت یان تایبەت، دروستکراو بێت یان بە دەستێندراو بێت کە پەیوەندارە بە مێژوو کەلەپووری گەلی کوردستان.

پێنجەم: ئەرشیفی گشتی – ئەو زانیاری و بەڵگەنامەی پەیوەندارە بە چالاکییەکانی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم، یان لایەنی تایبەتی راسپێردراو بە خزمەتی گشتی، یان ئەرشیفی تایبەتن و ناوەندی بەدەستی هێناوە.

شەشەم: ئەرشیفی تایبەتی – ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەن کە خاوەندارییەتی بۆ کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك دەگەڕێتەوە و خەسڵەتەکانی ئەرشیفی هەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یەك کێ قسەی هەیە؟ (لیزا خان، دکتۆرە گەلاوێژ، کاك شێخ ظاهر، حسیبە خان، سوسن خان، خدیجە خان، جوان خان، نجاة خان، کاك نزار، گوڵستان سعید، ئاشنا خان، شیرین امین، دکتۆرە شایان، د. محی الدین، کاك سیپان، کاك د. اسماعیل، کاك ابوبکر، هلز خان، کلارا خان، سەرچنار خان)، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەم بۆ ئامادەکردنی پێشنیازە یاسایەکی هاوشێوە کە گرنگی خۆی هەیە، سەبارەت بە بڕگەی چوارم لە ماددەی یەکەم کاتێك کە پێناسە بۆ ئەرشیف دەکات باسی لە هەموو ئەو دەستنووس و ئەو بابەتانەکردووە کە چاپکراون یان دەنگین یان وێنەن یاخود شێوازێکی دیکە، بەڵام ئێستا سەردەم سەردەمی تەکنەلۆجیایە، زۆرجار هەیە ئەرشیفی وامان هەیە کە لە ئامێرە زیرەکەکان، لە میمۆرییەکان لە هارد دیسکەکان کۆکراوەتەوە بە شێوەیەك کە چاپ نەکراون، پێمباشە لێرەدا بەم شێوەیە وشەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانیش زیاد بکرێت بۆ پارێزگاریکردن لەو ئەرشیفانەی کە لە رێگەی تەکنەلۆجیاوە گرنگیان پێدراوە و ئەرشیفکراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆش بۆ لیـژنەکە بـۆ ئامـادەکردنی ئەم پێشـنیازە، مـاددەی یەکەم بـڕگەی سـێیەم ناوەنـد – ناوەنـدی ئەرشـیف و بەڵگەنامەکـان، یەعنـی نەك بە تەنهـا ئەرشـیف، چـوارەمیش ئەرشـیف کە پیناسە دەکرێـت دەبێـت بنووسـرێت ئەرشـیفکردن، یەعنـی ئەوە کـارەکەیە کە پێناسـە دەکرێـت، ئەرشـیفکردن دەبێـتە زانیـاری و بەڵـگە، مەسـەلەن کـۆکردنەوەی کـارەکەی ئەوە دەبێـت بڵێـین ئەرشیفکردن نەك ئەرشیف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم بڕگەی سێیەم ناوەندی ئەرشـیف و بەڵگەکـانی کوردسـتان ئەوەی بـۆ زیادبکرێــت، لە چوارەمیشــدا ئەرشــیفکردن کــرداری کــۆکردنەوەی زانیــاری و بەڵگەنــامەی تۆمارکراوەیە، یەعنی ئەوە ئاماژە بدرێت بە عەمەلیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن لەسـەر مـاددەی یەك بـڕگەی چـوارەم لەسـەر راسـتکردنەوەی وشـەی ئەرشـیف گوڵسـتان ئاماژەیەکی سەریعی پێدا، بەڵام من تۆزێك دەچمە نـاو ووردەکـاریەوە، ئەرشـیف شـوێنە، مکـانە، جێگـایە بـۆ هەڵگرتنـی بەڵگەنـامە، یەعنـی وەکـو فلاشـێك چـۆن فلاشـەکە مەعلوماتەکـانی تێـدا هەڵدەگیرێت ئەوە پێی دەگوترێت ئەرشیف، ئەرشیفکرد عەمەلیەکەیە، فیعلەکەیە، باشـە، یەعنـی لە رێگای ئەرشـیفکردنەوە ئەرشـیف دەکرێـت، بـۆیە مـن پێشـنیار دەکەم ئەو ئەرشـیفە بکرێـت بە بەڵگەنامە ئەگەر جارێکی تر لە سوشیال میدیا نەبینەوە بە مەوزوع، بگۆڕێت ئەو وشەیە، چـونکە بەڕاستی لەوێدا مەعنای خۆی بە تەواوەتی ناگەیەنێت ئەمە خاڵێکیان، دووەم: لیزا خـان ئەویـش ئاماژەیەکی کورتی پێدا هەر لەسەر بڕگەی چوارەم، ئاماژە نەکراوە بە هەندێك بەڵگەنامەی تـر کە قابیلی ئەوەن ببن بە ئەرشـیف، بـۆ نمـوونە دیجیتـاڵی ئەلیکترۆنـی، بـۆیە مـن ئێسـتا دەقەکە بەو شـێوازەی کە پێمباشـە دەیخـوێنمەوە ئەگەر لیـژنەی تایبەتمەنـد لای خۆیـان تەسـجیلی بـکەن سوپاسـیان دەکەم، زانیـاری تۆمارکراوەکـان لە شـێوەی دەسـتنووس، دیجیتـاڵی، ئەلیکترۆنـی، فۆتۆگرافی، هەر بەڵگەنامەیەکی داهێنراوی لەمەودواشدا یەعنی ئەوەی هەر دروستیش نەبـووە، هەروەها نامە گۆڕکێ و قەواڵە و نەخشە و وێنەی روونکەرەوە و هێڵکاری و هەر شـتێك مـافێکی سەلمێندراوی تێدا جێگیرکرابێت تایبەت بە بڕگەی چـوارەم، وە پێشـنیار دەکەم یەك پێناسـەی تـر زیاد بکرێت بە ریزبەندی بڕگەی حەوتەم: ئەرشـیفی کەرتـی تـایبەت زیـاد بکرێـت، چـونکە لێـرەدا هیچ ئاماژەیەك نەدراوە بە ئەرشیفکردنی کەرتی تایبەت کە بـۆ خۆشـی ئەوەی گرنگییەکـی خـۆی

هەیە، سلمە خان ئەوەیان ئەرشیفی تایبەتیە هی شەخصە، بەڵام ئەرشیفی کەرتی تایبەت جیاوازە لە ئەرشیفی شەخص، بە سەریعی یەك دێرە دەخوێنمەوە و بۆشیان دەنێرم، ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندیدارن بە چالاکییەکانی کەسێکی سرووشتی یان مەعنەوی کەرتی تایبەت لە هەرێم، ئەمە ئەرشیفی کەرتی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی یەك بڕگەی سێیەم پێشنیاری گۆڕینی ئەوەی دەکەم بکرێتە خانەی گشتی پاراستنی بەڵگەنامەکانی یاخود ناوەندی گشتی پاراستنی بەڵگەنامەکان، لە خاڵی شەشەمدا باسی ئەرشیفی تایبەت دەکات ئیزافەیەك بکەم جگەلە کەسەکان و کۆمەڵەکان ناوەندێك یان دامەزراوەیەکی ئەهلی بۆ ئیزافە بکرێت، چونکە ئەوانش هەندێکیان ناوەندن و هەندێکیان دامەزراوەی ئەهلینە وەکو برادەران پێشتر ئاماژەیان پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من تایبەت لە ماددەکانی پاشترە، بەڵام بە پێویستی دەزانم لێرە جێی بکرێتەوە، لە ماددەی سێ بڕگەی دووەم خاڵی چوارەم و لە ماددەی پێنج خاڵی یەکەم باسی ئەنجوومەن کراوە، وە ناوی ئەنجوومەنیش هاتووە بێ ئەوەی ئەنجوومەن پێناسەکرابێت، بۆیە پێشنیار دەکەم لە پێناسەکان پێناسەی ئەنجوومەن بکرێت بۆ ئەوەی ئەنجوومەن بناسێندرێت ئینجا لە پاشتر ماددەکان باس بکرێت، پرسیارێکیشم هەیە بۆ لیژنەی تایبەتمەند ئایا هۆکار چییە پاراستنی ئەرشیف درایتە وەزارەتی رۆشنبیری بۆ وەزارەتێکی تر نەبوو؟ بۆ ئەرشیفێکی تر سەنتەرێکی ترمان نەبووە بە ناوی ئەرشیفی نیشتیمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرمووو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا منیش هەمان تێبینی کاك شێخ ظاهرم هەیە، بۆیە پشتیوانی دەکەم، ئەو ئەنجوومەنە کە لە ماددەی سێیەم ناوی هاتووە و دەسەڵاتێکی زۆریشی هەیە و زۆربەی وەزارەتەکان لە ناو ئەو ئەنجوومەنەدان، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەنجوومەنیش پێناسە بکرێت و بکرێتە خاڵی دووەم، چونکە گرنگی و ئەهمیەتی خۆی هەیە، سەبارەت بە بڕگەکانی تر لە راستیدا بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێویستە ئەم زیاد بکرێت، لێرە (ئەم) کەمە، ئەم

دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریـان دەگەیەنێـت، وە لە پێناسـەکان لە راسـتیدا ئەوانە ناون پێویست ناکات نوقتە دابنرێت، یەعنی ئەو نوقتانە دەبێت لابرێت، وە لە بڕگەی چوارەمـدا پشتگیری لە لیزا خان و ئاشنا خان دەکەم، وە لە بڕگەی چوارەمـدا کە دەڵێـت ئەرشـیف زانیـاری و بەڵگەنامەکانی تۆمارکراو لە شێوەی دەستنووس و چاپکراو و دەنگی و وێنە یان هەر شـێوازێکی دیکە (یا)یەکی بۆ زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددەیا ئێکێ یەکەم: هەرێم – هەرێمـی کوردسـتان_عێـراق، دبیـت ببێـتە هەرێـم – هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەسا یا چوارێ ژی ل رێزا سێیەم دروستکراو بێت یان بەدەست هێنراو بێـت، ئەوە (بێـت)ە ئێکـێ بێـتە بـرین ببیـتە دروسـتکراو یـان بەدەسـت هێنـراو بێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا ئێکێ بڕگەیا سێیەم پێشنیار دەکەم کو بیتە ناوەندا پاراسـتنا بەڵگەنامەکـان، هەروەسا پشتگیریا گوتنا کاك د. محی الدین دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی یەکەم بـڕگەی چـوارەم قسـەکانی مـن کـرا لەلایەن ئاشـنا خـان و گوڵسـتان خـانەوە پشـتگیریان دەکەم، هەروەهـا پشـتگیری لە قسـەکانی ئاشـنا خـان دەکەم کە ئامـاژەی بەوەکرد کە پێشنیار دەکات کە ئەرشیفی کەرتی تایبەتیش ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕیز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی ئاشنا خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئەرشیف بابەتێکی گرنگە بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد کە بە درێژایی مێژوو رووبەرووی زۆر کارەسات و نەهامەتی بووینەوە، لە چەندین تاوانی نێودەوڵەتیش لە دژی ئێمە ئەنجامدراوە، چونکە ئێمە دەتوانین لە رێگای ئەو ئەرشیفە ئەم کارەسات و ئەم تاوانانە تێکەڵ بە یادەوەری گشتی بکەین بۆ ئەوەی لە یادی خەڵك و جیهان زیاتر بمێنێتەوە، فۆرمی گێڕانەوەی تاوەنەکان لە فۆرمێکی زارەکی بکەین بە فۆرمێکی ئەرشیفی دەمەزراوەیی و رێکخراو، سەبارەت بە خاڵی چوارەم کە باسکرا لەلایەن هەندێك پەرلەمانی بەڕێز کە باس دەکرێت جۆرەکانی تری ئەرشیف باس نەکراوە، من وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی ئەو قسەیە دەکەم کە دەڵێت هەر شێوازێکی دیکە مەبەست لە دیجیتاڵیش دەگرێتەوە یەعنی نموونەکانی تریش دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر باسیش نەکرێت لێرە هەر ئاساییە، سەبارەت بە ئەنجوومەنیش کە باسکرا کە پێناسە بکرێت ئەنجوومەن تەنها لە یەك ماددە باسکراوە، لە ماددەی سێیەم و هیچ تیکراری تێدا نییە، بۆیە پێویستیش نییە کە لێرە پێناسە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی یەك بڕگەی پێنجەم تێبینیەکم هەیە بە حوکمی ئەوەی وەکو لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان چەند جارێك ئەو پرسیارە و ئەو داواکاریەمان ئاڕاستەکراوە کە کۆمەڵێك ئەرشیف هەن تایبەتن بە دۆخی ناوچە کوردستانییەکان بە پرسی کورد کە بە شێوەیەکی رێکوپێك هەڵناگیرێت، هەمووی بێ سەروشوێن دەکرێت، بۆیە داوا دەکەم لێرە لە بڕگەی پێنجەم ئەو زانیار و بەڵگەنامەی پەیوەندیدارن بە چالاکییەکانی دەمەزراوە فەرمیەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە تایبەتن بە پرسی کورد لێرە جێگەی بۆ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ئەرشیفانە ون نەبن، ئەوانەی کە تایبەتە بە پرسی کورد لەو یاسایەدا جێگای بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ون بوون بپارێزرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان تەنها تێبینیەیەك دواتر دەتوانن وەڵام بدەنەوە، بەڵام دەستەی ناوچە کوردستانیەکان دامەزراوەی فەرمی هەرێمە، بۆیە هەر کار و چالاکیەك دەکەن دەکرێت لەو چوارچێوەیە ئیشارەتی پێ بدرێت، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم پێناسەکان، منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم لە ماددەکانی دواتر باس لە ئەنجوومەن کراوە و ئەرك و دەسەڵاتی زۆری پێدراوە، بۆیە بەر لە ناوەند پێناسەی

ئەنجوومەن بکرێت، من پێناسەیەکم ئامادەکردووە ئەگەر برادەران لێم وەربگرن، ئەنجوومەن – ئەو دەستەیەیە کە ستراتیجیەتی هەماهەنگی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان دیاری دەکات بە مەبەستی کۆکردنەوە و پاراستنی ئەرشیفی کوردستان، کە خۆی لە ناو ئامانجەکان یان ئەرکەکانی ئەنجوومەنی بالآن ئاماژەیان پێدابوو، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم ناوەند، من پێشنیاری ئەوە دەکەم بکرێتە ناوەندی پاراستنی ئەرشیف، ئەو ناوەندە ناوەندێکی فەرمیە و لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری بە رێنمایی رێك دەخرێت، ئەم پێناسەیەش هەر لە راپۆرتی لیژنەکان کە چەند راپۆرتێك هەبوون تێیدابوو، بەڵام گونجاوە کە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت، بە نیسبەت بڕگەی چوارەم ئەرشیف کرداری کۆکردنەوەی هەر بابەتێکی بایەخدارە لە چوارچێوەیەکدا و پاراستنی بە درێژایی ماوەیەکی نا دیار کە بە دەست هێنراو بێت یان پەیوەندار بێت بە مێژوو و کەلەپوری گەلی کوردستان، هەروەها سەبارەت بەوەی بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ کەرتی تایبەت مادام کە لێرە برادەران ئاماژەیان پێکرد بڵێین ئەرشیفی گشتی و تایبەتی هەردوو کەرت دەگرێتەوە بە پێویستی نازانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف لە هەرێمی کوردستان، دوو تێبینم هەیە، تێبنیەکیان ئەوەیە پشتگیری لە رەئیەکانی لیژا خان دەکەم، ئەوەی تریان ئێمە لەم پەرلەمانە یاسایەکمان دەرکرد یاسای بەڕیوەبەردن و شوێنەوار و کەلەپور یاسا ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)، ئایا بە رەئی ئێوە سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە خاڵی چوارەم هەر شێوازێکی دیکەی گشتی بێت یان تایبەت و دروستکراو بیت یان بە دەستهێنراو بێت کە پەیوەندیدارە بە مێژوو و کەلەپوری گەلی کوردستان، ئایا ئەمە خیلافی ئەم یاسایە نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە، سەرەتا پشتگیری لە قسەکانی سوسن خان و کاك شێخ ظاهر و حسیبە خان دەکەم، لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێنجەمدا بە سێ بڕگە باسی پێکهاتە و ئەرك و شێواز و میکانیزمی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی کردووە، بۆیە باشترە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت بە زنجیرەی هەشتەم بە ناوی پێناسەی ئەنجوومەنمان بۆ بکات، دووەم: لە خاڵی چوارەمی ماددەی یەکدا مێژووی گەلی کوردستان، من پێمباشە بکرێتە مێژووی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان یان گەلی کوردستان و پێکهاتەکانی، بۆ ئەوەی کە هەمووان بگرێتەوە، وە ئیزافەی خاڵێکی دیکەش دەکەم ئەگەر بکرێت پێموایە ئەم ناوەندە پێویستی بە بۆردێکی راوێژکاری هەیە لە کەسانی

تایبەتمەند و پسپۆر کە ئەوەش بکرێتە خاڵێك، ئەو بۆردە راوێژکاریە بە شێوەی خۆبەخش بێت بۆ ئەوەی ئەو کەسە مەعنی و تایبەتمەندانە ناو بە ناو ئەو ناوەندە راوێژیان پێ بکات، بۆردێکی راوێژکاری بۆ ناوەندەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا ئێکێ خالا ئێکێ ئەز پشتەڤانیا دکتۆر محی الدین دکەم، ببیتە ناوەندا پاراستنا ئەرشیفین کوردستانێ، ناوەندا پاراستنا بەڵگەنامەییێت کوردستانێ، دوو: هەر جهێکی ئەرشیف هاتبیت ئەز جارەکا دی دووبارە دکەمەوە ببیتە بەڵگەنامە نە ببیتە ئەرشیف، خالا سێ ئەز پشتەڤانیا سەیدا ابوبکر هەڵەدنی دکەم کو ببیتە مێژوو کەلەپووری گەلی کوردستان و پێکهاتەکانی، چونکە دا لە هەموو پیکهاتەکان بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کلارا خان فەرمووو.

**بەڕێز کلارا عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا ئێکێ خالا چوارەم بۆ پێناسەکرنا ئەرشیف ئەم دشێین بێژین کو ئەرشیف جهێ پاراستنا بەڵگەنامە یەعنی ئەز تەئیدا رەئیا ئاشنا خان دکەم، هەروەسا لیزا خانێ دکەم، هەروەسا سەبارەت وەك پێناسە ل دوماهیك رێز دبێژیت دروستکراو بێت یان بە دەستهێنراو بێت کە پەیوەندیدارە بە مێژووی گەلێن کوردستان، یەعنی کەلەپووری ل ڤێرێ زێدەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیێت من ل سەر ماددەیا ئێکێ بڕگەیا سێیەمە ناوەند بێتە طهورین ببیتە بەڕێوەبەرایەتی، وە ئەڤ بەڕێوەبەرایەتیا گشتی سەر ب وەزارەتا رۆشنبیری ڤە بیتن، سەبارەت ب بڕگەیا چوارێ پشتگیریا ئاشنا خانێ دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی یەکەم و تایبەت بە خاڵی سێیەم ئەو ناوەندە بە رای من بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باشترە لەوەی کە ناوەند بێت، چونکە گشتگیر ترە، ناوەکەشی ئەوا بێت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەرشیفکردن، چونکە عەمەلیەکەیە ئەرشیفکردن، نەك ناوەندی ئەرشیف لە کوردستان، خاڵی چوارەم کە پێناسەی ئەرشیفیکردووە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت لە دوای چاپکراو و دەنگی و وێنە ڤیدیۆ و هێڵکاریشی بۆ زیاد بکرێت، چونکە هەندێك بابەتمان هەیە کە ڤیدیۆیە یان هێڵکاریە ناچێتە بوارەکانی ئەوەوە، خاڵێکی تر مادام پێناسەی ئەرشیفیکردووە ئەرشیفکردنیش هەر دیسانەوە پێناسە بکرێتەوە عەمەلیەکە، چونکە بەڕێوەبەرایەتییەکە بەڕێوەبەرایەتی ئەرشیفکردنە کارەکەش تایبەت بەو بابەتەوە، لە خاڵی چوارەمدا کە دەڵێت لە دێری کۆتاییدا بەدەستهێنراو بێت یان پەیوەندیدار بێت بە مێژوو و کەلەپوری گەلی کوردستان، ئەوە کەلەپوورە لابرێت، چونکە باسی کەلەپوور کرد دەبێت شوێنەواریش بهێنیت، هەر بگوترێت مێژووی گەلی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر سەرەنج و را و تێبینیتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی ئەم یاسایە لەسەر وەزارەتی رۆشنبیرییە بۆ وەڵامی بەڕێز کاك شێخ ظاهر، ئەم یاسایە بەپێی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، یەکێك لە ئەرك و ئەمانجەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لە ماددەی دووەم بڕگەی حەوتەمی باسی دامەزراندنی کردووە لە کتێبخانەی نیشتیمانی و ناوەند و سەنتەری بەڵگەداری و ئەرشیفکاری کوردستان دەکات، واتە ئەمە ئەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، وە تاوەکو ئێستا بە هۆی نەبوونی یاسایەکەوە نەیاتوانیووە کارەکانیان جێ بەجێ بکەن، سەبارەت بە قسەکانی سەرچنار خان کە باسی بەڕێوەبەرایەتی دەکات، بەپێی یاساکە وەکو ناوەندێك هەژمارکراوە، بە هیچ شێوازێك باسی دەمەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەکراوە لێرەدا، بۆیە ئەگەر ئێمە بیکەین بە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی ئەوە پێویست دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان رەزامەند بێت لەسەر ئەم بابەتە، سەبارەت بەوەی قسەکانی کاك نزار بەڕێزیان باسی ئەوەی کرد کە خیلاف دروست دەکات لەگەڵ یاسای پاراستنی شوێنەوار و دەستنووس، کەلەپور بە هیچ شێوازێك هیچ خیلافێك دروست ناکات، زۆر بە حەزەرەوە لەسەر ئەم بابەتە کارمانکردووە و جیامانکردۆتەوە، وشەی دەستنووس لێرە تەنها مەبەستمان ئەوەیە کە هەر شتێك بە دەست نووسرابێتەوە، هیچ موستەڵەحێکی تر نییە ئەگەر بەڵگەیەك یان ناوێك، شتێکی ئەرشیفی بە دەست نووسرابێتەوە هیچ موشکیلەیەکی نییە، لەوانەیە تازە بێت، ئەم لەسەر بەڵگەنامە دەستنووسیەکان کە دەچێتە چوارچێوەی یاساکەی ترەوە، بە هیچ شێوەیەك موخالەفە لەسەر ئەم بابەتە دروست ناکات، ئەگەر بەڕێزت بفەرمووی دەچینە سەر ماددەی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوو بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

١ - ئەمانجەکانی ئەم یاسایە بریتییە لە یەکەم کۆکردنەوە و پارێزگاریکردن لە ئەرشیفی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی زانستی.

٢ -بەدەست خستنی ئەم بەڵگەنامانەی تایبەتن بە حکومەتە یەك بە دوای یەکەکانی عێراق و پەیوەندیدارن بە خاك و گەلی کوردستان.

٣ -بەدەستخستنی وێنەی ئەو بەڵگەنامە بیانیە ئەرشیفکراوانەی پەیوەندیان بە مێژووی گەلی کوردستانەوە هەیە.

٤ -رێکخستنی بەڵگەنامەکان بە مەبەستی سوود لێوەرگرتنیان وەکو سەرچاوەیەکی زانستی.

٥ -پارێزگاریکردنی بەڵگەنامەی دامەزراوەکانی یاسادانان و جێ بەجێکردن و دادوەری و دەستە سەربەخۆکان کە بایەخی مێژوویی زانستیان هەیە لە هەرێم.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی دووەم هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات دەتوانێت ناوی خۆی تۆمار بکات، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی دوو بکەن (کاك سیپان، مامۆستا ابوبکر، کاك کاوە، خاتوو شیرین، شیرین امین، ئاشنا خان، دکتۆرە شایان، کاك بەهمەن، لەنجە خان، خدیجە خان، دکتۆرە گەلاوێژ، سوسن خان)، کاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو بڕگەی سێ بەدەستخستنی ئەو بەڵگەنامە بیانییە ئەرشیفکراوانەی پەیوەندیان بە مێژووی گەلی کوردستانەوە هەیە، تەبعەن ئەوە زۆر گرنگە بە تەفاسیڵ ئاماژەی پێ بکرێت لەو خاڵە ئەگەر برادەرانی لیژنەی رۆشنبیری ئەوەم لێوەربگرن بە ئامانجی گەڕاندنەوەی سەرجەم ئەو بەڵگەنامە و نووسین و رێکەوتننامانەی کە ئەرشیفی وڵاتانی بیانی هەیە بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە رۆژێك لە رۆژان کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان بووە، وەکو دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی جیهانی یەکەم کە کۆمەڵێك ئیتیفاقیات و رێکەوتنی گەورە هەیە، نەخشەی عوسمانی کۆن، وە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی کە ئەمانە هەموو بەڵگەنامەی گرنگن لەسەر خاکی کوردستان و بە تایبەتی ئەوەی هاوڕێم جوان خان ئاماژەی پێکرد لە ماددەی یەکەمدا بە تایبەتی دەربارەی خاکی کوردستان و بەڵگەنامە مێژووییەکان لەسەر ناوچە کوردستانیەکان کە ئێستا کێشەمان لەگەڵ هەیە لەگەڵ بەغدا، تەبعەن هەموو ئەمانە بە دۆکیۆمێنت لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی کۆنیش هەیە، لە روسیاش هەر چەندە ئەوان لە جەنگی جیهانی کشانەوە، بەڵام لە سەرەتای رێکەوتنی سایکس و بیکۆ ئەوان لە ناو هەموو رێکەوتننامەکان بوون، بست بە بست خاکی کوردستان بە تایبەتی ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە دەکرێت ئەم

بەڵگەنامەی ئێستا کراوەتە کوردیش، بەڵام دەبێت نوسخە ئەسڵیەکەیمان دەست بکەوێت، ئەو لیژنە سێ لایەنیەی کە ساڵی (١٩٢٠) کە (عصبە الامم) دروستیان کرد بۆ بەدواداچوونی خاکی کوردستان و پێکهاتەی دانیشتوانی خاکی کوردستان کە بەڵگەنامەیەکی رەسمی هەیە ئەوان دەڵێن کە کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆیە و جوگرافیایەکی سەربەخۆی هەیە و فلان سنوور دەگرێتەوە ئەمان شایەن بە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن، بۆیە ئەم بەڵگەنامانە گرنگن بهێندرێنەوە ئەو تەفاسیلەی پێ بدرێت، وە دواتریش لە خاڵی دوای ئەوە کە دێت دەڵێت پەیوەندیەکان، پەیوەندیەکانیش ئاماژە پێ بکرێت کە لیژنەیەکی موختەس بۆ هێنانەوەی ئەمانە لەگەڵ پەیوەندییەکاندا رەبت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك بەهمەن دەکەم، بۆ ماددەی دووەم لە خاڵی یەکەم پێشنیار دەکەم دەستەواژەکە وای لێبکرێت کۆکردنەوە و پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامەکان و بە دۆکیۆمێنت کردنیان لە ئەرشیفی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی زانستی، چونکە لە ناونیشانیش بەڕێز دکتۆر اسماعیل سەرەنجێکی دروستیدا مەبەست لێرە پاراستنی بەڵگەنامەکانە، ئەرشیفکردن کرداره، بۆیە ئەو پێشنیارە دەکەم کە بەو شێوەیەی لێبێت، وە لە خاڵی چوارەم رێکخستن و پۆلێنکردنی بۆ زیاد بکرێت، بەڵگەنامەکان بە مەبەستی سوود لێوەرگرتنیان وەك سەرچاوەی زانستی، واتە جگەلە رێکخستن پۆلێنکردنی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کلارا خان فەرموو.

**بەڕێز کلارا عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا دوو ل دیف تەسەلسولا ئەم بێین سەحکەینێ ناڤ و نیشانێت یاسایا پاراستنا بەڵگەنامەیێن پاراستنا ئەرشیفیە، خالا پێنجێ دبێت بهێتە ئێکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم برگەی دووەمی ماددەی دووەم ئەم دەستەواژەیەی خوارەوەی بۆ زیادبکرێت، بەدەستخستنی ئەو بەڵگەنامانەی تایبەتن بە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و پەیوەندیدارن بە خاك و گەلی کوردستان بە تایبەت بەڵگەنامەی ئەمنی و سەربازی و حیزبی و کەڵك لێوەرگرتنیان لە بوارەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن ئاشنا خانەوە کرا، پشتگیری لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دکەم کو دخاڵ زیاد ببیت ل سەر ماددەیا دووەم، ئێك: بیتە کۆمکرنا بەڵگەنامەیا رژێما بەعسی دەرحەقێ میللەتێ کورد کو هاتنە کرن، مەلەفەکێ تایبەت بیت، ئێکیش ئیحداسێت ڤێ دی ئەوە بیتن بۆ پاشە رۆژێدا دیرۆکا خەباتا خەڵکێ کوردستانێ بێتە بەرچاڤ کرن، دوو: خاڵا دووێ کو بێتە زیادکرن چاککردن و سیانەیا وەسائیقێت بەڵگەنامەیا دیرۆکی ب رێکەکا هاڤ چەرخ، یەعنی مە هەندەك بەڵگەنامەیێت تاریخی هەنە موحتاجی سیانە کردنێنە، ئێکیش وانە سیانەکردنا ئەو بەڵگەنامەی تاریخی زۆر کۆنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پاڵپشتی قسەکانی مامۆستا بەهەمەن دەکەم، بەڵام لە ماددەی دووەم خاڵی سێیەم بە دەستخستنی وێنە نا، بە دەستخستنی کۆپی باشترە لێرە کە دابنرێت، بەڵام لە خاڵی چوارەمیش رێکخستنی بەڵگەنامەکان بە مەبەستی سوود لێوەرگرتنیان وەك سەرچاوەی زانستی و مێژوویی، مێژووییشی بۆ زیاد بکرێت لە خاڵی چوارەم، لە خاڵی دووەم بە دەستخستنی ئەو بەڵگەنامانەی تایبەتن بە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، مەسەلەن ئەو بەڵگەنامانە بگرێتەوە کە تایبەتە بە ماددەی (١٤٠)، ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لە ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم بەو شێوازەی لێبکرێت، کۆکردنەوە و پارێزگاریکردن لە ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی گەلی کوردستان بە شێوازێکی زانستی و سەردەمیانە، ئەوە بڕگەی یەکەم، لە بڕگەی پێنجەم پێشنیار دەکەم کە ئەو هەڵە رێزمانیانەی کە هەیە راست بکرێتەوە، بۆ نموونە پارێزگاریکردنی بەڵگەنامەی دامەزراوەکانی یاسادان و جێ بەجێکردن پێویستە لەسەر یەك بنووسرێت، وە دادوەری و دەستە سەربەخۆکان نییە، دەستە

سەربەخۆکان، ئەو (ۆ) حەفتەکەی بۆ دابنرێت، چونکە پێویستە ئەوانە راست بکرێنەوە، شتی وردن، بەڵام پێویستی بە راستکردنەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم بڕگەی دوو بە دەستخستنی ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و پەیوەندیدارن، پێشنیار دەکەم وشەی نەتەوە خاك و گەلی کوردستان ئەو وشەیەی ئیزافە بکرێت، چونکە ئێمە لە رابردوودا لەسەر دەستی حکومەتی بەعس بەداخەوە بە تایبەت لەسەر پرسی نەتەوە و بە کورد بوون رووبەرووی تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە بووین، وە بە داخەوە تاوەکو ئێستاکە ئەو پرسە بەپێی پێویست بە دۆکیۆمێنت نەکراوە تا بتوانین سوود لە دۆکیۆمێنتەکان بگیرێت و بە جینۆساید بناسرێت، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی ئاشنا خان دەکەم بۆ بڕگەی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر تێبینی لەسەر خاڵی سێیەم هەیە بە دەستخستن و هێنانەوەی سەرجەم بەڵگەنامەکان، بە خۆت دەزانی ئێمە میللەتێك بووین هەمیشە لە ژێر پێخوستی داگیرکەرانی کوردستان بووین نەك هەر خاکەکەمان وێران کراوە، وگەلەکەشی پەڕاگەندە کراوە و جینۆسایدکراوە، بەڵکو بە هەزار بەڵگەنامەمان لە بەغدا و لە پایتەختی دەوڵەتە گەورەکانی دنیا هەن، بۆیە بە دەستخستنی هێناوەیان گرنگە کە بڵێین لە ناوە و دەرەوەی وڵات ئەمانە هەم بە دەست بخرێن و هەم بشهێنرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم من پێموایە دەقی ئەو ماددەیە کورتتر بێت، ئەو بڕگەی پێنجەمە زیادەیە، چونکە ئەگەر سەیری بڕگەی یەکەم بکەین دەڵێت کۆکردنەوە و پارێزگاریکردن لە ئەرشیفی گەلی کوردستان، یەعنی ئەو بڕگەیە کیفایەتە بۆ ئەوەی کە بڕگەی پێنجەمیش لە خۆی بگرێت، ئەگەر نا هەر دەتوانین بەم شێوەیە دابڕێژنەوە بڕگەی یەکەم کۆکردنەوە و پارێزگاریکردن لە ئەرشیفی گەلی کوردستان و سەرجەم دامەزراوە فەرمیاکانی هەرێم بە شێوەیەکی زانستی، بەم شێوەیە کورتتر و پوختر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیپان فەرمووو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا دووێ خالا ئێکێ کو ڤی رەنگی بیت، کوکردنەوە و پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامەکانی گەلی کوردستان و ئەرشیفکردنی بە شێوەیەکی زانستی، هەروەسا سێیەم ژی کو ب ڤی رەنگی بیت، بە دەستخستنی یان وێنەی ئەو بەڵگەنامە بیانیانەی کە ئەرشیف کراون کە لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندیان هەیە بە مێژووی گەلی کوردستانەوە، هەر چەندە ئەوە لە ماددەی سێیەم بڕگەی دووەم خاڵی دووەم ئاماژەی پێدراوە، بەڵام لە ئاماژەکانیش ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو ئەرشیفە یان ئەو بەڵگەنامەی کە لە دەرەوەی وڵاتیشن ئاماژەی پێبدەن بە رای من باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم خاڵی یەکەمی کۆکردنەوە و پارێزگاریکردن و رێکخستنی بەڵگەنامە و دەستنووسەکان، دەستنووسەکان لەو شوێنانەی کە دەستنووسی لێیەو مێژوویەکی زۆر گرنگی شارستانی میللەتی ئێمە دەگێڕێتەوە، بەڕاستی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە ئەو دەستنووسانە هاوشێوەی خەڵکەکانی، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە بایەخ بە مەسەلەی دەستنووسەکان بدرێت بە ئەرشیفکردن و پاراستنیان بەشێوەیەکی زانستی، یان ئەوەتا بەخاڵێك زیاد بکرێت کاتێك باسی رێکخستنی بەڵگەنامەکان دەکرێت بە خاڵێکی تر ئاماژەی پێبدرێت، بڕگەیەك زیاد بکرێت بە رێکخستنی دەستنووسەکان بە مەبەستی سوود لێوەرگرتن وەك سەرچاوەیەکی زانستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر را و سەرنجێکتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەیەك زۆر ئەندامی بەڕێز باسیان لێوەکرد مەسەلەی ئەوەی کە گەڕانەوەی سەرجەم و هێنانەوەی سەرجەم ئەوانە کە پێویست دەکات لە چوارچێوەی ئامانجەکانی ئەم یاسایە بێت، ئەم ئەرکە قورسە بە یاساکە بسپێرین پێی ناکرێت، لەبەر ئەوەی سەرجەمی هیچ موئەسەسەیەك نییە لە دنیادا بتوانێت سەرجەم بەڵگەنامەکان کە پەیوەندی بە ئەرشیفی گەلەکەدا بە دەستی بێنن، بۆیە لێرەدا دەقەکە تەقریبەن ئەگەر دیقەت بدەن روونە بە دەستخستنی بەڵگەنامەکانی تایبەتن، بە دەستخستنی وێنەی بەڵگەنامەکان کە تایبەتن بەو مەسەلەیەوە، ئەم جۆرە گشتگیریە یەعنی بارگرانی یاساکە واناکات، یەعنی دوای ئەو

بەڕێـوەبەرایەتی دەکـرێتەوە دەڵێـت دەبێـت هەمـوو سـەرجەم بگەڕێنـرێتەوە، سـەرجەم لە پێشکەوتووترین وڵاتی دنیاشدا ناتوانێت ئەوە بکـات، بـۆیە پێمـوایە دەستەواژەی سـەرجەم بـۆ هێنانەوەی ئەوە بە پێویست نازانین، خاڵێکی تـر کە سوسـن خـان بـوو باسـی لەوەکـرد کە هەڵەی زمـانەوانی تێـدایە، بەڵـێ، هەنـدێ گرفتـی کەمـی تێـدایە لە رووی زمـانەوانییەوە، چارەسـەری دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی سێیەم بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

یەکەم: ناوەندێك لە هەرێمی کوردستان بە ناوی ناوەندی ئەرشیفی کوردستان دادەمەزێندرێت و خاوەن کەسایەتی مەعنەویە و سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەبێـت و بارەگـای سـەرەکی لە هەولێر دەبێت.

دووەم: ناوەند تایبەتمەند دەبێت بە:-

١ - کۆکردنەوە و پارێزگاریکردن و سەرەپەرشـتیکردن و رێکخسـتن و پـۆلێنکردنی ئەرشـیفەکانی پەیوەندیـدار بە گەلـی کوردسـتان و چـۆنیەتی سـوود لێـوەرگرتنی بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە.

٢ -گەڕانەوەی ئەو ئەرشـیفانەی کە لە بەرژەوەنـدی گشـتی هەرێمـدان کە لە ئێسـتادا لە دەرەوەی وڵاتن یان کۆپیەکی لێ گیراون.

٣ -هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٤ -هەر ئەرکێکی تر کە ئەنجوومەن پێی دەسپێردرێت.

سێیەم: ناوەند بەشە بودجەیەکی تایبەتی لە چوارچێوەی بودجەی وەزارەتدا دەبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، هەر بەڕێزێـك دەیەوەێـت گفتوگـۆ لەسـەر ئەم مـاددەیە بکـات دەتوانێت ناوی خۆی تۆمار بکات، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت گفتوگۆ لەسـەر مـاددەی سـێ بـکەن بریتین لە بەڕیزان (خـدیجە خـان، کـلارا خـان، کـاك بەهـمەن، مامۆسـتا نجـاة ، کـاك شـێخ ظـاهر، سوسن خان، کاك کاروان، کاك عثمان سێدەری، ئاشنا خان، کاك رزگار، کاك دابان، کاك علـی، کـاك د. محی الدین، کاك سیپان، کاك د. اسماعیل، مامۆستا عثمان، هلز خان، سـەرچنار خـان)، کـاك دابـان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی سـێیەم بـڕگەی دووەم خـاڵی دووەم گەڕانەوەی ئەو ئەرشـیفانەی کە لە بەرژەوەندی گشـتی خەڵکـی هەرێـم دان، یەعنـی مەرج نیـیە هەمـوو ئەرشـیفێك لە بەرژەوەنـدی خەڵکی هەرێم بێت، یەعنی ئەرشیف هەیە رەنگە جیاواز بێت ناکرێت ئەو ئەرشـیفانەی تەنهـا بـۆ

نموونە بڵێی سوودێکی هەیە، ئەو بەرژەوەندیە وشەیەکی هینە لەوێدا دەکرێت هەر وشەکە لابەری، دوو: بەشێك لە ناوەندەکانی ئەرشیف لە هەرێمی کوردستان مۆڵکی شەخصین یان ناوەندێکە ناو بە ناو تەمویل لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریەوە تەمویل دەکرێن شەخصین، هی کەسێکە کە خۆی بنکەیەکی داناوە یان شوێنێکی داناوە بەڕێوەی دەبات، ئەمە لێرە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەوانەدا دانەناوە ئەم ئەرشیفانەش وەردەگیرێتەوە یان تەنها ئەوانەی دەرەوەی وڵات وەردەگیرێنەوە، ئێمە تەنها لە سلێمانیدا دەیان ناوەندی بە ئەرشیفکردن هەبێت سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نین ئەهلین، ئەمە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم کۆکردنەوە و پارێزگاریکردن و سەرەپەرشتیکردن و ڕێکخستن و پۆلێنکردنی ئەرشیفەکانی پەیوەندیدار بە گەلی کوردستان و شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان و چۆنیەتی سوود لێوەرگرتنی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی گەلی کوردستانی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهمەن فەرموو،

**بەڕێز بەهمەن کاك عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن لە تایبەتمەندیەکان تایبەتمەندی ئەو ناوەندە لە خاڵی دووەم دەڵێت گەڕاندنەوەی ئەو ئەرشیفانە، من لە ماددەی پێشتریش لەسەر قسەی برادەران حەزم نەکرد قسە بکەم، ئەرشیف و بەڵگەنامە دوو شتی جیاوازن، یەعنی ئەرشیف ئەو جێگەیە کە بەڵگەنامەی تێدا هەڵدەگیرێت، بەڵگەنامەکان بریتین لە ڕێکەوتنامەکان، بریتیە لە دەستنووسەکان، بریتیە لە شوێنەوار، بریتیە لەم شتانەی کە لە ناو ئەرشیف هەڵدەگیرێت، بۆیە گەڕاندنەوەی ئەرشیف دروست نیە، تەبعەن ئەم ماددەیە و ئەوەشی کە هاتووە دەڵێت لە بەرژەوەندی گشتی هەرێم بێت، تەبعەن ئەو بەڵگەنامە مێژووییانە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم هەموو بەڵگەنامە مێژووییەکان بە خودی ئەو ڕێککەوتنامەی قاهیرەی ساڵی (١٩٢١) کە دەوڵەتی عێرقیشی لەسەر بنیاتنراوە و هەرێمی کوردستان کراوە بە بەشێك لە عێراق ئەوەش هەر لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە ئەگەر ماددەکانی بخوێنیتەوە، چونکە لەوێش تایبەتمەندی داوە بە هەرێمی کوردستان و خاکەکەی، بۆیە پێمباشە ماددەی سێیەم خاڵی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت گەڕاندنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە مێژوو و جوگرافیای خاکی کوردستان و گەلی کوردستان و لە ئەرشیفی وڵاتانن، سێیەمەکەشی کە دەڵێت ناوەند بەشە بوودجەیەکی تایبەتی دەبێت لە چوارچێوەی بودجەی وزارەت، من پێمباشە ئەمە بکرێتە ئەوەی کە بوودجەیەکی تایبەت بە

خـۆی هەبێـت، چـونکە ئەم ناوەنـدە بەڕاسـتی زۆر گرنـگ دەبێـت بـۆ هێنـانەوەی بەڵگەنـامە مێژووییەکـان، پێمباشــە کە ئەنجـوومەنی وەزیــران دەعمێکــی ئەم ناوەنــدە بکــات لە رووی دارایـیەوە بـۆ ئەوەی کە بتـوانن دەسـتی بگـاتە هەمـوو ئەو بەڵگەنامـانە کە لە دەرەوەی وڵاتـن بگەڕێندرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان فەرمووو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددەی سـێیەم بـڕگەی دووەم کە باسـی تایبەتمەنـدیەکانی ناوەنـد دەکـات، بـڕگەی چـوارەم دەڵێـت هەر ئەرکێکـی تـر کە ئەنجـوومەن پـێ دەسـپێرێت، مـن پێمـوایە ئەوە جۆرێـك ئیتلاقێکی تێدایە، یەعنی بە شێوەیەکی رەها هەر کارێکی پێبدرێت، چۆن دەبێت، بۆیە یـان ئەو بڕگەیە هەر پێویست ناکات یان بەم شێوەیە رێك بخرێتەوە هەر ئەرکێکی تر کە ئەنجوومەن پـێ دەسپێرێت بۆ جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کلارا خان فەرمووو.

**بەڕێز کلارا عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ســەبارەت بە مــاددەی ســێیەم بــڕگەی دووەم خــاڵا ئێکــێ کــۆکردنەوە و پارێزگــاریکردن و سەرپەرشـتیکردن و رێکخسـتن و پـۆلێنکردن تشەتشـکی دی ژی بێـتە زێـدە کـرن نـوێژەنکرن، ئەرشـیفەکانی پەیوەندیـداربن بە گەلـی کوردسـتان و چـۆنیەتی سـوود لێـوەرگرتنی بەپێـی حوکمەکانی ئەم یاسایە، خاڵەکا دی سەرەڕای چوار خاڵە خاڵەکا دی بێـتە زێـد کـرن هەڵسـەنگاندنا بەڵگەنامەیا ب شێوەیەکی بەردەوام ژ بۆ هەندێ نەکەڤنە سـەر ئێـك و بـێ مفـا بـن، خـاڵا شەشـێ زێدەکرنە ئەویش ب رەئیا من گەڵەکا گرنگە یا شەشێ بەردەوام بەرهەڤکرنـا پێداویسـتیێن وی و هاڤچەرخ ژ بۆ پاراستن و نوێژەنکرنا بەڵگەنامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی سـێیەم لە بـڕگەی یەکەم مـن جەخـت لەوەی دەکەمەوە کە ناونیشـانەکە بکرێتە ناوەندی گشتی پاراستنی بەڵگەنامەکـانی کوردسـتان، ئەوەی تریـان لە تایبەتمەنـدیەکانی بـــڕگەی دووەم پێشـــنیاری ئەو دەســـتەواژەیە دەکەم گەڕانـــدنەوەی ئەو بەڵگەنامـــانەی کە پەیوەنـدیان بە گەلـی کوردسـتانەوە هەیە لە جیـاتی هەرێـم هەبێـت، چـونکە رەنـگە جۆرێـك لە تـێکەڵاوی لە نێـوان پارچەکـانی کوردسـتان هەبێـت رۆژێـك لە رۆژان خەبـاتی پێشـمەرگایەتی شۆڕشدا بە تایبەتی مەسەلەن کۆماری کوردستانە، رێکەوتنامەی سایکس و بیکۆیە، مـن پێمـوایە

ئەگەر تەنها هەرێم دابنێین کورتی دەکەینەوە لەو سنووورە ئێدارییی و جوگرافیەی ئێستا هەیە، پێموایە پێویستە فراوانتری بکەینەوە بڵێین کە پەیوەندیان بە گەلی کوردستانەوە هەیە، بڕگەی چوارەم هەر ئەرکێکی تری ئەنجوومەن کە پێ دەسپێرێت ئیزافەیەکی بۆ بکەن لە چوارچێوەی ڕێنمایی و بڕگەکانی ئەم یاسایەدا زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرمووو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم ناوەندێك لە هەرێمی کوردستان بە ناوی ناوەندی ئەرشیفی کوردستان دادەمەزرێت و خاوەن کەسایەتی مەعنەویە و سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەبێت و بارەگای سەرەکی لە هەولێر دەبێت، من دەپرسم یەعنی ئەم ناوەندە لە کوێی هەیکەلی وەزارەتدایە، با بڵێین بەرپرسی ئەم بارەگایە سەرۆکی دەستەیە، یان بابڵێین پلەکەی بەڕیوەبەری گشتیە ئەوەمان روون بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرمووو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی سێ لە بڕگەی سێ تێبینیەکم هەیە و دەیکەم بە پرسیاریش بۆ لیژنەی تایبەتمەند، کاتێك کە باس لەوە دەکرێت کە ناوەند بەشە بوودجەیەکی تایبەتی لە چوارچێوەی بوودجەی وەزارەت دەبێت، لە راستیدا ئەم بەڵگەنامانەی کە ئاماژەی پێدەکرێت بۆ ئەوەیە کە بەڵگەنامەی پێ بکڕدرێتەوە یاخود کاروبارەکانی ناوەندی پێ بەڕێوە ببردرێت، خۆی بوودجەی وەزارەتی رۆشنبیری چەندە تا بتوانێت بودجەیەك بۆ ئەمە تەرخان بکات، چونکە بەڵگەنامەکانی ئەنفال بۆ نموونە بەڵگەنامەکان وەکو ئەوەی کاك دکتۆر محی الدین باسیکرد، بەڵگەنامەمان هەیە رەنگە پارەیەکی زۆری تێ بچێت، ئایا ئەم بودجەیە خۆی لە وەزارەت بەشی ئەوە دەکات کە تەشخیص بکرێت بە ناوەندێك و ئەو کارانەی پێ بکات، ئەگەر ناکرێت چۆن چارەسەری ئەوە دەکەن، پێشنیاز دەکەم بکرێتە ئەنجوومەنی وەزیران، یەعنی راستەوخۆ لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەشە بوودجەیەکی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئەو ناوەندە بۆ ئەوەی بتوانن کاروبارەکانی خۆیان رایی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم بڕگەیەك بە زنجیرە چوار بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت بەم شێوەیە، چوارەم: پاراستنی ئەرشیف و بەڵگەنامە لە ژینگەیەکی مادی گونجاو بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە

کاریگەرییە ژینگەییەکان و پاراستنیان و هەڵگرتنیان بەپێی شێوە جیاوازەکانی ئەرشیف کە پارێزراوبن لە پلەی گەرما و شێداری و هۆیەکانی هەڵگرتنی ئەرشیف و ئامێرەکان و پاراستنی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان لە سووتان و لافاو و زیندەوەر و بەکتریاکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی دووەم لە خاڵی یەکەمدا سوود لێوەرگرتن پێویستە پێکەوە بنووسرێت، لە بڕگەی دووەم خاڵی دووەم رستەکە لە راستیدا ناڕوونیەکی تێدایە دەڵێت گەڕاندنەوەی ئەو ئەرشیفانەی کە لە بەرژەوەندی گشتی هەرێم دان کە لە ئێستادا لە دەرەوەی وڵاتن یان وێنەیەکی وەرگیراویان، یەعنی لە راستیدا هیچ فیعلێکی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی رستەکە نا روونە، بۆیە پێویستە لە کۆتاییەکەدا بنووسرێت لە بەرگیراویان ئەرشیف بکرێت یان بگەڕێندرێنەوە، وە لە داڕشتنەوەکەشی پشتیوانی لە قسەکانی کاك بەهمەن دەکەم لە ناوەڕاستەکەی، وە ئەوەی تر لە راستیدا بڕگەی دووەم خاڵی سێیەم هەماهەنگیکردنیش پێویستە لەسەر یەك بنووسرێت، وە لە خاڵی چوارەمدا کە باسی ئەنجوومەن دەکات هەر وەکو لە ماددەی یەکەم پەرلەمانتاران باسی ئەوەیانکرد کە ئەنجوومەن پێویستە کە لێرەدا هاتووە لە ماددەی سێیەم، بەڵام کە تۆ دێی تا ماددەی سێیەم هیچ باسی ئەنجوومەن نەکراوە نازانی ئەو ئەنجوومەنە لە کوێ هاتووە، بۆیە ئەنجوومەن لێرە هاتووە کەچی لە ماددەی یەکەمدا باس نەکراوە، بۆیە پێویستە ئەنجوومەن و ئەرکەکانی کە لێرەدا لە ماددەی پێنجەم باسکراوە پێویستە لە ماددەی یەکەم پێناسەی بۆ بکرێت بۆ روون ئاشکرا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لە ماددەی سێیەم لە بڕگەی یەکەم ئەو فەقەرەی بۆ زیاد بکرێت کە ناوەندێك لە هەرێمی کوردستان بە ناوی ناوەندی ئەرشیفی کوردستان دابمەزرێت و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و رۆشنبیری و لاوان بێت، لەبەر ئەوەی شەهامەتی و مەردایەتی گەلی کورد لە مزگەوت و خانەقا و تەکیەکانەوە دەستی پێکردووە، بۆیە پێویستە وەزارەتی ئەوقافیش زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم بیتە بەڕێوەبەرایەتییەك لە هەرێمی کوردستان بە ناوی ناوەندی پاراستنی بەڵگەنامەکان دادەمەزرێت و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەبێت و بارەگای سەرەکی لە هەولێر دەبێت، دووەمیش ناوەند و تایبەتمەندییەکان پشتگیری لە قسەکانی کاك بەهمەن دەکەم بۆ خاڵی دووەم و سێیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم ناوەندێك لە هەرێمی کوردستان بە ناوی ناوەندی ئەرشیفی کوردستان دادەمەزرێت خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە و سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەبێت بارەگای سەرەکی لە هەولێر دەبێت، سەبارەت بە وشەی بارەگا رەنگە زیاتر ئەم وشەیە رەهەندی حیزبی هەبێت هەڵبگرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێت بە بنکە یاخود ناوەند، وە لە کۆتاییشدا لە سەرجەم پارێزگایەکانی هەرێمی کوردستان لقی هەبێت، سەبارەت بە بڕگەی دووەم خاڵی دوو پشتگیری لە قسەکانی کاك دابان دەکەم، وە سەبارەت بەخاڵی سێیەم هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دیارە ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا رەنگە دەیان یان چەندین ناوەند هەبێت کە چەندین ساڵە بەڵگەنامەیان لای خۆیان پاراستووە، بۆیە داوای روونکردنەوە لە لیژنەی بەڕێز دەکەم بزانم چۆن دەتوانن بە نموونە لەگەڵ ئەم ناوەندانە بۆ رادەستکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەلای ناوەندەکانە، وە لە هەمان کاتیشدا لە پای ئەو هەوڵ و ماندووبوون و پاراستنی ئەو بەڵگەنامانە چەند و چۆن پاداشتی ئەم ناواندانە دەکرێت ئەگەر بەڵگەنامەکان رادەست بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەی رەنگە سەرەنجی عەمەلی لەسەر ببێت، یەکەمیان: ئێستا لە واقیعی کوردستاندا کۆمەڵێك ناوەندی گرنگ و کاریگەر هەن، وە ئەزموونێکی زۆریان هەیە هەر لە ئەزموونی ئەرشیفیکردنی بەڵگەنامەوە تا شێوازی بەکارهێنانیان، لەم ماددەیە هیچ میکانیزمێکی مامەڵەکردن ئایا هەماهەنگیە، تەبعەن ئێستا ئەم ناوەندە ناوەندی حکومی نین تا ئیجبار بکرێن بەڵگەنامەکانیان لێوەربگیرێتەوە، رەنگە نەشی فرۆشن، میکانیزمی کارکردن چییە، دوور لە رووی واقیعیەوە رەنگە ئەم ناوەندانە توانای زۆر باشیان هەبێت ئەزموونیان هەبێت بەرامبەر بەوەی کە تۆ موئەسەسەیەك دروست دەکەیت و چەند کارمەندێکی بۆ دادەمەزرێنی یان نەقلی

دەكەی ئەو ئەرشیفەیان نیە، لێرە بەر یەككەوتن روو دەدات، بۆ نموونە ئێستا ئەو ئەزموونەی لە سلێمانی لە ناوەندی ژیندا هەیە بۆ ئەرشیفكردن رەنگە لە هیچ ناوەندێكی حكومەتدا نەبێت كە دۆكیۆمێنتی زۆر گرنگی لێیە، یەعنی ئەمە هەست دەكەی هیچ وردەكاریەكی تێدا نەكراوە، دووەمیان: لە هەموو شارێك ئەرشیف تایبەتمەندی خۆی هەیە كۆمەڵێك دۆكیۆمێنت هەیە دەبێت لە دهۆك بێت، یان كۆمەڵێك دۆكیۆمێنتی سلێمانی كە پەیوەندی مێژوویيە گرنگە رەنگە لەوەبێت كە لەو شوێنە بێت، بۆیە ئەگەریش كرا لەم هەموو شوێنانە رەچاوگیری بكرێت، ئەوەی تری بودجەكەش دەقیقە ئەم بابەتە بابەتی دۆكیۆمێنت جار وایە بەڵگەنامەیەك بە ملیۆنان دۆلارە لە دنیا، وەزارەتی رۆشنبیری خۆی بودجەی تەشغیلی چەندە بۆ ئەوەی تەرخان بكات، بەڵام لە رووی واقیعی ئیدارییەوە مادام ئەم شوێنە سەر بەوەزارەتی رۆشنبیریە لە رووی ئیدارییەوە بودجەكەی دەبێت لە وەزارەتی رۆشنبیری وەرگرێت، چونكە هیچ بەرێوابەرایەتیەك نییە هیچ ناوەندێك نییە سەر بە وەزارەتێك بێت ببەسترێتەوە بە ئەنجوومەنی وەزیران، بۆیە من هیوادارم بۆ ئەوەی یاساكە جێ بەجێ بكرێت بە تایبەتی لەگەڵ ناوەندە گرنگەكاندا ئەوانەی كە ئێستا كە وەكو ناوەندی ژین و ناوەندەكانی تریشن گفتوگۆ بكرێت، یەعنی پەلە نەكرێت لە نووسینەوەی راپۆرت بۆ ئەوەی یاساكە دەربچێت بۆ ئەوەی دواجار تووشی بەریەككەوتن نەبین، وە موئەسەسەیەك دروست نەكەین و نەشتوانێ هیچ كاریگەرییەكی ئەوەتۆی هەبێت و تەنها مەسروفێكی ئیداری بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سێ تێبینی هەبوون ئێكیش وان هاتنە گوتن، دووێ دی سەبارەت ب ماددەیا سێ یا ئێكێ ئەگەر ڤی شێوەی بێتە داڕشتن دێ جوانتربیت لە هەرێمی كوردستان ناوەندێك بە ناوی ناوەندی ئەرشیفی كوردستان دادەمەزرێت و لە هەولێر دەبێت، تێبینیا من یا سێیەم، دووەم: بڵێین ناوەند تایبەت دەبێت بە، نەك بڵێین ناوەند (تایبەتمەند دەبێت بە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك علی بەشێك لە قسەكانی منی كرد پشتیوانی دەكەم، هەروەها پشتیوانی لە قسەكانی خاتوو شیرینش دەكەم، لەسەر دروستكردنی ئەو ناوەندە كە دەڵێت بنكەی سەرەكی لە هەولێر دەبێت، من پێشنیار دەكەم ئەم رستەیە زیاد بكرێت لەسەرجەم پارێزگاكانی هەرێمیش لقی هەبێت، بۆ ئەوەی ئیجبار نەكرێن بەوەی كە ئەو ئەرشیفانە بگەرێنەوە، دوای ئەوە بابەتێك هەیە لە رووە عەمەلیەكەیەوە كە كاك علی باسیكرد من دەمەوێت كەمێك لەسەری بووەستم، ئەوەی كە تا چەند ئەم یاسایە دەچێتە بواری جێ بەجێكردنەوە، ئێمە نامانەوێت هەر یاسایەك دەربكەین و

بڵێـین ئەوە بـووین بە خـاوەن یاسـای ئەرشـیف و بەڵگەنـامە، دەبێـت بچێـتە بـواری جـێ بەجێکردنەوە، بەم شێوازە بێت تۆ مـامەڵە لەگەڵ ئەم بنکانەدا بـکەی کە پێشـتر هەبـوون یـاخود ئەو ناوەنـدانەی کە بەڵگەنامەیـان کـۆکردۆتەوە و ناوەنـدێکی ئەرشـیفن، ئـێمە تـاوەکو ئێسـتا بەشێکی زۆر ئەرشیفی گرنگ لە دەستی شەخص و حیزبدایە، وە ئامـادەنین رادەسـتی بـکەن لای خۆیـان هەڵیـانگرتووە، ئەرشـیفی گـرنگن پەیوەندیـدارن بە شـەڕی نـاوخۆ و دوو ئیـدارەیی و رژێمەکانی پێشوو، یەعنی ئامادەنین ئەم بەڵگەنامانە رادەست بکەن، چۆن مـامەڵە لەگەڵ ئەمەدا دەکرێت، ئەگەر بکرێت سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەند وەڵاممان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا سێیەم خاڵا ئێکێ ئەز پشتەڤانیا د. محی الدین و کاك سیپانی دکەم، لە خـاڵا دووێدا دیسان ئەز پشتەڤانیا کاك بەهمەنی دکەم بۆچوونا وی سەر خاڵا دووێ و خـاڵا یـا سـێیەم ژی کو دڤێتن بودجەکا تایبەت هەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا سێیەم دامەزراندنا ناوەندا ئەرشیفی کوردستان یان بەڕێوەبەرایەتیا گشـتی بیـتن هەردووکـی دەسـتکاری هەیکەلیەتـا وەزارەتـا دێ دێتەکرنـێ، ژبەر هەنـدێ جارەکـا دی ئەز دووپـات دکەم ماددەیـا ئێکێـدا ل پێناسـەکان ناوەنـد بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی بیـتن، چـونکی ل ماددەیا دێڤ را دێتن مەرجێت رێـڤەبەری دێـتن کـو بە کەلۆریـۆس کەمتـر نەبیـتن و بەشـێت وی پێـك دێـتن وەزارەت بودجەیەکـا بـۆ تەرخـان دکەتـن، ئایـا بـۆچی نـابیتە بەڕێوەبەرایەتیـا گشـتی تابعێ وەزارەتـێ بیـت، سـەبارەت ب خـاڵا سـێیەم ئەز دگەل هەندێـدامە بڕگەیـا سـێ بێـتە لادان، بڕگەیەکا زێدەترە، هەروەسا پشتگیریا شیرین خانێ دکەم کو بارەگا پتر بۆ بابەتێت حیزبی دێتن، ئەڤە بێتە لادان، پرسیارەکەم ئەڤەیە ئایا بۆچی تنێ بارەگەیا سەرەکی ل هەولێـرێ بیـتن، یەعنـی ئەرشیف ل دهۆکێ ژی هەبیتن و دێ ل هەڵەبجەی ژی هەبیتن و دێ سلێمانی ژی هەبیـتن، بـۆچی ئەڤ تایبەتمەندیە دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری لە قسـەکانی مامۆسـتا هلـز دەکەم، ئیـزافەتەن بـۆ ئەوە کە ئـێمە لە مـاددەی یەکیشـدا باسمانکرد بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەرشیفکردن، چـونکە کـارە ئەرشـیفکردن، ئەگەر هەیکەلیەتـی

وەزارەت بۆ بەڕێـوەبەرایەتییەك دابمەزرێـت بـۆ ناوەنـدەكەش هەبێت دەبنرێـت، چـونكە دەڵێـت دادەمەزرێت، ئینجا نووسـراوە سـەر بە وەزارەتـی رۆشـنبیرییە، ئەمە كە لە پێشـدا پێناسـەكراوە دەڵێت وەزارەت وەزارەتی رۆشنبیری، پێویست ناكات تۆ ئێستا بێیتەوە بڵێـی سـەر بە وەزارەتـی رۆشنبیریە، ئەوە هەر لابرێت، بارەگای سـەرەكی لە هەولێـر دەبێـت دەتـوانین بڵێـین لقەكانیشـی لەسەرجەم پارێزگاكانە، بۆ نموونە ئێستا من ئەرشیفێكم لە هەڵەبـجەیە و ئەم مـاددەیە مـولزەمی كردووم بیهێنم بۆ ئەو بارەگایە، مەعقولە ئەم هەم ئەركە بكەوێتە سەر شانی من بـێم ئەرشـیفێك دانێم لە هەولێر ئەی بـۆ لە لـقەكەی خـۆم داینەنـێم دوایـی ئەوان خۆیـان پەیوەنـدیان بە یەكەوە هەبێت، سەبارەت بە بڕگەی دووەمیش لە تایبەتمەندیەكان لە خاڵی سـێیەم مـن دەپرسـم لیـژنەی تایبەتمەند هەماهەنگی كردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانـدا ئەمە تایبەتمەنـدیە یـان تەحسـیل حاسڵە، یان هەر ئەركێكی تر كە ئەنجـوومەن پێـی دەسـپێرێت ئەمە دەكرێـت نـاوی تایبەتمەنـدی لێبنرێت، لە بڕگەی سێیەم ناوەند بەشە بودجەیەكی تایبەتی لە چوارچێـوەی بـودجەی وەزارەتـدا دەبێــت ئەوە هەر لابرێــت، چــونكە هەمــوو وەزارەتێــك بــودجەی هەیە لە هەر بەشــێكی وەزارەتیشدا خۆی ئەو وەزارەتە مولزەمە بەوەی كە بەشە بوودجەیەكی بـۆ دابنرێـت و پێویسـت ناكات لێرە بێتەوە، لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان كاك صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشـتگیریم بـۆ كـاك دابـان و شـیرین خـان و ئاشـنا خـان، لە بـڕگەی دووەم پێشـنیار دەكەم خاڵێك زیاد بكرێت بە ریزبەندی ژمارە پێنج ئەمە زیاتر بۆ جەختكـردنەوەیە لە پارێزگـاریكردن لە ئەرشـیفەكان و بەڵگەنامەكـانی خۆمـان، خـاڵی پێـنجەم: لیـژنەیەك پێكبهێنێـت تـایبەت بێـت بە هێنـانەوەی بەڵگەنامەكـانی ئەنفـال و جینۆسـاید لە حكـومەتی ناوەنـد، ئەمە تەنهـا بـۆ زیـاتر جەختكردنەوەیە لەبەر گرنگی بابەتكە، پرسیارێكیشم هەیە بۆ لیـژنە ئایـا لیـژنەی بەڕێـز لە كوێـدا مەبەسـتتان ئەرشـیفە، وە لە كـوێ مەبەسـتتان بەڵگەنـامەیە، چـونكە وەكـو باسـمانكرد جیـاوازن، هاوڕێیان ئاماژەیان پێدا، ئەو دوو وشەیە جیاوازن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنە قسەتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ســەبارەت بە هەماهەنگیكردنمــان لەگەڵ ئەو لایەنە پەیوەندیــدارانەی كە ئێســتا ئەرشــیف و بەڵگەنـامەی زۆر گرنگیـان هەیە، پێگومـان ئەم پێشـنیازە یاسـایە بەر مەبنـای بەرچـاوڕوونی ئەو بەڕێـزانەی كە ئەو ناوەنـدانەیان هەیە، وە هاوكـاریكردن و هەمـاهەنگی كردنـی ئەو ناوانـدانە بـۆ گرنگ بوونی یاسایەك بۆ پاراستنی ئەم ئەرشیفانەی كە لەلایەن ئێوە ئەو بەڵگەنامە گرنگـانەی كە ئێستا لایەنە گرنگانەی هاوشێوەی ئێوە كە كـاك علـی ئامـاژەی پێكـرد بـنكەی ژیـن بە بەردەوامـی

هەماهەنگیمـان هەبـووە و لەسـەر مـاددە بە مـاددەی ئەم پێشـنیازە یاسـایانە تێبینیەکـانی ئەوان جێگەی کراوەتەوە، وە هەموو ناوەندانەی تریش کە لە هەرێمی کوردستان هەن بـۆ ئەم پێشـنیازە یاسـایە پشـت بەسـتکراوە بە پشتبەسـتن بە رێکخراوێکـی ئەمریکـی کە هەمـاهەنگن لەگەڵ سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، پێشنیازە یاساکەیان بەراوردکـردووە بە دە یاسـا لە وڵاتـانی دنیـادا بـۆ ئەوەی بتـوانن ئیسـتیفادەی لێـبکەین، وە بە راپـۆرتێکی پەنجـا لاپەڕەیـیەوە وەڵامەکەمان بۆ هاتەوە و سوودمان لە تێبینیەکانیان وەرگرتووە، سەرەڕای ئەوە ئێمە لەسـەر ئەم پێشـنیازە یاسـایە دوو ورك شـۆپمان کـردووە لە شـاری هەولێـر و لە شـاری سـلێمانیش بە بانگهێشتیکردنی کەسانی پسپۆر و شارەزا و خـاوەنی ئەو ناوەنـد و بنکـانەی کە هەن، وە تـاوەکو ئەم شەویش ئێمە بەردەوام پەیوەندیمان هەبووە لەگەڵ مامۆستا بەڕێزانەی کە ئەم ئەرشـیف و ناوەنـدانەیان هەیە، ئەو بەڕێـزانەی کە پرسـیاریان هەیە لەسـەر چـۆنیەتی تەعـامولکردن لە ناوەندەکان لەگەڵ ئەم یاسایە پێموایە بگەنە سەر مـاددەی دەیەم بەرچاوڕوونیـان زیـاتر دەبێـت، لە مـاددەی دەیەم زۆر بە روونـی و بە ئاشـکرا باسـی ئەوەکـراوە کە ئەم ناوەنـدەی کە سـەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە وەزارەتی رۆشنبیرییە چۆن تەعامول دەکـات لەگەڵ ئەو شـوێن و جێگـانەی کە ناوەنـدی ئەرشـیف یـاخود بەڵگەنـامە و دەستنووس و هەر بـابەتێکی تریـان لەلایە، بێگومـان ئەو بابەتـانەی کە بـابەتی ئەرشـیفی نیشـتیمانی دەوڵەتـین ئەوە پێویسـت دەکـات لەسەریان بیگەڕێنەوە بۆ ناوەند، چونکە ئەمانە موڵکی دەوڵەتن لە کوردسـتاندا پێویسـت دەکـات حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پارێزگـاری لێبکـات، سـەبارەت بەو بابەتـانەی کە شـتی تـایبەتن لەلایـانە ئەوە رێکـاری تـایبەت دانـراوە لەسـەر ئەم بـابەتە، سـەبارەت بەوەی چەنـدین جـار ئەم پرسیارەکرا من پێشتر لەسەر وەڵامی بەڕێز کاك شێخ ظاهر وەڵامم دایەوە، کە ئەم ناوەندە وەکو یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لە یاسـای ژمـارە (١٢)ی سـاڵی (٢٠١٠) یاسـای وەزارەتـی رۆشنبیری و لاوان لە ئەرك و ئامانجەکانی وەزارەتـی رۆشـنبیری لە بـڕگەی حەوتەمـدا بە وازحـی باسـی ئەوە دەکـات دامەزرانـدنی کتێبخـانەی نیشـتیمانی و ناوەنـدی سـەنتەری بەڵـگەداری و ئەرشیفکاری کوردستان، واتە ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، وە بـۆ رێزگـرتن لە هەمـوو ئەو وەزارەتـانەی تـر کە کـار لەسـەر ئەم بـابەتە دەکەن بە تـایبەتی وەزارەتـی ئەوقـاف، هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا کە ئێستا لە زانکۆکانی بە تایبەتی لە زانکۆی سۆران و سـلێمانی سەنتەری تایبەت بەئەرشیفکاری وکۆبوونەوەی ئەم بابەتانە دەیـانگرێتەوە لەو ئەنجـوومەنەی کە وەزیر سەرپەرشتی دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر هەردوو وەزارەتـی خوێندنی باڵا و وەزارەتی ئەوقاف کە کەسێك بە نوێنەرایەتیـان لە نـاو ئەو ئەنجـوومەنە دەبـن و پلەیـان لە بەڕێـوەبەری گشـتی نابێـت کەمتـر بێـت، وە لە نـاو ئەو ئەنجـوومەنە دەبێـت و بـۆ موشـارەکردن و رێکخسـتنی ئەم بابەتـانە، سـەبارەت بە بەڵگەنـامە یـاخود ئەرشـیف کە ئـێمە لە پێناسـەی یەکەمـدا وەکـو باسـمانکرد ئەمـانە ئەزمـوونی کـاری ئـێمە نـیـە لەم مەجـالەدا، چـونکە کەسانی بە ئەزموون تر و شارەزاتر و مامۆستای گەورەتر لەم مەجالەیەدا کـار دەکەن لە هەرێمـی کوردســتاندا بە هەمــاهەنگیکردن لەگەڵ ئەوان پێناســەکان داڕێــژراوەتەوە و کــار لەســەر بابەتەکـانکراوە، ئەگەر لە مـاددەی یەکەم پێناسـەی ئەرشـیف بـاس بکەیـن دەڵێـین زانیـاری و

بەڵگەنامەی تۆمارکراون، یەعنی ئێمە بەڵگەنامەمان خستۆتە ئەرشیف بابەتێکی گەروەترە، وە فراوانترە، بەڵگەنامە بەشێکە لە ئەرشیفکردن، لەبەر ئەوە ئێمە لە بڕگەکانی دواتردا کە دەڵێین دەستخستنی ئەو بەڵگەنامانە و دەخستنی ئەو ئەرشیفانەی کە هەن ئێمە لە پێناسەکەدا تەوزیحمانکردووە کە چۆن دەبێت و چۆن نابێت لە راستیدا، سەبارەت بە بوونی لق لە پارێزگاکانی تر بابەتێکی بەجێیە و بە هەندی وەردەگرین، وە ئێمە لە بڕگەی دوواتر لە بڕگەی دەیەمدا لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی رێکەوتووین لەسەر ئەوەی کە ئەو ناوەندانەی بۆ نموونە وەکو بنکەی ژین و ئەنستیتیوتی کەلەپوری کورد و دەزگای ئاراز و هەر دەزگایەکی تر کە گرنگیدان بە ئەرشیفی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەکەن لەسەر ئەم بابەتە دەتوانین بە ماددەیەك رێکی بخەین لەوەی کە دتوانین وەکو لقێك سەر بەم ناوەندە بە کارەکانی خۆیان رێك بخەن، من هەر ئەوەندە تەوزیحەم هەبوو و هیوادارم پەیامەکەم گەیشتبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەپرسن بۆ بارەگای سەرەکی لە هەولێر هەیە، هەولێر پایتەختە هلز خان، ئەی بۆ پەرلەمان لە هەولێرە، دەکرێت لقێکی لەوێ هەبێت، شیرین خان دەڵێت بۆ ناوەندێك لە هەرێمی کوردستان، سەرەتا دوو دێرە بە خۆی ناوەندێك لە هەرێمی کوردستان بە ناوی ناوەندی ئەرشیفی کوردستان، دیسان ئێمە بێین ناوەندێکی تر زیاد بکەینەوە لە دوو خەتی سێ ناوەند، بەڵام دەکرێت لق بێت، دەکرێت بنکە بێت، ئەوەی تر ئاشنا خان ئەگەر ماددەی دەیەمت بخوێندایە کە چوار خاڵە بە وازحی بۆ سەرچنار خانیش دەڵێت ئەرشیفێکی لابێت دەتوانێت بە ماوەیەك بیهێنێت و پاداشتێکی باشیش وەردەگرێت، ئینجا ئەوەی لە هەڵبجە هەی بوو با بێنێت پاداشتێکی باش وەردەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی زۆر بەجێ پێشکەشکرا ئێمە هەوڵدەدەین لە راپۆرتی هاوبەشدا دواتر ئەوانە جێگایان بکەینەوە بە دڵنیاییەوە، بە نیسبەت ئەو پێشنیازەی کە پەیوەندیدارە بە بڕگەی یەکەمی کە پێشکەشکراوە تەبعەن سەرچنار خان دەڵێت وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، لەبەر ئەوە ماددەی یەکەم پێناسەی وەزارەت نەکراوە، بۆیە ناڵێین سەر بە وەزارەت بێت، هەر ناچارین وەکو خۆی دامانناوە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، بەڵام ئەوەی کە مەسەلەن بارەگا تەبعەن بۆ حیزب بەکار دەهێندرێت زیاتر ئۆفیسی سەرەکی بۆ نموونە لە هەولێر بێت و لق یان نووسینگەی لە پارێزگاکانی تردا هەبێت، ئەمە بۆ ئەو دۆکیۆمێنتانەی کە کاك علی باسیکرد، مەسەلەن هەندێك دۆکیۆمێنت هەیە پەیوەندی بە سلێمانیەوە هەیە یان لە گەرمیانەوە هەیە مەسەلەن پەیوەندی

به ئەشکەوتی قەلای شێروانەوە هەیە، بەڵێ، لە هەڵەبجە هەیە یان لە فلان ئەمانە باشترە لە شوێنەکانی خۆیان و لە نووسینگەکانی خۆیاندا ئەو دۆکیۆمێنتانە ئەرشیف دەکرێت، وە شتێکی بە جێیە، بۆیە پێویست دەکات ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین وەکو سەرۆکی لیژنەش ئاماژەی پێکرد، خاڵێکی تر هەیە کە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی ئەو دۆکیۆمێنتانەی کە ئێمە پرسیارکرا ئایا ئەرشیف چییە و بەڵگەنامە چییە، تەبعەن ئەرشیف جێگای هەڵگرتنی بەڵگەنامەکانە، ئەگەر دیقەت بدەن جێگەی هەڵگرتنی بەڵگەنامەکان هەڵبەتە بڕگەی دووەمیان و خاڵی دووەم تێبینی زۆر باش پێشکەشکرا لەسەر ئەو مەسەلەیە و ئەو دارشتنەوەش سەرجەمی دەگۆڕین، بۆ نموونە گەڕانەوەی بەڵگەنامانەی پەیوەندیان بە گەلی کوردستانەوە هەیە، شەرت نییە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان بن راستە، هەموو ئەم بەڵگەنامانەی پەیوەندیان بە گەلی کوردستانەوە هەیە لە ئێستا لە دەرەوی وڵاتن یان کۆپی کراون لەبەرگیراون ئەوانە، یەعنی کەواتە ئەم پێشنیازانەی ئێوە دڵینابن بە هەندی وەردەگرین و لە راپۆرتی هاوبەشدا جێگایان بۆ دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێوە وەڵامەکانتان کۆ بکەنەوە بە سەرۆکی لیژنە بدەن با ئەو وەڵام بداتەوە، ئەوا نابێت، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ روونکردنەوەی هاوڕێیانم لە لیژنە، هەروەها دەکرێت لە پارێزگاکاندا لە هەر پارێزگایەك لقێك هەبێت لقەکان خاوەنی پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆیان بن، هەروەها لقەکان خاوەنی بۆرد و دەستەی بەڕێوەبردنی تایبەت بە خۆیان بن، ساڵانە بودجەی گشتی ناوەند بودجەیەکی تایبەت بە گوێرەی گرنگی پێداویستی بۆ لقەکان دابین بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی چوارەم بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

یەکەم: ناوەند بەڕێوەبەرێکی دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەبێت و پسپۆر و شارەزا بێت لە بواری ئەرشیفکردندا و لەم بەشانە پێکدێت:-

١ -بەشی کارگێڕی و دارایی.

٢ -بەشی ئەرشیف و تۆمار.

٣ -بەشی توێژینەوە.

٤ -بەشی پەیوەندیەکان.

٥ -بەشی تەکنیکی.

دووەم: ناوەند دەستەیەكی بەڕێوەبردنی دەبێت و پێكدێت لە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشەكانی ناوەند.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت گفتوگۆ بكەن لەسەر ماددەی چوار دەتوانێت ناوی خۆی تۆمار بكات، ئەم بەڕێزانەی ناویان تۆماركردووە (مامۆستا ابوبكر، د.اسماعیل، كاك مەم، كلارا خان، كاك بەهمەن، لەنجە خان، گوڵستان خان، دكتۆرە شایان، ئاشنا خان، كاك رزگار، شیرین امین، مەلا ناصر)، كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم اسكندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم فەقەرەی یەكەم كاتێك باسی ئەرشیفكردنی بەڵگەنامەكانی گەلی كوردستان دەكەین ئێمە باسی سامانێكی زۆر گەورە دەكەین، بۆیە پێشنیار دەكەم بەم شێوەیە لێبكرێت ناوەند بەڕێوەبەرێكی دەبێت لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بێت نەك بەكالۆریۆس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كلارا خان فەرموو.

**بەڕێز كلارا عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم یەكەم ئەز پێشنیار دكەم كو لایەنی كەم بهێتە لادان، یەعنی بۆچی ئەڤ پەیڤە زێدە بكەین، ناوەند بەڕێوەبەرێكی دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس بێت (و) ژی بێتە لادان، یەعنی ئەو هەڵگرێ بەكالۆریۆس پسپۆر و شارەزا بێت لە بواری ئەرشیفكردن لەم بەشانە پێك دێت، بەشێك زێدە بكەن ئەو بەش ژی زۆر گرنگە بەشی كۆمكرن زۆر گرنگە، وە ل پارێزگەهان لق هەبیت ئەڤ بەشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز بەهمەن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا تێبینیەكم هەیە ئەگەر هاوڕێیانم بە روحێكی ریازی لێم وەربگرن، یەعنی ئێمە یاسا دەردەكەین بۆ ئەرشیفێكی نیشتیمانی، یەعنی تكایە با لە یەكتری تێبگەین و جوانتری بكەین، یەعنی دەمانەوێت دەسەڵاتێك بدەین بە حكومەت ئەرشیفی نیشتیمانیمان بۆ كۆ بكاتەوە، نەك بەیانی سلێمانی داوا بكات و دهۆك و هەڵەبجە داوا بكات والله منیش لە كەلار داوا دەكەم ئەرشیفی نیشتیمانی لە كەلار بێت، ئەمە كۆكردنەوەی ئەرشیفی نیشتیمانیە، قەی چیدەكات با بارەگاكەی لە هەولێر نەبێت كە پایتەختە لە پایتەخت رۆشنبیری بێت لە سلێمانی بێت، بەڵام ئەرشیفی نیشتیمانی لە هەموو وڵاتێك یەك ئەرشیفی نیشتیمانی هەیە، نەك لق و پۆپ، دەكرێت لقی هەبێت بۆ دەستخستنی ئەو بەڵگەنامانەی كە لەو شارانە كە دەست دەكەوێت،

شوێنەوارێکی مێژووییە، بەڵگەنامەیەکی دەستنووسی مێژوویی هەیە تایبەت بەو شارە، ئەمە بەڵگەنامەی نیشتیمانی و نەتەوەییە، ئەی باشە ئەی سبەی کەرکووك، ئەی کەرکووك چی لێبکەین، یان خانەقین چی لێبکەین، بۆیە بەڕاستی با ئەمە نەبێتە مەسەلەی شارچێتی ئێمە بەڵگەنامەی مێژوویی کۆ دەکەینەوە، لە مەسەلەی ئەو ماددەیە ناوەندێك بەڕێوەبەرێکی دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، دیارە من لەگەڵ ئەوەنیم بەڕێوەبەر بێت، چونکە لە ماددەی دوای ئەوە هاتووە دەڵێت ئەنجوومەنێك پێکدێت وەزیر سەرپەرشتی دەکات کە ئەنجوومەنێکە کە نوێنەری ئەو وەزارەتانەی تێدابێت لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، ئەو لێرە خۆی بەڕێوەبەرە، بەڕێوەبەرەکە خۆی لەوێ ئەندامە چۆن بەڕێوەبەرێك لە نێوان ئەو هەموو بەڕێوەبەرە گشتییە ئەندامە، من لەگەڵ ئەوەم بەڕێوەبەری گشتی بێت، چونکە ئەمە کارێکی گرنگە مەسەلەی ئەرشیف و ئەرشیفسازی کارێکی گرنگە بە بەڕێوەبەرێکی ئاسایی ناکرێت، دوو: پسپۆریەکەی شارەزایی هەبێت لە بواری مێژوو و بەڵگەنامە مێژووییەکان و ئەرشیفکردن، نەك هەر بە تەنها ئەرشیفکردن، بەشەکانیشی پێموایە ئەوە زیاد بکرێت دوو خاڵ زیاد بکرێت بەشی شوێنەوار و مێژوو زیاد بکرێت لەو بەشانە، بەشی بەدواداچوون و دەستخستنی بەڵگەنامەکان، دەکرێت ئەوەی دووەمم کە دەیڵێم لەگەڵ پەیوەندییەکان گرێ بدرێت بکرێتە یەك خاڵ، بکرێتە پەیوەندییەکان و بەدواداچوون و بە دەستخستنی بەڵگەنامەکان، یان ئەوە بکرێتە خاڵێکی سەربەخۆ زۆر باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهجت فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هاتنە کرن لەلایەن بەڕێز کاك بەهمەنی ڤە پشتگیریا وی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرمووو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم لە بواری ئەرشیفکردندا ئەوە زیاد بکرێت بە مەرجێك خزمەتی لە دە ساڵ کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان سێدەری فەرمووو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم من پێشنیار دەکەم بەشی ئەرشیفی شۆڕشی کوردستانی بۆ ئیزافە بکرێت، هەروەها بەشی دووەمیش ناوەند دەستەیەکی بەڕێوەبردنی

دەبێت پێکدێت لە بەڕێوەبەری گشتی و پەرپرسی بەشەکانی ناوەند، هەروەها چوار لقی دەبێت لە هەر پارێزگایەکی کوردستان، واتە یەك لقی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم ناوەند بەڕێوەبەرێکی دەبێت لایەن کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، من پێشنیار دەکەم ناوەند بەڕێوەبەرێکی گشتی دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، بەڵام لە ماددەی پێنجدا ئەو ئەنجوومەنەی کە پێکدێت وەکو کاك بەهمەن ئیشارەتی پێدا ئەوانە هەموویان بەڕێوەبەری گشتییە، ئایا ئەمە دەکرێت سەرۆکی دەستە بێت، بەم شێوەیە هەموویان ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی بن چۆن دەکرێت، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی کاك بەهمەنیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار بڕگەی دوو ناوەند دەستەیەکی بەڕێوەبردنی دەبێت پێکدێت لە بەڕێوەبەر و بەپرسی بەشەکانی ناوەند، لەبەر ئەوەی لەوێ بەڕێوەبەرە پێویستە بکرێت بە ناوەند دەستەیەکی بەڕێوەبردنی دەبێت پێکدێت لە بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری بەشەکان، بەرپرسەکە بگۆڕێت بە بەڕێوەبەری بەشەکان، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی کاك عثمان و کاك بەهمەن و کاك رزگاریش دەکەم بۆ ئەوەی لقی هەبێت لە هەموو ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگاکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم من پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێبێت ناوەند بەڕێوەبەرێکی گشتی دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت پسپۆر و شارەزا بێت لە بواری ئەرشیفکردندا، بەڵام ئەو پسپۆر و شارەزایە بە چ تەخمین دەکرێت، یەعنی فەترەیەکی بۆ دابنرێت بە چ پێوەرێك ئەو کەسە شارەزایە، ئایا دە ساڵە، پانزە ساڵە، پێنج ساڵە چەندە، یەعنی مودەیەکی بۆ دابنرێت ئەو شارەزایە، هەر هەمان بڕگە لەو خاڵانەی کە لەو بەشانە پێکدێت بەشی مێژوو و شوێنەواری زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا ابوبكر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە لەم ماددەیەدا، ماددەی چوارەم بەشی توێژینەوە پلانیشی بۆ زیاد بکرێت، پلان و توێژینەوە، واتە ناکرێت ناوەندێکی وا گرنگ و گەورە ئەو هەموو ئەرکانەی پێ سپاردووە، بەڵام پلانی خۆی نەبێت، خاڵی دووەم لە ماددەکە بەڕاستی زۆر ڕەکیکە، لە پێشەوە تۆ پێناسەی ناوەندت کردووە کە بەڕێوەبەرێکی دەبێت و لەم بەشانەش پێکهاتووە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بنووسرێت ناوەند دەستەیەکی بەڕێوەبردنی دەبێت پێکدێت لە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشەکان کە لە خاڵی یەکەمدا کە تۆ پێناسەت کردووە، لە کۆتاییدا ماددەیەك زیاد بکرێت بڵێت سەرجەم ناوەند و ئەنجوومەن بە پەیڕەوێك پیکهاتووە و کۆبوونەوەکانی ڕێك دەخرێت، یەعنی ئەوە بە پەیڕەوێك دواتر نەك لێرەدا، لەبەر ئەوەی بڕگەی دووەم زۆر ڕەکیکە و زیادیشە لەو ماددەیەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم بڕگەیەکی تر بە زنجیرە سێ زیاد بکرێت بۆ ماددەی چوارەم کە ئەویش ئەو کەسانە دیاری بکات کە ئەرکی پاراستنی ئەرشیفکراوەکانیان پێدەسپێردرێت، کە ئایا ئەو کەسانە کێن، ئەوانە پلەی زانستیان و پسپۆریان چییە، بۆ ئەوەی بتواندرێت بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئەرشیفکراوەکان بپارێزن، وە بە شێوەیەکی گشتیش دەتوانین ئەوانە پۆلێن بکەین بۆ سێ جۆر، کەسانی زانستی، کەسانی هونەری، هەروەها کرێکارانی جێ بەجێکار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرمووو.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم ناوەند بەڕێوەبەرێکی دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و پسپۆر و شارەزا بێت لە بواری ئەرشیفکردن و لەو بەشانە پێکدێت، بە نەرینا من ئەگەر بڕوانامەی بەکالۆریۆس بلا تەمامە ئەو ژی بێت دگەل دا، بەس ئەگەر ماستەر و دکتۆرا ژی بن دی زۆر باشتر بیتن، بۆ هەندێ پتر بشێن خزمەتا کۆمکرنا ڤی ئەرشیفی بکەن، ژبەر هەندێ پشتەڤانیا کاك مەم دکەم بۆ هەندێ، هەروەسا ئەڤ بەشێ خۆ ڤە گرتی گوتی بەشی کارگێڕی و دارایی، بەشی ئەرشیف و تۆمار، بەشی توێژینەوە، بەشی پەیوەندیەکان و بەشی تەکنیکی، ب نێرینا من ئەگەر بەشی ئامار ژی زێدە بکەن ل ڤێرەدا گەلەك باش بیتن، ژ بۆ هەندێ پێتڤیە ئەڤە

هەبیت ژ بۆ کۆمکرن و هەژمارکرنا وا داتایان ل ڤی ئەرشیفی پەیدا دبیت دێ گەلەك باش بیتن ئەڤ بەشە هەبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە قسەکانی کاك بەهمەن دەکەم لە ئەرشیفی نیشتیمانی و لەوەی کەوا بەڕێوەبەرەکە بەڕێوەبەری گشتی بێت، هەروەها لە ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم کە باس لە پێکهاتەی ناوەند دەکات لە خاڵی پێنجەم باس لە بەشی تەکنیکی دەکات، پێشنیار دەکەم ئەو بەشە ببێتە بانکی زانیاری، کە دوو بەرپرسیاریەتی لە خۆی بگرێت، یەك: پاراستنی بەڵگەکان وەکو خۆی، دوو: پاراستنی بەڵگەنامەکان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند، لە داهاتوودا ئەم ناوەندە دەبێت بە سەنتەرێکی توێژینەوەش، یەعنی وەکو سەرچاوەیەکی توێژینەوەی لێدێت بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت توێژینەوە بکەن لەسەر بابەتە جیاجیاکان جا چ مێژوویی بێت، چ ئەو جینۆساید و ئەو ڕووداوانە بێت کە بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا هاتووە، بەسەر گەلی کورد، بۆیە پێمباشە بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو کەسانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان هەتا ئەو نوێنەرایەتیانە و ئەو قونسولخانانەی کە لە هەرێمی کوردستانن بتوانن ئیستیفادە لەو بەڵگەنامانە بکەن کە لە ناو ئەم ناواندانەدا هەیە ئەم ناوەندە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی بەخۆی هەبێت بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، بۆ ئەوەی کە بتوانێت وەکو دەلیلێك بەکار بهێندرێت هەم بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت لە داهاتوو توێژینەوە بکەن، هەم بۆ ئەو گەشتیارانەی کە دێن سەرەدانی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ قونسلخانە و نوێنەرایەتییەکان، دەکرێت ئەم بڵاوکراوەیە مانگانە بێت، وەرزی بێت، ساڵانە بێت، بەڵام ئەویش دیسان دەکەوێتە بەردەستی هاووڵاتیان و بەردەستی ئەوانەی کە دەیانەوێت سوود لەم ناوەندە وەربگرن و گرنگیەکی زۆری دەبێت ئەگەر بێتوو ئەمەش بۆ زیاد بکەن، لێرە دەبێت دیسان خاڵێکی تر بۆ بەشەکان زیاد بکەن بەشی ڕاگەیاندن، یاخود پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵا ئێکێ ئەز پشتەڤانیا وان هەڤاڵانە دکەم گوتی کو ئاستێ بەرپرسێ ببیتە بەڕێوەبەری گشتی، دوو: ئەز پشتەڤانیا مامۆستا ابوبکر هەڵەدنی دکەم ببیتە بەشی پلان و توێژینەوە، خاڵا

سێیەم: زێدە كرنا بەشەكی ببیتە شەش، نوكە پێنجن ببیتە شەش نووسینگەكانی تایبەت بە پارێزگاكان، ببیتە نووسینگەكان یان ئۆفیسەكانی پارێزگاكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. اسماعیل مەبەستت لەو نووسینگانە ئەوانەی كاری ئیداری و كۆكردنەوە بكەن بێتە ناوەندە سەرەكیەكان، بەڵێ، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار دەكەم ماددەی چوار بەشێكی زۆر لە هاوڕێیان باسیانكردووە پشتیوانی هەموویان دەكەم كە باس لەوە دەكەن دیاری بكرێت بە تایبەتی ئەم رستەیە بە مەرجێك خزمەتی لە دە ساڵ كەمتر نەبێت، دەبێت دیاری بكرێت، مەسەلەن بۆ نموونە ئێمە لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١٠)ی زانكۆ و پەیمانگاكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەست نیشانكراوە، مسەلەن بۆ ئەوەی كەسێك ببێت بە راگر یان بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆكی زانكۆ دەبێت خزمەتی زانكۆیی لە دە ساڵ كەمتر نەبێت، ئەم ناوەندەی كە دروست دەكرێت زۆر بە قیمەت و بە ئەرزشە، بۆیە بەڕاستی پێویستە كەسێك دابنرێت كە ئەزموونێكی باشی هەبێت لەم مەجالەكی خۆیدا و دەست نیشان بكرێت، بێجگە لەوەی كە پسپۆر و شارەزا بێت دیاری بكرێت بە مەرجێك خزمەتی لە دە ساڵ كەمتر نەبێت لە بوارەكەی خۆیدا، هەروەها پێشنیار دەكەم نوێنەری ناوەندەكانی بە دۆكیۆمێنت كردنیشی تێدابێت، مەسەلەن ئێمە پێشتر باسمانكرد بنكەی ژین لە سلێمانی هەیە زەرووره كە ئەمانیش نوێنەریان لەم ناوەندەدا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم برگەی یەكەم قسەكانی من كرا پشتگیری لە قسەكانی بەڕێز ئاشنا خان و دكتۆرە شایان و كاك رزگار دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دووبارە تەئكید دەكەمەوە كە خوێندنەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە نا پەیڕەوییە، بەڵام تێبینیشم لەسەر ئەو ماددەیە پێویستە لەو ناوەندەدا بەشی چالاككردنەوە هەبێت، سیانە، كە بەشێكی زۆر گرنگە، بەشێك لە ئەرشیفەكان كە كۆ دەكرێنەوە پێویستیان بە چاككردنەوەی دووبارە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند قسەتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یاخود زیاتر نووسیوومانە بە لایەنی کەم، پێمـوایە هـیچ کێشـەیەکی نیـیە ئەگەر زیـاتر بێـت ئیختیصاصـەکان دەسـت بکەوێـت، لەسـەر وشـەی بەڕێـوەبەری گشـتی خـۆی لە دنیـادا ئەم ناوەنـدانە سـەر بە کتێبخـانەی نیشـتیمانین، وە پارێزگـاریکردن لە ئەرشـیفی نەتەوەیـی و بەڵگەنـامە و سـەنتەرەکان سـەر بە کتێبخـانەی نیشتیمانین لە ڕاستیدا، لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان کتێبخانەی نیشتیمانیمان نیە، وە پلانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەوەیە کە بتوانێت کتێبخانەی نیشتیمانی دابمەزرێنێت، ئەگەر کتیبخـانەی نیشـتیمانی هەبێـت ئەم ناوەنـدە دەبێـت بە بەشـێك لە کتێبخـانەی نیشـتیمانی، بەڕێـوەبەری کتێبخانەی نیشتیمانی پلەکەی بەڕێـوەبەری گشتییە، وە دوو بەڕێـوەبەری گشتی لەناو یەك هەیکەلی ئیداریی تۆزێك زەحمەت دەبێت، وە ئەگەر کەسێك بەڕێوەبەری گشتی بێت یاخود بەڕێوەبەری گشتی نەبێت گرنگ کارەکەیە، هەموومان دەزانین مامۆستا مەزهەری خالقی و مامۆستا ڕەفیق بەڕێوەبەری گشتیش نین بە قەدەر سێ حکومەتیش توانیوویانە خزمەت بەم بوارە بکەن لە ڕاستیدا، لەبەر ئەوە بەڕێوەبەری گشتییەکە هیچ کێشەیەکی بۆ دروست ناکات، ئێمە بەپێـی یاسـای وەزارەتـی ڕۆشـنبیری کە هەیە دەڵێـت ناوەنـدێك ئەگەر نـا ئـێمە خەونمـان ئەوەیە نەك بەڕێـوەبەرایەتییەکی گشتی بەڵکو وەزارەتێکی سەربەخۆ بێت لەسەر ئەم بـابەتە، بۆیە هیچ کێشەیەك لەسەر ئەم بابەتە دروست ناکات، سوپاس بـۆ تێبینیەکانی ترتـان کە هەتانە، سـەبارەت بەوەی کە زۆر بەداخەوە کە پـێش دەکەون لە ماددەکـان لە مـاددەی پێـنجەم باسمانکردووە کە وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـت و گـوزار ئەنـدام دەبێـت لەو ئەنجـوومەنەی کە جەنابی وەزیر سەرەپەرشتی دەکات و هەموومانیش دەزانین کە شوێنەوار بەشێکە لە وەزارەت، لەبەر ئەوە دەبـوایە ئەو بەڕێـزانە هەنـدێك وردتـر بوونـایە لەم بـابەتە، مـژدە خـان هەر چەنـدە جەنابیـان لێـرە نـین بەڕێـوەبەرایەتی شـوێنەوار بەشـێکە لە وەزارەتـی شـارەوانی، ناکرێـت ئـێمە وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا بنووسـین و وەزارەتـی ئەوقـاف بنووسـین، بنووسـین بەڕێـوەبەرایەتی، بەڵکو دەبێت ئاماژە بە خودی وەزارەتەکە بکەین، وبێگومان لەکاتی نـاردنی نوێنەریانـدا وەزیـری شـارەوانی دڵنیـاین لەوەی کە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی شـوێنەوار دەنێرێـت بـۆ سـەر ئەم بـابەتە، لەسەر ئەوەی کە دەڵێن ڕێکخراوەکان یاخود ئەو کەسانەی وەکو بنکەی ژیـن و ئەو شـوێنانەی تـر ئەنـدام بـن تێیـدا دیسـانەوە بە داوای لێبـووردنەوە پێشـکەوتوون، لەبەر ئەوەی ئـێمە لە مـاددەی پێـنجەم لە نـاو ئەنجـوومەنەکەدا فەرمـانگەی ڕێکخراوەکـان یـاخود ڕێکخراوەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنیمـان کـردووە بە بەشـێك لەمە کە ئێسـتا ئەو بەڕێـزانە وەکـو ڕێکخراوێکـی مەدەنـی لە هەرێمـی کوردسـتان کـار دەکەن، وە نوێنەرایەتیـان دەتـوانن دیـاری بـکەن و ئەوانەی کە باسـی دەکەن زۆربەی لە ماددەکانی دواتردا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ بۆچوون پێشنیازەکانتان، راستی ئەمیان رەئی شەخصی منە هیوادارم لەناو کۆبوونەوەی راپۆرتەکە ئەمە جێگیر بکەین، هەر لە ئەسڵدا پێویست بەم هەموو بەشانە ناکات، لە ناو یاسایەك بێتە سەر ئەوەی بڵێت فلان ناوەند ئەم بەشانەی هەیە، دەکرێت هەر بڕگەی یەکەم تا ئەوە بێت لە ئەرشیفکردندا، یەك و دوو و سێ و چوار و پێنج ئەوانە هەر لابەرین بە رەئی من، چونکە پێشنیازکرا بەشی زیاتر هەبێت بەشی راگەیاندن و بەشی بەدواداچوون و ئەوانەی تر، ئەوانە دەکرێت لە رێنماییەکان لە ماددەی پانزەمدا کە وەزیر رێنمایی بۆ دەردەکات پانزە یان دە بەشی بۆ بکاتەوە، لە ناو رێنماییەکاندا بڵێت بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی یان لەو پەیڕەوەدا ئەگەر دواتر پێشنیازتان نەکرد لە ماددەکانی دواتردا بکرێت بە پەیڕەو، دەکرێت روون بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی پێنجەم بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

یەکەم: ئەنجوومەنێك بە سەرۆکایەتی وەزیر پێکدێت بۆ رێکخستن و پلاندانانی کارەکانی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند بە ئەندامییەتی نوێنەری ئەم لایەنانەی خوارەوە کە پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت:-

١ -وەزارەتی پەروەردە.

٢ -وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٣ -وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

٤ -وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

٥ -بەڕێوەبەری ناوەند.

٦ -ئەکادیمیای کوردستان.

٧ -فەرمانگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

دووەم: ئەنجوومەن لەسەر داوای سەرۆك کۆ دەبێتەوە بۆی هەیە بانگهێشتی هەر کەسێك بکات کە بە پێویستی بزانێت لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار دەبێت.

سێیەم: ئەنجوومەن ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرێت:-

١ -داڕشتنی پلانی گشتی ناوەند.

٢ -دانانی ستراتیجی هەماهەنگی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی کۆکردنەوە و پاراستنی ئەرشیفی کوردستان.

٣ -دياريكردنى ميلاكى فەرمانبەرانى ناوەند.
٤ -رەزامەنديدان لەسەر پێشنيارى بودجەى ساڵانە و ژمێرەى كۆتايى ناوەند.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان، لەسەر ماددەى پێنج كێ دەیەوێت گفتوگۆ بكات با ناوى تۆمار بكات، ئەوانەى دەيانەوێت قسە بكەن (كاك بەختيار، كاك ادريس، كاك نزار، كاك حاجى سفين، د. صباح، سوسن خان، گوڵستان باقى، كاك شێخ ظاهر، كاك بەهمەن، رۆژان خان، د. زيدان، كلارا خان، كاك على، كاك رزگار، دكتۆرە شايان، شيرين امين، ئاشنا خان، كاك مەلا ناصر، گوڵستان خان، كاك عثمان، د. محى الدين، هلز خان، سەرچنار خان، مامۆستا ابوبكر)، كاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەى پێنجەم بڕگەى يەكەم ئەنجوومەنێك بە سەرۆكايەتى وەزير پێكدێت بۆ ڕێكخستن و پلاندانانى كارەكانى دەستەى بەڕێوەبردنى ناوەند بە ئەندامیەتى ئەم لايەنانەى خوارەوە كە پلەى وەزيفيان لە بەڕيوەبەرى گشتى كەمتر نەبێت لەو وەزارەتانەى كە نوێنەريان هەيە، پێويستە خاڵێك زياد بكرێت كە وەزارەتى شەهيدان و ئەنفالكراوان زياد بكرێت بۆ ئەوەى لەو وەزارەتە ئەرشيف و دۆكيۆمێنتى زۆر باش هەيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعيد حمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەى پێنجەم بڕگەى يەكەميان من پێشنيار دەكەم ئەو ئەنجوومەنەى كە بە سەرۆكايەتى وەزير پێكدێت بۆ ڕێكخستن و پلاندانانى كارەكانى دەستەى بەڕێوەبردنى ناوەند بە ئەندامیەتى سەرجەم نوێنەرى وەزارەتەكان و ڕێكخراوەكانى تێدابێت بۆ دياريكردنى بەڵگە بايەخدارەكان و كۆكردنەوەى بەڵگەكان، چونكە لە زۆربەى وەزارەتەكان بەڵگەكان هەيە، ئەوە كارێكى پێويستە تەنها ئەم وەزارەتانە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك على فەرموو.

**بەڕێز على حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من لە ماددەى پێشووتريشدا تێبينيەكم هەبوو لەمەشدا ديسان دووبارەى دەكەمەوە، ئەم موئەسەسە كە دروست دەكرێت تووشى بەر يەككەوتنێكى گەورە دەبێت لەگەڵ ئەو ناوەندانەى كە سەر بە حكومەت نين، ئێمە قسەمان لەگەڵدا كردوون چەند جارێك ئەوان ئامادەنين ئەم ناوەندانە بخەنە سەر حكومەت، كەواتە دەبێت ميكانيزمێكى دروست بۆ مامەڵەكردن لەگەڵيانـدا بگيرێت، بۆ نموونە تا دە ساڵى تريش ناوەندێك پێ بگەيەنێت وەكو ئەو ناوەندەى مامۆستا مەزهەر نييە بۆ ئەرشيفى هونەرى و گۆرانى كوردى دروست نابێتەوە، قورسە، يان ئەوەى

مامۆستا رفیق، بۆیە خاڵێك زیاد بكەین خاڵی هەشتەم نوێنەری ناوەندەكانی ئەرشیفی تێدابێت ئەم ئەنجوومەنە، بۆ ئەوەی میكانیزمێكی تەنسیق دەكرێت ئەوان وەكو خۆیان بمێننەوە، بەڵام میكانیزمی تەنسیق هەبێت لەگەڵیاندا، ئەم بەر یەككەوتنە دروست نەبێت، چونكە نوێنەری رێكخراوەكان كۆمەڵگای مەدەنی ئەوان ناگرێتەوە، نوێنەری رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی ئەم هەر موئەسەسەیەكی ترە سەر بە حكومەتە، راستە سەرپەرشتی رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی دەكات، بەڵام ریكخراوی كۆمەڵگای مەدەنیش نین، ناوەندی ئەرشیف و بەڵگەنامەیین، بۆیە پێشنیار دەكەم ناوەندەكانی ئەرشیف بگرێتەوە وەكو دامەزراوەیەكی سەربەخۆ كە لە كوردستاندا هەن لەم ئەنجوومەنە حزووریان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم خاڵێك زیاد بكرێت بۆ بڕگەی یەكەم بە ریزبەندی ژمارە هەشت بنووسرێت وەزارەتی پلاندانان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم من ئەو پرسیارەم بۆ دروستبوو، بەڕاستی لە ماددەی پێشوودا كاتێك پێناسەی ناوەندكراوە هەر چەندە من لەگەڵ ناوەند نەبووم لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی دابووم، ئەو ناوەندە ئەركی بۆ دانەنراوە بەس تایبەتمەندی بۆ دانراوە، ئێستا ئیزافەتەن بۆ ناوەند كە هاتووە ئەنجومەنێكی دروست كراوە بەسەرپەرشتی وەزیر و حەوت ئەندامی بۆ دانراوە كە لە بەڕێوبەری گشتی كەمتر نەبێت، ئەركیشی بۆ دانراوە، ئێ باشە ئەم ئەنجومەنە بە زیادەی دەزانم، ئەم ناوەندە بۆ خۆی ئەو كارە ناكات؟ بەرپرسی ناوەندەكە خۆی سەرپەرشتی ئەمە بكات و ئەندامەكانیش بەڕێوەبەری گشتی نەبن بەڵكو كەمتر بن، پێویست ناكات وەزیر كۆیان بكاتەوە، چونكە هۆكاری سەرەكی ئەركەكانی ئەم ئەنجومەنەش ڕاستەوخۆ بنێرێ بۆ ئەركەكانی ناوەند، یەعنی ئەو ئەركانەی كە ئەنجومەن ئەیەوێ بیكات ناوەند بیكات لە جیاتی وەزیریش بەڕێوەبەری ناوەندەكە ئەم كارانە ئەكات، ئەو حەوت ئەندامەش بەڕێوبەری گشتی كەمتر نەبێ، چونكە خۆی بەڕێوەبەری گشتییە، ئەبێ ئاستیان بێتە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هەلەز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەت من لسەر ماددا/٥ ئەڤەیە، ئەڤ ئەنجومەنە بهێتە گۆڕینێ بۆردەكا ڕاوێژكاری بیتن، دێ باشتر بیتن كو حەفت ئەنداما پێك بێتن و وەزیر سەرپەرشتیا وانا بكاتن، پلا وەزیفی ژ

ڕێڤەبەریێ گشتی کەمتر نەبیتن ئەڤە بێتە دابەزاندن، یەعنی پلا وەزیفی پیچەکا دی کێم بێتن دا لیڤە هەبیتن بۆ هەندەك بەرێـزێن دی تـر بشـێن ڤـی کـاری ئەنجـام بـدەن، سـەبارەت بە بڕگـا (٣)ژ ماددا/٥ ئەگەر ئەنجومەنێ ل حەفت ئەنداما پێك بێتن ڤی کاری هەنێ بکاتن ئایـا پرسـیار ئەڤەیە هەمان پرسیارا مامۆشتا سەرچنار خانێ ئەرکێ بەڕیڤەبەریێ ناوەند چییە، لبەر هەنـدێ دیتنـا مـن ئەڤە هەنـــێ بێـــتە پاڵپشـــت کـــرن بـــۆ بەڕێـــوەبەری ناوەنـــدی باشـــتر بـــتن ل ئەنجـــومەنێ وەزارەتی،سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کلارا خان فەرموو.

**بەڕێز کلارا عودیشو ملکو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب مـاددێ/ ٥ مـن پرسـیارەك هەیە، خـاڵا شەشـێ ئەکادیمیـای کردسـتان، یەعنـی ڕامـان چییە، یەعنی چ تشتە ئەکادیمیای کردستان، هەروەسا خاڵەکا دی بهێتە زێدە کرن هەشـت دەسـتا سەربەخۆکان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەکادیمیـای کـوردی هەیە و ئێسـتا وجـودی هەیە و قانوونیشـی هەیە کـلارا خـان، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـۆ پتـر خـزمەت کرنـا ئامانجێـت ڤـێ یاسـایی کـو ئەم هەمـی مـوتەفقین ئەڤ یاسـا بـۆ کۆکرنـا ئەرشیف کرنا ئەرشییفیا گەلێ کوردستانێ، بۆ پتر دا ئامانجێت ڤێ مـاددا بڕگـا ڤـێ یاسـایی بـێن جهینانێ بۆ نموونا ماددا/٤ بڕگا/ ١ بەشا پەیوەندیا هەی ماددا/٣ برگا/٢ خاڵا/٢ گەڕانـدنا ئەرشـیفیا، ئەز پێشـنیار دکەم کـو بەشـێ پەیوەنـدیا بەشـەکی یـان خـاڵەکی ئیـزافە بـکەن فەرمـانگەی پەیوەنـدییەکان لـێ ئیـزافە بـکەن، چـونکە ئـی سـەرەدانا ئینسـتیوتا کـوردی کـردبتن دزانـن چ ئەرشیفەك هەی، گرنگـی هەی کـو مێژوویـا گەلـێ کـوردی تێـدا هـاتیە پاراسـتن ژ لایـێ زۆر بەڕێـز (د.کێنـدال نێـزان) دا وەك ئەرکەکـی نیشـتمانی لـێ بپـارێزتن، ژ بەر هەنـدێ ئەز پێشـنیار دکەم فەرمانگەی پەیوەندیا لی بیت ئیزافە کرن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك بەختیار فەرموو.

**بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت ب مـاددەی/٥ پەیوەنـدیا قەسـەکانی ڕۆژان خـانی دکەم، کـو نێـنەری فەرمـانگەی پەیوەنـدییەکانی دەرەوە هەبیـت، ئـێمە ئەرشـیفەکا زۆرمـان لە دەرەوە هەیە پێویسـتە ئەو ئەرشـیف بگەڕێـتەوە ئێـرە، جـگە لەوە پرۆتۆکـۆڵی دەولـی هەیە ڕەنـگە هەنـدەك وڵات هەیە ئیستفادەی لە ئەرشیفی یەکتر دەکەن بە ڕێگای پەیوەنـدیەکانی دەرەوە دەتـوانین ئەو ئیسـتفادە

له یەکتر بکەین، سەبارەت بە ئەندامییەتی نوێنەرانی ئەو ئەنجومەنی دبێت ل بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبت، لە ماددەی/٤ تەعریفی بەڕێوەبەری ناوەند کرا وەکو بەڕێوەبەرەك نەگۆترایە بەڕێوەبەری گشتی، ئەگەر لەوێ ئیزافە بکرێ باشتر دەبت، ئەکادیمیای کوردستان ئایا بەڕیوەبەری گشتییان هەیە یان ئەو ڕێکخراوەکانی دی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەو پرسیارە بەجێ یە سەلما خان ئەو پرسیارەی کاك بەختیار، کاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا پشتگیری لە قسەکانی کاك بەختیار و ڕۆژان خان دەکەم، لەبەرئەوەی فەرمانگەی پەیوەندیەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەرێم دەتوانن بەڵگەنامەی گرنگ بۆ هەرێم بگەڕێننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٥ یەکەم پشتیوانی کاك بەختیار دەکەم یەکەم جار لێرە نووسیتی پلەی وەزیفی یان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، لە پێنجەمیش هاتیە بەڕێوەبەری ناوەند، یەعنی تەناقوز دەبیتن لەبەینی بەڕێوەبەری ناوەند و بەڕێوەبەری گشتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا بەس پاڵپشتی بەڕێز کاك مەلا ناصر دەکەم کە نوێنەری وەزارەتی شەهیدان ئەو ئەنفالکراوان، هەروەها پشتگیری خوشکە ڕۆژان دەکەم بۆپێشنیارەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری کاك د.صباح و مەلا ناصر دەکەم کە دەبێ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان زیاد بکرێت بەو پێیەی کە گەلی کورد لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان ئەنفالکراوە جینۆساید کراو و زۆر لەو بەڵگەنامانە نەگەڕێنراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە پێم باشە وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوانیش زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٥ بڕگەی/١ پشتیوانی لە قسەکانی کاك مەلا ناصر و هەروەها ئەوانەی پشتگیریان لەویش کردووە ئەکەم، هەروەها وەزارەتی پێشمەرگەشی بۆ زیاد بکرێت، لەبەرئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە خاوەن ئەرشیفەکی زۆر زۆر دەولەمەندە، خاوەنی هەموو ئەرشیفەکانی شۆڕشەکانی یەك لەدوای یەکەکانی گەلی کوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شيرين امين عبدالعزيز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە لەو ڕێزبەندیەدا نوێنەری وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان هەبێت بۆ ئەوەی پشتگیری لە بەڕێزان د.شایان و بەڕێز کاك مەلا ناصر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی قسەکانی خاتوو شیرین ئەکەم بە زیاد کردنی وەزارەتی پلاندانان، هەروەها خاتوو شایانیش هەمان پێشنیاریان کرد کاك علی و دەستان خۆش بێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٥ لێرەدا ئەڵێ ئەنجومەنێك بە سەرۆکایەتی وەزیر پێك دێت بۆ ڕێکخستن و پلاندانانی کارەکانی دەستەی بەڕێوەبردن، ئایا ئەم ئەنجومەنە کە پێك دێت، یەعنی ئەنجومەنێکی ڕاوێژکارییە یاخود سەرپەرشتی ئەم ناوەندە دەکات، یەعنی ئەمە لێرە ئەگەر ئەو ناوەندە یان با بڵێین ئەو بەڕێوبەرایەتییەی کە دائەنرێ چۆن ئەکرێت یەعنی هەموویان پلەیان بەڕێوەبەری گشتی بێ، لێرە لە ماددەی چواریش باسمان کرد، ئەگەر ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری بێت ئەمە ئەکرێت، بەڵام بەڕێوەبەرەکە ئەکرێ بەڕێوەبەری گشتی بێ و نوێنەرەکانی وەزارەتەکانی تر یەعنی مەسئولی بەش بن بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکە بەڕێوەبەرێکی گشتی

بـێ و ئەوانـیش ئەنـدام بـن تیایـا، بەڵام ئەوەی کە بـا بڵێـین وەزیـر سەرپەرشـتی دەکـا و ئەم ئەنجومەنە ئەگەر ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری بێ وەکو سەرچنار خانیش باسی کـرد، ئەمە ئەکرێـت پشتگیری لە پێشنیارەکەی سەرچنار خان دەکەم و کاك مەلا ناصـر کە باسـی ئەوەی کـرد نـوێنەری وەزارەتی شەهیدانیشی تیایدا زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی تێبینیەکانم بدەم پشتگیری لە برای بەڕێـزم کـاك مەلا ناصـر دەکەم بە ئیـزافە کردنـی وەزارەتـی شـەهیدان و ڕۆژان خـان بە ئیـزافە کردنـی فەرمـانگەی پەیوەنـدییەکانی دەرەوەی هەرێـم، ئەوەی پەیوەنـدی بەوەوە هەیە خـاڵی شەشـەمە خـۆی ئەکادیمیـای کـوردیە، تەمەنامـان دەکرد ئەکادیمیـای کوردسـتان بـێ، بەڵام ئەکادیمیـای کـوردیە، ئەوەی تریـان مـن پێشـنیاری ئەوە دەکەم ئیزافەیەك بکەم بە زنجیرەی هەشتەم بێکە نـوێنەری ناوەنـدەکانی بە دۆکیۆمێنـت کردنـی بەڵگەنامەکانی نەتەوەیی و نەتەوەکان و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بێ، تورکمـان، سـریان ـ کلـدان ـ ئاشـور، جـولەکە، کـاکەیی، ئێزیـدی ئەوانە کۆمەڵێـك ناوەنـدیان هەیە پەیوەنـدیان بە پاراستنی بەڵگەنامەکانی خۆیان هەیە، بـۆیە پێشـنیار دەکەم ئەوانـیش لەو کۆبوونەوەیـانە و لەو ئەنجـومەنە نوێنەریـان هەبێـت، چـونکە فەرمـانگە ناحکومیەکـان نـوێنەرایەتی ئەوانە ناکـات کە هەندێك ناوەندی گرنگمان هەیە لە کوردستان، زۆر سوپاس ئەوەی پەیوەندی بە دووەمیـان هەیە کە باس لە کۆبـوونەوە دەکـات کە لەسـەر داوای سـەرۆك کـۆدەبێتەوە باشـە ئەگەر سـەرۆك داوای نەکـرد، ئەمـن پێمـوایە دەبـێ کۆبـوونەوەی دەوریـان هەبـێ، بەلای کەم شـەش مانـگ جارێـك کۆبـوونەوەی خـۆی بکـات، ئەگەر لە کـاتی پێویسـتیش دابـوو کۆبـوونەوە داوا بکـات، لە خـاڵی سـێیەم ئەرکەکـانی ئەنجـومەن پێشـنیاری بـڕگەیەك دەکەم کە جـگە لەوە سەرپەرشـتی و بەدواداچوون بۆ ئاستی جێ بەجێ کردنی پلان و ستراتیجیەتی داڕێژراو، یەعنـی هەم موتـابەعە بکات و هەم سەرپەرشتیان بکات بۆ ئاسـتی ئەو پـلانەی کە دانـراوە، لەگەڵ لابردنـی بـڕگەی/٣ کە ناکرێ بەشێك ڕەزامەندی لەسەر بەشە بوودجەی خۆی بـدات، چـونکە هەر بەشـێك لەو بەشـانەی کە سەر بە وەزارەتن لە زمنی وەزارەتەکان بوودجەی تەرخان کراویان بۆ دەدرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کرا پشتگیری خاتوو سەرچنارو خاتوو گولستان سـەعید و هەلـز خـانم دەکەم، بەڵام لەسـەر ئەوەی ئیـزافە کردنـی ئەو وەزارەتـانە ئەو بەڕێـزانە لە مـاددەی/٦ دا دەڵـێ سـەرجەم دامەزراوە فەرمیەکـانی هەرێـم ئەرشـیفەکانی خۆیـان ڕادەسـتی ناوەنـد دەکەن، لەبەرئەوە پێویست ناکات هەموو وەزارەتەکان ئێمە بخـزێنینە نـاو ئەم موئەسەسـەیە، پرسـیارێکم لەبەڕێـز

سەرۆكی لیژنەی ڕۆشنبیری هەیە وەكو خۆی باسی كرد ئەنیستیتۆی كەلەپووری كوردی كە جەنابی مامۆستا (مەزهەری خالقی) سەرپەرشتی دەكات كاری زۆر گەورەی كردووە ئایا ئەمە لە ناو فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان جێی ئەبێتەوە یان لە كوێ دا جێگەی ئەوتان بۆ كردۆتەوە كە ئیشی زۆر گەورە و مەزنی كردووە لە سەر ئاستی هەر چوار پارچەكەی كوردستانیش، هەتا خولی پێشوو داوای ئەكرد ئەنستیتیۆكەی ئەو بكرێتە قانوونێكی فەرمی و لیژنەی ڕۆشنبیریش تەبەنی كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، تێبینی یەكەمیان پشتگیری لە ڕەئییەكەی كاك بەختیار دەكەم سەبارەت بە ناوی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری گشتی كەوا لە ماددەی دواتر ناوی بە بەڕێوەبەر هاتووە، خاڵی دووەمم ئەوەیە زۆر لە تێبینی هەڤاڵانمان سەبارەت بە زیادكردنی چەند وەزارەتێك بۆ ناو ئەو ئەنجومەنە، پرسیارەكەی من ئەوەیە یان دەبێت هەندێك وەزارەتی تر ئیزافەی ناو ئەم ئەنجومەنی بكەین، یان ئەوەتا ئەگەر بكرێ ئەو ئەنجومەنە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ و پێم باشترە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز كلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددێ/٥ ئەنجومەنێك بە سەرۆكایەتی پێك دێت بۆ ڕێكخستن و پلاندانانی كارەكانی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند بە ئەندامیەتی نوێنەری ئەم لایەنەی خوارەوە كە پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت، لڤێرێ بەحسێ پلا وەزیری كریە كو بەڕێوەبەری گشتییە پرسیارێ لڤێری ئەڤەیە بۆ چ د خالا/٥ دا و ناڤێ بەڕێڤەبەر هاتیە، لڤێرێ دا بەحسێ بەڕیبەری گشتی كریە و ڕێڤەبەری هاتیە دووبارە، پشتەڤانیا هەڤاڵ ڕۆژان خانێ دكەم كو پێشنیارا وێ جهێ خۆدا هەبوو كاك بەختیاریش زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر لە ماددەی چواریش باسی ئەو بەڕێوەبەرەم كرد كە ناوەندەكە كە هیوادارم لیژنەی بەڕێز لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بگەنە سیغەیەك بۆ ئەوەی بكرێتە بەڕێوەبەری گشتی، بۆ ئەوەی لێرەش لە ئاستی خۆی بێ لەناو ئەو ئەنجومەنەی كە بۆ دیاری كردنی كارەكانە، پشتگیری لە پێشنیارەكەی كاك بەختیار و ڕۆژان خان ئەكەم كە فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە زۆر

گرنگە لە ناویا بێت، چونکە ئەوان پەیوەندییەکان دروست دەکەن و لە دەرەوە ئەرشیفەکانیان بۆ دەگەڕێننەوە لەگەڵ دەستەی ناوچە کوردستانیەکان، ئێمە گرفتی گەورەمان لەسەر بەڵگەنامە مێژوویەکانی تایبەت بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە، بۆیە ئەوانیشی تیا بێ بۆ ڕاوێژکردن خراپ نییە، ئەمە لە فەقەرەی سێ ئەو ماددەیە ڕەزامەندی دان لەسەر پێشنیاری بوودجەی ساڵانە و ژمێریاری کۆتایی ئەگەر ئەوە لاش نەبرێت، بەڵام هەر خاڵێکی بۆ ئیزافە بکرێ بڕیاردان لەسەر بوودجەیەکی تایبەتی بۆ گەڕاندنەوەی بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، تەبعەن ئەمە هاوڕێیان زۆر گرنگە هەندێك بەڵگەنامەی مێژووی هەیە بە ملیۆنان دۆلاری پێویستە بۆ ئەوەی بیگەڕێنیتەوە، یەعنی ئێستا من دەزانم کە جولەکەکان لە هەندێك وڵات هەندێك نوسخەی تەورات هەیە بە مەلایین دۆلار دەدەن بەس ئەو دەوڵەتانە پێیان بفرۆشێتەوە نایدەنەوە، یەعنی هەندێك بەڵگەنامە پێویستی بە بوودجەیەکی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی بیکڕی، بۆیە یەکێکی تر لە ئەرکەکانی ئەنجومەنەکە ئەوە بێ کە بڕیار بدات کە ئەنجومەنی وەزیران ئەم بوودجە تایبەتەی بۆ تەرخان بکات بۆ کڕینەوەی فلان بەڵگەنامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ زاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٥ یەکەم ئەنجومەنێك بە سەرۆکایەتی وەزیر پێك دێت بۆ ڕێکخستن و پلاندانانی کارەکانی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند بە ئەندامییەتی نوێنەری ئەم لایەنانەی خوارەوە کە پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، لێرە لە خاڵی ٥ بەڕێوەبەر هاتووە کەواتە سەردێری ناونیشانی یاسایەکە دژە لەگەل ناوەڕۆکەکەی، بۆیە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێتەوە، ئەنجومەنێك بە سەرۆکایەتی وەزیر پێك دێت بۆ ڕێکخستن و پلاندانانی کارەکانی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند بە ئەندامیەتی نوێنەری ئەم لایەنانەی خوارەوە کە پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت جگە لەبەڕێوەبەری ناوەند، جگە لە (بەڕێوەبەری ناوەند)ی بۆ زیاد بکرێت، خاڵێکی تریش زیاد بکرێت بە ژمارە/٨ وەزارەتی داد ئیزافە بکرێ لەبەرئەوەی وەزارەتی داد یەکێکە لەو وەزارەتە گرنگەکان کە کاتێك بەڵگەنامە قانونیەکان یاخود ئەو بەڵگەنامانەی کە لەڕووی قانوونی پێویستیان بە سەلماندن هەیە تایبەتە بە وەزارەتی داد و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە تێبینیەکەم دەڵێم پێویستە لەسەرجەم ماددەکانی ئەو پێشنیازە یاسای ژمارە/٥ ی بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار ڕەچاو بگیرێت لە پێداچوونەوەی، چونکە بەشێك لە دەست نووسەکان ئێمە لە یاسای شوێنەوار پێناسەمان کردووە کە دەستنووسی کەلەپووری جیاوازن

لەگەڵ ئەو دەستە نووسانەی کە لەو ئەرشیفە بەکاردێن، بەڵام پشتگیری تێبینیەکانی کاك بەختیار و سەرچنار خان دەکەم، چونکە ئەگەر ئێمە ئەنجومەنێك پێك بێنین کە وەزیر سەرپەرشتی دەکات کە هەموویان بەڕێوەبەری گشتین، کەمترین پلە ئەو کەسە مەعنیەیە خۆی سەرپەرشتی ئیشەکە دەکات، بەڕێوەبەری ناوەندە واتا ئەو ماددەیە بڕگەی یەکەمی پێویست ناکات لێرە بەکاربهێندرێت، دەکرێت لە ماددەی یەکەم پێناسەی ئەنجومەنێك بکرێت کە سەرپەرشتی کارەکانی ئەو ناوەندە دەکات بەسەرۆکایەتی وەزیر و بەڕێوەبەری ناوەند لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوجا ئەو کاتە هەر لایەنێك کە پێویستە، ئێمە چەند لایەنێك لێرە ئاماژەی پێکراوە پێشنیاری چەندین لایەنی تر کرا دەکرێت لەوێ بڵێین لایەنە پەیوەندارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان یەك پێناسەی کورت لە ماددەی یەکەم دا ئاماژەی پێ بکرێت، بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە ئەنجومەن لەسەر داواکاری سەرۆك کۆدەبێتەوە، سەرۆك کێیە ناسراو نییە لێرە، ناسراو نییە پێویست بە وەڵام ناکات، سەرۆك مەبەستی لێرە ناوەندە بە بەڕێوەبەری ناوەند ئاماژەی پێکراوە، کەواتە لێرە دژ یەك دێت، لەسەر ئەو ئەنجومەنە، خۆیان کە سەرۆك دێت وەزیر بە سەرۆك ئاماژەی پێ ناکرێ لە هیچ نووسراوێك دەبێ بڵێ ئەنجومەن لەسەر داواکاری وەزیر کۆدەبێتەوە بۆ بانگهێشت کردنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی د.محی الدین دەکەم، سەبارەت بە ماددەی/٥ بڕگەی/٥ ئەکادیمیای کوردستان نووسراوە، ئەکادیمیای کوردییە ئەگەر هەڵە نەبم، ئێمەش وەکو پێکهاتەی تورکمان لە وەرزی یاسادانان پرۆژەیەکمان دەبێت لەسەر پرۆژە ئەکادیمیای تورکمانی ئایا ئێمە سوودمەند دەبین لەو برگەیە؟ بڕگەی/٧ فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئێمە دەزانین هەتا ئێستا (٥٥٠٠) پێنج هەزار و پێنجسەد ڕێکخراوی کۆمەلگەی مەدەنی هەیە ئایا بە چ پێوەرێك بە چ میکانیزمێك هەڵبژاردن دەکرێت لە نێوان ئەم ڕێکخراوانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان ئەم ماددەیە موناقەشە زۆر هەڵدەگرێ پێشنیار دەکەم وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان مەدەنەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئیستفادە لە ماددەی/٩١ بکەین لەدوای هاوئاهەنگی کردن لەگەل حکومەت پێکهاتەکە چی لێ ئەکەین، ئێستا بۆ ئەوەی شتێك نەڵێین دواتر ڕەئیمان بگۆڕێ ڕەنگە شتێکی جیاوازمان هەبێ و بیرۆکەیەکی جیاوازمان هەبێت، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی جەنابت دەکەین، بەڵام حەزم کرد تەوزیحەك بدەم، چونکە لە هەندێ جەلسەی تر ئێمەش تووشی ڕەخنە بووین مەسەلەن ئەندامان حەقی خۆیانە دەڵێن ئێمە قسە

دەکەیـن و پێشـنیار دەکەیـن، داوای تەوزیـح دەکەن ئێـوە قسـە نـاکەن، ئـێمەش موراعـاتی کـات دەکەین لەگەڵ ئەوەش ئەوەی جەنابت دەڵێی بە پێی پەیـرەو بـۆ ئـادەکردنی ڕاپـۆرتی دارایـی لە کۆبەندی ئەو بژاردانە ئێمە ئیتفاق لەسەر ئەوە دەکەین بەچ شێوەیەك باشتر خزمەتـی یاسـایەکە بکەین لەسـەر هەر مـاددەیەك ئەگەر بە کەمـی بێـت مـن وەکـو شـەخص موحتـاجی دە دەقەم بـۆ ئەوەی تەوزیحـاتی پێویسـت بـدەم بەس کە مـن قسـە نـاکەم موراعـاتی ئەوە دەکەم بـۆ ئەوەی ئەنـدامان گلەیـی نەکەن بڵـێن لیـژنەی تایبەتمەنـد هەر کە دوای مـاددەیەك تەواو دەبـێ هـیچ تێبینیەك نییە هیچ تەوزیحەك نییە یان جوابی پرسیارەکانی ئـێمە نادرێـت، بـۆیە ئەو تەوزیـحەم دا بۆ ئەوەی موراعاتی ئێمەش بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر زۆر سـوپاس، بە دیـاری کـراوی ئەو مـاددەیە زۆر قسـەی لەسـەر کـرا، ئەوەش دروسـت کردنـی هەیکەلیەتـێکە کە ڕەئـی جیـاوازی لەسـەرە، دروسـت کردنـی هەیکەلیەتێکـیش پێوسـتە لەگەڵ وەزارەتی مەعنی قسە بکەین ئەگینـا بۆتـان هەیە وەڵامـی هەمـوو شـتێك بـدەنەوە، بەڵـێ کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی حەز دەکەین بۆ جـاری داهـاتووش هەنـدێ جـار تەنسیقەکی باشـترمان هەبێـت لەسـەر مەوزوعـی بەڕێـوەبەر و بەڕێـوبەری گشـتی لەسـەر مـاددەی/٤ ئەگەر لە بیـدایەت ئەو حەقەمـان هەبا کە قسە بکەین دڵنیام بیست ئەندام قسەی کـردووە هەمـووی تیکـرارە و مەنتقیشـی تێـدایە، بەس ئەگەر ئـێمە لە بیـدایەتی ئـێمە تەوزیـح بـدەین ئیحتمـالە ئەو مەترسـیە یـان ئەو دوو دڵـیە لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـان نەمینێـت، بـۆیە تکـا دەکەم هەنـدێ جـار کە ئـێمەش لە بیـدایەتی ماددەکەداین ئەگەر داوای مۆڵەت بکەین کە قسە بکەین ڕیگا پێمان بدرێت، چونکە ئێمە دەزانـین لەسـەر هەنـدێ مـاددە دوودڵـی هەیە بـۆ ئەوەی تەوزیـحەك بـدەین لەو کـات باشـتر دەبـێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، داوای بکەن بێگومان دەرفەتتان دەدەیـن بـۆ ئەوەی ڕوونکـردنەوە بـدەن تەنـانەت هەندێ جار پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی ماددەیەکیش بکرێ، پێمان وایە و پێویسـتە هەر دەتوانین دەرفەتتان بـدەین لە هەمـوو کاتێـك دا دەتـوانن ئێـوە داوای دەرفەت بـکەن، مـاددەی/٦ بخوێننەوە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٦

سەرجەم دامەزراوە فەرمیەکـانی هەرێـم ئەرشـیفی تـایبەت بە کاروبارەکانیـان ڕادەسـتی ناوەنـد دەکەن دوای کۆتایی هاتنی کارەکانی مەگەر تایبەتمەندییەکانی بۆ پاشینە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان کێ ئەیەوێ قسە بکات؟ بیانووسە منی خان، ئاشنا خان، کاك حکمت، خدیجە خان، د.زیدان، کاك مم اسکندر، مامۆستا ابوبکر، د.محی الدین، کێی تر؟ د.شایان و شێخ زاهر، کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٦ سەرجەم دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم ئەرشیفی تایبەت بە کاروبارەکانیان ڕادەستی ناوەند دەکەن، دوا کۆتایی هێنانی کارەکانیان مەگەر تایبەتمەندیەکانی بۆ پاشینە بمێنێتەوە، بۆ پاشینە بمێنتەوە مەبەستیان چییە لێرە؟ داوا لە لیژنەی تایبەت دەکەم ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان بداتێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك بژار مەبەستتان چییە لەوە؟ ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستمان لەو بابەتە ئەوەیە وەختی خۆی ئێمە وەزارەتێکمان هەبوو تایبەتمەند بە وەزارەتی ژنان بۆ نموونە، ئەو کاروبارانەی یان دامەزراوەیەك لە هەرێمی کوردستان دا نامێنێ و لا دەروات و هەڵدەوەشێتەوە، کاروبارەکانی خۆی تەسلیمی ئەم ناوەندە دەکات، بۆ ئەوەی ئەرشیفەکانی بمێنێتەوە، مەبەستمان بۆ نموونە لەم کاتەدا وەزارەتی ناوخۆ نییە کە لە کارەکانی خۆی بەردەوامە و ئیشەکانی خۆی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك پێشتر هەڤاڵان ئاماژەیان پێکرد بێجگە لە دامەزراوە فەرمییەکان خەڵکی تریش ئەرشیفیان لایە، ئەو ئەرشیفەش ڕەنگە گرنگ بێ بۆ گەلی کوردستان، ئێمە لێرە بەس باسی دامەزراوە فەرمییەکان دەکەین، ئەگەر لەڕووی قانونییەوە دروست بێت، سەرجەم دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکانی هەرێمی کوردستان ئەرشیفەکانیان ڕادەستی ئەو ناوەندە بکرێت، وا بنووسرێت ئەگەر لەڕووی قانوونییەوە درست بێ، چونکە کەسێك ئەرشیفی هەیە بۆ هەموو گەلی کوردستان گرنگە، ڕەنگە یەکی ئەرشیفەکی تایبەت بێ بەخۆی مەسەلەن، بەس ئەوەی گرنگ بێ بە پێی بەرژەوەندی گەلی کوردستان ئەبێ ئاماژە بەوەش بدرێت دامەزراوە فەرمی و نا فەرمیەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینـــیەکەی مـــن لەســـەر بـــڕگەی کۆتـــایی بـــوو دوای کۆتـــایی هـــاتنی کارەکـــانی مەگەر تایبەتمەندییەکانی بۆ پاشینە بمێنێتەوە، لای من ڕوون نەبوو هەرچەندە لیژنەش ڕوونکردنەوەی دا، بەڵام هەر ڕوون نەبوو لای من.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ سـوپاس، بەڕێـزان ئەوە عـیلاقەی بەوەوە هەیە وشـیەکی کـوردی نیـیە باسـی، یەعنـی عیلاقەی بە نەبـوونی موستەلەحی کوردی هەیە بـۆ هەنـدێك موستەلەحی عەرەبـی، نەبـوونی، مەسەلەن کەسێك لە وەزارەتـی مـافی مرۆڤـی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان فەرمـانبەر بـووە، ئێستا ئەو وەزارەتە نەماوە، وانیـیە؟ ئەم فەرمـانبەرە لێـرە گـوازراوەتەوە بـۆ دەسـتەی مافەکـانی مرۆڤ، یان رەنگە گوازرابێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی مافی مـرۆڤ دوای هەلوەشـاندنەوەی ئەبـێ هەمـوو ئەرشـیفەکەی بچێـتە نـاو ئەم ناوەنـدە ئەرشـیفیەوە جـگە لەو فـایلانەی کە مەرکەزی قـانوونی کەسـێك یـان موئەسەسـەیەك پێویسـتیی بەوە هەیە هێشـتا بەردەوامـی لە کـارا بمێنێـتەوە، ئاشـنا خـان بـۆ نمـوونە مـوزەفە لە وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ گوازراوەتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئێ خۆ نـابی دۆسـیەکەی ئاشـنا خـان ئەرشـیف بکـرێ، بەڵام بـاقی ئەوراقەکـانی تـر ئەرشـیف دەکـرێ، تـۆزی ئیعـادەی سـیاغەی دەوێ، ئیعـادەی سیاغەی ئەکرێتەوە بەڕێزان، سـەیری دەقە عەرەبـیەکەی دەکەیـنەوە، بەڵام شـەرحەکەی ئەوەیە، یەعنـی بـۆ پاراسـتنی حقـوقە بـۆ پاراسـتنی ئەو مەرکەزە قانوونیـانەیە کە لەو موئەسەسـاتە دروست بووە دوا کۆتایی هاتنی ئیشەکانیان بەڕێزان، کاك حکمت فەرمووو.

**بەڕێز حکمت محمد عبوزید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم لەلایەن شێخ ظاهر هاتنە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، خدیجە خان فەرمووو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لەڕاستی دا بە نیسبەت منیش ئەو ماددەیە نـاڕوونییەکی تێـدایە، بەس ئەوەی کە جەنابـت باست کرد و شەرحت کرد باشە ئەگەر مەفهومەکەش بگەیەنی بەس پرسیاری مـن ئەوەیەکە ئایـا ئەمە چ عیلاقەیەکـی هەیە بە بـابەتی پاراسـتنی ئەرشـیفی نیشـتمانی، مەسـەلەن هـاووڵاتییەکی ئاسایی لە وەزارەتێکە لە دامودەزگایەکە ئیش دەکات، ئەو یاسایە بۆ پاراستنی ئەرشـیفەکە کە بە ئەرزشـەکی نیشـتمانی هەبیـتن، یەعنـی مەبەسـت چیـیە کە دەڵـێ هەمـوو دامەزراوەکـان دەبـی ئەرشیفی خۆیان ڕادەستی ناوەند بکەن، یەعنی ئەوە بەڕای مـن ئەسـڵەن پێویسـت ناکـات، ئـێمە مەبەسـتمان پاراسـتنی بەڵـگە و دۆکیـۆمێنتێکە کە ئەرزش و بـایەخێکی نیشـتمانی هەبیـتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٦ لێرە روونکردنەوەکان زۆر ئاڵۆز دەبێ، هەرچەندە من لە ماددەی ٣ ەوە گەڕامەوە و بایکۆتی یاسایەکەم کردبوو، بەڵام پەشیمان بوومەوە، کە تەعریفی ئەرشیف کراوە لە ماددەی/١ زانیاری و بەڵگەنامەی تۆمارکراوە لە شێوەی دەست نووس، دەڵێ کە پەیوەندی بە مێژوو و کەلەپورەوە هەیە، بەڵام لێرە دەڵێ سەرجەم دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێم ئەرشیفی تایبەت بە کاروبارەکانیان ڕادەستی ناوەند دەکەن، بەڵام کە ئەتوو دەڵێی ئەرشیفێکی مێژوو و کەلەپووریم دەوێ، ئەوە ئەرشیفێکی کاروبارەکان نییە، کەواتە لێرە ئەو ماددەیە ئاڵۆزی دروست دەکات لەگەڵ ماددەکانی پێشتر و نموویەکیشت بۆ دێنمەوە، ئێستا لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەدین زیاتر لە دوو هەزار دەستنووسی کۆن هەیە بەداخەوە دەڵێم بەداخەوە بەرەو تێك چوون دەچێت، نە کەس دەیخوێنێتەوە و نە کەس چاکی دەکاتەوە، ئاسا بە پێی ئەو ماددەیە بێ دەبێ ئەو دەستنووسە کۆنانەش بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەرشیفی ناوەند، کەواتە دەق و ماددەکانی ئەو یاسایە وردبینی تێدا نەکراوە، بەدواداچوونێکی زانستی لەسەر نەکراوە، هەر لەگەڵ خۆی لە گەل ماددەکانی پێشتریشی لێرە پێویستە لە تەعریفی ئەرشیف دا گۆڕانکاری بەسەر دابی لەگەل ماددەکانیش ڕێکبخرێ، ئێمە ئەرشیفێکی کاروباری ئیداریمان دەوێ، نەك ئەرشیفێکی کەلەپوری و مێژوویی کە لە ماددەی یەکدا ئاماژەی پێکراوە، دەست خۆش.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان ئەگەر سەیری پرۆژەکەی حکومەت بکەی، یا پرۆژەکەی وەزارەتی رۆشنبیری بکەی، باسی سەرەیانی حوکمی قانوونەکە ئەکا دەڵێ بەسەر بەڵگەنامەکانی فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتی، ئینجا ئەشکالەکە چییە، بەڕێزان ئێمە لەبەرئەوەی لە قانونی شوێنەواردا حفزی دەستنووسمان تەنزیم کردووە جارێکی دیکە ناتوانین ئەوانەی کە قیمەتی کەلەپووری یان ئاسەواریان هەیە یان دەستنووسن لێرە تەنزیمیان بکەینەوە، ئەبێ ئیعادەی تەنزیمی بکەینەوە، ئیعادەی سیاغەی دەوێ دکتۆر، مولاحەزات بنووسن و ئیعادەی تەنزیمی دەکەینەوە، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لە گۆشەیەکی ترەوە باس لەم ماددەیە دەکەم، ئێمە ئەم ناوەندە بەم پێوەرە بێ لەڕاستی دا بارەکەی زۆر زۆر گران ئەکەین و وەزیفە سەرەکییەکەی خۆشی لەبیر ئەبەینەوە، یەعنی تۆ ئەو هەموو دامەزراوە فەرمییەت هەیە و چوار موئەسەسەی هاوشانت هەیە، بۆ نموونە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری، ئەم وەزارەت و لق و پۆپە بەقەدەر دەوڵەتی صین موئەسەساتمان هەیە لەم چوار پارێزگایە، تۆ ئەم هەموو ئەرشیفە چۆن ئەبەیتەوە بۆ ئەوێ، ئەم وەزارەتانە بۆ نموونە ئەبێ ڕێك بخرێ، یەکەم/

بەشێوەیەکی ساڵانە ئەرشیفەکانیان بنێرن، دووەم/ ئەو ئەرشیفانەی ڕەهەندی مێژوویان هەیە یان بایەخی مێژوویان هەیە ئەگینا شتی ڕۆژانە و یەومیاتی ڕۆژانە ئەمە وای لێ دێت یەعنی ئەم موئەسەسە و ناوەندە سەرقاڵ ئەبێ بە ئیشێکی لاوەکیەوە ئیشە سەرەکیەکەی خۆی کە بۆی دروست بووە بەڕاستی بیری ئەچێتەوە، بۆیە ئەبێ ڕێك بخرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ڕوونکردنەوەکەی بەڕێزت لەسەر داڕشتنەوەی دەقی ئەو ماددەیە من تێبینیەکەم نەما، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند بەڕێزت ڕوونکردنەوەیەکی جوانت دا تاحەدێك بۆ من ڕوون بوویەوە، بەڵام لە (مەگەر)ەکەوە تۆزێ کێشەم هەیە لە گەڵیا، مەگەر تایبەتمەندیيەکانی بۆ پاشینە بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر بەڕاستی ئەو مەبەستەی هەبێت با بڵێین ئەگەر شتیك پێویست بکات جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ سەری دەتوانن کۆپیەکیان بەنێ، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك بەی سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەزانی چۆنە، ئێمە کە دەڵێین کۆتایی بە کارەکانی هات، یەعنی هەرچی شتێکە کە پەیوەندی بە خودی موئەسەسەکەوە هەیە ئەتوانی بیبەیتە مەجالی ئەرشیف و ئەرشیفی بکەی، بەڵام کە ئەڵێم ئەبی ئیعادەی سیاغەی ئەو ماددەیە بکەینەوە ئەبێ ئیعادەی سیاغەی بکەینەوە پێش دەنگدان بەڕێزان، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی خۆیدا لە لیژنەی یاسایی بەڕاستی ئێمەش تێبینیمان لەسەر ماددە/٦ هەبوو، لێرە ئیحتماله پرسیار دروست ببێ بڵێ مادام ئێوەش لەگەڵ نەبوون بۆ لە ڕاپۆرتەکەتان دا هاتووە، ئێمە زۆر جار تووشی ئەو ڕەخنەیەش دەبین دەڵێین بە پێی پەیڕەو لیژنەی یاسایی تەنیا لەڕووی یاسایی و دەستووریەوە دەتوانێ داڕشتنەوە بۆ ڕاپۆرتەکە بکات، ناتوانێ ماددەکە حەزف بکات، ئەم ماددەیە بەڕاستی ماددەیەکی وا نەبووە دژی دەستوور بێ یان کێشەیەکی قانوونی تێدا بێت بۆ ئەوەی ڕەد بکەین یان مەسح بکەین، لێرە کە گلەیی هاتە سەرمان جوابمان پێ بێت، بەس لە ئەسڵدا ئێمەش لەگەڵ نین، لەبەرچی؟ ماددەی/٦ زۆر جیاوازە لەگەڵ بڕگەی/٥ لە ماددەی/٢ لە ئامانجەکان، ئەوەی بڕگەی/٥ لە ماددە/٢ لە ئامانجەکان داهاتووە بەم شێوەیە پارێزگاری کردنی بەڵگەنامەی دامەزراوەکانی یاسادانان و جێ بەجی کردن و دادوەری و دەستە

سەربەخۆکان کە بایەخی مێژوویی و زانستیان هەیە لە هەرێم، ئەمە زۆر جوانە، بەڵام بە پێی ماددەی/٦ بێ چ پێویستە هەموو شتێکی کە پەیوەست بێ بە کارەکانی ئەم دەسەڵاتە و ئەم دامەزراوانە هەمووی ئەرشیف بکرێت، سنووری ئەم ماددەیە زۆر بەرفراوانە، ئەگەر وابێ کەواتە هەر ڕاپۆرتێکی وەکو ئەم ڕاپۆرتە ئەوە هەمووی ئەرشیف دەکرێ، هەندێ شت هەیە پێویست ناکات بچێتە ئەرشیف، هەندێك عەریزە و نووسراو و شتی بەسیت هەیە پێویست بە ئەرشیف کردن ناکات لەناو هەندێ، بۆیە لە ڕاپۆرتی داهاتووش دا لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند سیاغەی ماددەکە دەبێت عیلاج بکەین بە شێوەیەکی تر و وازح تر و بەڕاستیش بەو شێوەیە بێت، یەعنی هەموو نووسراوێکی زۆر بەسیت و عادی پەرلەمان و هەموو دەسەڵاتێکیش دەگرێتەوە، بەس پێویستە موراعاتی بڕگەی/٥ ی ماددەی/٢ بکەین کە ئەوە مەعقولە بایەخی زانستی و مێژوویی هەبێت زۆر باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان زۆر سوپاس، سیاغەکەی وا بکەنەوە کە بە تەنها دوای کۆتایی هاتن، بەڕێزان ئێستا لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان دا وەزارەتێك بۆ تایبەت بە ژنان ئەگەر ئەرشیفی ئەم وەزارەتە کۆبکرێتەوە پەنجا ساڵی تر بوترێ لە ساڵی دوو هەزارەکان لە ناو کابینەیەکی حکومی دا وەزارەتێك هەبووە بە ناوی وەزارەتی ژنان ئێ ئەوە ئەرشیفە، بایەخی هەیە، کە تەحدیدی دەکەن بە مەرجی دوای کۆتایی هاتنی کارەکان، یەعنی ئەو موئەسەسەیە نەماوە، وجودی نەماوە، مانای ئەوە نا ئێمە هەموو ڕۆژێ دەچین و نووسراوێکمان دەرکردو هەرچی ساڵانە یان مانگانە یان دەوری بۆیان بنێرین، ئەوە بۆ ئەو دامەزراوانەیە کە نامێنن ئێمە دەمانەوێ ئەرشیفەکەیان بمێنێتەوە، دواتر لیژنە خۆتان ئازادن، ماددەی/٧ تەواو موناقەشە لەسەر ئەو بابەتە تەواو، کاك گۆران فەرمووو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٧

نابێت ئەرشیفی گشتی لەناو ببرێت مەگەر دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن لیژنەی پسپۆر و شارەزا بە ڕەزامەندی دەستەی ناوەند.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەکە ئەم سەح کەینە ماددێ حەفتێ ئەڤ ماددا دژە دگەل ناونیشانێت ڤی پڕۆژێ، بۆچی؟ چونکو ناڤ و نیشانا پاراستنا ئەرشیف ل کوردستانێ هەکە تو بهێ بەرێ خۆ بدەیە دەقا ماددێ/٧ دا دبینی کو بیتن بهێتە ئەو دی کرن ناڤبرن، ژ بەر هەندێ نابیتن یەعنی ئەڤ ماددا زێدەیە، چونکە دژە دگەل ماددێ/١٣ و گەل ماددێ/٩ و ناڤ و نیشانا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە بۆچوونەکەی نەجاة خان دەکەم، پرسیارێکم هەیە بۆ لیژنەی تایبەتمەند ئایا چ ئەرشیفەك هەیە یان بەڵگەنامەیەك هەیە کە سوودی نەبێت؟ بۆ ئەوەی کە بیانەوێ لەناوی بەرن، ڕەنگە ئەرشیف هەبێ و بەڵگەنامە هەبێ بۆ ئەوەی ئێستا پێویست نەبێ بەڵام بۆ داهاتوو پێویست بێ خەڵکانێك هەبێ بەدوایا بگەڕێ، بۆیە بە پێویستی ئەزانم ئەم ماددەیە هەر نەمێنێ هەر وەکو نەجاة خانیش ئاماژەی پێی کرد، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.محی الدين فەرموو.

**بەڕێز محی الدين حسن يوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم شت ئەرشیفی گشتی بەشێوەیەکی عمومی هاتووە، یەعنی سیفەتی عمومی پێدراوە دەکرێت بڵێین بەڵگەنامەیەك یان بەشێك لە ئەرشیفەکان دوای هەڵسەنگاندن، دەسەڵاتی بەناوبردنی ئەو ئەرشیفە پێموایە لە دەستەی ناوەند نەبێ بەڵکو لە دەسەڵاتی ئەنجومەن بێ و بڕیارەکە لای ئەنجومەن بێ و باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ زاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٧ نابێت ئەرشیفی گشتی لەناو ببرێت مەگەر لەسەر داوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن لیژنەی پسپۆڕ و شارەزا بەڕەزامەندی دەستەی ناوەند، نازانم ناوەندە یان دەستەی ناوەندە؟ پێم وابێ دەستە نییە، تەنها ناوەندە، لەبەرئەوەی ئەرشیفی گشتی موڵکی گشتییە، پەیوەستە بەژیانی تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان، بۆیە پێشنیاز دەکەم ئیتلاف کردن و لەناوبردنی بە زەحمەت بکرێ یان ئەگەر بۆ زەروریات نەبێ نەکرێ ئەویش بدرێتە دەسەڵاتی ئەنجومەن نەك ناوەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشيد خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٧ ئامانجی سەرەکی دەرکردن لەم یاسایە ئەوەیە کە ئەرشیف بپارێزێ، کەواتە بۆ لە ماددەیەك بڵێین نابێت ئەرشیف لەناو ببرێ، یان ئەرشیفی گشتی، دەبێ

موستەلەحەکەش تەوحید بێ لە هەردوو پێناسەش تەنها یەك ئەرشیف هەبێ، لەوێ بکرێتە (أ و ب) پێسناسەی گشتی بۆ دابندرێت، بەڵام یاساکە و ئەو ماددەیە پێویست ناکات، چونکە خۆی ئامانجمان لەوەیە ئەرشیف بپارێزین لەناوبردنیش نابێت، ئەگەر ئێمە گرنگی بە ئەرشیفی ڕابردووی خۆشمان نەدەین ئەوا ناتوانین لە داهاتووش ئەرشیفی خۆشمان بۆ داهاتوو رابگەیەنین، ئێستا تەنها لە تورکیا ئەرشیفی دەولەتی عوسمانی سەرووی ملیۆنێك وەرەقە سکان کراوە بە باشترین دیقە، هەموو کەسێك دەتوانێ سوودمەند بێ لەڕیگەی ئەنتەرنێتەوە بە پارەیەکی زۆر زۆر کەمیش ئامانج لەوە نییە کە ئەرشیفەکە گرنگ نەبێ هەرزان دەیفرۆشن، ئامانج لەوەیە کە زۆرترین کەس ببینێ و سوودی لێ وەربگیردرێت، بۆیە پێویستە لەو ماددەیەدا شوێنی ئەرشیفی دیجیتاڵی بکرێتەوە هەموو ئەرشیفەکاین دیجیتال بکرێ، چونکە ئێمە ڕەنگە ڕووداوێکی نەخوازراو ڕووبدات شوێنی ئەرشیفەکە و ناوەندەکە بسووتێ بە عەمدەن بێ یان بە شێوەیەکی نەخوازراو، بۆیە پێویستە ئەرشیفی دیجیتاڵی و هۆبەی دیجیتاڵی لەو ئەرشیف خانەیە هۆبەیەکی سەرەکی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك حاجی سەفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٧ نابێت ئەرشیفی گشتی لەناو ببرێ مەگەر دوای هەڵسەنگاندنی لەلای لیژنەی پسپۆر و شارەزا بە ڕەزامەندی دەستەی ناوەند، پێشنیار دەکەم لە جیاتی بەرەزامەندی دەستەی ناوەند ببیتە بە ڕەزامەندی ئەنجومەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بوونی ئەم ماددەیە زۆر بە پێویست دەزانم، زۆر جار بەڵگەنامەکان کاتێك دەپارێزرێن سەرەتا نە بایەخەکەی ئەزانی نە بێ بایەخیەکەشی دەزانرێ و دەرئەکەوێ، لەوە ئەچێ دوای تێپەربوونی چەند ساڵێك ئەوسا هەم گرنگی و بایەخیەکەی باشتر دەرکەوێ یاخود بە پێچەوانەوە دەرکەوێ کە ئەم بەڵگەنامەیە بایەخی نییە، بۆیە مانەوەی ماددەکەم زۆر پێ باشە، بەڵام بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە، هیچ بەڵگەنامەیەکی ئەرشیف کراو لەناو نابرێت تەنها پاش (١٥) ساڵ و هەڵسەنگاندن لەلایەن لیژنەیەکی شارەزاوە و ڕەزامەندی دەستەی ناوەند، ئەوە خاڵی یەکەم و تێبینی یەکەم، تێبینی دووەمیش پشتیگری لە قسەکانی کاك د.زیدان دەکەم بۆ زیاد کردنی ئەو خاڵە لەم ماددەیە کە بەڵگەنامەکان بە ئەلیکترۆنی بکرێن لەم ماددەیە یان لە ماددەیەکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٧ نابێ ئەرشیفی گشتی لەناوببرێت مەگەر لە دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن لیژنەی پسپۆر و شارەزا بەڕەزامەندی دەستەی ناوەند، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لێرە نابێت ئەرشیفی گشتی لەناو ببرێت ئیتر کۆتا بێ مەگەر زیادە، بۆچی ئەو مەگەرە دابنێین (مەگەر دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن لیژنەی پسپۆر) ئەگەر ئەرشیفەکە زۆر گرنگە نابێت بەهیچ شێوەیەك لەناو ببرێت بۆیە ئەو مەگەرە زیادە هەر تەنها بنووسرێ نابێت ئەرشیفی گشتی لەناو ببرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرشیف لە بەشێکی زۆر لە وڵاتان هەر زۆر دوورنەکەوینەوە لە ئێران قسمێکی گەورەی هەیە، یەعنی هەر کە کراوەتەوە یەکسەر ماستەری بۆ کراوەتەوە، نەك ئەوەی بە بەکالۆریۆس بڕوات و ئەوە، یەعنی بابەتێکی گرنگە و علمەو ئەخوێنرێ، چونکە چی ئەکات هەڵسەنگاندن دەکات ئەپارێزێت، دەست نیشانی ئەکات چی ئەرشیفە و چی ئەبێ بە ئەرشیف یان چی نابێت بە ئەرشیف، لەبەرئەوە ئەمە بابەتێکی گرنگە کە ئەم خاڵە بمێنێتەوە، یەعنی ئەم ماددەی/٧ بمێنێتەوە وەکو خۆی بۆ ئەوەی کە هەڵبسەنگێندری کەچی ئەرشیفە و چی ئەرشیف نییە، بەڵام من پرسیارم هەیە لەسەر لیژنەکە، لیژنە پسپۆر و شارەزاکە نە لە پێناسەکان دا و نە لە هیچ شوێنێك دا باس نەکراوە، ئەم لیژنە پسپۆر و شارەزایە کێن؟ ڕاستە نووسراوە بە ڕەزامەندی دەستەی ناوەند بەڵام جارێکی تر پێویستمان بەوەیە کە دەست نیشانی بکەین لیژنە پسپۆر و شارەزاکە چین ئایا خزمەتیان چەنێکە چەنێ لە مەجالەکەی خۆیاندا ئیشیان کردووە و شەهادەکەیان چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، موژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژده محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٧ نابێت ئەرشیفی گشتی لەناو ببرێت مەگەر دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن لیژنەی پسپۆر و شارەزا بە ڕەزامەندی ئەو دەستەی ناوەندە بکرێت بە ئەنجومەنی ناوەند و فەترەیەکی زەمەنیشی بۆ دیاری بکرێت، یەعنی هەر ئاوا هەرەمەکی نەبی زیاتر لە (٢٠) ساڵ یەعنی ئەوەش بۆ زیاد بکرێت، دەستتان خۆش بی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.اسماعیل فەرمووە.

**بەڕێز اسماعیل على طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسپێکی ئەز پشتەڤانیا کاك سفین و د.محی الدین و خوشکە مژدە دکەم، ببیتە ئەنجومەن، شینا ناوەند ئەو دوماهیکی رەزامەندی بدات، یا دی تێبینیا منیا دی پەیڤا دەستە مەعلومە وەکو موستەڵەحەك یەعنی هەیئە، ئێ ئاخر ئەڤە ڕێڤەبەریا، یەعنی ئەگەر هەر بمینیت ژی ئەبی دەستە لەوێ نەمینیت، ببیتن ڕیڤەبەریان ناوەندی، یەعنی شتێکی تر ئەما دەستە دەستەی ناوەند یەعنی هەیئە و چ شت لەناو قانوون دا نینن کو ئەمە هەیئەیە، ئەمە دەستە بیتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی/٨ ... بەڵێ واللە ناوتی تیا نەبوو فەرمووە قسە بکە کاك چیا، قسە بکە هیچ موشکیلەمان نییە فەرمووە.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددێ/٧ نابت ئەرشیفی لەناو ببریێت، مەگەر دوای هەڵسەنگاندنی، یەعنی دوای هەڵسەنگاندن مەرام ئەوە کە ئەڤ ئەرشیفە دیژ نابت، مەرام ئەوە کە وی یاسایی ئەوە کو پاراستن و کۆم کرنا ئەرشیفێ یە، مەرام ئەو نینە کو ئەرشیف ژ ناڤ ببات ژ بەرهەندێ ئەڤە ناونیشانا دگەل ناڤ و نیشانێ ڕەئیسی ناگونجێت، ئەز پشتەڤانیا ئاخافتنیت نجاة خان و لیزا خان دکەم و هەروەسا بەڕێز مەلا ناصر کە گوتییە نابت ئەرشیفی گشتی ل ناڤ بەریێت و پێتڤیا نوقتە بێتە دان و خلاس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەتانەوێ قسە بکەن لیژنە؟ کامتان قسە ئەکەن؟ کاك بژار فەرمووە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دەستەواژەی دەستە هەیە لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی/٥ داهاتووە، هەروەها لەبرگەی دووەمدا لە ماددەی/٤ .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ڕۆژان خان فەرمووە.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی بەڕێز کاك بژارم هەبوو، بەڵام جگە لەوە ئێمە لە پێناسەکاندا ئەرشیفی گشتیمان پێناسە کردووە بە زانیاری و بەڵگەنامەی پەیوەندار بە چالاکی دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێم، ئەگەر هەر وەزارەتێك وەکو پێشتر باسمان کرد لەوانەیە ئەگەر هەڵوەشێتەوە یاخود تەسلیم

ئەكرێ چالاكيەكانى بۆ ناوەند، ياخود ئەو بەلگەنامە گرنگانە مەرج نيیە هەمووی بۆ ئەرشيف كردن گونجاو بێ و پێويست بێ بۆ ئەمەش پێويست دەكات ئێمە لێرە ئەو هينەمان داوە بە وەزارەتی رۆشنبيری كە بێ ليژنەيەكی بۆ پێكبهێندرێنی مەرج نيیە ئەو ليژنەيە ئێمە لێرە پێناسەی بكەين، چونكە ئەمە شتێكی كاتييە و بۆ بابەتێكی ديارى كراوە، دەستەش بە هەمان شيواز لە قانوونەكەدا لە پێشتر ئامـاژەی پێكراوە و ناوی هاتووە، سەبارەت بە ماددەی/٨ دەيخەمە بەردەستی بەڕێزتان.

ماددەی/٨

١ - ئەرشيفی ناوەند بۆ مەبەستی زانستی سوود لێ وەردەگیرێ بەپێی ياسای مافی دەستكەوتنی زانياری لە هەرێمی كوردستان _عيراق ژمارە/١١ ی ساڵی ٢٠١٣.

٢ -دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند بۆی هەيە هەر بەلگەنامەيەك بۆ بەرژەوەندی گشتی بە نهێنی هەژمار بكات بەمەرجێك دەقێكی ياسايی ڕێگر نەبێت.

سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كێ قسەی هەيە؟ كاك سيپان، د.اسماعيل، د.محی الدين، كاك دابان، د.گەلاويژ، د.زيدان، كاك چيا، شێخ ظاهر، نجاة خان، كێی تر؟ كاك چيا فەرموو.

**بەڕێز چيا مجيد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی دووەم دەستی بەڕێوەبردن ناوەندی بۆ هەيە هەر بەڵگەنامەيەك بۆ بەرژەوەندی گشتی بە نهێنی هەژمار بكرێت، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەين هەمی دونيایێ هەتا لە ئەمريكا هەر بەڵگەيەكی نهێنی پشتی ٢٥ ساڵ هەتا ٥٠ ساڵ بەڵگەنامە دێتە ئاشكرا كرن، هەتا لە (سی ئای ئەی) هەندە بەلگەنامە هەی يەعنی مێژوويی هەنە كە پشتی پێنجی ساڵ دێتە ئاشكرا كرن، خەڵكەك ئيستفادا ژ وان بەڵگەنامەيت نهێنيی لەشكەری ژی ببينن، بۆيە ژ من پێ باشە بەشی نهێنی كە لڤێرێ كاك عومەری خالا پێشتر باس كر پێتڤيا دەست نيشان بێتە كرنێ ئەڤ بەڵگەنامە نهێنی بۆ ماوەی چەند ساڵا مەسەلەن ئاشكرا بيت، ٢٥ ئان هەتا ٥٠ ساڵا پشتی ڤی ماوەيی بێتە ئاشكرا كرن، مەجالەك هەبيت بۆ هەر هاووڵاتيەكی كوردستانێ ڤێ بەڵگەنامێ دەرفەت هەبت، پێزانينا ژی وەرگرت و سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاويژ عبيد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/٨

يەكەم/ ئەرشيفی ناوەند پێم باشە بگۆردرێت بۆ ئەرشيف كراو و بەلگەنامەكانی ناوەند بۆ مەبەستی زانستی، بۆ مەبەستی توێژينەوەی زانستی سووديان لێ وەربگيردرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٨ بڕگەی یەکەم و دووەمە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم/ من بە پێویستم نەزانی باس لە یاسای پاراستنی مافی دەستکەوت بکەم، بەڵام کە لێرە ئاماژەی پێکراوە. دەقی ماددەی یاسای پاراستنی ماف و دەستکەوتەکان و زانیاری لە هەرێمی کوردستان ژمارە/١١ ی ساڵی ٢٠١٣ لە ماددەی/١١ پاراستنی دۆکیۆمێنتەکانی تێدایە، پێچەوانەی ماددەی/٦ ی ئەو یاسایەیە کە دەڵێ هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان دائیرەیەك دەبێ خۆی دۆکیۆمێنتەکانی خۆی بپارێزێ، لێرەش دەڵێ ئێمە دەبێ لێی وەربگرینەوە، کەواتە کە ناوی دەینین دەبێ موتابق بێ لەگەڵ ماددەکانی ئەم یاسایە، خاڵی دووەم/ دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند بۆی هەیە هەر بەڵگەنامەیەك بۆ بەرژوەندی گشتی بە نهێنی هەژمار بکات، پرسیار لێرە ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان جەنابت یان هەر بەرپرسێك کە نووسراوێك دەکات ئەگەر نووسراوەکە نهێنی نەبێ بۆ بکرێت بە نهێنی، بەڵام کە ناونیشانی نووسراوەکە نهێنیە لە ئەرشیفی نهێنی دەپارێزرێ پێویست ناکات ئەو لیژنەیە بریار بدات نووسراو لە خۆیەوە بکاتەوە نهێنی، کەواتە ئەوانە زانراوە و تعریفە بە پێی ناونیشانی نووسراوەکانی دامودەزگاکان دەپارێزرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی/٧ یش دا ناوم نووسی بوو، بەڵام ناوم نەخوێنرایەوە کاك مەلا ناصر ئەڵێ ڕەنگە کێشەی ئەو پشتەوە هەبێ، یەعنی ڕەش بێ نەبینرێ لە پشتەوە... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا باش دەبینم، هەمووتان دەبینم بە یەك چاو، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی مامۆستا عمر ئەکەم بەوەی کاتێك دابندرێت کە کاتێك ئەرشیف ناکرێ یەکسەر لەناو ببرێ، ئەوە بۆ ماددەی/٧ چونکە زەمەنێکی بدرێتێ (١٥) ساڵ بی و (٢٠) ساڵ بی ئینجا دواتر لەناوببرێ کاتێکی بدرێتێ، دوو/ سەبارەت بە ماددەی/٨ ئەرشیفی ناوەند بۆ مەبەستی زانستی سوودی لێ وەردەگیرێ بە مەبەستی مافی دەستکەوتنی زانیاری، ئێمە یاسایەکمان هەیە کە تەنانەت هاووڵاتیانی ئاساییش دەتوانن دەستیان بگات بە کۆمەڵێ بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت و کۆمەڵێك زانیاری، بەڵام لە ماددەی/٢ پێچەوانەی ئەمەیە دەڵێ دەستەی بەڕێوەبەری ناوەند بۆی هەیە هەر بەڵگەنامەیەك بە نهێنی هەژمار بکات، کەواتە ئەمەی کە لێرە هاتووە سەلاحیەتێکی قانونی دەدەین بەم شەخسە بۆ ئەوەی کە تەجاوزی قانونی

زانیارییش بکات، یەعنی ئەو بەڵگەنامە بە نهێنی بهێڵێتەوە و ڕادەستی نەکات، دووەم/ چی شتێك نهێنیە؟ چ شتێك لای ئەم بەڕێوەبەرە نهێنیە و چ شتێك نهێنی نییە؟ ئەکرێ وەکو کاك د.زیدان وتی بۆ نموونە زەمەنێك دابندرێت دوای دە ساڵ و پانزە ساڵ ئەو بەڵگەنامانەشی کە نهێنین ئاشکرا بکرێن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزێ د خالا دوهێ ژ ماددێ/٨ ئەز بینم یا زێدەیە، هەر نەمینیت، ئەگەر ما ژی شینا دەستەی بەڕێوەبردن ببیتە ئەنجومەن، جێگا ئێ دی ئەگەر ما بەس ئەز دگەل هەندێمە کو نەمینیت یان زێدەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله قسەکانی من تەقریبەن کران، بەس تێبینیەك بۆ چونکە لە ماددەکانی پێشوو ڕەنگە لە داهاتووش دا ئەم موناقەشەیە بکرێت، مەسەلەن موناقەشەی ئەوە کرا کە ئەمە بەڕێوبەرایەتییە بۆ بڵێین دەستە؟ مەسەلەن، کاتێ دەڵێی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەندەکە واتا تۆ بەرپرسیاریەتێکی بە کۆمەڵ دروست دەکەی لە دەست یەك شەخص نییە، بەرپرسیاریەتەکە جەماعیە، مەسەلەن ئێستا ئێمە دەڵێین دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، خۆ دەستە نییە، سەرۆکایەتی پەرلەمانە، باسی گروپی دەکەی هەندی کەس دەکەی مەسئولیەتەکە جەماعیە، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەو دەستەیە بمێنێتن لە ماددەکانی پێشوو و داهاتووش دا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یا ئێکێ ئەز پاڵپشتیا ئاخافتنێت کاك دابانی بکەم کو ڕاستی دیتنا تە بۆمە هەمیا دادپەروەری تێدا نیینە، یا دوویێ/ سەبارەت ب ماددێ/٨ یەکەم/ ئەرشیفی ناوەند بۆ مەبەستی زانستی سوودی لی وەردەگرێت و بەپێی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە/١١ ی ساڵی ٢٠١٣ لێرە تبیا وەرگرتنا زانیاریا ژی لێ زێدە دبیتن نا بەس بۆ مەبەستی زانستی وەرگرتنا زانیاریا چونکی دێرا ب خۆ دیاری یاسایەکا هەی دەستکەوتی زانیاری لبەر هەندێ تبیا وەرگرتنا زانیاریا ژی تێدا ببیت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سوپاس بۆ بەڕێزت والله نازانم مەبەستت چیيە لە دادپەروەری تیا نییە؟ یەعنی هەمووتان ناوتان ئەنووسن و مونا خان ئەینوسێ و دەیداتە دەستی من، یەعنی ئەگەر یەکێك

نەبینێ ئەوە مونا خانە نایبینێ نەك من، بەڕاستی ئینجا دوایی دەشی خوێنمەوە، یەعنی ئەڵێم ئەو ناوانەی ئێستا خوێندمەوە کێی تیا نییە؟ ئینجا ئەگەر یەکێ نەنووسرا بێ ئەبێ بیڵێ بڕواتان بێ خەتای ئێمە نییە، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٨ برگەی یەکەم ئەرشیفی ناوەند بۆ مەبەستی زانستی سوودی لێ وەردەگیرێت بە پێی یاسای مافی دەستکەوتی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە/١١ ی ساڵی ٢٠١٣ من پێشنیار دەکەم ئەو برگەیەی بۆ زیاد بکرێت تەنها ئەو بەڵگەنامانە نەبێت کە پەیوەندیدارن بە ئاسایشی نیشتمانی، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند بۆی هەیە هەر بەڵگەنامەیەك بۆ بەرژەوەندی گشتی بە نهێنی ئەژمار بکات، بەمەرجێك دەقێکی یاسایی ڕێگر نەبێت، هیچ ڕێگریەکی یاسایی نەبێت، پێموابێ لەڕووی سیاغەوە وا جوانترە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ڕاست ئەکەی ئەو (مەگەرە) لا ئەبەین دواتر، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددێ/٨ یەکەم/ ئاماژە وێ چەندێ کو ئەرشیفی بۆ مەبەستی زانستی سوود لێ وەردەگرت، بەپێی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە/١١ ی ساڵی ٢٠١٣ هەشت ساڵ دەرباز دبن ئەڤ یاسایە ل پەرلەمانێ کوردستانێ دەرکەتی هەتاکو نوکە نەکەتیە بوارێت جێ بەجێ کرنێ دا ئایا ئەم لڤێرێ چەوا پشت بەستنێ ب یاسایەکی بکەین کو هەتاکو نوکە نەکەتیە بوارێت جێ بەجێ کرنێ دا؟ کەواتە ئەم بڤێ یاسایی ڕێگریا ل هاووڵاتیان دکەین، ڕێگریەت وان ڤەکولەران دکەین کو بشێن ژ وان ئەوی ئەرشیفی وەرگرن، چونکی ل گوری ڤێ یاسایی دا د ماوێ نەوەد ڕۆژادا دەبوایە ئەڤ یاسایە بکەویتە بوارێ جێ بەجێ کرنێ دا لێ هەشت ساڵ دەرباز دبن و نەهـ ساڵ دەرباز دبن هەتاکو نوکە یاسا مافێ دەستکەفتنا زانیاریان لە هەرێما کوردستانێ نەکەتیەت بواری جێ بەجێ کرنێ دا کەواتە ئەز دبیتم تەناقزەك ڤێ چەندی دا هەیە کو ئەم پشت بەستنێ ب یاسایێ دیکە بکەین د دەمەکی دا ئەو یاسایە نەکەتیە بوارێ جێ بەجێ کرنێ دا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا پشتگیری هەر یەك لە د.زێدان و کاك چیا و کاك سیپان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، قسەتان هەیە لیژنە یان بڕۆینە ماددەی دوای ئەو؟ کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە لە ماددەی/٨ بڕگەی یەکەم دا هاتووە ئەرشیفی ناوان بۆ مەبەستی زانستی سوودی لێ وەردەگیرێ بە پێی فلان یاسا و یاسا کە تێیدا هاتووە، لێرە هیچ کێشەیەك نییە پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێت، ئەم قانوونەی ژمارە/١١ ی ساڵی ٢٠١٣ لە چەند ماددەیەك دا زۆر بوار باسی کردووە، مەسەلەن چۆنیەتی بەدەست خستنی زانیاری لە ماددەی (٤ و ٥) دا باسکراوە، بەرامبەر ئەوەشدا ماددەی/١٤ش لەو یاسایە دا هەیە کە ماددەکەیەکی ترەو حوکمێکی تر هەیە، بۆیە هەبوونی ئەم بڕگەیە بەم شێوەیەی ئێستا هیچ کێشە تێدا نییە و پێمان باشە وەك خۆی بمێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی/٩ فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرشیف کراوێکی هەڵگیراو لەناوەند نابردرێتە دەرەوەی هەرێم تەنها پێشنیازی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند و بڕیاری وەزیر نەبێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هەر بەڕێزێك قسەی هەیە؟ د.محی الدین، مامۆستا ابوبکر، کێی تر؟ لێرە بەڕێزان کێ قسە ئەکات؟ کاك حکمت، د.زیدان، کاك چیا، سەوسەن خان، کاك شێخ ظاهر، کەس هەیە نەمان نووسی بێت؟ نییە، مامۆستا ابوبکر و د.محی الدین، کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبوزید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا/٩ کو تێدا هاتییە دیار کرن کو ئەو ئەرشیفە بۆ کەسەکی نیینە بتە ژ دەرڤە بتنێ ڕەزامەندیا وەزیری و یا دەستەیی لڤێرێ بەس دیار نەکریە کو ئەو ئەرشیفە بچتە ژ دەرڤە و جارەکا دی بزڤریتەڤە هەرێما کوردستانێ و بزڤریتە ناوەندێ، پێویستە ژی یەعنی فەترەیەکا دیاری کراو هەبیتن یەعنی د ماوەی شەش هەیڤا دا یان ساڵەکی دا ئەو ئەرشیفەی کو وەزیری ڕەزامەندی لەسەر دای کو دەستەیی جارەکا دی د ماوەی شەش هەیڤا دا یان ساڵەکی دا بزڤریتەڤە جارەکا دێ ناوەندی ل هەرێما کوردستانێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٩ لە ڕاستی دا کە دەڵێ ئەرشیف کراوێکی هەڵگیراو لە ناوەند نابردرێتە... یەعنی ڕستەکە ئەوەیە هیچ مەفهومێکی نییە، لەبەرئەوە پێویستە بکرێتە هیچ ئەرشیفێکی هەڵگیراو

له ناوەند نابردرێته یەك وشەیە دەرەوەی هەرێم تەنیا بە پێشنیاری دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند و بڕیاری وەزیر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٩ ئەرشیف کراوێکی هەڵگیراو لە ناوەند نابردرێتە دەرەوەی هەرێم تەنها بە پێشنیازی یان بە پێشنیاری دەستەی بەڕێوەبردن و ناوەند، جەنابتان ئەگەر بە بیرتان بێ لە یاسای شوێنەوار زۆر تاوتوێی ئەو بابەتەمان کرد لەسەر بردنە دەرەوەی هەر کەلوپەلێك یان دەست نووسێك، وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی نییە بۆ ناو عیراقیش، بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان بڕوات بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بێ و ئەگەر بۆ دەرەوەی عیراقیش بێ دەبێ بە ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵ بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٩ ئەرشیف کراوێکی هەڵگیراو لە ناوەند نابردرێتە دەرەوەی هەرێم تەنها بە پێشنیازی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند و بڕیاری وەزیر نەبێ، لێرە ئەرشیف کراوێکی هەڵگیراو لە ناوەند، کەواتە ئەوانەی هەڵ نەگیراون بۆیان هەیە ببردرێتە دەرەوە، لێرە تەحدیدی کردییە، بۆیە پێشنیاز دەکەم هیچ ئەرشیفێك نابردرێتە دەرەوەی هەرێم تەنها بە پێشنیازی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند و ڕەزامەندی وەزیر، نەك بڕیاری وەزیر، ڕەزامەندی وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەستخۆش، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

لەسەر بابەتێ دەرئێخستنا ئەرشیفێ بۆ دەرەوەی وەڵاتی من تێبینیەك هەبی، ئەم کورد گەلە جارا پێش موحتاجی پشتەڤانیا نێڤ دەوڵەتی هەنە بۆ ناساندنا هەندەك بابەتێت جینۆساید، حەلەبچە، ئەنفال، شەڕێ داعشێ دا، گەلە جارا ڕێکخراوی نێڤدەوڵەتی حەتا ڕێکخراوێن ناڤخۆیی پێ تڤین هەندەك دۆکیومێنت و بەلگەنە ش ناڤخۆیی بۆ برنا دەرڤەی وەڵاتی، ڤێرێ جا دێ ئیحتیماله ڕۆتینیاتێت ئیداری گەله گەلەك زێدە بن، گەلەگ جارا بۆ کۆنفرانسەکی نێڤدەوڵەتی ڕێکخراوەك پێتڤی بۆ خالەکی مەسەلەن صەریح هەیە کو هەندەك دۆکیومێنتی جینۆساید یان ئەنفال یەعنی حەلەبچە د گەل خۆدا ببیتن، ڤێرێدا ڕۆتینیاتێت ئیداری دێ زێدە زێدە بن دەبیتە سەبەب کو ئەرشیف نەچنە ژ دەرڤەی وەڵاتێ بۆ کاری پێویست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا أبو بكر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرشیفکراوێکی تۆمارکراو نەك هەڵگیراو، چونکە لە ماددەی دوای ئەوەدا موددەی داناوە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەستنووس و ئەوەیان لایە نەك تۆمارکراو، بەڵام دەکرێ بڕگەیەکی تریشی بۆ زیاد بکەین، ئەمە ڕێگر نییە لەوەی کە ناوەندەکانی دەرەوە، ناوەندەکانی توێژینەوە بۆ سوود بینین لەم ئەرشیفانەی ئێمە بە میکانیزمێکی ڕێگەپێدراو سوودی لێ ببینین، وەکو چۆن تەلەبەیەکی دکتۆرای ئێمە دەڕوات لە ئەرشیفی وڵاتان سوود وەردەگرێ، ئەو میکانیزمە ڕێکبخرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکەم لە برادەرانی لیژنەی تایبەتمەندە، مەبەست لە بردنە دەرەوەی ئەم ئەرشیفانە چییە؟ ئایا مەبەستییان بۆ پاراستنییەتی؟ یان مەترسییەکان؟ یاخود بۆ هەندێك مەسەلەن کاری تایبەتە و دواتر دەیبەن و دەیهێننەوە؟ ئەگەر مەبەستەکە بۆ پاراستنی بێ پێموایە دەبێ، هەر دەستووری عیراقیش مەسەلەی ئاسار و ئەوانە، پێم وایە دەستووری عیراقی تەنزیمی ئەو کارەی کردووە، ئەگەر بۆ دەرەوەی عێراق بێ پێموایە دەبێ پێویستی بە حکومەتی عیراقی هەیە، حکومەتی فیدراڵی هەیە، من پێم وایە بڕیاری وەزیر بکرێتە ئەنجومەنی وەزیران لە حاڵەتی بردنە دەرەوەی و ئەو بابەتە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کەس نەماوە قسە بکات؟ لیژنە، بەڵێ قسە بکەن، فەرموون.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا مەبەست لەوەیە کە هەر ئەرشیفێك کە دەبرێتە دەرەوە بۆ خستنەڕووی زانستی بێ، یاخود بۆ توێژینەوەی زانستی بێ، یاخود بۆ عەرزکردنی بێ لە پێشانگایەکی نێودەوڵەتی دا، دەبێ وەزیر رازی بێ لە بردنە دەرەوەی بۆ ئەوەی میکانیزمێك هەبێ لەسەر چۆنییەتی بردنە دەرەوەی ئەم بابەتانە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەم بابەتە زۆر زۆر جیاوازە لەسەر مەسەلەی ئاسەوار، چونکە ئاسەوار بابەتێکی فیدراڵییە، لە قانونی ئاسەواردا بە ڕێکوپێکی ئەم ڕێکارانە دیاری کراوە، بەڵام ئەرشیفەکانی پەیوەندیدارن بە میللەتی خۆمانەوە، ئەگەر هەر ئەرشیفێك بکەوێت یاخود دەستنووسێك بچێتە بواری ئاسەوارەوە، ئۆتۆماتیکییەن دەچێتە سەر قانوونەکەی تر، لێەدا نامێنێتەوە، بەڵام هاوڕام لەگەڵ قسەکەی مامۆستا (أبوبكر هەڵەدنی)

هەر ئەرشیفێکی هەڵگیراو لە ناوەند، یاخود تۆمارکراو لە ناوەند، چونکە ئێمە بەشێك لە ماددەی دواتردا صەلاحییەتمان داوەتە ئەو ناوەندانەی کە ئەرشیفی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بەتایبەتی ئەرشیفی تایبەتی، دەتوانن لەلای خۆیان بیپارێزن، بە مەرجێك دەبێت لە ماوەی (١٢٠) رۆژدا لەو ناوەندە تۆماری بکەن، بۆیە دەکرێ ئەوەی بۆ ئیزافە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری، بەڵام داواتان لێ دەکەم سەیرێکی ماددەکانی قانوونی شوێنەوار بکەنەوە بۆ ئەوەی موحەصەنتر بێ، پارێزراوتر بێ، مەسەلەن بووترێت بەشێوەیەکی کاتی، بۆ مەبەستێکی زانستی یان عەرز کردن، یەعنی لەوێ تۆزێك وردتری بکەنەوە، تەنها بە مەبەستی پاراستنی ئەرشیفەکە، ماددەی (١٠) بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە (١٠):

یەکەم: هەر کەسێك ئەرشیفێکی تایبەتی لەبەردەست دا بێت پێویستە:

١ -لە ماوەی (١٢٠) رۆژدا لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە بە ژمارە و بڕ و داتای دروست لە ناوەند تۆمار بکات.

٢ -وێنەیەکی رەسەن یان لەبەرگیراوی ئەرشیفکراوە مێژووییەکان رادەستی ناوەند بکات.

٣ -بەرپرسیارێتی یاسایی پاراستنی ئەرشیفەکە بگرێتە ئەستۆ و هەماهەنگ بێت لەگەڵ ناوەند بە مەبەستی چاودێری و سەرپەرشتی کردن.

دووەم: هەر کەسێك ئەرشیفێکی گشتی لەبەر دەست بێت پابەندە بە گەڕاندنەوەی بۆ ناوەند و پاداشتێکی پێ دەدرێت.

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (١٠) بەڕێزان کێ دەیەوێ قسەی لەسەر بکات؟ بەڵێ بەڕێزان ناوەکان دەخوێنمەوە بزانین کێمان نەنووسیوە: د.محی الدین، کاك سیپان، د.إسماعیل، مامۆستا أبوبکر، مامۆستا عثمان، کاك مەم برهان، مامۆستا عمر، د.گەلاوێژ، گولستان باقی، کاك مەم برهان، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە یاسایە بە حوکمی ئەوەی لە لیژنەی رۆشنبیری پێشکەش کراوە، بۆ تەئریخ دەیڵێم، من لە ناو ئەو لیژنەیەم، ئەم پرۆژە یاسایەم هەم ئیمزا نەکردووە، هەم لەگەڵ بەشێکی زۆری پرۆژە یاساکە نیم، بۆ نمونە تەماشا بکەن لەم ماددەیەی کە ئێستا لە خوێندنەوەین و قسەی لەسەر دەکەین، ماددەی (١٠)، لە خاڵی یەکەم دا دەڵێ (١٢٠) رۆژ تۆ بۆت هەیە تۆماری بکەی، باشە؟ کەچی لە بڕگەی دووەم دا هەر کەسێك ئەرشیفێکی گشتی بەر دەست بێت پابەندە بە گەڕاندنەوەی، پابەند کراوە لەوێ دا بەس تۆمار کردنە ئیجبارییە دەبێ بیگەڕێنێتەوە، من ئێستا

بۆ نمونە نامەیەکی (قانیع)م لایە بۆ (بێکەس)ی شاعیر بۆ قازی، ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە قەزییەی کوردەوە هەیە بۆ نمونە، ئێ بۆ من پابەند بکرێم بەوەی کە هاووڵاتییەك ئەم مەسەلەی ئەرشیفە لای خۆی باشتری دەپارێزێ؟ یەعنی یان دەزگای مەسەلەی (ژین)، دەزگای (س) دەزگای (ص) ئەمانەی پابەند بکرێ بەوەی کە نەقل بکرێ و بگوێزرێتەوە، پێموایە ئیجحافە بە حەقی دامەزراوەکانی تری ئەرشیف، دەزگاکانی تری ئەرشیف، هەندێ کارەکتەر خۆی هەیە ئەرشیفەکان کۆ دەکاتەوە، لە شۆڕشی یەك لەدوا یەکەکان دا لێشاوێك بەڵگەنامە هەن، کە ئەوانە کارەکتەرەکان خۆیان باشتری دەپارێزن تاوەکو بچێتە ئەو شوێنە، بۆیە پێموایە سەر لەبەری ئەم پرۆژە یاسایە بەڕاستی نازانم چی ئەگەر دەرچەیەکی قانونی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی دەوڵەمەندتر بکرێ و سەرنجی تری ئەرشیفی و بەراوردکردن بەو یاسایەی شوێنەوار، هەندێ شت هەیە من هەست دەکەم ئیشکالیەت هەیە لە نێوان شوێنەوار و کەلەپوور و مەسەلەی ئەرشیف و بەڵگەنامە، ئەرشیف پرۆسێسەکەیە، پرۆسەی ئەرشیف کردن ئەو شوێنەیە، موئەسەسەکەیە کە پرۆسەی ئەرشیف دەکات، دەڵێین ئەرشیف، لە کاتێك دا بەڵگەنامەکان بەو عەمەلییەیە تێدەپەڕێندرێن، بەڵگەنامەکان لەم شوێنەدا، هەست دەکەم کەم و کورییەکی زۆر زۆر هەیە، با بڵێم پەرش و بڵاوییەك هەیە، زۆر زۆر پێویست بە راست کردنەوە دەکات، جا ئایا لیژنەی پەیوەندیدار کە لیژنەکەی ئێمەیە دواجار دەرەقەتی ئەم مەسەلەیە دێت؟ بە زەحمەتی دەزانم، ترسم هەیە ئەم یاسایە بە نیوە ناچڵ و بە ناکاملی بڕوات، ئەگەر ئەم یاسایە بخرێتە وەرزی داهاتووەوە ئەگەر مەجالی تێدا هەبێت، تەصەور دەکەم باشتر دەوڵەمەند بکرێ و خزمەتی زیاتر بکات، نەوەکبەو شێوانە، هەست دەکەم ئەوەش دەرچێ رەنگە دوای سێ مانگ وەکو یاسای کارەباکە، دوای سێ، چوار مانگ داوا بکەین کە سەرلەبەری بەشێکی زۆری هەموار بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، راستی شوێنەوار مەساحەیەکی ترە، موددەی ساڵی دیاریکراوە، تەعریفی وازحە، کەلەپوور تەعریفی وازحە، دوو شتی جیاوازن، دوو مەساحەی جیاوازن، سەبارەت بە پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی کارەبا لە راستی دا ئێمە زۆر بە چاکی حازرمان کردبوو، ئێمە زۆر پێداگریمان کرد بۆ ئەوەی ئەم پەیڕەوە نەگۆڕێ بە رێنمایی وتمان دەبێ پەیڕەو بێ نابێ رێنمایی بێ، رەنگە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی زۆر زۆر پێداگرییان کردبێ بۆ ئەوەی نەء پەیڕەو تەواوە ئەوە مەبدەئە عامەکەیە و نابێ رێنمایی بێ، بەڵام وەزارەتی کارەبا بە ئیلحاحەوە داوایان کرد کە رێنمایی بێ، ئێستا ئەوەتا ناتوانن پەیکەری وەزارەتەکە دابنێن، ئەوە ئێمە نین کە هەڵەمان کردووە لە راستی دا، یەعنی لەوەی وەزارەتی کارەبا نەیهێنینەوە سەر خۆمان، ئەوە وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، جیاواز لە روئیای ئەنجومەنی وەزیران قسەی کردووە، کە ئەصڵ ئەوەیە وەزیر حەقی ئەوەی نییە رەئی خۆی بڵێ، وەزیر دەبێ رەئی ئەنجومەنی وەزیران بڵێ، ئەگەر رەئییێکی هەیە دەبێ لە ئەنجومەنی وەزیران لۆبی بۆ بکات و با بڵێین وا بکات لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەند بکرێت، نامەوێ بچمەوە سەر ئەوە، بەڵام ئێمە مولزەمین بەوەی کە وەکو پابەندییەکی قانوونی، سیاسی، ئەخلاقی، ئەبێ تەعدیلەکە بکەین بۆ

ئەوەی کە ئەو یاسایە یاسایەکی تازە پەسەندکراوە بکەوێتە بواری جێبەجێ کردن، سوپاس کاک مەم، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەم ماددەیە جۆرە پابەند کردنێکی تیایە بەو کەسانەی کە ئەو بەڵگەنامانەیان لایە بۆ ئەوەی بیگەڕێننەوە، بەڵام لە راستی دا پابەندییەکە لەبەر ئەوەی ئەو بەڕێزانەشی کە پێشنیارییان کردووە هەستیان کردووە ئەمە شتێکی قورسە کەسێك لەگەڵ ئەرشیف و بەڵگەنامەیەك ماندوو بووبێ و دوایی پابەندی بکەی بە گەڕاندنەوەی، تۆزێ شەرمی تیایە مەسەلەن لە خاڵی یەکەم دا دەڵێ هەر کەس ئەرشیفێکی تایبەتی لەبەر دەست دا بێت (پێویستە) واتا تۆ پابەندی دەکەین، خاڵی (١) و (٢) و (٣)، کەچی لە ماددەی (١٢) دەڵێی هەر کەس پابەندی حوکمەکانی بڕگەکانی ئەوەندە و ئەوەندە نەبێ سزای دەدرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم تەنها ئەمەی تیا بمێنێتەوە ئەو خاڵی یەکەم (لە ماوەی (١٢٠) رۆژدا لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە بە ژمارە و بڕ و داتای دروست لە ناوەند تۆمار بکرێت)، هەر کەسێك ئەرشیفێکی لابێت، ئەمە ئیختیارییە، تەقریبەن پابەند کردنی تیا نییە، چونکە صیغەکانی تر جۆرێك لە ئەمر و پابەند کردنی تیایە و یەعنی وەکو بڵێی لە بەرامبەردا ئەگەر کەسەکەش پابەند نەبوو هیچ سزایەکت بۆی نییە، بۆچی یەعنی بەو شەرمەوە بابڵێین ماددەیەکی قانونی بنووسرێتەوە؟ بڕگەیەکی یاسایی؟ بۆیە بە بڕوای من باشترە ئەو دوو سێ خاڵەی تر لابدرێ و تەنها ئەوە بمێنێتەوە، هەر کەسێك ئەرشیفێکی لایە لە ماوەی (١٢٠) رۆژدا بە تایبەت ئێمە پێشتر ئەو بەڕێزانە باسیان کرد، هەندێ بەڕێز زەحمەتی زۆریان کێشاوە ناوەندیان هەیە، ئێستا ناوەندەکە بۆتە ناوەندی کەسی، رێك ئەم کەسە دەگرێتەوە، قورسە پابەندی بکەی، هەموو تەمەنی خۆی خەریك بووە ئەرشیفێکی دروست کردووە، هەندێ بەڵگەنامەی مێژوویی کۆکردۆتەوە، ئێستا تۆ بە ئاسانی لێی بسەنی قورسە، داوای لێ بکەی وێنەت بداتێ شتێکی زۆر زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ماددە (١٠) (یەکەم): هەر کەسێك ئەرشیفێکی تایبەتی لەبەردەست دا بێت پێویستە:

١ -لە ماوەی (١٨٠) رۆژدا لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە بە ژمارە و بڕ و داتای دروست لە ناوەند تۆمار بکات.

کەواتە ئەو وادەیە درێژ بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر ئەو هاووڵاتییانە سوود لەو ماوەیە وەرگرن و بتوانن ئەو ئەرشیفە یان ئەو داتایەی لە دەستییانە تۆماری بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك سیپان، مامۆستا عثمان، فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**
**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـــاددەی (١٠) بـــڕگەی (یەکەم) کە دەڵێـــت (هەر کەســـێك)، لە مـــاددەی (١١)ش ئەگەر دواتـــر سەیرێکی بکەین ئەو بەڕێـزانەی لیـژنە دەڵـێ (هەر کەسـێکی تـایبەت) واتـا ئەرشـیفێکی تـایبەتی لەبەر دەست دا بوو، کەواتە بۆ ناوەند هەبوو سزای بـدات یـان لێـی بکـڕێتەوە بە پـارە بیفرۆشـێ، بەڵام ئایا ئەوەی مامۆستا (عمر)یـش دەیڵـێ، ئەگەر ئەو کەسـە کە شـتێکی، ئەرشـیفێکی تـایبەتی لەلا بوو، بۆ نەگوتراوە لێی بکڕدرێ؟ یان بە پارەیەك بۆی بخەملێندرێ؟ شتێکی وا بێ بۆ سـزاکەی دانراوە؟ بۆ پارەکەی دانەنراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.گەلاوێژ، فەرموو.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) لێرە لە یەکەم پێمباشە هەر کەسێك ئەرشیفێکی تایبەتی یان گشـتی لەبەر دەسـت دا بێت پێویستە لە ماوەی (١٢٠) رۆژدا لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسـایە بە ژمـارە و بـڕ و داتـای دروست لە ناوەند تۆماری بکـات، پاداشتێکیشـی پـێ بـدرێت، مـاددەی (دووەم) لابرێـت باشـترە پێم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس دکتۆرە گوڵستان باقی، گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**
**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سـەبارەت مـاددێ (١٠) و خـاڵا ئێکـێ گوتیـا لە مـاوەی (١٢٠) رۆژدا لە رێکەوتـی بەرکـاربوونی ئەم یاسایە بە ژمارە و بڕ و داتای دروست لە ناوەند تۆماری بکات، بەڕێـز سـەرۆکا پەرلەمـانی، هەنـدە کەس هەنە ئەرشیفەك مەزن لەلای ئەوانە و ڤە شاردییە، بـاوەڕم (١٢٠) رۆژ نەبـن، (٢٤٠) رۆژ بچـن ناڤە گەرێنن ناڤا ئەرشیفی، چونکی ب سـاناهی ئەو ئەرشـیفە ب دەسـت خـۆ نەیێخسـتیە، گەلەك زەحـمەت پـێڤە دیتیـە، ئەو بـواری هینـا کـو دەمـا ئەڤ ئەرشـیفا ڤەگەران ئـان ژی تەسـلیم کـر پاداشتەکی باش بدەنێ، لەوما باوەڕم دێ نیکخۆ نهێلن و نە شەرتە ژ ناڤ ژی بچیتن، وەکی نوکە گەلە کەسایەتی دیـار هەنە لە کوردسـتانێ، لە هەرێمـا کوردسـتانێ، گەلەك ئەرشـیف و کەلـوپەلێن شوێنەواری لە دەڤ هەنە، ل دەڤ خۆ هێلانە ئەسڵەن تەسلیم ناکەن، بەلکـو کریـا ملکـی خـۆ و بە ملکی خۆی دەزانن، ل ڤێرا چاوا لایەنێت پەیوەندیدار دشـێت ئەرشـیفێ ب دەسـت خـۆ ئێخیـتن ئەگەر ئەو رازی نەبیتن ڤە گەریتن یان ژی تەسلیم بکات، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سوسن خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) لە بڕگەی (یەکەم)دا کە دەڵێت (هەر کەسێك ئەرشیفێکی تایبەتی لەبەردەست دا بێت) ئەو ئەرشیفە تایبەتە دەشێت ئەرشیفێکی کەسی بێت مەسەلەن، نەتوانرێ بگەڕێنرێتەوە، بۆیە پێویستە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، بڵێ (هەر کەسێك ئەرشیفێکی تایبەتی گشتی نیشتیمانی و نەتەوەیی و یان مێژووی لەبەر دەست دا بێ)، چونکە تۆ ناتوانی بەس بڵێی تایبەت، ئەگەر بڵێی تایبەت، ئەوە هی کەسەکەیە و نایگەڕێنێتەوە، لە خاڵی دووەم دا کە دەڵێ (وێنەیەکی رەسەن) ئێمە زانیومانە رەسەن بۆ خانەوادەی رەسەن، بۆ کەسی رەسەن بەکار دێت، من نەمزانیوە بۆ ئەشیا بەکار بێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو رەسەنە بگۆڕدرێت بە (وێنەی راستەقینە) یان (وێنەی حەقیقی)، لە بڕگەی (دووەم)دا کە دەڵێ (هەر کەسێك ئەرشیفێکی گشتی لەبەر دەست بێت پابەندە بە گەڕاندنەوەی بۆ ناوەند و پاداشتێکی پێ بدرێت)، یەعنی دەکرێ لێرە ئاماژە بەوە بدرێ کە بە پێی قەبارە و گرنگی و ئەهەمییەتی ئەو ئەرشیف و بەڵگەنامانە، چونکە ئەو ئەرشیفە گشتییە دەکرێ ئەرشیفێکی زۆر گەورە بێ، دەکرێ ئەرشیفێکی زۆر بچووکیش بێ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئاماژە بە ئەوە بدرێ کە پاداشتەکە دەبێ جیاواز بێ ئەگەر ئەرشیفەکە زۆر بچووك بێ یان گەورە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس سوسن خان، د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٠) پشتگیری رایەکەی کاك سیپان دەکەم کە ماوەکەی لە شەش مانگ کەمتر نەبێ لە رێکەوتی دەرستبەکاربوونی ئەم یاسایە، ئەوەی تریان پەیوەندی بە وێنەی رەسەن و یان لەبەرگیراو هەیەو پێموایە ئەوانەی کە ئەو ناوەندانەیان هەیە کە خۆیان دروستیان کردووە، رەنگە بە دەیان و سەدان ملیۆن دیناریان لێ خەرج کردبێ، ئینجا کۆپی کردن و یاخود لەبەر گرتنەوە یان ناردنی وێنە رەسەنەکەی رەنگە خەرجییەکی زیاد بخاتە سەر خاوەنی ئەو شوێنە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە ئەرکی کۆپی کردن، یان لەبەرگرتنەوەکە لە ئەستۆی ناوەندی پاراستنی بەڵگەنامەکان بێ، ئەو بەرپرسیارێتییە یاساییەشی کە دەکەوێتە ئەستۆ بۆ هەماهەنگی و ئەوانە پێموایە دەبێ کۆمەك و هاوکاری بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ پارێزگاری لەو بابەتە بکات، خاڵێکی تر ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی دووەمەوە هەیە مەبەست لە ئەرشیفکراوە مێژووییەکان ئایا مەبەست لە بەها مێژووییەکانی ئەو بەڵگەنامانەیە؟ یاخود تەنها لایەنی مێژووییەکانی ئەو بەڵگەنامانە دەگەڕێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك دکتۆر، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعيل على طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

خالا یەکێ تێبینیا من ئەز پشتگیریا کاك (سیپان) و (د.محی الدین)ی دکەم، ماوێ مادده ببیتە (١٨٠) رۆژ، یادی من پرسیارەش لیژنا تایبەت خالا دووێ نقیسی (وێنەیەکی رەسەن) یەعنی نزانم وێنە کە بۆ وێنە، وێنە نابیتە نوسخە، دەبیتە دانەیەکی رەسەن، دانە دەبیتە نوسخە، وێنە دەبیتە صورە، گەل تە گوتی صورە نابیتە رەسەن، ئەز تێگەهیشتم، دزانم مەخصەدا وە نوسخە ئەصلیەیە، نازانم نیك من وێنە نەیا درستە، هەر وەکو تێبینی ئەز دبێژم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێی دەووترێ روونووس، روونووسی رەسەن، چاکی دەکەین، بەڵێ سوپاس، مامۆستا أبوبکر، فەرموون.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە (د.محی الدین) و (کاك سیپان) و (د.إسماعیل) دەکەم، هەرچەندە بە پێی یاسای ئەکادیمیای کوردی و قاعیدە و بنەمای (عدم الجهل بإصدار القوانین) هەیە، بەڵام (١٢٠) رۆژ پێموایە کەمە، بۆیە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ، دووەم/ بە ئیجازەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری، ئەم ماددەیە زۆر جوان داڕێژراوە، ئەرشیفی گشتی و ئەرشیفی تایبەتی جیا کردۆتەوە، ئەرشیفی گشتی رادەست دەکرێتەوە، وێنە ئەصلییەکە، یان وێنەیەکی لەبەرگیراو، بەڵام ئەرشیفی تایبەت بەرپرسیارێتی پاراستنی لە ئەستۆ دەگرێ بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندەکەدا، بۆیە پێموایە صیاغەکە صیاغەیەکی جوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك دکتۆر، فەرموو.

**بەڕێز د.بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (١٠) پێشنیار دەکەم بە ئیجازەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیریش بێ، لەبەر ئەوە لە مادده (١٠) لە بڕگەی یەکەم ئەرشیفی تایبەت هاتووە، مادده (١٠) بڕگەی (یەکەم) ئەرشیفی هاتووە، سێ خاڵە ئەم بڕگەیە، بڕگەی (دووەم) ئەرشیف موتەعەلیقە بە ئەرشیفی گشتی، ماددەی (١١) ئینجا دێ جارێکی دی ئەرشیفی تایبەتە، ئەگەر بڕگەی دووەم بکەینە ماددەیەکی موستەقل لە دوای مادده (١١) دانێین، چونکە ئەوە ئەرشیفی گشتی یە بڕگەی (دووەم)، با ئەوەی بڕگەی (یەکەم) ئەرشیفی تایبەتە، دوای ئەوە یەکسەر مادده (١١)ش کە دێت هەر دیسان موتەعەلیقە بە ئەرشیفی تایبەت، ئەگەر بەو شێوە با ئەو گومانەش دروست نەدەبوو لەسەر ئەوە، چونکە ئەوە بڕگەی یەکەم باسی ئەرشیفی تایبەتە، ئەرشیفی تایبەتیش لە مادده (١) تەعریف کراوە، پێویست ناکات لێرە جارێکی تر بێی تەعریفی ئەرشیفی تایبەت بکەین ئەرشیفی تایبەت چییە بۆ لێرە باس نەکراوە، ئەوە لە مادده (١) هەیە، ئێنجا دێین خاڵی دووەم کە دەڵێت وێنەیەکی رەسەن یان لەبەرگیراوە ئەرشیفکراوە مێژووییەکان رادەستی ناوەند بکات، سێیەم بەرپرسیارێتی یاسایی پاراستنی ئەرشیفەکە بگرێتە ئەستۆ، چونکە لە دەستی ئەو دەمینێت،

مـوجەرەد لێـرە مـولزەمە بچێـت بـۆ ناوەنـد تۆمـار بكـات، هەر لای شەخصـەكە یـان هـاووڵاتی دەمینێت، بۆیە ئەو مەسئولیەتەی قانوونی پاراستنی ئەم ئەرشیفە دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر پرسیار ئەوە بێ بۆ لە ئەرشیفی گشتی ئەو مەسئولیەتە هەڵناگرین؟ ئێ ئەرشیفی گشتی خـۆی لە ناوەندە و ناوەنـد پێـی مەسـئولە، جیـاوازییەكە ئەوەیە، بـۆیە پێشـنیار دەكەم بـڕگەی (دووەم) لە ماددەی (١٠) ئەگەر بكەینە ماددەیەكی موستەقل لە دوای مـاددەی (١١) دانێـین، ئەوەی ئەرشـیفی تایبەت هەمووی تەسەلسولەكە لەگەڵ یەك دێـت، ئینجـا ئەرشـیفی گشـتیش پـێكەوە دێـت پـێش ماددە سزاییەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس،كاك د.زیدان، فەرموو.

**بەڕێز د.زیدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددە (١٠) هـاوڕای كـاك (مەم)م، هەرچەنـدە جەنابتـان وەڵامـت دایەوە، بەڵام وەڵامەكەی لێرەدا ئاڵۆزی دروست دەكات، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، لە خاڵی دووهەم وێنەیەكـی نیـیە، وێـنەی ڕەسـەن یـان لەبەرگیـراو ئەرشـیفكراو و مێـژووییەكە، كە دەڵـێ مێـژووییەكە دەچێتەوە سەر یاسای پێشووتر، لە شوێنەوار و كەلەپوور لێرە موعـاریز دەبێـتەوە، دەبـێ وشـەی مێـژووییەكە لابـدرێ، بـۆ ئەرشـیف ئـێمە دەتـوانین ئەرشـیفی چـاپكراو بپـارێزین، ئەرشـیفی دەسـنووس دەچێـتەوە قـالبی كەلەپـوور، كەواتە لێـرە وشـەی چـاپكراو دابنـێین لەو كاتـانەی نووسراوەكان چاپ كـراوە ئەوانە ئەرشـیف دەكـرێ، دەسـنووس ئەگەر داخیـل بـكەی ئەم یاسـایە دەرچوو، بۆ نمونە دەزگای ژین لە سلێمانی (١٢٠٠) دەسنووسی پاراستووە، چی لێ دەكەی بە پێـی ئەو یاسایە؟ تۆ لە پێناسەی ئەرشیف دەڵێی دەسنووسـەكان بپـارێزن و بگەڕێنیـنەوە، دەزگـایەكی سەربەخۆیە زۆر كەسایەتیش پاڵپشتییان كردووە، بەڵام لێرە چـۆن ئەو دەزگـایە مـامەڵەی لەگەڵ دەكرێ؟ كە ئامانجیشی تەنها پاراسـتنی دەسنووسـە، (١٢٠٠) دەسنووسـی گرنگیشـی پاراسـتووە، بۆیە لێرە ئەو موعارەزەیە دروست دەبێ لەسەر وشەكان، لەسەر لێكدانەوەكان، لە پێناسـەكان دا، بـڕگەی دووهەم دەڵـێ: (مـافی هەر كەسـێكە ئەرشـیفی گشـتی) ئەگەر هەڵە نەبـم مامۆسـتا (أبوبكر)یش باسی كرد، لێرە مافت پێـداوە ئەرشـیفی گشـتی هەر كەسێك بیـدۆزێتەوە پاداشـت دەكرێ، ئەی ئەرشیفی تایبەت ئەگەر زۆر گرنـگ بـوو؟ كەسێك دۆزیـیەوە؟ لە پێناسـی ئەرشـیفت هەیە و ئەرشیفی گشتیشت هەیە، بڵـێ ئەرشـیف، گشـتی مەنووسـە، بـۆیە ئەم بـڕگەیە بكـرێتە لە ئەحكامی گشتی ماددەیەكی سەربەخۆ بێ، هەر كەسێك ئەرشیفێك بدۆزێتەوە یـان بیهێنێـتن بـۆ ناوەند پاداشتی پێ دەدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەرۆكی لیژنەی ڕۆشنبیری، فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاسی مامۆستا أبوبكر هەڵەدنی دەكەم، زۆر باش لە ماددەكە تێگەیشت، لە راستی دا بـابەتەكە زۆر زۆر ئاسـانە، ناوەنـدێكمان هەیە، جێگەیەكمـان هەیە چەنـد سـاڵە خـزمەت دەكـات لە بـواری

ئەرشیفی ئەم بابەتانەدا، ئەگەر مەسەلەکە، خۆزگە لیژنەی شارەوانی راپۆرتەکەتان بنووسیایە ئێستا دەتانتوانی زیاتر هاوکاریمان بکەن، بەڵام بەداخەوە چی بکەین یەعنی؟ ناوەندێك هەیە کۆمەڵێك ئەرشیفی لەلایە، ئەگەر ئەرشیفەکە ئەرشیفێکی تایبەت بێ، هی شەخصی خۆی بێ، هی باپیری بێ شاعیرە، ئەرشیفێکی کۆمەڵێ نووسەری لایە، ئەمانە ئەرشیفی خاصن، دەتوانێ تەنها لەم ناوەندە بەس تۆماری بکات، ئێمە ئیشمان چییە لەم یاسایە؟ ئیشمان ئەوەیە، ئەرکمان ئەوەیە کە ئێمە پارێزگاری لە ئەرشیفی کوردستان بکەین، بە تایبەتی و بە گشتییەوە، ئەم بابەتە لەبەر ئەوەی بابەتێکی تازەیە لە کوردستان، ئێمە ناتوانین یەکسەر بڵێین هەمووتان فەرموون شتەکان تەسلیم بکەنەوە، ناوەندەکە بابەتە تایبەتەکانی تەنها تۆمار دەکات، بۆ ئەوەی حکومەت ئاگای لێ بێ کە ئەم بەڕێزانە چ شتێکیان لەلا تۆمار کراوە، وەکو ئەرشیفێکی شەخصی بێ، یاخود ئەرشیفێکی نیشتیمانی ئێمە سەیری دەکەین، ئەگەر بابەتەکان مێژوویی بوون ئەوراقی مێژوویی گرنگ بوون، کۆپییەکی، لێرەش مروونەت دراوەتە ئەو ناوەندانە، لەبەر ئەوەی هەنگاوێکی تازە و یەکەمە، کۆپییەکی یاخود ئەگەر خۆی حەزی لێبوو نوسخەی ئەصلییەکەی تەسلیم بکات بەم ناوەندە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لێ بکات، دەبێ پاراستنی ئەرشیفەکەش خۆی لە ئەستۆ بگرێ، ئەرشیفی گشتیش ئێمە لە پێناسەکان دا پێناسەمان کردووە، کە ئەو بابەتانەن کە پەیوەدیدارە بە دام و دەزگاکانی حکومەتەوە، ئەگەر هەر کەسێك لەلای بێ ناچارە و پابەندە بە گەڕانەوەی، چونکە ئەوانە مولکی حوکمەتن، فەترەیەك لەلای بەڕێزتان بووە، لە بەرامبەر گەڕاندنەوەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پاداشت دەکرێن، لەبەر ئەوە بڕگەکە بڕگەیەکی زۆر زۆر باشە، هیوادارین وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێمە وەکو خۆمان هیچ تێبینییەکمان لەسەری نییە، نووسینەوەی ئەم ماددەیە کاتێکی زۆری ویستووە، هەم لە وۆرکشۆپەکان دا کردوومانە، هەم لەو کۆبوونەوانەی کردوومانە، ئەو کەسانەشی کە ئەم ئەرشیفانەیان لایە کە ئەو ناوەندانەیان هەیە، رەزامەند بوون لەسەر خاڵ بە خاڵی ئەم بڕگەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس،ماددەی (١١)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

ماددەی (١١):

یەکەم: ئەرشیفی تایبەت یارای فرۆشتن یان سوود لێ وەرگرتن یان دەستداری نییە بۆ کەسانی بیانی بەرەزامەندی ناوەند نەبێت.

دووەم: ناوەند مافی لە پێشینەیی هەیە لە کاتی فرۆشتنی ئەرشیفی تایبەت دا.

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ماددە (١١) بەڕێزان، کاك دابان، ئاشنا خان، د.شایان، مامۆستا أبوبکر، مامۆستا عثمان، د، زێدان، کاك شێخ ظاهر، کاك د.زیدان، فەرموو.

**بەڕێز د.زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١١) بەڕاسـتی لە ڕووی مەفهـومەوە زۆر وازح نیـیە، ئەرشـیف ئـێمە ئامانجمـان لە دەرکردنـی ئەوە یاسـایە ئەوەیە کە ئەرشـیف نـابێ بە هـیچ شـێوەیەك بفرۆشـرێ، تـۆ لە مـاددەی پێشتر، لە بڕگەی دووەم دەڵێی (هەر کەسێك ئەرشیف بێنێت بۆ ناوەند پاداشـت دەکـرێ)، کەواتە بۆ ڕێگە بدەین کڕین و فرۆشتن بکرێ؟ چ ئەفزەلییەت بۆ ناوەند بێ یان بۆ کەسێکی دەوڵەمەنـد، یان کەسێکی تایبەت بێ، ئەم ماددەیە پێویست ناکات، ناوەند بە بڕگەی دووەمی مـاددەی پێشـتر بۆ خۆی هەر کەسێك بهێنێ پاداشتی دەکات، دەبێ وشەی (پاداشت هەبـێ)، بەڵام وشـەی (کـڕین و فرۆشـتن) چ ناوەنـد بـێ، چ کەسـێکی تـایبەت بـێ جـائیز نیـیە لە یاسـادا بهێنـدرێت، چـونکە ئەرشیف سەروەتێکی نیشتیمانی یە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، تەواو،رەئی خۆی دەڵێ، کاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) (یەکەم: ئەرشیفی تایبەت یارای فرۆشتن) لێرە یارا پێموابێ وشەیەکی روون نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(یارا) یەعنی (قابیل) لەم پەرلەمانەش بەس ئەو وشەیە بەکارهات.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

(بـۆ فرۆشـتن نیـیە)، یـان (سـوود لـێ وەرگـرتن)، یـان (دەسـتداری نیـیە بـۆ کەسـانی بیـانی بە ڕەزامەندی ناوەند نەبێت) لێرە (ناوەنـد) پـێم باشـە بکـرێتە (ئەنجـومەن نەبێـت) (بە ڕەزامەنـدی ئەنجومەن نەبێت)، خاڵی دووەم/ (ناوەند مافی لە پێشینەیی هەیە لە کاتی فرۆشـتنی ئەرشـیفی تـایبەت دا)، پێشـنیار دەکەم صـیاغەکەی بەو شـێوەی لـێ بکـرێ (پێشـینە بـۆ ناوەنـدە لە کـاتی فرۆشتنی هەر ئەرشیفێکی تایبەتی دا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك شێخ ظاهر، کاك دابان، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (١١) بڕگەی یەکەم: (ئەرشیفی تایبەت یارای فرۆشتن یان سـوود لـێ وەرگـرتن نییە) فرۆشتنەکە ئاسایی یە، بەڵام سـوود لـێ وەرگرتنەکە بـۆ؟ یەعنـی کەسـێك کە ئەرشـیفێکی تایبەتی هەیە، ڕۆژانە خەڵك کە دیراسەی لەسەر دەکات، خەڵکی بیانی ماستەری لەسـەر دەهێنـێ، لێکۆڵینەوە دەکرێ، ئەگەر سوودەکە مەبەسـتی شـتێکی تـرە ئەمەیـان قەینـا، بەڵام نـاکرێ بـۆ ئەو سـوودە هەمـوو دەقەیەك بگەڕێـیەوە ناوەنـد ڕەزامەنـدی بـوێ بڵێـی کەناڵێـك هـاتووە بـۆ نمـونە پێویستی بەمەیە، یان دەیەوێ بـۆ نمـونە دیراسـەیەکی ئەمە بکـات، یـان تەلەبەیەکـی ماسـتەر و

دکتۆرا لە دەرەوە دێت، یەعنی نازانم، سوود لێ وەرگرتنەکە نەبێ باشترە هەر (ئەرشیفی تایبەت یارای فرۆشتن یان دەستداری نییە بۆ کەسانی بیانی بەبێ رەزامەندی ناوەند)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئاشنا خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی (د.زیدان) دەکەم، ئەرشیف نابێ بفرۆشرێ، یەعنی تەنانەت بە رەزامەندی ناوەندیش، ئەوە بەلای من ئیزافەیە، بێجگە لەوە ئەو قسەیەی کە کاك (دابان)یش وتی، یەعنی سوود لێ وەرگرتن نابێ تۆ کێشەی بۆ دروست بکەی، خوێندکارێکی ماستەرە، دکتۆرایە، توێژینەوەیە، دەڕوات بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بکات، دەبێ کارئاسانی بۆ بکەی نەك بە پێچەوانەوە تۆ لەمپەر و کێشەی بۆ دروست بکەی، بۆیە من پێموایە دەبێت ئەو سوود لێ وەرگرتنە لابرێ، دوای ئەوە لەسەر بڕگەی دووهەم دەڵێ (ناوەند مافی لە پێشینەیی هەیە لە کاتی فرۆشتنی ئەرشیفی تایبەت دا)، ناوەند مافی لە پێشینەیی هەیە بۆ ئەوەی کە بیکڕێتەوە؟ یان چی؟ یەعنی زۆر وازح نییە، باشە؟ ئایا چۆن دەیکڕێتەوە؟ یەعنی پرۆسەکە چۆنە؟ ئەوەش هەر تۆزێك پێویستی بە روونکردنەوەیە، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.شایان، فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ کاك دابان و ئاشنا خان، ئایا ئەگەر ناوەند رەزامەندی دا ئەرشیفە تایبەتەکە دەفرۆشرێ؟ ئایا چ جۆرە ئەرشیفێکە کە ئێوە دەتانەوێ مەسەلەن بەپێی یاساکە بفرۆشرێ؟ یەعنی شتەکی موحەددەدە؟ یان هەموو جۆرە ئەرشیفەکی تایبەت کە دەتانی بیفرۆشی؟ منیش پێموایە ئەرشیف باشترە نەفرۆشرێ، لە حاڵەتی ئەوەی کە ئەرشیف هەموو ئەرشیفەك بی کە بتوانی بیفرۆشی، پێم باشە ماددەی (١١) هەر لابرردرێ بە تەواوی، وا پێشنیار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس دکتۆرە، مامۆستا عثمان، فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ بەڕێز (د.زێدان) هاوڕام، لەبەر ئەوەی بەڕاستی زۆر وازح نییە، پێموایە ئەو ماددانە داڕێژراون بەوەی کەوا ئیحتیاتات بکرێ، لەوەی کەوا نەوەك بڕگەیەك، ماددەیەکمان، ئەگەر نا باوەڕ بکە ئەو سوود لێ وەرنەگرتنە یەعنی ئەدی بۆ چیی؟ ئەدی سەیر کردنە و

دیراسەی خوێندنی باڵایە و هەموو بۆ دیراسەیە، ئەوەی قسەی د.زیدان بەڕاستی پشتیوانی دەکەم، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

پشتەڤانیا کاك دابان دەکەم، ئەگەر هەر ئەڤ ماددە ما، ئەرشیفی تایبەت، یان یارای فرۆشتن، یان سوود لێ وەرگرتن ئەوە لابرێت، ئەوە نەمینێت، چونکە خاصەتەن (باحث) و لێکۆلێنەرا مافی هەیە دایمەن سوود وەربگریتن بۆ ئەرشیف ئەرشیفی کی بی، بەس فرۆشتن نە دروستە، سوود لێ وەرگرتن ئەوە حەزف ببیت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری، فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا باسی ئەو ئەرشیفە تایبەتییانە دەکەین کە لە ماددەی یەکەم پێناسەی کراوە، لە کاتێك دا کەسێك ئەرشیفێکی تایبەت بەخۆی هەیە دەیەوێ بیفرۆشێ لە بەینی بۆ نمونە بنکەی ژین و ئەنستیتیوتی کەلەپووری کوردی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەفزەلییە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ئەم ئەرشیفە تایبەتییە لە شەخصەکە بکڕێتەوە، لەسەر مەسەلەی سوود لێ وەرگرتن یاخود دەستداری، ئێمە دوای ئەوە باسی ئەوەمان کردووە کە بۆ کەسانی بیانی، کەسێکی غەیرە کورد دێتە هەرێمی کوردستان دەیەوێت ئەوە وەکو بیانووێك نەبێ بۆ ئەوەی تۆ ئەرشیفێکی تایبەتی پێ بدەی بڵێ من بۆ توێژینەوەیەکی زانستی دەمەوێ لە ئەمریکا، ئەمە دەبرێتە دەرەوە دواتر ئێمە ناتوانین چاودێری بکەین لە هاتنەوەی، لەسەر مەسەلەکە بۆ ئەوەیە لەبەر ئەوەی ئێمە هەر دوو ماددەکە پێمان شتێکی باشە و هیچ موخالەفەیەکی تیا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس هەر ئیزافەتەن بۆ قسەکانی سەلما خانی، یەعنی وێنەگرێك بۆ نمونە بە حەقیقی رووبدایە، لە موصل لە شەڕی داعش لە (٢٠١٥) ئەرشیفێکی دەگمەنی وێنە گرتووە، هەموو کەناڵەکانی جیهانی ئامادەن لێی بکڕنەوە، بۆ حەقی ئەو وێنەگرە بفەوتێ؟ دایە چەندین کەناڵ بە چەندین دەفتەر دۆلار، حەقی خۆیتی بۆ نەیفرۆشێتەوە، گیانی خۆی کردیتە مەترسی، ئەوی تۆ تۆ بڕۆ دەوڵەتێکی ئەوروپی، بڕۆ دەوڵەتێکی ئەوروپی داوای دەستنوسێك بکە، داوای ئەرشیفێکی ئەو وڵاتانە بکە، کامیان ئامادەیە بێ موقابیل بداتێ؟ بۆ تۆ؟ ئێ حەقی خۆیەتی، کاك

مەم ئێستا دەستنووسێکی باپیری هەیە (قانع)ی شاعیر بۆ بەیانی نەیفرۆشێتەوە بۆ خۆی ئیستیفادە بکات؟ شتی وا نییە کاکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢):

یەکەم: هەر کەسێك سەرپێچی حوکمی بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە بکات بە پێ بژاردنێك کە لە (١٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت، لە (٢٥) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت، ئەگەر بەردەوام بوو لەسەرپێچییەکەی دەست بەسەر ئەرشیفەکەدا دەگیرێت.

دووەم: هەر کەسێك ئەرشیفێکی گشتی بە ئەنقەست لە ناو ببات بگۆڕێت بیباتە دەرەوە یان هاوکار بێ بۆ بردنە دەرەوەی بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە بەندکردن کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت و بە پێ بژاردنێك کە لە (٢٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

سێیەم: هەر کەسێك ئەرشیفێکی گشتی بفرۆشێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (٣) ساڵ و بە پێ بژاردنێك کەمتر نەبێت لە (١٠٠) ملیۆن دینار سزا دەدرێت.

چوارەم: هەر کەسێك کار بکات بۆ گۆڕین یان دەستکاری کردن بە مەبەستی تێکدان یان لە ناوبردنی ئەرشیفی تایبەت بە بێ ڕێزگرتن لە مافی خاوەنداریێتی لە پێشینە بۆ ناوەند بە پێ بژاردنێك کە کەمتر نەبێت لە (٢٠) ملیۆن دینار سزا دەدرێت.

پێنجەم: هەر کەسێك بە هەڵە زیان بە ئەرشیفی گشتی بگەیەنێت بە پێ بژاردنێك کە لە (٥) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و ئەگەر هاتوو هەڵەکە بووە هۆی لە ناوچوونی ئەرشیفەکە بە بەندکردن سزا دەدرێت کە لە (٣) مانگ زیاتر نەبێت و بە پێ بژاردنێك کە لە (١٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

شەشەم: سەرپێچییەکانی هاتوو لەم ماددەیەدا ئەگەر لەلایەن فەرمانبەرانی ناوەند ئەنجام درابێت بەباری توند ئەژمار دەکرێت.

حەوتەم: یاسا سزاییە بەرکارەکان بەسەر هەر سەرپێچی و تاوانییەك جێبەجێ دەکرێت ئەگەر بە دەقی تایبەت لەم یاسایەدا سزای بۆ دانەنرابێت.

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنینەوە کە دەیانەوێ قسە بکەن، کاك علی، کاك دابان، د.إسماعیل، د..عثمان، مامۆستا أبوبکر، مامۆستا عمر، کاك بختیار، د.زێدان، کاك چیا، کێمان نەنووسیوە؟ شێخ ظاهر، کێی تر؟ کاك علی، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح طه:**
**بە ناوی خوای گەورە.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەبعەن ماددەی (١٢) ڕێك ڕەبتە بە ماددەی (١١)ەوە، جارێ مولکیەی خاص و عام کێ قەرار دەدات چییە؟ بۆ نمونە دەستنوسێکی (قانع)ی شاعیر هەیە، بە پێی قسەکەی کاك جلال بێ لە قانوونەکە دەڵێ نابێ بیفرۆشی کاك جلال بە بێ موافەقەی ئەوان، تۆ دەڵێی تەبیعی یە با بیفرۆشێ، ئێ پرۆژەکە دەڵێ نابێ بیفرۆشی، بە پێی ئەوە بێ کەواتە ئەمە کێ قەرار دەدات کامە موڵکی عامە؟ ئەم دەستنووسە؟ کامە مولکی خاصە؟ کێ قەرار دەدات؟ ئەمە جیا نەکراوەتەوە، من نازانم دواجار چۆن بەسەر کاك (مەم)دا تێپەڕیوە؟ بۆیە ئەمە دەبێ ورد بکرێتەوە ئەم سزا، ئەم سزا زۆر زۆر مەتاتییە، چونکە دیار نییە، مەسەلەن بۆ نمونە شتی کەسێك کێ قەرار دەدات ئەمە تەبیعی یە کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێت؟ مولکییەکی گشتی یە؟ یان مولکیەی تایبەتە؟ ئەو فۆتۆیەی کە تۆ باست کرد، ئەمە گریمان ناوەند قەراری دا نەفرۆشێت، یان بۆ ناوەند بێت بە نرخێکی هەرزان، چونکە لەوێ دەڵێ نابێ بفرۆشێ بە بێ ڕەزامەندی ئەوان، بۆ دەرەوە، وا نییە؟ دەبرێتە دەرەوە، دەفرۆشێ، بۆیە یەعنی وەڵلا ئەو قانوونە ئالۆزییەکی لە مێشکی هەمووومان دروست کردووە، ئەگەر پەلەی لێ نەکەین زۆر زۆر باشە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك علی ئێمە لە خوێندنەوەی دووەمداین لە ناو سندووقەکانتان دا بوو، بەڕێزان ئەم پێشنیازە یاسایە، ئەم قانوونە سێ پێشنیازە یاسای بۆ پێشکەش کراوە، یەعنی ئەگەر ئەوانی تر یەك پێشنیازە یاسا بووبێ، ئەوە سێ پێشنیازە یاسای بۆ پێشکەش کراوە، سێ، سێ خولیشە پێشکەش دەکرێ و ئەگەر ئەو هەموو ئەندام پەرلەمانەی کە ئیمزایان کردووە، پرۆژەی خۆتە ئیمزات کردووە، دەبێ بزانی خۆ چییە؟ ئێمە چوار پرۆژە بوو بەوەی لیژنەوە، یەعنی ئیمزای زیاتر لە شەست پەرلەمانتاری لەسەرە بەڕێزان، قانوونێکی باشە، خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەوەیە کە ئێمە دەوڵەمەندی بکەین، ئەرشیفی نیشتیمانیش زۆر زۆر گرنگە، ئەمڕۆش ئینشاڵلا موناقەشەکەی تەواو دەکەین، کاك دابان، فەرموو.
**بەڕێز دابان محمد حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من دەستم بەرز نەکردبۆوە بەڵام مونا خان ناوی نووسی، سوپاسی دەکەم، چونکە لەسەر ماددەکەی پێش ئەوە قسەکانمان تەواو نەبوو بەڕاستی، با بگەڕێینەوە سەری، ڕەبتی بە یەکەوە هەیە، من سوپاسی مونا خان دەکەم، ئێمە باسی سوود لێ وەرگرتنمان کرد سەلما خان تێکەڵی کرد لەسەر ئەوەی کە کەسێکی بیانی بێ ئیحتیماله سوود لەوە وەرگرێ ببیاتە دەرەوە، ئێمە ماددەکانی پێشتر باسی بردنە دەرەوەی ئەم ئەرشیفەمان کردووە، کە بە ڕەزامەندی ناوەند دەبێ ببرێتە دەرەوە، سوود لێ وەرگرتن مەرج نییە هەموو سوود لێ وەگرتنێك کەسێکی بیانی بێت ئەرشیفێك بەرێتە دەرەوە، سوود لێ وەرگرتن ڕەنگە باحیسێك بێ، ڕەنگە خوێندکاری دکتۆرایەك بێ، ڕەنگە کەناڵێك بێ بیەوێ چاوپێکەوتن بکات، ئێ خۆ ناکرێ بۆ هەموو ئەرشیفێکی تایبەتەوە

بگەڕێیتەوە بۆ ئەم ناوەندە بۆ ئەوەی ڕەزامەندییەکەی بۆ وەرگریت و ئەم شەخصە پێویستی بەوە بێ کە ڕەزامەندی ئەم ناوەندە وەربگیرێ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان ماددەی (١١) وازحە، ئەرشیف تایبەتە مولکی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێکە قابیل نییە بۆ فرۆشتن، راستی وشەی سوود لێ وەرگرتن پێویستی بە پێداچوونەوەیە، دەتوانی بڵێی مامەڵە پێوەکردن، بۆ نمونە (مقایضة) و ئاڵوگۆڕکردن، یان (حیازە) بۆ کەسی بیانی، بۆ کەسی بیانی قەیدی لەسەرە، بە ڕەزامەندی دەستە نەبێ، خۆ ئەگەر کەسێك بڕیاری دابوو بیفرۆشێ هەتا حوکمەت ئامادە بێ بیکڕێ نابێ بە هیچ کەسێکی تر بیفرۆشێ، لە ماددەی (١٢) هاتووین دەڵێین ئەگەر یەکێك موخالەفەی ئەوەی کرد واتا بە بێ ئیزنی ناوەند ئەوەی مە هەیەتی فرۆشتی ئەوە عقوبەکەیەتی، بەڕێزان زۆر زۆر وازحە، نا نا، من حەقم نییە کاك علی لە شوێنی خۆی ناوت دەهێنێ، نا نا، د. إسماعیل، فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ئەز دبینم خالا (٢) و (٣) ئەم ماددەیە ببیتە ئێك هەر کەسێك ئەرشیفێکی گشتی بە ئەنقەست لە ناو ببات یان بفرۆشێت یان بگۆڕێت، ببیتە یەك پێویست ناکاتن یەعنی بۆ فرۆشتنێ ئێك بیت، بۆ لە ناو بردنێ خالەکا موستەقل بیت، خالا دووەم و خالا سێیەم لێك بدرێت، زیندانی کردن دوو ساڵ کەمن، چونکە ئەوە ئەرشیفی گشتی عامە، ببیتەوە چوار ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی بەڕێزت دەڵێی دووەم و سێیەم لێك بدرێت و بەندکردنەکە ببێتە چوار ساڵ، بەڵێ وازحە، مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی (د.أسماعیل) دەکەم، بەشێك لە قسەکانی منی کرد، خاڵی دووەم/ لەم ماددەیە لە عقوبات دا بەڕاستی نەقصێکی تریشی هەیە، ئەوانەی بەشێك لەو فەرمانبەرانەی کە لە ناوەندەکەن ئەوا دەبێ زەرفێکی موشەددد بۆ ئەوانە هەبێ، کاتێ کە ئەو دەستنووسانە بۆ نمونە بەبەنە دەرەوە، دەبێ لە ماددەیەك دا ئەوە جێگەی بکرێتەوە، دووهەم راستە هەندێ دەستنووسەکان تایبەتن بەڵام ڕەهەندێکی گشتی هەیە، وەکو چۆن هەندێ قانون بە خۆتان دەزانن (ذا طابع دستوري) ڕەهەندێکی دەستووری هەیە، بە هەمان شێوە هەندێ مولکێتی تایبەتیش بەڕاستی ڕەهەندی گشتی هەیە، بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە عقوبەتەکان لێرە توندکراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەختیار، فەرموو.

**بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە مادده (١٢) من پێم باشە یەك بڕگە ئیزافە بکرێت، دەسەڵات زیاتر بدرێت بە حاکم، وەکو سوڵتەی تەقدیری، لەبەر قیمەی ماددی و مەعنەوی لە هەر ئەرشیفەك لە ئەرشیفەکی تر جیاوازە، رەنگە ئەرشیفەك هەیە تەمەنی هەزار ساڵە بە ملیۆن دۆلاری دەکات، مەعقول نییە بە (٢٥) ملیۆن دینار سزا بدرێ، یان دوو ساڵ حەبس بکرێت، ئەو ئەرشیفە ئەرشیفێکی نیشتیمانی یە، پێویستە دەسەڵاتەکی زیاتر بە سولتەی (قضائي) یان وەکو سوڵتەی تەقدیری حاکم بدرێت، سەبارەت بە ماددەی (١٢) دیسان بڕگەی دووەم (هەر کەسێك ئەرشیفێکی گشتی بە ئەنقەست لە ناو ببات) باشە بە ئەنقەست لە ناو ببات بۆ بەرژەوەندی کێ؟ وڵاتێکی ترە؟ هەرێمێکی ترە؟ حزبەکی ترە؟ دەبێت ئەو سزایە زۆر قورستر ببێت، من پێم باشە سجن لە (١٥) ساڵی کەمتر نەبێت و بە توهمەی تیرۆر بێتە سزادان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ریَواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، د.زیدان، فەرموو.

**بەڕێز د.زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (١٢) چەند تێبینییەکم هەیە، یەکێك لە تێبینییەکانم ئەوەیە کە ماددەکە بڕگەی (یەکەم، دووەم، سێیەم، تا حەوتەم) شەشیان عقوباتن مەسەلەن، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین لە بڕگەی (دووهەم) عقوبەی ئەرشیفێکی گشتی بە ئەنقەست لە ناو ببرێت عقوبەکەی کەمترە لەوەی کە ئەرشیفێك بفرۆشرێت، ئەرشیف کە فرۆشرا قابیلی ئەوەی هەیە کە دەزگا ئەمنییەکان بیگرن، یان بکردرێتەوە جارێکی تر، کەواتە دەبێ سوکتر بێ لەوەی کە لە ناو ببرێت، ئەوەیان پێچەوانەیە، ئەوە یەك، دوو/ ئێمە لە یاسای شوێنەوار کە زۆر گرنگترە لە ئەرشیف، شوێنەوار و کەلەپوورمان بە عقوباتی سێ ملیۆن تا بیست ملیۆن داناوە، لێرە بە سەدان ملیۆنی تێدایە، ئەرشیفێك کە رەنگە لە قیمەتی ئەو ئەرشیفە نەبێ کە لەو یاسایەدا عقوبەی لەسەر داندراوە، بۆیە دەبێت مەتابیق بێت لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە پێشتر دەرچووە، رێژەکە نەك زۆر بەرز بێت، کە بۆ نمونە ئەگەر موقارەنەی بکەم هەموو عقوبەکان سفرێکی زیادە بەرامبەر بە یاساکانی پێشتر، لە خاڵی حەوتەمیش دەڵێت: (یاسا سزاییە بەرکارەکان بەسەر هەر سەرپێچی و تاوانییەك جێبەجێ دەکرێت ئەگەر بە دەقی تایبەت لەم یاسایەدا سزای بۆ دانەنرابێت) ئەو بڕگەیە بۆ ئەو ماددەیە کافی یە، ئەگەر هیچ عقوبە نەنووسین، بە پێی (قانون العقوبات) ئەو کەسە عقوبە دەدرێت ئەگەر سەرپێچییەکی هەبوو، بەڵام ئەگەر ئەمەش هەبێت ئێمە چ هەیە لێرە ئاماژەمان پێ نەکردبێت تا بە پێی یاساکانی دیکە عقوبەی لەسەر دابنێین؟ دەبێت نرخەکان رێك بخرێتەوە، عقوباتەکان دیاری بکرێ، زیندانییەکان کەم بکرێتەوە، لە هەمان کاتیش دا لە شوێنێکی تر دەڵێت (سزاکان دەبێ توندتر بێت ئەگەر فەرمانبەرێکی ناوەند بێت) دەبێ سزاکە دیاری بکرێ، کێ ناڵێ لێرە تەبعێکی میزاجی لەسەر بڕیاردانی حاکم یان کەسێکی دیکە زاڵ دەبێ لە کاتی بڕیاردانی دا بۆ فەرمانبەری ناوەند، دەبێ دیاری بکرێت لە ناو عقوبەکەی دا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر دەڵێ دەبێتە زرووفی (مشددە)، زرووفی (مشددە)ش خۆی هەیە، دەبێتە دوو ئەوەندە.

**بەڕێز د.زیدان رشید خان اودل:**

ئێمە هەمانە لە یاسای شوێنەوار بۆ فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواریمان دیاری كردووە چییە؟ دوو ئەوەندە دیاری دەكرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس كاك دكتۆر، سوپاس بۆ تەوزیحەكانت، كاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

من ژی چەند خالەك و تێبینی هەبوون بڕاستی مادده (١٢)دا گەلە گەلەك ب درێژی هاتیە بەحس كرن، من رێز هەیە بۆ هەردوو لجنێت تایبەتمەند، بەس بڕاستی لیجنەی تایبەتمەند گەلەك عەجەلە كرینە دڤێ پرۆژە یاسادا، پێتڤی بوو گەلەك كەسێن پسپۆر و شارەزا بانگ كربوونە د لیژنا خۆدا چەندین كۆمبوون هاتنە كرن، مەسەلەن بابەتی شوینەوارا، بابەتی سزای عیراقی، بەس من نزانم مخابن ئەز دبێژم گەلە عەجەلە هاتنە كرنێ، ئەز تێبینی خۆ دبێژم، ئەڤ مادده ماددەكی سزایی یە، ماددەی یەكەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، هەموو لەسەر سزاینە، پێم باشە ئەڤ ماددەیە كورت هاتبیە كرنێ، كورت كر بوونا، هەروەسا مادده شەشەم و حەفتەم باسی ئەوەی ئەگەر لەلایەن فەرمانبەرانی ناوەندوە ئەنجام درابێت باری توند هەژمار بكرێت، باری توند چییە یەعنی؟ ئەڤ باری توندییە سزا هاتیە دەستنیشان كرن بۆ كەسەكی عادی ب ملیۆنا، بەس بۆ فەرمانبەری هیچ كەس، فەرمانبەر ب سزای توند، ئیحتیماله فەرمانبەر واستەك هەبیت، بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی، من بۆ سەرۆكا لیجنا باسم كرد، بەس گۆهداری نەكرد، ئەز باوەڕ ناكەم بشێت جەوابا من بدات، سەلما خان، ئەڤە (١١١) پەرلەمانتار لڤێرێنە گەلە تێبینی هەنە، جەنابێ تە پێتڤی نابە تورە ببیت سەر وان بابەتا، پێتڤیا تو ریزت ئیحتیرامەكا رەئیا وان بگری، چونكو هەر بیر و بۆچوونەك لڤێرێ بێتە بەحس كرن بۆ باشكرنا پرۆژە یاسایە نە بۆ تێپەڕاندنا لیجنا جەنابێ تەیە، لیجنە نەیا جەنابێ تەیە، لیجنەیا كوردستانی هەموویە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەڕاستی بۆ ئەم ماددەیە پێشنیار دەكەم ئەم لیژنە بەڕێزە بە بڕە سزاییەكان دا بچێتەوە، بڕە پارەكان زۆر زۆرن، وابزانم بەڕێزێكی دیكەش باسی كرد، بۆیە هیوادارم ئەو بڕە پارانە هەم لانی كەم هەم لانی زۆرینەیان دەستكاری بكرێن و كەم بكرێنەوە، خاڵێكی تر ئەوەیە كە ئەوە سزای بە ئەنقەست زانیمان كەسێك بە مەبەستێكی دیاریكراو بە ئەنقەست، بە س لە بڕگەی پێنجەم دا بە هەڵە دیارە مەبەستی ئەوەیە كە بە ئەنقەست نەبێ، مادام لەسەرەوە (ئەنقەست) بەكار هاتووە، لێرە (بە هەڵە) یەعنی هەڵەیەك لە دەرەوەی ئیرادەی كەسەكە، یەعنی پلانێكی نەبێ،

بەرنامەیەکی نەبێ، مەبەستێکی خەراپی نەبێ، ئێ باشە بە هەڵە بۆ پێنج ملیۆن دینار سزا دەدەن؟ وەڵلا زۆر زۆرە، تا (١٠) ملیۆن دینار، یەعنی (بەهەڵە) خوای گەرەش لێی خۆش دەبێ، تەنانەت ئەگەر تۆ نوێژە فەرزەکەش نەتوانی لە کاتی خۆی دا بیکەی، بۆیە (بە هەڵە) بە بڕوای من جیا کەنەوە بۆ دوو بەش بەڕێزانی لیژنەی رۆشنبیری و یاسایی، بەشی یەکەم ئەگەر هاووڵاتی بێ ئەوا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە تەقدیری زیانەکە بکات و پێ بژاردن بکات، بەشی دووەم ئەگەر بۆ فەرمانبەر بێ ئەوا بە پێی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەوێ هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە هەڵەی فەرمانبەرەوە هەیە دەستنیشان کراوە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر بڕگەی پێنجەم هەیە، ئەو سزایەی کە بە هەڵەیە زۆر زۆرە، بڕەکەی کەم بکرێتەوە بکرێت بە نیوە، پشتیوانی تەواوی قسەکانی کاك عمر دەکەم، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عثمان، فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر داواکارییەکەم قبوڵ بکەی سوپاست دەکەم، ئەو (٦) خولەکەی خۆم دەدەمە کاك (مەم) قسان بکات لە باتی من.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا ئەو مەجالی دەدەم قسە بکات، قسەی خۆت بکە، ئەو قسەی دەتەوێ بیکە، مەجالی ئەویش دەدەین بە چاوان.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

باشە دەستتان خۆش بێ، سوپاس بۆ لیژنەی تایبەت بەس پرسیارێکم هەیە سەلما خان، ئایا ئەو یاسایە کە نووسراوەتەوە حەتمەن بۆ پارێزگاری کردن لە کلتووری ئەو گەلە رەسەنە، وا نییە؟ بۆ زەرفەکە موشەدەدتر نەکەین؟ لەوەی کەوا هەم کڕیار و هەم فرۆشیار ئەو زەریبانە و غەرامانە بیانگرێتەوە، واتا کاتێك کەوا کەسێکی، لەگەڵ رێزم بۆ ئەو حازرانە، کەسێکی قاچاخچی ویستی کاڵایەکی ئێمە ببات بۆ دەرەوە ئەو زەریبەیە، ئەو غەرامەیە ئەویش شمول بکات، هەروەها بۆ تەشدیدی زەرفەکە بۆ ئەوەی کەوا بتوانن ئەستۆ تێوەگلێن تاوان بێ ئەو کەسەی کەوا کاڵایەکی گشتی بفرۆشێ، ئەو فەقەرەی بۆ زیاد بکرێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس مامۆستا، کاك شێخ ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر بڕگەی سێیەم و چوارەم و پێنجەم، بڕگەی سێیەم (هەر کەسێك ئەرشیفێکی گشتی بفرۆشێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (٣) ساڵ و بە پێ بژاردنێك کەمتر نەبێت لە (١٠٠) ملیۆن دینار سزا دەدرێت) لێرە پشتگیری مامۆستا عثمان دەکەم، ئەی ئەو کەسەی کە دەیکڕی؟ ئەوە لێرە بەدەر دەکرێ لەو حوکمەی، بۆیە من پێشنیار دەکەم صیاغەکەی بەم شێوەی لێ بکرێ (هەر کەسێك مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بە ئەرشیفێکی گشتی بکات سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (٣) ساڵ و بە پێ بژاردنێك کەمتر نەبێت لە (١٠٠) ملیۆن دیناری عیراقی)، چوارەم: (هەر کەسێك کار بکات بۆ گۆڕین یان دەستکاری کردن بە مەبەستی تێکدان یان لە ناوبردنی ئەرشیفی تایبەت بە بێ ڕێزگرتن) لێرە (بە بێ ڕێز گرتن) (بەبێ لەبەرچاوگرتنی) مافی خاوەنداریێتی، خاڵی پێنجەم: (هەر کەسێك بە هەڵە زیان بە ئەرشیفێکی گشتی بگەیەنێت بە پێ بژاردنێك کە لە (٥) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت) لێرە پێشنیار دەکەم هەر کەسێك بە هەڵە کەسێك هەڵەی کرد، (بە هەڵە) یەعنی پێموابێ عقوبەکەی نابێ ئەوەندە توند بێ، ئەگەر هەڵەی کرد (لە ئەنجامی کەمتەرخەمی) ئەو کات سزا بدرێت (بە پێ بژاردنێك کە لە (٥) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت) ئەو (١٠) ملیۆن دینارە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دواجار پێویستمان بە ڕوونکردنەوەیەك هەیە لەسەر قسەکانی کاك علی بەڕاستی، کاك علی من سوپاسی دەکەم کە بەو شێوەیە پێی سەیر بوو کە بەسەر من دا تێپەڕیبێ، من پێشتر ڕوونکردنەوەیەکم دا، جەنابی لە دەرەوە بوو لە هۆڵ نەبوو، ڕوونکردنەوەیەکم دا کە من خۆم بێ بەری کردووە لەم پرۆژە یاسایە و ئیمزاشم لەسەر نەکردووە، لەبەر ئەوەی پێموایە ئەم پرۆژە یاسایە زۆر ماندووت دەکات، هاوڕام لەگەڵ ئەو دیوەی قسەکان دا کە فیعلەن زۆر قەرەباڵخە، زۆر تێکەڵ و پێکەڵی تیا هەیە چارەسەرکردنی، بۆیە دواجار من ئەو پێشنیازەم کرد کە ئەگەر بکرێ لە وەرزی داهاتوودا بێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێمە پێشنیازە یاسا یان پرۆژە یاسا کە هاتە ناو خوێندنەوەی دووەم، دەستمان بە خوێندنەوە دووەم کرد، ئیتر لەوێوە ڕاوەستان لە دەستی ئێمەدا نامێنێ لە ڕاستی دا، سەلما خان، فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیازە یاسایە نزیکەی حەوت بۆ هەشت مانگ دەبێ ئاراستەی دوو لیژنەی تایبەتمەند کراوە لە پەرلەمانی کوردستان، بە لیژنەی یاساییەوە دەبێتە سێ لیژنە، ئێمە لە شاری هەولێر وێرکشۆپێکمان بۆ کرد بە بانگهێشت کردنی خەڵکانی پسپۆڕ و ئەکادیمی لەم بوارەدا، لە شاری سلێمانی جارێك تر ئێمە وێرکشۆپێکی ترمان بۆ کرد و کەسانی شارەزا و پسپۆڕمان لە بوارەکان دا و ئەوانەی پەیوەندیدارن بەم بابەتەوە بانگهێشت کردووە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو کۆبوونەوەی کە لە سلێمانی کردمان جارێکی تر بۆ خۆیان کەسە ئەکادیمییەکان لە نێوان خۆیان دا کۆبوونەوەیەکی تریان ڕێکخست و دیسانەوە هاوکارمان بوون لە داڕشتنەوەی دا، داڕشتنەوەکانمان هێنایە پەرلەمانی کوردستان ئاراستەی ڕێکخراوێکی ئەمریکی کرا لە ڕێگەی سەنتەری توێژینەوە، بەڕێز کاك چیا من ئەو تەوزیحەم دا بەڵام جەنابت هەر وتت پەلەتان کردووە، پێموایە پێشنیازە یاسایەك هەشت مانگ، نۆ مانگ لە لیژنەیەك دا بێ هیچ پەلەی تیا نەکراوە، بە بێ ئەوەی یەك چرکە راوەستابێتین، ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی ڕێکخراوێکی ئەمریکی کراوە لە ڕێگەی سەنتەری توێژینەوەوە، بەراورد کراوە بە قانوونی (١٠) وڵات لە وڵاتانی دونیادا ئەوەی لەسەر ئەم بابەتە کار دەکەن، بە فۆنتی (١٤) ڕاپۆرتێکی (٥٠) لاپەرەییان بۆ هێناوینەتەوە، جارێکی تر من لەگەڵ کاك مجید ڕاوێژکار چوار سەعاتی تر دانیشتووین خاڵ بە خاڵیمان داڕشتۆتەوە، لەگەڵ ئەندامانی لیژنە چەندین جار ڕاپۆرتمان لەسەر ئەم بابەتە دووبارە و سێ بارە کردۆتەوە، دوایین جار ئاراستەی بەڕێزان بۆردی قانوونی پەرلەمانی کوردستانمان کرد، کە بۆردێکی ڕاوێژکاری لە پەرلەمانی کوردستان دا، ئەوانیش جارێکی تر هەماهەنگ بوون لە ڕێکخستن و داڕشتنەوەی، ئینجا ئاراستەی بەڕێز سەرۆکایەتی و لیژنەی یاسایی کراوە، پێموابێ کاك علی بە داوای لێبووردنەوە بۆ شتێکی پێکەنیناوی بەینی خۆی و کاك مەم ئەو قسەیەی کرد، ئەگینا هیچ شتێکی گەورەی وای تیا نییە ئەگەر دەتانتوانی لە ڕێی نوێنەرەکانتانەوە بیڵێن، زۆر زۆر بە داوای لێبووردنەوە کاك مەم زۆر هێرشی کرد لەبەر ئەوەی کاك مەم لەو قۆناغانەی باسم کرد لە هیچ شتێك دا بەشداری نەکرد و هیچ تێبینییەکی پێ نەووتووین، تەنانەت دوێنێش من ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و ڕاپۆرت بە ڕاپۆرتەکانم لە ناو گروپی لیژنە داناوە، خاڵ بە خاڵ، هەموو بابەتەکانم کردووە، ئەو ڕۆژەشی ئیمزای نەکردووە نەهاتۆتەوە بۆ کۆبوونەوە، ئەگینا هیچ موخالەفەیەکی نەوتووە، ئەیتوانی تێبینی بنووسێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ تەواو، دەستخۆش، بەڵێ ماددەی (١٣)، فەرمووو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

ماددە (١٣):

ئەرشیفی گشتی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە موڵکی گشتی هەژمار دەکرێت. سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چییە کاك عثمان گیان؟ دە قسە بکە باش، باشە با قسە بکات، بەڵێ قسە بکە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی پێ بژاردنەكان، پێ بژاردنەكان دیاری كراوە لێرە، من پێموایە لەوانەیە هەندێك ئەرشیف هەبێ ئەرشیفەكە وەكو برای بەڕێز كاك بختیار ئیشارەتی پێدا، لەوانەیە بایی ملیۆنێ دۆلار بێ، هەبێش لەوانەیە بایی (١٠) هەزار دینار بێ، لەبەر ئەوە ناكرێت ئەم پێ بژاردنانە بە بۆچوونی من دەبێ ببردرێتەوە بۆ لیژنەیەكی موختەص دیاری بكات نرخی ئەو ئەرشیفە بایی چەند بووە، ئەو كاتە دیاری بكرێ، نەك ئێستا دیاری بكرێ، لەوانەیە پێ بژاردنێك بە (٢٠) ملیۆن یان (٣٠) ملیۆن دیناری كراوە لەوانەیە بایی ملیۆنێ دۆلار بێ، چۆن دەبێ ئاوا؟ لەبەر ئەوە بۆیە من پێشنیار دەكەم بە هەمان شێوە لیژنەیەكی موختەص دیاری بكات ئەو پێ بژاردنانەی كەوا پێویست دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو سزایانە لەسەر بنەمای قیمەتی بەڵگەنامەكە یان ئەرشیفەكە دانەنراوە، ئەو سزایانە سزایە لە بەرامبەر كردەیەك، كردەكە بریتی یە لە فرۆشتن یان مامەڵە پێكردن، یان لە ناوبردن، یان دەستكاری كردن، یان دزە پێكردن، عقوبەیەكی تر، شتێكی تر بە ناوی تەعویز هەیە بە پێی یاسا بەركارەكان، ئێمە لێرە یاسای ترمان دەركردووە، سەبارەت بە فەرمانبەر یاسای لە ئەستۆگرتنمان دەركردووە، یاسای سزادان هەیە، شت هەیە قیمەتەكەی ڕەنگە دەیان جار گوێتان لەوە بووە، ئایا نەتیقی یە كەسێك لەسەر بتڵێك غاز بۆ نمونە پێنج ساڵ حوكمە بەڵام كەسێك شتێكی بردووە بایی (١٠) ملیۆن دۆلارە هەر پێنج ساڵ حوكمە؟ ئەوە لەسەر كردەی دزی، تاوانی دزی عقوبە دەدرێ، شتەكە هەر چەند بێ، بەڵام دێیتە سەر بارەكەی ترەوە زرووفی تەقدیری ئەوە دەچێتە لای حاكم و ئەو قەرار دەدات، دواتر دەچێتە لای حاكمی مەجالی مەدەنی (بداءە)، تەعویز بابەتێكی ترە، ئەمە پێمان دەڵێ (فەرمانبەرێكی ئەم كەرتە ئەگەر یەك بەڵگەنامە بفرۆشێ بایی بەهاكەی، تەقییم كردنەكەی بە پارە، بریتی بێ لە (١٠) هەزار، یان بریتی بێ لە (١٠) ملیۆن دۆلار، مادام كەسێكە دەست دەبا بۆ ئەم بەڵگەنامەیە بە فرۆشتن یان دزە پێكردن یان مامەڵە پێكردن، كەواتە كەسێك دەست دەبا بۆ شتێكی (١٠) هەزاری ئەگەر (١٠) ملیۆنییەكەشی لەبەر دەست دا بێ هەر دەستی بۆ دەبا، ئەم سزایە سزای كردەیە، عقوبە نییە لە بەرامبەر شتێك دا یان با بڵێین تەعویز نییە لە بەرامبەر بەهای شتەكەدا، ئێمە لە بەرامبەر ئەم كردەوانە ئەم سزایانەیان دەدەین، یان لایەنی پەیوەندیدار ئەم سزایانەیان دەدات، سەبارەت بە قیمەتی شتەكە ئەوە بابەتێكی ترە، قانونی تر حوكمی دەكات، قانونی تری بەركار هەیە لە ناو هەرێمی كوردستان دا، مادده (١٣)، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده (١٣):

ئەرشیفی گشتی بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بە موڵكی گشتی هەژمار دەكرێت. سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، د.زێدان، ئاشنا خان، فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د.زێدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، بەڵام جەنابیشت دەزانی کە دەڵێی (ئەرشیفی گشتی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە موڵکی گشتی هەژمار دەکرێ) لە هەموو ئەو یاسانەی کە تایبەتن بە هەر کەل و پەلێك کە موڵکی گشتی بن نابێ لە دوو ماددەی پێشتر کڕین و فرۆشتنی تێدا بێ، کەواتە دەگەڕێینەوە سەر هەمان بڕگە، ماددەی (١١) پێویست ناکات ئاماژەی پێ بکرێ، ئێمە لە ماددەی (١٠) بڕگەی (دووەم) دەڵێین (هەر کەسێك ئەرشیفێك بێنێت بۆ ناوەند پاداشت دەکرێ) دەبێ لێرە بنووسرێت (کڕین و فرۆشتن بە ئەرشیف بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە) ئینجا دەتوانین بڵێین موڵکێکی گشتی سەروەتێکی نیشتیمانی یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەرشیفی گشتی موڵکی گشتی یە بەڕێزان، بەس گشتی، (١١) تایبەتییە کاك د.زیدان، ئاشنا خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارم کرد پێشتر لە ماددەی (١)دا کە بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ ئەرشیفی کەرتی تایبەت، بۆیە پێویستە دوو ماددەی تر زیاد بکرێت لە قانوونەکە لە ئێستادا پێشنیاری دەکەم، ئیتر ئەو کاتە دەتوانن لیژنەی تایبەتمەند خۆیان ئەگەر جێگیریان کرد شوێنێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، چونکە راستییەکەی نەمدەزانی لە کوێ پێشنیاری بکەم، ماددەیەك زیاد بکرێت بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە:

یەکەم/ ئەو بەڵگەنامانەی لە پرۆسەی کاری پیشەیی کەرتی تایبەت دەردەکرێن پێویستە بە ئەرشیف بکرێن لەلایەن دامەزراوەکەیەوە وەك بەڵگە بۆ هەر مەبەستێکی یاسایی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-ئەو بەڵگەنامانەی لە ئەنجامی کاری پیشەیی پارێزەری دەرچوونیان بۆ دەکرێت پێویستە ئەرشیف بکرێن بۆ ماوەیەك لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ بۆ گرێبەستەکان لە بەرواری کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە.

ب - هەموو بڕیارێکی کۆتایی دادگا لە بوارە مەدەنییەکان کە بڕیاری تەحکیمیش دەگرێتەوە لە بەرواری دەرچوونی بڕیارەکە.

٢-ئەو بەڵگەنامانەی لە ئەنجامی کاری پیشەیی ژمێریاری دەرچوونییان بۆ دەکرێت پێویستە ئەرشیف بکرێن بۆ ماوەیەك لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ تۆماری دارایی بریکاردەرەکانیان لەبەرواری دەرچوونی راپۆرتی دارایی ساڵانەی دامەزراوەکانیان.

ب - ئەستۆ پاکی باش لە بەرواری دەرچوونییەوە.

٣-ئەو بەڵگەنامـانەی لە ئەنجـامی کـاری ئیـداری کۆمپانیاکـان یـان ڕێکخـراوە ناحکومییەکـان دەرچوونییان بۆ دەکرێت پێویستە ئەرشیف بکرێن بـۆ مـاوەیەك لە (١٠) سـاڵ کەمتـر نەبێـت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ تۆمـاری زانیـاری کەسـی فەرمـانبەرانی کۆمپانیـا یـان ئەنـدامانی ڕێکخـراوە نـاحکومییەکە لە بەرواری کۆتایی هاتنی گرێبەستی کارەکەی.

ب - تۆمـاری کۆنووسـی دانیشـتنەکان و چالاکییەکـانی فەرمـانبەرانی کۆمپانیـا یـان ئەنـدامانی ڕێکخراوە ناحکومییەکە لە بەرواری بە ئەنجام گەیاندنییانەوە.

ت - هەمـوو فەرمـانبەرێکی کـارگێری کۆمپانیـاکە یـان ڕێکخـراوە نـاحکومییەکە لە بەرواری دەرچوونییەوە.

٤- ئەو راپێتانەی لەلایەن پزیشك لە نۆرینگەی تایبەتی خۆی دەرچوونییان بۆ دەکرێـت پێویسـتە ئەرشیف بکرێن بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت لە بەرواری دەرچوونییەوە.

دووەم/ بە مەبەستی حوکمەکانی بڕگەی (یەك)ی ئەم یاسایە دەکرێت ئەرشیف کردن بە شـێوازی پەڕاوی بێت یان بە ئەلیکترۆنی بکرێت بەو مەرجەی هاوتای ڕێنووسی ڕەسەنی پەڕاوەکەی بێت و دەستکاری نەکرێت.

سێهەم/ دەکرێت ئەرشیف کردنـی بەڵگەنامەکـانی کەرتـی تـایبەت بسـپێردرێت بە کۆمپانیـایەکی تایبەت بەو کارە کە پێویستە دەستەبەری پاراسـتنی زانیارییەکـان بکـات بـۆ ئەو مـاوانەی دیـاری کراون لە بڕگەی (یەك)ی ئەم ماددەیە.

چوارەم/ نابێت هیچ ئەرشیفێك لە ناو ببرێت لە پاش تەواوبـوونی ئەم مـاوانەی دیـاری کـراون لە بڕگەی (یەك)ی ئەم مـاددەیە ئەگەر پەیوەندیـدار بێـت بە داوایەك یـان لێکـۆڵینەوەیەکی یاسـایی هەنووکەیی یان هەڵپەسێردراو.

پێنجەم/ پێویستە لە ناوبردنی هەر ئەرشیفێك کە دیاری کراون لە بڕگەی (یەك)ی ئەم مـاددەیە بە نهێنی ئەنجام بدرێ.

ئینجا لە کۆتاییش دا پێویستە ماددەیەکی تـر زیـاد بکـرێ بـۆ حـوکمە سـزاییەکان (هەر کەسـێکی سروشتی یان مەعنەوی سـەرپێچی حوکمەکـانی بڕگەکـانی ئەوەی کە داوامـان کـرد زیـاد بکرێـت ئەم یاسایەی کرد دوای ئاگادارکردنەوە سزا دەدرێت بە غەرامەیەك لە (١٠) ملیـۆن کەمتـر نەبـێ و لە (٢٥) ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبێـت ئەگەر بەردەوام بـوو لەسـەر سـەرپێچییەکەی دەسـت بەسـەر ئەرشیفەکەی دا دەگیرێ) سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، بە نووسـراو ئەگەر هەتە بیهێنیـت بـۆ بەڕێـزان لە لیـژنە تایبەتمەنـدەکان، زۆر سوپاس، ماددەی (١٤)، فەرموو.

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤):

ڕەسـمی پێشـکەش کردنـی خزمەتگـوزاری بـواری ئەرشـیف حوکمەکـانی یاسـای ڕەسـمی پـولی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ماددەی (١٥).

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

ماددەی (١٥):

پێویستە وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٦):

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بریارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نجاة خان، کێی تر؟ فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

دیڤ ماددێ (١٥) ماددەك زێدە ببیتن (پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە، ماددەیەکی پرۆتۆکۆڵی یە، پەیوەندیشی بە هەموو دامەزراوەکان هەیە، واجیبتان داناوە دەبێ ئەو ماددەیە دانێن، دروستە نجاة خان، لەسەر ماددەی (١٦)؟

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالەك لێ زیاد بکرێتن ئەویش بەو شێوەیە کە سوود لە یاسای تر وەربگریت، وەکی پێشتر جەنابت باست کرد ئەمە مەسەلەن لەسەر کردارە ئەو جەزایە دەدرێت، بەس ئەەوی تر تشتەکی ترە، ئینجا سوود لە یاسای تریش وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (١٧).

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

ماددەی (١٧):

ئەم یاسایە لە دوای (٦٠) رۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان فەرموون، فەرموو مامۆستا عثمان.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

ئەو داوایەی بەڕێز مامۆستایان د.إسماعیل، کاك سیپان، د.محی الدین (١٢٠) رۆژەکە بوو، لەگەڵ ئەو (٦٠) رۆژە دەبێ ئەو کاتی ئەویش دەستکاری بکرێ، وا نییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا دوو شتی جیاوازن.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

جیاوازن؟ دوای دەرچوونییانە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڵێ.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

سوپاس دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بە هـۆی نەبـوونی ناوەنـدێکی نیشـتیمانی بـۆ ئەرشـیفکردن و بەشـێکی زۆری بەڵگەنامەکـان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان دا پەرش و بـڵاون و مەترسـی لە ناوچوونیـان لەسـەرە، بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتن لە ئەرشـیفی گشـتی و تـایبەتی کە سـامانی نیشـتیمانی نەتەوەیـین ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئاشنا خان، کێی تر؟ د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ ئیزافەی دوو، سێ دێـر بـکەم لەوانە هەر (بە هـۆی نەبـوونی ناوەنـدێکی نیشـتیمانی بـۆ پاراسـتنی بەڵگەنامەکـان و بە ئەرشـیف کردنییـان و بەشـێکی زۆری بەڵگەنامەکـان لە نـاوەوە و دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان پەرش و بـڵاون مەترسـی لە ناوچوونیـان لەسـەرە، بە مەبەسـتی سوود لێ وەرگرتن لە ئەرشیفی گشتی و تایبەتی کە سـامانی نیشـتیمانی نەتەوەیـین ئەم یاسـایە دەرچووێندرا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئاشنا خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــن پێشــنیار دەکەم لە شــوێنی (بە مەبەســتی ســوود وەرگــرتن)ەکە لەوێ دا (ســوودی لــێ وەربگیرێت بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دابان، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بە هۆی نەبوونی ناوەندێکی نیشتیمانی) بکرێتە (بۆ دروستکردنی ناوەندێکی نیشتیمانی)، چونکە بۆ ئەوەی ئەوە ببێ بە ئەمری واقع، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، بەڵێ، کاك د.زیدان، فەرموو.

**بەڕێز د.زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دێری کۆتایی (بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتن لە ئەرشیفی گشتی و تایبەت کە سامانی نیشتیمانی نەتەوەیین) ئایا بۆ لێرە تایبەت بۆتە سامانی نیشتیمانی و نەتەوەیی؟ کەواتە تایبەت موڵکی گشتی یە، تایبەتیش کە گرنگییەکی خۆی هەبوو دەبێتە موڵکی گشتی نەتەوە، بۆیە ئەوە وەڵامەکی ئەوەی ماددەی (١٣)یە بۆ لیژنە و جەنابیشت کە وەڵامت دامەوە، تایبەت نابێتە موڵکی گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر لە رووی قانونییەوە سامان و موڵك فەرقی هەیە.

**بەڕێز د.زێدان رشید خان اودل:**

ئاخر لەو یاسایە دوو جار هاتووە، تایبەتە، لێرەش تایبەت موڵکی نەتەوەیی و گشتییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

موڵکە جیاوازە لەوەی سامانە.

**بەڕێز د.زیدان رشید خان اودل:**

سامانەکە دەبێتەوە موڵك.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا مەرج نییە هەموو سامانێك ببێتەوە بە موڵك، دوو شتی جیاوازن، دوو موستەڵەحی جیاوازن، بەڕێزان سوپاس بۆ پشوو درێژیتان، سبەینێ سەعات (١٠:٣٠) کۆبوونەوەکانمان دەست پێ دەکەینەوە، ئێستا بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ هات.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | پەرلەمانی | کوردستان - عێراق |
| | کوردستان – عێراق | |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)ی**
**چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١\١٢\٢٢**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)
# چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٢

کاتژمێر (١٠:٣٠)ی بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٢ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی(٥)، بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی(١٦) بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی(١٨) بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی(٢٠) ماددەکانی(٤٧،٤٨) بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی(٥٢) ماددەکانی(٥٤،٥٥،٥٦،٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر(١٠:٣٠)ی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٢ بەمشێوەیە دەبێت.

یەکەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی(٨٧،٨٨،٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان،

١. پڕۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٢. پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی(٢٠٢١) یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەێمی کوردستان.

دووەم: خستنەڕوو و بەدواداچوونی ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار سەبارەت بە هۆکاری لافاوەکەی شاری هەولێرو، ڕێگا چارەسەرییەکان بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم دیاردەیە.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دانیشتنی ژمارە(١٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەینەوە، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەین بەرنامەی کار بخوێنێتەوە هەم ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت پێشکەش بکات، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەرنامەی کار بەپێی حوکمی ماددەی (٥)، بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (١٦) بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧،٤٨) بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٥٢) ماددەکانی (٥٤،٥٥،٥٦،٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم

له خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١٠:٣٠)ی بەیـانی ڕۆژی چوارشـەممە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٢ بەمشێوەیە دەبێت.

یەکەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خـوارەوە بەپێـی حـوکمی ماددەکـانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان،

١. پڕۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
٢. پڕۆژە یاسای هەمـواری یەکەمـی یاسـای ژمـارە (٦)ی سـاڵی (٢٠٢١) یاسـای وەزارەتـی کارەبـا لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: خسـتنەڕوو و بەدواداچـوونی ڕاپـۆرتی لیـژنەی شـارەوانی و گواسـتنەوەو گەیانـدن و گەشـتوگوزار سـەبارەت بە هۆکـاری لافـاوەکەی شـاری هەولێـرو، ڕێگـا چارەسـەرییەکان بـۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەم دیاردەیە.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی، ئاسایی:

بەپێـی حـوکمی بـڕگەی دووەمـی مـاددەی (٢٠،٥٢) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان، پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (١٢)ی ئاسـایی خـولی پـایزەی سـاڵی سـێیەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنی پەرلەمـانی کوردسـتان، لە کـاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆ ڕۆژی سێشـەمە لە ڕێکەوتـی (٢٠٢١/١٢/٢١) بەم شێوەیە بوو:

یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم: خوێنـدنەوەی بەرنـامەی کـارو پـوختەی دانیشـتن و نـاوی ئەنـدامان و ئەنـدامانی ئامـادە نەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

سێیەم: دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، گۆڕینەوەی ڕیزبەندی بڕگەکانی بەرنامەی کار بەم شێوەیەی خوارەوە:

-دەنگدان لەسەر هەردوو پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمـی کوردستان- عێراق.

-پڕۆژە یاسای سەرپەرشتی کردنی پڕۆژەکانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

-خوێنـدنەوەی یەکەم بـۆ هەردوو پـڕۆژە یاسـای پەروەردەو فێرکـردن لە هەرێمـی کوردسـتان - عێراق.

-پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٦)ی، ساڵی (٢٠٢١).

-یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

سـێیەم: خسـتنەڕوو و بەدواداچـوون بـۆ وەزارەتـی دارایـی وکاروبـاری ئـابووری سـەبارەت بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بـۆ پێشـنیازە یاسـای پاراسـتنی ئەرشـیف لە هەرێمـی کوردسـتان - عێراق.

پێنجەم: دواخستنی خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیستی ئامادەبوو ئامادەنەبووی ئەندامانی پەرلەمان دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی لە (٢٠٢١/١٢/٢١)، هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە.
(شنۆ ئەشقی عبداللە، جمال حوێز مصطفی، شیرین یونس عبداللە، شاخەوان رؤوف مصطفی، گلیزار ڕشید، ذکری احمد اسماعیل، ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە، شێرکۆ جەودت مصطفی، کاظم فاروق نامق)، بەبڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢١) ئامادە نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار دەکەین، بەڕێزان وەکو ئاگادارن بابەتی ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار سەبارەت بە هۆکارەکانی لافاو ئەوەی شاری هەولێر، ڕێگا چارەسەرییەکان لە بڕگەی دووەمە بۆیە بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٨) داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم بکرێتە خاڵی یەکەم، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە بڕگەی یەکەمی دانیشتنەکەمان؟ بەکۆی دەنگ تەواو، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی شارەوانی دەکەین بفەرموون بێنە ئێرە بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکەیان، بەڕێزان ئەم دانیشتنە درێژکراوەی دانیشتنی دوێنێ یە بۆیە ئەو خاڵە پەیڕەوییانەی کە دوێنێ باسکراون و هەموو ئەو بەڕێزانەی گفتوگۆیان لەسەر کردووە، تکاتان لێ ئەکەین بۆ ئەوەی ئەو بابەتانە دووبارە نەکرێتەوە با دەست بەجێبەجێ کردنی خاڵەکەمان بکەین، با ئەو ڕاپۆرتە پێشکەش بکرێت دوای وەرتان ئەگرین لەسەر هەر بابەتێك کە خاڵی پەیڕەوییە فەرموون، ناوتان ئەنووسین دواتر بەڕێزان با ڕاپۆرتەکە پێشکەش بکەن فەرمووکاك لقمان.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بابەت خستنەڕووی هۆکارو چارەسەری ڕووداوی لافاو، سەبارەت بە سەرهەڵدانی کارەساتی لافاو و زەرەرمەند بوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان و وێڕای دەربڕینی هاوخەمی و نیگەرانی و خەمناکی خۆمان بۆ گیان لەدەستدانی هاووڵاتییانی مەدەنی و زەرەرمەندبوونیان لە ڕووی مادی و مەعنەوی بەهۆی کارەساتی لافاوەوە، ئێمە لە لیژنەی پەیوەندیدار لەسەر ڕاسپاردەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پێشکەش کردنی ڕاسپاردەی پێویست بۆ چارەسەرکردنی گرفتی سەرهەڵدانی لافاو لە شاری هەولێری پایتەخت و سەرجەم شارەکانی کوردستان، لیژنەکەمان بەشێوەیەکی مەیدانی بەدواداچوونی پێویستی کردووە، سەبارەت بە هۆکارەکان و دەرئەنجامەکانی لافاو بەگشتی و بەتایبەت لافاوی شەوی (١٦لەسەر١٢/١٧ی ٢٠٢١) کەچەند گەڕەکێکی شاری هەولێری گرتەوە، بەداخەوە زیانی گەورەو کارەساتباری لێکەوتەوەو، لە خوارەوە دەرئەنجامەکانی بۆ بەڕێزتان دەخەینە ڕوو، تا ئێستا ئاماری زیانەکان بەم شێوەیەن:

١.ئەم کارەساتە بووە هۆی گیان لەدەستدانی (١٢) هاووڵاتی مەدەنی بەداخەوە دوو هاووڵاتی تائێستا چارەنووسیان بەنادیاری ماوەتەوە.
٢. (٢٥٠٩) ماڵ بەر لافاو کەوتن و زیانی زۆریان بەرکەوتووەو بەشی زۆریان تەواوی کەلوپەلی ناو ماڵیان لەناو چووە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکیان زیان بە بیناو بناغەی خانووەکانیان گەیشتووە.
٣. (٨٦٧) ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییان بەر ئاو کەوتووەو زیانی زۆریان بەرکەوتووە.
٤. (١٥٣) دوکان و کارگە و شوێنی بازرگانی زیانیان بەرکەوتووە.
٥.سەدان سەر ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتی هاووڵاتییان لەناوچوونە.
٦. زیان بە هەزاران دۆنم لە زەوی و زاری کشتوکاڵی و دەغڵ و دانی هاووڵاتییان کەوتووە، بەشێوەیەکی گشتی بەپێی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی لیژنەکەمان قەبارەی زیانی ماڵی هاووڵاتیان بۆ ئەم لافاوە لەنێوان (٢٠تا٢٥ ملیار دینار) دەخەملێنرێت.

هۆکارەکانی دروست بوونی ڕووداوی لافاو:

١.بەپێی بەدواداچوونی لیژنەکەمان سەرەڕای هۆکاری سروشتی کەمتەرخەمی بەشێك لە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتی خۆجێی کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەپێی فراوان بوونی شاری هەولێر ڕێکاری پێویست نەگیراوەتە بەر، بۆ پاراستنی هاووڵاتییان لە کارەساتی لافاو بەشێوەیەك پشتێنەو کەناڵ و دەریاچەی ئاوی پێویست دروست نەکراوە بۆ چارەسەرکردنی ئاوی باران.
٢. بەردەوام بوونی زێدەڕۆیی لەسەر ڕێڕەوەکان لە ڕێڕەوە ئاوییەکان و کەندە سروشتییەکان لەکاتی فراوان بوونی شارو دروست کردنی یەکەکانی نیشتەجێ بوون و شوێنە بازرگانییەکان.
٣. دابەشکردنی بەشێك لە زەوی سەر ڕێڕەوە ئاوییەکان کە کراوە بە خانووی هاووڵاتییان یان دراوە بە پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون.
٤. بەردەوام فڕێدانی پاشماوەی قوڕس لە پاشماوەی تێکدانی خانووبەرەی بیناسازی بەشێوەی هەڕەمەکی لەناو کەندە سروشتییەکان و لێوارو ڕێڕەوەکانیان ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بەرتەسك کردنی ڕێڕەوە ئاوییەکان.
٥. پاك نەکردنەوەی بەشێکی ڕێڕەوەکانی ئاو لەلایەن شارەوانییە خۆجێییەکان بەر لەهاتنی وەرزی باران بارین.
٦. دانانی قەمتەرەو پردی بچووك لەسەر ڕێڕەوەکانی ئاو کە بەشی زۆریان بەرگەی هەڵگرتنی بارانی بەخوڕ ناکەن.
٧. چاوپۆشی کردن لە زێدەڕۆیی لەسەر شوێنی ئاوەڕۆ بە دروستکردنی پڕۆژەو شوێنی بازرگانی لەسەر ڕێڕەوەی ئاو و ئاوی باران، کە سەرەنجام بۆتە مایەی ڕوودانی کارەساتی گەورەی لافاو.
٨. دروست نەکردنی کەناڵی گەورەی ئاوەڕۆی دەستکرد لەدەرەوەی شار بۆ چارەسەرکردنی ئاو و بارانی بەخوڕ.

٩. نەبوونی چاودێری بەردەوام بۆ بەدواداچوون بۆ پڕۆژەکان و لێنەپرسینەوەیان لەلایەنی کەمتەرخەم و زێدەڕۆکاران، هەروەها چاوپۆشی کردن لە گۆڕینی دیزاین و نەخشەی بنەڕەتی گەڕەك و پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون و شوێنەکانی بازرگانی.
١٠. گرینگیدان بەلایەنی ڕووکەش و پشتگوێ خستنی نەخشەی زانستی بۆ بەهێزکردنی ژێرخان لە گەڕەکە نوێیەکان و پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون.

پێشنیازو ڕاسپاردەمان بۆ چارەسەری:

١. قەرەبوو کردنەوەی دادپەروەرانەی هاووڵاتییانی زیان لێکەوتووی ڕووداوی لافاوی گەڕەکەکانی شاری هەولێر لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی.
٢. دروست کردنی لیژنەیەکی هەماهەنگی هەمیشەیی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان کە بوودجەی پێویستیان لەبەردەست بێت بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوکردنی بەردەوام بەسوود وەرگرتن لەسیستەمی (GIS) دووبارە نەخشەکردنەوەی کەند و ڕێڕەوە ئاوی و خاوێنکردنەوەیان لە زبڵ و پاشماوەی خانووبەرەو دانانی چاودێری بەردەوام بۆ ئەو کەندانە.
٣. هەر زێدەڕۆیەك لە ڕێڕەوەکانی ئاو موحەرەماتیان کراوە بەزووترین کات لابدرێ و ڕێکاری سزای یاسایی بەرامبەر سەرپێچی کاران بگیرێتە بەر.
٤. ڕێگەگرتن لەهەر پڕۆژەیەك یان زێدەڕۆییەك کە کار بکاتە سەر ئاوی باران و شوێنە سروشتییە پارێزراوەکان بۆ ئەوەی کارەساتی هاوشێوە لە شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان ڕوونەدات.
٥. خاوێن کردنەوەی ئاوەڕۆی سەرەکییەکان و لادانی پاشماوەی هاووڵاتییان و کۆمپانیاکان و مێکسەرەکانی کۆنکرێت لەناو کەند و ڕێڕەوی ئاوەڕۆی باران و سزادانی ئەوانەی پاشماوە فڕێ دەدەنە ئەو شوێنانە.
٦. دروستکردنی ڕێڕەوی نوێی ئاوی دەستکرد بۆ چارەسەری ڕێڕەوی ئاوی باران و هەروەها دروستکردنی دیواری پاڵپشتی کۆنکرێتی لەلێواری ئەو کەندانەی نزمن و نزیکن لە گەڕەکەکان و بەردەوام پاککردنەوەیان.
٧. دووبارە پێداچوونەوە بە دیزاینی پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون و پڕۆژەکانی دیکەی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی گەورەو گەشتوگوزار، لەلایەن لیژنەیەکی شارەزا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و لە ڕووی دیزاین و ئاوەڕۆو پێشنیازو ڕاسپاردەیان لەسەر ئامادە بکرێت.
٨. ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییەکانی بەرزی و نزمی کەش وهەوا کە لەجیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕەست دا بووەو خۆئامادە کردن و دانانی بوودجەی پێویست بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراوی لەم جۆرە.
٩. پەلەبکرێت لە دروستکردنی چەندین بەنداوی بچووك و گەورە بەشێوەیەکی زانستیانەی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکانی لافاو و دەوڵەمەندکردنی ئاوی ژێر زەوی.

١٠. پەلەکردن لەدروستکردنی پشتێنەی سەوزایی پێشنیازکراوی هەولێر لە دەرەوەی شەقامی (١٥٠م) هەولێر بەهەمان شێوە بۆ شارو شارۆچکەکانی تریش.
١١. تەرخانکردنی شوێنێکی تایبەت بۆ فڕێدانی پاشماوەی قوڕسی بیناسازی.
١٢. پێداچوونەوە بە مۆڵەت پێدان و چاودێریکردنی بەردەوام لەسەر کارگەکانی چەو ولم لە کەندە سروشتییەکانی دەرەوەی شار کە زۆرجار بەهۆی دروستکردنی چاڵی گەورە دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی ئاوی زۆری باران و دواجار تەقینەوەی چاڵی ئاوەکەو کە ڕووداوی کارەساتباری لافاوی لێدەکەوێتەوە.
١٣. وەك ئەرکێکی ئایینی و مرۆیی گواستنەوەی ئەو گۆڕستانانەی کەوتوونەتە بەر ڕێڕەوی ئاوی باران و کەندی لافاو.
١٤. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و گیانی بەرپرسیاریەتی هاووڵاتییان و هێزەکانی بەرگری شارستانی و هێزەکانی ناوخۆ بۆ چۆنییەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی کارەساتی سروشتی و مرۆیی بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتییان.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانین سوپاسی ڕۆڵی هەموو ئەو کەس و ڕێکخراو لایەنانە بکەین چ لە دامودەزگاکانی حکومەت بێت یان سەرمایەدارو هاووڵاتییانی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کە بەگیانی بەرپرسانە هاتنە مەیدان بۆ بەهاناوەچوونی قوربانیانی ئەو کارەساتەو دەستی هاوکاری و مرۆییان بۆ زیانلێکەوتووانی لافاوی هەولێری پایتەخت درێژکردوو، داواش دەکەین لێپێچینەوەی یاسایی بکرێت بەرامبەر ئەو کەس و کۆمپانیایانەی بوونەتە هۆکاری دروست بوونی زیانەکانی لافاوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو، لەهەمان کاتیشدا لیژنەکەمان وەك لیژنەی تایبەتمەند چاودێری وردی هەموو ئەو بڕیارو ڕاسپاردانە دەکات کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوون، بۆ قەرەبوو کردنەوەی دادپەروەرانەی زیان لێکەوتووان و لێپرسینەوەو گرتنەبەری ڕێگای ڕێکاریی سزای یاسایی بەرامبەر سەرپێچی کاران بۆ دووبارە نەبوونەوەی کارەساتی لەم شێوەیە لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەستتان خۆش لیژنەی شارەوانی بۆ ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرت و ڕاسپاردانە، ئێستاش چەند بەڕێزێك دەرفەت ئەدەین بۆ ئەوەی ئەگەر پرسیارێك وبەدواداچوونێکیان هەبێت لە لیژنەی تایبەتمەند ناوەکان تۆماردەکەین، بەڵێ بەڕێزان ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ئەیانەوێت ڕاوسەرەنج و تێبینیان هەبێت لەسەر ڕاپۆرتەکەی بەڕێز لیژنەی شارەوانی بخەنەڕوو بریتین لە بەڕێزان، (کاك عمر گوڵپی، کاك کاوە، کاك ابوبکر، د. اسماعیل، د. شێرکۆ، مامۆستا عوسمان، بەدریە خان، هڵز خان، سەرچنار خان، کاك مەم، مژدە خان، کاك عبدالستار، گوڵستان سعید، د. هەورامان، ئاشنا خان، ڕۆژان خان، ڕوپاك خان، کاك بەڵێن، سلمە خان، کاك سەرکۆ، کاك هاوڕێ، کاك شەمۆل، کاك دابان، کاك عثمان سێدەری، مەلا ناصر، د. شایان، شیرین امین، کاك یاسین، کاك هێرش، کاك عباس، کاك علی، کاك ڕزگار، کاك کاروان، کاك زانا، کاك جلال، کاك بەهمەن، کاك بەهجەت، کاك ڕێڤنگ، خدیجە خان، کاك نزار، مامۆستا ویسی، مامۆستا احسان، کاك سەروان، کاك ئازاد، کاك ڕۆمیۆ، هەژان خان، د. گەلاوێژ، د. زێدان، کاك پێشەوا، مامۆستا

جیهاد، سەوسەن خان، گوڵستان باقی) بەڵێ بەڕێزان ماشاالله ڕێژەیەکی زۆرە لە وەختیشەوە ئاگاتان لێبێت ئەگەر بتوانن بە دەقەیەك تەواوی کەن سوپاستان دەکەم، ئەگەر بتوانن بەڕێزان یارمەتیمان دەن، چونکە ئەوە یاسای چەکمان لەبەر دەستە وەختێکی یەکجار زۆری ئەوێت زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، وێڕای سەرەخۆشیمان بۆ کەسوکاری قوربانیانی لافاوەکەی شاری هەولێر هاوبەشی خەمیانین، دەست خۆشی لە لیژنەی شارەوانی بۆ ئامادەکردن و بەدواداچوونی ئەو ڕاپۆرتە و سەردانی مەیدانیان بۆ شوێنی لافاوەکە و ستایشی ڕۆڵی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، بۆ بەدەنگەوە هاتنی قوربانیانی لافاوەکە وە یەکە یەکە دەست خۆشی لە یەکە یەکەی ئەو کارمەندانە دەکەین کە ئێستاش لە گەڕانن بەدوای تەرمی ئەو مندالە دە مانگەو ئەو هاوولاتییەی کە بەداخەوە تائێستا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە، داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی دەکەین کە چاودێری وردی بەدواداچوونەکانی ئەم لیژنەیە بکەن کە لەلایەن جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە بۆ ئەوەی هۆکارەکان وە ئەو کەسانە دیاریی بکرێن کە بەرپرسیار بوون سەرەڕای ئەوەی کە کارەساتەکە کارەساتێکی سروشتی بووە، بەڵام لەدەقی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە دیارە هۆکار گەلێکی تریش هەن جگە لە کارەساتە سروشتییەکە، بۆیە چاودێری وردی بەدواداچوونەکانی ئەم لیژنەیە بکرێت، هەروەها پشتگیری لە داوای لیژنە دەکەین بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ وە پشتگیری لە داوای پارێزگاری هەولێر دەکەین بۆ ئەوەی حکومەتی مەرکەز قەرەبووی زیان لێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار بۆ بەدواداچوون و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەو قوربانیانی لافاو دەردەبڕین داواکارین لە سەرۆکی حکومەت وە کابینەی حکومەتی خۆجێی هەولێر ئەو لیژنەی بەدواداچوون کە دروستکراوە بەزووترین کات ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکرێت ئیجرائات لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت کە تەجاوزیان کردۆتە سەر ڕێڕەوە ئاوییەکان، بەڵام لێرەدا ئەمەوێت شتێك بڵێم کە وەك لەلیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنانیش قسەمان لەسەری کرد لە کۆبوونەوەی ڕابردووماندا لە هەندێ جێگەی تریش شارو شارۆچکەی تر خەریکن چەمەکان دەدرێ بە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە یان پرۆژەی شارەوانی یان توجاری،

هیوادارم ئەمە لەڕێگەی لیژنەی ناوبراوەکانەوە ڕێگری لێبکرێت، چونکە لە هەندێك جێگە قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە لافاو نەماوە ئەوشتانە یان دەیانەوێت بیکەن بە ئاوەڕۆی سندوقی وە لەسەر ئاوەڕۆی سندوقییەکان پڕۆژە بکەن، بۆیە ئەمە دیسان ئەم کارەساتەی هەولێر دووبارە ئەکاتەوە هیوادارین بەدواداچوونی بۆ بکەن. زۆر سوپاس..

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان تەنها بۆ زانیاری تەنها (٥٢) ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ناوی تۆمارکردووە، بۆیە پابەندبن بە وەختەکە بۆ ئەوەی هەموو بەڕێزان سوود لە کاتەکە وەربگرن، ڕۆژان خان فەرموو. کاك یاسین گیان لە جێی خۆتەوە قسەمەکە تکایە، کات بەفیڕۆ نەچووە پڕۆژەیەکی گرنگ لەبەردەم پەرلەمانە گفتوگۆی لەسەر کراوە شتی پەرلەمان بێ بەها مەکەن، بەڕێزان کات بەفیڕۆ نەچووە.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

... بەناوی خوای گەورە، سەرەتا هاوبەشی خەمی کەسوکاری ئەو هاووڵاتییانەین کە گیانیان لەدەستدا لەو کارەساتەیا دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم بۆ ڕاپۆرتەکەیان، من دوو تێبینیم هەیە:

یەکەم: ئەوەی بینیمان بەدواداچوونەکانمان لە هەندێك شوێن ئاو تاوەکو (٢)م زیاتر بەرزبۆتەوە لە زۆربەی شوێنەکان وە زۆربەی ماڵەکان هیچ پێداویستییەکیان بۆ دەرنەچووە، جگە لەوەی کە قوربانی گیانی و ڕووخانی خانووەکانیان، بۆیە لێرەیا پێویستە قەرەبوو کردنەوە قەرەبوویەکی دادپەروەرانە بێت، وە برێکی کەم نەبێت وەکو سێ هەزار دۆلارو لەو بڕانەیا کە پێداویستییەکانی پێدابین ناکرێت بۆ ئەوەی جێگەی خۆی بگرێت و دیاربێت قەرەبووەکە.

دووەم: پێویستی و بەزوویی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢١) بۆ ڕێگری کردن و لابردنی ئەو زێدەڕۆییانەی کە کراوە لەسەر کەندە سروشتییەکان کە ماددەی (١٢) ئاماژەی داوە بەوەی نابێت کەندە سروشتییەکان زیادەڕەوی بکرێتە سەریان، و موحەرەماتەکانی دیاریی بکرێت ك (١٠ بۆ ٣٠) مەتر نابێت تاوەری کارەباشی لەسەر دابنرێت، بەداخەوە کە لەسەر ئەم کەندانە زێدەڕۆیی کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیانی ئەو کارەساتە ئەکەین، ئەم کارەساتانە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە ئەو پڕۆژە ئیستسماریانەی کە ئەکرێت ئێستا، بۆ نموونە من باسی دەڤەری گەرمیان بکەم یەعنی چەند گوندێك دروستکراوە ڕێك لە ڕێڕەوی ئاو دروستکراوە، ئەم موستەسمەرە کە پڕۆژەکان جێبەجێ ئەکات ئەوەندە چاوی لەوەیە کە چەند وەردەگرێت لە هاووڵاتییان ئەوەندە چاوی لەوە نییە کە پڕۆژەکەو ئاو و ئاوەڕۆو ئەو جێگایانەی کە جێگای ئاون بتوانێ چارەسەری

بكات، يەكێك لەو كارەساتانە ئەوەيە كە زياتر گرينگى بە شوێنى نيشتەجێ بوونەكە ئەدرێت گرينگى بەوە نادرێت كەوا بابڵێين سندوقى بۆ بكرێت، يان بابڵێين ئاوەڕۆى باشى بۆ بكرێت، بۆيە من داوا ئەكەم لەمەودا مەرجێك بۆ موستەسمەرەكان دابنرێت بۆ ئەوەى كەوا پرۆژەكان بەباشى بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شێركۆ.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەناوى خواى گەورەو ميهرەبان، بەڕێزان ديارە كە كارەساتێكى گەورە ڕوويداوە ئەگەرى دووبارە بوونەوەى زۆر زۆر زياترە لە جاران، من دەست خۆشى لە ليژنەى پەيوەنديدار دەكەم كە ئەركى باشيان كێشاوەو پشتيوانى لە داخوازييەكانيان دەكەم، بەڵام دوو شت ئەبێت جيابكەينەوە كە پێم وايە زياد بكرێت بۆ ڕاپۆرتەكە:

يەكەم/ مەجارى لە هەولێر وەكو كەسێك كارم تيا كردووە (٢٠٠٥) لە ماستەر پلانى شارى هەولێر من يەكێكم لەوانەى كە بەژداريم تێداكرد، مەجارى هەولێر مەوزوعێكە ڕێڕەوى ئاوى باران و ئەوانەى سروشتى مەوزوعێكى ترە هەولێر دوو مەعاناتى هەيە.

١. مەجارى ژێر زەوى نييە وەك پێويست.

٢. مەجارى ئەگرافى هەولێر بۆ كاتى ڕووداوە سروشتييەكان وەكو بارانێكى زۆر و بەلێزمەو ئەمانە ئەويش ئەوەى لێ بەسەر هاتووە كە پرۆژەى سەكەنى لەسەر دروستكراوە.

ڕێكخراوى(جايكا)ى يابانى لە قەرزى يابانى سێ سەد مليۆن دۆلارى تەرخانكردووە بۆ ئەمە...

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

وەختەكەش تەواو كاك شێركۆ ئەگەر بكرێت زوو تەواوكەى.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى:**

...تەواو بەيەك دێر تەواوى دەكەم، ئەمە ڕێكخراوەكە خۆى جێبەجێ ئەكات تا ئێستا چ بۆ سلێمانى چ بۆ هەولێر ناهێڵن كە جێبەجێ بكات و دەست واڵيان نەكردوون لەبەر ئەوەى ئەيانەوێت پارەكە بدرێت بە حكومەت و لايەنە حكوميەكان موتابەعە بكرێت لەلايەن ليژنەى پەيوەنديدارەوە كار ئاسانى بكرێت بۆ ڕێكخراوى (جايكا)ى يابانى بۆ ئەوەى ئەو سێ سەد مليۆن دۆلارەى تەرخانيان كردووە بۆ ئاوەڕۆى هەولێر چارەسەر بكرێ و بێتەدى، ئەوە پێموايە ئيزافە بكرێت شتێكى باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ڕۆميۆ.

**بەڕێز ڕۆميو حزيران نيسان:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

دواى دەربڕينى هاوخەمى خۆمان بۆ شەهيدان و لێقەوماوانى ئەم كارەساتە گەورەيە، ئێمە پشتگيرى لە سەرجەم خاڵەكانى ليژنەى شارەوانى دەكەين بەڕاستى كە زۆر بەڕێكى هۆكارەكان

و کەموکورِییەکانی دیارکرد بەداخەوە ئێمە وولآتێکین هەتا ڕووداوێکی یان کارەساتێکی زۆر گەورە نەقەومێت، ئەوجا ئێمە دەست بەوە دەکەین باس لەو ڕووداوە یان ئەو کارەساتە دەکەین بۆ ئەوەی پێشی لێبگرین، من پێموایە وەکو چۆن لە ڕاپۆرتیی لیژنەکە هاتووە دووخاڵە خۆی حەدەسەکە ڕووداوەکە سروشتییە کەس ناتوانێ بەری ڕووداوی سروشتی بگرێتن، بەڵام کەموکورِییەکان وایانکردووە کە ڕووداوەکە زیاتر زەرەرمەند بێت و زەرەر بەو خەڵکە بگەیەنێت، بۆیە من پێموایە ئەمە یەکەمجار نەبووە ڕووداوی لەم شێوەیە لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئێمە باسی هەولێر ئەکەین بۆ ئەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائێق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەولێر هەمیشە ئارامگەو باوەشی میهرەبانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان کردۆتەوە، حەقی خۆشمانە ئێستا داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان بکەین مێژوو شایەدە لە١٩٥٧/١٠/١٨ ئەو لافاوە گەورەی سلێمانی و ١٩٨٨/٣/١٦ هەڵەبجەی خۆشەویست ئەنفالی بادینان، هەموو خەڵکی هەولێر تەحەدای حکومەتی (صەدام) یان کردوو تەحەدای حکومەتی ئەو کاتەیان کردوو هەمیش ئەوکات سەدو پەنجا دینار لەلایەن (موسا ئاغا حاجی ڕشید) هەم سەدو پەنجای تریش بۆ سلێمانی تەرخانکراوە، حەقی خۆشمانە ئێستاش سلێمانی الحمدلله هەڵەبجە لەسەر خەتن هەموو هاوکارییەکی پێشکەشی هەولێر دەکەن، وێڕای دەستخۆشی لە لیژنەی سەرپەرشتی و هەروەها لە سەرۆکی هەرێم کە هەزارو دووسەد خانەوادەی دوێنێ کۆمەك کرد، بە هەموو پێداویستییەکانی ماڵ وێڕای دەستخۆشیم لە سەرۆکی حکومەت دووبارە داوادەکەم ئەو (حاجی سەفین)ەی، خۆمان ئێستا لێرە دانیشتووە لەگەڵ خانەوادەکەی لە ١٩٨٨ سەدان عائیلەی وەك گوتم تەحەدای حکومەتی (صەدام)یان کرد سەدان عائیلەیان کۆمەك کرد، با ئەو ڕووحی تەبایی و برایەتییە بگەڕێتەوە ناو خۆمان با چیتر یەکتر تاوانبار نەکەین وەکو برا هەموو فراکسیۆنەکان هەموو دەنگ و ڕەنگەکان خزمەتی خەڵکی خۆمان وخەڵکی کوردستان بکەین، چونکە ئەو لافاوە سروشتییە و شتی ناسروشتی تریش دێتە پێش، پێویستە هەموومان وەکو برا تەبابین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائێق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بهجت.

**بەڕێز بهجەت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای سەرەخۆشی و هاوخەمی بۆ قوربانیەت لافاوا هەولێرێ، دەستخۆشی لیژنا تایبەت کەین بۆ بەدواداچوونا و نقیسینا ڕاپۆرتا وان هەروسا ڕۆڵێ سەرۆك وەزیران دامودەزگایەت حکومەتا هەرێمێ بەرز دەنرخێنین کو ئەرکێ خو ڕابوینە وە خو کریە خودان ڤێ کارەساتا سروشتی پشتڤانیا خۆ بۆ ئاخافتنێ بەڕێز کاك دکتۆر(زانا) دەربرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایەق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز هەژان حسن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای سەرەخۆشـی و هـاوخەمیم بـۆ قوربانیـان، دەستخۆشـی لە لیـژنەی تایبەتمەنـد دەکەم زێدەڕۆی کردن لە پرۆژەکانی ئاو و شوێنی نیشـتەجێ بـوون و شـوێنی بازرگانییەکـان هۆکـارێکە بۆ دروست بوونی لافاو، لێرەدا حکومەت چاودێری باشتری ئەو ناوچـانە دەکـات کە لافـاوی تێـدا ڕوودەدات، وە هەروەهـا قەرەبـوو کـردنەوەی ئەو هاووڵاتیـانەی کە زەرەرو زیانیـان بەرکەوتـووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایەق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەرەتا پرسەو سەرەخۆشی بۆ کەسوکاری قوربـانییەکەی هەولێـر، مـن ئەم بەیـانیە کە هـاتم بـۆ پەرلەمـان یەك دێـڕم بەرچـاوکەوت کە سـاڵی (٢٠١٤) یەکێـك لە کەناڵەکـانی ڕاگەیانـدن نوسـیوویەتی لافـاو لە هەمـوو شـوێنێك ڕوودەدات نەك تەنیـا لە هەولێـر یـانی سـاڵ (٢٠١٤) هەمان ئەم حاڵەتە هەبووە چەند مانگێـك پـێش ئێسـتا وە ئێسـتاش و لە داهـاتووش ئەمە ڕوودەدات، زیـاتر لە دە سـاڵە هەرچـی تەوزیعـاتی زەوی هەیە لەلایەن شـارەوانییەوە ڕاگیـراوە، ئەوەی کە هەیە پرۆژەکانی ئیستیسمارە پرۆژەکانی نیشتەجێ بوونە کە لەسـەر ئەو بنەمـایە شـار فـراوان بـووە لە ئێسـتایا چەنـدین پـرۆژە دراوەو چەنـدین پـرۆژە مـۆڵەت دراوە، داوا لە لیـژنەی شارەوانی بەڕێز دەکەم پشتیوانی ڕاپۆرتەکەیان دەکەین، بەڵام ئەو خاڵەی بۆ ئیـزافە بـکەن زیـاتر لە سەدو پەنجا مۆڵەت دراوە بۆ پرۆژە کە ئەمە پێداچوونەوەی بۆ بکرێـت لەسـەر بنەمـای ئەوەی کە ئایـا ئەرزە هەیە یـان نیـیە، وە ئەو ئەزانە بەر ڕێـڕەوی لافـاو ئەکەون، یـان نـاکەون وەداوای ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پرۆژانە بـکەن، لەسـەر بنەمـای پێویسـتی شـارەکان ئەم مۆڵەتـانە بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایەق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، ئـێمە ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـان یاداشـتمان دا بـۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە پێویسـتە وەزیـری شـارەوانی ئێسـتا لێـرە بـوایە وەزیـری نـاوخۆ لێـرە بـوایە بـۆ ئەوەی بەیەکەوە گفتوگۆمـان بکـردایە، وێـڕای دەستخۆشـیم بـۆ لیـژنەی شـارەوانی کە ڕاپۆرتێکی باشیان ئامادە کردبوو، بەڕاستی لە هەرێمی کوردستان خەڵکی دەوڵەمەنـد زێـدەڕۆیی

دەکات، بەڵام خەڵکی فەقیر باجەکەی دەدات ئەو باج دانەش وایلێهاتووە کە مەترسی قەرەبوو نەکردنەوەی هەیە لەلایەن حکومەت، ئێمە چەند ساڵە کە باس دەکەین داوا دەکەین ئەوە بۆ ماوەی سێ ساڵە دەڵێین یاسای بوودجە بێتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕووداوی لەناکاو لەناو یاسای بوودجە بڕێك بوودجە تەرخان دەکرێت، بەڵام چونکە یاسای بوودجە نییە ئێستا ئەو خەڵکە چارەنووسیان نادیارە چارەنووسی قەرەبوو کردنەوەیان نازانین ئایا چەند قەرەبوو دەکرێنەوە، چونکە هیچ بڕێك لەلایەن حکومەتەوە دیاریی نەکراوە ئەوەی دیاریی کراوە ئی دەزگای خێرخوازی و ڕێکخراوی خێرخوازییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاداشتەکەمان نادووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دوێنێ.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سەرەتا سەرەخۆشی لە کەسوکاری ئەو کارەساتە دڵ تەزێنە دەکەین، بەڕاستی دەستخۆشی لە لیژنەی شارەوانی وگەشتوگوزارو گواستنەوەو گەیاندن دەکەین، بۆ ئامادە کردنی ئەو ڕاپۆرتە بەنرخە، بەداخەوە لەسەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستان ڕێڕەوی ئاوە سروشتییەکانیان ڕاگرتووە، سەرەڕای ئەوەی کەوا ئاوی سروشتی جیاوازە لەگەڵ ئاوی مەجارییەکانا، بۆیە ئەم کارەساتە کە ڕوویداوە لەکاتی دروستکردنی ئەو پڕۆژانە ڕێڕەوی ئەو ئاوانەیان گرتووە نەك هەر تەنها لە هەولێر لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانا ئەوەی کراوە بە کۆمپانیاو شوێنە بازرگانییەکان یان بۆ دروستکردنی پڕۆژەی نیشتەجێ بوون، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە ئەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدواداچوونی بۆ بکات ئەبێت لیژنەی بۆ دروستکات لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان، هەروەها داوابکەین کە لەکاتی قەرەبوو کردنەوەی ئەو ماڵانە قەرەبوو کردنەوەیەکی دادپەروەرانە بێت بەپێی زیان و جۆری زیانەکان قەرەبوو بکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پێشنیار دەکەم بەداخەوە بۆ ئەو هاووڵاتییانەی کە بەهۆی لافاوەکەوە گیانیان لەدەستدا بە شەهید هەژمار بکرێن وە ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکەم کە بە بەڵگەوە لەلامن کە هۆکارن لەسەر دروست بوونی ئەم لافاوەو زیانگەیاندن بە هاووڵاتی و تا گەشتۆتە مردنی هاووڵاتیان بەداخەوە.

١. یەکێك لەو خاڵانە گەڕەکی ڕۆشنبیری ئەو بەشەی کە دەکەوێتە نزیك گۆڕستانی کونە گورگ لەگەڵ بەشێك لە گەڕەکی دارەتووی کۆن بەهۆی گرتنی ڕێڕەوی ئاو لەلایەن پڕۆژەی نیشتەجێ بوونی شاری (زەیتوون) کە شوێنەکەی پێشتر ڕێڕەوی ئاو بووە بۆتە هۆی گەیاندنی زەرەرو زیانێکی زۆرو مردنی سێ ئافرەت لە یەك ماڵ دا.

٢. لەبەرامبەر گەڕەکی ژیان نزیك شەقامی (١٢٠م) قوتابخانەی ناحکومی دروست دەکرێت لەسەر ڕێڕەوی باران، ئەم پرۆژەیە بۆتە هۆی زیانگەیاندن بە بەشی پێشەوەی گەڕەکی ژیان لە هەولێر.
٣. لە قوشتەپە بەشێکی زۆری ڕێڕەوە ئاوییەکان پڕکراوەتەوەو کراون بە پێشانگای ئۆتۆمبێل.
٤. گوندی پیر ڕەش لە ناحیەی کەسنەزان لەو لافاوە نزیکەی بیست ماڵ زەرەرمەند بوون ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەرپرسێکی سەربازی ڕێڕەوی ئاوی ئەو ناوچەیەی پڕکردۆتەوەو کردوویەتی بە مەزرەعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، وەڵا من دەستخۆشیم هەیە بۆ لیژنەی پەیوەندیدار وە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلیان ئامادەکردووە، من پێموایە ئەگەر حکومەت خاڵەکانی بەتایبەتی چارەسەرکردنی ئەم ڕاپۆرتە لەبەرچاو بگرێت وەکاری لەسەر بکات جێبەجێ بکرێت بەشێکی زۆری ئەو کێشەی دووبارە بوونەوەی بارانی زۆر بێت چارەسەر دەبێت ناڵێم هەمووی، چونکە لە هەموو دونیا لافاو هەیەو بەڕاستی لە وولاتی زۆر پێشکەوتووش زەرەرو زیانی زۆر گەورەی داوە، بەڵام ئەوەی ئێمە زۆر ڕوونە کە کێشەکانی زۆر گچکەن یانی من چوویمە ئەو شوێنە حەتمەن ئەوانەش چوونە ئەو برادەرانە یانی ئاو ڕێگەی لێ ناگیرێت لە هەموو وولاتێك لە هەموو شارێك یانی ئاو باشترین موهەندیسە بۆ کردنەوەی ڕێڕەوی خۆی، ڕەنگە هەزار ساڵ دەبێت هەندێ کەند و لەند هەیە ئاوی پێدا هاتووەو ڕێڕەوی خۆی دروستکردووە ئێستا هاتووین ئەو ڕێڕەوانە گیراوە، من دەپرسم باشە ئەگەر هاووڵاتییەك خانووی تێکدراوە لەسەر ئەوەی زێدەڕۆی کراوە هاووڵاتی فەقیرو هەژار...وەڵای دەزانی چی ئینجازە بدە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆتان پێش ئەوە لەسەر یەك دەقە ئیتفاقتان کردووە...

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

ئیتفاقمان کردووە بەس دەزانی چییە یەك شت من بیست سی سانیە... نا تازە قسە ناکەم...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەگەر دەرفەتدەن لێرە نووسراوە، لەناو بەرنامەی کار نووسراوە خستنەڕووی نەمان نووسیوە خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن، بەڕێزان تکا دەکەم با قسەی خۆمان تەواو کەین ئەزانی چی بەڕێزان جارێ کەیەکێکمان قسە ئەکەین با ئەوانی ترمان مەجال بدەین، لەناو ڕاپۆرتەکە نووسراوە خستنەڕووی، بەڵام لەبەر ئەهمییەتی بابەتەکە لەبەر ئەوەی زۆر تازەیە لەبەر ئەوەی زۆر گرینگە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕاپۆرتە ئەبێ دەوڵەمەند بکرێت بەبیرو ڕای هەموو لایەك بۆ مەبەستی ئاراستە کردنی بۆ لایەنی پەیوەندی دار وە بۆ ئەوەی کە یارمەتیدەری ئەو لیژنە تەعقیقیە بێت کە حکومەت دروستی کردووە دەرفەت دەدرێت ئەگەر پەیڕەوەکە وەکو خۆی

جێبەجێ ئەکەین یەك قسەی دووبارەی نابێت تیابێت باشە یەك کەلیمە دووبارەی تیابوو یەکسەر قەتعی دەکەم، ئیکەینەوە بە دە دەقە، بەس یەك دووبارەی تیابێت، منی خان ڕاوەستە. بەڕێزان هەموو ئیشتیهاداتە کاك علی ئەو دوو دەقەیە لە کوێ هاتووە ئەگینا خستنەڕوو ئەبێت بیخوێنێتەوە بەڕێزان، کاك علی گیان ئەصڵەن ئەم شکڵە کە لیژنە خۆی بەدواداچوون ئەکات ڕاپۆرت حازر ئەکات ڕاسپاردە حازر ئەکات لەناو پەیڕەوەکە هەرنییە، بەڕێزان ئەوە ئەگەر لیژنەیەکی تایبەت بێت قابیلە تۆ لەمن زیاتر بزانی لە پەیڕەوەکە ئەمە لیژنەیەکی هەمیشەییە، بەڕێزان بۆ ئەوەی ڕێککەوین لەسەر سیغەی ئەتانەوێت موشکیلە ببێت دوو سێ کۆبوونەوەیە موشکیلەمان نەبووە، وازح بین وازح ئێستا ئەم مەوزوعە مەوزوعێکی گرینگە، بابەتێکی گرینگە، یەك شتی دووبارەی تیابێت منیش ماددەی پەیڕەوی جێبەجێ ئەکەم، ناتانەوێت دوو دەقە بێت...

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماڵتان ئاوابێت وەڵای بە یەك دەقە ئەتوانن هەموو قسەیەك بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

... بەڕێزان ئەزانن چی نابێت ئەو بەشەی پەیڕەو کە حەزت لێیەتی بڵێی جێبەجێی کاو کە ئەو بەشەی حەزت لێی نییە بڵێی نابێت جێبەجێی مەکە پەیڕەو وەکو خۆی، پەیڕەو وەکو خۆی فەرموو هەڵی دەگرێت پەیڕەو وەکو خۆی (حرفا ونصا) ماددەکە ئەڵێت نابێت ئەندام قسەی ئەندامێکی تر دووبارە بکاتەوە، یەعنی یەك دووبارەی تیابێت نایەڵم قسە بکەن، فەرموو مامۆستا عبدالستار فەرموو تەواو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

... من لەوە ڕاوەستام کە دەڵێم ئێمە هاووڵاتییەکی فەقیرو هەژار زێدەڕۆی بکات زۆر خانوو تێکدراوە، تەبعەن ئێستا ئەوەی کە دەست ڕۆیشتووەو بەدەسەڵاتە مەسەلە کە زێدەڕۆی کردووەتە سەر ڕێڕەوی ئاو، یانی ئایا هەڵوێستی حکومەت و دەسەڵات بەرامبەر بەو زێدەڕۆییە چییە؟ یانی زۆر وازحە هەموویان چووینە ئەو شوێنە بەخۆم چوویمە ئەو شوێنە دەڵێن کاکە دوو سەعات شۆفەڵ هاتبایە دوو شۆفەڵ ئەو کارەساتە گەورەیە ڕووی نەدەدا، منیش قەناعەتم وایە جاری وایە منیش حکومەتبم ڕەنگە لافاوی وا بێت بەکەس چارەسەر نەکرێت، بۆیە پێموایە جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەمە حکومەت ئیجبار بکرێت زۆر کێشە چارەسەر دەکات نەك هەمووی، بەس تێبینیەك، کاتێك بەیەکێك دەڵێن قسە بکە یەك تێبینی ئەگەر ئیجازە بفەرمووی، ئەوی دیکە با تەواو بێت کاکە ئێستا من سی سانیە قسەم نەکردووە ناتوانم ئەو دەنگە دەنگ بکاو منیش قسە بکەم، ئەو با بێدەنگ بێت کەی تەواو بوو ئەوکاتە قسە بکات، ئێستا من سی سانیە قسەم نەکرد ئەوە بۆ هەمووانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشیم هەیە بۆ لیژنەی شارەوانی بەڕاستی ماندوو بوون بەم ڕاپۆرتەوە، ئەمەویٚ ئەوە بلێم ئێمە(٣٢) پەرلەمانتار یاداشتمان یا کە وەزیری شارەوانی و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ وەزیری ناوخۆ بهاتنایە، مادام ئەو بابەتی ڕاپۆرتە خرایە بەرنامەی کار با وەزیرەکانیش بهاتنایە بۆ ئەوەی ئێمە کەمترین شت پرسیارمان لێکرنایە، هەنگاوەکانی حکومەت تا ئێستا چەند ڕۆژێکی بەسەرا چووە لەسەر ئەو بابەتە چیان کردووە، مەسەلەن حکومەت چی هەنگاوێکی ناوە چەندێك پارەی تەرخانکردووە بۆ زیان لێکەوتووانی ئەو بابەتە، چونکە هەندێك بابەت هەیە بۆ نموونە زیانی گیانی نەگەڕێتەوە خۆ زیانی ماددی ئەگەڕێتەوە ئەگەر بتوانی قەرەبوو بکەیتەوە، زیانی گیانی ناتوانی هەر دوێنێ شەو ئیعلان کرا کە قوشتەپەو ئەو مەنتیقانەی دارەتوو چۆڵ بکرێن، دیسان لەوە ئەچێت لافاوێکی تر بێتەوە، یانی ئەمە بەردەوام هەنگاوەکان ئەبێت خێرابن ناکرێت ئەمە بکرێت بە ڕاسپاردەو بەبڕیارو حکومەت هەرکات تاقەتی هەبوو هەرکات بیری لێکردەوە جێبەجێی بکات بەڕاستە، خاڵێکی تر خەڵك گلەیی هەبووە ئێمە ڤیدیۆکانمان بینیووەو وتوویەتی حکومەت هەر نەهاتووە بەدەممانەوە ئەوەی کە ڕۆشتووە بەدەمیانەوە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بوون، هەر تاوەکو ئەمشەویش سۆپایان نەبووە بەکاری بێنن خۆیان لەو سەرمایە گەرم بکەنەوە، نەك ئەوەی بەدواداچوونێکی ئەوەی کە کراوە تەنها تا ئێستا ڕێکخراوەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە بەدەمەوەچوونی ئەو زیان لێکەوتووانە، خاڵێکی تر حکومەت ئەو بابەتی زیانی و ئەو بابەتانەی کە حکومەتی عێراقی تەرخانی کرد دوو ملیار دینار حکومەتی هەرێم ڕەفزی کردەوە، ئەی خۆی چەند ملیاری تەرخانکردووە بۆی کە ئەمە ڕەفزکاتەوە؟ ڕاستە وەکو کەمی کەمە، بەڵام خۆ ئەکرا وەکو حاڵەتێکی فەوری بدرایە بەو زیانلێکەوتووانە و سوودیان لێبینیایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ستایشی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پەیوەندیدار ئەکەم ئەمەویٚ بەخێرایی ئیزافە بخەمە سەری، ئەگەر بوودجە بهاتایە کە ئەمە ٢٠٢٢ بوودجەمان نابێت، ئەگەر بوودجە بهاتبایە هەرێمی کوردستان مەبەستم لەڕێ و شوێنەکانی حکومەتە ئەمە کارەساتی سروشتییەو لە دەسەڵاتی کەسمان نییە یەعنی، بەڵام ئەگەر بوودجە بهاتایە دەتوانرا بڕێك لەو پارەی تەرخانکراوە لە بوودجە بۆ حاڵەتی لەناکاو کارەساتی سروشتییەکان چارەسەری بەپەلەی بۆ بدۆزرایەتەوە، جەخت ئەکەمەوە لەو قسەیەی سەرچنار خان کە ئاماژەی پێکرد ئەو دوو ملیارە فعلەن کەمە بۆ عێراق کە تەرخانکراوە، بەڵام حکومەتی هەرێم بڕی چەندی تەرخانکردووە؟ ئەو داتایانەمان بۆ ڕوونکەنەوە؟ چەند تەرخانکراوە ئەزانین سەرۆکی هەرێم و سەرمایەدارێك یەکی ملیارێکیان تەرخانکردووە، سەرمایەدارێکی تریش بڕێکی تەرخانکردووە وەلەشارو شارۆچکەکانیش جێی

دڵخۆشیە لە سلێمانی لە هەڵەبجە لە شوێنەکانی تریش کۆمەك کراوە بۆ ئەمە جێی پێزانینە ئەمە، لەسەر ئەم پرسە داواکاری گشتی دەبێت ئیجرائات کرێت پەرەگرافی کۆتایی ڕاپۆرتەکە زۆر پشتیوانی لێدەکەم کە جەخت دەکاتەوە لێپێچینەوەی یاسایی بکرێت لەو کۆمپانیایانە ئەو کەسانەی کە بوونەتە هۆکار، بۆ ئەوەی شارێکی وەکو پایتەخت بەرگەی بارانێکی بەخوڕ نەگرێت پێویستەکا ئیجرائاتی زۆر توونديان لەسەر بکرێ وە پەرلەمان لە موتابەعەی ئەم کەیسەیا بێت سەرکەوتووبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ریڤینگ.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤی خودێ، دەست خۆشیێ لە لیژنا پەیوەندیدار دکەم، بەڕاستی خاڵێن باشیان دانیان ئەو ڕاسپاردەیێن داینەن بەحکومەت بەڕاستی تشتەکی گەلەکێ باشە پشتگیریێ لێ دکەین، بەڵێ بۆ هەندێ توشی ڤان کارەساتا نەبین هەرجارەکی دیارە لەهیەکا سروشتی بوویە بەرێ گەل وێرێ ژی کەم وکوڕی دیتیە هەبوون ئیحتماله شارێن دیتری ژکوردستانێ ئەڤ یەکیە ڕووی بدەن ئەگەر ئەز بەعسا دهوکێ بکەم هیشکا ڕووڤا سالانا هیشکا ڕووڤ ساڵ هەندك کارەساتێن وسا چێدبن ئەگەر ڤێ جارێژی لەهیەکا ئەوسا ڕابێتن هیشکا ڕۆماڵتا سێمێلێ ئیحتمال هەیە نەفسێ ڤان کارەساتە ژ پەیدا ببن ژبە هەندێ گەڕەکا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بەری حادیسە چێ ببن پێڕابونێن خووە پێڕابێتن یان ژی سەرفیاتەکی بکەتن بۆ وێرێ ئەو جێهە بێنە چێکرن وە ئەڤرۆ بێنە چێکرن، دەست خۆشیا لە حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ دکەم کو بڕاستی ئەرکێ خۆ ڕابوویە بەلێ دیسان ژ بۆ ڤان زێدە دەست خوشی لێدکەبن ئەگەر ئیجرائاتا وەربگرن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك وەیسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، وێڕای دەست خۆشیمان بۆ ڕاپۆرتەکەی لیژنەی شارەوانی کە ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل بوو بە هۆی لافاوەکەی ڕۆژی هەینی ڕابردوو کە بڕی زیاتر لە بیست ملیار دینار زەرەرو زیان بە خەڵکی ناوچەکە کەوتووە، بەداخەوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵ بڕیاردراوە بڕی دوو ملیار دینار بۆ زیان لێکەوتووان ڕەوانە بکات، کە ئەمەش مایەی سەرەنج و تێڕامانە لە ئاست گەورەی کارەساتەکەو زیانەکانی دا نییە، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەم چ لە ڕێگای شاندی ڕەسمی یان لە ڕێگای دبلۆماسیەکانی خۆیدا فشار دروست بکات لەسەر حکومەتی فیدراڵی بە مەبەستی چاو خشاندنەوە بەبڕیارەکەی، چونکە ئەمە خێر نییە بە خەڵکی کوردستان ئەکات، چونکە مانگانە بەناوی خەرجی سیادی لە بوودجەی هەرێم بڕێکی زۆر دەبەن، ئێستاش کاتی ئەوەیە ئەمانیش هاوکارو هەماهەنگی حکومەتی هەرێم بن

لەهەمان کاتیش دا وەك پێویستی دەزانم لێرە پشتیوانی لە ڕاگەیاندنە ناڕازییەکەی پارێزگاری هەولێر بکەین سەبارەت بەم بابەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من دەست خۆشی لە لیژنەی شارەوانی دەکەم بۆ ڕاپۆرتە جوانەکەیان بەڕاستی ڕاپۆرتێکی باش بوو، دەست خۆشیش لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت دەکەم دەست خۆشی لە هەموو ئەوانە دەکەم کە بەهانای لێقەوماوانەوە چوون، وە سەرەخۆشیش لە بنەماڵەی کەسوکاری قوربانیان دەکەم، من دوو پرسیارم هەیە بەڕاستی ئەویش ئەوەیە بۆ هەموو ساڵ لەو شوێنانە لافاو ڕوودەدات، یەعنی شوێن هەیە دڵنیام لەوەی کە یەك سانتیمیش ئاو گڵ نابێتەوە لەوێ بە دوو مەترو سێ مەتر، یەعنی بۆچی هەموو ساڵ دووبارە بوونەوەکان ئەوێنە ئەوە هۆکارو کەمتەرخەمی لایەنی پەیوەندیدارە، بەڕاستی هاوڕای هەموو ئەوانەم کە داوای ئەوەیان کردبوو کە دەبوو وەزیری شارەوانی و ئەوانەش لێرە بوونایە بەڕاستی، چونکە پەیوەستە بە ئەوان ئێستا من وەزیر بم بە گۆڕی هەموو شەهیدان هەموو ڕۆژ لێرە دەبم هەموو ڕۆژ لێرە دەبم، با وەزیر بێن قەصدم ئەوە نییە وەزیر بشکێنم بۆخاتری خوا، منیش وەزیرەکانم خۆش ئەوێت کەسوکاری ئێمەن برای ئێمەن، بەڵام کە پۆستی وەزارەتم وەرگرت بۆ لەڕای خەڵك بترسم ئەگەر شتێك لە پشتەوەی من نەبێت قەسدم ئەوەیە بۆ شکانی هیچ وەزیرێك نییە، ئەوەی تریش هاوڕای برای بەڕێزم کاك جەلال پەرێشانم بۆ بەهاناوە چوونی گشتی، هاوڕای برای بەڕێزیشم کاك زانام بۆ ئەوانەی تر کە ئەو باسی کرد، پێم خۆشە ئاخیر شت کە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمان بەگشتی بکەم کە پەرلەمانتار بکرێت بە ئەندام لە هەموو ئەوە هەم لەلیژنەی بەدواداچوونی حکومەت هەمیش لە لیژنەی قەرەبوو بۆ ئەوەی ئاگاداری هەموو شتەکان بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەلا احسان.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، دەست خۆش بۆ لیژنا پەیوەندیدار، بڕاستی هەندێ ئەم لافاوەنا و فیڤانات و سیول نە بەس لە هەرێما کوردستانێ بەلکی ئەوروپا ئەمریکا حەتا بەری دوو ساڵەکا ل سعودیێ دەوڵەتی تورکیا هەمی وڵاتەکێ ئەڤ فێڤاناتانە تینە ڕوودانێ وە ئەگەر ئەم بێژین هەمی سوچێت حکومەتێنە ئەگەر ئەم کۆنکرێتە ئەگەر ئەم چینە چەن ئەم بزانین ئەم نەشێن وان فیڤاناتان دەربازبین ئەڤ فیڤاناتە سونەتەکا ئیلاهییە ڤی کەونی دا خودا تەعالا بێژیتە مە، قال تعالی: {**ولنبلونکم بشيء من الخوف والجوع ونقص من الأموال والأنفس والثمرات وبشر الصابرين**} ئەمە موهیمە بزانین ئیمتحانەیەکە ژ بۆ مە دڤێتن ئەڤرۆکە هەر تاکە کەسەکی کورد چبیتن مەسئولیاتا وی گوتنا پێغەمبەری

خـودێ (صـلی الله علـی وسـلم) پـێش چـاوێ مه بیـت (کلکـم راع وکلکـم مسـؤول عـن رعیـته)، پەرلەمانتاربیـت، وەزیربیـت سـەرۆك حکـومەت بیـت، سـەرۆك هەرێـم بیـت، کەسـانەکی عـادی بیـت دەولەمەنـدارەك بیـت، کەسـەکی هەژار بیـت، بەڵام لە ئاسـت هـاووڵاتی دا ئەم هەمـی بەرپرسـین لە بەرپرسـیاتیا خـۆ کەرەم کە ئەمجـار بەری هەرکەسـەکی ئەم وەك پەرلەمانتـار خـو تصلیح بکەیـن بەس سەر شاشێت ببینە بەگەلێت شاشێت مزایەدی سەر ئیکدی بکەین، ئەڤ مزایەدە کردنانە گەلەکا غەڵەتە ڕجادکەم ڕجادکەم ڕجادکەم دەستا بدەینە ناڤ دەستا یەکتری و ژبو کوردستانا خۆ. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، والله من سەرەتا دەمەوێت زۆر دەستخۆشی لە لیژنەی شـارەوانی بـکەم کە بەڕاستی ڕاپۆرتەکەیان پێمـوایە ئەگەر قسـە هەڵناگرێـت، یـانی زۆر تێـرو تەسـەلە ئەگەر بتـوانین ئەم ڕاپۆرت و ڕاسپاردەو ڕێنماییانە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان جێبەجێـی بکـات، بەڵام نەك نەدەبێت جێبەجێی بکات ئەم لیـژنەیە ئەرکیـان ئەوەیە یەك بـڕگەی تێـدا زیـادبکەن کە بەڕاسـتی ماوە دیاریی بکەن، چونکە بەڕاستی مەسەلەی زستان و سەرماو بارانبارین پەیوەنـدی بە کـاتەوە هەیە، هەولێـر ئەمە یەکەمجـار نیـیە ئەوە چەنـدەمین جـارە دووبـارە دەبێـتەوە دکتـۆر (شـێرکۆ) باسی شتێکی کرد کە ئەشکالێك لە زێرابـی ناوشـار هەیە وە بەشـەکەی تـر دەرەوەیە، بەشـێکیان دەبێت لە ماوەیەکی نزیك بێت پێویست ناکات لێرە سوپاسـی سـەرۆکی حکـومەت یـان کەسـێك بکەیـن ئەمـانە ئەرکـی خۆیـانە جێبەجێـی بـکەن پێمـوایە کەمتەرخەمیـان کـردووە پێویسـتە لە سـاڵانی ڕابـردووەوە لە هەر شـارێك مەبەسـتم بەس هەولێـر نیـیە لە هەر شـارێکی کوردسـتان دروست ئەبێت چارەسەرێکی خێرای بـۆ ببیـنەوە تـاوەکو دووبـارە نەبێـتەوە، بەڵام وای لێهـاتووە ئێستا هەر بارانێك بێتە پێشەوە ئەو گەڕەکانە لەخۆیان ئەترسێن کە ئەو بـابەتە دووبـارە بێـتەوە بۆیە لێرانە داوا لە لیـژنەی تایبەتمەنـد دەکەم هەم مـاوە دیـاریی بـکەن هەم بەدواداچـوون بـکەن هەم وەڵامەکەشی بۆ پەرلەمانی کوردستان بگەڕێننەوە کە ئایا تـوانراوە ئەم ڕاسـپاردانە هۆکـاری دروسـت بـوونەکەی بەشـێکی کەپـێم وایە کـاتییەو دەتوانرێـت کە زێـدەڕۆیی کـراوە، کەنـدێك پڕکـراوەتەوەو ئەمـانە کـاری حکـومەتە جێبەجێـی بکـات وە سوپاسـی ئەو بەڕێـزانە دەکەیـن کە لەهەر شـارو شـارۆچکەیەکی کوردسـتان لە هەرێمـی کوردسـتان کە شەخسـیەن هاوکـاری ئەو بابەتەیان کردووە، ئەمە ئەرکە لەسەر هەموو هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان هەر ڕووداوێکـی لەناکـاو و نەخـوازراو کە زیـان دەبەخشـرێت بە داخەوە کە ئەم لافـاوە (١٢) دوانـزە هـاووڵاتی ووڵاتەکەمان کە من بەڕاستی پشتیوانی ئەوە دەکەم ئەمانە بکرێن بە شەهید لەم وڵاتەی ئێمە بە ناوێـك لە ناونیشـانەکان کە بەبەر ئەم لافـاوە کەوت، لەبەر ئەوە هاوکـاری هەمـوو لایەکمـانی دەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شەمۆل.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی پەیوەندیدار دەکەم وە بەپێویستی دەزانم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەلە بکات لە قەرەبوو کردنەوەی تەواوی ئەو ماڵانەی کەژێر ئاو کەوتوون، هەروەها سزادانی لایەنی کەمتەرخەم و لابردنی ئەو پڕۆژانەی کە بوونەتە هۆی لادانی ڕێڕەوی، جگە لەمەش تاوەکو ئێستا قەرەبووی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی ڕابردوو نەکراونەتەوە بەتایبەتی لە سنووری قەزای کۆیە بە نموونە ناحیەی تەقتەق بێنینەوە نزیکەی (١٢٠) سەدو بیست ماڵ بەر لافاو کەتن و زیانی زۆریان بەرکەوتووە، نزیکەی (١٠٠) سەد ماڵ پڕۆژەی کشتوکاڵ لە ناحیەی سێگردکان و تەقتەق بەر لافاو کەوتن، هەروەها لەچەند ڕۆژی ڕابردوو لە ناحیەی سکتان چەند ماڵێك بەر لافاو کەوتن پێویستە ئەوانیش قەرەبوو بکرێنەوە دەستتان خۆشبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەڕاستی ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکە بینیمان دیار بوو کە ئەو موئەسەساتە گەورەیە وێڕای ئەوەی کە ئەمە تەقدیمی (رب العالمین)ە، بەڵام هۆکارو سەبەبی ئینسانەکان بوونەتە هۆکار، (١٠) دە سەبەبیان دیاریی کردووە لیژنەکە کە سەبەبەکان بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم موئەسەساتە گەورەیە قسە زۆرە بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتەکەمان کەمە بەڕاستی ئەبێت تەرکیز لەسەر شتێك بکەم کە خۆم ئەمەوێت بیڵێم من ئەوە ئەڵێم ئەم موئەسەساتە گەورەیە لە دەستدانی ڕوحی (١٢) مرۆڤ و (٢٥٠٠) ماڵ زەرەریان بەرکەوتووە، (٨٦٧) سەیارە (١٥٢) دوکان، دەیان و سەدان سەر ئاژەڵ، هەزاران دۆنم زەویی و شتی دیکەش کە لەوانەیە ئەمان فریا نەکەوتبن دیاریی بکەن، من ئەوە ئەڵێم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەکوردستانا ئەو حاڵەتە دروست بووەو، حاڵەتی تریش دروست ئەبێ و شتی تریش دروست بووە و لەمەودوا شتی تریش دروست ئەبێت، بەس من پرسیار ئەکەم لەڕێی جەنابتەوە پرسیارێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەم، تاکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێتە پایی ئەوەی کە سزای خەڵکی نا بەرپرس بدات تاکەی بۆ نەمانبینی تاکو ئێستا یەك نەفەر سزا بدرێت تا ببێتە عیبرەت؟ من بە کورتی قسەیەك ئەکەم کە جەنابت زۆر تەرکیزت کردەوە دووبارە نەکەینەوە من قسەیەك ئەکەم دووبارە نییە ئەڵێم داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەم تەنها یەك ساڵ ئەم ئایەتەی قورئان جێبەجێ بکات ناڵێم هیچ تاوانێك نامێنێت، بەڵام نسبەتەکەی زۆر زۆر دائەبەزێت، (وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَة فَاقْطَعُوا أَيدِيَهُما جَزاءً بِما كَسَبا نَكالاً مِنَ اللهِ وَاللَهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) ئەو کەسەی کەوا دزی ئەکات خوا ئەفەرموێت ئەگەر دزییەکەی لەسەر

ئیسپات بوو دەستیان ببڕن وەڵای دەستی دوو دز ببڕدرێت نیسبەتی تاوان و گەندەڵی و بەفیڕۆدان و ئەم موئەسەساتانە زۆر زۆر کەم دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پرسەو هاو خەمیم بۆ قوربانیانی کارەساتی لافاوەکەی شاری هەولێر کە زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی لێکەوتەوە، دەستخۆشی و پشتیوانیم بۆ لیژنەی شارەوانی هەیە کە ڕاپۆرتەکی تێرو تەسەلیان ئامادەکردووە، داواکارم حکومەتی هەرێم قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکاتەوە کە لە ئاست ئەم زیانە گەورەیەی هەولێری پایتەخت بێت، وەڕێگە چارەی بەپەلە بگرێتەبەر بۆ دووبارە نەبوونەوەی کارەساتی لەم جۆرە لە هەولێر و سەرجەم ناوچەکانی تر، لەهەمان کاتدا داواکام کە قەرەبووی زیان لێکەوتووانی ساڵی (٢٠١٨) بکرێتەوە، کە لەو لافاوەشدا ژمارەیەك قوربانی لێکەوتەوە لە گوندەکانی بناری قەندیل و باڵەکایەتی و پشدەرو دۆڵە ڕەقەو دۆڵی شاورێ و ناوچەی تەقتەقیشی گرتەوە کە دەیان دۆنم زەوی کشتوکاڵی و باغ و مەڕو ماڵاتی هاووڵاتییان لەناوچوون، بۆیە داواکارم حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی دادپەروەرانە قەرەبووی ناوچەکان بکاتەوەو ئەو ناوچانەی لافاوەکەی ساڵی (٢٠١٨)ش، بخرێتە بەرنامەی کاری حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، من دوو ئیزافەم هەیە بۆ ڕاسپاردەکان لەگەڵ دوو تێبینی.

تێبینی یەکەم/ ئەوەیە کە بەڕاستی زۆر نموونەی جوان ئەبینین لە حکومەت و وڵاتانی دونیا ئەویش ئەوەیە کاتێك ڕووداوێك ڕووئەدات لەمەش بچووکتر وەزیرێك دێت بەرپرسیارەتی هەڵئەگرێت ئیستقالە ئەدات و بە مێژوویەکی جوان ئەچێتە ماڵەوە، لێرە حکومەتی ئێمە نەك هەر ئیستقالە نادات نە سەرۆك نەجێگر نەوەزیرێك بەرپرسیارەتی هەڵناگرێت نایەنە پەرلەمانەکەی خۆیان ڕوونکردنەوە بدەن، ئایا حکومەت پێگەی چییە لە بەرپرسیاریەتی ئەم ڕووداوەو کارەساتانە کە هەموومان ئەزانین کەمتەرخەمی زۆر زۆر گەورەی ستەمکراو هەیە ئەوە خاڵی یەکەم.

دووەم/ سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە دەستخۆشی زۆر لەو لیژنە دەکەم بەڕاستی لیژنە ئەبێت ئەمانەت پارێزبێت بەو جۆرە کێشەکان دەستنیشان کات و ڕاسپاردەش بخاتەڕوو بۆ ڕاسپاردەکان دوو خاڵ زیاد دەکەم.

١. ئەوەیە کە حکومەتی بەغداد لە قەرەبوو دەربێنن بەڕاستی حکومەتی هەرێم لەبەردەم پەرلەمانی کوردستانا بەرپرسیارە پەرلەمانی کوردستان نوێنەری خەڵکی کوردستانە

حکومەتی بەغداد لەبەردەم ئێمە بەرپرسیار نییە ئەرکی حکومەتی هەرێمە بچێت لە بەغداد پارەی پشکی هەرێمی کوردستان بیچرێت قەرەبووی خەڵك کاتەوە، بیرتانە ساڵی پار حەوت مووچەی دابەش نەکرد ئەو حکومەتە وتی بەغدا پارە نانێرێت شتی وا نەبووە لە دنیا، ئەم حکومەتە لەبەردەم خەڵکی کوردستانا نەوت ئەفرۆشێت گومرگی هەیە باجی هەیە ڕسوماتی هەیە بۆیە پێشنیار دەکەم وشەی بەغدای لێدەربێنن حکومەت قەرەبووی خەڵك بکاتەوە.

٢. خاڵێکی تر ئەوەیە پێشنیاری ڕاسپاردەی پانزە زیادکەن ئەویش ئەوەیە ئەم ڕاپۆرتە بدرێتە داواکاری گشتی بەرەسمی داوا تۆماربکرێت لەسەر کەمتەرخەمان کە ئێوەی بەڕێز دەستنیشانتان کردووە لە ژمارەیەك خاڵا.

٣. خاڵێکی تر ئەوەیە بەڕێزان ئەم کارەساتانە بەردەوام ئەبن دووبارە ئەبنەوە و ئەبێت ئێمە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی لێقەومانی زیاترکەین هەتا ئەوکاتەی سیاسەت و بازرگانی حزب و بەرپرسی سیاسی لی بازرگانی جیانەبێتەوە... زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس مامۆستا عمر کاتەکەت تەواو بوو لە شوێنی خۆتانەوە جواب مەدەنەوە مامۆستا، بەبێ مۆڵەت قسە مەکەن بەڕێزان داواکردن لە حکومەتی عێراقی وەکو دەوڵەت بۆ ئەوەی قەرەبوو بکاتەوە نەخێرە نە عەیبە نە لادانی بەرپرسیارەتیە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە زمنی نەفەقاتی حاکیمە بەشەکەی ئێمە لێمان دەبرن، میزانیە هەیە بۆ حاڵەتی لە ناکاو گاریئە لێت دەبڕێت مانگانەو ساڵانە ئەو پارەیەت بۆ ئەو کارەساتانە لێ ئەبڕێت بۆت نانێرێت، بۆ ئەوەی کە لێت قەومابێت بۆم بنێرێت خۆ خێرم پێناکات، بۆ ئێمە پێمان عەیب بێت داوای ئیستحقاقی خۆمان بکەین، ئێمە تا ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری (٢٠٠٥) بەشێکە لە دەووڵەتی عێراقی فیدراڵی عێراقی تا ئەو کاتەی نەفەقاتی گاریئە لەبەشەکەی ئێمە دەبردرێت حەقی خۆمانە داوای بەشەکەی خۆمان بکەین، چۆن حەقی خۆمانە داوای دەرمان بکەین چۆن حەقی خۆمانە داوای سوتەمەنی بکەین، چۆن حەقی خۆمانە داوای پارەی سدود بکەین ئاواش حەقی خۆمانە داوای پارەی لافاو بکەین، داوای کارەساتی سروشتی بکەین، بەڕێزان ئێمە داوا لە حکومەتی عێراقی و لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەین ئەصڵەن لیژنەی پەرلەمانی و پەرلەمان بۆی نییە دەست بەرداری ئیستحقاقێق بێت کە دەستوورو قانوون بە هەرێمی کوردستانی داوە، لەبەر ئەوە قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە پەیوەندی بەهیچ شتێکەوە نییە، پەیوەندی بە ئیستحقاقی گەلی کوردستان هەیە لەو پارەیەی کە ئێستا لە عێراق هەیە وە پارەی ڕووداوی لەناکاو زرووفی گاریئە، بۆ ئەوەی زۆر قسە لەسەر ئەمە نەکەین ئەمە مەسەلەیەکی دەستوری قانوونییە هیچ کەسێك ناتوانێت دەستبەرداری ئەم حەقە دەستوورییەی هەرێمی کوردستان ببێت، تەواو مامۆستا عمر قسەی خۆت کرد تەواو، بەڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبێت داوا... کاك مەم لەشوێنی خۆتەوە قسە مەکە بێ مۆڵەت بەبێ مۆڵەت قسە مەکەن، کاك مەم تکایە بەسە، بەڕێزان بەبێ مۆڵەت قسە مەکەن پەرلەمانی

کوردستـان دەسـەڵاتی دەسـت بەردار بـوونی لە ئیسـتحقاقێکی دەسـتووری قـانوونی گەلـی کوردسـتان لە یارمەتیـدانی لەکـاتی ڕووداوی لەناکـاوەوە نیـیە قسـەی زیـاتری ناوێـت دکتـۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ سەرەخۆشیا لە کەسوکارو ماڵێت قوربانیان دکەین و پشکا خەم و ناخۆشیەت وانـین، دوو/ دەستخۆشیەت ل لیژنا تایبەتێت دکەیـن بڕاسـتی ڕاپۆرتەکا تێـل و تەسـەلە و گەلەکا جـانە ڕێکوپێکە هەرچەندە ڕاستە ڕوویدان ڕوویدانەکە سروشتییە وەکـو دیـاریی کـری بەس لیژنـێ دە ئەسباب دە ئەگەر هۆکار دیاریی کریت مەعناوێ دیـارە کەم خەمیـا هەی هەنـدە جێهاتـادا دڤێـتن ئەم نە هەمی سوچێت سەبەبا بکەینە ڕوویدانا سروشتی ئەگەر من خانیەك چێکرڤێت بانێت خۆ بگرم دا باران نەیەتە خوارێ بێژم باران سروشتیە، ڕاستە باران سروشتیە دبێـت ڕێگـا بـارانێ ئەز بگرم ژبەرهەندێ ئەز سێ پێشـنیارا دکەم ئیـزافە بـبن بـۆ تەوصـیاتە هەرچەنـدە ئیکیـا هـاتە کـرن بەس ئی من بەرفرەتر بیتن پێداچوون و لێزڤرین و مراجعا کردنـا موڵەتێـت ئاڤـاکردنێ هەمیـا لە هەمـی جـێگەیەت دا نەك بەس بـۆ کارگەهـا، بـۆ کارگەهـا بـۆ مەشـاریعێت بەرهەمهینـانێ یـانی پێداچوونەك بێتە کرن مـۆلەت نەهێـتە دان ئـیلا هەمـی لایەت ژیـانێ بێـنە خانـدن ئەڤە ژێ بێـتە ئیزافە کرن بۆ وێ، ڕاسپاردەیەکی بێتە ئیزافە کرن ئەو جـێهەت کە کەمتـرخەمە ئەوەی بەرپـرس ڤـێ وی کـارێ ئەم سـەقفەکی زەمەنـی دانـین گەلەك جـارا لیـژنە تێـنە دروسـت کـرن بەس تـێن تەشکیل کرن سەقفەکی زەمەنی ئەگەر لیـژنە دانیـتن بـۆ حکـومەت و جێهەتـی بەرپـرس خیلالـی سێ مانگا دامەڤێتن ئەڤ بابەتە ئەڤ مەلەفە دیمـاهی دیـارەبیتن کـی کەمتـر خەمەو کـی پێتڤـی فلان سزایە فلان عقوبەیە نەیاڤە کریبیتن، ئیقتراعا من ئەخیری پشتگیریا خوشـکا شـیرین دکەم یاعنی ئەڤ قوربانییێ دیسان ببێتە تەوصیەك شەهید بێنە هەژماردن، شـەهید بێـنە هەژمـاردن دا شایستێت وانا وەکو شەهیدا بێنە دان بۆ وانا گەلەك مەمنوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، سـەری ڕێـزو نەوازش دادەنـوێنم بـۆ ئەو قوربانییـانەو هەمووومـان دڵ بریندارین لەگەڵ ئەو ماڵانەی کە زەرەرو زیانیان بەرکەوت و هاوخەمیـانین، مـن دەمەوێـت بڵێم ئیلاهی بارانی ڕەحمەت دەبارێنێت لە ڕانیە بڕی زیاتر باریوەو کارەساتی لێ نەخوڵقاوە، سـوپاس بـۆ خـوای گەورە خـۆزگە لە هەولێـریش ئەوە نەدەخوڵقـا، بەڵام ناکرێـت چـاوچنۆکی چەنـد بەرپرسێك بکەینە ئەستۆی کارەساتی سروشـتی، چـونکە هەموومـان دەزانـین پـڕۆژەی بازرگـانی لەسـەر ئـاوەڕۆی سـندوقی دروسـتکراوە ڕێـڕەوی ئـاوەکە پـڕۆژەی نیشـتەجێ بـوونی لەسـەر دروسـتکراوە وە پێویسـتە حکـومەت بەزووتـرین کـات قەرەبـووی ئەو مـاڵانە بکـاتەوە، چـونکە

ئەوانە یەك بێ ماڵن دوو هیچ شتێکیان نەماوە، هەتا هەویەو جنسیەیان نەماوە دینارێکیان نەماوە جل و بەرگەکانیان نەماوە، یەعنی چاوەڕێن کەی قەرەبوویان کەنەوەو منداڵەکانیان خوێندنیان هەیە پێویستە بەزووترین کات ئەوانە قەرەبوو بکرێنەوە هەر ئەمڕۆ دەست پێبکرێت، ئێمە وولاتێکی نەوتین بایی ملیارێك نەوت دەفرۆشین یانی تاکەی قەرەبوو ناکرێنەوە چاوەڕێی چ شتێکن، چونکە ئەو کارەساتە زۆر زۆر ناخۆشەو ڕووداوێکی ئاسایی نییە بڵێین لە کاتێکی دیکەدا قەرەبوو دەکرێنەوە، وە من یەك دوو ڕاسپاردەم هەیە بۆ ئەو لیژنە بەڕێزە کە بەدواداچوون بکەن بۆ هەموو ئەو شوێنانەی ئەو گەڕەکانەی کە بەربەستەکانیان گیراوە بۆ ئەوەی کارەساتێکی دیکە ڕوونەداتەوە، بسم الله هێشتا ئەمڕۆ دووەم ڕۆژی وەرزی زستانە هێشتا بەهاریش باران دەبارێت ئەگەر خوای گەورە تووشی ووشکە ساڵی نەبین، ئەگەر بارانی ڕەحمەتمان بەسەردا ببارێت، بۆیە پێویستە ئەو گەڕەکانە بەزووترین کات لەگەڵ تیمی حکومەت هەماهەنگبن نازانم ئیدی ڕێکاری لیژنەکە چۆنە لەگەڵیان، بەڵام ئەو شوێنانە دیاریی بکرێت کە بەربەستەکان گیراون، بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە ڕوونەداتەوە ماوەکەی پێشوو خەڵك تازە ماڵی دانایە دووبارە ماڵی کاول بۆوە، یەعنی ئەوە پێویستە دووبارە و سێ بارە نەبێتەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودای مەزن و دلۆڤان، تەبعەن پشتی سەرەخۆشیێن لێقەومایێت هەنێ ئەم داخوازێ خودێ رب العالمین دکەم تەبعەن رب العالمین ئەوان بە فەزلێ شەهید حسابکەت بەڕاستی ژی گەلە بەڕێزا داخازکر ببن شەهید وەك ئیسلامەتیەتێدا ئەم خۆی شەهیدن یەعنی حەدیسا پێغەمبەرێ سلاڤ لسەر بیتن (الغریق شهید) یەعنی غەرق ببیتن ئەوە شەهیدە، ئەز پشتگیریێ دکەم بەڕاستی ببنە شەهید دەستخۆشیەکا بێسنوور ل سەرۆکێ حکومەتێ دکەم، بڕاستی یەعنی ناڤ دابوو وان هەمی دەزگاییێن هاوکاری تایبەت دەزگایێ خێرخوازی بارزانی ئەڤ ڕێکخراوی ژی وەکی دیارا بەڕێزان خەڵکی هەولێرێ مێژوویەکا پڕ سەروەریا هەی ڕاستیت بوارێ هاوکاری کردنا هەی ل کەسێ لێقەوماوان وەکی جوان بێژین جوامێرانە بڕاستی یارمەتیا خەڵکی دای وەك ئەز کەسەکی بادینان ئەز چەندێ دزانم خەلکێ مە ئەڤێت لێقەومان ئەڤێت ئەنفالێ هاتینە بەحرکێ و جەژنیکانێ بڕاستی ڕۆڵەکێ بەرچاڤ هەبوویە دەستخۆشیەت پارێزگارێ دهۆکیش دکەم وەکو ڕاگەهاندیە کو گەلەك گەلەك خەلکی هاریکاریە دکەتن، داخازیاکە من هەی ئەز بۆ گوتاربێژێت کوردستانێ بێژم، یەعنی ئەوەی خوگبات دەخوینن مامۆستایت مە ئاینیێ بەڕێزو قەدر گران ئەز بێژمە وانە( افضل صدقة في وقت الشداد) یەعنی باشترین کردار ئەز بێژم لەکاتی ناخۆشی دایە هانی خەڵك بدەن هەموو لە بۆ کۆمەك کۆکردنەوە بۆ ئەو کەسانەو خودێ رب العالم ان شالله ڕەحمێ بوانا بێت صەبرا هەدارێ داتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منــیش سەرەخۆشــی لە خــانەوادەو کەســوکاری قوربانیــانی ئەو ڕووداوە سروشــتیە دەکەم، هەروەها وێڕای دەستخۆشی لە جەنابی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم بۆ بەدەمهاتنیـان، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە پلانەکی سیتراتیژی باش و گونجاوی هەبێـت بـۆ ئەوەی کە ئەو کێشەو گرفتانەی کە لەڕێڕەوی ئاوەکان هەیە پێویست ئەکا ئەو زێرابـانە هەمـووی چـاك بکرێـت، پلانێکـی باشـی هەبێـت بـۆ ئەم مەبەسـتە وە ئەوەی کە ئەمـن دەزانـم ئێسـتاش بەدواداچوون هەیە لیژنەکان دەست بەکاری خۆیان کردیە و لە ئامادەکاری باشـدان بـۆ ئەوەی کە ان شالله لە داهـاتوودا ئەو ڕووداوە دووبـارە نەبێـتەوە، داوا لە حکـومەتی عێـراقیش دەکەیـن کە بەجـدی بە ئەرکــی خــۆی هەڵســێتن زەرەرو زیــانی ئەو لافــاوە ســەروی بیســت ملیــار دینــار خەملێنــراون کەچــی حکـومەتی عێـراق دوو ملیـار دینـاری تەرخـانکردووە بـۆ ئەم مەبەسـتە، پرسـیارەکە ئەوەیە کە ئایـا بـۆچی حکـومەتی عێـراق قەرەبـووی خەڵکـانی دیـکە ئەکـاتەوە کە هــاووڵاتی عێــراقیش نــین، بەڵام ئامــادەنییە کە وەکــو پێویســت هاوکــاری وە قەرەبــووی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان ناکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ازاد.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی لیژنە ئەو خـاڵە زیـاد بکرێـت زۆر بـاش دەبێـت، خەزنکردنـی ئـاو ئاوەکانمـان بەبەلاش نەڕوات خەزنکردنی ئاوی باران بەچەند بەنداوێك لە دەوروپشتی هەولێر و لەو بەنـداوانە سـوود لە ئاوەکەش وەردەگیرێت بۆ کشتوکاڵ و ئەو بەنداوانەش ببـنە شـوێنێکی سـیاحەت لە هاوینـدا، خەزنکردنــی ئــاوی کانیەکــان و ڕووبارەکــان بەچەنــد بەنــداوێك ئاوەکــان بەبەلاش نەڕۆن، خەزنکردنی ئاوی جۆگەی ماڵەکان بۆ پـارك و باخچەکـان پـاش تەسـفیەکردن، هەتـا ئێسـتا پلانـی خەزنکردنـی ئاومـان نیـیە، داواکـارم پلانـی خەزنکردنـی ئاومـان هەبێـت هەتـا ئاومـان بەبەلاش نەڕوات لەوەی دوو ساڵ پێشتر ئەو پرۆژەم دایە بە سەرۆکایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، لەدەستپێکدا دەمەوێت پرسەو سەرەخۆشی خۆمـان بنێـرین بـۆ قوربانیانی لافاوەکەو ئەو کارەساتە گەورەیەی کە لە شاری هەولێر ڕوویـدا کە بەداخەوە لەچەنـد ڕۆژی ڕابردوو، لە هەمان کاتیشدا دەستخۆشـی لە لیـژنەی شـارەوانی بـکەم بـۆ ئەو ڕاپـۆرتە تێـرو تەسەلەی کە ئامادەیان کردووە پێموایە کە ڕاپۆرتەکەیان زۆر بـاش بـوو دەکرێـت سـوودی باشـی لێ ببینرێت، بەتایبەتی بۆ ڕاسپاردەو بۆ شێوازی لێکۆڵینەوەشیان، بەڕێزان لە دنیـادا هۆکارەکـانی

لافاو بەرزبوونەوەی ئاستی دەریاو تەقینی بەنداو و باو زریـانی یەکجـار زۆرو بـاران و لافـاوێکی چەنـدان ڕۆژە، بەڵام دەبینـین لە هەرێمـی کوردسـتان بەداخەوە لافـاو کاتێـك دروسـت دەبێـت بەهـۆی گـۆڕینی ڕێـڕەوی ئـاو و پڕکـردنەوەی کەنـد و دەسـتکاری کردنـی ماسـتەرپلان بەهـۆی بەرپرسـێکی چـاوچنۆك و بازرگـانێکی چـاوچنۆك لەسـەر حسـابی خەڵکـی هەژاری ئەم مـیللەتە ڕوودەدات ئەمە حەقە پێشی پێبگیرێت ئەم لافاوەی هەولێر کارەساتێکە چەنـد ساڵێکە دووبـارە دەبێتەوە پێشمواپە ئەمە تەنها کارەسـات نییە لە هەرێمـی کوردسـتان بێـت وە ناوچەکـانی تـری کوردســتان بەشێکیشــیان ئەم لافــاوە تێیانــدا ڕوودەدات و بەشــێکی زۆریشــیان بەهــۆی کەمتەرخەمـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانە، سـەرباری ئەوەی کە هۆکـاری سروشتیشـی هەیە وەکـو ئەوەی کـاك حـاجی هێـرش باسـیکرد لە سـاڵانی ڕابـردوو لە دەڤەری باڵەکـایەتی لەبنـاری قەندیل لە برادۆست لە کۆمەڵێك ناوچەی زۆری کوردستان لافاو زەرەری تەقریبەن سێ بـۆ چـوار ملیار دیناری لەو ناوچانەدا حکومەت ئامادەنەبوو بە دینارێکیش قەرەبوویان کاتەوە، ئەم لافـاوە وەکـو ئامــاژەم پێکـرد ڕاسـتە بەشـێکی هۆکـاری سروشـتیە کە بـاران بـاریوە، بەڵام بەشـە ئەساســیەکەی هۆکــارێکی دەســتکردە کە بەهــۆی گــۆڕینی ئەوانەیە کە ئامــاژەم پێکــرد کە برادەرانیش لە لیژنە ئاماژەیان پێکردبوو ئەوەی کە گرینگە جەختی لێبکەیـنەوە مـن بەسـێ خـاڵ ئاماژەی پێدەکەم.

یەکەم: دروسـتکردنی لیژنەیەکـی تایبەتمەنـد چ لە پەرلەمـانی کوردسـتان و حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ڕابسـپێردرێت بـۆ ئەوەی کە پێـداچوونەوەیەکی جـدی بە تەواوی ماسـتەرپلانی ئەو شـارو گونـد وقێلاپـانە بکرێـت کە ئێسـتا لە هەرێمـی کوردسـتان دروسـت دەکـرێن کە ئەمـانە بەشێکیان بەداخەوە لەسەر حساب و بەرژەوەندی تایبەت و کۆمەڵێك شەخس و حسابی خەڵکـی هەژاری هەرێمی کوردستانە.

دووەم: قەرەبــوو کــردنەوەی ئەو خەڵکــانەی کە زەرەرمەنــد بــوون لەلافاوەکــانی ڕابــردوو موختەصەم بۆ لافاوەکەی شاری هەولێری خۆشەویست زووبەزوو تاخیر نەکرێت وەکو هەڤاڵانم ئاماژەیان پێکرد ئێستا بەرەو مانگی یەك دەڕۆین کە ساردترین مانگی ساڵە.

سێیەم: هەژمارکردنی ئەوانەی بۆتە قوربانی بە شەهید ئەمە جێگەی دەستخۆشی دەبێت.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، سـەرەتا هـاوخەمی خۆمـان دەردەبـڕین بـۆ لافـاوەکەی شـاری هەولێری خۆشەویست، لەسەرەتادا دەستخۆشی لە لیـژنەی شـارەوانی دەکەم کـاك لقمـان وردی و ئەنـدامانی لیـژنەی شـارەوانی کە بەڕاسـتی یەکـێکە لە ڕاپـۆرتە زۆر بـاش و زۆر ووردەکـان کە هەموو کێشەو گیروگرفتەکانیان خسـتۆتەڕوو هۆکارەکانیشـیان خسـتۆتەڕوو، ئەو هۆکـارانەی کە باسـیان کـردووە کە زۆر گـرینگە کە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و پەرلەمـانی کوردسـتان کە

دامەزراوەیەکـی چـاودێری کـردنە لەسـەر مەوزوعـی ئەوە کە خـاڵی دووەم بەردەوام بـوونی زێدەڕۆی لەسەر ڕێڕەوییە ئاوییەکان و کەندە سروشتییەکان، خاڵی سێیەم دابەشکردنی بەشێك لە زەوی لەسـەر ڕێـڕەوە ئاوییەکـان، وە خـاڵی شەشـەم و هەشـتەم و دەیەمـیش ئەم پێـنج خـاڵە دەرخەری ئەوەیە کە ئەمـان کێشـەکەیان دیـاریی کـردووە و ئەو کەسـانەی کە بەیاسـا بەنـاوی یاساوە هۆکار بوونە، بۆ ئەوەی کە ئەم ڕێڕەوی ئاوییە بگۆڕێت و ئەم زیـادەڕۆیی و تاڵانکـارییە لە زەویدا بکرێت وەبۆتە هۆی ئەوەی کە دەردەسەری و ماڵ وێرانی بۆ هاووڵاتیانی شاری هەولێـری خۆشەویست بێنێتە کایەوە پێویسـت ئەکـات بەدەر لەوەی کە بـاس لەوە ئەکرێـت کە بتوانرێـت هاوکـاری ئەو مـاڵانە بکرێـت، پێویسـت ئەکـات هەر لەمـڕۆوە لیـژنەی شـارەوانی و ئەنجـوومەنی وەزیـران چـۆن دیـاریکراوە ئەو هۆکارەکـانی دیـاریکراوە بەووردی دیـاریکراوە خەڵکێـك کەسـە دیاریکراوەکـان ئەو بەرپرسـانە، ئایـا حکـومییە حـزبییە ئایـا ئەو بازرگانـانەی کە لەبەرامـبەر ئەو زیادەڕۆییانە بونەتە خـاوەن ملیـاران دۆلار پارەکانیـان لـێ وەرگیـرێتەوەو بەشـێکی بـدرێت بە...، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەرەتا نزا دەکەم خوای گەورە سـەبرو ئـارامی دڵـی خـانەوادەی قوربانیـان بدات، بەڕێزان لە ٢٠٢١/١٠/٣٠ لافاو دروست بوو بەتایبەتی لە شاری زێڕین و گوندی کۆری وگوندی گرد جووتیاری گرتەوە لە ٤ی/١١ سەردانی مەیدانی گوندی کۆری و شاری زێڕینم کـرد لەگەڵ زیـان لێکەوتـووان گفتوگۆمـان کـرد بەشـێکیان فەرمـانبەرو پێشـمەرگەن کێشـەی مۆڵەتیـان هەیە، هەروەها هەر لەکاتی سەردانەکەم بەچاوی خـۆم بینـیم کارمەنـدێکی بەرگری شارسـتانی لەسـەر تەنکەری ئاو کەتە خوارەوەو دەست و پشتی زیانی پێگەیشت و هەرخۆم گەیاندمە نەخۆشـخانە، مـن وێـڕای دەستخۆشـیم بـۆ ڕاپـۆرتی لیـژنە وەهەروەهـا ڕاپـۆرتی سـەردانی مەیدانییەکەشـم ئاراسـتەی لیـژنەی بەڕێـزیش کردبـوو لە ٢٠ی/١١ ئەو دەورانە بـوو، سـەرەڕای دەستخۆشـیم بـۆ ڕاپۆرتی لیژنە چەند خاڵێکم هەیە پێشنیاردەکەم بە ئەرك نەبێت بیخەنە سەر ڕاسپاردەکانیان.

یەکەم: خاوەن مـاڵە زیـان لێکەوتووەکـان مۆڵەتیـان پێبـدرێت لەشـوێنی کـاری خۆیـان وە بۆیـان هەژمار نەکرێت واتا مۆڵەتەکە نەچێتە سەر ڕەسیدیان و مووچەو دەرماڵەی تەواویان بۆ هەژمـار بکرێت واتا مووچەو دەرماڵەیان لێ نەبڕێت.

دووەم: هەر کارمەندێکی تری حکومی کە لەئەنجامی بەجێگەیاندنی ئەرکی زیانی پێـدەگات ئەوا حکومەت ئەرکی چارەسەرو قەرەبووی لە ئەستۆ بگرێت.

سـێیەم: دیـارە سـەرپێچی زۆر هەیە سـەرپێچی لەلایەن شەخسـەوە کـراوە یـان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە کراوە ئەگەر حکومەت یاسا جێبەجێ بکات بەسـەریان غەرامەکانیـان لێـوەربگری ئەوە دەتوانێ حکومەت هەر ئەوە بۆ قەرەبوو بەکاربێنێتەوە واتا هاوکارییەکە هەم بـۆ حکـومەت و بۆ خۆشی.

چـواره: ئەوە ڕاسـپاردە نیـیە ئەوە تەنهـا پێشـنیارە بـۆ لیـژنەی بەڕێـز کە لیـژنەکە بـۆ لەمەودوا سەردانی مەیدانی بۆ هەموو شوێنەکان بکات...، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبـان، بەڕێـزان لەو لافـاوەی کە دوو مانـگ پـێش ئێسـتا دروسـت بـوو حەوت شوێن تۆمەتبارکران بەوەی دەست درێژیان کردۆتە سەر ئاوەڕۆکان، ئەوانیش پرۆژەکـانی شاری زێڕین، شاری بەفرین، پـڕۆژەی تـارین، گۆڵـدن تـاوەر، پرۆژەکـانی حەوزی ماسـی کۆمەڵێـك مەزرەعە، جـگە لە شـاری زێـڕین کە دەسـتگیرکراو پـێش دوو سـێ ڕۆژ بە بەڵێننـامە ئـازاد کـرا، ئەوەکانی تر تاوەکو ئێستا نەگەشتوون بە ئیجرائات کە هۆکـاری ئەو گـرفتەن ئەم لافـاوە بەهـۆی هاووڵاتی ئاسـاییەوە نیـیە، بەڵکـو بەهـۆی ئەو کۆمپانیـاو بەرپرسـانەن کە لەسـەر حسـابی خەڵـك بوون بەخـاوەنی دە ملیـۆن دۆلار دەیـان ملیـۆن دۆلار نەك دە ملیـۆن، بەڵام تائێسـتا ئەوانەی ئەو تاوانەیان کردووە هاوکارییەکیان نەکردووە ئەو لافاوە کە ئێستا دروست بوو لە ئاوی زورگەکـانی لای بنەصـڵاوەو دارەتـووەوە دێـن، پێشـووتر ڕێـڕەوی ئەو ئـاوە هـیچ کێشـەی نەبـووە ئەوە لە ڕسمەکە هەیە ئەم پرۆژانە بە پلان بەپاشەڕۆ هەموویان پڕکردەوە لەئەنجامـا چـی دروسـت بـوو، ئەمە پرۆژەی شاری زەیتوونە ئەم شینە ئـاوەڕۆی پێشـووترە چـۆن کـراوە بە پـڕۆژەی نیشـتەجێ بـوون کە ئەمە کـراوە بە پـڕۆژەی نیشـتەجێ بـوون ئـاوەکە گواسـتراوە بـۆ دارەتـوو ئەمجـارە کە لافـاوەکە هـات هەر لەنزیـك پیشەسـازی دارەتـوو ڕژایە ئەو ڕێـڕەوە ئـاوییەی کە لە گڕەسـۆرەوە دێت، ئەویش بە پیشەسازی دارەتووەوە لەگەڵ بـاغەمرە ڕەقە تـێکەڵ بـوو بەسـتەکە گەورە بـوو، بۆیە لە کەرتی دوو و سێی نیشتیمانەوە ئاوەکە هات بۆناو خەڵـك، بەرپرسـی یەکەم لەم تـاوانەی ئەمجـارە ڕوویـدا پـڕۆژەی زەیتـوونە وە پـڕۆژەی ئـاوێنەی شـارن کە لەسـەر ڕێـڕەوەکە سـەدیان دروستکردووە بە خۆڵ مەتر و دوو مەتـر بەرزیـانکردەوە نەتیجە ئەم مـاڵانە بـوون بە قووربـانی، بۆیە هیچ کەسێك داواناکات ئەم پرۆژە بێت خـاوەنی ئەم پـڕۆژانە بەو ملیـۆنە دۆلارانەی لەسـەر حسـابی ئەو خەڵـکە دروسـتیان کـرد ئەوان قەرەبـوو بکـرێنەوە پاشـان لە عەینـی شـت لەسـەر ئـاوەڕۆی گەڕەکە ڕۆشـنبیری بـۆ ژێـار خـوار شـەقامی (١٢٠م) هەر لەسـەرخەدەمییەکە پـڕۆژەی بازرگانی دروستکراوە، من حەزدەکەم ئەو شوێنانە بڵێم کێش هۆکارە لە پشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایەق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك علی بیدەرە لیژنەکە بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەن، دەسـتت خـۆش بێـت ئەزانـم تـۆ بەدواداچوونت کردووە بیدەرە دەست لیژنەکە دواتر هاوکاردەبن لەو بابەتە، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، سـەرەتا پرسـەو سەرەخۆشـی خۆمـان بـۆ کەسـوکاری ئەو قوربانیانە دەردەبڕین کە بەداخەوە لە کارەساتی لافاوەکە بـوونە قوربـانی، یەعنـی ئـێمە ئێسـتا

دانیشتووین بەڕاستی باس لەو کارەساتە دەکەین بەداخەوە تەنها لەم ساڵ ئەوە دووەمین جارە لە شاری هەولێر ڕوویداوە، بەڵام نەماندیت بەڕاستی کەس سزا بدرێت، بەڕاستی دوو خاڵی زۆر زۆر گرینگ هەیە کە دەبێت جێبەجێ بکرێت. یەکەم: سزادانی ئەو بەرپرسە باڵایانەیە کە کەمتەرخەم بوون کە بووەتە هۆکاری گۆڕینی ماستەر پلانی هەولێر ئەو شیو وکەند وچاڵانەی کە هەبووە پڕیان کردۆتەوە بۆ پرۆژەی بازرگانی بەکاریان هێناوە زێدەڕۆییان لەسەر موڵکی گشتی کردووە، ئەوانە دەبێت هەم سزای ماددی بدرێن، هەم سزای مەعنەوی بدرێن کە بەداخەوە هەتا ئێستا نەدراون، یەعنی ئێمە هەردەڵێین دەبی بدرێن، یەعنی کەی بدرێن دەبوایە ئێستا سزا بدرانە وەپێویستە حکومەت قەرەبووی ئەو خەڵکەی بکردبایەوە نەك چاوەڕێی ئەوە بکات کە ئایا بەغدا شتێك دەنێرێت یان سەرمایەدارێك دەینێرێت، ئەی حکومەت بۆ حکومەتە ئەو هەموو بوودجەیە چییە کە نەتوانێ خەڵك قەرەبوو بکاتەوە، ئینجا لە هەمووی گرینگتر بەڕاستی پێویستە کە ئێمە لێرە دانیشتووین جێهەتی بەرپرس لێرە بوایە، دەبوایە پێش ئەوەی لێرە بێت دەستیان لەکار بکێشابوایە کە کەمتەرخەمن، کەدەستیان لەکار نەکێشاوەتەوە پێویست بوو لێرانە ئامادەبن وەپرسیاریان ئاراستە بکرێت، گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت ئێستا ئێمە دانیشتووین تەنها گفتوگۆ دەکەین، بەڕاستی وایلێهاتووە وەکو چیرۆکی بەر ئاگردانی لێهاتووە و ئێمە تەنها قسەئەکەین، بۆیە من بەڕاستی ئەو جەلسەیە بایکۆت ئەکەم پێمـوایە هیچ ئەنجامێکی نابێت وە ئەمە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، بۆیە بایکۆتی ئەکەم یەعنی مەعقول نییە (١٢) کەس لە لافاوەکە گیانی لەدەست داوە دوو کەس تاوەکو ئێستا تەرمەکانیان نەدۆزراوەتەوە ئێمە بێین چیرۆك لێرانە بخوێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی ڕاپۆرتێکی زۆر زۆر باشیان ئامادەکردووە، وەیەکێکە لە ڕاپۆرتە زۆر زۆر باشەکان بە جورئەتەوە ئەو لایەنانەیان ئەو مەجالانەو ئەو هۆکارانەیان تەحدید کردووە کە هۆکارن وە ئەندام پەرلەمانی بەرپرس ئەو ئەندام پەرلەمانەیە ئەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکە لەوەی کە ڕاسپاردەی زیاتر یان هۆکاری زیاتر بخاتە سەر ئەو ڕاپۆرتەی کە لیژنەی شارەوانی ئامادەیان کردووە، ئەوەی کە ئێمە لێرە باسی دەکەین چیرۆك نییە، ئەوەی لێرە باسی دەکەین خەمی ئەو هاووڵاتییانەیە کە لەو ناوچانە نیشتەجێ بوون و تووشی لافاو بوون یان مەترسی لافاویان لەسەرەو بەکەم سەیرکردنی پەرلەمان هەرکەسێك پێی وایە ئەم پەرلەمانە کەم هەق نییە لێرە بمێنێتەوە، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەك ئەندامی لیژنەی شارەوانی دواتر لیژنەش لیژنەیەکی لاوەکی پێکهێنا سێ سەعات ئەو ڕاپۆرتەمان نووسیوە ناکرێت دوای نووسینی ڕاپۆرت دوای دەستکاری بکرێت، من بەڕاستی خاڵی یەکەم ئیمزاکەم سەحب ئەکەم لە خاڵی یەکەم، چونکە وشەی حکومەتیان دەرکێشاوە هەم حکومەت بەرپرسیارە و هەم حکومەتی خۆجێی، یەك لەوانە کە هەموو ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەت وەردەگرن ئەو پرۆژانەی کاك علی ناوی هێنان دەستەی وەبەرهێنانە، دەستەی

وەبەرهێنان مۆڵەت ئەدات ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان هەیە، مەعقولە یەعنی ئێمە جورئەتی ئەوەمان نەبێت بڵێین حکومەت، لە کاتێکدا بەڕێز سەرۆکی حکومەت خۆی ئەڵێت حکومەت کەمتەرخەمە بۆیە دەبێت کاك لقمان وشەی حکومەت ئیزافەکاتەوە دامودەزگاکانی حکومەت و حکومەتی خۆجێی وە ئەبێت ئیجراعاتەکان بکرێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەم پڕۆژەیان ئەنجام داوە. دووەم: ئێمە ئەو لیژنانەی کە حکومەت خۆی پێکی هێناوە لە بابەتی قەرەبوو کردنەوەکەیا ووریا بین خەڵکی ناشایستەی تێنەکرێت وە هەموو سێکتەرەکان خەڵکی ناشایستە یەعنی کە عەدەدەکە زۆر بێت دەبێتە بارگرانیەکی گەورەش لەسەر حکومەت ئەو ڕەقەمانەی کە ئێستا هەن هیماڵەکان هە شوێنەکان و ئۆتۆمبێلەکان لەوە زیاتر نەکرێت وەکو ئەوەی هەموو سێکتەرەکانی تر کە بینیمان جاری وا هەیە بەڕاستی خەڵکی کەی تێ ئەخزێنرێت. سێیەم: لەپڕۆژەکانی چاودێری کردنا سێ لایەن بەڕاستی کەمتەرخەمە موقاول ئەندازیار سێیەمینیان لایەنی مۆڵەت کە مۆڵەت ئەدات جاری وا هەیە بۆخۆتان ئەزانن ڕەگەزەکانی گۆڕیوە ڕەگەزیی سەوزای گۆڕاوە لە هەموو شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان. ئەخیر خاڵیش ئەرکێکی تری حکومەت ئەوەیە کە مەکائین ئامادەکات یەعنی سالانە مەکائینی پێویست بخاتە بەردەم شارەوانیەکان بۆ ئەوەی فریای ئەو ڕووداوە لەناکاوانە بکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر زیاتر دەرفەت بدەی لەبەر ئەوەی دەمەوێت تیشك بخەمە سەر پشکی دارایی هەرێمی کوردستان لە عێراق لە بوودجەی ساڵی (٢٠٢١)، سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی پەیوەندیدار ئەکەم ئەم ڕاپۆرتە ماندووبوونێکی زۆر زۆری پێوە دیارە، هەروەها دەستخۆشی لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە بەدەنگەوە چوونێکی باشیان هەبووە بۆ ئەو ڕووداوانە، بەڵام ئەمەش نابێت چاوپۆشی لەو کەموکورتیانە بکەین کە هەبووە، پێمباشە چاوەڕێی ئەنجامی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بکەین کە بەچی دەگەن دواتر ئێمەش وەکو پەرلەمان هەڵوەستەمان هەبێت لەسەر بابەتەکان، بتوانین هاوکاری حکومەت بین بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکورتیانە، لەیاسای بوودجەی ساڵی (٢٠٢١)ی عێراق بەشێك هەیە کە تەرخانکراوە بۆ بوودجەی فریاکەوتن مەبلەغەکەی پێنج سەد ملیار دینارە، بەڵام بەداخەوە دوێنێ حکومەتی عێراق بڕیاری داوە تەنها کە دوو ملیار دینار بۆ هەولێر بنێرێت کە ئەمە ئەو پێنج سەد ملیارەی کە هەیە لە بوودجەی عێراق پشکی هەرێمی کوردستانیشە ئەو دوو ملیار دینارە ناکاتە سەدا نیوی ئەو بوودجەیەی کە تەرخانکراوە، ئەمە زوڵمێکی زۆرە کە دیسان عێراق دەرهەق بە گەلی کوردستانی دەکات و دەرهەق هەولێری دەکات، بەڕێزان لە ساڵی پار ئەگەر بەبیرتان بێت کاتێك تەقینەوە گەورەکەی بەیروت لە لبنان ڕوویدا حکومەتی عێراقی بۆ ماوەی مانگێك ڕۆژانە بە تەن دەرمان و خۆراکی دەنارد بۆ بەیروت، جگە لەوەی بە تەنکەر سووتەمەنی دەنارد، بەڵام بۆ هەولێرێك کە بەمشێوەیە لافاو ڕوویداوە هاووڵاتییانمان بوونەتە قوربانی تەنها دوو ملیار

دەنێرێت، من دەستخۆشی لە پارێزگاری هەولێر دەکەم کە ئەم دوو ملیارەی وەرنەگرتووە دەبێت ئێمە وەکو لیژنەی دارایی، هەروەها وەکو پەرلەمان هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین کە بۆچی دیسان حکومەتی عێراق لەبەرامبەر شایستە داراییەکانمان ئێمەی تووشی ئەو زوڵمە کردووە، بۆیە داواکارم هەم ئێوە هەم ئێمەش وەکو لیژنە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەین فشار دروست بکەین، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ئەو پێنج سەد ملیارەی هەیە چەند دەکات پشکی هەرێمی کوردستان کە لەوەی دەستنیشان کراوە بنێرێت بۆ هەولێر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای سەرەخۆشیێ لە ماڵباتا کەسوکارێن قوربانییێن ڤێ کارەساتێ دکەین وە دەستخۆشیێ لە لێژنا تایبەتمەند دکەین وە پشتڤانیا ڕاو بۆچوونێن لێژنێ دکەین ژبۆ قەرەبوو کردنا زیان لێکەفتیان لبەر هندێ پشتڤانیا کاك دکتور زانا دکەم لسەر قسەی نوێی ئەوێ هاتنە کرن یادی کەژی بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانێ ژ لاهێ سەرۆکی حکومەتێ لیجنەیەك هاتیە ڕاسپاردن ئەم هەمی دەبیت بزانین ژبۆ دیڤچوونەکا چڕ بکەن لسەر ئەڤێن کەمتەرخەم بووین وە لێژنا شارەوانیا ژی چاڤدێریەکا باش دکەتن و ڕاپۆرتەکا گەلەکا باش ئامادەکر لسەر ڤێ چەندێ ئەم وەکو پەرلەمانا کوردستانێ هەروەسا ئەندام پەرلەمانا کوردستانێ دبێت چاڤەڕێی ڤێ لێژنەبین لێژنا شارەوانی و گەشتوگوزار بین کە دەرەنجامێت ڤێ ڕاپۆرتێ دێ چبن ئەگەر مە دیت کەمتەرخەمیەك هەبوویە ئەم دشێت وەکو پەرلەمانتار ئیجراعاتێ باشتر بکەن بۆ هەندێ زێدەتر ئەم ژی زویتر قەرەبوویا ڤان زیانلێکەفتیا بکەن و هەرچەندە ئەڤێن گیانی خۆ ژ دەست دان قەرەبوو بۆ ئەوان ناهێتە کرنێ وان ماڵێ خۆیش ژ دەستدان قەرەبوویا وان بلەزتر بهێتە کرنێ ژ بۆ هەندێ بشهێن دناڤ مالێن خودا ئاکنجی ببن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبارەی ئەم بابەتە چەند سەرەنجێکم هەیە، نەخشەی شار لە تەواوی کوردستان نەك بەتەنها لە شاری هەولێر تەنها ڕەچاوی بابەتی ئەندازیاری تێدا بکرابا دەبێت ئێمە ڕوئیای بونیادنانی شار بگۆڕین لەپاڵ ئەو هۆکارانەی کە برادەران باسیانکرد ئەو دەست درێژیانەی کە کراونەتە سەر ئەو زەوییانەی کە ڕێڕەوی ئاو بوون، ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە ئێمە دەبێت ڕوئیای خۆمان بۆ دیزاین بگۆڕین، شار تەنها بە هەندەسەو دروستکردنی بینا بونیاد نانرێت وەدەبێت لەپاڵ ئەوەدا ڕەچاوی بابەتی ژینگە بکرێت لەکاتی بونیادنانی شارەکاندا دەبێت لەم بابەتەدا پێداچوونەوەیەکی باش بکەین، دەبێت بزانین لەدوای ساڵی (٢٠١٠)وە، ژینگەی جیهان هەموو

دنیا (٢٠١٠) عەصرێکە پێش (٢٠١٠) سەردەمێکی ترەو گۆڕانکاری ژینگەی هەیە ئەوەی کە دێتە پێش زۆرجار پێشبینی کراو نییە ئەوەی کە ڕووئەدات دەبێت خۆتی بۆ ئامادەبکەیت، بەڕێزان لەلیژنە داواتان لێدەکەم لە ڕاسپاردەکانتان ئامـاژە بەوە بکەن کە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانەکان لەگەڵ قەیران دەبێت دامەزراوەیەك هەبێت ئەم دامەزراوەیە بەتەنها بەرگری شارستانی بەس نییە، چونکە بەرگری شارستانی ئەتوانێت لەکاتی ڕوودان تەعامول لەگەڵ بابەتەکان بکات، بەڵام پێش ڕوودان ئەبێت دامەزراوەیەك هەبێت لێکۆڵەری تێدابێت باعسی تێدابێت وە خەڵکێکی تێدابێت کە پێشبینی بکەن بۆ ئەوەی کە ئەو ڕووداوانەی دێنە پێشەوە چۆن تەعامولیان لەگەڵ ئەکرێ، کۆتا قسەم ئەوەیە کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە ئەوانەی لەم بابەتە قسەیان هەبووە، خەڵك ماڵی وێران بووە منداڵی خەڵك تاوەکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە تەرمەکەی گەنج تاوەکو ئێستا تەرمەکەی نەدۆزراوەتە نابێت ئەم بابەتە ئیستسماری سیاسی تێدا بکرێت ئێمە دەبێت هەموومان پێکەوە پشتی یەکتربین و هاوسۆزبین لەگەڵ یەکتر نابێت ئەوەندە بەرچاومان ڕەشبێت تا ئەو ڕادەیەی بڵێین حکومەتی عێراقی نابێت حەقی هەرێمی کوردستان بدات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو ڕوونکردنەوەی کە لە بابەتی دەستووردان بۆ خەڵکی کوردستان دەستت خۆشبێت ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بوو هەتا بۆ ئەندامی پەرلەمانیش، چونکە هەیە ئەندامی پەرلەمانیشە لەوە تێناگات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێدەگەین هەموومان تێدەگەین، مامۆستا عمر بەبێ مۆڵەت قسە مەکە بەڕێز، بەڵێ کاك هاوڕێ فەرموو، بەڕێزان کاك پێشەوا، کاك هاوڕێ قسە بکە یارمەتیمان بە لەوەی شەڕەکە نەمێنێت فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەحوکمی ئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بە کەش و هەواوە هەیە بەڕاستی ئەمەی ئەم چەند ڕۆژەی پێشوو سەبارەت بە دروست بوونی لافاو ڕوویدا ئەمە تەنها لەوەرزی زستانا نییە ئەم بابەتەی کە لەهەولێر ڕوودەدات بەداخەوە لە وەرزی هاوین و گەرماش دیسان کێشەی کەم ئاوی دروست ئەبوو لەهەولێر وە خەڵکی سەرمایەدارو حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکان داوایان لێکرا هاوکاری خەڵك بکەن بە تەنکەر ئاویان بۆ بهێنرێت، ئەمە بۆخۆی گرفتێکە کە دیسانەوە کە دێتە سەر ئەوەی لە وەرزی زستان یەعنی ناکرێت، حکومەت پلانی نەبێت لەبەر ئەوەی دەرئەنجامە ئەوەی کە ڕوویداوە ئەبێت هۆکارەکان دیاریی بکرێ و چارەسەری بۆ ببینرێتەوە ناکرێت بە دوو کاتژمێر باران بارین ئەم هەموو زیانە بەر هاووڵاتیان بکەوێ و خەڵکێکی زۆر ببێتە قوربانی ماڵی وێران ببێت سەرگەردان ببێت وای لێهاتووە ئێستا خەڵك لە ماڵەکانی خۆیانا لەو سنوورانەی کە لافاوی بەرکەوتووە ئاسوودەییان نییە، یەعنی چاوەڕێن لەگەڵ باران بارینا ئاگادارییان بۆ لێبدرێت ماڵەکانیان جێبهێڵن یەعنی ئەمە بۆخۆی بێپلانی حکومەت دەرئەخات ناکرێت حکومەت نەتوانێت ئەو گرفتانە چارەسەر بکات لەکاتێکا یەکێك لە هۆکارەکان بەقەناعەتی من بابەتی وەبەرهێنانە لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە

هەولێـری پایتەخـت، یەعنـی بەداخەوە کۆمەڵێـك وەبەرهـێن هەرچـی زەوی گرانبەهـایە هەرچـی زەوی کە ڕێــڕەوی ئــاو بــووە بەشــێوازێك لە شــێوازەکان پڕکــراوەتەوەو پڕۆژەیــان لەســەر دروستکردووە، یەعنی زۆر لە هەڤاڵانم پەرلەمانتارەکان باسیانکرد دەبێـت ئەو وەبەرهێنـانە سـزا بـدرێن کە بەنـاعەدالەتی و بەجۆرێـك لە جۆرەکـان بە قۆرغکـاری دەسـتیان کەوتـووە ئێسـتا بـێن لێیان وەرگیرێتەوە لەو خەڵکانە سەرف بکرێت، ئەگەر ئەمە نەکراو حکومەت نەیکرد ئەمە ئەوە ئەبێـت کە حکـومەت بۆخـۆی پشـتیوانی ئەو وەبەرهێنـانەی کـردووە لەهەمـان کاتـدا وە حـزبە سیاسـیەکانیش دیسـان هۆکـارن دیسـان بابەتەکـان نـاکەینە بـابەتی سیاسـی، بەڵام بەداخەوە بەشێکیان لەلایەن حزبە سیاسیەکانەوە پشتیوانی ئەکرێن، یەك خاڵی تر مـاوە زەحـمەت نەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کـاك هـاوڕێ بەڕێـزت سـەرۆکی لیـژنەی ئـاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنـانی بەڕێـزت و لیـژنەکەت هەمووتـان ڕائەسـپێرین بـۆ ئەوەی سـەبارەت بە پڕۆژەکـانی وەبەرهێنـان وە تەحدیـد کردنی ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان کە بەدیاریکراوی کاریگەریـان هەبـووە لەسـەر دروسـت بـوونی لافاو لە هەولێر بەتایبەتی وە لە شارەکانی تریش ئەبێت بەدواداچـوون بـکەن، چـونکە ئیحتیمـال هەیە ڕاپۆرتێك بدەنە سەرۆکایەتی ئێمە ڕەنگە پێویستمان بەمەش ببێت.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

... زۆر سوپاس بۆ ئەمە، بەڵام ئەمە یەك خاڵی ماوە ڕاسـتییەکەی ئەمە جـاری یەکەم نیـیە کە ئەم گرفتانە گرفتی تریش دیسان هاتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێگومان، سەلمە خان تەواو، دەسـتت خـۆش بێـت کـاك هـاوڕێ ئـێمە چـاوەڕێی ڕاپـۆرتی لیـژنەی ئـاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنـان دەکەیـن لەسـەر تەحدیـد کردنـی ئەو پـڕۆژانەی وەبەرهێنـان کە کاریگەریان لەسەر دروست بوونی لافاو هەبووە، بەڵێ فەرموو سەلمە خان.

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای هاوخەمیم بۆ قوربانیان و کەسوکاری قوربانیان لەم کارەسـاتە ناخۆشـە، دەستخۆشـیم بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەو تەواوی ئەندامانی لیژنەی شارەوانی هەیە بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپـۆرتە ڕاپۆرتەکەیان لە ئاستێکی بەرز ئامـادەکردووە، ئەگەر تۆزێـك ووردی بکەیـنەوە لەسـەر ئەوەی کە زۆر بەڕوونی باسی ئەوە ئەکات کە حکومەتی خۆجێی هەولێـر بەرپرسـیارە لەم بـابەتە دەتـوانین زیاتر ووردی بکەیـن و وە شەخسـەکانیش دەستنیشـان بکـرێ، چـونکە ئەم پـڕۆژانەی کە بـوونەتە هۆکــاری ئەم بــابەتە هەمــوو کەســانی حکــومی و لایەنــی پەیوەنــدی دارن وەدەتــوانین بە واژووکانیان بگەینە خودی شەخسەکان کە لە کوێدا خەلەلەکە هەیە، بەڕێزان دەمەوێ داوا بـکەم کە خاڵێك لە ڕاسپاردەکان زیاد بکەن بۆ ڕێکخستنی ئەو کۆمەکـانەی کەدێـت بـۆ قوربانیـانی ئەم لافــاوەو ئەم کارەســاتە، چــونکە ناکرێــت بەنــاوی ڕێکخــراوی حزبــی و نزیــك لە ڕێکخــراوە حزبییەکـانەوە بـێن شـەربەتێك و دوو نـان بـدەنە ئەم خەڵـکە وە ببێـتە هۆکـاری ئەوەی شـعوری

خەڵـك بریـندار بکرێـت لە ڕاسـتیدا سـەرەڕای ئەوەی کە مـن دەستخۆشـیم بـۆ ڕێکخراوەمـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی هەیە کە هەمیشــە دەســتیان بەو حکـومەتەوە هەیە بـۆ ئەوەی بتــوانن هاوکارییان بـکەن مـن کاتێـك لەم ڕووداوە دەستخۆشـی لە بەڕێـز سـەرۆکی حکومەت دەکەم کە حکومەتی خۆجێی هەولێر بەکۆی گشتی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندی دارن ئیستیقالەیان پێبکـات و دەریان بکات لە کارەکانیان وەکاتێك دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەیـن کە بتــوانی بەرپرســیارێتی لە وەزیــرە تایبەتەکـانی ئەو بــوارەو بەتــایبەتی وەزیــری شــارەوانی وەربگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنــاوی خــوای گەورەو میهرەبــان، ســەرەتا سەرەخۆشــی و هــاوخەمیم هەیە بــۆ کەســوکاری قوربانیانی ئەم کارەساتە دڵ تەزێنە کە لەشاری خۆشەویستی هەولێـر ڕوویـدا وە دەستخۆشـیم هەیە بــۆ لیــژنەی شــارەوانی و لیــژنەی ڕاســپێردراو کە بەڕاســتی ڕاپــۆرتێکی زۆرباشــیان ئامادەکردووە، هەم لە هۆکارەکانی ڕوودانی ئەم کارەساتە هەم لە چارەسـەرەکان کە دیـاریکراون لە ڕاپۆرتەکە و لەبەشی کۆتایشدا پشتیوانی بەڕاستی بەسزا گەیاندنی کەمتەرخەمـانی ڕوودانـی ئەم کارەســاتە دەکەم دیــارە هۆکارەکــان باســکران کە بــوونەتە هۆکــاری ئەم کارەســاتە هەم لە نەبوونی مەجاری پێویست بۆ دەرچوونی ئاو ڕێڕەو هەم لە دروستکردنی پرۆژەکـان کە لەبەردەم ئاوەڕۆو ئەو کەندانەدا دروستکراون کە لە جارانا ئەگەر سـەیری ماسـتەر پلانـی نەخشـەی شـاری هەولێــر بکەیــن ئەبینــین ئەمــانە شــوێنی دەرچــوونی ئــاو بــوون لە ڕۆژهەڵاتــی هەولێــریش کە لەماوەی ڕابردوو ڕوویـدا هەم لە بـاکوری ڕۆژهەڵاتـیش لەو ناوچـانەی کە لە هەینـی ڕابـردوو ئەم کارەسـاتە نەخـوازراوە لـێکەوتەوە، مـن چەنـد ڕاسـپاردەیەکم هەیە کە بـۆ لیـژنەی دیـاریکراو کە بتوانن ئەم خاڵانە جێبکەنەوە. یەکەم: دیـاریکردنی سـەقفێکی زەمەنـی بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئەو خـاڵانەی کە لێـرەدا لیـژنەی نـاوبراو دیـاریکردنی هۆکارەکـان وە چارەسـەرکردنی هۆکارەکـانی کردووە کە سەقفێکی زەمەنی بۆ چارەسەرکردنی ئەوە بەڕاستی بۆ جێبەجـێ کردنـی ئەو خـاڵانە بکرێت و پشتگیری قەرەبووی تەواوی خێزانەکان دەکەمەوە لێرەدا یەکشـت ئامـاژەی پێنەکـرا کە ئەو خێزانانەی کەسەر ئاژەڵی زۆریان لەدەست داوە ئەوە دیـاریی بکرێـت کە قەرەبـوو بکـرێنەوە کە بەداخەوە کەســێکیان گیــانی لەدەســتدا تــا ئێســتا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە، داوا ئەکەم بەڕاستی لەگەڵ وەزارەتی ڕاسپێردراو لەسەرخەت بن بۆ جێبەجـێ کردنـی ئەو چارەسـەرانەی کە لیژنەی ڕاسپێردراو دیاریکردوون وەهیوادارم بەڕاستی ئیش بکرێت وەکو پەرلەمـانی کوردسـتان چاودێریکردن لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانەی کە دیاریکراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، دەستخۆشـی لەو لیـژنەیە دەکەم پرسـەو سەرەخۆشـی لەو هاووڵاتییـــانە دەکەم بەڕاســـتی دزەکـــان بەشـــەو دێـــن دزی دەکەن، بەڵام ئەوەی دزی لەو میللەتەدەکـات بەڕۆژ دزی دەکـات و بەڕۆژ بە بەرچـاوی ئـێمە بە لیگزیـز دێـت و دەچێـت، یەعنـی ناکرێت مناڵانی هەژاران لەنـاو لیـتە بمێنێـنەوەو بـزربن، بەڵام منـداڵی سـەرمایەدارو منـداڵی ئەو بەرپرسـانەی کە ئەو کارەسـاتەیان کـردووە بـزربن، یەعنـی ئەو منـاڵانە لەنـاو لیـتەدا بمـرن، بەڵام منداڵەکانی بەرپرسەکان چێژ لە باران وەرگرن، یەعنی بەڕاستی ئەوە کارەساتە یەعنی سی سـاڵە هەولێـر پـایتەختی کوردسـتانە، هەولێـر شـوێنی بڕیـاردانە، هەولێـر هەمووەمـان سـەرمان بەرزە بەهەولێـر، بـۆیە پێویستە ئەو لیـژنە خاڵێـك زیـاد بکـات ئەوانەی لەو پـرۆژانە دەستیان هەبـووە موهەندیسـەکان، مەسـاحەکان وەبگـرە ئەوانەی لە ئاسـتی بـاڵاش بـوونە بـدرێنە دادگـاو وەك مامۆستا هەورامان گوتی دەستیان ببـڕن لەبەر ئەوەی ناکرێـت ئەو کارەسـاتە گەورە بکرێـت هەر ئاوا بە ئاسایی بە لیژنەدا بڕوات زۆرمان شت دایە لیژنەو هیچ نەکرا دیسـانەکە دەستخۆشـی لەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە دەکەم کە ئەوانەی دیفاع لە هەولێر دەکەن ئێ خۆ دوێنێ بوو لە دۆڵـی باڵەکـایەتی و بنـاری قەنـدیلیش لافـاو هەڵسـاو هیچتـانیش باسـتان نەکـردوو کەسـیش قەرەبـوو نەکرایەوەو دوو کەسیش گیانی لەدەستدا، بۆیە با چیتر فرمێسکی تیمساحی نەڕێژین و وەرن بـا هەمووەمان دەستمان لەناو دەستی یەك بنێین و یاسـا سـەروەر بێـت و ئەوانەی دزو گەنـدەڵن لەم وولاتە یـان ئەوەتە شـار بەدەریـان بکەیـن یـان دەسـتیان ببـڕین وەك ئەوەی مامۆسـتا هەورامـان گوتی، یەعنی بەڕاستی بەسە فرمێسکی تیمساحی یانی ئێمە لە یەدەگی غـازی دەیەم وولاتـین لە هەموو جیهان لە یەدەگی غازی....، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەداخەوە بۆ ئەو کارەساتەی لە هەولێر ڕوویداوە هاوبەشـی خەمیـانین، دەستخۆشـی بـۆ لیـژنە، ڕاپـۆرتێکی باشـیان ئامـادەکردووە، ئەمەوێ پشـتگیری پێشـنیارەکەی شـیرین امـین بـکەم، شـیرین خـان کە گـوتی بە شـەهید هەژمـار بکـرێن ئەو هاووڵاتییـانەی کە بەداخەوە خنکـاون، بەڕێزان بەتەنها بەرزکردنەوەی باڵەخـانەی هەوربـڕو لـوت لە هەور، ئەمە بە مەعنـای پێشـکەوتنی شارەکان نایە لە بەرامبەر سیستەمی ئاوەڕۆو زێراب، پشتگوێ خسـتنی گەڕەکە هەژارنشـینەکان لەسەر حسابی ئەمان بێت، یەعنـی ناکرێـت هاووڵاتییـانی هەرێمـی کوردسـتان لەوەرزی گەرمـادا بخنکێن لە تینوا و لە زستانیشا لەگەڵ بارانێك بارین هەم دیسـان بخنکێن بەهـۆی لافـاوەوە، بەچ لۆژیکێك و مەنتقێك بارینی نزیکەی حەوت ملیۆن مەتر سێ جـا بـاران لە ڕووبەری سـەد و پـانزە کیلۆمەتر چوارگۆشە ئەبێـتە هـۆی خنکـانی (١٢) هـاووڵاتی و زیـانی (٢٥٠٠) مـاڵ و زیـاتر لە (٨٤٧) سەیارە و زیاتر لە (٢١) ملیۆن دینار، ئـێمە داوامـانکردووە ئەو بەڕێـزانەی حکـومەت بـێن وەڵامـی

ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە مەنتقی تیایە بۆچی لەگەڵ بارینی بارانێکا یەکسەر کارەساتی ئاوا ئەخولقێت؟ بۆیە پێشنیارێکم هەیە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، بەڕێزان قسەشم لەگەڵ سەرۆکی لیژنە کرد چەند شوێنێکی دیکە هەیە ئێمە ناتوانین لە ئێستایا ناویان بهێنین لێرەوە، چونکە نەچووین و بەدواداچوون نەکراوە لیژنەی تایبەتمەند نەچوون ئەگینا ئێستا ناومان ئەهێنان کە ئەگەری ڕوودانی کارەساتی لەم شێوەیەی لێ چاوەڕوان ئەکرێت، بۆیە پێویستە بەر لەوەی کە کارەساتەکە ڕووبدات لیژنەی تایبەتمەند بچن لێکۆڵینەوە بکەن بۆ ئەوەی ڕووداوی هاوشێوە ڕوونەیات و دەستتان خۆش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وێڕای سەرەخۆشیم بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەو کارەساتە سروشتییە لە ڕاستیدا دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم بۆ ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە، لەڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی کەحکومەتی فیدراڵی عێراق مووچە و قووتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەکاملی نانێرێت، تەنانەت بۆ کارەساتە سروشتییەکانیش بە هەمان شێوە غەدر لە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەکات هەرچەند هەمووومان دەزانین کە قەبارەی ئەم کارەساتە چەند گەورە بوو، بەڵام بەڕێکی زۆر کەم هاوکاری تەرخانکراوە بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بۆیە من پێشنیار دەکەم کە لیژنەی تایبەتمەند بڕگەیەك زیادبکەن بۆ ئەوەی داوا لە حکومەتی فیدراڵی عێراق بکەن کە بە ئەرك و واجبی خۆیان هەڵسن و فەرق و جیاوازی لە نێوان هاووڵاتییانی عێراقدا نەکەن بەو پێیەی کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان چەندین ساڵە بەپێی حکومەت و تەوافق و شەراکەت کاردەکەین لەگەڵ حکومەت فیدراڵی عێراق، بەڵام تائێستا قەرەبووی ئەنفالکراوان جینۆسایدکراوان نەدراوە و لەم کارەساتە سروشتییانەش بەهەمان شێوە دەیانەوێت غەدر لە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بکەن، لە ڕاستیدا پێشنیارێکی ترم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە چیتر ڕێگا نەدەن موقاولەکان یان بەرپرسەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان تەجاوز بکەنە سەر موڵکی گشتی بۆ سوودو بەرژەوەندی خۆیان تا ئەو کارەساتە سروشتییانە دووبارە نەبنەوە، لە ڕاستیدا ئەوە کە تۆزێك زەمیرو ویژدانی هەبێت دەبینێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕاستی هەر لەسەرەتاوە ڕێکاری زۆر باشی گرتۆتەبەر هەموو بەرپرسەکان کۆکراینەوە تەنانەت سەرۆکی حکومەت دووجار بەژداری لەم لافاوە کردووەو سەردانی کەسوکارەکانی کردووە سەردانی زەرەرمەندانی کردووە بەپەلە ڕێکارەکانی پێویستی گرتۆتەبەر، من یەك خاڵی تر دەمەوێ ئیزافە بکەم لیژنەی شارەوانی ئەگەر لەمەودوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆیان بنووسە دوای، دکتۆرە گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسەو هاوخەمی خۆمان ئاراستەی قوربانیانی ئەو ڕووداوەی هەولێر دەکەین، دەستخۆشی لە لیژنە دەکەم وە ڕۆڵی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەموو یەکە ئیداری و کارگێڕییەکان دەکەین بۆ بەهاناوە چوونی هاووڵاتییان دەستخۆشی لەو ڕاسپاردەو پێشنیارانەی لیژنە دەکەین، دوو ڕاسپاردەو پێشنیارم هەیە پێم باشە ئەگەر لیژنە ئیزافەی بکاتن. یەکەم: ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان پێکردووە بەشێوەیەکی زانستی و توێژینەوە دیراسە بکرێت بەهاوکاری لەگەڵ زانکۆکان و پسپۆڕانی شاری هەولێر. دووەم: میدیاکان ڕۆڵی ئیجابی بگێڕن لە کاتی ڕوودانی ئەو کارەساتە سروشتییانە بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان و چۆنییەتی خۆپاراستنی ژیانیان و نەشڵەژانی هاووڵاتییان و ڕێنمای بە هاووڵاتییان بدەن بەڕۆڵێکی ئیجابی بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی کە ئەندامی لیژنەمە ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی ئەو ڕاپۆرتە بووین، هیوا خوازین لایەنە پەیوەندیدارەکان بەجدی کاری لەسەر بکەن، بەڵان چەند تێبینییەکی تری ئیزافیم هەیە کە بەشێکیان نەمانویست لە خودی ڕاپۆرتەکەش ئاماژەی پێبکرێت، بۆ نموونە لە کاتی ڕوودانی ئەم لافاوە (من و بەڕێز کاك نزارو دکتۆرە گەلاوێژ) ڕاستەوخۆ سەردانی شوێنەکەمان کرد چەند داواکارییەکی خەڵکەکە هەبوو لەناو گەرمەی لافاوەکە گەیاندمانە لایەنە پەیوەندی دارەکان بەپێی بەدواداچوونی بەردەوام هەر لەو کاتەدا چارەسەر کران، بەڵام پێویستی نەدەکرد لێرە ئاماژەی پێبکەین بۆیە نەنووسران، خاڵێکی تر لەدوای سەردانی کردنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت لیژنەیەك پێکهاتووە بۆ بەدواداچوونی ئەو خاڵانەی کە ئێمەش بەشێکمان لێرە ئاماژە پێکردووە، بەڵام پێشنیارێکی ترم هەیە وە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم ئەگەر بەشێك لە کەمتەرخەمی لە کارەکان هەبووبێت لە ڕابردوو بەپێویستی دەزانم کە ئەم لیژنەی ئێستا پێکهاتووە بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگاو چەندین بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتە مەعنییەکان، پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی تری باڵا لە بەڕێز وەزیری ناوخۆو وەزیری شارەوانی و پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و بەرپرسی فەرمانگەی بەدواداچوون لەم پێنج بەڕێزە پێکبێت بۆ ئەوەی لە ئاستی باڵابن لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە گومان دەکرێت کە کەسێك سەرەڕۆی کردبێت لە دەسەڵاتی لیژنەی یەکەم دا نەبێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم لیژنەیەك لەم بەڕێزانە پێکبێت، وە خاڵێکی تریش بەڕێز (لیزا خان) ئاماژەی پێکرد کە حکومەتی عێراقی هاوکاری لوبنانی کردووە و لەهەمان کاتدا بۆ بەرچاوڕوونی ئێوەی بەڕێزیش حکومەتی عێراقی تەنها بۆ لایەنی تەندروستی و چەند لایەنێکی تر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زیاتر لە

حەوت ملیاری بۆ فەلەستین تەرخانکردووە، بەڵام ئامادە نەبووە لە دوو ملیار زیاتر بۆ هەولێر تەرخان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فیصل.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە لیژنەکەی شارەوانی دەکەم هەقیقەت ڕاپۆرتەکەیان خاڵ بە خاڵ شیکردۆتەوە هەم خۆشم لەگەڵ (سەرۆکی شارەوانی و ڕۆژان خان) سەردانی مەنتیقەی دارەتووو و قوشتەپەمان کردیە و لێکۆڵینەوەیەکی جوانیشمان بەدەست کەوتووە دایتمانە سەرۆکی شارەوانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی لیژنەی شارەوانی...

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

بەڵێ سەرۆکی لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، منیش هەمان تێبینی هاوڕێیانم هەیە لەسەر ئامادە نەبوونی وەزیری شارەوانی، بەداخەوە بۆیە یاداشت ئەدەین چەندجار دووبارە ئەبێتەوە کە یاداشتەکانمان بەداخەوە جێی خۆی ناگرێ و حکومەت لێرە ئامادە نابێت، وە هاوخەمی خۆم دەرئەبڕم سەبارەت بە خەسارەی گیانی بەڕاستی هیچ ئازارێك ناگات بە لەدەستدانی کەسە ئەزیزەکان بەڕای من قەرەبووی مادیش ناتوانێ ئەو ئازارە کەم بکاتەوە، بەڵام هاوڕای هەموو ئەو هاوڕێیانەم پێویستە لیژنەی تایبەتمەند جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکاتەوە کە ئەوانەی بەڕاستی زەرەری گیانی ئەو هاووڵاتییانە بە شەهیدی هاووڵاتی ئەژمار بکرێن ئەوە بەڕاستی کەمترین قەرەبووە بۆ لەدەست دانی کەسە ئەزیزەکان هەمووان لە کارەساتی قوربانی سەختی وەرزی تێدەگەین، بەڵام ئەوەی کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە شاری هەولێر ڕوویدا ئەگەر بەڕوونی بڵێین بەڕاستی دەستکاری کردن و گۆڕینی ڕێڕەوی ئاو ئەوە هۆکاربوو بۆ ڕوودانی ئەو کارەساتە لەپێناو دروستکردنی سیتی و هەندێك لە شەقامەکان و گەورە کردنی شار، بۆیە ئەم کارەساتەی لێکەوتەوە، بۆیە جەخت دەکەین کە پەرلەمان کە دەستخۆشی لە لیژنەکە ئەکەم زۆر ڕاسپاردەکانیان گرینگ بوو ئومێد دەکەین ڕاسپاردەو تەوسیاتانە بگەن بەشوێنی پەیوەندیدار کە حکومەتەو لایەنی جێبەجێ کارە بەزووترین کات جێگەی خۆی بگرێتەوە، ئەو تەوسیاتانە بەڕاستی ڕاپۆرتەکەی تێرو تەسەلە و پشتیوانی لێ ئەکەم لە ڕاپۆرتەکە مەفروزە پەرلەمان بە

ڕاسپاردە داوای سەر لە نوێ ماستەر پلانی پایتەخت بکات بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم کارەساتە دەستتان خۆشبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سەرەتا سەری ڕێزو نەوازش بۆ قوربانیانی ئەو کارەساتە سروشتییە، داوای سەبوری بۆ کەسوکاریان دەکەین، هەروەها دەستخۆشیمان بۆ لیژنەی تایبەتمەند هەیە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیان وێڕای پشتیوانیمان بۆ ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی کە داوای بەسزا گەیاندنی بەشێك لەو وەبەرهێنانانەیان کرد کە بەڕاستی هۆکارن بۆ ئەمە، هەروەها دەستخۆشیمان بۆ ئەو کەسانەی کە یارمەتی دەربوونە بۆ ئەوەی کە بشێك لە خەم و مناعاتی ئەو کارەساتە کەم بکەنەوە، من دەمەوێت یەك خاڵ بۆ ڕاسپاردەکەی لیژنە بەڕێزەکە ئیزافە بکەم ئەویش. یەکەم: ئەوەیە ئێمە دەزانین تەنها ئەگەر ساڵی (٢٠٢١) بەنموونە وەربگرین بە سەدان کۆمپانیای نەوتی، هەروەها بە سەدان بەناو وەبەرهێن کە بەداخەوە هەڵتۆقیون و شەریکی بەرپرسەکانن لە بەهەدەردانی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە ناچاربکرێن بەشێك لە ڕبعی تەنها ساڵی (٢٠٢١)یان، بدرێت بۆ قەرەبووی ئەم کارەساتە کە بەڕاستی ئەوان لەسەر ئەم خاکە پیرۆزە سوودمەند بوونە ناکرێت کە بەشێك لە خاکە پیرۆزەکەمان تەعزیەبار ئەبێت ئەوان وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچن و نەتوانن، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو خاڵە تەسبیتکەن، هەروەها لە بەشێکی تر لە ڕاسپاردەکەتان دەستخۆشی تەواو لە هەموو ئەو سەرمایەدارە ڕەسەنانە بەکەم کە لەم کارەساتە سروشتییە یارمەتیدەر بوونە و ناویان بهێنرێت لەوانە بەڕێز ( فاروق مەلا مصطفى) کە مەبلەغێکی زۆری دابینکردووەو بە دەیان سەرمایەداری تر وەتەنانەت من پێشنیار ئەکەم ناوی بەڕێز کاك( فاروق مەلا مصطفى) لە لیژنەی شارەوانی هەڵبواسرێ کە ڕوحییەتی تەبایی و برایەتی و کەسێتی لەنێوان شارەکان زیادکردەوە بۆ ئەوەی سەرمایەدارەکانی تریش چاوی لێبکەن بەو ڕوحیەتە یارمەتی بدەن بۆ خەڵکی لێقەومانی شار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان، پێش چەندین ڕۆژا کو ئەڤ کارەساتە ڕوویدایتن ئەکید حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئاگاهدار بوو کو دڤێت ماوەیدا باران بارێت لافاو دروستبن ئایا پرسیار ئەڤەیە ئەم نزانم لیژنێ بکەم چ وەزیرا بکەم کو ڤێرێ ئامادەنەبووینە پلانا حکومەتێ چێبووە ڤی دەمی بۆ ڕی بوونا ئەڤی لافاوا ئەوێ ئایا پلان هەبوو ئایا لیژنا ئاگایا لە پلانا حکومەتێ هەبوو کو ئەڤ حکومەتا چ ئامادەکارییێت مادی لۆجیستی کرد بۆ کو ئەڤ لافاوا هەمی بەربلاڤ

ببیتن و زیانێت هێنده مەزن بێـنە کرنـێ هەنـووکە بـۆ نمـوونە دهـوکێ دهـوکێ یەك ڕێبـارە هەیە ڕێبـارێ هیشـکەڕۆ هەنـووکە ئەز داخـوازێ دکەم لیژنـا مەعەنـی بەدواداچـوونێ بـکەن، چـونکە دهـوکیش بەرسـرایە ئـایە ئەڤە دوو بـودجە بـۆ هـاتنە تەرخـانکرنێ ئەف ڕێبـارێ هیشـکەڕۆ حەتـا نووکە بۆچی نەکەتیە بـوارێ جێبەجـێ کرنـێ دا سـبای حکـومەت مـولزەم بنیسـە دوو ملیـارا بـۆ خەلکی دهوکی بۆ قەرەبوو کرنا وان تەرخان بکەتن؟ پرسیارەکی تـر ئەڤەیە حەزکەم لیـژنە پـێش حکومەتێ ئەگەر بچێتن چاڤا بداتن ئایا بۆچی ئەگەر دەمێ کارەسات چێببیتن دەبینی ڕێکخـراو و کۆمپانیـا ییـت کەرتـی تـایبەتی حزبـی ڕۆڵـی حکـومەت ڕادبـن ئایـا حەتـا نووکـو شـارەوانیێ، بـۆ نموونە ئەز جارەکا دی بێژم دهوکێ ئامادەبێت وان لافاوێت دهـوکێ بـووین داخـازا هاووڵاتییێـت کرن مەکائینـا بیـنن کـو ڕێکـا ڤەکەن ڕێکـا ڤەکەن دا خەلـك بچیـت مـاڵێ خـۆ ڕابێـتن ئایـا بـوچی حکومەتێ هەتا ئێستا مەکائین نیـنن دوزەر نیـنە ئـالیەت نیـنە ئەگەر کارەسـاتا خوسـا ڕوویبـداتن فعلەن هانا خەلکی دابچیتن ئەگەر حکومەتێ بیست و دوو ملیارو زێدەتر نەبێتن قەرەبوویـا ڤـان هاووڵاتییێ زیان ڤێ کەفتی بکەتن کی دێت قەرەبوویا وان کەتن یاعنی پرسیار ئەڤەیە؟ هنـووکە جێی حەواندنێ ژ وان نینە یەت ماینە پیڤیا ڕێکخراوێن خێرخوازین، ئـاخر پرسـیار بـۆ دەسـتەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ بەڕێز مە یاداشـتەکا پێشـکەش کـری ئیمـزای(٣٢) پەرلەمانتـارا مە داخـاز کری سەر هەمان بابەت لایەنێ پەیوەندی دار ئامادەبن سێ لایەن ژ مە دەسنیشان کرین ئایا ئەف ڕاپۆرتە ئەف کونبوونا هاتییە تەرخانکرن بەدیلێ وێیە یان ئەو دێ ئێتە کرن هەنـدە بـابەتی تـرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو جوابت ئەدەمەوە، زۆر سوپاس، ئێمە هەر دوێنێ پێمان گەیشتووە هەر دوێنێش هامشـمان کـردووە کە بچێـت بـۆ ئەنجـوومەنی وەزیـران وە دوو بـابەتی جیـاوازە، نـا بەدیـل نیـیە ئەگەر ناردوومانە بۆ ئەوەی ئەو وەزیرە بەڕێـزانەی داواتـان کـردووە ئامـادەبن لە حـاڵەتی ئامـادەبوونی ئەوان دەتوانین دانیشتنێکی تریش بکەین، بەڵێ مامۆستا عثمان فەرموو جەنابتان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، مـن نامەوێـت بەڕاسـتی کـاتەکەم بە دەستخۆشـی بکـوژم، لەبەر ئەوەی لیـژنەی تایبەتمەنـد لەگەڵ ئەو راپـۆرتە چڕوپـڕەی کە ئامادەیـان کـردووە، بەڵام هەسـتاون بەکاری خۆیان هەموو پەرلەمانتارانیش ئەرکی سەرشـانمانە کە خزمەتـی ئەم خەڵـکەو ئەم خـاکە بکەین منەت نەبێت و خێریش نییە بۆیە من بە فەرمـوودەیەکی گەورەی (عمـری کـوڕی خطـاب) دەست پێدەکەم کە دەفەرموێت (ئەگەر حەیوانێـك لە شـاخەکان هەڵـدێرێت خـوا مـن محاسـەبە ئەکات لەوەی کە بۆ ڕێم بـۆ حەیوانێـك خـۆش نەکـردووە)، ئێسـتا ئـێمە وەکـو پەرلەمـان و تیمـی حکومی بەڕاستی لەو کارەساتە تاوانبارین لەوەی کە نەمان توانیـووە ئەگەر ئافـاتەکە سـەماویش بـووە، بەڵام بەدەنگیـانەوە نەچـووین تائێسـتا وەزیرێکـی بەڕێـز ئامادەنەبێـت، بـۆ ئەوەی لێپێچیـنەوەی لەگەڵ بکرێـت بـۆ ئەوەی کەوا گفتوگـۆی تەوەرەکە بکرێـت ئەو هاووڵاتییـانە لە دوێنێوە چاوەڕوان دەکەن ئەم پەرلەمانە بەڕێزە بڵێن بڕیارمانـدا یـان داوادەکەیـن یـان پێشـنیار

دەکەین بڕی ئەوەندە مەبلەغە پارەیە بۆ ئەو زەرەرمەندانە دیاریی بکرێت، زەرەرەکە هەر ماددی نییە زەرەرەکە مەعنەویشە باوەڕ بکەن زۆر لە منداڵەکان بانگمان دەکەن بۆ ئەوەی ڕوقییەکی شەرعیان بۆ بخوێنینەوە دوعایان بۆ بکەین هەموو تۆقیون زیرەیان لێهەڵساوە، یانی هەر زەرەرەکە ماددی نییە بەڕێزان پێویستە بەڕاستی بە گیانێکی فیدایانەوە بچینەوە ناو بابەتەکەوە هەر بۆ ئەوە نەبێت قسان بکەین و دوای بچینە بەر شاشەی کامێرای دەرەوەو ئاوام گوت و ئاوا دەڵێم و بۆ خۆ عەرزکردن بێت بەڕاستی لەوە دەرچووە، بۆیە من دەستخۆشیم نەکرد ئەگەرنا بەکەم سەیری کردەوەو چالاکی هیچ کەس ناکەم دەستتان خۆشبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی لیژنەی شارەوانی یەك كەستان قسە بکەن، بەڵێ گوڵستان خان فەرموو داوای لێبوردنت لێ ئەکەم نەمبینی زۆر سەیرە ببورە، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بووراوی دکتۆرە گیان، من بەناوی فراکسیۆنی گۆڕان پرسەو هاوخەمی خۆمان دەگەیەنین بەخانەوادەی قوربانیان و ئەو خانەوادانەی کە تووشی زەرەو زیان بوون بەهۆی ئەم لافاوە، وە دەستخۆشی لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەم لەو لیژنەیە لە ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە، من داواکارم ئەو وەبەرهێنانەی کە بوونەتە هۆکار بۆ ئەوەی کە ئەم کارەساتە ڕووبدات سزا بدرێن وە قەرەبووی ئەو زیان لێکەوتووانە ئەوان بیدەن چونکە بەناحەق ئەم کێشەیان تووشی خەڵکی هەولێر کرد لەکاتێکا لە ساڵانی ڕابردوو ڕێژەیەکی زۆرتر باران باریوە، بەڵام بەم شێوازە خەڵك تووشی کارەساتێك نەبووە کە ماڵ و خێزان و ژیانی تیابچێت، وە داوائەکەم ئەو قوربانیانە بە شەهید ئەژمار بکرێن وێڕای ئەوەی کە هەولێر لەڕووی تۆبۆگرافییەوە شوێنێکە دەشتە وئەم دەشتە خۆی هەڵناگرێت لەمە فراوانتر بکرێت ئەگەر مشوری زێراب و ئاو ئاوەڕۆکانی نەخورێت وە ئەشێت ئەم دەشتە، یەعنی حدودێك بکرێت بە دەوریدا بە چاڵی گەورە دەوری (٥٠٠) مەتر بە (٥٠٠) مەتر، بۆ ئەوەی ئەو ئاوانە دێن و ڕێڕەوەکەیان گیراوە بچنە ناو ئەو چاڵانە هەم یارمەتی ئەوە بدات کە ئاوی ژێر زەوی زیادبکرێت بە قوڵای (١٠) مەتر، وە ئەتوانن شار بەشێوازێکی تر بگوێزنەوە، ئێستا ئێمە ئەبینین هەرلە سلێمانی ئەو قەڵەباڵغیە زۆرە هەڵناگرێت شارێکی کە لە سیتەك و لە مێرگەپان و ئەوانە دروستکراوە کە ژمارەی دانیشتوانی ئێرەش مەجالی تیایە ئەتوانن شارەکە بگوێزنەوە بۆلای پیرمام بۆ بەردەمی ئەو شوێنەی هەنارە کە شوێنی بەرزەو یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی کە خەڵك تووشی ئەم کارەساتانە نەبێت، من داوا ئەکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەم لە ئاو و ئاوەڕۆ بخوات و ئەو سیستەمە بە ئەرکی خۆی بزانێت چارەسەری بکات بۆ ئەوەی چیتر کارەساتی لەو شێوەیە دووبارە نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ دەنگدان لەسەر ڕاسپاردەکان نیسابمان نییە، بەڕێزان (٥٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لە ژوورەوەیە، کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیمان بۆ لیژنەی تايبەتمەند ولێرەوە سەرەخۆشی خۆمـان ئاراستـەی قوربانیـانی لافـاوەكەی شـاری هەولێـر و هەروەهـا هـاوخەمی خۆمـان بە زیـان لێكەوتـووانی ئەو كارەسـاتە ڕادەگەیەنین، دیارە بۆ چارەسەری كێشەی لافاو لە زستاندا بۆ شاری هەولێرو هەروەها بـێ ئـاوی لە هاوینـدا، مـن پێشـنيار دەكەم ڕێـڕەوی ئەو ئـاوانەی كە كەوتـوونە سـەروی شـاری هەولێـرەوە هەموويان بگۆڕدرێن و هەروەهـا لە چوارچێـوەی بەنـداوێك كـۆبكرێنەوە بـۆ ئەوەی بتوانرێـت لە زسـتانا بەدوورمـان بكـات لە بەڵای لافـاو هەروەهـا لە زستانیشـدا بتـوانین سـودمەند بـبـين لە ئـاوەكەی بـۆ شـاری هەولێـری خۆشەويسـت، هەروەهـا لێـرە مـن پێشـنيارێكم هەيە بـۆ ليـژنەی تايبەتمەند ئەويش ئەوەيە كە پێويستە بـۆ هەر زيـان لێكەوتـوويەك بـڕی يەك پـارچە زەوی وەكـو قەرەبوو بدرێت بە زيان لێكەوتووان ئەوانەی كە زيـانی زۆريـان لێكەوتـووە هەروەهـا ئەم بڕيـارە تەواوی شارو شـارۆچكەكانی تـريش بگـرێتەوە وەكـو بـرادەران باسـيانكرد لەبەر ئەوە لە ئێسـتادا حكـومەت لەوانەيە بيـانووی ئەوەی هەبێـت كەوا قەيرانـی دارايـيە يـاخود لەوانەيە پـارەی پێويست نەبێت بۆ ئەمە بۆيە پێدانی پارچەيەك زەوی پێويسـتە بـۆ ئەوانە و گونجـاوە هەروەهـا دانانی بوق بۆ ئەو گەڕەكانەی كەوا هەدەفن بۆ لافـاو كە لەكاتێكـدا لە نيـوە شـەوێكدا لافـاو بێـت ئەگەر بوقێك لێ بدرێت ئاگادار دەبنەوە هەروەها... زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس كاك عثمان كاتت تەواو، لەوێ پەرلەمان نيیە با دروست ببێتەوە ان شاالله، نـوقتەی نيزاميت هەيە مامۆستا، باشە فەرموو، بەڕێزان بە ئەندامان بڵێن بابێنە ژوورەوە.

**بەڕێز هەورامان حمە شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستيدا ليژنەی بەڕێز هەڵساوە بە ماندووبوونێكی زۆرو وە گفتوگۆی پەرلەمانتـاران، بەڵام مـن ئەوە دوو خولە لە پەرلەمانی كوردسـتانا هەم جەنابيشـت پـێكەوە بـووين هەشـت دانە سـاڵە لەم پەرلەمانی كوردستانە ئێمە ڕاسپاردە دوای ڕاسـپاردە ئەنێـرين يەك ڕاسـپاردە لەلايەن حكومەتی هەرێمــی كوردســتانەوە جێبەجــێ نەكــراوە بە بەڵــگە هەر لەم خولەيــا ڕاســپاردەمان لەســەر موئسساتی هەڵەبجە و شاری هەڵەبجە نارد هيچ جێبەجێ نەكرا... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتە نيزامی نییەو پەيوەندی بەو كۆبوونەوەش نییە...

**بەڕێز هەورامان حمە شريف:**

... پەيوەندی بەو كۆبوونەوەيە هەيە ڕاسپاردە مەنێـرن، ڕاسـپاردە هـيچ سـوودێكی نيـيە و تـۆزی لەسەر ئەنيشێ و جێبەجێ ناكرێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

... پەيڕەوی ناوەخۆ وائەڵێت زۆر سوپاس مامۆستا، ئێمە دەسـەڵاتی پەيـڕەوی نـاوەخۆ جێبەجـێ ئەكەين فەرموو، كاك لقمان فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە بەشداریان کرد لە گفتوگۆ کردن بۆ دەوڵەمەند کردنی ڕاپۆرتەکەمان، ئێمە لەگەڵ خوشك وبراکانمان لەلیژنەی شارەوانی دوای چەندین کۆبوونەوە و دیراسەی مەیدانی و بەدواداچوون و ڕاوێژکردن ئەم ڕاپۆرتەمان بەو پەڕی هەستکردن بە مەسئولیەتەوە بۆ دەست نیشانکردنی تەواوی کەموکورییەکان وە چاوپۆشی نەکردن لە هیچ بابەتێکەوە ئامادەکردووە و بەدیاریکراوی پەنجەمان خستۆتە سەر لایەنی کەمتەرخەم لە حکومەتی خۆجێی، بۆ حکومەتی خۆجێیی؟ چونکە کاتێك دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی پرۆژەیەك ئەدات سەۆکایەتی شارەوانی بڕیاریی تەخسیسکردنی زەوی و شوێنی دیاریکردنی زەوی ئەدات بۆیە بەرپرسیاریەتیەکەمان لە داموودەزگاکانی حکومەت گێڕاوەتەوە بۆ حکومەتی خۆجێی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان سەرۆکایەتی گشتی شارەوانیەکان لە شارو شارۆچکەکان ئەگرێتەوە، سەبارەت بە وەڵامێکی دیاریکراوی (هلْز خان) بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیەکان ئامێرو کەل وپەلی پێویستیان نییە بەڵێ بەپێی بەدواداچوونی ئێمە سەرۆکایەتی شارەوانییەکان لە تەواوی شارو شارۆچکەکان ئالیاتی پێویستیان نییە پێشوتر وەزارەتی شارەوانی گرێبەستی کۆکردنەوەی خۆڵ وخاشاکی لەگەڵ کۆمپانیاکان بەستووە بەپێی ناوەڕۆکە گرێبەستەکە لە ( ١٥ی/مانگی٢)ی ئەمساڵ کۆتایی دێت، تەواوی ئالیاتی کۆمپانیاکان ئەبێت بگوازرێتەوە بۆ موڵکی گشتی و بۆ سەرۆکایەتی شارەوانییەکان، ئێمە دوای ئەوەی ئەو ڕاپۆرتەمان پێشکەش کردووە لەڕێگای بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاراستەی حکومەت ئەکرێت، ئێمە بەوردی لەلیژنەی شارەوانی لەگەڵ خوشك و براکانمان بەوردی بەدواداچوون بۆ جێبەجێ کردنی ئەکەین هاوزەمەن لەگەڵ ئەوە هەر دوێنێ چەند لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ سەردانی مەیدانی بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵبجە و دهۆك و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ بەدواداچوون بۆ پرسی خزمەتگوزاری و کێشەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە سەرجەم شارو شارۆچکەکان، بۆیە لە ڕۆژانی داهاتووشدا لیژنەی شارەوانی و لیژنە تایبەتمەندەکانمان کە پێکهێناون ئەکید سەردانی مەیدانی بۆ تەواوی شارو شارۆچکەکان ئەکەین وێڕای ئەوەی کە جەخت لە قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتیان ئەکەین درووود ئەنێرین بۆ ڕووحی قوربانییەکان وە پشتیوانی لەو ڕەئییانە دەکەین کە قوربانییەکان بەشەهید تۆماربکرێن و ئومێد دەخوازین ووڵاتەکەمان و نیشتمانەکەمان خوا بیپارێزێ و کارەساتی هاوشێوەی ئەوە دووبارە نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ڕاسپاردەکانی لیژنە لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردن و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ڕاسپاردەکانی لیژنە ئەیخەینە دەنگدان هەر بەڕێزێك لەگەڵیەتی بابفەرموێت دەست بەرزکاتەوە؟ بەڵێ بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، زۆر زۆر سوپاس بۆ لیژنەی شارەوانی سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمان کە ڕۆڵیان هەبوو لە دەوڵەمەنکردنی ڕاپۆرتەکە، زۆر سوپاس. دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی (دووەم)ی بەرنامەی کار ئەکەین کە

بـریتییه له خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ ئەو پـرۆژە یاسـایانەی خـوارەوە بەپێـی حـوكمی ماددەكـانی (٨٧،٨٨،٨٩) له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ئێمه پێمان باشه ئەو دوو خاڵە ئـاڵوگۆڕ به شوێنەكانیان بكرێت هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕەیه بابفەرموێت دەسـت بەرزكـاتەوە، بەڵـێ زۆر سـوپاس پەسـەندكرا، سـەرۆكایەتی لیــژنەی ووزە لەگەڵ سـەرۆكایەتی لیــژنەی یاسـایی فەرموون.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان، له دانیشتنی دوێنێ ژمارە (١٢) ئاماژە بەوە كرا كه گروپێك یـان پەیجێك یان ڕێكخراوێك ئەگەر سووكایەتی به پەرلەمان كرد لێی بێـدەنگ نەبـین، بەڕاسـتی ئەو پرسه كراو پرسیار ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كـرا، باشـه بـۆ ئـێمه ئەگەر ڕێكخراوێـك یـان گروپێك یان پەیجێكی كۆمەڵگای مەدەنی ئەگەر هجوومی سەر پەرلەمان بكات ئـێمه هەمووـمـان ناڕازین، بەڵام له كەناڵێكی ئاسمانی له هەڵەی پەیامنێرێـك كه هەڵەكه لەخۆیـان بێـت سـوكایەتی به پەرلەمـان و پەرلەمانتـاران بكرێـت لێـی بێـدەنگین ئەوە ئاراسـتەی بەڕێزتـان دەكەم وەكـو سەرۆكایەتی پەرلەمان كه ئەو كەناڵە و ئەو پێشكەشكارە و ئەو پەیامنێرە داوای لێبووردن بكـات بەڕاستی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نازانم باسی چی ئەكەی له ڕاستیا ئاراستەمانی بكەیتەوە، كاك سیپان دەستت بەرز كرد بۆ نـوقتە نیزامی، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاداشـتەكا فەرمـی كـوم ئاراسـتەی جەنـابی وە كـرییه لسـەر جیاوازیـا مـووچەو پـله بەرزكرنـا فەرمانبەرێن هەرێما كوردستانێ كوش ساڵا (٢٠١٥ تا ٢٠٢١) پله بەرزكرنا فەرمانبەرێ نەهاتینه كرن ئەڤەش ژ بوویه هۆكارێ چەندێ كو پارەیەكی زۆر ل ڤـان فەرمـانبەران بێـته بـڕین هەریەك ژوان شێست هەزار هەتاوەكو سێ سەد هەزار ژ هاتیه بڕین كو مافەكی یاساییه هاتییه پێشیل كرن كو ساڵا(٢٠١٦) به بڕیارەكا نایاساییا ئەنجوومەنی وەزیـران پـله بەرزكرنـا فەرمـانبەران هـاتییه بـڕین ئەڤەش به شـیوازەكی مەهـانه پـارە ژ فەرمـانبەران دێـته بـڕین بێكـو فەرمـانبەر ئاگـای ژهەبیـت لەوەڕا ڤێ نوسـراڤێك ئاراسـتەی ئەنجـوومەنی وەزیـران دكەیـن ژ بـۆ پێـداچوون بـوێ بڕیـارێ و ئەڤێ بڕیاری بێته ڕاستكرن و مافی یاسایی فەرمانبەران بهێته زڤراندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددی (٤١) قسه دەكەم له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یاسای چاكسازی ژمارە (٢)ی سـاڵی (٢٠٢٠) كه پەرلەمان دەریكردووە و ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریـدا هەر سـێ مانـگ جـارێ ڕاپـۆرت

بنێرێت سەبارەت بە شێوازی جێبەجێ کردنی یاساکە، بەڵام ئەوە حەڤدە مانگ تێپەڕیووە تا ئێستا دوو ڕاپۆرت گەیشتووە، ئەبوایە ڕاپۆرتی شەشەم بهاتایە کە ئەم فشارەی ئەنجومەنی وەزیران نایکاتە سەر وەزارەتەکان وا ئەکات کاری وەزارەتەکان سست بێت لە جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی، یەك نموونەی بەسیت. یەکەم: لە وەزارەتی پێشمەرگە پێداچوونەوە لە میلاکاتی تەنها فەرمانبەرانی مەدەنی کراوە یان یەکەی حەفتا و هەشتا پێداچوونەوەی بۆ نەکراوە. دووەم: جگە لە یەکەکانی حەفتا و هەشتا بەشێکی تری بەرچاوی فەرمانبەرانی دامەزراوەی ئەمنی کە نزیکەی شەست هەزار فەرمانبەرن تا ئێستا بایۆمەتریان بۆ نەکراوە کە لە یاساکە تەئکید ئەکاتەوە سەری.سێیەم: سەرەڕای ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بڕیاری داوە یەکەکانی حەفتا و هەشتا مووچەکانیان لەڕێی یەکەی ژمێریاریی یەکگرتووەوە وەربگرن، بەڵام ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە تائێستا بە گوژمە پارەیان بۆ بە مووچە پێ ئەدرێت...، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودای مەزن و دلۆڤان، گورێ وە پرسیارو بەدواداچونێ بۆمە کرین بەڕاستی ژ دهۆك قەیرانەکا مەزن چاپ و وەشانێ دانە بەردەوامی ڤێ ڕەوشێ ڤێ قەیرانێ ڕوویدانەکا گەلەکا خراپ لسەر ئاستێ ڕۆشنبیری و مەعریفیێ پارێزگاها دهۆکێ وە بەرەبابێ کەدا ژ هاتیە کرن ژبەر هەندێ گازیامە بوو ئانجومەنی وەزیران وەزارەتا ڕەوشنبیریێ کو بزیترین دەم بهێنە سەر خەت وە پشتگیریێ ل نفیسەر و ڕەوشەنبیرو خوێندنڤانێ پارێزگاها دهۆکێ بکەن ڤێ بابەتی چارەسەر بکەن. هەروەسا داخازا ژیانا وێ دکەین وەکو لیژنەی تایبەتمەند مەرجدارا ڕەوشنبیری ڕاسپێرن ژ بۆ هەندێ دیفچوونا وی بابەتی بکەن و چارەسەری وی بابەتی بێنە کرن، چونکی دهۆکێ قەیرانەکا مەزنا چاپ و وەشانێ دا بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بابەتانە ئەبێت بەیاداشت ئاراستەی سەرۆکایەتی بکرێت ئێمەش لیژنە ڕادەسپێرین، بەڵێ مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەك زانیمان دوو مانگ بوو مووچە نەدرابوو وە دوێنێ و پێرێ ووتیان مووچەی مانگی (١٢) لە مانگی یەك دابەش دەکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان خەڵك کرێچیەو لە بارودۆخێکی قەیراناویدا دەژی چۆن دەبێت، ئێمە نەوت دەفرۆشین دوو سەد ملیارەکە لەبەر دەستدایە، چۆن دەبێت مووچە بکەوێتە دوای سەری ساڵ، پشووی سەری ساڵ چ پێویستە بۆ خەڵکی بێپارەو گیرفان بەتاڵ، سەری ساڵ بۆ ئەوانە نییە، سەری ساڵ بۆ خوا پێداوانە پێویست ناکات بەبیانووی عوتڵەی سەری ساڵەوە دوابخرێت، بەدواداچوونم کردووە یەك وەزارەت لە١٠% ی چاکسازی

کردووە ملیارێك و حەوت سەدوو سێ ملیۆن دینار گەڕاوەتەوە بۆ حکومەت، یەعنی لە خەرجی مووچە کەم بۆتەوە ئێ باشە چۆن دەبێت خەرجی مووچە ئێستا زیادی کردووە، یەعنی چاکسازی بەو نەوعەیە خەرجی مووچە زیاد بکات... زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاسپاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٢١) کاتژمێر (١:٠٠) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بەمەبەستی پێداچوونەوەو داڕشتنی یاسای دڵنیابوون لە دژنەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستووری یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەکانی یەکەم و سێیەم لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەت بەڕاپۆرتی لیژنەی ووزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی بۆ خوێندنەوەی دووەم و سەبارەت بە پڕۆژە یاساکانی هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە (٦) ساڵی (٢٠٢١) لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە، پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای کارەبا لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە (٦) ماددەی (١)خاڵی سێیەم لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٨) هەڵدەوەشێتەوەو بڕگەیەك بەزنجیرەی سێیەم بۆ ماددەکە زیاد دەکرێت بەمشێوەیە دەخوێنرێتەوە.

سێیەم: ئەرك و وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەت بەپەیڕەوێك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢):

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی(٣):

کار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی(٤):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بەمەبەستی دەست نیشانکردنی لایەنی پەیوەندیدار بە دیاریکردنی ئەرك و وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەتی کارەبا لە هەرێم ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە ڕاپۆرتەکە بخرێتە گفتوگۆ بابفەرمویت دەست بەرزکاتەوە؟ هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان ڕاپۆرتەکەو ئەصڵی پرۆژەکە، بەڵێ پەسەندکرا، ناونیشان بخوێنەوە کاك بژار بەردەوامبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشان پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٢١)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای کارەبا لە هەرێمی کوردستان، بە خوێندنەوەی ناونیشان دەست پێدەکەین هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ئەو ناونیشانە بادەست بەرزکاتەوە بۆ قسەکردن کەس نییە، ماددەی (١) بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) خاڵی سێیەم لە بڕگەی دووەم اە ماددەی (٨) هەڵدەوەشێتەوە، بڕگەیەك بە زنجیرەی سێیەم بۆ ماددەکە زیاد دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

سێیەم: ئەرك وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەت بەپەیڕەوێك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددیە، بەڵێ کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕاستە لە لیژنەکەم، بەڵام نە واژووم کردووەو نە لەگەڵیشی بووم، بۆیە قسەدەکەم ئەگەر تەرکیزکەن لەگەڵم ئەمە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەرکو وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەوێك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، بەداخەوە ئەوەی کە دەیبینین خەریکە دەبێتە بە دیاردە هەموو یاساکانی هەرێمی کوردستان خەریکە بەتایبەتی وەزارەتەکان هەموار دەکرێنەوە بەجۆرێك کە دەسەڵاتەکە دەدرێتەوە بە ئەنجوومەنی وەزیران، یەعنی وەزارەتێك خۆی نەتوانێت پەیڕەوێك دەربکات، نەتوانێ ڕێنمایی بۆخۆی دەربکات بۆچی هەمان بێت، ئەصڵەن ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی وەزارەتە خاسەتەن بۆ وەزارەتی کارەبا کێ لە وەزیری کارەباو ئەنجوومەنەکەی باشتر دەزانێت کە چی پێویستەو چۆن جێبەجێ بکرێت وچی پێویستە بۆ وەزارەتەکەی خۆیان، یەعنی ئەم بەمەرکەزی کردنەی حکومەت لەکاتێکدا کە مەبدەئێکی تەوافقی لەنێوان لایەنەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیەو بە ماددەیەکی دیاریکراو لە

نووسـینەوەی کارنـامەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لامەرکەزیـیە، مـن نـازانم ئەو هەمـوو تەعقیـدات و ئەو هەمـوو مەرکەزی بـوونە بـۆچی بەڕاسـتی، بـۆیە تکـادەکەم ئەم مـاددەیە وەکـو خۆی بمێنێتەوە وە بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەوە نەکرێت کە ئەنجـوومەنی وەزیـران نەك هەر بـۆ وەزارەتی کارەبا بۆ تەواوی وەزارەتەکان ئـێمە دەبێـت هەوڵـدەین دەسـەڵاتەکان شـۆڕکەینەوە بـۆ پارێزگاکـان، دەسـەڵاتەکان بـدەین بە ئیـدارەکان، نەك ئەوەی کەبێـین هەمـووی لە ئەنجـوومەنی وەزیـران کـۆبکەینەوە جـارێکیتر، بـۆیە مـن نە لەگەڵـیم بەڕاسـتی نە واژووشـم کـردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٢) بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢):

پێویسـتە ئەنجـوومەنی وەزیـران و لایەنە پەیوەندیـدارەکان حوکمەکـانی ئەم یاسـایە جێبەجـێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سەرچنار خان قسەی هەیە لەسەر ماددەی پێش ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١)

لە سێیەم نووسراوە ئەرکو وەزیفەی پێکهاتەکان، پێکهاتە هەیە یەعنـی وەزارەت پێکهـاتەی هەیە یان بەشی هەیە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەناو قانوونی وەزارەتا سەیرکە نووسراوە پێکهاتەکانی وەزارەت...

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

...ئەم یاسایە لە سـاڵی (٢٠٢١) دەرکـرا مەعنـای نییە دوای سـێ مانـگ دیسـان تەعـدیل بکـرێتەوە، ئەبێـت بە وردەکـاری یاسـا دەربکـرێ، بـۆ ئەوەی جـارێکیتر نەکەویـنە بەر ئەوەی کە پـێش ئەوەی یاسـاکە بکەوێـتە بـواری جێبەجـێ کـردنەوە تەحدیـدێکی بـۆ دانـرا، یەعنـی ئەمە بەڕاسـتی کەم وکورتی ئەبێت وردتر ئەمە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، بەڕێزان با ئەمە وەکو تانە لەسەر پەرلەمانی کوردسـتان نەڕوات، پێکهاتەکـانی وەزارەت لەناو قانوونی هەمـوو وەزارەتەکانـدا بە نەص هـاتووە، بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییەکانە، وەکیل وەزیـرو نووسـینگەکانە بەو شـکڵە لەهەمـوو قانوونەکانـا کە لە هەرێمـی کوردسـتان هەیە قاعیدەیەکی تەقـریبەن عـامە مەبـدەئێکی عـام تەسـبیت بـووە کە تەحدیـد کردنـی صـەڵاحیەتی

بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییەکان لە جیـاتی ئەوەی بە ڕێنمـاییەك بێـت لەنـاو خـودی وەزارەتـا بە پەیڕەوێکە، لە قانوونی وەزارەتی کارەبا خۆی بە پەیڕەو هاتبوو لەپەرلەمان ویستمان بە پەیـڕەو بـڕوات، بەڕێـز وەزیـرەی کارەبـا هـات لەگەڵ لیـژنە موختەصـەکان دانیشـت کردیـان بەڕێنمـایی نەدەبوو پەرلەمان قبووڵی کات نەدەبوو ئێمە قبـووڵی کەیـن لە ڕاستیا ئەوە هـیچ عەیبێـك نیـیە لەناو قانوونەکەیا دابێت وە ئەیبێت ڕاستی کەیـنەوە، بـۆ ئەوەی یاسـای کارەبـا وەزارەتـی کارەبـا بچێتە بواری جێبەجێ کردن، فەرمـوون مـاددەی (٢) خـوێنرایەوە کـێ قسـەی هەیە، مـاددەی (٣) بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

کـار بەدەقـی هـیچ یاسـاو بڕیارێـك ناکرێـت کە لەگەڵ حوکمەکـانی ئەم یاسـایە نـاکۆك بێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٣) کێ قسەی هەیە، کاك سەروان فەرمووو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارم دیسان لەلیژنەی موختەص هەیە ئەو هەموارو دەقـی ماددەکـان هەمـوار بکـرێنەوە، دیسان هەر لەلای خودی وەزارەتەوە هاتووە یان ئەوە پێشنیاری لیژنە و ئەندامانە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پڕۆژە یاسایە پڕۆژە یاسـای حکومەتە، ئـاخر بەس وانیـیە ئـێمە دوێنـێ بەڕێـز کـاك سـروان ئـێمە دوێنێ پێشنیازە یاسایەکمان کـرد کە ئـی هـی ئەنـدامانی پەرلەمـان بـوو، ڕاپـۆرتی ئەو پێشـنیازە یاسـایانە ئامـادە بـکەن کە لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە پێشکەشـی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان کراوە، تا منیش بیدەم بە لیژنەی یاسایی بۆ ڕەخساندن بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی کـار زیـاتر لە پانزە پێشنیازە یاسا ئێستا لای لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانە کە بـریتین لە ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـانی کوردسـتان حـازریکەن بیـدە بە لیـژنەی یاسـایی بـۆ ئەوەی ڕەخسـاندنی بـۆ بکـات دەیخەمە بەرنامەی کار، بەس چیبکەم من یەعنی کە حازر نەبێت بەردەوام بـن بەڕێـزان مـاددەی (٤) بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤): ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە ی( وەقایعی کوردستان )جێبەجـێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٤) بەڕێزان کێ قسەی هەیە، ماددەی (٥) بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هۆیەکانی دەرچوواندن: بەمەبەستی دەست نیشانکردنی لایەنی پەیوەندیدار بە دیاریکردنی ئەرکو وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەتی کارەبا لە هەرێم ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان کێ قسەی هەیە، فەرموو کاك کاروان.
**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەداخەوە دەزانم هیچ شتێك ناگۆڕێت ئەگەر بیشیلێم، بەڵام بەرپرسیارەتییەکی قانوونی و ئیداری و ئەرکی پەرلەمانی خۆم دووبارە ڕووندەکەمەوە، دەستنیشان کردنی لایەنی پەیوەندیدار بۆ دیاریکردنی پێکهاتەو ئەرك و وەزیفەی وەزارەتی کارەبا یان هەر وەزارەتێکی تر، بەڕاستی ناکرێت لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیراندا بێت، یاخود بە پەیڕەوێك بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران، من ئەمە دووبارە دەکەمەوە بۆ تاریخ و مێژوو دەیڵێم ئەم حکومەتە بەوشێوەو پێکهاتەی ئێستا ڕەنگە نەمێنێتەوە، چەند ساڵی داهاتوو ئەم قانوونەش بۆ ساڵێك و دوو ساڵ و دە ساڵ نییە، ئەمە قانوونە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ تەنزیم کردنی کارە ئیدارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە بەڕاستی ناکرێت ئەو هەموو بوارە سێنترەڵە زەیشن و ئەو هەموو مەرکەزی کردنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە، بۆیە تکادەکەم هەرکاتێك خرایە دەنگدان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان دەنگ بەو یاسایە نەدەن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
لیژنەی ناوخۆ ئەگەر وەزیر هاتووە، بەڕێزان پڕۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ گفتوگۆی دووەمی ئەکەین وە پڕۆژە یاسایەکی گرینگە، باس لە زۆر بواری پەیوەندیدار بە چەك ئەکات، بۆیە پێشنیار ئەکەم ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر ئەوەی بەتەنها پەخش ڕاگرین بچێتە پڕۆتۆکۆڵ، بەڵام بەتەنها پەخش ڕاگرین، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە، بەڵێ سوپاس پەخش نابێت ئەتوانن ئێوە لێرەبن، بەڵام پەخش نابێت نهێنی نییە، بەس پەخش نابێت، فەرموون تەواو، علیکم السلام بەخێربێن. سەرەتا بەگەرمی بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ وبەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، وە ئەو بەڕێزانەی کە لەگەڵیان هاتوون، بەڕێزان دەست بەجێبەجێ کردنی خاڵی (دووەم) لە بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار ئەکەین، کە بریتیە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان- عێراق، بەڕێزان هەمووتان پڕۆژە یاساکەتان لەلا بووە ڕاپۆرتەکەشتان لەلایە، ئێمە ئەبێت ڕاپۆرتەکە بخوێنینەوە بەتەواوی و پڕۆژە یاساکەش بخوێنینەوە بەتەواوی دوای بڕیاربدەین یەکێکیان بکرێتە بنەما، بەڵام ئەگەر بەڕێزتان ڕەزامەندبن ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی هەردوو لیژنە بکرێتە بنەمای گفتوگۆ ئەوە ئەوکاتە ئێمە پێویستمان بەوە نابێت هەردوو پڕۆژەکەی لەبەردەمتانە پڕۆژەکەو ڕاپۆرتەکە بخوێنینەوە، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەو بابەتە بخەینە

دەنگدان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە كە ڕاپۆرتەكە بكرێتە بنەمای گفتوگۆ با دەست بەرزكاتەوە، بەڵێ سوپاس ڕاپۆرت دەكرێتە بنەمای گفتوگۆ فەرموون بەڕێزان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

بابەت ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند كە ڕەخساندنی بۆ كراوە لەلایەن لیژنەی كاروباری یاسایی

لیژنەی كاروباری یاسایی ڕۆژی سێشەممە ڕێككەوتی (٢٠٢١/١٢/١٤) كاتژمێر (١١:٠٠) پێش نیوەڕۆ كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بەمەبەستی پێداچوونەوەو داڕشتنی یاسایی، و دڵنیابوون لەدژ نەبوونی دەقەكان لەگەڵ دەستوورو یاسا كارپێكراوەكان بەپێی حوكمەكانی ماددەی (٨٥) بڕگەكانی (یەكەم، سێیەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەكان بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بەپڕۆژە یاسای چەك لە هەرێمی كوردستان- عێراق، لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە سەبارەت بە ناونیشان پڕۆژە یاسای چەك لە هەرێمی كوردستان- عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ قسەی هەیە لەسەر ناونیشان، ناوەكانیان بنووسە ( حسیبە خان، كاك پێشەوا، د. اسماعیل، سەرچنار خان، گوڵستان خان، مامۆستا هەورامان) گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی پڕۆژە یاسای چەك لە هەرێمی كوردستان پێشنیار ئەكەم ناونیشانەكە بكرێت بە یاسای هەڵگرتنی چەك لە هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ناونیشان منیش پێشنیار دەكەم بكرێت بە پڕۆژە یاسای مۆڵەت پێدان و هەڵگرتنی چەك لە هەرێمی كوردستان- عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونی خوشكی بەڕێز دادە گوڵستانم هەبوو كە (هەڵگرتنی) بۆ زیاد بكرێت، چونكە تۆزێك ڕێك ترە پڕۆژە یاسای چەك تۆزێ ناڕێكییەتی تیایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علە طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ وێ بۆچوونێمە ببیتە هەڵگرتنا چەکی. چونکە ئەڤە نایاسا سیلاحێ کوردستانێ نە مە یاسایا هەڵگرتنا چەکییە ژ بەر هەندێ دبینم زەروورییە هەڵگرتنێ چەکی پێڤە بێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز/ سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ناونیشان پێشنیار ئەکەم ئاوای لێبکرێت، پرۆژە یاسای ڕێکخستنی چەك لە هەرێمی کوردستان- عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش پێموایە جۆرێك لە ڕستەکە ئەزانم کە ئەم یاسایە بۆ مۆڵەت پێدان نییە، ئەمە باسی هەموو کارێکە کە ڕەبتی بە چەکەوە هەیە، مۆڵەتیش لە زمنیایەتی، بەڵام بەتەنها پرۆژەیاسای چەك جۆرێکە نازانی مەوزوعەکە چییە، بۆیە سیغەیەکی قانوونی بدۆزرێتەوە کە بزانین چەك چییە چی لێدەکرێت، یەعنی لەم یاسایەدا ئێستا چونکە بابەتێکی ئەساسە هیچ شتێکی وا نازانم، مەسەلەن بەچی جۆرێك دروستە، چونکە ئەمە تەنها مۆڵەت پێدان و ئەوە نییە بڵێی یەکشت ئیدارەدانی چەکە، بەڵام ئایا چۆن برادەرانی لیژنەی یاسایی ڕێکی ئەخن باشە ئەگەر ڕستەیەك بێت پێمان بڵێن کە چەك چییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، خۆشحاڵین کە بۆ خوێندنەوەی دووەمی ئەم پرۆژە یاسایە بەشداردەبین لەگەڵتان، سەبارەت بە ناونیشان حەقیقەت ئەو ناونیشانەی کە دانراوە بەتەسەوری ئێمە زۆر دروست و ڕاستە، چونکە ئێمە باسی چەك دەکەین لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێمانوایە دەبێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڕێزان دەڵێن هەڵگرتن یەك دەڵێت مۆڵەت هەردووکی هەیە هەبوونی چەکیش هەیە، سێ شت هەیە دواتر کڕین و فرۆشتنی چەکیش هەیە وە هاوردە کردنی چەکیش هەیە، بابەتەکە زۆر

بەرفراوانتــرە لەوەی کە بەڕێــزان تەماشــای دەکەن لەوەی کە مۆڵەتــدانە یــان هەڵگرتنــی چەکە، ئەگەر بەو شێوەیە بێتن دەبێت ناونیشانێکی زۆر دوورو درێژبێتن بڵێـین مۆڵەتـدان و هەڵگـرتن و هەبوون و بازرگانی کردن و کڕین هەموو ئەو شتانە دەبێت بکرێتە ناونیشانێك، بۆیە پێمـان وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەخێرهاتنی هەردوو وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، سـەبارەت بە ناونیشـانەکە ئێمەش پێمـان باشە چۆن لە ڕاپۆرتەکەدا هـاتووە بمێنێـت، چـونکە ئەگەر باسـی هەڵگـرتن بکەیـن هەڵگـرتن تێـدا نیــیە، هەروەك جەنــابی وەزیــریش ئامــاژەی پێــدا هەڵگرتنــی تێــدایە، بازرگــانی تێــدایە شــوێنی کــردنەوی تێــدایە، مۆڵەتــدان تێــدایە ڕێکارەکــانی تێــدان ســزاکانی تێــدان، بــۆیە بەم شــێوەیە بمێنێتەوە ئێمەش پێمان باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (١).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

بـۆ مەبەسـتی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە ئەم دەسـتەواژانەی خـوارەوە ماناکانیـان بەرامبەریـان دەگەیەنن:

١. هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق.
٢. ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
٣. وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.
٤. وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.
٥. چەکی ئاگرین، دەمانچە، تفەنگی ڕێژنەکار گوللەی خێرا و تفەنگـی دیـکە و ئەو دەمانچـانەی کە لەیارییە وەرزشیەکاندا بەکاردەهێنن و دەنگێـك دروسـت دەکەن بـۆ دەسـت پێکـی یارییەکـان ئەوانە ناگرێتەوە.
٦. چەکی جەنگی چەکی بەکارهێنراو لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی نـاوخۆ، جگە لەوانەی لە بڕگەی پێنجەمی ئەو ماددەیەدا هاتوون.
٧. گوللەو فیشەکی بەکارهاتوو لەچەکی ئاگرین و هەرپارچەیەك لە پارچەکانی.
٨. تفاقی جەنگی زەخیرەی بەکارهاتوو لە چەکی جەنگی و هەرپارچەیەك لە پارچەکانی.
٩. چەکی ئاسەوار یان یادگاری یان سیمبوڵی ئەو چەکەی بەبێ تفاق بۆ جوانی یان یادگـاری وەك سـیمبۆڵ هەڵـدەگیرێن بەو مەرجەی شـیاوی گـوللە هاویشـتن نەبێـت لە نێوانیشـیاندا چەکـی

وەقف كراو یان ئەوانەی لە شوێنە پیرۆزەكان و مۆزەخانەكانە گشتییەكان یان تایبەتەكاندا هەن.

١٠. دەسەڵاتی مۆڵەتدان وەزیر یان هەركەسێك كە ڕای دەسپێرێت بۆ پێدانی ئەو مۆڵەتانەی لەو یاسایەدا هاتوون.

١١. مۆڵەت ئەو ڕێگەپێدانەی كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان كێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (١)، ڕاگەیاندن بەڕێزان ئەم دانیشتنە تۆماردەكرێت نهێنی نییە، تۆماردەكرێت تەنها پەخش ناڕوات، ئاگاداریان بكەنەوە بەڕێزان تۆماردەكرێ و پرۆتۆكۆڵی دەبێت، ئەوانەی لەسەر ماددەی (١) قسەیان هەیە ( كاك جەلال، شێخ ظاهر، كاك ادریس، كاك ویسی، حسیبە خان، لیزا خان، مامۆستا نجاة، گوڵستان سعید، ڕۆژان خان، كاك شەمۆڵ، كاك عثمان، هەژان خان، كاك فیصڵ، كاك كاروان مەلا ناصر، كاك ڕزگار، كاك یاسین، كاك هێرش، دكتۆر اسماعیل، مامۆستا عمر، سەرچنار خان، دكتۆر شێركۆ، كاك باڵانبۆ، كاك مەم، مامۆستا عبدالستار، خدیجە خان)، كاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جەلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی خاڵی نۆیەم چەكی ئاسەواری یان یادگاری یان سومبۆڵی ئەو چەكەی بۆ یادگاری هەڵدەگیرێت بەو مەرجەی شیاوی گوللە هاویشتن نەبێت لە نێوان چەكی وەقف كراو یان ئەوانەی لە شوێنە پیرۆزەكان یان مۆزەخانە پیرۆزەكان، یەعنی ئەوانەش هەر شمولی مۆڵەت دەكات یان شمولی مۆڵەت ناكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شێخ ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، تێبینی من لەسەر بڕگەی حەوت تفاق عیتاد فیشەكی بەكار هاتوو ئەوانەو چەكی ئاگرین و هەر پارچەیەك لە پارچەكانی، پێم باش بوو ئەگەر ووشەیەكی تر هەبا لە شوێنی (عیتاد یان تفاق) ووشەیەكی كوردی هەبوایە باشتر بوو، بە نموونە ووشەی (تێشوو) ئینجا (عیتاد یان تفاق) بوایە، چونكە لە یاساكە زۆر دووبارە بوویتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مەلا وەیسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ئەم پڕۆژە یاسایە بۆ ئێستای كوردستان گرینگە. چونكە كاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئاشتی و كۆمەڵایەتی كە بەهۆی ئەم پڕۆژە یاسایە هەڵگرتنی چەك

کەمـدەکرێتەوە. بەمەش ڕێـژەی تـاوان کەم دەبێـتەوە، چـونکە ئێسـتا ڕێـژەی تاوانەکـان بەهـۆی چەکە بـێ مۆڵەتەکـانە، دوو تێبینیشـم هەیە. تێبینــی یەکەم: لەسـەر بـڕگەی دەیەم دەسـەڵاتی مۆڵەتدان یان هەر کەسێك کە ڕادەسپێردرێت نازانم یەعنی ئەو کەسەیە پێشنیار دەکەم پـلەکەی دیاریی بکرێت لەئاستی بەڕێوەبەری گشتی بێت، چونکە مەسەلەی پێدانی مۆڵەت گـرینگە ئەگەر بکرێت پلەکەی دەستنیشان بکرێت. تێبینی دووەم: ئەوەی لە بڕگەی یانزە بەشێوەیەکی گشـتی لە مـاددەی (١) باسـی کۆمەڵێـك چەکە نـوێ و سـەردەمی هەنە کە لەپـڕۆژە یاسـاکەدا ئاماژەیـان پێنەکراوە، پرسیارەکەم ئەوەیە بـۆ ئامـاژەی پێنەکـراوە؟ بـۆ نمـوونە ئێسـتا چەکـی بێـدەنگ کـاتم صەوت ئێستا حاڵەتی کوشتن و ئەوانەشی پێـدەکرێت گرینـگ بـوو باسـی لێـوە بکرێـت ئامـاژەی پێنەدرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ بخێرهاتنا وەزیرێن ڕێزدار دکەین سەبارەت وی پـڕۆژەی گەلەك وشـەی عەرەبـی تێـدا بەکارهینان لێرە پاڵپشتیا ئاخافتنا کـاك شـێخ ظـاهر دکەم هەروەسـا دگەل ڤـی مـاددێ(١)، نـۆیەم بێـتە چەکـێ ئاسـەواری یەعنـی دشـێن بێـتە چەکـێ کەلەپـوری بەدەل ئاسـەوارێ ئەو وشـەی عەرەبیش هەمی بهێتە گۆهرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، من لەسـەر بـڕگەی پێـنجەم پـێم باشـە چەکـی ئـاگرین بەم شـێوەیە پێناسـە بکرێت، هەموو ئەو چەکانە دەگـرێتەوە کە ئامـادەکراون بـۆ هاوێشـتنی گـولله ( فیشـەك) بەهـۆی هێزی پاڵنەری غازی کە لە ئەنجـامی سـووتانی بـاروت و مەوادی تەقەمەنـی دروسـت دەبێـت ئەو چەکانە ناگرێتەوە کە لە یارییە ئاگرینەکاندا بەکاردەهێنرێن، و تفەنگـی هەوایـن، وە سـەبارەت بە ئەو پێشنیارەی کە کە بەڕێز شێخ ظاهر کردی ئەگەر ووشـەیەکی کـوردی بـدۆزرێتەوە بـۆ تفـاق و عیتاد هەروەها سەبارەت بە بڕگەی نۆیەم چەکی ئاسـەواری یـان یادگـاری سـیمبوڵی ئەو چەکـانە دەگرێتەوە پێم باشە بەمشێوەیەی لێبکرێت ئەو چەکانە دەگـرێتەوە کە بەبـێ تفـاق دادەنـرێن بـۆ جوانی یـان یادگـاری و سـیمبوڵی کە پێشـکەش دەکرێـت لە نێوانیشـیاندا چەکـی وەقفکـراو یـان ئەوانەی لە شوێنە پیرۆزەکان و مۆزەخانە گشتیەکان یان تایبەتیەکاندا هەن، سەبارەت بە بـڕگەی دەیەم دەسەڵاتی مۆڵەتدان وەزیر یان هەر کەسێك منیش پێم باشە ئەو کەسەی ڕای دەسـپێرێت ئەگەر دیـاریی بکرێـت لە کەوانەیەکـدا هەرکەسـێك پارێزگارەکـان یـان سەرپەرشـتیاری ئیـدارە سەربەخۆکان بۆ پێدانی ئەو مۆڵەتانەی لەو یاسایەدا هاتوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك رزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆو جەنابی وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەم، ماددەی (١) لە بڕگەی شەشەم باس لەوە دەكات كە هێزەكان ئەوەی كە لەخاڵی پێنجەم دەیانگرێتەوە ئەو مۆڵەتە نایانگرێتەوە، بەڵام لێرەدا كێشەكە ئەوەیە ئەو هێزانە لەناو شاردا یان ماڵەكاندا یان لە تەنیشتی مەسئولەكان یەعنی ئەم پێشمەرگانە دیاردەی چەكداری زۆر دەكەن، یەعنی ئێستاكە بەرپرس هەیە بە دۆشكەوە دەچێتە تازیە ئەگەر یاسا هەبێت ئەصڵەن پێویست ناكات مۆڵەتی چەكیش هەبێت، چەك تەنها لەدەستی ئەو كەسانە ئەبێت ئەو هێزانە ئەبێت كە خەڵك و خاك ئەپارێزێت، بەڵام لێرەدا موشكیلەكە ئەوەیە، یەعنی من بەرپرس ئەناسم ئەگەر پاسەوانەكانی بكەی بە سێ بەشەوە بەشێكیان داواكراون بە ماددەی قەتڵ ئەمە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە كە یاسا سەروەر نییە، لەم وڵاتە هەر لەماددەی (١) باس لەوە ئەكات كە دیارە بەڕێز وەزیری ناوخۆ مۆڵەت ئەدات، بەڵام ئەڵێت هەركەسێكی تر كە ڕاسپێردرێت بۆ مۆڵەتدان ئایا ئەو كەسە كێیە كە مۆڵەت ئەدات بۆ هەڵگرتنی چەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری ناوخۆو هەرێم دەكەم، منیش ئەو سەرنجەم هەبوو كە هەندێك لە بەڕێزان باسیانكرد بەتایبەتی لە زیادكردنی دەستەواژەكان، بەتایبەتی دەستەواژەی پارێزگارەكان و سەرپەرشتكاری ئیدارە سەربەخۆكان، بۆچی دەبێت ئیزافە بكرێت؟ من پێموایە دەبێت ئەم دەسەڵاتە یەعنی ئاوا حەسر نەبێت لە وەزیری ناوخۆ یەك كەس ڕائەسپێرێت كە نازانی ئەو كەسە كێیە، من پێموایە پارێزگارەكان مافی ئەوەیان هەیە كە بەتایبەتی لە بابەتی مۆڵەتی پێدانی چەك نەك هەموو بابەتەكانی كە، بۆیە دەمەوێت لەم دەستەواژانە ئاماژەی پێبكرێت، چونكە ناكرێت مەسەلەن مۆڵەتێك لە هەڵەبجە كە پێویست بێت بەكەسێك بدرێت، بەڵام دیسان بێتەوە هەولێر یان لە دهۆك پێویست بێت دیسان بێتەوە هەولێر، پێم وایە ئەوە لە دەسەڵاتی پارێزگارەكان بێت ئاسانتر دەبێت، پاشان من پێموایە قەزیەی تەحدید و سنووردارکردنی ئەم بابەتە زۆر گرینگە زۆربەی ئەو كێشەو گرفتانەی كە لەو كۆمەڵگایەی ئێمە هەیە بڕوابكەن لە دیاردەی مۆڵەتداری و چەكی بێ مۆڵەت و مەسەلەن كەسێك كە دێت كۆمەڵێك چەكداری كە لەگەڵە و حیساب بۆ خەڵكی كە ناكات لەسەر دەعمێكی سەیارەی لەسەر كێشەیەكی بچووك دمكە دمكێك مەسەلەن خەڵك بۆتە قوربانی، بۆیە من پێموایە شتێكی گرینگە، بەڵام وریاش بین بەشێوەیەك بێت كە ڕێكبخرێت و تەنزیم بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان كريم سواره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، ماددەی (١) بڕگەی حەوتەم و هەشتەم و دەیەم، بڕگەی حەتەم پێشنیار دەکەم تفاق ئەوەیە کە تەقریبەن بۆ خواردەمەنیش دەگونجێت کە لە کوردەواری لای ئێمە وای پێدەوترێت بکرێت بە تەقەمەنی و ئەتاق، هەروەها بڕگەی هەشتەم بەهەمان شێوە تفاقی جەنگە بکرێت بە کەرەستەی جەنگی، هەروەها بڕگەی دەیەم دەسەڵاتی مۆڵەت پێدان، پشتیوانی لەو بڕادەرانە دەکەم جەنابی وەزیر ئەرکی زۆر زۆر قورسە ئەگەر دەسەڵاتەکە کەمێ فراوانتر بێت لەوانەیە باری سەرشانی جەنابی وەزیر سوکتر بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) ئەڵێ بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژەکانی باشتر بوو، چونکە دەستەواژەکانی دەبێت چاك بکرێت، سەبارەت بە چەکی ئاگرین کاتێك کە پێناسەکە کراوە چەك و تفەنگی ڕێژنەکار ئەو تفەنگی ڕێژنەکارە مەبەستی ئەوەیە کە صەڵی دەکات ئەگەر مەبەستی ئەوەبێت ئێمە پێشتر یاسای چەکمان هەبوو بڕگەی یەك و سێمان هەبوو بڕگەی یەکەم هەر بەتاوانی کەتن دائەنرا بڕگەی سێ جینایات بوو هەتا کلاشینکۆف دەچووە بڕگەی سێ نە ئەکرا لە چەکی ئاگرین دابنرێت هەتا عقوبەکەی زیاتر بوو لەوە بەس بەپێی ئەمە بێت یان ئەڵێ تفەنگی دیکە، چۆن ئەبێت لە پێناسە ئەوانە فراوان بێت لە پێناسە جەنابتان ئەزانن ئەبێت تەحدید بێت نابێت بڵێی هتد...، چونکە چەند جۆر چەك هەیە تۆ ئەبێت ئەم پێناسەیە فراوانکەی بیخەیتە ناوییەوە دوای تووشی گرفت دەبیەوە لەکاتی جێبەجێ کردندا هەروەها ئەگەر لابدرێت ئەویتر هەر بکرێت بە تفەنگی ڕاو، چونکە تفەنگی ڕاو نەهاتووە لێرە دوای کەلێنێك دروست ئەبێت ئایا ئەمە ئەچێتە چ بارەیەکەوە سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم لە تفاقا ئەڵێت گوللەی فیشەکی بەکارهاتوو ئەو ووشەی(بەکارهاتوو) لابدرێت پێم باشە هەر ئاوای لێبکرێت عیتاد و گوللەو فیشەك یان هەر بە چەکی ئاگرین بەکاربێت بۆ ئاگرینەکە، بۆ جەنگییەکەش ئەو زەخیرەیەی کە بۆ چەکی جەنگی ئەهات بەشێکە بەکارئەهێنێت دیسانەوە(بەکارهاتووە)کە، لە بڕگەی هەشتەم لابدرێت، سەبارەت بە خاڵی نۆ چەکی ئاسەواری یان یادگاری یان سیمبولی ئەمەش یەعنی دەستەواژەیەکی دووروو درێژە ئەتوانین ئەو ناوە بگۆڕین بەچەکی هێمایی یان چەکی ڕەمزی کە ئیتر ئەوە شوێنی ئەگرێتەوە وەکو ڕەمزێك بەکاردێت پێویست ناکات ئەم سێیانە بەو دەستەواژە دووروو درێژە لە یاسا بێتەوە، سەبارەت

به بڕگەی دەیەم دەسەڵاتی مۆڵەتدان منیش لەگەڵ ئەوەدام وەزیر یان پارێزگار یان هەرکەسێکا ڕای دەسپێریت، چونکە پارێزگارەکان ڕەئیسی وەحدەی ئیداری ئەو مەنتیقەیەن ناکرێت بچێتە زمنی ئەوەی کە وەزیر ڕای بسپێردرێت، بەڵکو ناوەکەی بە وەزیر یان پارێزگار یان کەسێك ڕای دەسپێردرێت ئەو بابەتە یەکلای بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فەتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، من یەك دوو پێشنیارم هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە پیاچوونەوەیەکی زمانەوانی و هەڵەی چاپ بکەن باشە، هەر ماددەکە سەرەتا دەست پێدەکات وابزانم هەڵەی چاپی تیایە، پێشنیاری دووەمیشم ئەوەیە کە پشتگیری لە قسەکانی خاتوو ڕۆژان دەکەم کە بڕگەی پێنجەمی داڕشتەوە پشتگیری لەو داڕشتنەوەیە دەکەم، خاڵێکی تر پشتگیری لە قسەکانی کاك عبدالستار دەکەم کە پارێزگارو سەرۆکی دەسەڵاتە ئیدارە سەربەخۆکان زیاد بکرێت دوای لە ماددەکانی تر دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت مۆڵەت بدەن، خاڵێکی تر ئەوەیە پشتگیری لە قسەکانی سەرچنار خان دەکەم کە ووشەی (دیکە) لابدرێت بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار تەواو چاکردنێکی دەوێت.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

عەفوو یەك لەحزە پێشنیارەکی برایانەم هەیە لەگەڵ جەنابت ئەوە قسەکانی من بوون خودی خۆیان هیچ ئەشکالێکیان نییە، بەس کاتێك من پرسیار ناکەم لە جەنابت، جەنابت ڕوونکردنەوەیەك لەسەر قسەی من ئەدەی ئەشکالیەت دروست ئەکات کاتێك ئەچێتە دەرەوە، من پێشتر کە قسەمان لەسەر ڕاپۆرتەکەی شارەوانی کرد باسی ئەوەم نەکرد بەغدا بەرپرسیار بێت هەرگیز مەبەستم ئەوە نەبوو بەپێی دەستوور بەپێی یاسا بەغدا بەرپرسیاریەتی هەیە ئەصڵەن بەرپرسیاریەتی هەیە بەرامبەر بە ڕۆحی یەك بە یەکی ئەنفالکراوانمان بەرامبەر بە هاووڵاتییان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام تۆ وتت لە ڕاپۆرتەکە دەری بێنن...

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

نا مەبەستم ئەوە بوو هاوکێشەی نێوان بەرپرسیاریەتی پەرلەمان و حکومەت بەم جۆرەیە حکومەتی هەرێم...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر کە ئەڵێی لە ڕاپۆرتەکە دەریبێنن...

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

.لەو ڕاپـۆرتە لەو پێشـنیارە حکـومەتی هەرێـم بچێـت لە بەغـدا شـەڕی مافەکانمـان بکـات نوێنەرەکانمان بچن لە بەغدا شەڕی مافەکانمان بکەن، ئەمە مەبەستەکەم بـوو، چـونکە پرسـیارم نەکردبوو جەنابت ڕوونکردنەوەتدا و هەڵەیەکی گەورەی ستراتیجیشم نەکردووە دابەزمە سـەری و بە پەرلەمانا تێنەپەڕێت بۆچوونێکە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵا مامۆسـتا عمـر مـن بەتەنهـا جـوابی تـۆم نەدایەوە، چـونکە زیـاتر لە جارێـك گـوێم لێبـووە لە بەڕێـزت و ئەنـدامانی پەرلەمـان و پـێش بەڕێزیشـت قسـە بـکەن لە دەرەوەش گـوێم لێبـووەو ئەندامی پەرلەمانم گوێ لێبووەو خەڵکی تریشم گـوێ لێبـووە، ئەڵـێ عێـراق بەرپـرس نیـیە و مـن سـەرۆکی دەسـەڵاتی یاسـا دانـانم لە هەرێمـی کوردسـتان واجـبمە ئەو تێگەیشـتنە ڕاسـتکەمەوە واجبمە، یەعنی ئەوە شتێك نییە پەیوەندی بە شەخسی تۆوە هەبێت تۆ برایەکی ئەزیزی...

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

ئەم ڕوونکردنەوەیەم بەپێویست زانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزت هەیە تۆ ئەزیزی، زۆر سوپاس.، فەرموو کاك ادریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـەکی بەخێرهاتنـا هەردوو وەزیـرێ بەڕێـز دکەم مـاددەی (١) خـاڵا حەوتەم پـڕۆژە یاسـای کـو هاتبوو چەك و تەقەمەنی ڤێرێ هاتە تفـاق و عیتـاد گوللەو فیشـەکی بەکارهـاتوو لێـرە مەبەسـت نـازانم ئەگەر مەبەسـت ئەوە بێـت فیشـەك بیتەقێنێـتن ئەوە دەچێـتن تەنها قـاڵکەکە دەمێنێـتن گولله تـۆپیش ئەگەر بتەقینـی یـان دەڕوات یـان چورێـك دەبـن بە زومـانێ شورشـگێڕێ نـاوچەی ئێمە، چوریك بن نـازانم مەبەسـتی ئەگەر ئەوە بیـتن ئەگەرنـا دیتنـا مـن پشـتگیریا شـێخ ظـاهری دکەم پەیڤەکی گونجاوتر جێی تفاق بنڤیسین باشترە کو ڕوونتر ببیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆماددەی (١)و پێناسـەکان بەشـێوەیەکی تـر ڕوونـی دەکەم پێشـنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر بێـت و ئێمە بگەڕێینەوە بۆ یاساکانی (مصری، قطـر)، زۆربەی ووڵاتـان هەنـدێك یاسـای تایبەتمەنـد هەن کەخۆیان لە پێناسەکردنیان دەپـارێزن لەبەر ئەوەی لەگەڵ پێشـکەوتنی جیهـان ئامرازەکـان زیـاتر دەبن، بۆیە ئەو یاسایەش کە یاسایە بۆ ئێستا، بەڵام دەکـرێتن بـۆ ئەو پێناسـانەدا کۆمەڵێـك چەك پێناسە نەکرابن، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ناوی چەکەکان وەکو پاشکۆیەك لەگەڵ یاسـاکەدا ڕەبت بکرێتن تاوەکو هەموو جۆرە چەکەکـان بگـرێتەوە، ئەگەرنـا بێتـوو پێناسـەی هەمـوو جـۆرە چەکەکان بکەین زۆر فراوانتر ئەبێتن، بۆ نمـوونە چەنـد جـۆرە چەکێـك کە ئامـاژەی پێنەکـراوە لە

پێناسـەکان (چەکـی بێـدەنگ، چەکە تـاپرو ڕاوکـردن، چەکـی کارەبـایی) لە پێناسـەکان مەبەسـتم بێـزەحمەت هەروەهـا (CBRN) ئەمـانە هەمـووی ئەگەر بگەڕێـنەوە سـەر پێناسـە ئەمـانە پێناسـە نیـیە، بەڵام لەنـاو یاسـایەکەدا هەن، بـۆیە مـن پێشـنیاری ئەوە دەکەم کە جـۆری چەکەکـان وەکـو پاشکۆ لەگەڵ یاساکەدا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزان وەزیرانـی ئامـادەبوو دەسـتتان خۆشـبێت بـۆ ئەم پـڕۆژەیە پڕۆژەیەکـی گـرینگە، مـن هەروەکو سەرچنار خانیش ئاماژەی پێکرد لە بڕگەی پێنجەم ماددەی (١)، حسیبە خانیش ئاماژەی پێکرد بەتایبەتی هەندێك چەك هەیە لە زۆربەی ماڵەکاندا بوونیـان هەیە، بۆ نمـوونە تفەنگـی ڕاو کەمـن پـێم باشـە لەنـاو ئەو یاسـایەدا نـاوی بهێنرێـت بەتـایبەتیش لە بـڕگەی پێـنجەم هەر بە ئیزافەیەك بەبڕیاری نێودەوڵەتی ڕاو دەچێـتە وەرزشـەوە جـۆرە وەرزشـێکە، ئـێ لێـرە نووسـراوە ئەو دەمانچانەی کە لەیـارییە وەرزشـییەکان بەکـاردێن بە ئاسـایی وەردەگیـرێن، بـۆیە پـێم باشـە ئەگەر تفەنگی ڕاو وەکو خۆی ناوی بێت خـراپ نابێـت وەدواتـر بەڕێـز وەزیـری نـاوخۆش لێـرەیە داواکاریەکم هەیە وەکو پێشنیارێك ئێمە هیچ یاسایەکمان نییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕاو لە هەرێمـی کوردستان کە بۆتە دیاردەیەکی زۆر باو ژینگەی کوردسـتان بەرەو تێکچـوون دەچێـت بەتـایبەتی ئەو ئاژەڵانەی کە دەگمەنن لەناوچووندان بەردەوامی ڕۆژانە دێـنە ڕاوکـردن و هـیچ یاسـایەکیش نیــیە بــۆ کۆنترۆڵکردنیــان، بــۆیە ئەگەر بێتــوو لێــرەدا هەم تفەنگــی ڕاو زیــاد بکرێــت وەکــو دەروازەیەکیشی لێدێت ناهێڵێـت هەمـوو کەسـێك ببێـتە خـاوەنی ئەو تفەنـگە وە دواتـر ئـێمەش وەکو پەرلەمان کاری لەسەر بکەین بۆ پارێزگاری کردن لە ژینگەو لەو ئاژەڵانەی کە لەمەترسـینە و لەناوچوونیان لەسەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەین تەقریبەن بۆتە زەمیلی ئێمە لە پەرلەمان دەستخۆشـی لێدەکەین هەمووجار حازرە لە پەرلەمان، من دوێنێ شەو هەر لەسەر ئەم قانوونە سێرچێکم کـرد چەکـی زیـرەك و دڕۆن ئێسـتا خەتەرتـرین چەکە لە دونیـا بەکـاردێن دڕۆنـی وا دروسـت بـووە لە تەلەفۆن زۆر بچووکترە چوار کیلۆگرام ماددە هەڵدەگرێتن بایی ئەوەندەیە مێشکی ئینسان لەنـاو بەرێتن و ئینسانەکە بکوژێتن، بۆیە پێم باشە مـاددەی (١٢) ڕیزبەنـدییەکەی زیـاد بکـرێتن دڕۆن و چەکـی زیـرەك کە ئێسـتا لە سـەردەمەکەیا بەکـاردێتن ئەوانـیش لـێ زیـاد بکرێتن و مـاددەی (١١) مـۆڵەتەکە ئەو ڕێگـایەی پێـدانی فەرمـی، چـونکە مـۆڵەتی شـەفەویش هەیە مـۆڵەتەکە ڕێگـاکەی

بەفەرمی بێتن ئەوە بنووسرێتن زۆر پێم خۆش بوو حەزدەکەم پاڵپشتی ئەوەش هەبێت بۆ درۆن وچەکی زیرەك زیاد بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری ئامادەبوو وەزیری ناوخۆو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، من چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر بڕگە جیاوازیەکانی ماددەی (١) لە بڕگەی پێنجەمەوە دەست پێدەکەم بۆ پشتیوانی کردنی خوشکی بەڕێزم خاتوو(سەرچنار) کە ئاماژەی پێکرد لەڕاستیا لە قانوون مەبدەئیەن لەگەڵ ووشەی دیکەنیم، چونکە ئەمە پانتاییەکی زۆر دەگرێت لەهەمان کاتیشدا تەقدیری ئەوە دەکەم کە فعلەن بەردەوام چەك لە گۆڕانکاری دایەو لە تەتەوڕات دایە، بەڵام دەکرێ وەك کاك هێڤیداریش ئاماژەی پێکرد چەکی زیرەك بەکاربێت یاخود هەر تەعریفاتێکی تر کە لیژنەی قانوونی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ بە پێویستی بزانن، بەڵام ووشەی دیکە هەم پانتاییەکە زۆر فراوان دەکات هەم بەڕاستی ناڕوونیش دروست دەکات، لە بڕگەی شەشەم کاتێك باس لەوە دەکات کە چەکی جەنگی ئەگەر دەرفەت بفەرموون دەیخوێنمەوە چەکی بەکارهێنراو لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ چەکی جەنگیان بۆچیە یەعنی خۆی ئەمە شەرعیەتدانە بەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ چەکی جەنگییان هەبێت من بە پێویستی نازانم ئەمە لێرەدا هەبێت وە پێشنیاز دەکەم هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لێرە لابردرێت، لە بڕگەی هەشتەم کاتێك باس لە تفاقی جەنگی دەکرێت لە تەعریفاتەکەی باس لە زەخیرە کراوە زەخیرە زیاتر وەکو عورفیەن بۆ خۆراك بەکاردێت، من پێشنیاز دەکەم بکرێت بە کەرەستە یان توفاق دووبارە بەکاربهێندرێتەوە لە بڕگەی دەیەمیش مۆڵەتدان پشتیوانی ڕۆژان خان و کاك مەلا ویسی و کاك عبدالستارو ڕەفیقەکانم دەکەم لەوەی کە ئاماژەیان بەوەکرد کە فعلەن وا پێویستە دەسەڵاتەکان شەخسەکە تەحدید بکرێت وەك پارێزگار، چونکە پارێزگار ئەمە ڕۆتینات دروست دەکات، بەڕاستی من خەڵکی زاخۆبم یان خەڵکی هەڵەبجەبم یان ڕاپەڕین پێویست ناکات بێم بۆ هەولێر لێرە ئەو هەموو ڕۆتیناتە بگرمە بەر مۆڵەت وەربگرم پارێزگاکەی خۆم لە پارێزگا دەکرێت ئەمە بۆ ئەوەی بتوانم مامەڵەکەم بەڕێکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن کاك مەلا ویسی و کاك عبدالستار و کاك عوسمان و کاك کاروان کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) بڕگەی پێنجەم و شەشەم چەکی ئاگرین و چەکی جەنگی تێکەڵ بوونێکی زۆری تێدایە هیوادارم ئەوە ڕێکبخرێتەوە، سەبارەت بە بڕگەی شەشەم هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لابرێت، چونکە لە ڕاستیا ئەوان پێویستیان بەچەك چییە ئەو چەکانەی کە لێرە ناوی هاتووە ئەبێت ئەم چەکانە تەنها لای هێزەکانی پێشمەرگە بێت، سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم منیش پێموایە کەرەستە ووشەیەکی گونجاو ترە، سەبارەت بە بڕگەی دەیەم دەسەڵاتی مۆڵەتدان وەزیر یان پارێزگار یان هەر کەسێکی تر کە ڕادەسپێردرێت مەسئولی وەحدەی ئیداری واتا ئەو ئیدارە سەربەخۆکان کە هەمانە ئاماژەی پێبدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فیصل.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم من لە ماددەی (١) بڕگەی شەشەم هاوڕای کاك کاروانم هەقیقەت چەکی جەنگی لە گۆڕەپانی جەنگی بەکاردێت، هەروەها پشتیوانی کاك مەلا ویسی و شێخ ظاهر و ڕۆژان خان و مامۆستا عبدالستار و کاك کاروانیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆو بەڕێز دکتۆرە ڤالا دەکەم، من پشتگیری لە وتەکانی بەڕێز مامۆستا عبدالستار و خاتوو سەرچنار دووپات ئەکەمەوە، باسی چەکی زیرەك لە بڕگەی پێنجەم هەر ئەوە نییە بڵێی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو بێت، بۆ نموونە ئێستا ڕوومانەی دەنگی کە گوێچکەی مرۆڤ ئەتەقێنێت دەنگەکەی ئەمە نە دەمانچەیەو نە لە پێناسەی چەکی ئاگرینا تۆزێ جێگایەکی تێدا بکرێتەوە کە چەکی ئاگرین شتی تریش ئەگرێتەوە نەك هەر ئەوەی کە گوللەی خێرا بێت، بۆیە چەکی زیرەکیش بگرێتەوە و ئەوانەش بگرێتەوە کە هەم ئاگرینەو هەم کوشندەشە وە گوللەش نییە، لە بڕگەی شەشەم باس لەو چەکانەیە کە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەکارهێنراوە ئەی ئەو چەکانەی کە لەبازاڕەکانی چەك هەن، یەعنی لێرە لە پێناسەکەیا ئەڵێ بازاڕی چەك یان پەیاکردنی چەك لە شوێنی ترەوە غەیری ئەوەی کە هێزی پێشمەرگەش بەکاریهێنابێت لەبەر ئەوەی کاتێك کە ئەڵێین چەکی جەنگی، چەکی جەنگی هەیە، ئارپیجی هەیە کە لەبازاڕ ئەفرۆشرێ، مەسەلەن کە ئەوە چەکێکی جەنگییەو دەمانچەش

نییە، یەعنی سووکە مەدفەعێکە هەڵەگیرێت بەشان، مەسەلەن لەبەر ئەوە لە بازاڕیش نەبێت لە شوێنی دیکە دەست ئەکەوێت، بۆیە چەکی جەنگی جێگایەك بۆ ئەمەش بکرێتەوە، مەسەلەن حەسر نەکرێت بەو چەکەی کە تەنها لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەکارهێنراوە، بەڵکو ئەو چەکانەش کە لەشوێنی تریش پەیا ئەکرێت چ بە قاچاغە چ بە ئەو بازاڕانەی چەکە تەبعەن باسکراوە لە بڕگەکانی ترا بەس لە پێناسەکەیا پێموایە زەرورە جێبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەربارەی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (١)، تفەنگی دیکە هاوڕای بۆچوونەکەی سەرچنار خانم لابرێت، سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم تفاق هاوڕای هەموو بۆچوونەکانی ئەو هاوڕێیانەم کە باسیان لەوە کرد کە تفاق زۆرجار بۆ خواردن بەکاردەهێنرێت، من پێشنیاز دەکەم تفاق لە عەرەبیدا کە عیتادە لە عەرەبی مەعنای پارچەو کەرەستەکانی جەنگ دەگرێتەوە، بۆیە لێرە مادام ئەوە ئەگرێتەوە پێویستە لە پێناسەکەی تەقەمەنی بەکاربهێنرێت کە کەرەستەو کەلوپەلە سەربازییەکان تەقەمەنین وە پێناسەکەش بەو شێوەیەی لێبکرێت، واتا بڕگەی حەوتەم بڵێین تەقەمەنی عیتاد گوللەو باروتی چەکی ئاگرین و هەر پارچەیەك لە پارچەکانی گوللە هەر فیشەکە خەڵك هەر ئەڵێ فیشەك هەر یەکە وەك ئەوەبێت بڵێی کاغەزو ماغەز ئەڵێ گوللە، جا بۆیە هەر باروتنە کە بەشێك لە عیتادە لەناو گوللەیا هەیە، بڕگەی هەشتەم ئەوەش دیسان بکرێت بە تەقەمەنی جەنگی زەخیرە لە عەرەبی زەخیرەیە ئەڵێ (ذخیرة اسلحة) واتا گوللەی چەك، ئەمە زەخیرە نییە لە کوردیا ئەڵێ زەخیرە هاتووە لە بایەعەکەیا، بۆیە باشترە تەقەمەنی جەنگی بوترێت گوللەو باروتی بەکارهاتوو لە چەکی جەنگی و هەر پارچەیەك لە پارچەکانی، بۆ بڕگەی نۆیەمیش پشتیوانی لە پێشنیازەکەی سەرچنارخان دەکەم ئاسەواری یان یادگاری یان سومبولی سێ شت دانراوە هەر هێمای چەکی هێمای بەکاربهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە هەر کۆی گشتی یاسایەکە دابەش بکەیە سەر چەند بەشێك لەڕووی شکلییەوە ئاسانتر بێتن بۆ تێگەیشتن و گەڕان لەسەر یاساکە، بەشی پێناسەکان و بەشی مۆڵەت و ڕێکاری پێدانی مۆڵەت و بەشی سزایەکان و لەکۆتایدا بەشی حوکمە گشتییەکان، هاوڕێیانی منیش هەندەك سەرەنج و تێبینیان هەبوو لەسەر چەکەکان بەس سەرەنجێکیشم هەبوو مەسەلەن هەندێك جۆرە سیلاحمان هەیە لە عەرەبی (سلاح الابیض)، بەس لە کوردیا نازانم پێی ئەڵێن چەکی چی، ئایا لەم یاسایە بۆچی پێویست نەدەکرا جێگای بکرێتەوە لە شێوازێك لە شێوازەکان وەکو پرسیارێك ئەگەر جەنابی وەزیریش ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەمە هەبێتن؟ سەبارەت بە

بڕگەی نۆیەمیش کەباسی چەکی ئاسەواری یان یادگاری یـان سـیمبولی دەکـات نـازانم ئەوەی کە موتەبعە کاتێك ئێمە یاسایەك دادەڕێژین ئەو کاتە بابەتێك پێناسـە دەکەیـن کە ئەو مەوزوعە یـان ئەو بابەتە زۆر دووبارە ببیتەوە لەناو یاساکە و حوکمی لەسـەر هەبـێ لەنـاو یاسـایەکە، بەڵام ئەم بابەتە هیچ باس نەکراوە یەعنی لەناو یاسا بۆچی پێناسەمان کردیە لێرە؟ ئەوە وەکـو پرسـیارەك کاتی خۆی لە لیژنەش ئەو سەرەنجەم بۆ دروست بـوو وە ئەگەر بگەڕێیـنەوە سـەر مـاددەی (٢٠) لەوێ ئەصڵەن هەر بەدەرکرایە لە حوکمەکانی ئەو یاسـایە ئەو جـۆرە چەکە ئەصـڵەن بەدەرکـرایە لە ماددەی (٢٠) بۆچی پێویست کرایە کە لێرە پێناسە بکرێت لەکاتی خۆی لە یاسای سـاڵی (١٩٩٣) عەینەن ئەوشتە هەبووە، بەڵام من بە پێویستی نازانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك شەمۆڵ.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١) خـاڵی پێـنجەم و نـۆیەم و دەیەم پشـتیوانی لە قسـەکانی ڕۆژان خـان دەکەم، بۆ خاڵی حەوتەمیش پشتیوانی قسەکانی کاك عثمان سێدەری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز هەژان حسن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسـەکانی مـن لەلایەن ڕۆژان خـانەوە کـرا پشـتگیری لە قسـەکانی ڕۆژان خـان و کـاك کـاروانیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین پرۆژە یاسای چەك لە هەرێمـی کوردسـتان لە مـاددەی (١) بڕگەی پێنجەم چەکی ئاگرین پشتیوانی لە ڕۆژان خان و کاك عثمـان و سـەرجەم هەڤـاڵان کە ئەو پرۆژە یاسایەیان داڕشتەوە پشتگیریان لێـدەکەم، لە بـڕگەی حەوتەم تفـاق عیتـاد گـوللەو چەکـی بەکارهـاتوو لە لە چەکـی ئـاگرێن وە هەر پـارچەیەکی لە پارچەکـانی تفـاق و عیتـاد بکرێـت بە زەخیرە، هەروەها لە بڕگەی هەشتەم نووسـراوە تفـاقی جەنگـی زەخیـرەی بەکارهـاتوو لە چەکـی جەنگی وەهەر پارچەیەك لە پارچەکانی ئێ لەوێ بکرێت بە جەنگی و ئـاگرین، بـۆیە یـان هەردوو بـڕگەی حەوت و هەشـت بکرێـت بە یەك بەم شـێوەیەی لێبکرێـت شـتومەکی سـەربازی گـولله و فیشـەك ئەو کەرەسـتانەی کە بـۆ چەکـی جەنگـی بەکاردەهێنرێـت، لەبـڕگەی دەیەم وەزیـر یـان هەرکەسێك ڕای دەسپێرێت بۆ پێدانی ئەو مۆڵەتانەی کە لەم یاسـایەدا هـاتووە، بـۆیە دەسـەڵاتی

مۆڵەت پێدان لەلایەن وەزیرو پارێزگارەکان و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بدرێت ئەوە بۆ کار ئاسانیە بۆ ئەو سنوورانەی کە دوورە دەستن لە وەزارەتی ناوخۆوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەشێك لە تێبینیەکانی من لەلایەن هەڤاڵانەوە وترا، بەڵام لە نۆیەمدا چەکی ئاسەواری یان یادگاری یان سومبولی ئەو چەکەی کە بەبێ تفاق بۆ جوانی یان یادگاری یان بۆ سومبول هەڵدەگیرێ بەومەرجەی شیاوی گولله هاوێشتن نەبێت. من پێموایە بەو مەرجەی شیاوی گولله هاویشتن نەبێت لابرێ. لەبەر ئەوەی پێم وانییە چەکێك کە بۆ جوانی یان یادگاری هەڵبگیرێت ئەم سیفەتەی هەبێت، بۆیە لەجیاتی ئەوە بەو مەرجەی کەتفاق و تەقەمەنی پێویستی لەگەڵدا نەبێت یان لەبەر دەست نەبێت بۆی زیاد بکرێت باشترە، هەروەها پشتیوانی لە ڕۆژان خان و کاك عثمان و مەلا ناصر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، تێبینی من ئەڤەیە نە پێنجێ نڤیسێ دەمانچە و تفەنگێ ئالی، ئالی یەعنی ئۆتوماتیکی ئەگەر بێتە گۆڕین ئۆتوماتیك وەختێ ئەم موحتاجێ گوللەی خێراش نابین مەعلومە ئیدی وەهەر دیسان ڕێزی وێ پێشتر ئەو دەمانچانەی کە لە یارییە وەرزشیەکان ئەوە هەمی پێویست ناکات بنڤیسی ئەو دەمانچانەی بەکاردێن بۆ کاری وەرزشی ناکرێت، بۆ تفاق و عیتاد مە نزانم بادینی بێژین بەرك و فیشەك جێی عیتاد بگرێتن باشترە، من پرسیارا هەی موصەڵەحێ وەقف کراو نزانم یەعنی موصەڵەحەکێ شەرعیە تەبعەن ئەڤە ئەکید وەرگێڕانیش تەرجووما یاسایا عێراقێ مە لە کوردستانێ سیلاحێ وەقف نینە، وان یانی هەی یەعنی حتبات موقەدەسەی یەعنی مەخازنێ سیلاحێ بەس مە نینە ئەم نزانم بۆچی ئەڤە هاتیە ڤێرێدا مادام مە نەبیتن بۆچی تێدایە نەکەنە تێدا یان ژی ئەگەر ڕێگەکا هەیە موستەقبەل بێتە وەقف کردن ئەوە تشتەکی جودایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روبینە خان.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) بڕگەی هەشت بێژیت گولله و فیشەکی بەکارهاتوو چەکی ئاگرین و هەر پارچەیەك لە پارچەکانی، بەڕای من ئەگەر بکرێتە گولله وفیشەك یان هەر بەشێکی کە بۆ چەکی ئاگرین

بەکاردەهێنرێــت، وە هەشــتێش بێــژیتن بەکارهــاتووە لە چەکــی جەنگــی و هەر پــارچەیەك لە پارچەکانی ئەگەر بکرێتە هەر بەشێك لەبەشەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سلما خان.

**بەڕێز سلمه فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویســت ئەکــات مــاددەی (١) هەنــدێك داڕشــتنەوەی تێــدابکرێت لە بڕگەکــان و پێناســەکاندا، هەروەها لە مـاددەی (٤) بـڕگەی سـێ بـاس لە چەکـی سـووك و مامناوەنـد و قـوڕس کـراوە بەبـێ ئەوەی لە مــاددەی (١) پێناســە کرابێــت، ئەم جــۆرە چەکــانە چ چەکــێکن وە چەکــی ســووك و مامناوەنـد و قـوڕس پێویسـت ئەکـات پێناسـە بکرێـت لێـرەدا، سـەبارەت بە چەکـی ئاسـەواری یادگاری یـان سـمبولی چەکـی ئاسـەواری لە ڕاسـتیا مـن داوای ڕوونکـردنەوە دەکەم نـازانم زیـاتر مەبەستیان چییە، چونکە ئەگەر چەکێك قانوونەکانی ئاسەواری بەسەردا جێبەجێ بووبێـت ئەوە ئۆتۆماتیکیەن دەچێتە ژێر حوکمەکـانی یاسـایەکی تـرەوە، پشـتگیری لە قسـەکانی کـاك عثمـان و ڕۆژان خان و کاك کاروان و کاك هێرش ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریه اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) بـڕگەی نـۆیەم چەکـی ئاسـەواری هەمـان ڕای خـاتوو سـەلمەم هەیە یـان یادگاری یان سمبولی ئەو چەکە بەبێ تفاق بۆ جوانی یان یادگاری یان وەك سـمبول هەڵـدەگیرێت بەو مەرجەی شیاوی گولله هاویشـتن نەبێـت، لەنێوانیشـیاندا چەکـی وەقفکـراو یـان ئەوانەی لە شوێنە پیرۆزەکان، بەڕای من ئەو بەشە لاببرێت چەکـی وەقفکـراو بـۆ شـوێنی پیـرۆز نەگـوتراوە، بۆیە پێشنیاردەکەم ئەو بەشە لاببرێت تـاوەکو وە مۆزەخـانە گشـتییەکان یـان تایبەتەکانـدا هەن، واتا لەنێوانیاندا لاببرێت هەتاوەکو پیرۆزەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەم دەستخۆشـی لە زۆربەی زۆری پەرلەمانتارەکـان دەکەم، بەڕاستی بابەتی جوانیان هەژانـد، مـن ئەمەوێ چەنـد ڕوونکـردنەوەیەك لەسـەر هەنـدێك بـڕگەی مـاددەی (١) بـدەم ئەگەر لە بـڕگەی پێـنج و بـڕگەی شەشـەمەوە ئـێمە دەسـت پێـبکەین، تەبـعەن ئەگەر تـۆ بەپێـی تەصـنیف بـڕۆی بەم دوو پێناسـەیەی کە لە پـڕۆژەکەدا هـاتووە ئەبێـت چەکی جەنگی پێش بخرێت دوای ئەو چەکی ئـاگرین بێـت لەبەر ئەوەی چەکـی ئـاگرین بەشـێکە لەچەکـی جەنگـی، چـونکە چەکـی جەنگـی هەتـا زەڕەو ئەتـۆمی و بـۆمبی نـایترۆجینی زۆر لەو

بابەتانەش ئەڕوات، بەڵام بۆیە من پێم وایە ئەم دوو بـابەتە لێـرە باسکراوە هەم چەکـی جەنگـی هەم چەکی ئاگرین لەیەك پێناسەدا بەکورتی ئەتوانرێ پێناسـە بکرێـت وە لێـرەش، بـۆیە تەنهـا بە دوو پێناسـە پێناسـە کـراوە ئەگەر ئـێمە سـەیری مـاددەی (١٤)ی ئەم یاسـایە بکەیـن لەوێ ئەوە دیاریکراوە چەکەکان لە بەینی وەزارەتەکان بەش بکرێت چ چەکێك بۆ وەزارەتی نـاوخۆ بێـت، چ چەکێك بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بێت، ئەگەر ئێمە بمانەوێت پێناسـەیەکی پـوختی چەکـی ئـاگرین بە گشـتی بکەیـن ئەتـوانین بڵێـین ئەو ئـامێرە سـەربازیەیە یـان ئەو کەرەسـتە سـەربازیەیە کە ئامادەکراون بۆ هاوێشتنی گوللە فیشەك بەهـۆی هێـزی پـاڵنەری غـازی کە لە ئەنجـامی سـووتانی بـاروت و مـوادی تەقەمەنـی دروسـت دەبێـت، تفەنگـی هەوایـی و ئەو چەکـانەی نـاگرێتەوە کە لەیاریی ئاگرینەکاندا بەکـاردەهێنن و چەکـی کارەبـاین، کـاك مەم باسـی لەوە کـرد گـوتی گـوللە و فیشەك یەکشتە گوللە و فیشـەك یەکشـت نیـیە نەگونجـاوە بڵێـی فیشـەکێکی ئـاڕبیجیم بـۆ بێـنە نەگونجـاوە بڵێـی فیشـەکێکی دەبـابەم بـۆ بێـنە ئەڵێـی گـوللەیەکی دەبـابەم بـۆ بێـنە گـوللەیەکی ئـاڕبیجیم بـۆ بێـنە گـوللەیەکی هـاوەنم بـۆ بێـنە، بەڵام ئەڵێـی فیشـەکێکی کلاشـینکۆف یـان فیشەکێکی بیکەیسیم بۆ بێنە، لەبەر ئەوە گرینگە ئاماژە بە هەردوو بابەت بکەیـن یەعنـی بـۆچی گـوللە هـاتووە و بـۆچی فیشـەك هـاتووە، مـن پێشـنیاردەکەم وەك گـوتم ئەم دوانە هەردووکـی بکرێـت بەم شـێوەیە، ئەگەر نەشـکرا بەم شـێوەیە تـۆ ئەتـوانی ئەوا بڵێـی چەکـی ئـاگرینەکە بەم شێوەیە حیساب بکەین وچەکی جەنگیش بڵێی بەکاردەهێنرێن لە گۆڕەپانەکـانی جەنگـدا، لێـرەدا شتێکی تر هاتووە حەوتەم و هەشتەم باسی تفاق لە شوێنێکیان تفاق عیتـاد لە شـوێنێکیان ئەڵـێ تفـاقی جەنگی کە ئەڵـێ ژەخیـرە، ژەخیـرە عەرەبـیە وشـەیەکی کـوردی نیـیە تفـاقیش کـوردییە عیتادەکە عەرەبیە، ئەگەر بمانەوێت لێرە پێناسەیەکی باشیش بۆ ئەمە بکەیـن بـبورن هەر لەسـەر ئەو بابەتە قسە بکەم ئـێمە ئەگەر بمانەوێـت چەکـی جەنگـی یـان چەکـی ئـاگرین پێناسـە بکەیـن ئەمانە تەصنیفە بۆ چەکی بچووکە، چەکی سووکە، چەکـی مـام ناوەنـدە، چەکـی قوڕسـە، چەکـی بێ باروتە، چەکی ڕاوە هەروەها چەکە پێشکەوتووەکانە وەك درۆن و لێـزەرو ئەو بابەتـانە ئەمـانە ئەگەر لە یاساکەدا باسی هەرهەمووی بکەین درێژ بکـرێتەوە، بەس پـێم وایە ئەگەر پێناسـەیەکی بەوشێوەیە بکرێـت مەگەر یاسـاکە بـۆ ئەوە پێویسـتی پێبێـت تـۆ ئەگەر ئەم ووردەکـارییە بـکەی تەنها چەکەکان لەبەینی هەردوو وەزارەت دابەش بکرێـت، ئەگەر مەبەسـت لە نەمـانی چەکەکـان بێـت مەبەسـت لە کـۆنترۆڵی چەك بێـت پێویسـت ناکـات بـڕۆیتە ئەو بـابەتە بەو دوورو درێـژییە باسی بکەین، وەکو ئاماژەم پێدا حەوتەم و هەشـتەم لە شـوێنێك وتـراوە تفـاق و عیتـاد و تفـاقی جەنگی، تەبعەن شـتوومەکی سـەربازیمان هەیە (اشـیاء العسـکریە) وە پێداویسـتی سـەربازیمان (لـوازم العسـکریە) هەیە ئەوانەی کە بـاس ئەکـرێ گـوللە و فیشـەك و ئەو پارچـانەی کە بـۆ چەك بەکــاردەهێنرێن دەتــوانین بڵێــین ئەوانە شــتوومەکی ســەربازین، بەڵام ئەوانەی جلــوبەرگ و کۆمەڵێك پێداویستینە ئەوانە لەوازمی سەربازین، بۆیە باشترین پێناسە لێـرە بـۆ ئەوەی ئەم دوو بـڕگەیە هەردووکـی بکرێـت بە یەك شـتوومەکی سـەربازی ئەتـوانی بەو شـێوەیە بڵێـی گـوللە و فیشـەك و ئەو کەرەسـتانەی بـۆ چەکـی جەنگـی بەکـاردەهێنرێن پێناسـەیەکی کـورت و پـوخـت و باشە وە پێشنیاریش دەکەم ئەگەر بەو شێوەیەی لێکرا لە هەموو ئەو شـوێنانەی لەم یاسـایەدا کە

ووشەی تفاق هاتووە بکرێت بە شتوومەکی سەربازی، ببوورە باسی چەکی ئاسەواری و یادگاری و سمبول کراوە باشە چۆن پێناسەی ئەوانە ئەکرێ چۆن بڕیاردراوە چ چەکێك یادگارییە و چ چەکێك ئاسەوارە و سمبولە، ئێمە ئەگەر بەپێی یاسای ژمارە (٥)ی (٢٠٢١) کاربکەین سەد ساڵ بۆ دووسەد ساڵە بۆ چەکی ئاسەوار، بەڵام ئەی چەکە یادگارییەکان ئێمە ئەبێ بزانین لە واقعی کوردستان ئەژین بەرپرسی حزبەکان هەرهەموویان چەکیان بە هەدیە داوە بەخەڵك، خەڵك هەیە بۆ نموونە چەکێکی لە برادەرێکی وەرگرتووە لە کەسایەتیەکی وەرگرتووە ئێ خۆ ئەبێت پێناسە بکەی کام لەمانە، من بەیانی ئەگەر بێتە سەر ئەو بابەتە ئەڵێم ئەم چەکە برادەرەکەم داویەتی پێم هەدیەی برادەرەکەمە ئەگەر تۆ لێرە باست نەکردبێت ڕوونت نەکردبێتەوە چ چەکێکە کە بە چەکی هەدییە حیساب ئەکرێت پێم وایە دوای بۆ ئەوانەی یاسا جێبەجێ ئەکەن زۆر زۆر قورسە بتوانن بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، چەکی سمبولی چ چەکێکە ئێمە لە بیرمان نەچێت لەم کوردستانە مناڵی شەهیدمان هەیە خەڵکمان هەیە باوکی شەهیدە دایکی شەهیدە چەکەکەی ماوەتەوە بۆ نەوەکانی ئەوانە پێویستە سێ پێناسەی بۆ بکرێت من پێناسەکانم بەمشێوەیە کردووە ئەگەر ڕای لەسەر بێت: چەکی ئاسەوار: ئەو چەکەیە کە لە ئێستادا لە سوپادا بەکارناهێنن ئەمە لە حاڵەتێکیان دایە، چونکە ئێمە ئەزانین زۆر لە چەکە کۆنەکان ئەوەی لە شۆڕشەکانی پێشوو بەکارهێنراون وەك برنۆ، ساچمە زەنوچی و..هتد، ئەمانە لە ئێستادا بەکارنایەن یان ئەوەتا تەمەنی ئەو چەکە دیاری بکرێت بۆ ئەوەی دوای دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی یاسا بتوانی بیڵێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باڵانبۆ وەڵا ئەبوو ئەوانە لە لیژنە خۆتان...

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

ببورن لیژنەی ئێوە کاتێك ئەم یاسایەتان دانا من لە حاڵەتێکدا دوو ئەرکم هەبوو جەنابت و بەڕێز وەزیریش ئەزانێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نانا کۆبوونەوەی دواتر کاك باڵانبۆ...

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

بەلیژنەکەشم هەر هەمووی وت ئەوە لیژنەکە ووتم من لەبەر ئەوەی لە ئێستا

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر دوو دەقە ئەتوانی قسە بکەی کاك باڵانبۆ ئەوە شەش دەقەیە قسەدەکەی...

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

شەش دەقەیە، بەڵام ئەو کاتە ئەگەر ڕێتان بدایە و هەلتان بڕەخساندایە یاساکە بەم شێوەیە نەدەڕۆی ئێستا یاساکە بەمشێوەیە بڕوا دوای...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ڕووبکە ئەوان بەڵێ سوپاس ...

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

- چەکی یادگاری بە هەدیە وەرگیراو لە کەسایەتی سەرکردە بەڵگەی لەگەڵدا بێت.

-چەکی سومبولی بۆ کەسی دەرەجە یەك و نەوەکانی مابێتەوە بۆ هاوسەنگەرێکی مابێتەوە.

-تێکۆشەری دێرین لەسەردەمی شۆڕشدا لەلای مابێتەوە کەسی دەرەجە یەك و نەوەکانی هاوسەنگەری.

-چەکی وەقفکراو ئەوانەی لە شوێنە پیرۆزەکاندا لە مۆزەخانە گشتییەکان ماونەتەوە.

پێشنیار دەکەم لێرەدا بڕگەیەك زیادبکرێت ئەوانەی لە بڕگەی نۆیەمی ئەو ماددیەدا هاتوون بۆ جوانی و ڕازاندنەوە لەماڵەوەدا هەڵدەگیرێن بەبێ فیشەك لە حوکمەکانی ئەم یاسایەدا بەدەردەکرێن، دەسەڵاتی مۆڵەتدان، من پشتگیری هەموو ئەو هەڤاڵانە دەکەم هەموو ئەو پەرلەمانتارە خۆشەویستانە دەکەم کە وتیان دەسەڵاتەکان پێویستە دیاریی بکرێت بەکێ بدرێت، هەر لەبەر ئەوەشە لە کارنامەی حکومەت خۆیدا هاتووە کارنامەی حکومەت باس لە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەکات باشتر وایە لێرەدا ئەو کەسە دیاریی بکرێت کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتەکەی پێ ئەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەگەر قسەیەکتان هەیە، ئەندامانی لیژنەش وەکو ئەندامانی تر بۆیان هەیە دوو دەقە قسە بکەن، بەڵێ فەرموو مایکەکەت بکوژێنەوە کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەم بابەتە ماددەی (١) بەشێك لە بۆچوونەکانی ئێوە کە لێرە باس دەکەن ڕەنگە وەڵامەکەی لە ماددەکانی دواتر وەریبگرنەوە، یەعنی ئەبێت ئەم بابەتە هەمووی وەکو یاسایەکە بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی لە ماددە بۆ ماددەیەك ئیشکال دروست نەبێتن بۆ هەر بەڕێزێك، چونکە زۆرێك لەو بابەتانەی لێرە باس دەکرێتن لە ماددەکانی دوای ئەوە زۆر بەڕوونی باسی لێدەکرێتن، ئەگەر بە کورتی باس لە تێبینیەکانی ئێوە بکەم ئێمە لە ماددەی (١) بڕگەی پێنجەم لە لیژنەی ناوخۆ کە دانیشتین جەنابی سەرۆکی پەرلەمان خۆی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی کرد کۆبوونەوەیەکی چەند سەعاتی دووروو درێژ بوو هەموو بابەتەکان موناقەشە کران یەکێك لەو بابەتانەی کە ئێمە خۆمان وەکو وەزارەت پێمان باش بوو دەستکاری بکرێت لەم ڕاپۆرتە دەستکاری نەکراوە ماددەی (١) بڕگەی پێنجەم گوتمان چەکەکان دیاربکرێن بە عەیار عەیاری (٧,٦٢) حەوت پۆینت شەست و دوو، لەگەڵ عەیاری (٩م) نۆ ملیم بۆ دەمانچە، وەکو چۆن لە یاسای کۆمپانیا ئەمنیەکان دیارمانکرد، ئەگەر ئەم دوو عەیارە دیاربکرێت هەموو نیگەرانییەکانی ئێوە دەڕەوێتەوە، بۆیە من داوا دەکەم کە ئەو بابەتە لەو بڕگەیە چابکرێتەوە وەکو ئەوەی لەلیژنەی ناوخۆ دیراسە کرابوو، ئەوەی تر چەکی دیکە پێویست ناکات بمێنێتن کە عەیارەکەت دیارکرد ئیتر چەکی دیکە نامێنێت، لێرە چەکی (٧,٦٢) دیارە ئەوەی لەم وڵاتە ئێم فۆڕە، کلاشینکۆفە هەر کلاشینکۆفێکی تر کە ئەم فیشەکە بخوات وە دەمانچەش گەورەو گچکە ئەگەر (٩) ملیمی بخواتن ئەوا دەیگرێتەوە، بابەتەکەی تر

وەکو خـۆی بمێنێـتەوە، ئەوەی وەرزشـیەکان یـارییە ئاگرینەکـان، بـابەتی تفـاق و عیتـاد و ئەوەی دەستەواژەی کـوردی مـن پشـتگیریتان دەکەم لەلیـژنەی نـاوخۆش باسـمانکرد جەنـابی سـەرۆکی پەرلەمـانیش باسـیکرد، ئەگەر کەسـێك وشـەیەك دەسـتەواژەیەکی باشـتری هەیە کە تەعبیـر لەو بابەتە بکات ئێمە هیچ کێشەمان نیـیە بیگـۆڕن، بەڵام نـاکرێتن ئـێمە ئێسـتا بێـین بـۆ یاسـای چەك هەندێك شت بنووسین کە هیچ مانای نەداتـن لەگەڵ مەرامـی خـودی چەکەکە، بـۆیە ئەگەر هـیچ نەبێـتن ناچـارین پەنـا ببەیـنەوە بەر ئەوەی کەوا لەنـاو دوو کەوانە عەرەبـیەکە بنووسـین، باسـی چەکی ئاگرین و چەکـی جەنگـی ئەوانە هەمـووی چەکـی جەنگـیە بە دەمـانچە و کڵاشـینکۆف و ئـێم فۆڕیشـەوە ئەمـانە هەمـووی چەکـی جەنگیـنە، بەڵام ئـێمە بـۆچی چەکـی ئاگرینمـان پێشـتر پێناسـە کـردووە؟ چـونکە ئـێمە بەرنامەمـان وایە بەپێـی ئەم یاسـایە مـۆڵەت و مـامەڵەکردن بەو چەکە ڕێکبخەین چەکی جەنگی زۆر بەرفراوانترە لەوەی کە باسی بکرێتن زۆرێـك لەو چەکـانەی هەیە لە چەکی ئەتۆمی بگرە لە بایۆلۆجی بگـرە لە کیمیـاوی لە چەکـی زیـرەك و چەکـی قـوڕس و ئەوانەی کە هەیە نـاتوانین هەمـووی ڕێـز بکەیـن چەکـی جەنگـی بـێجگە لەو چەکـانەیە کە ئـێمە مۆڵەتی پێدەدەین ئینجا لە داهاتوو هەرجۆرە چەکێـك بێـت چەکـی جەرسـۆمی هەیە هەر جـۆرە چەکێك کە ڤایرۆسێك بڵاو بکاتەوە، ئەمانە هەمووی چەکن یانی نـاتوانی بەڕاسـتی ئەمە پێناسـە بکەی بۆیە ئەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆچی باسی چەکی ڕاو ناکرێتن بەڕێزان ئێرە ئەم یاسـایە یاسایەك نییە چەکی ڕاو ڕێك بخات ئێمە دەبێـت یاسـایەکی تـری تـایبەت بە بـابەتی ڕاوکـردن لە هەرێمی کوردستان کە تایبەتە بە دەسـتەی ژیـنگە ئەبێـت دەسـتەی ژیـنگە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ پرۆژە یاسایەك پێشنیار بکات بۆ ئەم پەرلەمانە بـۆ ئەوەی چـۆنییەتی پاراسـتنی ژیـنگە لە دارسـتان لە ئـاژەڵ لە شـاخ لە هەرشـتێك کە لە ژیـنگە هەیە لەگەڵ ئەوەشـدا پێویسـتە ڕاوکـردن ڕێکبخرێـت مـن وەکـو ڕەئـی شەخسـی خـۆم لەگەڵ ڕاوکـردن نـیمە، بەڵام لە هەمـوو وڵاتانی جیهان ڕاوکردن ڕێکخراوە، وە هەندێکجار ڕاوکردن ڕەنگە لە بەرژەوەندی خـودی ژیـنگە بێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی ژینگە بپارێزرێت وە تەندروستی خـودی ئـاژەڵیش بپارێزرێـت، ئەبێـت جۆرێك لە ترس هەبێت بۆ ئەو ئاژەڵانە، بەڵام ئەبێت ڕێکبخرێت بۆیە ئێمە بابەتی ڕاو لێرە داخـڵ ناکەین...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـز جەنـابی وەزیـر وەڵڵایـی دەشـتبڕین لە قسـەکردن، بەڵام ئەو موناقەشەشـی کە لێـرە هەیە پەیوەنـدی بەو بـابەتەوە هەیە، سـەبارەت بە تەعریفـی چەکـی ئـاگرین خـۆم ئامـادەبووم لە کۆبـوونەوەکە چەنـد سـەعاتێك پـێکەوە بـووین ئەو موناقەشـەی ئەو بابەتەمـان کـرد بـۆ ئەوەی بـابەتی چەکـی ئـاگرین و ئەو مـۆڵەتەی کە ئەدرێ حەصـر بکرێـت بەجۆرێـك لە چەك کە قەبـارەی فیشەکەکەی دیاریکراوە لەلیژنەی ناوخۆ، بە ئیتیفاقی پەرلەمان و حکومەت ئیتیفـاق کـرا لەسـەر ئەوەی کە فعلەن عەیارەکەی دیاری بکرێـت کە عەیـارەکەی دیـاریکرا ئیتـر هـیچ شـتێك نامێنێـت ئەمە یەك. دوو: ئەو کلکەش پێویست نابێت بـۆ بـڕگەی شەشـەم کە دەڵێـت جـگە لەوانەی بـڕگەی پێنجەمـی ئەو مـاددەیە هـاتوون، چـونکە ئەکرێـت پێشـمەرگەیەك کڵاشـینکۆفێکی پێـیە چەکەکە ناوی چەکـی ئـاگرینە بەگـوێرەی تەعریفـی یەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئـاگرین بەشـێکە لە جەنگـی

ئەم ئیشکالە بەس بەوە حەل دەبێت ئەو موناقەشەیەشی کە لەسەر ئەوە جەنابت گوێت لێیە ئەگەر ئێمە حەسمی ئەوە بکەین بە ئیتیفاقی هەردوولا کە حکومەت مۆڵەتی پێدەدات ناوی ناوە ئاگرین بەتەنها ئەوانەیە کە عەیارەکانیان لە نێوان(٦٢,٧ بۆ ٩) ملیمە ئیتر وابزانم موناقەشەکەش لێرە تەواو دەبێت کۆتایی پێدێت فەرموو بەڕێزتان.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە بابەتی ڕاو ئەگەر بیری لێبکەینەوە بەڕێزان تاپڕ ڕەنگە وابزانن بۆ ڕاو بەکاردێت، تاپڕ لە کلاشنکۆف و ئێم فۆڕ زۆر مەترسی دارترە، چونکە ئاسەواری بەکارهێنانی تاپڕ زۆر زیاترە لەوەی کە بە کلاشینکۆف دەکرێت، بۆیە دەبێت ئەم بابەتە ڕێکبخرێت ئەم تاپڕە ڕێگای پێبدرێت کارەساتە، ئێستا ئێمە لەوەزارەتی ناوخۆ هەر تاپڕێك بگرین یەکسەر پانی دەکەینەوەو دەیشکێنین، چونکە مەترسیەکەی لە چەکەکانی تر زیاترە، بۆیە دەبێت ڕاو لەم بابەتە جیا بکەینەوەو ڕێکبخەین، تەنها هەر چەك نییە بابەتی ڕاویش هەر لە عێراقیش یاسای پێدەرچووە دەکرێت ئەم بابەتە سوودی لێوەرگرین و خۆشمان یاسایەکی تایبەت بەخۆمان هەبێت، تەبعەن باسمکرد چەکی زیرەك و ئەو چەکانەی تر ناکرێت ناوی هەموو چەکەکان بێنین چەند بەڕێزێك باسیانکرد کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لابرێت لە برگەی شەشەم، چونکە چەکی جەنگی بەکارناهێنن بەڕێزان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پێناسەکەی بریتییە لە پۆلیس لە ئاسایش لە دژە تیرۆر لە هەموو ئەو هێزانەی کە ئاسایش و ئەمنیەتی ئەم وولاتە دەپارێزن ئەم هێزانە پێویستیان بەچەکی جەنگیە ئاسایش پێویستی بە چەکی جەنگیە، دژە تیرۆر پێویستی بەچەکی جەنگییە ئەمانە دەچنە ناو چوارچێوەی هێزەکانی ناوخۆو خودی پۆلیس لە هەندێ بابەت پێویستی بەچەکی جەنگیە، بۆیە ناکرێتن ئەم بابەتانە هەر سەیری بکەین کە بەس تایبەتە بە پێشمەرگە، بەڵام ئێمە لە ماددەکانی تر لە دواوە ڕێکمان خستووە ئەگەر چەکێك دەستی بەسەر داگیراو جەنگی بوو ئەبێت ڕادەستی وەزارەتی پێشمەرگە بکرێت، ڕادەستی ناوخۆو ئاسایش و دژە تیرۆر ناکرێت، ئەوەی کە بابەتی دەسەڵات کە زۆر باستان لێوە کرد، بەڕێزان دەسەڵات ئێستا ئەوەی کە هەیە لە هەرێمی کوردستان وەزیر بەپێی دەسەڵاتی پێشووش دەسەڵاتی وەزیرە، بەڵام وەزیر بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکاتن بۆ هەندێك خەڵك وەکو ئەوەی کە ئێوە باستان کرد کە خەڵك پێویستی بەوە بێت لە شارۆچکەیەك یان پارێزگایەك ئەو دەسەڵاتە ئەدات بە پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە، بەڵام کام دەسەڵات بەس دەسەڵاتی دەمانچە (٩) ملیمی پێدەدرێت دەسەڵاتی کلاشینکۆف لەلای وەزیرە بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە بەکار نەهێنرێتن چەکێکی زۆر مۆڵەت پێبدرێت، دواتر لەبیرتان نەچێتن بەشێکی زۆری ئەم برگانە بەتایبەتی ئەوەی دەسەڵات ئەبێت بە ڕێنوومای ڕێکبخرێت نەك هەر ئەمە هەموو ماددەکانی ئەم یاسایە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت پێویستی بە ڕێنماییەکی دووروو درێژ هەیە لەبابەتی کڕین و فرۆشتن، دانانی فرۆشگایە وەرگرتنی مۆڵەتە ئەمە یەك دنیا ڕێنمایی دەوێتن

ئەمە بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێتن ناکرێت لێرە باسبکەین، بدرێت بە پارێزگار چی بدرێت دەسەڵاتی چی بدرێت بە پارێزگار ئێستاش ئەوەی کە هەیە بە ڕێنمایی ڕێکخراوە، تکام وایە کە ئەم بابەتە وەکو خۆی تێپەڕێت، بابەتی ئاسەوارو یادگاری و سومبول یەعنی ئەمە لەگەڵ واقعێکی تاڵی ئەم وڵاتە مامەڵە دەکەین یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم یاسایە دیاریکردنی جۆرو ژمارەی ئەم چەکەیە کە لەناو کۆمەڵگای ئێمە هەیە، ئینجا ئەمە یادگارییە سومبولە ئەمانە هەندێکیان بە یاسا ڕێکخراون هەندێکیشیان ئەبێت ئێمە دوای بە ڕێنمایی ڕێکیبخەین، ئێمە کە دەڵێین سمبولە مەبەستمان چییە لە سمبول؟ ئایا منیش دیارییەك بدەم بە بەڕێزێك ئەمەش بەدیاری حیسابە یاخود دیارییەکە چییە؟ ئەبێت ڕێکی بخەین لەچ ئاستێکە چۆنە ئەم چەکانە ئەبێت پێناسەیەکی دروستی بۆ بکرێت، بۆیە لێرە یەعنی هەر درێژی بکەینەوە بابەتەکە ناتوانین مافی خۆی پێبدەین وەکو خۆی بمێنێتەوە، وشەی عەرەبی زۆرە تکادەکەم وشەی کوردی ببینەوە، ئێمە پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەین من داوا لە بەڕێزان دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان و لە لیژنەی یاسایی کە ئەو بابەتە وەکو خۆی تێپەڕێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە داوام کرد لە بڕگەی پێنجەم بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان، ماددەی (٢) بخوێننەوە بەڕێزان.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢):

یەکەم: هاووردەکردنی یان هەناردە کردنی چەکی جەنگی پارچەکانی تفاق یان دەستداری ژێردەست بوونی هەڵگرتنی دروست کردنی چاککردنەوەی فرۆشتنی گواستنەوەی ڕادەستکردنی وەرگرتنی یان بازرگانی پێوەکردنیان تەنها بە ڕێگەپێدانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە دەبێت بۆ پێویستی دەزگاکانیان.

دووەم: هاووردەکردنی چەکی بێدەنگ پارچەکانی تفاق یان دەست داری ژێردەست بوونی هەڵگرتنی دروست کردنی چاککردنەوەی فرۆشتنی گواستنەوەی ڕادەستکردنی وەرگرتنی یان بازرگانی پێوەکردنی قەدەغەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر کەسێ ئەیەوێت بچێت نان بخوات بابچێت نان بخوات، چونکە پشوو وەرناگرین وە لەسەر ماددەی (٢) کێ ئەیەوێت قسە بکات، (دکتۆر شێرکۆ، ڕۆژان محمد، کاك ڕۆمیۆ، کاك ارشد، کاك حاجی سفین، بدریە خان، کاك باڵانبۆ، کاك هێڤیدار، کاك سەرکۆ، دکتۆر صباح)، بەڵێ دکتۆر صباح فەرمووو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی گەرمی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم لە ماددەی (١) دەڵێت هاووردەكردنی یان هەناردە كردنی چەكی جەنگی پارچەكانی تفاق یان دەستداری ژێردەستبوونی هەڵگرتنی دروست كردنی چاككردنەوەی فرۆشتنی گواستنەوەی ڕادەستكردنی وەرگرتنی یان بازرگانی پێوەكردنیان تەنها بە ڕێگەپێدانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە دەبێت، بۆ پێویستی دەزگاكانیان ئیحتمال هەیە یەعنی دەزگای تری ئەمنیش هەیە، یەعنی وەكو ئاژانسی پاراستنە، وەكو ئەوانی تر پێویست ناكات لێرە ئیزافە بكرێتن، وەكو پرسیارەك لە وەزیری ناوخۆ دەكەم ئەگەر ئەو موتەقەرەش ئیزافەبێت سوپاستان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من لە بڕگەی یەكەم هاووردەكردن یان هەناردەكردن نازانم ئەو هەناردە كردنە لەبەر ئەوەی ناوی یاساكە ناوی یاسای چەك لە هەرێمی كوردستان- عێراق، ئایا هەرێمی كوردستان دەتوانێ چەك هاووردە بكاتن؟ چونكە هەندێ نموونەمان هەیە بۆ نموونە كە عێراق قەرزی پارەی كرد بەشی هەرێمی كوردستانی تێدا دیار بوو، ئایا ئەمەش نایەتە ئەو خانەیەوە، یەعنی هەرێمی كوردستان وەكو بەشێك لە عێراق ئایا توانای ئەوەی هەیە چەك هاووردە بكات، لە ئێستاو لە داهاتوودا؟ بۆ بڕگەی دووەم هەڵگرتنی چەكی بێدەنگ هەروەكو ئەوە هاتووە لە ماددەی (١) بڕگەی شەشەم چەكی جەنگ كە زۆرێك لە بەڕێزان باسیانكرد وەسف نەكراوە كامانەن، ئەوە چەكی بێدەنگ كامانەن، من پێم وایە وەسف بكرێت ناوەكانیان بهێنرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شێركۆ.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەكەم وشەی بازرگانی پێوەكردن بكرێت بە(كڕین و فرۆشتن)، دووەم وشەی پارچەكان زیادەیە، چونكە لەپێناسەی تفاقدا هاتووە بۆ بڕگەی دووەم هاوردەكردنی چەكی بێدەنگ (هەناردەی) بۆ زیاد بكرێت، چونكە یەعنی بوترێت هاووردەكردن و هەناردەكردن هەردووكیان واقعی حاڵن، بۆیە ئەم ئیزافەیە پێم وایە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك سەركۆ.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەرەتا بەخێرهـاتنی وەزیـری نـاوخۆو وەزیـری هەرێـم دەكەم، مـادده (٢) ئەوەی كە پەیوەسـتە بەوەی هـاوردەكردنی یـان هەنـاردەكردنی چەكـی جەنگـی پێـدانی مـۆڵەت لەلایەن هەردوو وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە ئایا ئەو مۆڵەتانە، چـونكە ئـێمە چەنـد دەزگـایەكی ئەمنیمـان هەیە ئەنجوومەنی ئاسایشمان هەیە كە دوو بەشـی هەیە لەگەڵ ئەوەشـدا ئاسایشـمان هەیە ئەمـانە لە وەزارەتـی نـاوخۆوە مۆڵەتەكانیـان ئەدرێتـێ یـان خۆیـان، چـونكە هەنـدێك جـار بـۆ نمـوونە دژە تیرۆری كوردستان هەیە، دژە تیرۆری سلێمانی هەیە، ئەمانە سەر بەدەزگـا ئەمنیەكـانن یـان سـەر بە ئاژانسن...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ارشد ئەگەر شتێك هەیە كەمێك بێدەنگ تر گفتوگۆ بكەن، فەرموو كاك سەركۆ.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:**

ئەمانە هەموو كاتێك بۆ نموونە هەم چەكیان هێناوە هەم توانیوویانە چەك لە ڕابردووا هێناویـانە و بەكاریشیان هێناوە، یەعنی ئەوە مۆڵەتەكان ئەگەڕێـتەوە بۆیـان یـان خۆیـانیش ئەتـوانن بەبـێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ یان پێشمەرگە بیكەن، بڕگەی دووەم خۆتـان ئەزانـن بەڕێـز وەزیـری ناوخۆ هاووردەكردنی یان بەكارهێنانی چەكی بێـدەنگ لە هەرێمـی كوردسـتانا حـوكمی لەسـەرە، یەعنی وەكو تاوانێك باس ئەكرێـت لە مەحـكەمە و لە قـانوونی حـوكمێكی جەزای قوڕسـی هەیە بۆ یەعنی ئەگەر ئەو خاڵەی تێدا نەبێت وەكو تاوان سـەیر دەكرێـت، بـۆچی لێـرە دیسـان قەدەغە بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك سفین.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەكەم، لێـرە تێبینـیەكەم هەیە هەمـووی نـاخوێنمەوە ئەڵێ وەرگرتنی یان بازرگانی پێوەكردن یـان تەنهـا بەڕێـگەی پێـدانی هەردوو وەزارەتـی نـاوخۆو پێشمەرگە دەبێت بۆ پێداویستی دەزگاكانیـان، ئایـا ئەو بازرگـانی پێـوەكردنە بـۆ خەڵكـی عـادییە ئەهلییە؟ ئەگەر بۆ خەڵكی ئەهلـی بێـت ئـێمە دەمانەوێـت موسـەیتەرەی كـۆنترۆڵی چەك بكەیـن، ئەگەر بـۆ ئەوەش نەبێـتن حكـومەت دەتـوانی خـۆی وەزارەتـی پێشـمەرگە و وەزارەتـی نـاوخۆ بەخۆیان چەك بێنن، بۆ مۆڵەت دەدەن بە خەڵك بازرگانی بە چەك بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) بڕگەی یەكەم یەعنی دەسەڵات دراوە بە وەزارەتی نـاوخۆو وەزارەتـی پێشـمەرگە بـۆ چەكی قوڕس، باشـە دیـاریكراوە كـام چەك، كـام وەزارەت، وەزارەتـی نـاوخۆ مـۆڵەت دەداتە كـام

چەك و وەزارەتی پێشمەرگە بۆ کام چەك مۆڵەت دەدات، لێرە ئەم تەفاصیلەی باس نەکردووە، حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان هەموو جار هاوپەیمانین سبەی کێشەیەك دروست نابێت لەبەینی وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە، بۆ ئەوەی حەسم بکرێت، ئینجا کێشەکە بچێتە ئەنجومەنی وەزیران، یەعنی تۆ لێرە حەسم دەکەی کامە چەك بۆ وەزارەتی ناوخۆ چەکی پێبدرێت، کامە وەزارەت مەسەلەن پێشمەرگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددی (٢) بڕگەی دووەم هاووردەکردنی چەکی بێدەنگ،من یەك پرسیارم هەیە من زانیاریم هەبێت چەکی بێدەنگ نییە و هەر چەکەو پارچەکەی لێ ئەبەسترێ و ئەیکەن بەبێ دەنگ، ئایا ئەمە هەیە لە ئێستادا ئەم چەکە هەیە؟ چونکە لێرە باسکراوە، بەڵام لەپێناسەکان نییە، نازانم ئاماژەی پێنەدراوە ئەگەر جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەیەکمان بداتێ لەسەر ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) بۆ بڕگەی یەکەم و دووەم پشتگیری لە قسەکانی کاك دکتۆر شێرکۆ دەکەم بکرێت بە بازرگانی وە سێ پرسیار ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند دەکەم لیژنەی ئاسایی و لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە بڕگەو بابەتەکانی یاسای چەك، ئایا سوود لە یاسای چەکی عێراقی ژمارە (٥١)ی ساڵی (٢٠١٧) وەرگیراوە؟ پرسیارێکی تر سەبارەت بە بڕگەی یەك ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ناوی نەهاتووە ئەویش بەر ئەو قەدەغەیە دەکەوێت؟ یەکێکی تر لە پرسیارەکان بابەت وشەی (دەستداری) دەستداری بە واتای هەڵگرتن یان بەچ واتایەك دێت ئەم دەستدارییە، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان بۆ بدەن دەستتان خۆشبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم. والله من یەك پرسیارم هەبوو وتم بازاڕەکانی چەك فرۆشتن لە سەرجەم پارێزگاکانا بازاڕی چەك فرۆشان هەیە، ئایا لەم یاسایەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم یاسایەدا دەکەن؟ ئێستا لەناو ئەو بازاڕانەدا هەرجۆرە چەکێکت بوێت ئەتوانی بەدەستی بێنی، بەتایبەتی ئەیو دەمانچە علوج و بێ دایك و باوکانە هەرجۆرە چەکێك بتەوێت ئەتوانی لەوێ بەدەستی بێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك ارشد.

**بەڕێز ارشید حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) بڕگەی دووەم هاووردەکردنی چەکی بێدەنگەکە ڕەشبکرێتەوە، چونکە بێدەنگەکەش هەر کەرەستەیە کاتمەکە بۆ چەکەکە ترهیم دەکرێتن، چەکی بێدەنگەکە لابردرێت، ڕاستی شتێکیش هەیە لێرە پێم خۆشە ڕوونکردنەوە بدرێت، چونکە هیچ بڕگەیەك نەنووسراوە لەو ڕاپۆرتە کە چەکی ئاسەوار ئایا شمولی مۆڵەتەکەی دەکات یان ناکات لەوە تەوزیحەك بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك حکمت.

**بەڕێز حیکمەت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت پرسیارەکا کاك هێڤیداری وەزارەتا ناوخۆ بچێتن یەعنی مۆڵەتێ بداتە هاووڵاتییێت هەرێما کوردستانێ وە هێزێت ناوخۆ سەبارەت وەزارەتا پێشمەرگە تنێ پەیوەندی دارە پێشمەرگە، یەعنی وەزارەتا پێشمەرگێ نەچێتن مۆڵەتی بداتە کەسێکی نە پێشمەرگە بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) بڕگەی یەکەم پێشنیاری ئەوە دەکەم تفاق بکرێت بە شتوومەکی سەربازی، ماددەی (٢) پێشنیار دەکەم بگۆڕێت بەو شێوەیە، هاووردەکردنی ئەو چەکانەی لە ئەصڵدا بەبێ دەنگ دروستکراون یان پارچەی بێدەنگکەر یان دروسکردنی و بەردەست کردنی و هەڵگرتنی قەدەغەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ، فەرمووو، بێزەحمەت بەڵێ گوڵستان خان ببوورە بەڕێز وەزیری ناوخۆ.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبووردن دەکەم من لە دەرەوە بووم بۆیە ناوم نەنووسیبە، واللەی پرسیارێکم هەبوو بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ من دەپرسم ئێمە ئەم یاسایە بۆچی دەربکەین ئەگەر ئێمە دەزگاکانی ئاسایشمان هەیە، یەعنی ئێمە خەڵك بۆ خۆی بپارێزێت و چەکی لابێت، ئەگەر دەزگاکان پتەوترین وە خەڵك متمانەی بە دەزگاکان هەبێت و دەزگاکانیش بەڕاستی لەڕووی هەم پێویستە

کەرەستەییەکانی بۆ پاراستنی خەڵك لەبەر دەستیانە وەهەم لەڕووی عەدەدی ئەفرادیانەوە، یەعنی ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەم دەزگایانەوە ئیش دەکەن؟ من ئەمەویت وەڵامی ئەم پرسیارەم دەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیری ناوخۆ.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ماددەی (٢) زۆر ڕوون و شەفافە لەوەی ئەرکەکان ڕێکدەخاتن لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ بەوەی کە دوو دەزگا یان دوو وەزارەتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، ئەو مافەیان پێ دەدرێتن کە ئەم بابەتە ڕێکبخەن چ هاووردەکردن بێت، چ هەناردە کردن بێت، مەسەلەن پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێمە دەتوانین هاووردەی بکەین؟ بەڵێ دەتوانین ئێمە ئەو یاسایە بۆ ئێستا دانانێین بۆ حکومەتێك کە لەبەغدا حکومڕانە وڕێگری لەهەموو داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئێمە یاسایەك بۆخۆمان دادەنێین ئێمە سەیری ئەوە ناکەین عێراق چۆن سەیری ئێمە دەکات، ئێمە چۆن سەیری خۆمان دەکەین و حەقی ئێمە چییە لە وڵاتێکی فیدراڵ دا، بۆیە ئەوە مافێکی یاسایی خۆمانە هەم چەك هاوورده بکەین، هەم پێمان بکرێتن بەڕێگای یاسایی چەکیش هەنارده بکەین، بەپێی یاسا و بەپێی دەستور ئێمە بەشێکین لەم وڵاتە وە دەتوانین ئەوەی کە لەبەرژەوەندی ئێمە بێتن تەشریعی بۆ بکەین، دیسان لەسەر دەستەواژەکان من هیچ موناقەشەم نییە ئەگەر کۆڕی زانیاری کورد ئەگەر بتوانێت هاوکاری بکات لەوەی کە هەندێ دەستەواژەی چەکداری و سەربازی و ئەوانەمان بۆ پێشنیار بکات، یان بەڕێزان لێرە زمانزان هەبن لەناو پەرلەمان ئێمە هیچ کێشەمان نییە بەمەرجێك لە مانای ماددەکان نەگۆڕێتن و سبەی لە جێبەجێ کردن کێشەمان بۆ دروست نەکات، بۆچی باسی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ناکەی یان ئاسایش یان ئاژانسی پاراستن و زانیاری، بەڕێزان یەکێك لە کێشەکانی زۆربوونی چەك زۆربوونی سەرچاوەی هێنانی چەکە، ناکرێت هەموو موئەسەسات دەسەڵاتی هاووردەکردن و هەناردەکردنی هەبێت ئەمە ئەگەر ئاسایشە، ئەگەر ئاژانسی پاراستن و زانیاریە ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایشە پێویستیان بە چەك هەبوو ئەوەی کە پەیوەندی بە چەکی جەنگی هەیە وەزارەتی پێشمەرگە ئێندیوزەری بۆ دروست دەکات بەتەنسیق لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ ئەوەی کە ڕێگە پێدراوە ئەوەی کە پەیوەستە بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وەزارەتی ناوخۆ (کلاشینکۆفە، ئێم فۆرەM4، دەمانچەیە) کە بوو بەچەکی تر ئەمە دەچێتە ئیختصاصی وەزارەتی پێشمەرگە، بۆیە ئەم بابەتە ناکرێتن ئاسایشیش هەمان دەسەڵاتی هەبێتن لەحاڵەتێکدا لەڕووی یاسای ڕەفتاری کارمەند و ئەفسەران دەچێتە بنباری یاسای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بۆیە پێویست ناکاتن ئەم بابەتە بەرفراوان بکرێتن، بۆچی ڕێگا بەوە بدرێت بازرگانی بکرێت؟ ئێ خۆ ئێمە یاسایەکە ڕێکدەخەین بۆ ئەوەی بازرگانی ئەو چەکە ڕێکبخەین، خۆ ئەگەر حکومەت دەیکرێت ئەمە جۆرێکە لە بازرگانی، ئایا حکومەت ڕاستەوخۆ دەیکرێت یان ئەوەتا کۆمپانیایەکی وەسیت هەیە لە نێوان

حکـومەت و ئەم کۆمپانیـــای وەبەرهێـــنەرە یـــان ئەو وڵاتەی بەرهەمهێـــنەرە یـــاخود ئەصـــڵەن کۆمپانیایەك لە وڵاتێکی بەرهەمهێنەر کۆنتراکتێك لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکاتن، بـۆیە ئەم بـابەتە ئەبێـت ئەم بازرگـانییە ڕێکبخـرێتن وەکـو بازرگـانییەك، بـابەتی چەکـی بێـدەنگ تەبـعەن خـۆی چەك چەکێـك نیـیە بڵێـین چەکـی بێـدەنگە پـارچەیەکە ئەخـرێتە سـەر چەکەکە بێدەنگی ئەکـات، دەنـگەکەی کـز ئەکـاتەوە کەمـی ئەکـاتن بەوەی کە لە دووری چەنـد مەتـرێکەوە ڕەنگە گوێت لە دەنگی تەقەکە نەبێتن، بەڵام ئـێمە پێمـان وایە ئەبێـت بنووسـین چەکـی بێـدەنگ ڕەنگە لە داهاتوودا چەکێك بەرهەم بهێنرێت بەبێ دەنگ و بەبێ پارچە بێتن ئێستا هەیە، کەواتە ئەبێت خودی چەکی بێدەنگ هەبێت لە یاسایەکە ناکرێتن ئـێمە بڵێـین پـارچە یـان ئـامێر، چـونکە ئەم گفتوگۆیە کرا لەلیژنەی ناوخۆ، بۆیە ئەم بابەتانە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله دوو پرسیاری تێدا بوو بۆ وەڵامەکە یەکیان دەستداری حیبازەییە، یەعنی ئەمە بەدیلـی ئەو ناوەیە، بۆ ئەوەی کاك ارشد کە پرسیارێکی هەبوو کە چەکی ئاسەوار مـۆڵەت پێـدەدرێت یـان نـا، ئەگەر ماددەی (٢٠) بخوێنێتەوە کە لەداهاتوو ئەیگەینێ وەڵامەکەی وەرئەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٣)، بخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٣):

یەکەم: دەستداری، هەڵگرتن، فرۆشتن، دەستاودەست پێکردن یان چـاککردنەوەی چەکـی ئـاگرین تەنها بە مۆڵەت دەبێت.

دووەم:

١-کردنەوەی شوێنی تایبەت بە فرۆشـتن یـان چـاککردنەوەی چەکـی ئـاگرین و تفـاق ئەوانەی ئـی هاووڵاتیانن و لە ناوخۆدا هەن بە مۆڵەت دەبێت.

٢-مۆڵەتدارو بە دەستداری یان هەڵگرتنی چەکـی ئـاگرین مـافی هەیە چەکە مـۆڵەت پێـدراوەکەی لەو شوێنەی کە لە خاڵی یەکی ئەم بڕگەیەدا هاتوون بۆ فرۆشتن بخاتە ڕوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی (٣) قسـەی هەیە بابفەرمووێـت، ئەو بەڕێـزانەی ئەیانەوێـت لەسـەر ماددی (٣) گفتوگۆ بکەن، (مامۆستا ابـوبکر، بـدریە خـان، دکتـۆر اسـماعیل، کـاك مەم برهـان، کـاك دابان، کاك هێڤیدار، کاك باڵانبۆ، ڕۆژان خان، کاك دکتۆر اسماعیل). فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە (٢٤) ماددە پێكهاتووە لە ماددەی (٣)وە، (١٦) ماددە هەمووی باسی ووردەكارییەكانی مۆڵەتە، یانی (١٦) ماددەی تایبەت، من دەپرسم یەعنی بۆ مۆڵەت هەبێت ئەگەر ئێمە بمانەوێت، چونكە بەشێك لەو تاوانانەی بە چەك ئەنجام ئەدرێت ئی چەكی بێ مۆڵەت نییە، زۆربەی زۆری توێژینەوەكان دەڵێن ئی چەكی مۆڵەت دراوە ئی ئەو كەسانەیە كە چەكیان لەلایە بۆ مۆڵەت هەبێت، پشتگیری قسەكەی گوڵستان خان دەكەم كە وەڵامی پرسیارەكەی نەدرایەوە، ئێمە ئەگەر ئاراستەی ئەو وڵاتە بەرەو مەدەنیەت بەرین بەرەو ئەوە بەرین كە تەشجیعی هاووڵاتی بكەین كە حكومەت پارێزگاری لێبكات، داموو دەزگاكانی حكومەت پارێزگاری لێبكات، ماشاالله هێزی ناوخۆو ئاسایش و دژەتیرۆرو ئەنواعی عەناوینمان هەیە كە ئەو هەمووە نەتوانێ بەرگری لە سەروماڵی هاووڵاتی بكات، یانی چی كەسێك خۆی دیفاع لەخۆی بكات بەتایبەتی لە ماددەی (٧)دا شەش فیئەیان دەستنیشان كردووە كە ئەوانە ئەگەر ئەو فیئانە زیاد دەكەن فەرمووون زیاد بكەن، بەڵام لە ماددەیەكی تر لەڕاستیا ئەو مەرجانەی كە دانراون بۆ ئەو كەسانەی كە مۆڵەت وەردەگرن مەرجی زۆر سادەو ئاسانە یانی ڕەوایەتی چەك هەڵگرتن و مۆڵەت وەرگرتن لەو ماددەیەدا باس نەكردووە، بۆیە من بەڕاستی بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ مۆڵەتدان نیم ئەو كەسانەی كە پێویستە چەكیان لابێت لەم ماددەی پێشووا ئەم دوو وەزارەتەن لە مادەەی (٧)دا شەش فیئەی دیاریكردووە، ئەگەر ئەتانەوێ بازنەی ئەو فیئانەی كە بەدەرن لە مۆڵەت ئەوانە زیادكەن ئەگەرنا هاووڵاتییەك كە هەتا ئەڵێ ئیلزامییە لە ماددەی (٧) ئەڵێ ئەگەر ئەم مەرجانەی تیابێت لە دوای هەبوونی ئەم مەرجانەی خوارەوە ئەبێت مۆڵەتی بدرێتێ، واتە حكومەت خۆی ئیلزامی كردووە، بۆیە من بەڕاستی بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ مۆڵەتا نیم و هەتا مۆڵەت هەبێت تاوان هەر ئەبێت كوشتن هەر ئەبێت، چونكە بۆخۆشمان ئەزانین لەم وولاتەیا حەیف و مەیلێك مۆڵەتەكانیش ئەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەكانی مامۆستا ابوبكر دەكەم، تەنانەت مۆڵەتدان زۆر زۆر ئاسایی و ئاسانكراوەتەوە تەنیا چەند مەرجێكی داناوە ئەوەیە كە لە ڕووی دەروونییەوە تەواو بێ و چەند مەرجێكی ترە، بەڵام سەبارەت بەخاڵی سێ، بڕگەی یەكەم دەستداری، هەڵگرتن، فرۆشتن، دەستاودەست پێكردن یان چاككردنەوەی چەكی ئاگرین تەنها بە مۆڵەت دەبێت، لێرە بۆ باسی دروستكردن نەكراوە ئێمە لەدوای شەڕی داعشەوە كۆمەڵێك كەس پەیا بوون بۆ نموونە كەرەستەو پێداویستی سەربازیان دروست كردووە، تەنانەت لە ماددەی (٤) باسی مۆڵەتدان و هەڵگرتن و كۆمەڵێ شتی تر ئەكات، بەڵام دروستكردن باس ناكرێت بەتایبەتی هەندێك چەك

هەیە ئێستا دەستکاری دەکرێ و ئەشگۆڕێ گۆڕانکاری تێدا دەکرێ، وەکو بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ ووتی ئەم یاسایە ڕەنگە بۆ دەیان ساڵی تر بێت ئەو کاتە دروستکردنیش بێتە ئاراوە بەتایبەتی هەناردە کردنیش هەر لە بابەتەکەیا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) یەکەم دەستەواژەی دووەم هەڵگرتن، ڕاستە لە ماددەی (٥) یەکەم باسکراوە کە کێن ئەوانەی مۆڵەتی چەك هەڵگرتنیان هەبێت، یەعنی لەم وڵاتە هەموو کەسێك بۆی هەیە چەك هەڵبگرێت کە عاقڵ بێت و تەمەنی وابێتن، یەعنی هەموو کەس لەڕێگەی فەرمییەوە داوابکات و چەکی پێدەدەی ئاوابێت هەموو کۆمەڵگا دەبێتە خاوەنی چەك لە ڕێگەی یاساییەکەیەوە پێمان باش بوو ئەمە قەید و شەرتی لەسەر هەبێتن، جا قەید وشەرتەکە تەعریف بکرێت چۆن چۆنییە، یەکەم دەستداری هەڵگرتن هەڵگرتنەکە بە مۆڵەت بێت هەموو کەس دەتوانێ داوا بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) پشتگیری قسەکانی مامۆستا ابوبکر دەکەم، لە بڕگەی دووەم خاڵی دووەم سەبارەت بەوەی کە مۆڵەت پێدەرەکە لە خاڵی یەکی ئەم بڕگەیەدا هاتووە توانای کڕین و فرۆشتنی هەیە ئەو بابەتە بخاتەڕوو، ئایا ئەوە ناگەیەنێت بازرگانی کردن بە چەکەوە بەڕێگەی نائاسایش جگە لە چوارچێوەی ئەم یاسایە، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان زۆر یاسای بەرکارمان هەیە ئیشی پێناکرێت، بازرگانی کردن بەچەکەوە بەردەوام لە زیادبووندان یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە تێکڕای پرۆژە یاساکەی کە خوێندوومەتەوە زۆر زۆر تێبینی زمانەوانی هەیە، یەعنی ناکرێت هەموو ماددەیەك بڵێین ئەو خەلەلەی هەیە ئەوەی تیاهەیە، هیوادارم چاك بکرێت بدرێتە لیژنەیەکی باشی زمانەوانی، مەسەلەن ئەڵێ چی باشە ئەڵێ ئەوانەی هی هاووڵاتییانن (هی) چییە؟ (هی هاووڵاتییانن)، نییە شتی وانییە لە زمانەوانی بەس ئەوانەی خاوەنداریەتیان بۆ

هاووڵاتییـان دەگەڕێـتەوە ئەو شـتانە هەیە زۆر خەلەلـی تیـایە، هیـوادارم لیـژنەی پەیوەنیـدار بەدوای مەنفەزێکا بگەڕێن هەمووی چاکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٣) بـڕگەی یەکەم مـن پێشـنیار دەکەم بکرێـت بە دوو خـاڵ بـۆ ڕێکخسـتنەوەو زانیـاری لایەنی پەیوەندیدار، پێشنیار دەکەم خاڵی دووەمی بۆ زیادبکرێت چەکی ئاسەواری یان یادگـاری یان سمبولی ئەوانەی لای کەسانی ئاساین پێویستە بۆ یەکجار تۆمار بکرێن و مۆڵەتیان پێبدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــاددەی (٣) ئەگەر ئــێمە بەراوردێــك بکەیــن لەگەڵ مــاددەی (٢) لێــرە کۆمەڵێــك ڕێکــار هەیە نەگیراوەتە بەر، لەبەر ئەوە بەو شێوەیە ئەگیـرێتەبەر، بـڕگەی یەکەم ئەڵـێ دەسـتداری، هەڵگـرتن، فرۆشتن، دەستاودەست پێکردن یان چاککردنەوەی چەکی ئاگرین تەنها بە مـۆڵەت دەبێـت، ئەمە وێــڕای ئەوەی پــاش و پــێش لەگەڵ چەکــی ئــاگرین بەپێــی مــاددەیەك کــراوە، کەواتە لێــرە هـاووردەکردنی چەکـی ئـاگرین قەدەغە نیـیە، هەنـاردەکردنی قەدەغە نیـیە، پارچەکـانی قەدەغە نیـیە تفاقەکـانی دروسـتکردنی گواسـتنەوەی ڕادەسـتکردنی وەرگرتنـی و بازرگـانی پێـوەکردنی مۆڵەتی ناوێت لەبەر ئاماژە لەم بڕگەیە بە هیچ کامێك نەدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا مامۆستا ابوبکری دکەم بۆ چوونا وی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیری ناوخۆ.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر پرسیار لەخۆمان بکەین یاسا پێویستە یان نا؟ بەتەسەوەری من ئەو پرسـیارە زۆر درەنـگە، بەڵێ پێویستە ئەم یاسایە ئێمە پێشـووتر یاسـایەکمان هەبـووە لەدوای ڕاپەڕیـنەوە، لەبەر ئەوەی کە چەکێکی زۆر لەم وڵاتە بڵاوبۆتەوە لەدەرئەنجـامی شۆڕشـە یەك لە دوای یەکەکـان داگیرکـاری کە لەسەر ئەم خاکە کـراوە لەلایەن هەمـوو ئەو وڵاتـانەی دەوروبەرو عێـڕاق، ئەو وێرانکـارییەی

که هەبووە پێویستی بەوە کردووە لەدوای ڕاپەڕینەوە مووشەرەعی کوردستانی بیـر لە یاسـایەك بکاتەوە، پێم سەیرە ئێستا ئێمە بێین پرسیار لەخۆمان بکەین بڵێـین ئایـا یاسـایەك پێویسـتە یـان نا؟ بەحەقیقەت پرسیارەکە زۆر درەنگە لەگەڵ واقعـی ئێسـتای کوردسـتان و ژیـانی سـەردەمیانە ناگونجێت کە یاسایەك نەبێتن هەڵگرتن و کڕین و فرۆشـتنی چەك لەهەر وڵاتێـك ڕێکبخـات، لێـرە مەسەلەکە بەس مۆڵەتـدان نییـە، بەڕێـزان ئێـوە هەمـوو شـتەکان لە مۆڵەتـدان کـورتی مەکەنەوە هێنان و بـردن و گواستنەوەو بازرگـانی و هـاوردە هەمـوو ئەو شـتانە دەگـرێتەوە بەشـێکی ئەم بابەتە مۆڵەتدانە، بەڵام لە هەمووی گرینگترە، چونکە ئەم چەکەی کە مۆڵەتی پێدەدرێتن ئـیلا ئەو کەسـە دەبێـت پێناسـەیەکی هەبێـت لە شـوێنێك ئەم چەکە خـۆی بناسـێنێت لە پێناسـەکەی ئەنووسـرێت لە ماددەکـانی دوای ئەمە دێـت، ئایـا مـۆڵەتەکە ئـی هەڵگـرتنە یـان هەبـوونە یـان بەردەستبوونە یەکێك لەم حاڵەتانەیە ئەصڵەن مۆڵەتی کڕین و فرۆشـتنە مـۆڵەتی چـاککردنەوەیە هەرچی مۆڵەتێك هەیە لێرە پێناسە کراوە، بۆیە زۆر زۆر زەڕوورە ئەو واقیعەی کە ئەمڕۆ ئـێمە لە کوردستان تێیدا دەژین کە هەمووتان باش دەزانن هـیچ ماڵێـك لەو کوردسـتانە نییـە کـام مـاڵ لە هەموویـان موسـالم تـرە ئاشـتی خـوازترە چەکێکـی تێـدا نەبێـت، ئەمـن باسـی یەك چەك دەکەم عەلاکولین جەنابت ڕەنگە نەتبێـتن، بەڵام بەم یاسـایە دەتـوانی هەتبێـت بـابەتەکە ئەمەیە ئەبێـت ڕێکیبخەین ئەو مەوزوعە، بۆیە یەکێـك لە ئامانجەکـانی یاسـاکە بەرچـاو ڕوونییـەکە بـۆ خۆمـان بزانین ئەو چەکانە چینە لە دەست کێنە بۆچی بەکاردێن و چـۆن بەکـار دێـت، دواتـر بەسـتنەوەی ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی پێش خۆی و مـاددەی دوای خـۆی حەقـیقەت گفتوگۆییەکـان تـێکەڵ دەکـات، ئـێمە لەسـەر ئەو مـاددەیە قسـە دەکەیـن، ئەگەر مەبەسـت ئەوەیە جۆرەکـانی تەمەن و مەرجەکانی مۆڵەت لەگەڵ ئەمە من ناتوانم موناقەشەتان لەگەڵ بکەم، لەسەر ئەم ماددەیە چیـیە لەسەر ئەوە دەتوانم موناقەشـە بـکەم کە چـوونە ماددەکـانی تـر لەوێ وەڵامتـان ئەدەمەوە، بەڵام مـن بە زەڕووڕی دەزانـم یاسـایەك هەبێـتن یاسـایەکیش بێـت بـۆ ئەوەی بـابەتی دیـاردەی چەك هەڵگـرتن ڕێکبخـات، بەڕێـز کـاك ابـوبکر دەڵێـتن بەشـی زۆری ئەم تاوانـانە بە چەکـی مۆڵەتـدراو ئەنجام دەدرێت، بەڕێز ئەو ئامارانەی کە لەدەسـت ئـێمەیە کەمتـرین تـاوان بە چەکـی مۆڵەتـدراو ئەنجامـدراوە چەکـی مۆڵەتـدراو قەصـدم ئەوەیە کە بەو یاسـایە ڕێکـدەخرێتن نەك ئەو چەکەی لەدەستی ئاسایش و پۆلیس و هێزی پێشـمەرگەیە، بەڵـێ ژمـارەیەکی زۆر ئەو تاوانـانە بە چەکـی ئەو خەڵکە فەرمییە ئەنجـام دەدرێـت، بەڵام ئەو چەکە نییـە کە مـۆڵەتی وەرگـرتبێتن خـودی ئەم یاسایە ڕێکی دەخات ئەو چەکی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس ئەبێت لەکاتی ئەرکدا لەلای بێت لە ماددەکـانی تـر بـاش ئامـاژەی پێکـراوە کە لەئەرك تەواو بـوو ئەبێـت مەرجەب دابنرێـت، ئەمە هەنگـاوێکی زۆر جـدییە بـۆ ئەوەی ژمـارەی ئەو تاوانـانە کەمبکـرێتەوە کە بەم چەکە فەرمـییە دەکرێت، نەك چەکی مۆڵەت دراو چەکی فەرمییە، چونکە پێشمەرگە مۆڵەت لە کەس وەرناگرێـت بۆ هەڵگرتنی چەك بۆ پارێزگـاری کـردن لە هەرێمـی کوردسـتان مـن هەر ئەوەم هەیە پـێم خۆشـە ئەو بابەتە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو ئەگەر نوقتە نیزامیت هەیە.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێز وەزیر ئاراستەی قسەکانی منی شێواند مـن نەمووتـووە یاسا نەبێـت یاسـای ژمـارە (١٦)ی ساڵی (١٩٩٣) لەو کاتەوە هەیە، بەڵام من ئەڵێم لەگەڵ مۆڵەتانیم چەکی فەرمی بـا لەلای ئاسـایش و پۆلیس و پێشمەرگە و ئەو حەوت فیئەیە بێت، جەنابت تـۆ قسـەکەی منـت ئـاوەژوور کـردەوە، بەداخەوە من لەگەڵ مۆڵەتانیم بەهیچ شێوەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٤) بەڕێزان بیخوێننەوە.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤):

یەکەم: جۆرەکانی مۆڵەت.

١. مۆڵەتی دەستداری چەکی ئاگرین و تفاق.
٢. مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاق.
٣. مۆڵەتی چاککردنەوەی چەکی ئاگرین.
٤. مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاق.

دووەم:

١. ئەو مۆڵەتـانەی لە بـڕگەی یەکەمـی ئەو مـاددەیە هـاتوون تەنهـا ئەو کەسـانەی کە بەنـاوییەوە دەرچووە بەکاردەهێنێت.
٢. بۆماوەی یەك ساڵ بەرکاردەبێت.
٣. ملکەچ دەبێت بۆ ڕەسمی خشتەی هاوپێچی ئەم یاسایە.
٤. مۆڵەتەکـانی هـاتوون لە بـڕگەی یەکەمــی ئەو مـاددەیە ڕێکارەکـانی پێــدان بە ڕێنمـاییەك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسـەبکات بابفەرمووێـت ناوەکـان بنووسن، گوڵسـتان سـعید، دکتـۆر اسـماعیل، مامۆسـتا ابـوبکر، کـاك مەم برهـان، کـاك ڕزگـار، کـاك کاروان، هەژان خـان، لەنـجە خـان، کـاك چیـا، دکتـۆر زێـدان، کـاك نـزار، لیـزا خـان، گوڵسـتان خـان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی یەکەمـی ئامـاژە دراوە بەچـوار جـۆر مـۆڵەت لە کاتێکـدا مـۆڵەتی کردنەوەی چەکی ئاگرین و تفاق ئەی مۆڵەتێك بۆ ئەو کەسانەی کە ئەیکڕن؟...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەبێت ئیزافە بکرێت شوێنی کڕین و فرۆشیار.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

... بەڵێ کڕین و فرۆشیار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، فەرموو کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) ئەو مۆڵەتەی کە ئەدرێتە هەڵگری ئەو چەکە، یەعنی ئەو کەسەی کە ئەڕوات چەکەکە ئەکڕێت تەبعەن پێش ئەوەی کە چەکەکە ئەکڕێت مۆڵەتی نییە، بابڵێین چەکەکە ئەکڕێت لەو جێگەیەی کە مۆڵەتدارە چەك بفرۆشێت لەوێ مۆڵەت وەرناگرێت ئەو کەسەی کە چەکەکە ئەهێنێتە دەرەوە تەبعەن بێ مۆڵەتە لەوێدا چی ئەکرێت ئەگەر چەکەکەی لێ بگیرێت؟ بۆیە ئەمە یەعنی بۆشاییەك لەوێ دروست ئەکات، مەسەلەن خۆ ناتوانێت پێش ئەوەی بچێت چەکەکە بکڕێت مۆڵەتی بۆ دەربێنێت، چونکە چەکەکە ژمارەی لەسەر ئەبێت جۆری چەکەکە بزانرێت، یەعنی من ئەو پرسیارە لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم ئایا ئەو کەسەی کە ئەچێت چەك ئەکڕێت پێش ئەوە خۆ مۆڵەتی نییە ئایا لەو جێگەیە مۆڵەتیشی بۆ ناکرێت کە دێتە دەرەوە لەو شوێنە تووشی مەفرەزەیەك یان کەسێك ئەبێت کە لەلایەن حکومەتەوە چەکەکەی دەست بەسەر ئەگیرێت لەو حاڵەتە چی ئەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز هەژان حسن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٤) بڕگەی چوارەم مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاق، هەرشوێنێك کە بۆ فرۆشتن بێت ئەبێت کڕینیشی لەگەڵ بێت، چونکە ناکرێت تۆ شتێك بفرۆشیت ئەی لە کوێ ئەیکڕیت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، ماددەی (٤) خاڵی یەکەم یەکسەر ئاماژە دەکات دەڵێت جۆرەکانی مۆڵەت، من پێشنیار دەکەم بکرێتە جۆرەکانی پێدانی مۆڵەتی چەکی ئاگرین و تفاقی لەبەر ئەوەی لە هەموو خاڵەکان تەرکیز دەکرێتە تەنها سەر ئەو دووە، ئەگەر لەسەرەتای دەستەواژەکە تەنها ئەوەی لۆ زیادبکرێت یەعنی پێمان باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ بەخێرهاتنا جەنابێ وەزیرێ دەکەم و جێی دەستخۆشیە کو جەنابێ وەزیرێ لە هەموو لیژنێن پەرلەمانێ ئامادەبن ئەڤە جێی دەستخۆشیە، تێبینیا من لسەر خالا دووێ بوو چەك بۆماوەی سالەکی بەکاربینێت دەبێتە مۆلەت پشتی سالەکێ پێتڤیا ئەف مۆلەتە بێتە درێژکرن بەڕێز جەنابێ وەزیری گەلەك جارا وەختێ درێژکرنا مۆلەتێ تەنها ئەوراق تێنە درێژکرن یان دێتە ڕەسمی کرن بەڵی چەك ناهێتە کۆنترۆڵ کرن وەکو تەجروبەم لەگەڵ وان چەکا کو گەلەك کەس مۆلەتێ بۆ چەکەکێ وەردگرن ئەڤی چەکێ گۆڕانکاری دێ ل لولەیا گۆڕانکاریێ هەندی تفەنگێ ل شێوازێ دا دکەن بۆ نموونە کلاشینکۆف هەیە مەزن د بچووك دکەن یان دەمانچە شێوازەکی تر دەمێ گۆڕینا مۆلەتێ چەك ناهێتە کۆنترۆڵ فەرمانبەرەکا کو هیچ پسپۆڕی و شارەزاییەکا نییە، بۆ نموونە لە پارێزگایەکیا ئەف فەرمانبەر تەنها مۆلەتی بۆ درێژ دکرێت، بۆیە من پێم باشە لایێ لیژنەکا تایبەتمەند یان کارمەندەکێ وەزارەتێ ڤە ئەف چەکە بێتە کۆنترۆڵێ بۆ درێژکرنا مۆلەتا وێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زێدان ڕشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، تێبینیەکەی من لە ماددەی (٤) خاڵی سێیەمە مۆڵەتەکانی هاتوون لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە ڕێکارەکانی پێدان بە ڕێنماییەك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت، لەسەر ئەو بابەتە ئەو ڕێنماییانە لە بڕگەی دووەم خشتەکەشی لەگەڵ دایە، ئەم خشتەیە بەڕێز وەزیری ناوخۆ لە بڕگەی دووەم ڕسوماتی یەکەم سەد هەزار دینار ڕەسمی مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتن، پێشنیار دەکەم ڕسوماتی دەستداری جیاوازبێت لەگەڵ هەڵگرتن واباشترە دەستدارییەکە کەمێ کەمتر بێت، بۆ نموونە حەفتا هەزار بێت، هەڵگرتن سەد هەزار بێت، جیاوازی بکرێت، بۆ ئەوەی خەڵك زیاتر هاندانی دەستداری بێت لە ماڵ نە هەڵگرتنی چەك بێت بە بەردەوامی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، وێڕای بەخێرهاتن بۆ جەنای وەزیر تێبینیەکەی من لەسەر کۆی گشتی پڕۆژە یاسایەکەیە، من وەك ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆی ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان پێشتر چەندین جار دیدارو کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵ وەزیری ناوخۆو ستافی وەزارەتی ناوخۆ

سەبارەت بە ئامادەکردنی ئەم پڕۆژە یاسایە، بۆیە ئێمە بە فەراغێکی یاسایمان دەدیت لە لیژنەی ناوخۆ کە یاسای کۆن لەگەڵ هەڵومەرجی سەردەمی ئەوکات لەگەڵ ئێستادا ناگونجێت، بۆیە پێویستیمان بە پڕۆژە یاسایەکی نوێ هەیە تاکو بتوانێت لەگەڵ هەڵومەرجی ئێستادا بگونجێت ئەم پڕۆژە یاسایە زیاتر لە سێ ڕۆژە لەناو سندووقی پەرلەمانتاران دانراوە...

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لەسەر ماددەی (٤) شتێکت هەیە کاك نزار، چونکە ئەم شتانە تەواو بووە.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

لە کۆی گشتی یاسایەکەیە، نوقتەیەکی ترم بەڕاستی هەر ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆ ئەگەر تێبینیەکمان هەبێت پێموایە غەدرە دەیکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە پێشتر لەناو لیژنە گفتوگۆمان کردووە، ئێمە لەگەڵ ئامادەکردنی ئەم پڕۆژە یاسایەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر لەسەر ماددەی (٤) پرسیارێکم هەیە، لە مۆڵەتەکان ماوەکانی پێشتر لەسەر پڕۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییەکان کارمانکرد، ڕاستە لەوێ ماددەیەك هەبوو کە چۆن مۆڵەت وەردەگرن کۆمپانیا ئەمنییەکان ئەوانەی کە لەبواری ئەمنیدا کاردەکەن، من پێم باشە ئەگەر بکرێت لێرە شوێنی بۆ بکەنەوە، مۆڵەتی تایبەت بۆ کۆمپانیا ئەمنیەکانیش لە ماددەی (٤) دابنرێت؟ وەکو پرسیارێك ئاراستەتان دەکەم نازانم ئەگەر بکرێت یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بینم ئەگەر خالا یەکی و دووێ ببیتە یەك خاڵ هەر بۆ کورتکرنا یەکی، چونکی نینە دەستداری بێ هەڵگرتن یان هەڵگرتن بێ دەستداری حیازەت و حمل وەکو دوو تشتێت هاڤ جووتن گەلێك، ئینجا پێکڤە بێنە گوتن باشترە مولەتێ دەستداری و هەڵگرتن هەڵگرتنێ چەکی ئاگرین و تفاقی، خالا دووێ مۆڵەتدان بۆ ماوەی یەك ساڵ تەنها بەکار دەبیت ئەڤەش گەلەکا کەمە یەعنی هەر ساڵەك فیجراحەتا و ڕووتین دووبارە دووبارە ببیتن ئەگەر ببیتە دوو ساڵ یان پتر مادام دەستپێکی ئیجرائات و مەحکەمن ئەگەر مەحکەمن ئەڤە موستەحەقن فعلەن بۆ ئینجازەیێ ئەوجا نینە هەر ساڵ جارەکی بێت ئینجا بەری هەنگیش دوو هەیڤا بێتن نیکەتەڤە ببیتە دوو ساڵ سێ ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ماددەی (٤) دوو تێبینینم هەیە، بەشێكیان قسەكانم كاك ڕزگار كردی هەم پشتیوانی دەكەم هەم ئەوە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دوو مەترسی لەبەردەمە ئەو كەسەی چەك دەكڕێت، بەر لەوەی فعلەن ناتوانێ مۆڵەت وەربگرێت پێش ئەوەی كەچەك بكڕێت، چونكە ژمارەی لەسەرە. یەكەم: دەكرێ ڕووبەڕووی هێزێكی ئەمنی ببێتەوە كە لێی بسەنن دووچاری ئەو سزایانە ببێتەوە لە یاسایەكەدا دەقنووس كراون و ئاماژەیان پێكراوە و، دەكرێت تاوانێكیشی پێ ئەنجام دات لە كاتی ئەنجامدانی تاوان تەبعەن تاوانە هەر تاوانە، بەڵام دەكرێ كەسێك كە مۆڵەتی هەبێت گۆڕانكاری بەسەر شێوازەكەی دابێت و لە یاساكە ڕوونتر باسی لێوەكراوە ئەمە چارەنووسی چیەو چۆن موعالەجە دەكرێت. دووەم: لە بڕگەی سێیەم كە باس لەوە دەكرێت مۆڵەتەكانی بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیەو ڕێكارەكانی پێدانیان بە ڕێنماییەك ڕێكدەخرێت، من لە ڕاستیدا پێم وایە ئەمە خۆی كرۆكی بابەتەكەیە ئەوەی كە بەڕێنمایەك ڕێكدەخرێت ڕێكارەكان بە بۆچوونی من ئەوە دەهێنێت كە لە یاساكەدا ئاماژەیان پێبكرێت، چونكە لێرە تەنها بە سەرە قەڵەم ئاماژەیان پێكردوون یەعنی جۆریەتی چەكەكەیە لە ماددەی پێنجیش بەوازحی باسی لە كۆمەڵێك شت كردووە بەس من دڵنیام پێدانی مۆڵەتی چەك ئەوەندە ئاسان نییە یەعنی ڕێو شوێنی زۆر زۆر ئەوێت ئاسایشی دەوێت ئەنجومەنی دەوێت وەزارەتی ناوخۆی دەوێت بەڕێوەبەرایەتی هەیە كۆمەڵێك ڕێكاریی تر هەیە فۆرمی هەیە تەعاهوداتە، بەڵام لە هەموو حاڵەتانە بۆ لە یاساكەدا ئاماژە پێنەكرێت؟ ئەمە با پرسیارێك بێت بۆ بەڕێزتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ابوبكر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە باس لە شەخسی مووجەڕەب دەكات لە تاك و فەرد دەكات كە چەكیان لەلایەو مۆڵەتیان پێ ئەدرێ، ئەی حزب كێ مۆڵەتیان ئەداتێ كە ئەوانەی چەكی لەلایە و لە بۆنەو موناسەبەو هەڵبژاردنا دابەشی ئەكات، بەپێی یاسای حزبەكان ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٣) هیچ حزبێك لە كوردستانا نابێت چەكی لەلابێت و نابێت تەشكیلاتی حزبی لەناو هێزە چەكدارەكانا هەبێت، هەروەها كۆمپانیاكانی سكوێرتیش بە هەمان شێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسبەت ماددەی (٤) بڕگەی دووەم خاڵی یەكەم زیادە بەبڕوای من تەنها ئەو كەسە كە بەناوی دەرچووە بەكاری دەهێنێت (تحسیل حاصله)، ئەڵێین ئێمە ئەبێت مۆڵەتی هەبێت، یەعنی من چەكم هەبێت براكەم ناتوانێ بەكاری بێنێت تەبعەن ئەوە پێویست ناكات، پێم وایە زیادە، خاڵی

دووەمیان وەزیر وەڵامی ئەوەمان داتەوە حیکمەت چییە بۆ ماوەی یەك ساڵە مۆڵەتەکە بەپێی خشتەی ڕەسمەکان وەکو هاتووە بە سەد هەزار دینار تۆ ئەبیتە خاوەنی دەتوانی چەکت هەبێت مۆڵەتت دەبێت، هەشتا هەزاریش بۆ ساڵانە تازەی کەیتەوە، یەعنی لەم هەرێمەیا وای لێهاتووە سەیارەی جام تاریك چەك هەموو شتێك ئەمانە پارە بدەیت هەموو ئەم شتانە مسۆگەر ئەکەیت جا ئەمە دیوێکیان دیوێکی تریان ئەمە بۆ زیادکردنی داهاتە بۆ چ شتێکە چەکێکە مۆڵەت ئەدەیت بۆ ساڵێك درێژئەبێتەوە دوای بە هەشتا هەزار ئەتوانی درێژی کەیتەوە، خاڵی سێیەمیان ملکەچ ئەبێت بۆ ڕسمی خشتەی هاوپێچی ئەم یاسایە شتێك نییە لەناو ئەم یاسایە ڕەسمی خشتە بێت ڕەسمی خشتە لە هەموو ئەم یاسایە بگەڕێ ڕسمی خشتەی تیانییە خشتەی ڕسمەکان هەیە ڕسمەکانی خشتەمان نییە بە نسبەت خاڵی یەکەم نازانم لە ماددەی (١) برادەرانی لیژنەی پەیوەندیدار گەشتنە قەناعەت ڕەئیەکانی پێشووتر بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرت کە تفاق و ئەو شتانە لابرێت، چونکە لەناو بڕگەی یەکەم خاڵەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم زۆر زبرە هەر مەفهووم نییە، یەعنی زۆر لەخۆتکەی هیلاك ئەبیت بۆ ئەوەی کە لێی تێبگەی، بۆیە مەسەلەن مۆڵەتی دەستداری و چەکی ئاگرین و پارچەکانی و تفاق ئەو تفاقانە کە دووبارە ئەبێتەوە نەنگیەك ئەبینم بۆ ناو یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی (٤) پێشنیار دەکەم لەهەر جێگەیەك تفاق هەبێت بکرێت بە شتوومەکی سەربازی، هەروەها پشتگیری هەژان خان دەکەم لە خاڵی چوارەم مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی فرۆشتنی چەکی ئاگرین وتفاقەکانی، لەبەر ئەوەی لە ماددەکانی دوای ئەوە هاتووە دەڵێ لە حاڵەتی لەدەستدانی مۆڵەتەکە پێویستە ئەو کەسە چەکەکەی بفرۆشێتەوە، ئێ تۆ ئەگەر لێرە ڕێگەت نەدابێت بەشوێنی کڕین وفرۆشتنەکان ئەم هاوواڵاتییە کە دوای لەدەستدانی مۆڵەتەکەی چەکەکەی بەرێت لەکوێ بیفرۆشێتەوە، خۆ ناڕوات بە قاچاغ بیفرۆشێتەوە، پێویستە شوێنێکی بۆ دیاریی بکرێت، بۆیە زۆر گرینگە ئەو پێشنیارەی هەژان خان لێرەدا جێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە حاڵەتی لەدەستداندا بەو شێوەیەی لێبکرێت، هەروەها پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی تر بۆ ئەو ماددەیە زیاد بکرێت دەسەڵاتی مۆڵەتدان مۆڵەتی چاکردنەوەی چەکی ئاگرین و مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین دەدات بەپێی ئەم مەرجانە مەرجەکانی، ئێمە ئەتوانین ئیستیفادە لەو مەرجانە بکەین کە لە خاڵی پێنجەم هاتووە، ئەگەر بیخوێننەوە من نامەوێت بیخوێنمەوە لەبەر ئەوەی کاتەکە زۆر نەگرم بەس ئەتوانین ئەو مەرجانەش بۆ کردنەوەی شوێنی کڕین و فرۆشتن و چاکردنەوەی بکەین، لەبەر ئەوەی ئەمە قەتیس نەکرێت بۆ

چین وتوێژێك، لەبەر ئەوە هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەبێت ئەگەر شەرتەکانی تیابێت بڕوا داوای مۆڵەت بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیری ناوخۆ.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەمووشتێك ئەو تێبینیەی کە باس لە بڕگەی یەکەم خاڵی چوارەم دەکات کڕین ئەبێت زیاد بکرێتن، شتێکی دروستە ڕەنگە لەبیرچوو بێتن ئەگەرنا فرۆشتن هەبێت کڕینیش هەیە، تێبینیەك هەبوو لەوەی کە ناونیشان یان سەردێڕی بڕگەی یەکەم بکرێتە جۆرەکانی پێدانی مۆڵەتی چەکی ئاگرین، ئەوەش بکرێت، یەعنی ئێمە ڕێگریمان نییەو موتەفقین هەرچەندە ناوەڕۆکەکە باس لە چەکی ئاگرین دەکاتن، بەڵام ئەگەر لە یەکەم بنووسرێت جۆرەکانی پێدانی مۆڵەتی چەکی ئاگرین ئەوە شتێکی ئاساییە، (دەستەواژەکان تیکرار دەبێتەوە بۆ؟) وەکو بڵێی چەندین جار هەموومان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە ئەم دەستەواژانە ئەبێت کوردی بن، بۆ ئەوەی زۆر دووبارەی نەکەینەوە، من خۆم داواتان لێدەکەم ئەگەر کۆڕی زانیاری کوردستانە یان کوردییە بتوانێتن ئەم بابەتەمان بۆ یەکلا بکاتەوە یان لەناو پەرلەمان لیژنەیەکی زمانەوانی هەیە پێداچوونەوەی پێبکرێت بەمەرجێك دەستکاری ڕۆحی ماددەکان نەکاتن ئێمە کێشەمان نییە، بۆیە ئەم بابەتە یەعنی هەموومان کە قسە دەکەین ناچارین هەندێك ووشەی عەرەبی بەکاردێنین لائیرادییە چۆتە ناو زاکیرەی خۆمان کە بەکاری دێنین، ئەمە کاتی دەوێتن پێداویستی زۆر زەڕووریشە کە چارەسەر بکرێتن ئێمە پشتگیری دەکەین لەو مەوزووعە، بابەتێکی تر (ئەو ماوەی یەك ساڵە کە باسی لێوەدەکەن) بەڕێزان ئێمە یاسایەك دانانێین بۆ زۆرکردنی داهات مەبەستمان لەوە نییە داهات کۆبکەینەوە، یەعنی ئەم بابەتە شتێك نییە مەسەلەن بۆ داهاتی حکومەت، بەڵام ئەم ڕسووماتانە پێویستە هەبن، بەڕێزێك دەڵێتن ئەگەر هەبوون لەگەڵ هەڵگرتن کەمکرێتەوە بەعەکسەوە ئەگەر بمانەوێتن زیاتر زیادی بکەین بۆ ئەوەی هەموو کەس داوای مۆڵەت نەکاتن ئێمە کەمی نەکەینەوە، ئەگەر قەرارە یەکێك سەد هەزار بێت ئەویتر دەیکەین بە دوو سەد هەزار ئەگەر ئێوە ڕازین کێشەمان نییە، بەڵام لێرە مەبەست ئەوە نییە زۆرکردنی داهات ڕێکخستنی ئەم بابەتەیە بۆ ئەوەی هەرکەسێك خزمەتگوزارییەك وەردەگرێتن بەتایبەتی کە بریندار کردن و کوشتنی خەڵکی تری تێدا بێت ئیلتیزاماتێکی هەبێت بەرامبەر بە حکوومەت، ئیلتیزاماتەکانی خۆی جێبەجێ بکات هەم ماددی هەم ئیلتزاماتی تری یاسایی، (بۆچی یەك ساڵ چەند ساڵ نەبێتن؟) بۆ ئەوەمانە بەڕاستی زیاتر کۆنترۆڵی هەبوون و هەڵگرتن و بەکارهێنانی ئەو چەکە بکەین ئەگەر بیکەینە دوو ساڵ ڕەنگە ئەو برادەرە چەکەکەی ئەگۆڕێت چەکەکەی دەستکاری ئەکات ئەیدا بە کەسێکی تر، یەعنی زۆر شتی تری پێبکات، ئەگەر بەردەوام ئێمە وەکو حکومەت لەسەر سەری بین کە ئەم چەکەمان پێداوە دەبێت جار بەجار پشکنینی بۆ بکرێتن، یەك لەو بەڕێزانە وتی ئەگەر چەکەکەی خۆی دەستکاری کردبوو ئێ ئەگەر ئەمە دوو ساڵ پێی بدەین دەستکاری کردووە دوای دوو ساڵ چەکەکەی کردبوو بە چەکێکی کاتم خۆ ئێمە دوای ئەوەی کە تاوانی پێ ئەنجام دەداتن ڕەنگە ئەو کاتە تەنها سزادانی

دەمێنێتەوە لەدەستی ئێمە، بۆیە هەرچی ماوەکەی کەمتر بێتن با ئەمە خزمەتگوزارییەك نییە بۆ تەرفی بێت، ئەمە خزمەت گوزارییەکە بۆ خۆ پاراستنە با ئەم شەخصە سالانە موراجەعە بکات با مانگێك خەریکی ئەم بابەتە بێتن، ئەگەر حەزی لێیە چەکی هەبێتن بابزانێت هەبوونی چەك ماندووی دەکات ئیلتیزاماتی بۆ دروست دەکات، نەك بە ئاسانی چەکی هەبێت و دوو ساڵ سێ ساڵ، ئەمە مۆڵەتی سەیارە لێخوڕین نییە، بەڕاستی ئەمە مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکە بەڕاستی کە کوشتن و بریندار کردنی پێدەکرێت، کۆمپانیا ئەمنییەکان ناتوانین لێرە ئامازەی پێبکەین یاسایەکی تایبەتمان دەرکردووە مۆڵەتەکان و ڕێکارەکان و هەمووشتی وەك خۆی لەوێ ئامازەی پێکراوە، بەشێکی زۆر لەو بابەتانە بەڕێزان پێویستە بەڕێنمایی ڕێکبخرێت، ئێمە کە ئەڵێین لەناو یاسا ڕێنمایی دەربچێتن ئەمە ڕێنمایی بۆ ئاسانکردنە بۆ جێبەجێ کردن لەلایەن حکومەت، بەڵام بۆ توندکردنی ڕێکارەکانە کە ماوە نەبووە ئێمە ئامازەی پێبدەین ئەو ووردەکارییە، ئێمە ئەو ڕێنماییانەی کە دەری دەکەین توندتری دەکەین بە ڕێنمایی لێرە وەکو بڵێی هێڵە گشتییەکان باس دەکرێتن هەرچەندە لە هەندێك شوێن چووینەتە ناو ووردەکاریی، (ڕسمی خشتە یان خشتەی ڕسم بێت) ئەمە شتێکی زمانەوانییە هیچ کێشەمان نییە لەگەڵی وە ئەو کەسەی کە بەناوییەوە ئەبێت هەبێتن لە ماددەکە بەڕێزان، چونکە هەندێك کەس وادەزانن ئەمە چەکی خێزانییە ئەوە چەکی خێزانی نییە، ئەگەر کەسێك مۆڵەتی چەك هەڵگرتنی نەبوو باوکی هەیبوو یان برای یان خێزانی یان یەکێکی تر بەمە تاوان بکات ئەو مۆڵەتە هیچ دادی نادات لە هیچ حاڵەتێك، بەڵێ چەکێکی مۆڵەت دراو بووە چەکێك نابێتە مۆڵەت دراو ئەگەر من خاوەنی نەبم بۆیە هەرکەسێك ئەگەر بیەوێت مۆڵەت وەربگرێت ئەبێ خوودی شەخصەکە مۆڵەت وەربگرێت نەك خێزانی، چونکە هەرچەندە تاوان تاوانە بە مۆڵەت بیکەی یان بەبێ مۆڵەت بیکەی هیچ لە قەزیە ناگۆڕێت، بەڵام ئەو چەکە دراوە بۆ ئەوەی خەڵك تاوانی پێ نەکات، ئەم چەکە چەکی خۆپاراستنە بۆچی ئەگەر کەمێك ووردی بکەینەوە کەسێك سەرمایەدارە سەرمایە ئەگوازتەوە کۆمپانیایە مەکاتبی پارە گۆڕینەوەی هەیە خاوەن بانکە کۆنترانتێکی هەیە یان ئەوەتا لەشوێنێکە پێویستی بە خۆپاراستن هەیە، ئەگەر نموونە یەکێك لەو لادێی (خدر جیجە) بێنینەوە ئەو کاتە چەکیان لەلا نەبوایە ڕەنگە یەکێك لە بەڕێزەکان نەیوویستبا ئەمە باس بکاتن، بەڵام ڕەنگە پرسیارێکی نارد لە شوێنی خۆیەتی نەیان دەتوانی دیفاع لەخۆیان بکەن، ئەمانە دەکرێت ئەم چەکە بە مۆڵەت هەبێتن خۆ ئەمانە بیکەیسی و دۆشکەیان نەبوو بە کلاشینکۆف دیفاعیان لەخۆیان دەکرد، بۆیە ئەم بابەتە ئەبێت هەبێتن و ڕێکیبخەین زۆریش زەڕوورە لە کۆمەڵگای نوێی سەردەمی نوێ پێویستیەکە هەبوونی چەك بۆ خۆپارێزی نەك بەکارهێنان، چونکە ئەمە ڕێکخستنی چەك و بەکارهێنانی چەك لەکاتی دیفاع لەخۆکردن، هەتا لە یاسای سزاکانی عێراقی کاتێك دیفاع لەخۆت دەکەی ئەمە مەشروعیەتێکت ئەداتێ کاتێك تاوانێکی پێ ئەنجامدرا، ئەگەر یەکێك هاتە سەرماڵت تەقەت لێبکاتن تۆش دەتوانی دیفاع لەخۆت بکەی، بەڵام ئەوەی کە هاتۆتە سەر ماڵت هێرشبەرە ئەوەی تر دیفاع لەخۆ کردنە، بۆیە ئەم بابەتە بەپێی یاساکانی عێراقی ڕێکخراون ووردەکاری زیاتر نامەوێت بچمە ناوی، (حزبەکان کێ مۆڵەتیان پێ ئەدات؟) حزبەکان ڕێگە پێدراو نینە چەکیان هەبێتن بەهیچ یاسایەك ڕێگە نەدراوە بە حزبەکان چەکیان هەبێت و ئەمە بابەتەکە ڕێکدەخات ئەوەی کە داوای مۆڵەت دەکاتن بۆ پاراستنی

بارەگاکان بێتن ئێمە یاسای پاسەوانیمان هەیە لەوێ ڕێکخراوە، ئەگەر کەرتی تایبەتە کۆمپانیای ئەمنی ڕێکیخستووە، ئەگەر دامەزراوەکانی حکومەتە یان بەشێکی تێکەڵە لە حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوا کەرتی گشتی دەیپارێزێتن، بۆیە حزب وەکو حزب بە یاسا ڕێگەپێدراو نییە چەکی هەبێتن وە چاکسازیش باشترین خاڵ کە باسی دەکات یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەیە یەکەی (٧٠،٨٠) لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە ئەو چەکەی لەدەستی حزبەکانە دەبێتە چەکی حکومەت، بەڵام هەر پارتی و یەکێتی نینە حزبەکانی تریش هەموویان لیوایان هەیە فەوجیان هەیە ئەمەش ئەبێت ڕێکبخرێتەوە تەنها یەکەی (٧٠،٨٠) نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٥):

یەکەم: دەسەڵاتی مۆڵەتدان مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقی دەدات لە دوای هەبوونی ئەم مەرجانەی خوارەوە لە کەسی داواکار.

١.عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت.

٢. تەمەنی لە (٢١) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣. ڕەوشت چاك و ناوبانگ و ڕەفتار باش بێت.

٤. بە جینایەتێکی نا سیاسی یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.

٥.کەمئەندامی جەستەیی یان نەخۆشی عەقڵی یان دەروونی نەبێت بەجۆرێك ببێتە بەربەست لە بەکارهێنانی چەك بەو مەرجەی بەڕاپۆرتێك لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی فەرمییەوە پشتڕاست کرابێتەوە.

٦. لەڕووی تەکنیکییەوە شیاو بێت بۆ هەڵگرتنی چەکی ئاگرین.

٧. چەکەکەی بەشێوەیەکی ڕەوا دەست خستبێت.

دووەم: داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەت لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بەر لە ڕێکەوتی بەسەرچوونی پێشکەش بە دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەکرێت.

سێیەم: دەسەڵاتی مۆڵەتدان بڕی ئیتفاقی ڕێگەپێدراو دیاریی دەکات بەو مەرجەی لە پەنجا گوللە بۆ هەر دەمانچەیەك و سەد و بیست گوللە بۆ هەر تفەنگێك زیاتر نەبێت.

چوارەم: دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەتووانێ هەردوو مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی دەمانچە و تفەنگ بداتە یەك کەس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆ سوپاس، ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت قسە لەسەر ماددەی (٥) بکەن، ( مامۆستا ابوبکر، دکتۆر اسماعیل، کاك مسلم، مامۆستا عمر، بدریە خان، کاك بەختیار، کاك هێڤیدار، لیزا خان، ڕۆبینە خان، جەلال محمد، شێخ ظاهر، دکتۆرە گەلاوێژ، حسیبە خان، مامۆستا عبدالستار، ئاشنا خان، کاك ڕزگار، کاك دابان، کاك مەلا ناصر، کاك عثمان سێدەری، کاك باڵانبۆ، کاك کاروان، شیرین

امین، کاك یاسین، کاك فیصل، ڕۆژان محمد، گوڵستان خان، کاك سروان،) کێی تر ماوە ناوی نەنووسرابێت، تۆم نووسیوە کاك سەروان لێرە کێمان نەخوێندۆتەوە، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر لەسەر مادده (٥) تێبینیم لەسەر تەمەنەکە هەیە، ئەگەر تەمەنەکە بکرێتە (٢٥) ساڵ باشترە، هەروەها یاسایەك هەیە لە یاسای عێراقی یاسای ئەسلیحەیە شتێکی وایە ناوی ژمارە (٥١)ی ساڵی (٢٠١٧) لە ماددەی (٦)ی بڕگەی (ب) هاتووە، لەوێ (٢٥) ساڵ هاتووە، چونکە ڕەنگە ئەم (٢١) تەناقوزێك دروست بکات لەگەڵ ئەو یاسایەی ئێرە، هەروەها هۆکار چییە کە (٢١) ساڵتان دەستنیشان کردووە دواتر ئەگەر بکرێتە (٢٥) ئایا تەناقوز دەکات لەگەڵ یاسای کۆمپانیا ئەمنییەکان، چونکە لێرەش وابزانم (٢١)مان نووسی بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٥) ئەگەر بڕگەیەکی تری زیاد بکرێتن یانی لە بڕگەی یەکەم هەشتەم زنجیرەی لێ دروست بکرێت، ئەو شوێنە مەسەلەن مۆڵەتی چەکی وەرگرت یان بیەوێت چەك لەدەست خۆیدا هەڵگرێتن ئەبێت شوێنێك هەبێتن ئەو کابرایەی فێرکردبێتن چۆن چەك بەکاردەهێنی، چۆن چەك هەڵدەگرێتن، لەماڵەوە چۆن هەڵدەگری فیشەك هەڵگرتنەکە چۆنە، یەعنی هەر لە ڕێگەی ئەم یاسایە ئەتوانین دەرفەتێکی کار پەیدا بکەین حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەت بداتە ئەو شوێنانەی کە ڕاهێنانی لێدەکرێت یان خۆی دەیکاتەوە بەرامبەر شتێك کە تۆ ئەوە هەموو فێربوویت، ئینجا وەرە داوای مۆڵەت بکە وەکو لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکە تاوەکو ئینجازەت نەبێت هەقت نەبێت، ڕاستە ئینجازە ئەزانی ڕاستە ئەزانم فیشەك بتەقێنم، بەڵام شێوازی هەڵگرتنەکە لە ڕێنماییەکان هەرهەمووی هەیە، بۆیە پێم باشە بە زنجیرە ڕەقەم هەشت لێ زیاد بکرێتن، ئینجا مۆڵەتەکەی پێبدرێتن، وە پشتگیری بەڕێز لیزا خان دەکەم لەسەر تەمەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جەلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دووبارە بەخێرهاتنی گەرمی هەردوو وەزیری بەڕێز دەکەم وەك کاك هێڤیدار گوتی کاك ڕێبەر ئەوەندە دێت هەق وایە غورفەکی بدەینێ لێرە ئەوەندە دێتە لامان، خۆزگە هەموو وەزیرەکان وەکو کاك ڕێبەری ئەوها دەهاتن و بە ڕیحاب و صەدر لەگەڵ پەرلەمانتاران گفتوگۆیان دەکرد و دەدوان، من دەپرسم جەنابی وەزیر ڤالە خان پرسیارەکە بکەم وایە، نا بەخوا چ ئیشم بە چەك نییە سەد چەك بێتن من نامەوێت، مەبەستم

لەوەیە دوێنێ ڕووداوەکی زۆر زۆر دڵتەزێن ڕوویدا هەموومان زانیمان پیاوەکی فەقیر بووە قوربانی و ڕوومانەك لەناو کەلوپەلی سیکراب هاتووە لە خوارووی عێراق، کێ مۆڵەت ئەداتە ئەو کۆمپانیایانەی مامەڵە بە کەلوپەلی سیکرابی سەربازی دەکەن، مەسەلەن دوێنێ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بەڕاستی ڕوومانەك ئیمکانە پێش بیست ساڵە لەناو ئەو کەلوپەلە سیکرابانە بووبیتن دوێنێ تەقیەوەو یەك بریندار بوو یەکیش شەهید بوو، بەڕاستی بەداخەوە، ئەویتر (٢١) ساڵ تەمەنەکە باشە یەکێك لەماڵ چەکێکی هەیە مۆڵەتی هەبێت یان نەیبێت من پێش سێ مانگ ڕەفیقێکی ئەزیزم چەکی لە ماڵەوە هەیە کچەکی قۆناغی هەشتی بنەڕەتیە دەستکاری ئەو چەکەی کردوو خۆی کوشت، یەعنی نەیزانیە چۆن بووە، یەعنی مامەڵە چۆن لەگەڵ ئەوە دەکرێت لە ڕووی یاساییەوە ئەوە تاوانبار دەبێت بەچ شێوازێك حوکم دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان، بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری بەڕێز دەکەم من هاوڕای لیزا خانم بەڕاستی لەسەر تەمەن، ئیزافەك لەسەر قسەکانی لیزا خان، چونکە لە یاسای عێراقی (٢٥) ساڵە، لێرەش (٢١) ساڵە، ئەگەر مۆڵەت لێرە (٢١) ساڵ مۆڵەتی پێبدرێت ئەوەی لە عێراق مۆڵەتی پێنادرێت دێتن ئەلێرە مۆڵەت وەردەگرێت بۆ ئەوەی ئەوشتە دروست نەبێت تەمەن لەگەڵ یاسای عێراق بێت باشترە، چونکە مۆڵەت لێرە وەردەگیرێت زۆر بۆ ئەوانەی عێراقیش دەبێت کێشە، زۆۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللەی من وەکو ڕوونکردنەوەیەك ئێمە نە لیوامان هەیە نە فەوجیشمان هەیە نە چەکیشمان پێیە نە فەوجمان هەیە نە لیوامان هەیە، مەکتەب عەسکەریمان حەلکرد لە ساڵی (٢٠٠٣) بەس ئەو کاتەی داوامانکرد ئەو پێشمەرگانەی هەمانە با ڕێکبخرێن لە زمنی وەزارەتی پێشمەرگە نەکرا، بەهەرحاڵ زۆرجار گوتراوە کە ئێوە بۆ دیفاع ناکەن بۆ نابن بە پێشمەرگە، کاکە ئێمە پێشمەرگەکانمان فەقیرە هەمووی بوون بە عارەبانچی و دووکاندارو کرێکار واللە خانەنشینیان بۆ نەکراوە بەشێکی زۆر زۆریشیان، سەبارەت بە خاڵی یەکەم کە عێراقی بێت دانیشتووی هەرێم بێت ئێمە خەڵکێك دەبینین کە دانیشتووی هەرێم نییەو چەکیشی پێیە ئەوانە کێ مۆڵەتیان پێدەدات کێ ئەو قەزییە ڕێکدەخات، من ئەو پرسیارەم هەبوو واللە بینیمان ڕێکخراو هەبووە منەزەمە هەبووە هاتۆتە لای ئێمە چەکداریان لەگەڵ بووە چەکدارەکان بیانی بوونەو عێراقی نەبوونە، ئەو تەمەنەی (٢١) ساڵە منیش پشتگیری لیزا خان و برادەرانی تر دەکەم، چونکە (٢١) ساڵ زۆر گچکەیە ئەوە دانامەزرێت لە سووچی ئاسایش یان پۆلیس بلێی با (١٨)

ساڵ بەسەرەوە بێت ئەوە مۆڵەتی چەکی نییە چەکی پێبێت، بۆیە پێموایە زۆر زۆر گچکەیە و زۆریش خراپە ڕێگەی پێبدرێت، تەمەن (٢٥) ساڵ کەمێك باشترە پێگەیشتووترە دەکرێ ئەگەر پەرلەمانتارو وەزیر ئەگەر برایەکی یان کەسێکی پێویست دەکات لەگەڵی بێت ئیستسنائی بکرێت شتێك بکرێت، خاڵی سێیەم نازانم ئەو (٥٠) گوللەو (١٢٠) گوللە بۆ لێرە بنووسرێت هیچ پێویست ناکات، بەڕاستی ئەمە لێرە وەکو یاسایەك بنووسرێت ئایا ئەمە پێویستە؟ پێموایە دەبێت لایەنی پەیوەندیدار ئەمە دیاری بکات لەگەڵ کەسە بزانین چەندی پێویستە وە چەند پێویستە بۆ ئەم بابەتە، بۆیە من پێم وایە بە گوێرەی کەسەکە و شوێنەکە ئەوانە دەگۆڕێت، بۆیە من پێموایە ئەو ژمارانە لابەن هەر خۆشیش نییە ژمارە بنووسرێت (٥٠) گوللەو (٦٠) گوللە، هەر بنووسین لایەنی پەیوەندیدار ئەمە ڕێکدەخات یان دیاریی دەکات، پێم وایە هەر وەزیری ناوخۆش تەشریفی نەهێناوە بێت بۆ ئێرە با ئەوەش بڵێین دیفاعێکی لێبکەین دکتۆرە (ڤالا) ئەویش زۆر هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێربێن هەموویان بەخێربێن هەموومان واجبی خۆمان جێبەجێ دەکەین بە بەڕێزیشیانەوە، ئەوەی نایەت بۆ پەرلەمان زەرەر دەکات ئەوەی دێت بەخێربێت سەرچاوم، بەڵێ گوڵستان سعید فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی(٥) بڕگەی پێنجەمی کەمئەندامی جەستەیی یان نەخۆشی عەقڵی یان دەروونی نەبێت بەجۆرێك ببێتە بەربەست لە بەکارهێنانی چەك، بەڕای من ئەم بەکارهێنانی چەکە پێویستە بنووسرێت بەکارهێنانی خراپی چەك شێوازی خراپ بەکارهێنانی چەك، یەعنی ئەو ووشەیەی بۆ زیادبکرێت، سەبارەت بە نەخۆشییە دەروونییەکەش ئەگەر نەخۆشی دەروونی هەبێت خراپ چەکەکەی بەکاردێنێت، بۆیە نابێت خەڵکی دەروون نەخۆش چەکی پێبێت، سەبارەت بە کەمئەندامیش کە نەتوانێ چەکەکەی کۆنترۆڵ بکات، سەبارەت بە تەمەنەکەش والله منیش هەمان ڕەئیم هەیە، بەڵام ئەتوانرێت کاتێ تەمەن بکرێت بە (٢٥) ساڵ، لەبەر ئەوەی ئێمە لە یاسای کۆمپانیاکانا (٢١) ساڵمان دیاریکردووە، یەعنی وا دیاری بکرێت جگە لە کۆمپانیا ئەمنییەکان و دەزگا ڕەسمییەکانی ئەمنی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ناوخۆ بێت یان هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت، یەعنی تەمەنی (٢١) ساڵ با ڕێگەپێدراوبێت، چونکە ئێمە ئەبینین هەر لە سەردەمی ئەوکاتەی کە تەجنیدیش هەبووە لە (١٨) ساڵەوە تەجنیدیش وەرگیراوە، سەبارەت بە خاڵی سێیەمی ئەم ماددەیە دەسەڵاتی مۆڵەتدان بە ئیتفاقی ڕێگەپێدراو دیاری ئەکات، بەڕای من یەعنی بکرێتە مەرج لەکاتی تازەکردنەوەی مۆڵەتەکە جەردی ئەو فیشەکانە ئەو گوللانە بکرێت کە لە ساڵی ڕابردوودا پێدراوە، بۆ ئەوەی شوێنی پەیوەندیدار ئاگاداربێت لەوەی کە ئەو فیشەکانەی بۆچی بەکارهێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەلاناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم دەسەڵاتی مۆڵەتدان مۆڵەتی دەسەڵاتداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاق لەدوای هەبوونی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێتە کەسی داواکار تەبعەن ئەمە ئەبێت بدرێ بڕگەکە وای لێبکرێ ئەم مۆڵەتانەی لەم یاسایەدا هاتوون لەدوای هەبوونی ئەم مەرجانەی لای خوارەوە کە دیاریکراوە لەو ماددەیە، دووەم بڕگەی حەوت چەکەکەی بەشێوەیەکی ڕەوا دەستخستبێت ئێمە خۆمان ئەزانین ئایا شێوەی ڕەوا چۆنە زۆربەی کورد کە چەکی دەستکەوتووە لەدوای ڕاپەڕین و ڕزگاکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) هەموو چەکی دەستکەوتووە ئایا چۆن چەکی ڕەوایە؟ ئایا ئەم چەکانە مۆڵەتیان پێئەدرێت یان پێیان نادرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) خاڵی دووەمی، پشتیوانی قسەکانی لیزا خان دەکەم، هەروەها ئەمە تەناقوز دروست ناکات لەگەڵ کۆمپانیاکانی سکویریتی، چونکە ئەوان مۆڵەتێکی ترو بەشێوازو ڕێکارێکی تر وەریدەگرن ئەم تەمەنە زیاد بکرێت بۆ (٢٥) ساڵ، هەروەها سەبارەت بەخاڵی سێیەم ڕەوشتی چاك و ناوبانگ و ڕەفتار باش بێت ئەمە هیچ پێوەرێك نییە، بۆ ئەوەی بڵێین ئەمە کەسێکی باشە یان خراپە تەنیا خاڵی چوارەم نەبێت کە نووسراوە بە جینایەتێکی نا سیاسییا کەتنێکی ئابڕووبەر سزا نەدرابێت، هەڵبەت لێرە نووسراوە حوکم نەدرابێت جینایەت بگۆڕدرێت بۆ تاوان و حوکمیش بگۆڕدرێت بۆ سزا، لە فەقەرەی چوارا زائید ماددەی (٥) کە نەخۆشی یان دەروونی نەبێت وەکو بەڕێز وەزیری ناوخۆ ووتی هەموو کەسێك یان هەموو ماڵێك ئەتوانێ ببێتە خاوەنی چەکێك، بەڵام لێرە یەك مادده زیاد بکرێت یان لەم فەقەرەیە جێبکرێتەوە ئەبێت هۆکار یان بیانوویەکی باوەڕپێکراوی هەبێت، بۆ ئەوەی مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرینی پێبدرێت یەعنی ئەبێت هۆکارێك هەبێت یان بیانوویەکی هەبێت بۆ ئەوەی چەك هەڵبگرێت، لە بڕگەی سێیەم دەسەڵاتی مۆڵەتدان بڕی تفاقی ڕێگەپێدراو (٥٠)،(١٢٠) گوللە هاوڕای مامۆستا عبدالستارم یان لێرە باس نەکرێت یان بڕەکەی کەم بکرێتەوە، چونکە (٥٠) فیشەك خۆت ئەزانی کەسێك کە دەمانچەی پێیە شانەیەکی لەسەر دەمانچەکەیە و دانەیەکی یەدەگ پێیە ئەمە ناکاتە (٥٠) فیشەك کەمترە (٣٦) ئەو پەڕی بڕاوە بۆ تفەنگێکی ئاسایی (١٢٠) فیشەك زۆرە ئەگەر بکرێت بە (٣٠) بە (٨٠ یان٧٠) بۆ نموونە ئەو ڕێژەیە زۆر زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٥) خاڵی دووەم، منیش بەهەمان شێوە پێشنیاری ئەوەم هەیە کە (٢١) ساڵ بکرێت بە (٢٥) ساڵ هەر بە حوکمی ئەوەی کە مرۆڤ تا تەمەنی (٢٥) ساڵ مێشکە لە گەشەبوون دایەو بەتایبەتی بۆ هەڵگرتنی چەك و بەکارهێنانی چەك پێویست دەکات لەڕووی ئەقڵ و مێشکەوە کامڵ بێت، سەبارەت بەخاڵی سێیەم هەمان تێبینی کاك دابانم هەیە ڕەوشت چاك و ناوباگ و ڕەفتار باش بێت نازانم ئەمە بەچی پێوەرێك هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم بەوەی بکرێتە پێشینەی خراپی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مـن دووپـاتی قسـەی خـۆم ئەکەمەوە لەگەڵ مۆڵەتـانیم، بەڵام ئەگەر هەشـبێت بـڕگەی شەشـەم لەڕووی تەکنیکیەوە یەعنی چی شیاو بێـت لەڕووی هەڵگرتنـی چەك لەڕووی تەکنیکیـەوە، بـڕگەی حەوتەمیش زیادە، چونکە تۆ مۆڵەتی چەکی ئەدەیتێ سەلماندنی ڕەوایەتـی وەك کـاك مەلا ناصـر ووتـی یـانی قوڕسـە سـەلماندنی وەفعـلەن گرنگتـرین خـاڵ لەو مـۆڵەتە ئەوەیە کە هۆکـارێکی بڕواهێنەر یان پاساوێکی بڕواهێنەرمـان بـداتێ بـۆ ئەوەی پێویسـتی بە چەك هەیە بـۆ ئەوەی کە بازنەکانی مۆڵەت سنووردار بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٥) خاڵی دووەم لەسەر تەمەنەکە منیش هەمان تێبینی خـاتوو لیـزام هەیە و پشـتیوانی لێـدەکەم هەرچەنـدە لە یاسـای کۆمپانیـا ئەمنییەکـان (٢١) سـاڵ جێگیرکـرا، بەڵام لە یاسای عێراقی (٢٥) ساڵە، ئەگەر دیراسە بکەی هێشـتا تەمەن (٢١) سـاڵ زانکـۆی تەواو نەکـردووە لە (٢٢) ساڵ تەواوی دەکات، بۆیە ئـێمەش پشـتیووانی لێـدەکەین ئەو تەمەنە بکـرێتە (٢٥) سـاڵ، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا عبدالستار دەکەم لەسـەر پاسـەوانی وەزیـرو ئەنـدامی پەرلەمان کە ئەم تەمەنە بۆ ئەوان ڕەچاو نەکرێـت، هەروەهـا لەسـەر بـڕگەی سـێیەم ئەو ژمـارەی گوللەیە پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە هەرلابدرێت، هەروەها پشـتگیری لە قسـەکانی مامۆسـتا ابـوبکر دەکەم لەسەر بابەتی مۆڵەت پێدان بـابەتی مـۆڵەت پێـدان ئەگەر سـنوورێکی بـۆ دیـاری نەکرێـت مەترسیەکی زۆر بۆ زۆربوونی تاوان دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی هەردوو وەزیرە بەڕێزەکە دەکەم، ماددەی (٥) من لەخاڵی یەکەم پرسیارم هەیە عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت، ئایا عەرەبەکانیش دەگرێتەوە کە دانیشتووی هەرێمبن؟ بۆ مەبەستی تەمەنەکەش پێم باشە زیاتربێت تەمەن، هەروەها خاڵی سێیەم و چوارەم بکرێتە یەك خاڵ پێویست بە دوو خاڵ ناکات، چونکە هەردووك باسی ڕەوشت وسیفات وسزادان دەکاتن، هەروەها بەنسبەت خاڵی شەشەم لەڕووی تەکنیکیەوە مەبەست چییە، ئایا دەورەی کردبێت ئەو کەسە یان چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن؟ بەنسبەت خاڵی سێیەمیش پێم باشە کە ئەو ڕێژە گوللە و تفاقە دانراوە بۆ دەمانچە و کلاشینکۆف پێویستە بەپێی شوێنی نیشتەجێ بوون و مەترسی لەسەر ژیانیان وەکو ئەوەی کە کاك ڕێبەر باسیکرد مەسەلەن ئەوانەی گوندی (خدرجیجە) کە لەسەر سنوورن پێویستە بەپێی شوێنی نیشتەجێ بوون و مەترسی سەر ژیانیان بێت، هەروەها خاڵی چوارەم دەڵێت دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەتوانێ هەردوو مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی دەمانچە و تفەنگ بداتە یەك کەسە، ئایا لە کاتدا مۆڵەتی هەردووکی دەدرێتە یەك کەس؟ یان تفەنگ یان دەمانچە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٥) هەرچەندە هەڤاڵان زۆر قسەیان لەسەر کرد منیش هەر ئەو تێبینیانەی کە هەمن ئاراستەی بەڕێز جەنابی وەزیر ئەکەم لە خاڵی یەکەم لە عێراقە بێت و دانیشتووی هەرێم بێت ئەو یاسایە بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستانە، ئێمە کوردستانین یەعنی باشتر بڵێین کوردستانی بێت یان دانیشتوانی هەرێمی کوردستانبن، هەروەها خاڵی دووەم بەنسبەت تەمەن زۆر باسکرا ئەگەربێت و ئێمە تەماشایی ماددەی (٧)ی ڕاژەی شارستانی بکەین بەگوێرەی ئەو یاسایە تەمەنی گەنجێتی تاوەکو (١٨) ساڵە ئەگەر پێوەری تەمەن بێت، بەڵام لێرەدا کە مۆڵەتی پێدانی چەك لە (٢١) ساڵە، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەگەر کەسێك لە تەمەنی (١٩،٢٠) ساڵی لە هێزەکانی ئاسایش یان پێشمەرگە خۆی ناونووس بکات لەو ماوەیە تا ئەو تەمەنە تەواو نەکاتن چەکی پێنادرێت حیکمەتی ئەوە چییە کە (٢١) ساڵیان هەڵبژاردییە؟ هەروەها پشتگیری تەواوی ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە ئەو سەرەنجەیان هەبووە، هەروەها لە بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٥) باس لە ڕەوشت و ناوبانگ دەکات، ئایا چ پێوەرێکی زانستی هەیە کە ڕەفتاری کەسەکان هەڵبسەنگێنێ؟ جگە لە دادگاییەکان، ئەگەر دادگاییەکان هۆکاری ئەوەبن کە مۆڵەتی چەك ببەخشنەوە بۆ نموونە، من لێرە باس لەوە دەکەم ئەگەر بێت و کەسێك لەسەر کەتنی هەڵگرتنی چەکێکی بێ مۆڵەت دەستگیر بکرێت دوای تەواو کردنی حوکمەکەی ئایا دەتوانێت داوای مۆڵەتی چەك بکات، ئەوە مافێکی ڕەوای دەبێتن؟ لەپاشانیش ئەگەر بێت و تەماشا بکەین لەم ڕووەوە سوود لە ماددەی(١١)ی یاسای چەکی ئیماراتی ژمارە (٥) ساڵی (٢٠١٣) وەربگرین کە تێیدا هاتووە ئەڵێت ڕێگەپێدراو نییە مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك بدرێت بەو کەسانەی لێخۆشبوونی گشتی یان تایبەتی و ڕاگرتنی جێبەجێ کردنی سزاکانیشیان کە بۆ دەرچووە، هەروەها پێشنیاری

ئەوە دەکەم بڕگەیەك لەم چوارچێوەیە زیاد بکرێت بەم شێوەیە، هەرکەسێك پێشینەی تاوانی هەبێت لە تاوانەکەنی پەیوەندار بە ئاسایشی نەتەوەی، تاوانی تیرۆر، تاوانی دژ بە کەسەکان و اشخاص و اموال یان تاوانی موخەدەرات ئەوانە مۆڵەتی پێدانی چەك نایانگرێتەوە، هەروەها بڕگەیەکی تر سەبارەت بەو کەسانەی کە کڕین و فرۆشتنیش دەکەن لە مۆڵەت پێدان بەم شێوەیە بۆی زیاد بکرێت کە ئەمەش هەر سوودم لە یاسای چەکی قەتەر ساڵی (١٩٩٩) وەرگرتووە کە بەم شێوەیە داڕێژراوەو ئاماژەی پێکراوە ئەڵێت سەبارەت بەپێدانی مۆڵەت بەو کەسانەی کڕین و فرۆشتن و هێنان وبردنە دەرەوە بە چەك دەکەن یان چاکی دەکەنەوە تەمەنی پێویستە (٣٥) بێت و خوێندەوار بێت و حوکم نەدرابێت بەتاوانی ئیفلاس بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پێویستیان بە مۆڵەت نییە ئەم (٢١) ساڵە بۆ کەسانێکە کە لەدەرەوەی ئەو هێزانەن، واتە یەعنی نابێت ئێمە بیانبەستینەوە بە یەکەوە بڵێین کە ئەگەر ووتمان (٢٥) ساڵ ئیتر پێشمەرگەیەك یان یەکێك لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ تا ئەو تەمەنە نەگات ناتوانێ وەریگرێت یان بۆ (٢١) ساڵیش بەهەمان شێوە، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورە، من دوو پێشنیارو پرسیارم هەیە، ماددەی (٥) یەکەم پێم باشە سیاغەی ئەم ماددەیە بگۆڕدرێت بەم شێوەیەی لێبکرێت، دەسەڵاتی مۆڵەتدان مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقی دەدات لەدوای هەبوونی ئەو مەرجانەی خوارەوە لە کەسی داواکار، پێم باشە بەم شێوەیەی لێبکرێت، دەسەڵاتی مۆڵەتدان مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقی دەدات بەکەسی داواکار بەو مەرجانەی خوارەوە، دەربارەی تەمەن پێموایە (٢١) ساڵ زۆر زۆر گونجاوە، چونکە ئەگەر سنی بلوغ (١٨) ساڵە ئێ سێ ساڵ پاش بلوغ تەمەنێکە باشە وە ئەگەر باسی ئەوەش بکەن کە تەناقوز لەگەڵ یاسای عێراقی دروست دەکات، ئەوا چەندین بڕگەو ماددەی تر هەیە ئەوە جیاوازە لەگەڵ قانوونی عێراقی، خاڵی سێیەم پێم باشە سیاغەکەی بەم شێوەیە لێبکرێت، ڕەوشت چاك و ناوبانگ و ڕەفتار باش بێت بەم شێوەیەی لێبکرێت ڕەوشت و ڕەفتارو ناوبانگی باش بێت، بڕگەی حەوتەم چەکەکەی بەشێوەیەکی ڕەوا دەستخستبێت لێرە پێم باشە جەنابی وەزیر بەشێوەی ڕەوا مەبەستی چییە بەشێوەی ڕەوا؟ دووەم داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەت لەماوەی (٣٠) ڕۆژ بەر لە ڕێککەوتی بەسەرچوونی پیشکەش بە دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەکرێت ئەی ئەگەر لەماوەی (٣٠) ڕۆژ نەیتوانی، ئایا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە یان پێی نادرێت و بەچ شێوەیەك دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روبینە خان.

**بەڕێز ڕوبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە زۆر ئاخافتنێ من هاتنە کرن لێرەدا مەوانع نییە بۆ کێ قەدەغە کراوە کو هەندەك مەسەلەن قوتابی کاسبکار یان خەڵکی ئاسایی، یەعنی بۆچی پێویستە مەسەلەن مۆڵەت پێبدەن

و تفەنگــی هەبێــت، هەروەهــا ئەو کەسەشــی مــۆڵەتی پێــدراوە دەتــوانی لە هەمــوو جێــیەك بەکاربێنێتن یان ئەویش ڕێکخراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللەی ئەو مەرجــانەی کە لەو مــاددەیە دانــراوە نەك هەر ئەنــدامی خێزانێــك هەمــوو ئەنــدامی خێزانێــك دەتــوانن بــبن بە خــاوەنی هەڵگرتنــی چەك، یەعنــی زۆر زۆر ئاســانە ئەو مەرجــانەی کە دانراون یانی پێویستە بەڕاستی دیاری بکرێــت، کەسێك هەیە دوژمنــدارە لەســەر ســنوورە وەکــو پێشتر باسمانکرد ئەو گوندانەی کە هێــرش دەکــرێتە ســەریان ئەمــانە قەینــاکە، یەعنــی مۆڵەتیــان پێبــدرێت چەك هەڵبگــرن، بەڵام ئەوە بە چەکــداری کردنــی کۆمەڵگــایە، یەعنــی هەمــوو خێزانێــك ئەتــوانێ هەمــوو ئەنــدامێکی خێــزانەکەی چەکــی هەبێــت، مەترســیەکی زۆر زۆر گەورەیە ئــێمە لەمــاوەی پێشــوو بینیوومــانە یەعنــی منــاڵێکی (١٥) ســاڵ چەك لە ماڵیــایەتی میــل ڕائەکێشــێتەوە خێــزانەکەی داغــان ئەکــات چەنــد کەســی کوشــتووە لەیەك کاتــدا، یەعنــی هەبــوونی چەك لە مــاڵا کارەساتی لێئەکەوێتەوە بەم شێوەیە کە مۆڵەت بە ئاسانی بدرێت بەڕاستی نابێت، یەعنی ئەگەر هــاووڵاتی هەســت بکــات ســەروماڵی پــارێزراوە خــۆی ئەمە مشــکیلەکە لە ســەرەوەیە کە یاســا ســەروەرنییە ئەگینــا ئەم یاسایە بــۆ ئەوە دەرئەکــرێ کە ئینســان پارێزگــاری لەخــۆی بکــات، ئەگەر هەســت بکــات ســەروماڵی پــارێزراوەو ئەو هێــزانەی ســەر بە وەزارەتــی نــاوخۆن ســەروماڵیان دەپارێزن بەداخەوە هێز لای حزب نییە هەرکاتێك بیەوێت لای شەخس نییە هەرکاتێك بیەوێت چۆنی بەکاربهێنێت ئەویش مەجبوور نابێت چەك هەڵبگرێت و لەماڵەوە مــۆڵەتی بــۆ وەربگرێــت، بۆیە بەڕاستی من تێبینیم هەیە لەسەر ئەم خاڵانە زۆر زۆر سادەن هەموو کەسێك ئەتــوانێ ببــێ بە مــۆڵەتی هەڵگرتنــی چەك ئەبێــت ئەو خــاڵانە توونــد بکــرێتەوەو دیــاری بکرێــت بــۆچی ئەو هــاووڵاتییە ئەیەوێــت مــۆڵەتی هەڵگرتنــی چەکــی هەبێــت، لەســەر بــڕگەی ســێیەم بــڕگەی ســێیەم دیاریکردنی ئەمانە ناگونجێت لەگەڵ مەغزەنەکانیشا ناگونجێت بۆ نموونە نووسراوە (١٢٠) گــوللە بۆ هەر تفەنگێك ئێ هەر مەغزەنێك (٣٠) گوللە ئەگرێت ئەمە چەند تاقم ئەگرێــت باشــە زۆر زۆرە بــۆچی بەم شــێوەیەیە بــۆ نمــوونە شــانەی دەمــانچەیەك وا هەیە (١٠،١٢،١٥،١٦) ئەگرێــت ئــێ باشــە ئەمە بۆچی ئەم ژمارە زۆرە با هەر شانەیەکی لەسەر بێت خۆ ناچێــت بــۆ جەبهە، ئەگەر کــابرا بــۆ خزمێکی خۆی ئەو کەسەی کە مــۆڵەتەکەی وەرگرتــووە بــۆ دیفــاع لەخــۆی بەکــاری دەهێنێــت هەر مەغزەنــی ســەر چەکەکە بەســە ئیتــر پێویســت ناکــات تــاقمی لەگەڵــدابێت و چەنــد مەغــزەنیش هەڵبگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی (٥) لەسەر بڕگەیەك تێبینیم هەیە یەکێك لە تێبینیەکانم هەڤاڵانم ئاماژەیــان پێکــرد تەنها تەوزیحی لەسەر دەدەم پشتگیریشیان دەکەم، بابەتی تەمەن مــن نەك تەنها لەگەڵ تەمەنــی

(٢١) ساڵ نیم لەگەڵ تەمەنی (٢٥) ساڵیش نیم، من لەگەڵ تەمەنی (٣٠) ساڵم بۆ هەڵگرتنی چەك بەتایبەتی کاتێك کەتۆ مۆڵەتی پێ ئەدەیت، چونکە مۆڵەت بۆ کەسێکە بە هۆکارێکی دیاریکراو شیاوبێت بۆ هەڵگرتنی چەك کە لێرە ئاماژەی پێکراوە، بۆیە تەمەنی (٣٠) ساڵ گونجاوە بۆ هەڵگرتنی چەك ئەگەر هۆکارەکەی گونجاو بێت. خاڵی سێیەم ڕاستە خاڵێکی عورفییە هەم جەنابیشت و لیژنەی قانوونیش و جەنابی دکتۆرە ڤالاش پێمەوایە لەوە هاوڕا بن کە ئەمە عورفییە، بەڵام ناوبانگی چەك زۆرجار هەیە کە باندی گەورەی مافیایی لەلایەن کەسێکەوە بەڕێوەبردراوە کە ناوبانگێکی زۆر چاکی هەبووە، بەڵام بەنەتیجە دەرکەوتووە کە ئەمە شتی تری لەپشتەوەیە بۆیە ئەم خاڵە نازانم چۆن دەکرێت بەپێوەر دووبارە عورفیە، بەڵام لابردنیشی پێمولیە زۆر کاریگەری دروست ناکات. خاڵێکی تر برای بەڕێزم کاك دابان ئاماژەی پێکرد خۆشی لێرەنیە، بەڵام هۆکار دیاریی بکرێت هۆکارێکی حەقیقی کە ئەمە ڕوحی ئەم ماددەیەیە هۆکار چییە کە ئەم کەسە بتوانێت چەك هەڵبگرێت دووبارە ئەمە لە ڕێنماییەکان هەیە ئەو ڕێنماییانەی کە ئێستاش بۆ پێدانی چەك لە پارێزگاکان و لە وەزارەتی ناوخۆش، بەڵام ئەمە لە یاسادا بنووسرێت بەهۆکارێکی گونجاو بۆ کارێکی مەنتقی کە ڕێگە بە پێدانی هەڵگرتنی چەك بدات، خاڵی شەشەم برای بەڕێزم مامۆستا ابوبکر ئاماژەی پێدا لەڕووی تەکنیکیەوە شیاو بێت خۆی ئەمە ئۆتۆماتیکیەن پێناسەیەك دێتە خەیاڵمان لەڕووی تەکنیکی، واتە کەسێکی مودەڕەب بێت کەسێك بێت ڕاهێنانی پێکرابێت لایەنی کەم من تێگەیشتنم وایە بۆ ئەم خاڵە، ئەگەر لەڕووی تەکنیکیەوە کەسێك شیاوبێت دەی باشە من شیاونیم لەڕووی تەکنیکیەوە یان لایەنی کەم من هیچ دەورەیەکم نەبینیوە ڕاهێنانێکم نەبینیوە مودەڕەب نیم چونکە پێویست ناکات کە هەبم، بەڵام هۆکارێکی مەنتقم هەیە ئایا چەکم پێنادرێت لەوکاتە ئەمە پرسیارە؟ بڕگەی سێیەم موناقەشەی زۆری لەسەرکرا ئەمە بابەتێکی ئەمنییە فعلەن تەواوە بۆ ئەوەی کەتۆ چوار یەدەگت هەبێت، بەڵام لە یاساکە بۆ ئامازەی پێبکرێت ئەمە دەکرێت بەڕێنمایی ئامازەی پێبکرێت بۆ ئەوەی لە یاساکە سەرئێشە دروست نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم کە ئەڵێ عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت، هەرچەند من لەڕووی یاساییەوە نازانم چۆن ئەبێت، بەڵام خەڵکانێکی زۆر هەن خەڵکی ناوچە کێشە لەسەرەکانن و دانیشتووی ئێرەن، ئایا ئەمە ئیستسنائێك بۆ ئەوانە دەتوانرێت بکرێت؟ هەروەها لەڕووی تەمەنەوە منیش پێموایە (٢١) ساڵ کەمە زیاتربێت باشترە، بەڵام ئێمە تەمەنی کۆتایمان دانەناوە من پێموایە کە کۆتایش هەبێت لە(٨٠) ساڵیش زیاتر نەبێت زۆرجار هەیە کەسەکان لەسەرووی (٨٠) ساڵ لەوانەیە تەندرووستیان و باری دەروونیان تێکبچێت ئەوە پێموایە شتێکی باشە، هەروەها ڕەوشت چاك و ناوبانگ باش و ڕەوشتی باشبێت ناوناوبانگی باش بێت ئەمانە خۆ ئێمە بۆ کولیەیی عەسکەری نایەنێرین، بەڵام پشتگیری و بەڵگەو تاوان

بێنێت باشترە لەجیاتی ئەوەیان لەبەر ئەوەی بەڵگەو تاوانی ئەنجامدابێت تەبعەن مەشئوور نابێت بۆ هەڵگرتنی چەك هەروەها پێشنیارێکی منیش ئەوەیە کە وەك برادەران ئیشارەتیان پێدا ماوەی(١٠) ڕۆژ ڕاهێنانی پێبکرێت ئەو کەسە تێبگەیەنرێت کە چەك هەڵگرتن بۆ چیە نەك بۆ ئەوەی بچێ ئیتر بەناڕەوا بەکاری بێنێت. هەروەها تقریری لیژنەی گوبی هەبێت کە ئەمەش پێموایە شتێکە زۆر باشە تقریری لیژنەی گوبی بۆ ئەوەی کە بزانین لە ڕووی عەقڵیەت لەڕووی هەموو ئەو شتانەوە باشە، ڕاستە لێرە ئیشارەتی پێدراوە، بەڵام تقریری لیژنەی طوبیش لەوانەیە کارێکی باش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، وەڵا ئێمە زۆرمان قسە کرد لەسەر ئەو ماددانە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (یاسین) تکای برایانەت لێدەکەم لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکە، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە لەسەر ئەو ماددەیە قسە دەکەم خۆ هیچمان نەوتووە، بەڵام یەك پرسیار بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی ئێمە و جەنابت و بەڕێز وەزیران قسەمان لەسەر کرد ئەوە راپۆرتەکەی نییەی ئەوەی ئێمە قسەمان لەسەر کرد، یەعنی زۆر شت خاڵی دیکە تێك ناکاتەوە، کە بۆیەشم دەست هەڵبڕیوە پشتگیری (لیزا) خان و هاوڕێیان بکەم لە ماددەی (٢١) یەعنی کەسێك وەختی خۆشم زۆر پێداگری کرد کەسێك تەمەنی (٢١) ساڵ بێت دوژمنایەتی چی؟ یەعنی ئەمن سەرم پێ سوڕ دێ! کورە چەك با هەر نەمێنێ، چەك دەبێ لە دەستی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگەدا بێ. یەعنی ئێستاکە لەناو بازاری هەولێرێ دەیبینم گەنجە دەمانچەی بەخۆ داداوە هەتا سەر ئێرەی هێناوە پۆزی پێ لێ ئەدا، بابە خۆ قەیناکە کابرا شوانە یان لەسەر حدودەکانە زۆر ئاساییە، بەڵام کابرا گەنجەکە لەپێش ئەو مۆڵانە زەحمەت نەبێ وەرن ئەوشۆ میوانی من بن ئەلەو کافتریایانە دەبینن ئەو گەنجانە دەمانچەی چۆن یاری پێدەکەن، یەعنی با نەمێنێ، ئێمە با میللەتەکەمان... ئەمە مردین بە چەك، ئێمەی کورد بە درێژایی تەمەن بە چەك کوژراوین، هەر عەیبە چەکمان هەبێ، دەبێ قەڵەممان هەبی، دەبێ ئەو میللەتە بەرەو سەقافەت بڕوا، خۆ من کوردستان ناکەم بە تەکساس، ئێ وەڵا ئەو یاسایە هەر هەموو عالەمێ دەگرێتەوە، یەعنی کاك (عثمان) قسەکی زۆر مەنتقی کرد گووتی پیاو بەتەمەن بێ چەکی پێ نەبێ، ئێ وەڵا راست دەکا کابرا لە (٧٠) ساڵی تێك دەچێ، بابە وەڵا ئەمە پەنجاینە لەناو ئەو گێژاوەی ئەو میللەتەیدا خەریکە تێك بچین، یەعنی چەك بۆ هەبێ، بۆیە پشتگیری دەکەم نەك (٢٥) ساڵ (٣٠) ساڵ بی کابرا چەکی هەڵگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس كاك (ياسين) مەمنون، كاك (مسلم)، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پێشەكی بەخێرهاتنی میوانە بەرێزەكان دەكەم، دیارە ئەم خاڵانەی كە دیاریكراون بۆ رێگە پێدان و شیاوی ئەو كەسەی كە چەك هەڵدەگرێ خاڵەكان باشن بەڵام پێمان وایە خاڵی زیاتری بكرایاتە سەر بۆ ئەوەی كە قەید و شەرتەكان توونـدتر بـووان، یەكێك لە مەرجەكان داندرابووایە دەرخەری ئەوە بوایە بە بەڵگە سەلمێنەری ئەوە بوایە كە هۆكارێكی مەشروعی زۆر زەروور هەبوایە بۆ ئەوەی كە ئەو كەسە بتوانێ چەك هەڵبگرێ، یەعنی ئەو خاڵانە باشن بەڵام بەراستی خاڵی ئاسانن: یەكەمیان كە باس لە عێراقیبوونی دانیشتوانی كەسەكە دەكات كە چەك هەڵبگرێ، ئەی ئەوانەی كە بیانین مەسەلەن راوێژكارن، ئایا ئەوان چۆن دەتوانن چەك هەڵبگرن؟ دیارەی لە یاسای كۆمپانیا ئەمنییەكان بۆ كۆمپانیاكان رێگە پێدراوە داندراوە، ئەی بۆ ئەوانە چۆن رێك دەخرێ؟. دووەمیان (٢١) ساڵەكە بەراستی لەگەڵ ئەوەدام دیاردەی چەك هەڵگرتن ئێمە هاوكاربین بۆ ئەوەی كە كەم بكرێتەوە، دیاردەی تاوان كەم بكرێتەوە، كارەساتەكان كەم بكرێنەوە، هەوڵ بدین (٢١) ساڵ منیش لەگەڵ ئەوەدام بەراستی بكرێتە (٣٠) ساڵ، ئەگەر نەكرا بكرێتە (٢٥) ساڵ، بەراستی زۆرە ئەم تەمەنە تەمەنێكی كەمە، ئینجا خاڵی سێیەم رەوش چاكی و ناوبانگی بەراستی من نازانم چۆن پێوەر دەكرێت، خاڵێكی زۆر زۆر باشە، جەوهەرییە، بەڵام پێوەركردنی نازانم، چونكە لە خاڵی چوارەمدا كەسێك تاوانێك دەكا، كەتنێكی ئابرۆبەر دەكا حوكم درابێ ئەوە بەڵگە هەیە بەراستی كە كەسەكە حوكم دراوە پەنجە مۆری هەیە و دەردەكەوێت، خاڵی شەشەمیان من پێم وایە زۆر وازح نییە چونكە خاڵی پێنجەم كە باس لە كەسێك دەكا كە نەخۆشی دەروونی نەبێت، بەڵام لە خاڵی شەشەمدا كە لەرووی تەكنیكییەوە شیاو نەبێ نازانم من ئەو دوو خاڵە ئەكرێ تێكەڵی یەك بكرێن ئەگەر نا خاڵی شەشەم وازح نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا وانا دكەم دبێژن تەمەنی وەرگرتنێ ببیتە (٢٥) ساڵ، چونكە وەكی من ژئاخافتنێت جەنابێ وەزیری زانین یەنی دەمێ سەر خالا ماوێ مۆلەتێ گۆتی ئێكیش ژفەلسەفە و حیكمەتی ژڤێ كو هەر ساڵ تەجدید ببی دا ئەم سیلاحی كیك كەین، گەلەك نەوابن ئەڤی چەكی مولەتی بدەینێ، مادەم هەدەف ژی ئەڤەیە، ئەڤە ڤی هندێ دی دیدكات قیاس ژنەكەینە لسەر یاسایا كۆمپانێت ئەمنی، كۆمپانی ئەمنی دەرفەتێت بكارینی و شولی ئینەو ئەو دكارێ خۆدا وەكو پێشمەرگە وەكو ئاسایشێ وەردگریتن نەهێتە قیاس كرن سەر وێ قانوونێ، ژبەر هندێ ئەز بێژم باشە ببیتە (٢٥) ساڵ، دوو رەوشت چاك و ناوبانگ و رەفتار باش بیتن هەر چەندە گەلەك برا گوتی راستە پیڤەرەكی بزەبت نینە بۆ ڤی بەس مانا وی ئەز بینم گەلەك باشترە ژ نەمانا وێ،

مومكينه سبەی بابێ كورەكی دێ مراجەعا وەزارەتی كا بیـژیتن نەدەنه كورێ من، كورێ من رەوشتێ وی یی نەیا موزەبته پاش سبەهی بەلایەكی تێدا بكات ئەز مەسئول نینم، یەعنی مومكینه باب، مومكینه خال، مومكینه یەكیش بنەماڵێ مراجەعی بكاتن بێژیتن ئەز ژرەوشتێ كورێ خۆ نەرازیمە، فه مانا وێ باشترە ژ نەمانا وێ نیك من، تێبینیا دیا سێیێ لدەڤ من دووەم دبێـژیتن داواكاری نوكردنەوەی مولەت لە ماوەی (٣٠) رۆژ ئەز دگەل هندێمە ببیتە زێدە كرن ببیتە (٥٠) رۆژ، چونكه گەلە جارا رۆتینێ لكارو باری مەدا یازاڵە تەئخیر دەبیتن، گەلەك جارا لڤێرێ حەتا ڤێرێ بەرید ناچتن ئەگەر (٣٠) رۆژ بیت پشتی (٣٠) رۆژا مومكینه ئاسارێت خۆ هەبن نه ئیدیكە، بەس (٥٠) رۆژی حەق هەبیتن مراجعێ بكات بۆ نوێكرنا مۆلەت دانا خۆ داڤێ رابگەهیتن ژبەر هەبوونا رۆتینێ لدەوائیرێت مە، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (بختیار)، فەرموو.

**بەڕێز بختیار شوكری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەسپێكی بخێرهاتنی وەزیری بەڕێزی دكەم، سەبارەت ماددا پێنجێ یەكەم پشتگیری قسەكانی كاك (كاروان)، كاك (دابان) دكەم، پێویستە خاڵەك زیاد بكرێت، ئەو كەسەی داوای مۆڵەت دەكات ئەگەرەكەی چییە؟ ئایا مەترسی لەسەر ژیانی هەیە، لەسەر ژیانی عائیلەی هەیە، مەترسی لەسەر مولك و ئەملاكی هەیە، مەترسی لەسەر ئیشەكەی خودی هەیە، ئەگەر ئەوها بێتە كۆنترۆل كردن بە تەصەورم باشتر دەبیت، ئەگەر نەهیش ئەو مەرجانە ڕێگا دەدات بە هەر كەسەكی تەمەنی لە (٢١) ساڵی زیاتر بێت مۆڵەتی وەربگرێت، سەبارەت بە هەر دیسان عەینی مادده خالی دووەم پشتگیری قسەكانی (لیزا) خان، كاك (سروان) دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (فیصل)، فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لە ماددەی (٥) بڕگەی یەكەم دەمەوێت بەو شێوەی لێبكرێت (دەسەڵاتی مۆڵەتدان مۆڵەتی دەسەڵاتداری یان هەڵگری چەكی ئاگرین و تفاقی بەداد لەدوای هەبوونی ئەم مەرجانەی خوارەوە لە كەسی داواكار)، دەسەڵاتی مۆڵەتدان ئەو مۆڵەتنانە دەدات كە لەم یاسایەدا هاتوون لەدوای هەبوونی ئەم مەرجانەی كە لە خوارەوە هاتوون، هەر لەو ماددەیە بڕگەك ئیزافەم هەیە كە چوار بڕگەیە ببێ بە پێنج، چەكی مۆڵەت پێدراو نابێت لە بۆنە و ئاهەنگەكاندا بۆ دەربڕینی خۆشی بەكار بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پرسـیارێکم لە مـاددەی (٤) ئاراسـتەی بەڕێـز وەزیـری نـاوخۆ کـرد وەڵامەکەیـم وەرنەگـرت، سەبارەت بە کڕینی چەك هاووڵاتییەك چەکێك دەکڕێ لەو شوێنانەی کە مۆڵەتدارن ئەم کەسە کە چەکەکە دەکڕێت چەکەکەی پێیە و لەوێ بەجێی دێڵێ، بەڵام لە رێگا تووشـی بـازگەیەك دەبـێ کە حکومییە چەکەکەی لێوەردەگرێ لەوکاتە ئەو چەکە بـێ مۆڵەتـا لەوێـدا، یەعنـی بۆشـاییەك هەیە، ئایا دەکرێ مەسەلەن پسولەیەکی پـێش وەخـتە وەرگرێـت بـۆ کڕینـی چەکەکە دوایـی مەسـەلەن رەقەمـی چەکەکە و جـۆری چەکەکە ئەو کـاتە بە مـۆڵەت بـۆی وەرگـرێ، بـۆیە ئەو پرسـیارەم ئاراستەی جەنابیان کرد وەڵامم وەرنەگرت، هیوادارم وەڵام وەرگرم، سەبارەت بە ماددەی (٥) مـن پشتگیری قسـەکانی کـاك (هێڤیـدار) دەکەم یەعنـی ئەو کەسـەی کە مـۆڵەتی چەك هەڵگرتنـی پـێ دەدرێ وە پێویستە تەمرینیشی پێ بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەم چەکە بۆخۆی هەر لەماڵیشـدا داینـی دەبێ بیکەیتەوە، پاکی کەیتەوە مەسەلە چۆن مەغزەنەکەی لێ دەردەهێنـی، رەنـگە هەر لە ماڵـدا کارەسات دروست بکات. بۆیە من پێشنیار دەکەم دەورەیەکی یان بـابڵێن خـولێکی سـێ رۆژی یـا دوو رۆژی بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی تەواو فێر بکرێ ئەمە زیاد بکرێ، سەبارەت بە مـۆڵەتیش منـیش پشـتگیری مامۆسـتا (ابـوبکر)، کـاك (دابـان) و هاوڕێیـان دەکەم کە مـۆڵەت بەو کەسـە بـدرێت کە پێویستی پێیەتی، ئەتوو کا ئەگەر کەسەك پێویستی بە چەك نەبی بۆچی چەکـی هەبـی رەنـگە لە ماڵیشـدا ببێـتە کێشـە بـۆی، سـەبارەت مـاددەی (٥) بـڕگەی سـێیەك کە بـاس لە ژمـارەی فیشـەك دەکـات، ژمـارەی فیشـەك بـۆ ئەو مەغزەنـانەی کە سـی فیشـەکی تـێ دەکـرێ ئەمە لێـرە خـۆی لە راستیا چوار مەغزەن دەکا، ئەگەر مەغزەنێـك بخەیـتە سـەر چەکەکە سـێ مەغـزەن دەمێنێـتەوە، ئـێ ئەو هاوڕێیـانەی کە ئەفسـەرن یـان بـا بڵـێن پیشـمەرگایەتیان کـردووە دەزانـن سـی مەغـزەن نەقصە کە لە تاقما هەڵبگیرێ، یەعنـی تەوازن نابێـت، لەلایەك مەغزەنێکـت هەیە، لە تەنیشـتەکەی تر دوو مەغزەنت هەیە، یەعنی دەکرێ بکرێتە (١٥٠) فیشەك یان بکرێتە (٩٠) فیشەك. یەعنـی کەم بکـرێتەوە بـۆ ئەوەی دوو مەغـزەن تەوازنە، یەك مەغـزەنیش لەسـەر چەکەکە بـێ، سـەبارەت بە فیشەکی دەمانچەش هەر بە هەمان شێوە (٥٠) فیشەکە یەعنی ئەگەر چـواردە خـۆریش حیسـاب بکەین بۆ سێ مەغزەن (٤٢) فیشەك حیسـاب بکـرێ بـۆیە حەز دەکەیـن ئەوەش رێـك بخـرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کـاك (بـاڵانبو)، فەرمـوو. نـا وەڵام مەدەرەوە نـاوت نووسـیوە بـۆ قسـە، دوو دەقەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) پشتگیری قسـەکانی (ئاشـنا) خـان دەکەم، ئەگەر ئـێمە لێـرەدا بە دیـقەت سەیری ئەو ماددەیە بڕگەی یەکەمی بکەین دەڵێت دەسەڵاتی مۆڵەتـدان مـۆڵەتی دەسـتداری یـان

مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تاقەکەی دەدات بەم مەرجانەی خوارەوە، یەعنی هەر کەسێك ئەو مەرجانەی تیا بێ هیچ کێشەی نەبێ بڕوات تەقدیمی مۆڵەت بکا مۆڵەتی دەداتێ، لەبەر ئەوە ئەمە بەم شێوەیە من داوا دەکەم ڕێك بخرێتەوە، بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقی دەسەڵاتی مۆڵەتدان رەچاوی هەبوونی ئەم مەرجانەی خوارەوە بکات لە کەسی داواکراو، ئەو کاتە لێرە ئەو فەراغە نامێنێ، ئەمە رەچاو دەکرێ بەڵام ئەو کەسە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ بزانن ئایە پێویستی بەوەیە کە چەکی بەردەست بێ یان هەڵگری چەك بێ یان نا؟ بەڵام ئەگەر بەم سیغەی ئێستا بڕوات هەموو کەسێك بۆی هەیە ئەوە بەردەست بکا، سەبارەی بە ماددەی یەکەم بڕگەی یەکەم عێراقی بیت و دانیشتووانی هەرێم بێت، ئێمە لێرە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت ئەمە معارەزەی وڵاتەکانی دیکەمان لەلایە هەر چەندە لە ماددەی (١١) ئەو دەسەڵاتە دراوە کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەم دەسەڵاتە بدا، بەڵام ئایا بە چ مەرجێك دیاریکراوە؟ ئەمانە چۆن پێیان دەدرێ؟ خەڵك هەیە لە وڵاتەکانی خۆی رایکردووە هاتۆتە ئێرە ئایە هێزە ئەمنیەکانی ئێمە ئەوەی پێ دەپارێزرێ یان پێی ناپارێزرێ یان بە چ مەرجێك چەکی پێ دەدرێ؟ سەبارەت بە بڕگەی دووەمی داواکردنی نوێی مۆڵەت لە ماوەی (٣٠) رۆژ بەر لە ڕێککەوتی بەسەرچوونی من داوا دەکەم ئەو (٣٠) رۆژە بکرێتە دوای ڕێککەوتی بەسەرچوونی، لە بڕگەی سێیەمدا من پشتگیری قسەی کاك (رزگار) دەکەم، سەد و بیست فیشەك مەگەر بەس بۆ جوعبەی عەسکەری دەبی، جوعبەی عەسکەری سی مەغزەنی تیایە و دانەیەك لەسەر تفەنگەکەیە، بەڵام ئەگەر بێیتە چەکی کوردییەوە هەمووی ئەوەی کە چەك و تاقمی کوردی هەیە چوار مەغزەنە یان شەش مەغزەنە یان هەشت مەغزەنە لەسەر ئەوەی چەکەکە بکرێ بە سەد و پەنجا، پێشنیاریش دەکەم بڕگەیەکی دیکە زیاد بکری بۆ ئەم ماددەیە، چەکی مۆڵەت پێدراو نابێت لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا بۆ دەربڕینی خۆشی بەکاربهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، سەبارەت بە خاڵی پێنجەمی، بڕگەی یەکەمی ماددەی (٥) قسە دەکەم، کە دەڵێت (کەم ئەندامی جەستەیی یان نەخۆشی ئەقڵی یان دەروونی نەبێت) ئەمە هەر لە ڕێگەوە کەم ئەندام بی بەش دەکات لەو مافە، ئێمە یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی (٢٠١٢)مان هەیە کە یەك دونیا ماددەی تیایە بەپێی حوکمەکانی ماددەکە هەوڵ دەدا کەم ئەندا بێنێتەوە ناو کۆمەڵگا، مافەکانی پێبدا و بەشداری کۆمەڵگەی پێبکا، کەم ئەندامان بە فعلی سەلمێنراوە کە ئەتوانرێت شایستەی ئەوەیان هەبێ لە زۆر ئەرکا وەکو هەر کەسێکی تری ئاسایی مافیشیان هەبێ و ئەرکیشیان هەبێ، بۆیە من دەزانم ئەو بەرێزانەی ئەمەیان دارشتووە مەبەستیان ئەوە نییە، بەڵام دوایی ئاوا بێ بەش دەکرێ، مەسەلەن کەسێك قاچێکی لەدەستداوە کە (٥٠%)ی کەم ئەندامە لە کاروباری کۆمەڵایەتیش تۆمار دەکرێ، هەر لەو ڕێگەوە ئەو کەسەی ئەم خاڵە جێبەجێ دەکا

دەتـوانێ ئەو کەسـە بێبەش بکـا، بڵـێ تـۆ دەبـێ کەم ئەنـدام نەبـی، بەڵام باشـترە دابڕێـژرێتەوە، لەرووی دەوونیشەوە بۆ کەم ئەندامان بەراستی قورسە کە هەر لە رێـگەوە مـاددەیەك هەبـێ بـێ بەشـی بکـا لەم مـافە دابڕێـژرێتەوە بەم جـۆرە (لەڕووی جەسـتەیی و دەروونیـی و ئەقڵیـیەوە شایســتەیی چەك هەڵگرتنــی هەبێــت کە بە پێــی راپــۆرتێکی پزیشــکی شایســتەییەکەی سـەلمێنرابێت) ئەوسـا هەر کەسـێك بێـت ئیتـر کەم ئەنـدام دیـار بێـت یـان ئیـدیعای ئەوە دەکـا تەندروسـت بـێ بچێـتە لیژنەیەکـی پزیشـکی بیسـەلمێنێ کە ئەو شایسـتەیە بەوەی کە چەك هەڵگرێ، ئەمە کارێکی زۆر زۆر بـاش دەکەن ئەو لێـژنە بەرێـزە ئەو بـڕگەیە بەو جـۆرە دارێـژنەوە، خاڵێکی تـریش ئەوەیە منـیش رەئـیم لەگەڵ ئەوەیە کە خـاڵی سـێیەم و چـوارەمی بـڕگەی یەکەم تێکەڵ بکرێت وشەی جینایەت بگۆڕێ بـۆ کـوردی، پشـتگیری قسـەکانی کـاك (عبدالستار) دەکەم. هەوەهـا کـاك (دابـان) پشـتگیری قسـەکانی دەکەم کە باسـی ئەوەی کـرد هۆکارێـك بخـرێتە روو لەکاتی داواکاریدا، کـاك (کـاروان) و کـاك (ابـوبکر) قسـەیان لەسـەر خـاڵی شەشـەم کـرد، ئەویـش ئەوەیە کە لە رووی تەکنیکییەوە شـیاو بێـت، مـن نـازانم مەبەسـت چـیە، بەڵام وا تـێ دەگەم کە مەبەسـت ئەوە بـێ ئەو کەسـە توانـای بەکارهێنـانی چەکـی هەبـێ، ئەگەر مەبەسـتەکە ئەوەیە پێشنیار دەکەم وای لێبکرێ (شارەزایی بەکارهێنـانی چەکـی هەبێـت) یـاخود (شـارەزایی هەبێـت لەهەڵگرتنـی چەکـدا) دوایـی ئەوسـا ئەوەش دەسـەلمێ ئەم پرسـیارە دێـتە پێشـەوە چـۆن ئەو کەسەی کە مۆڵەت دەدا تێ دەگا یان دەزانێ ئەو کەسە توانای بەکارهێنان یـان هەڵگرتنـی چەکـی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (رۆژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٥) بـڕگەی یەکەم، خـاڵی دوو لەگەڵ هەمـوو ئەو بەرێـزانەم کە دەڵـێن (٢٥) سـاڵ بـێ بڕواناکەم هـیچ کیشـەیەکی یاسایشـی هەبێـت لەگەڵ ئەوەی کۆمپانیـا تایبەتەکـانە، سـەبارەت بە خاڵی چوارەم بە جینایاتێکی ئەوە بکرێ بە تـاوانێکی، سـەبارەت بە خـاڵی حەوتەم بە بـڕوای مـن ئەمە تەحصیل حاصڵە خۆی یەعنی دەبێ چەکێك موافەقەی بۆ بکرێـت و مـۆڵەتی پێبـدری کە بە ڕەوایـی دەسـتخرابێ پێویسـت بەم خـاڵە ناکـات، هۆکـار چـیە بـۆ وەرگرتنـی مـۆڵەتی چەك ئیتـر هەڵگرتنی یان دەستدار کردنی یان هەر شتێکی دیکە بێت. بۆیە پێویستە خاڵێکی بـۆ زیـاد بکـرێ هـۆیەکی رەوای هەبـی بـۆ داواکردنـی مـۆڵەتی چەك، بـۆیە مـن یەك پرسـیارم هەیە تەقـریبەن سەبارەت بەوەی کە کـاك (رزگـار) باسـی کـرد ئایـا مـۆڵەت بە شـەخص دەدری یـان مەبەستەکەم ئەوەیە یـان مـۆڵەتی چەکێکـی دیـاریکراوە دەدرێـت؟ ئەم مـۆڵەتە پـێش کڕینـی چەکەکە دەدرێ یاخود دوای کڕینی چەکەکە؟ یەعنی ئەگەر بێت و دوای کرینـی چەکەکە بـدرێت هەر لەو کـاتەوە کە ئەو شەخصە چەکەکە دەکڕێت مۆڵەتی نییە ئەمە جەریمە دروست دەکـات کە هەڵـی دەگرێـت دەڕوات بـۆ ئەوەی مـۆلەتی پێبـدرێت ئەمە لە یاساشـدا ئەمە جەریمەیەکـی مسـتەمڕ دروسـت دەکـات هەتـا وەکـو مـۆڵەتەکەی پێـدەدرێ ئەمە چـۆن رێـك دەخـڕی؟ مـن نەم بینیـوە لەو پـرۆژە

یاسایه ڕێك خرابێت، ئەگەر بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆمان روون بکاتەوە پێمان بڵێ پێش وەرگرتنە یاخود دوای وەرگرتنە، ڕێکارەکان چییە و چۆن ڕێك دەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری ناوخۆ منیش وەکو ئەندامی پەرلەمان قسەیەکم هەیە، پرسیارێکم هەیە، کەسێك بۆ ئەوەی چەکێك هەڵگری یان حیازەی چەکێك بکا دەبی ئەو هەموو مەرجەی تیا بێ؟ بەڵام کەسێك کە مۆڵەتی دوکانێکی دەدرێتێ بۆ ئەوەی شوێنی فرۆشتنی چەك دابنێ رەنگە سەدان چەکی هەبێ، ئایە نابێ ئەویش ئەو مەرجە کەسیانەی تیا بێ کە لە هەڵگری چەکێکدا هەیە، لە هەڵگری یەك دەمانچەیا؟ کەسێك کە مۆڵەتی شوێنی چاککردنەوەی چەکی دەدرێتێ سەدان چەکی دەچێتە لا ئایا نابی ئەو مەرجە کەسیانەی تیا بی کە لە هەڵگری یەك چەکدا هەیە؟. بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە بۆ ماددەکە زیاد بکری (هەر کەسێك داوای مۆڵەتی چاککردنەوە یان کردنەوەی شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاقی بکات دەبێ مەرجە کەسیەکانی دەقنووسکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەی تیا بێ سەرباری هەر مەرجێکیش کە تایبەتە بە سروشتی کارەکەیی و بەو ڕێنماییەك ڕێك دەخرێ کە لە بڕگەی سێیەمی ماددەی (٤) یان لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٩) هاتووە چونکە لە هەردووکی هەر باسی مۆڵەت دەکا بۆ خۆم پێم وایە ئەو کەسەی کە شوێنی چەك چاکردنەوە هەیە، یان شوێنی کڕین و فرۆشتن بە پێچەوانەوە دەبێ مەرجەکانی توندتر بێ لەو کەسەی کە حەقی هەڵگرتنی تەنها دەمانچەیەکی پێ دەدرێ، بەڕیزتان دەرفەتتان هەیە قسە بکەن، فەرموون، نانا رەئییە، کاك (هێمن) لێرەبوایە منیش دەهاتمە خوارەوە بڕوا بکەن، فەرموو. بەرێز وەزیری ناوخۆقەینا دەرفەت دەدەین بە (شادی) خانیش، ناوتی تیا نییە راستی، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە من دەستم بەرز کردبۆوە بۆ ناونوسین، بەڵام رەنگە تۆمار نەکرابێ، وێڕای پشتگیریم بۆ قسەکانی بەڕێزت ئەوە یەکێك لەو خاڵانە بوو کە من ئەمویست باسی بکەم، خاڵێکی تر لەسەر ماددەی (٥)ی بەشی یەکەمیان بڕگەی یەکەمی ماددەکە. خاڵی سێیەم رەوشت چاك و ناوبانگ و رەفتار باش بێت زۆرترین قاتیلە موتەسەلسیلەکانی دونیا بە نمونەی (زۆدیاك)، (یونی بۆبێر) (گاری رێجوای) ئەمانە کەسی زۆر زۆر باشی ناو کۆمەڵگاکەی خۆیان بوون کە ئاشکراش بووە قاتلی موتەسەلسلن یەعنی (زۆدیاك) زیاتر لە (٣٧) کەیسی لەسەرە چواردەورەکەی دەڵێن کەسێکی زۆر باش و ناوبانگ باش و زۆر موساعدی چوار دەورەکەی بووە، ئەم بڕگەیە چۆن دەتوانێ دەستەبەری ئەوەمان بداتێ کە مەسەلەن ئەو کەسە کە هەڵگری چەکە، دەتوانێت پارێزگاری ئەوە بکات و شتێکی جیاوازتری پێ ئەنجام نەدا، پشتگیری هەموو ئەو برادەرانە

دەکەم کە پێیان وا بوو تەمەنەکە پێویستە بەرز بکرێتەوە بۆ (٢٥) یان (٣٠) ساڵ هەر بڕگەیەکیان بێت لە (٢١)ەکە کە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز (وەزیری ناوخۆ) بەڕێزتان فەرموون.

**بەڕێز رێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پرسیارەکەی جەنابتەوە دەست پێدەکەم، ئێمە لەو پرۆژەیەی کە پێشکەشمان کردبوو وابزانم ئەوەی کە ئێستاش لە لێژنە هەیە، ئەم بابەتەی جەنابت لە ماددەی (١٩) چارەسەرکراوە بەوەی کە وەزیر ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین تفاقی مۆڵەتی چاککردنەوەی چەکی ئاگرین مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاقی دەردەکات، ئەمە بە ڕێنماییەك دەردەچێتن دواتر تەبعەن ئەو کەسەی کە شوێنێك دەکاتەوە مەرجەکانی دەبێت قورستربن لەوەی کە کەسێك تەنها یەك دەمانچە مۆڵەت وەردەگرێت، ئەم دونیایەك چەك و تفاقی لەبەر دەست دەبێتن، بۆیە بە ڕێنماییەك ڕێکخراوە لەو پرۆژەی کە ئێمە تەقدیممان کردبوو لە ماددەی (٢٤)ە. دووەم وەزیری ناوخۆ ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی بە دەست بن، ئەوەی کە لە پرۆژەی لێژنەی یاسایش هاتووە کراوەتە ماددەی (١٩) ماددەکان هەندێکیان لە پرۆژەی بڵێین هی لێژنە گۆڕاون کراونەتە خاڵ، ئەمە لەوێ چارەسەرکراوە، ئەگەر بەوە ئیکتیفا دەکەن لەوێ بە ڕێنمایی دەردەچێتن، پێم وایە شتێکی ئاساییە ڕێنماییەکان دەبێت توندتر بێت لەسەر ئەم شوێنانە. ئەگەر بێینە سەر ماددەی (٥) زۆر بابەتتان وروژاند کە حەقی خۆتانە پرسیارە لەسەر بکەن و جێگای نیگەرانی بێتن، یەك ئێمە دەڵێین کەسەکە دەبێت عێراقی بێت دانیشتوی هەرێم بێت، ئێمە لەڕووی یاساییەوە هەتا ئێستا عێراقین ئەگەر کاتێکیش وای لێهات ئەم بابەتە گۆڕانکاری بەسەرداهات ئەم یاسایانە هەمووی نەك ئەمە هەموو یاساکانی هەرێمی کوردستان دەبێت گۆڕانکاری لەسەر بکرێتن، بۆیە ئێمە دەبێ وەك خۆی بمێنێتەوە، بابەتی ئەوەی کە هۆکارێك هەبێتن زۆرتان تەئکید لێکرد ئێمەش پێمان وایە ئەم هۆکارە زیاد بکرێتن، یاسایەکە دەوڵەمەند دەکات و مەرجەکانیش توند و تولتر دەکاتن هەبوونی ئەم هۆکارە باشترە لەوەی کە نەبێت، هەرچەندە ئێمە ئەم ڕێکارانە. ئەم هۆکارانەمان بە شێوازی تر چارەسەر کردووە، بەڵام هەبوونی لەناو دەقی یاسایەکەدا بۆ ئێمە باشترە سبەی کە دەڵێینە کەسێك مۆڵەتت پێنادرێ هۆکارەکەت موقنیع نییە بۆ ئەم مۆڵەتە، بۆیە زیاد بکرێ شتێکی ئاساییە، بابەتی تەمەن حەقیقەت تەمەنی پێگەیشتن یان سنی روشت (١٨) ساڵە ئێمە لە یاسای رابردوو ئەوەی کە بەرکارە هەتا ئێستا تەمەنەکە (١٨) ساڵە خۆم گلەیم هەبوو لەسەر تەمەنەکە، بۆیە تەمەنەکەمان گۆڕی کە بگونجێنین لەگەڵ ستانداردەکانی نێودەوڵەتی کە لەو وڵاتانەی یاسای چەکیان داهێناوە و بەکاری دێنن تەمەنیان (٢١) ساڵ داناوە بە تەمەنی روشت یان بە تەمەنی پێگەیشتوو بۆ بابەتی چەك هەڵگرتن، هەرچی زیادی بکەی هیچ لە قەزیەکە ناگۆڕێتن، یەعنی ئەوە نییە بڵێ ئەگەر زیادی بکەی وەکو ئەو بەڕێزە گوتی رەنگە لە (٨٠) ساڵییەوە دواتر یەعنی مەسەلەن نە زۆربوونە نە کەم بوونە بابەتەکە لێرە هەندێك جار مافێك هەیە کەسێك لە تەمەنی

(٢١) ساڵی ڕەنگە پێویستی بە خۆپاراستن هەبێ، بۆیە نەمانکردە (١٨) ساڵ چونکە بەراستی ڕاددەی تێگەیشتن و پێگەیشتن لە (١٨) ساڵی کەمترە، بۆیە (٢١) ساڵ لە بەینی (١٨) و (٢٥) ئەگەر نا بیکەیە (٢٥) هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێتن، بەڵام پێمان وایە ئەگەر لە (٢١) ساڵی بمێنێتەوە هاوکارێکی باش دەبێتن ڕەنگە یەکێك لەو گەنجانەی کە لە (خدرجیجە) شەهید بوو تەمەنێکی (١٠) ساڵی هەبوو، (١١) ساڵ بوو، هاوکاری براکانی دەکرد هێنانی فیشەك و تفەنگ و ئەوانە، یەعنی بابەتەکان با ئێمە زۆر دەست و پێی خۆمان نەبەستینەوە ئێمە هەوڵ دەدەین لە مەرجەکان توند و تۆڵی بکەین بەڵام ئەگەر یەکێك تەمەنی (٢١) ساڵ پێویستی پێ بوو ئەو کاتە بڵێین کاکە بڕۆ هەتا نەبیە (٢٥) بڕۆ بەم هەرەشە بڵێ هەرەشەکە لەسەر جەنابتە با جارێ چاوەڕێ بك هەتا وەکو دەبی بە (٢٥) ساڵ. ئەمە بەراستی مەنتقی نییە، بۆیە پێم وایە وەکو خۆی بمێنێتن، بابەتی ڕەوشت چاك و ناوبانگ ئەمە عورفێکی یاساییە لە هەموو یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئەمە بەندێکە لە هەموو ئەو یاسایانە جێگیر کراوە، بەڵام ئەگەر واقع بینانە سەیری بکەین لە گەڕەکێك کە هەر هەمووومان تێدا دەژین زۆر کەس هەیە ڕەفتاری ناچاکە و ڕەوشتیشی ناپاکە، بەڵام نە کەس سکاڵای لەسەر کردووە نە پێشینەیەکی تاوانی هەیە، ئەگەر ئەم برادەرە بەپێی ئەوە ئەم مەرجەی تێدا نەبێتن ئێمە دەبێ تەقدیمی بکاتن دەبێ مۆڵەتی بدەینێ، بەڵام ئێمە مۆڵەت وا نادەین کاتێك کەسێك داوای مۆڵەت دەکات لە ڕێنماییەکان کە لە بەرنامەمان دایە دەری بکەین ئەبێ بینێرین بۆ ئەو شوێنانەی پێویستە بەڵگەی تاونە ڕاپۆرتی پزیشکییە هەموو ئەو بابەتانەی کە لێرە باسکراون، بەڵام بابەتێك هەیە لەڕووی ئەمنییەوە ئەم کەسەکە لە ڕووی ڕەوشتەوە لە گەڕەك ئامادەیە بۆ ئەوەی چەکی پێ بدرێت؟ لە ماڵی خۆی کەسێکی شەرانگێز نییە؟. زۆر کەس هەیە لە دەرەوە فریشتەیە، بەڵام لە ماڵەوە شەرانگێزە، لە دەرەوە دیموکراتە لە ناوە دیکتاتۆرە، بۆیە ئەمە نە بە یاسا نەبە ناتوانین ڕێکی بخەین، دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکەین، ئەگەر لە هەموو مەرجەکان دروست بوو بەڵام ڕەوشتی پاك نەبوو، توندوتیژ بوو لەگەڵ خێزانی خۆی ئێ ئەمە چەك بدەینە ئەو سبەی ڕەنگە یان خێزانی ئەوی پێ دەکوژی یان ئەو خێزانەکەی پێ دەکوژێتن، بۆیە دەبێ هەر بمێنێ، بابەتی کەم ئەندام بەڕێزان نە بێ بەش دەکرێن، نە مافیان دەخورێتن، ئەگەر بابەتەکان وەکو خۆی بخوێنرێتەوە ڕێك کەم ئەندامی جەستەی یان نەخۆشی عەقڵی یان دەروونی نەبێت بەجۆرێك ئەم (بەجۆرێکە) گرینگە ببێتە بەربەست لە بەکارهێنانی چەك، ئەمەش بە چی دەسەلمێنێ بە ڕاپۆرتێك لەلایەن لێژنەیەکی پزیشکی فەرمییەوە پشتراست کرابێتەوە، بۆیە وەڵامی زۆرێك لەو نیگەرانییەکانی ئێوە پرسیارەکانی ئێوە خۆی لە ماددەکە هەیە، بەڵام پێویستی بە لێوردبوونەوە هەیە، بابەتی ئەوەی کە لەڕووی تەکنیکییەوە تەبعەن ئەمە لەو پڕۆژەی کە ئێمە تەقدیممان کردوو ئێمە زۆر بە ڕوونی باسمان لەوە کردووە کە لەڕووی تەکنیکییەوە مەبەست چییە مەبەست ئەوەیە تاقیکردنەوەیەکە ئەو لایەنەی کە مۆڵەتی دەداتێ وە دەسەڵاتی دەرچواندنی هەیە دەبێ لەو تاقیکردنەوەیە دەربچێت، واتە ڕێنماییەك بە ڕاهێنان ئەم کەسە دەبێ ڕاهێنان بکرێ لە ماددەکانی دواتر دامان ناوە ئەبێ لە پەیمانگای پێگەیاندنی ئەمنی و کارگێری لە وەزارەتی ناوخۆ ئەمە ڕاهێنانی پێکرابێتن، بۆیە لێرە دەستکاری کراوە جێگای پرسیارە بۆ خۆشم کە

سەیرم کرد حەقیقەت نەم زانی مەبەست چییە لە رووی تەکنیکییەوە، بۆیە ئەگەر ئەم روونکردنەوەیە لەسەری زیاد بکری وەکو ئێمە لە حکومەت ناردوومانە شتێکی باش دەبێت، بابەتی (٥) فیشەك و (١٢٠) من لەگەڵتان باس نەکرێت زۆر باشترە، لە رێنماییەکان دەکرێت باس بکرێت، بەڵام بۆ روونکردنەوەی بەرێزتان مەبەست لێرە ئەوە نییە جوعبەی کوردی و جوعبەی عەسکەری، ئەم برادەرە کە ئەم چەکە هەڵدەگرێت کلاشینکۆف ناهێنێتە دەرەوە بیبەستێتن و جوعبە ببەستیت ئەمە مخالەفەی یاسایە، ئەمە بۆ ماڵی خۆی ئەم کلاشینکۆفە بەکار دێنێت، ئەگەر لەکاتی گواستنەوە بێت نابێتن بەرچاو بێت ئەم چەکە، بەرچاوبوونی ئەو چەکە مۆڵەتدراوە پێچەوانەی یاسای ترە، مۆڵەتی هەڵگرتنی هەیە، بەڵام مۆڵەتی پێشاندانی چەکی نییە، بۆ کەشخە و بۆ مەراسیم لەگەڵ خۆی ببات، مەسەلەی (٣٠) رۆژ ئەم (٣٠) رۆژە پێش تەواوبوونی ماوەکەیە، پێتان وایە دەیکەینە (٤٠) رۆژ، دەیکەینە (٥٠) رۆژ ئاساییە، یەعنی حەز دەکەی دەکەینە (٦٠) رۆژ، (٦٠) رۆژ پێش ئەوە دەتوانین ئاساییە بەراستی هیچ لە روحی مەسەلەکە ناگۆڕێت، مەوزوعێك کە باس کراوە چەکەکەش بە شێوەیەکی رەوا بە دەست خستبێت، ئەمە لە پڕۆژەی ئێمە نەبووە لە حکومەت، بۆ منیش جێی پرسیارە، بەشێوەی رەوا یەعنی چی؟ حەقیقەت، بۆیە لابرێت زۆر باشترە لەوەی کە لە پڕۆژەکە بمێنێ، چونکە ئێمە نەمان ناردووە وەکو حکومەت، چونکە بەراستی زۆر ئەستەمە بڵێی چەکێکی رەوایە، ئەم چەکە رەوایە کێ دەتوانێ بیسەلمێنێ بەراستی ئێمە وەکو حکومەت ناتوانین بیسەلمێنین، بۆیە لابرێت باشترە. پرسیاری بەرێزت وتت ئەگەر مۆڵەت وەرگرتن لە پرسیاری پێشتر لەبیرم چوو جوابت بدەمەوە راست دەکەی پرسیارێکی زۆر بەجێ و تەکنیکییە ئەو پرسیارە، ئێمە بیرمان لێ کردۆتەوە ئەگەر ئەم کەسە بیەوێت چەك بکرێت ناتوانێ بچێ ئەم شوێنە ئاگادار دەکرێتەوە، چونکە رێنمایی شوێنی چەك کڕین و فرۆشتن دەردەچێت، ئەم کەسە ناتوانێ چەك بەم کەسە بفرۆشێت ئەگەر رەزامەندی پێش وەختەی وەزارەت یان لایەنی پەیوەندیداری وەرنەگرتبێت بە کڕینی چەك، ئێمە نیازمان هەیە بۆ ئەوەی بەرچاوتان روون بێت ئەو شوێنانەی کە چەك دەفرۆشن بەشێوازێکی ئەلیکترۆنی دەیبەستینەوە بە وەزارت بە پارێزگا و ئیدارەکانی سەربەخۆ، هەر چەکێك لەوێ داخل بکرێت و دەربچێت ئەبێ لە سیستەمی کۆنترۆلکردنی ئەمانە لە بن دەستی وەزارەت و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بێت وە کاتێك دەیکرێتن و دەیفرۆشێت دەبێ ئێمە ئاگادار بین بە کام مۆڵەت فرۆشراوە بۆ ئەوەی نەك کابرا بیکرێتن و بچێتن تاوانێکی پێ بکات ئینجا ئێمە ئاگادار بین، ئەلیکترۆنییەن دەبێ ئێمە ئاگاداری ئەم کڕین و فرۆشتنە بین، لەکاتی کڕینی لە کانی فرۆشتن، ئەمە بە رێنمایی و رێکاری تر رێك دەخرێتەوە، ئەم کەسانە خولیان بۆ دەکرێتەوە؟ بە تەئکید، بەبێ خول کەسیان مۆڵەتیان پێ نادرێت. ئەو کەسانەی کە بیانینە بەرێزان ئەو پرسیارە کونسولخانە و نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان لە هەموو وڵاتان بەپێی ئیتیفاقیاتی نێودەوڵەتی، دیبلۆماسی، ساڵی (٦٣)، (٦٤) ئەمانە رێگە پێدراون داوا دەکەن کە چەکیان پێ بدرێتن، مۆڵەت پێدراون چەك هەڵبگرن، بەڵام ئەگەر بێجگە لەمانە خەڵکێکی تری غەیری عێراقی و غەیری کوردستانی چەکێکی پێ بێتن زۆر سوپاستان دەکەین لەکاتی حاڵەتی لەم شیوەیە ئاگادارمان بکەن بۆ ئەوەی ئێمە دامەزراوەکانی

پۆلیس و ئاسایش ئاگادار بکەین و ڕێکاری پێویست بگرنە بەر، ئەگەر خۆی بە چەکی مۆڵەت بکوژێ؟ تاوانە، هەر کوشتنێك بەو چەکە تاوانە، چەك مۆڵەتدراو بێ یان بێ مۆڵەت، تاوانە، ئەگەر کەسێك هەڵگری چەکەکە نەبوو مۆڵەتی چەکی نەبوو خۆی بەم چەکە کوشت خاوەنی مۆڵەتەکە تاوانبارە، چونکە ڕێگای خۆش کردووە بۆ هەبوونی چەکێك لەبەر دەستی منداڵێك، ئافرتێك یان هەر کەسێك کە حەقی نییە ئەم چەکەی لە دەست بێت، بۆیە هەڵگرتنی چەك لە ماڵەوە لە شوێنی پێویست مەسئولیەتی ئەو کەسەیە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە لە (٦:٣٠) ڕێستێك وەردەگرین، بەڵام دوای دێینەوە، یەعنی ئەم شەو تەواوی دەکەین، مادده (٦) بخوێننەوە بەڕێزان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

یەکەم: مۆڵەتی چەکی ئاگرین لەم بارانەی خوارەوە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت:

١-مردنی خاوەن مۆڵەت.

٢- لەدەستدانی یەکێك لەو مەرجانەی کە لە بڕگەی یەکەمی مادده (٥)ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

٣- دەرچوونی بڕیارێك لە دادگای تایبەتمەند لە بە دەس بەسەرداگرتنی چەکە ئاگرینەکە.

٤- دەرچوونی چەکە ئاگرینەکە و تفاقەکەی لە خاوەنداریبەتی کەسی مۆڵەتدراو بۆ کەسێکی دیکەی مۆڵەتدراو.

دووەم:

١-پێویستە لەسەر کەسی مۆڵەتدراو لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەیدا چەکەکەی رادەستی نزیکترین بنکەی پۆلی لە شوێنی نیشتەجێ بوونی بکات بەرامبەر وەرگرتنی پسولەیەکی فەرمی.

٢- ئەو کەسەی مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە دەتوانێت لە ماوەی (١٨٠) ڕۆژدا ڕەفتار بە چەك و تفاقەکەی بکا بە فرۆشتن بێت یان بە هەر ڕەفتارێکی تری یاسایی.

٣- لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە لە خاڵی دووی ئەم بڕگەیە هاتووە دەسەڵاتی مۆڵەتدان مافی هەیە چەك و تفاقەکە بۆ بەرژەوەندی خاوەنەکەی بەپێی حوکمەکانی یاسا بفرۆشێت و بڕی پارەکەی ڕادەست بکاتەوە.

سێیەم: لەدوای مردنی مۆڵەتدراو:

١-پێویستە میراتگرانی یان ئەوانەی شوێنیان دەگرێتەوە مۆڵەتەکە ڕادەستی دەسەڵاتی مۆڵەتدان بکەن بە مەبەستی ئاماژەکردن لەسەری، ئەو ڕێکارانەی لە خاڵەکانی یەك و دووی بڕگە دووەمی ئەو ماددەیەدا هاتوون جێبەجێ بکەن.

٢- دەسەڵاتی مۆڵەتدان لەبارەی فرۆشتنی چەکەکە پارەکەی بۆ دادگای تایبەتمەند دەنێرێت بە مەبەستی پاکتاوکردن و دابەشکردنی لەسەر کەسانی شایستە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ (د.محی الدین)، (د.اسماعیل)، (سەرچنار) خان، (ئاشنا) خان، کاك (رزگار)، (شیرین امین)، کاك (کاروان)، کاك (محمد سعددین)، (لنجە) خان، (شێخ ظاهر)، (روبینا) خان، کاك (هێڤیدار)، (سارا) خان، کاك (بەختیار)، کاك (بالانبو)، حاجی (سفین)، کاك حاجی، فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) سێیەم خاڵی (دوو) لە دەسەڵاتی مۆڵەتدان لەبارەی فرۆشتنی چەکەکە پارەکەی بۆ دادگای تایبەتمەند دەنێردرێ بە مەبەستی پاکتاوکردنی دابەشکردنی لەسەر کەسانی شایستە، کەسانی شایستە کێن ئەوانەی کە چەکەکەی دەفرۆشن و مەحکەمە پارەکەی دەداتە ئەوەی ئەو کەسانە کێن کە پارەکەیان پێ دەدرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (شێخ ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) خاڵی سێیەم، دەرچوونی بڕیارێك لە دادگای تایبەتمەند بەدەست بەسەرداگرتنی چەکە ئاگرینەکە، ئەگەر ئەو چەکە دیارە تاوانێکی پێ کراوە کە لە ماددەی پێشوتر باسکرایە، جونحەیە یان جینایە، بۆیە چەکەکەی پێم وابێ ئەو خاڵە زیادە، خاڵی سێیەمیش لەدوای مردنی مۆڵەتدار پێویستە میراتگرانی یان ئەوانەی شوێنیان دەگرێتەوە، پێم باشە بکرێتە شوێنی دەگرنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (بختیار)، فەرموو.

**بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) مۆڵەت بە هەڵوەشاندنەوەی دادەنرێت چوار خاڵ دانراوە، پێم باشە سێ خاڵێکی تر زیاد بکرێت ئەگەر ئەو چەکە بەکارهات بۆ خۆشی، مەسەلەن زۆر جار دەبینی شەو گەمەچی هەیە دوو یانەی ئەوروپی دەبینی دەنگی تەقەی دێ، ئەگەر بتوانن مۆڵەتەکەی لەوان وەربگرن زۆر باشترە ئیدیتر ئەگەر تەهدیدەك لەسەر ژیانی کەسەکی دیتر هەبێت بەم چەکە پێویستە مۆڵەت بێتە وەرگرتن، حەفتەمیش زۆر جێگا هەنە مەناتقی مەحرەمەی پێ دەڵێن مەسەلەن زانکۆ ناکرێت چەك بچێتە ناو زانکۆیەکان، ئێستا مۆڵەت درایە بە کەسەکی (٢١) ساڵ تەمەن (٢١) تەڵەبەی زانکۆکانە یەعنی ناکرێ بەو چەکەی بچیتە ناو مەناتقی مەحرەم نە بەس ئەو دامودەزگای حکومەت و وەزارەتیش هەیە دەبێ قەدەغە بکرێت، سەبارەت بە عەینی ماددە دووەم، بڕگەی سێیەم دەسەڵاتی مۆڵەتدان مافی هەیە چەك و تفاقەکەی بۆ بەرژەوەندی

خاوەنەکەی بەپێی حوکمەکانی یاسا بفرۆشێت، دەسەڵاتی مۆڵەتدان وەزیرە یانیش مودیر عامە لە مودیر عامی کەمتر نییە مەعقول نییە سەرپەرشتی فرۆشت و کڕیاری دەمانچە بکەی یان کلاشینکۆفەکی بکات، پێویستە ئەم دەسەڵاتە بدرێت بەو جێگایانەی مۆڵەتیان پێ درایە کڕین و فرۆشتنی چەکی بکەن بەس بەخۆیان وەکو وەزارەت سەرپەرشتی ئەو پرۆسەیە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (باڵانبو)، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) بڕگەی دووەم پێویستە لەسەر کەسی مۆڵەتدراو لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەیدا چەکەکەی رادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس لە شوێنی نیشتەجێ بوونی بکات بەرامبەر بە وەرگرتنی پسولەیەکی فەرمی، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەم چەکە کە تەسلیمی کرد فەوتا چی لە مەوزوعەکە روودەدا لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەمەی بۆ زیاد بکرێ کە نرخی چەکەکەی لەسەر دیاری بکرێت ئەنجامی فەوتانی چەکەکەی پێویستە لایەنی تایبەتمەند بەو بڕە پارەیە قەرەبووی بکاتەوە، خاڵی سێیەمی بڕگەی دووەم دەڵێ لەداوی کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی کە لە خاڵی دووی ئەم بڕگەیەدا هاتووە دەسەڵاتی مۆڵەتدان مافی هەیە چەکەکە و تفاقەکەی بۆ بەرژەوەندی خاوەنەکەی بەپێی حوکمەکانی یاسا بفرۆشێتەوە بڕی پارەکەی رادەست بکاتەوە، لە کوێ دەیفرۆشێتەوە؟ ئایا ئەم فرۆشتنەوەیە بە نرخی رۆژ دەبێ یان بە نرخێك کە حکومەت دیاری دەکات؟ لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین مادەم مۆڵەتەکە دەدرێت بە کەسانێك شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەکەکان دیار بکەن ئەوان دەتوانن لەلای خۆیان رێك بکەون بۆ نمونە نرخێك بدەن بە چەکێك چەکێك بکڕن بە نرخێکی زۆر زۆر هەرزان بەس لە کاتێکدا یەکێك کە بیەوێت بڕوات چەکێکیان لێ بکڕێت بە نرخێکی دوو قات پێی بفرۆشنەوە پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت ئەو نرخە نرخێکی زۆر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی دووەم خاڵی دووەمی لەسەر کاتەکە، پێم وایە بکرێت بە (٣٠) رۆژ (١٨٠) رۆژ زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شیرین امین)، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) بڕگەی (٢) خاڵی دوو ئەو کەسەی مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە دەتوانن لە ماوەی (١٨٠) ڕۆژ رەفتار بە چەك و تفاقەکەی بکات بە فرۆشتن بێت یان بە هەر رەفتارێکی تری یاسایی گەر بگەڕینەوە بۆ ماددەی (٤) بڕگەی دووەم هەر خاڵی دوو دەڵێت مۆڵەت بۆ ماوەی یەك ساڵ دەبێت، لێرەشدا دەڵێت (٦) مانگ دەتوانێت بەبێ مۆڵەت بەکاری بهێنێت، یەعنی ئەم فەترە زەمەنییە زۆر زۆرە بەراستی، منیش بە هەمان شێوە پێشنیار دەکەم کەم بکرێتەوە بۆ (٣٠) ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) من لە لە بڕگەی یەکەمی پێشنیاز دەکەم خاڵێك زیاد بکرێت بەو شێوەیە (بەکارهێنانی بۆ مەرامی کەسی کە ببێتە هۆی ئازاردانی گیانی و مەعنەوی کەسانی دیکە بەبێ هۆکار) تەبعەن ئەگەر ئەمەی تێدا نەبێت بەراستی ئەمە یەکێکە لە خاڵە زۆر ئەساسەکان کە پێویستە تەسبیت بکرێت لەو ماددەیەدا، بۆچی؟چونکە کەسێك ئەم چەکە بۆ مەرامێکی شەخصی خۆی بەکاریبێنیت وە هیچ هۆکارێکی نەبێت ئەمە پێویستە کە مۆڵەتەکەی بە ئەکیدی ئەگەر تەحصیل حاصلیش بێت بەڵام ئاماژەی پێ بکرێ باشترە. بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم و خاڵی دووەم ئەگەر بە وردی متابعە بکەین ئەمانە پێچەوانەی یەکترین، ئەم دەڵێت رادەستی بکات لە شوێنێك لە شوێنێك دەڵێ مامەڵەی پێوە بکات تا (١٨٠) ڕۆژ، لەبەر ئەوەی کە دوو خاڵە دەتوانین وەکو (واو) بەکاری بێنین، ئەوە بکات و ئەوە بکات، ئەی بۆ نەیکەین بە (یان) من لە یەك خاڵدا کۆم کردۆتەوە بەو شێوەیە (پێویستە لەسەر کەسی مۆڵەتدراو لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەیدا چەکەکەی رادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس لە شوێنی نیشتەجێبوون بکات بەرامبەر بە پسووڵە کە نرخی چەکەکەی لەسەر بێت یان لە ماوەی (١٨٠) ڕۆژ رەفتار بە چەکەکەوە بکات یان هەر رەفتارێکی تری یاسایی، بەڵام ئەو (١٨٠) ڕۆژەش هاوڕای هەڤاڵانم (شیرین) خان ئاماژەی پێ کرد دەکرێ کەم بکرێتەوە بۆ ئەمەش، دووبارە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕای کاك (بختیار)م بە تایبەتی خاڵێك زیاد بکرێ لە بڕگەی یەکەمیدا کە بەکارهێنانی چەك لە چەکی مۆڵەتدراو لە بۆنە و ئاهانگەکان یان کاتێك ببێتە هەرەشە و مەترسی لەسەر ژیانی کەسانی تر ئیزافەی ئەوەش دەکەم. لە بڕگەی دووەمیدا بڕەك قورسە بڵێین ئەو متمانەیە لەنێوان هاووڵاتیان و دامودەزگاکانی پۆلیس نییە، پێم وایە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە ئەو

کەسەی کە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە جۆری چەکەکە و ژمارەکەی لە بنکەی پۆلیس تۆمار بکات، ژمارە و جۆری چەکەکەی لە بنکەی پۆلیسی گەرەکەکەی خۆی یان ناوچەکەی خۆی تۆمار بکاتن دواتر بیفرۆشێتەوە. چونکە لە خاڵی یەکەم و دووەمیان جۆرێك لە تەناقوزی تێدایە، بۆیە لەگەر ئەوەینە تۆماری بکات خۆی ئەو ماوەیەی (١٨٠) رۆژە کەمتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی خۆی تەسەروفی پێ بکات خۆی بفرۆشیت. ئەوەی تری پەیوەندی بە خاڵی سێیەم برگەی دووەمی کە جۆرێك لەوەی تێدایە کە دەسەڵاتی دادوەری بۆ مەسەلەی پاکتاوکردن و دابەشکردنی لەسەر کەسانی شایستە، پێم وایە دابەشکردنی بەسەر میراتگرەکانیان، چونکە کەسەکە مردووە چەکەکە دەفرۆشێ پارەکە دەدرێتە میراتگرەکانیان، بۆیە لەگەل ئەوەم کەسانی شایستە بکرێتە کەسانی میراتگری کۆچ کردووەکە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەرێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برگەی یەکەم دوای ئەو چوار خاڵە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت لەکاتی تەلەف بوونی چەکی مۆڵەتدراو کە چەکەکە تەلەف دەبێت ئەو خاڵانە دەڵێم مۆڵەتی چەکی ئاگرین بە هەڵوەشاوە دادەنرێت، ئەگەر چەکەکەش تەلەف بوو ئەبێ ئەو خاڵەشی بۆ زیاد بکرێت، تەلەف بوونی چەکی مۆڵەتدراو، خاڵێکی تر برگەی دووەم خاڵی دووەم ئەو (١٨٠) رۆژە زۆر زۆرە، یەعنی ئەلێ ئەو کەسەی مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە، یەعنی تا شەش مانگ هەر بۆی هەیە ئەو چەکەی لەلا بمێنێتەوە ئایا بیفرۆشی یان تەصەروفی پێوە بکات (١٨٠) زۆر زۆرە شەش مانگ، بە قەناعەتی من بکرێت بە (٣٠) رۆژ باشترە لەو حاڵەتە ئەگەر دوای (٣٠) رۆژەکە نەیکرد ئەو کاتە خاڵی سێیەمی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت کە پارەکەی بەو شێوەیە کە مامەڵەی پێوە دەکرێت کرین و فرۆشتن کە لە برگەی سی هاتووە، سەبارەت بە برگەی سێیەم دەڵێ لەدوای مردنی مۆڵەتدراو، خاڵی دووەم دەڵێ دەسەڵاتی مۆڵەتدان لەبارەی فرۆشتنی چەکەکە پارەکەی بۆ دادگای تایبەتمەند دەنێرێت بە مەبەستی پاکتاوکردن و دابەشکردنی لەسەر کەسانی شایستە وەکو میرات، یەعنی وەکو میراتی پارەکەی دابەش بکرێت، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ، (روبینە) خان، فەرموو.

**بەرێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) برگە (١) دڤێت خالەك لێرە بێتە زیادکرن، پێشکەش نەکردنی داخوازی نوێکردنەوەی مۆلەت لە ماوەی یاسایدا، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، (سارا)، خان، فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم ئەو كەسەی مۆڵەتەكەی هەڵدەوەشێتەوە دەتوانێ لە ماوەی (١٨٠) ڕۆژدا منیش پێم باشە ئەو ماوەیە كەم بكریتەوە، لە بڕگەی سێیەمدا دەسەڵاتی مۆڵەتدان لە بارەی فرۆشتنی چەكەكە پارەكە بۆ دادگای تایبەتمەند دەنێردرێت دواتر دابەش دەكرێت بەسەر كەسانی شایستە، پێم باشە كەسانی شایستە لێرە دیاری بكرێت بە چ پێوەرێك دابەش دەكرێت ئەو بڕە پارەیە؟ پشتگیری لە قسەكانی حاجی (سفین) دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (هێڤیدار)، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەو ماددەیە بەشی دووەم قسەی لەسەر دەكەم باشە بۆ چەكەكەی تەسلیمی پۆلیس بكا بۆ پێی نەڵێتن بیفرۆشە لەو دوكانەی كە مۆڵەتی هەیە چەك دروست دەكا و دەیكڕی و دەیفرۆشی، یەعنی بۆ بیداتە پۆلیس؟ مەعقولە دوای شەش مانگیش كابرا بۆخۆی پێ بسورێتەوە هیچ رسوماتێكی نەداوە لەو وڵاتە بە كەیفی خۆی ئیشی پێ بكات، ئەی ئەو كابرایەی كە رسومات دەدات ئەو چ كە چەكەكەی پێ نوێ دەكاتەوە، یەعنی تەزاروب هەیە لەو بەینە و لەو بەینە، ئەگەر ماددەی یەكەم وەك خۆی ما ئەوە بڕگەی یەكەم هیچ پێویست ناكات بمینێتەوە، تۆ خۆت كابرا دەسەڵاتی پێ دەدەی بچی لەو بنكەی پۆلیس بیفرۆشێتەوە بەو حەقە لێی دەستینی كە ئەو حەقە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (لنجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە قسەكانی كاك (بختیار) دەكەم بەتایبەت كە دەڵێ خاوەن مۆڵەت ئەگەر لەكاتی دەربڕینی خۆشی چەكەكەی بەكارهێنا مۆڵەتەكەی لێ وەربگیرێتەوە ئەوە گرینگە، هەروەها لەو ماددەیە لە بڕگەی یەكەم كە بە چوار خاڵ دانرایە لۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت، ئەگەر لە حاڵەتێك زاندرا یان خەبەر دراو سەلمێندرا كە خاوەن مۆڵەت تووشی نەخۆشییەك بووە كە هۆیەكان و ئەو مەرجانەی لە بڕگەی یەكەمی ماددەی پێنجەمی ئەو یاسایە هەن دوای نەخۆش كەوتنی نایگرێتەوە، پێویست ناكات خاڵەكیش بۆ ئەوە زیاد بكرێت، خاڵی سێیەم منیش پشتگیری لە كاك (سفین) دەكەم كەسانی شایستە كێن؟ بكرێتە میراتگرانی باشتر نییە؟ سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (محمد سعیدالدین)

**بەڕێز محمد سعدالدين انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (٦) بـڕگەی دووەم، لە خـاڵی یەك و دوو پشـتگیری قسـەکانی بەڕێـز کـاك (کـاروان)، (د.محی الدين)، کـاك (هێڤیـدار) دەکەم چـونکە لێـرە لە خـاڵی دووەم هـاتووە خـاڵی یەکەم زیـادە پێویست ناکات تەسلیم بە بنکەی پۆلیس بکـات، ئەگەر هەر کێشـەیەکیش هەبیـتن لە بـڕگەی یەك خـاڵی سـێیەم ئەمە چارەسـەرکرایە بە بڕیـاری دادگـا بڕیـاری دەسـت بەسـەرداگرتنی چەکەکە دەکرێتن، بۆیە هەر خاڵی دووەم بمینێت ماوەیەکی بـۆ دانرێـت بۆخـۆی بیفرۆشیـتن، سوپاسـتان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) سەرەتا پشتگیری لە قسەکانی کاك (بختيار) دەکەم کە بە هیچ شـێوەیەك چەك بەکـار نەهێنرێ بۆ هیچ بۆنەیەك، لە کاتی بەکارهێنانی مۆڵەتەکەی لـێ وەربگیـرێتەوە، ئەو (١٨٠) ڕۆژەش کە هاوڕێیـان ئیشـارەتیان پـێ دا مـن پشـتگیری لە قسـەکەی (ئاشـنا) خـان، (شـیرین) خـان و ئەو هاوڕێیـانە دەکەم کە دەڵـێن بـۆ مـاوەی (٣٠) ڕۆژ چـونکە (١٨٠) ڕۆژ بەبـێ مـۆڵەت بەراسـتی ئەوە پێچەوانەی یاسایە، سەبارەت بەوەش کە حاڵەتێکیش هەیە یەعنی مەسەلەن کەسێك چەکەکەی دەباتە ئەو شوێنانەی کە مۆڵەتی چەك فرۆشـتنی پێـدراوە دوکـانەکە یـان ئەو جێگـایە چەکـی تـر وەرناگرێت، جێگای نابێتەوە، لەو کاتەشدا مۆڵەتەکەی تەواو بووە ئایا حکـومەت خـۆی حەقە لەو کاتە لێی وەربگرێتەوە بە قیمەتێك بۆ ئەوەی ئەو چەکە بەبێ مۆڵەت نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.اسماعيل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووسێ تێبینیەکیت هەی یەکەم خالی یەکەم نوقتە ئێکێ بێژیت مردنـی خـاوەن مـۆڵەت ئەز پێشنیار دەکەم زیاد بکرێت لەسەر ئەوە هەما هەر دگەل وێبیت یان نەمانـا کەسـایەتیا مەعـنەوی لسەر مۆلەتداری چونکی هەندە جارا بسەبەب کەسایەتیا مەعنەوی ئیجازەیا دایا مودیر عامە بەر مودیر عاماتیا دایی، ئەندامی جڤـاتەکێیە لـبەر هەنـدێ یـێ دایە ئەو ئەنـداماتی نەمـا، ئەو مـودیر عاماتی نەما، قیمقام نەما، مودیر ناحیە نەما، یەعنی ئەو سیفەتی مەعنەوی نەمـا، وەکـو مـردنەك چەوا ئەوا مردن ئیجازات هەلوەشێت سیفەتی مەعنەوی ژی ئەگەر نەما بێـتە هەڵوەشـاندن، دوو بێژیت لەدەستدانی یەکێك لەو مەرجانەی کە لە بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی پێـنجەم ئەم یاسـایەدا هاتووە، بۆچی ئەو زیادە لەدەستدانی یەکێـك لە مەرجێـت مۆلەتـدانێ، پێویسـت ناکـات چـونکی هندی قانون یاسایا کورت بیت باشترە، دوماهیکێ ئەز بێژم پێنجێ ئێك بیتە ئیـزافە کـرن خـاڵەك

ئەو ژی دبیــتە ئەگەرێ دەســتدانا یــا مــۆلەتێ ئەگەر دەمــێ یاســایدا داواکاریــا نوکرنــا مــۆلەتێ پیشکەش نەکر، دەمێ یاسایدا یەعنی مانا (٣٠) رۆژانا تێپەرین لەو ماددەدا تەقدیم نەکر رەئسەن ئیجازا وی مۆلەتدانا وی بێتە نەئیدی کرن، تیبینیا من یـا ئەخیـری پرسـیارا جەنـابێ وەزیـرێ کـێ یەعنی ئەوێن دییە پەیوەندیدار پێویستە لەسـەر کەسـی مۆڵەتـدار لە حـالەتی هەلوەشـاندنەوەی مۆلەتێکدا چەکەکەی رادەسـتی نزیکتـرین بـنکەی پـۆلیس لە شـوێنی لێـرە یـێ مەتـاتییە نەهـاتیە دیارکرن دەمەك بیتە دیار کـرن لە دەمـی چەنـد رۆژەك دوو رۆژ، سـی رۆژ، دە رۆژ، مـاوەی دە رۆژ تەسـلیم بکـات، مـاوەی پێـنج رۆژ، مـاوەی بیسـت رۆژ، یەعنـی ئەگەر دوای ئەوە بە مانگێـك دوو مانگ ژی تەسـلیم بکـات مەعنتـا وێ دروسـتە، چـونکە لێـرە قانونێـدا ئیشـارەت نەدایە یـا پێتقـی ناکات مودەك بێتە دیار کردن هەر بۆ پرسیار، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز رێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندەك شتی باش باسـکران کە پێمـان وایە ئەگەر زیـاد بکـرێن ئەم مـاددەیە دەوڵەمەنـد دەکـاتن بــابەتی ئەوەی کە ئەگەر چەکەکە بــۆ خۆشــی یــان بــۆ ئەوانەی تەقەی خۆشــی کــرا تەهدیــدی کەسێکی پێ کرا هەڵگرتن لەناو شوێنێکی مـحەرەم، بـۆ نمـونە ئەگەر لەنـاو زانکـۆ یەکێـك چەکـی پێبێتن گەنجەك ئەو چەکە بـاتە نـاو زانکـۆ کەواتە شـوینێکی مـوحەرەمە ئیزافەکردنـی ئەم سـێ بڕگەیە لە مەرجەکان دەوڵەمەندی دەکات و پشتگیری لـێ دەکەیـن، بـابەتی ئەو (١٨٠) رۆژە ئەگەر پێتان وایە زیادە ئێمە پێمان ئاسـاییە کەمـی بـکەنەوە، بەڵام بەس بـابەتەکە باشـترە ئەگەر روون بکەیــنەوە بــۆچی (١٨٠) مــان دانــاوە؟ لە بــڕگەی دووەم دەڵێــین نزیکتــرین بــنکەی پــۆلیس دەبــی خاوەنی مۆڵەتی هەڵوەشاوە چەکەکەی رادەست بکـات، ئەمە ئەبـی بیکـات، نەیکـات پـێچەوانەی یاسایە و سەرپێچییە، ئەگەر ئەمەی کرد لەماوەی (١٨٠) رۆژ ئەم شەخصە حەقـی هەیە ئەم چەکە بفرۆشـێت، چەکەکە لەکـوێیە؟ لە بـنکەی پۆلیســە دەتوانێــت ئەم چەکە بــۆ مــاوەی (١٨٠) رۆژ بفرۆشـێت، ئەگەر ئەو نەیکـرد لە مـاوەی (١٨٠) رۆژ دواتـر لە خـاڵی سـێیەم لە کۆتـایی هـاتنی ئەو ماوەیە دەسەڵاتی مۆڵەتدان ئەم چەکە دەفرۆشێتن و پارەکە رادەستی دادگای تایبەتمەند دەکـات بۆ پاکتاوکردنی و گەڕاندنەوەی، بۆ خەڵکی شایسـتە دەکـرێ بکەیـنە میراتگـر، کەسـانی میراتگـر، بۆیە ئەم سێ بڕگەیە هەر سێکی بەیەکەوە بەستراوەتەوە پێویستە وەکو خۆی بمێنێـتەوە، تەنهـا ئەگەر پێتــان وایە (١٨٠) رۆژ زیــادە بــیکەنە (٦٠) رۆژ، بــیکەنە (٩٠) رۆژ، کێشــە نیــیە لەســەر ئەوە یەعنـی ئەمە مشـکیلەمان نیـیە، بەڵام دەبێـت هەرسـێکی وەکـو یەك بمێنێـتەوە، ئەوەی کەسـانی شایستە بکرێتە میراتگر شتێکی باشـە، لەکـوێ دەیفرۆشـێت؟ ئەو شـوێنانەی کە رێگەی پێـدراوە دەبێ بیفرۆشێتن، ئەوەی تر پێم وایە مـاددەکە وەکـو خـۆی بمێنیـتەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریـانەی کە ئێمە پێمان باش بوو، زۆر سوپاس. ئیجازە هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەمە ئەو ئەبێ چەکەکە ڕادەستی پۆلیس بکات، چونکە مۆڵەتی نەماوە، بۆ بەشی دووەم دەتوانێ بیفرۆشێت، ئەوەی کە ئەیکڕێت شوێنێکی ڕێگەپێدراوە دەزانێت لە فلانە بنکەیە بابچێتن لەو بنکەیە بیبینیتن، ئەم حاڵەتانە دەبێ کۆنترۆڵکراو بن، لەماوەیەی کە مۆڵەتی نەماوە تاوانێکە یان هەر ڕەفتارێکی پێ بکرێتن ڕەفتارێکی نایاسایە، ئەبی ئەم بابەتە ئەگەر ئەم سێ خاڵە یەکێکیان هەڵبگرن کاریگەری لەسەر خاڵی دوای خۆی دەبێتن، ئەبی ڕادەستی بکات، ئەگەر ڕادەستی نەکرد ئەمە تاوانە، ڕادەستی کرد دەبێ بیفرۆشێت کە دەیفرۆشێت ئەم شوێنەی ئەیکڕێتن زۆر ئاساییە بڵێتن لە فڵانە بنکەیە ئەتوانێ پیشانیان بدات، ئەتوانێ وێنەیەکی پیشان بدات، جۆرەکەی ئەمەیە یەعنی ئەمە زۆر ئاسانە لەوەی کە چەکەکە لەدەستی ئەو بمێنێتەوە و لەو دوکان و ئەم دوکانە بیگێرێت کە دەیکڕێت، ئەمە شتێکی یەعنی بیرمان لێ کردۆتەوە زۆر بە جدی ئەبێ هەر ڕادەستی بکاتن، دواتر بیفرۆشێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، ماددەی (٧) لیژنەی تایبەتمەند، فەرموو.
**بەڕێز جلال محمد امین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٧):
یەکەم: ئەمانەی خوارەوە لە مۆڵەتی دەستتداری وهەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی بەدەردەکرێن:
١-سەرۆکی هەرێم و جێگرەکانی.
٢- سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەیی و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان.
٣- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەیی و وەزیرەکان و ئەوانەی لە پلەی ئەوان دان.
٤- سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆلەری دادی.
٥- ئەندامانی هەردوو نێردەی دیبلۆماسی و قونسولگەری ئەوانەی کە لە عێراق و هەرێم کار دەکەن بەپێی ڕێسای مامەڵەی هاوشێوە.
٦- فەرمانبەرانی پلەی تایبەت.
دووەم: ئەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون مافی دەستداری و هەڵگرتنی چەك و تفاقیان لەدوای خانەنشینیان دەمێنێت و ئەم حوکمە بەسەر ئەفسەرانی هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە کە لە پلەی مقدم بەرەو سەرەوەن جێبەجێ دەکرێت.
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٧) بکات با ناوەکەی خۆی تۆمار بکات، بەڵێ بەڕێزان ئەوانە دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٧) بکەن (بدریە) خان، (سەرچنار) خان، کاك (د.اسماعیل)، کاك (رزگار)، کاك (کاروان)، کاك (هاوڕێ)، کاك (سەرکۆ)، (ئاشنا)، خان

(گوڵستان سعد)، (لیزا) خان، کاك (حاجی سفین)، کاك (ادریس)، کاك (محمد سعیدالدین)، کاك (محمد سعدالدین)، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەفت بڕگەی یەکەم هەتا خاڵی پێنج ئەوە لە هەموو وڵاتەکان ئەو سیستەمە هەیە، بەڵام خاڵی شەش فەرمانبەرانی پلەی تایبەت بەشێوازێکی کراوە مەفتوح نوسرایە، فەرمانبەرانی پلەی تایبەت هەموو ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە پلەی تایبەتیان هەیە سەرۆك و فەرمانگە و مودیر عام و راوێژکار هەموو دەستە و وەزارەتەکان ئەمە وەکو ئیمتیازیکیان پێ دەدرێ هەندەکیان هەیە هەر پێویستیان پێ نییە، بەڵام لەبەر ئەو کەلتوورەی کۆمەڵگای هەیتمان لەبەر ئەم ئیمتیازە ئارەزوو دەکات کە چەکی پێ بیت، ئەمە تەحدید بکرێت بەپێی پێویستی وەزارەت یاخود لایەنی پەیوەندیدار هاوکاری بێت بۆ پێدانی مۆڵەتەکە، یەعنی پێدانی مۆڵەت یان ئاسانکاری پێ بدرێت نەك بە شێوازێکی کراوە وەکو ئەوانەی کە لەو پێنج خاڵە هاتییە پێیان بدرێت، چونکە ئەوانە کە بۆ نمونە لە دەستەی سیاحەنە، کشتوکاڵن، تەندروستین هەموویان پێویستیان بەوەی نابیت ئەو ئەوەیانپێ بدرێت کە چەك هەڵبگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (ادریس)، فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابێ وەزیر خۆزگە وڵاتی ئێمەش وەکی سویسرا نەپێویستی بە چەك باو نە بە چەکدار با، بەڵام هەموومان دەزانین دونێ بۆ هەندەك گرووپی حەشدی شەعبی و حەشدی عەشایر و لەکاتی خۆی هێزی دیجلە و چەندین گروپی تر لە کەرکووك و شەنگال پر چەك کرابوون بۆ لێدان و لەناوبردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، دوێنێ بۆ داعش ساڵی (٢٠١٤) کە هات هێرشێکی کردە سەر هەرێمی کوردستان ئەوانەی کە وەکو خۆبەخش بەرگری لە هەرێمی کوردستانین کرد زۆربەیان بە چەکی خۆیان، یەعنی چەکی خۆیان کڕیبوو بە پارەی خۆیان بەرگریان لە هەرێمی کوردستان کرد، کوردستان وای لێ نەهاتییە ئێمە بلێین پێوستیمان بەو خەڵکە نییە جارێکی تر یان بەو چەکە نییە ئەوەی لە دەستی خەلکە، وەڵاهی خەتەریاتی زۆر گەورەتر لەپێشمانە دێن سەر هەرێمی کوردستان، جارێکی تر پێویستیمان بەو خەڵکە دەبێت، جارێکی تر بێن بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکەن، لێرە من دێم لەسەر ماددەی (٧) خاڵی دووەم ئەوەیان نووسیوە کە ئەوانەی کە بۆیان هەیە چەك هەڵگرن دوای خانەنشینیش بە پلەی مقەدەم بۆ سەرەوە لەوانەیە پیشمەرگەیەك لە ژیانی خۆی هەمووی پێشمەرگە بووە، لەبەر ئەوەی خوێندەوار نەبووە نەبوویە زابگیش یەك نەجمەشی وەرنەگرتووە، مقدم لەوانەیە لەناوبەینی شەو و رۆژەکی بویە مقەم هەیە بە شەو و رۆژەکی بووینە لیواش، ئێستا ئەوەی لە ژیانی خۆی هەموو پێشمەرگە بوونە ئێستا چەك و پێشمەرگە وەکو هیوایەتەك بووە وای لێهاتووە، زۆر ناخۆشە ئێستا بڵێی ئەتوو بەدەربی لەوانەی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (گوڵستان سعید)، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) بڕگەی شەشەمیان لە بڕگەی یەكەم فەرمانبەرانی پلە تایبەت ئەمە زۆر وازح نییە، كێیە پلە تایبەتەكان؟ وێڕای ئەوەی من پێم باشە یەك پلەی تریش بۆ ئەم خاڵە زیاد بكرێ ئەوانەش كە بەڕێوەیەری چاكسازییەكانی گەوران و ژنان و منداڵانن لەگەڵ بەڕێوەبەری شەڵتەرەكان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یا من پرسیارە ژوان هەر شەشا ئێكیشوانا ئەگەر مر وەزعێ وی قانوونییە و سیلاح لێ چ لێهێتن؟ ئەڤە پشتی یەكانێ دڤێتن لە وێدا نەهاتییە چارەسەركرن، یەعنی ئەگەر تو لواجبێ خۆدا ئەم دێ خودێ كرن و مۆلەتا هەی و سیلاحێ هەی كا دێ چەوایا دێتە چارەسەركرن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (سەركۆ)، فەرموو.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم بڕگەی دووەم باس لەوە كراوە ئەوانەی لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە هاتوون مافی دەستداری و هەڵگرتنی چەك و تفاقیان لەدوای خانەنشینكردنیان دەمێنێت و ئەم حوكمە بەسەر ئەفسەرانی هێزەكانی ناوخۆ و پێشمەرگە لە پلەی مقدم، یەعنی جیاوازییەكە لەوەدایە ئەفسەرانمان هەیە لە ئاسایش، لە ئاژانسی پاراستنی زانیاری ئەم ئەفسەرانەش كاتی خۆی بەتایبەتی ئەفسەرانی ئاسایش و ئەوانەی كە لەو ئاژانسی پاراستنە زانیارییەدا كاریان كردووە ئەوانە بوونە كە بەرەنگار بوونەوەیان هەبووە بەرامبەر بە تیرۆر، بە بازرگانانی ماددەی هۆشبەر و خەتەریش لەسەر ژیانیان هەیە، هەركاتی واز لەو ئیشە بێنن یان خانەنشین بن خەتەری زیاترە مەوزوعی ئاسایش، ئەگەر ئەفەسەرانی ئاسایش و ئاژانسی پاراستن زیاد بكرێ و لە پلەی موقەدەمیش كە برای بەڕێزم باسی كرد، هەندێ جار كەسی لە پلەی نەقیبە تووشی كەمئەندامی ئەبێ، خانەنشین ئەبێ، پێویستیان بەوە هەیە مۆڵەتی چەكیان هەبێ، بۆیە پێم باشە ئەفسەرانی هێزەكانی ناوخۆ و پێشمەرگە و ئاسایش و ئاژانسی پاراستن و زانیاری زیاد بكرێ، پلەی موقەدەم بكرێ بە نەقیب.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر دوو خاڵە، خاڵی دوو ئەڵێ سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە نوێنەرانی کوردمان لە پەرلەمانی عێراقیش هەیە، ئەوانیش لە زمنی ئەو یاسایە ئەبن، هەرچەندە یاسایەك هەیە لە عێراق لەسەر ئەوە، بەڵام نازانم ئەو بڕگەیە هەیە و ئەیانگرێتەوە؟ ئەگەر نایانگرێتەوە باشترە ئەندامانی هەرێمی کوردستانی بۆ زیاد بکرێ، جوانترە سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێرەکەی بکرێ بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، پلەی فەرمانبەرانی پلەی تایبەت هەندێ هەیە مودیر عامە، وەکو مودیر عامی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ نموونە، ئەوانیش خەڵکی ماندوون، بەڵام چ پێویستیان بە هەڵگرتنی چەك هەیە لە دوای تەقاعودی، بۆیە پێویست ناکات، ئەگەر بکرێ جیا بکرێتەوە باشترە، پشتگیری لە قسەکانی کاك سەرکۆ ئەکەم لەوەی ئەفسەرانی ئاسایشیش هەمان شت بەدەر بکرێن، چونکە ئەوانیش هەم لەگەڵ پرسی تیرۆر و ماددەی هۆشبەر کاریان کردووە و ژیانیان لە مەترسیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە ماددەی حەوت لەو شەش بڕگەی دانراوە یاسایەکی ترمان هەیە ژمارە (١٥) (٢٠١٢) تایبەتە بە پاساوانی پەرلەمانی کوردستان، وابزانم هەر پەرلەمانیش یاسای تایبەتی هەیە بەو بابەتە، ئێستا ئەوەم دیت، پرسیار ئەکەم لە بەڕێز وەزیر پاسەوانی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆك و جێگر و پەرلەمانتار ئەوانەش بەدەر بکرێن بۆ ئەوەی تەعاروز دروست نەبێ، ئەو پاسەوانەی پەرلەمان مەعقول نییە بێ مۆڵەت دەربکات لە وەزارەتی ناوخۆوە لە کاتێکدا ئیشی سەرەکی خۆیەتی کە دیفاع لە پەرلەمانتار بکات، خۆ بێ مۆڵەت و بە دەستی بەتاڵ ناکات، ڕەچاوی یاسای ژمارە (١٥) ی (٢٠١٢) لەگەڵ ئەوە بکرێ، ئەگەر ئەوە بەدەر بکرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دووەم، باس لە تاکو پلەی موقەدەم بۆی هەیە دوای خانەنشین بوونی چەك هەڵگری، بەڵام کاك سەرکۆش ئیشارەتی پێدا لە مولازمەوە مولازم ئەوەل و نەقیب و رائیدی لێ بێ بەش کراوە، راستە ڕەچاوی ئەوە کراوە مولازمێك تا نەبێتە موقەدەم تەمەنی شمولی خانەنشینی نەکات، بەڵام ئێستا لە وڵاتێکین، چونکە خەڵك پێش حکومەتی هەرێم پێشمەرگایەتی کردووە، بەپلەی مولازمی خانەنشین بووە، حەقە ئەوانەی لە شوێنی ئیجرائی بوونە داوا ئەکەم ئەوەی

لیزا خان باسی کرد، هەندێ شوێن هەیە شوێنی مەدەنی یـان کشـتوکاڵ ئەوانە نـا، بەڵام ئەوانەی شوێنی ئیجرائییە مۆڵەت بدرێ بەوانە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هاوڕێ.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم لەوەی لیزا خان ئاماژەی پێـدا سـەرۆکایەتی پەرلەمـان جیـا بکـرێتەوە بەو شـێوازە ئاماژەی پێ بکرێ، پشتیوانی ئەکەم، کاك محمد لە خاڵی پێنج لە بڕگەی یەك پشتیوانی قسـەکانی ئەکەم، کـاك سـەرکۆ و کـاك رزگـاریش ئاماژەیـان بە بـڕگەی دوو دا پێویسـتە هەنـدێ ئیـزافە تێـدا بکرێ، لەبەر ئەوەی ئێمە بە تایبەت لە هێـزی پێشـمەرگە هەیە لە تەمەنـی (٤٥) سـاڵ چـۆتە خـولی ئەفسەرییەوە، تا خانەنشینی ناگاتە نەقیب، یان رائید، پێم باشە ئەوەش ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم هەیە لەسەر خاڵی دوو کە ئەڵێ ئەو فەرمانبەرانەی پلە تـایبەت و ئەوانەی ناویـان هـاتووە دوای ئەوە خانەنشـین بـوون ئەتـوانن چەك هەڵگـرن، فەرمـانبەرانی پـلە تـایبەت رێژەیەکـی زۆر فەرمـانبەر ئەگـرێتەوە، بـۆ نمـوونە راگـری کـۆلیژێکیش فەرمـانبەری تـایبەتە کە مـودیر عـامە، سـەرۆکی زانکـۆیە وەکیـل وەزیـرە، هەر ئەوەی پێشـووتر وتـم لەسـەر مـاددەی پێـنج ئەوە بە چەکداری کردنی کۆمەڵگایە، هەموو کۆمەڵگا ئەتـوانی چەکـی پـێ بێـت و هەڵیبگـری و کارەسـاتە، ئەبێ دەست نیشان بکرێ ئەو فەرمانبەرانەی پلە تایبەت ئەبێ دەست نیشان بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجی سەفین.

**بەڕێز سەفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لیزا خان کردی، پشتگیری ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت بـڕگەی یەکەم تـا خـاڵی شـەش ئەو مـۆڵەت پێـدانە لە هەمـوو دونیـا ئیستیسـنا کـراوە، بەڵام پێویسـتە سـنووردار بکـرێ، بـۆ نمـوونە ئەوانەی خـوارەوە لە مـۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنـی چەکـی ئـاگرین و تفـاقەی بەدەر ئەکـرێن، بەڵام سـنووردار بـێ، ئەوەی بـۆ

زیاد بکرێ، پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ پاسەوانی پلە باڵاکان کە لە خشتە و ڕەسمەکان دیاری کراوە، بەدەر بکرێن وەکو پلەی موقەدەم و بەرەو سەر یان عەمید، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك دوو تێبینیم هەیە، برادەران کاك سەرکۆش باسی کرد بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایش، ئێستا تەقریبەن سەربەخۆیە، لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆ نییە، چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێ؟ ئەگەر بە سەربەخۆییە بۆچی ناڵێن هیزەکانی ناوخۆ وئاسایش و پێشمەرگە، خەڵکانێك هەن لە کۆمەڵێك شوێنی زۆر نهێنی کار ئەکەن، نموونە، کۆنترۆڵی زیندانەکان، ئەوانە مەترسی ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانیان هەیە، پارێزەر، پارێزەر هەیە دەست بۆ دۆسیەی زۆر خەتەر ئەبات، ئەوانە ڕێگەیان پێنادرێ چەکیان پێ بێ ئەی کێ ئەیان پارێزی؟ پارێزەرێکم لە ماڵی خۆم شەوێك کەسێك بێ بە مۆڵەت وەری ئەگرێ، بەڵام لە یاسایەکە روون بێ، بە ڕێنمایی یان بە مۆڵەت ئاسانکاری ئەکرێ یان لە یاساکە ئاماژەی پێ ئەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە بە ڕای ئێمە مافی خۆی پێدراوە، ڕەنگە هەندێ گۆڕانکاری زۆر بچووکی پێویست بێ کە بە حەقیقەت لە پرۆژەی حکومەت تێیدا نەبووە لێرە زیاد کراوە، کێشەی پلە تایبەت ئەگەر بڵێین فەرمانبەری پلە تایبەت زۆرە ژمارەیان ئەوەندە زۆر نییە، ناوی پلە تایبەت زۆر بە خراپ چووە، بەڵام ژمارەیان زۆر نییە، لە چاکسازی ویستمان بە وەزیرەکانەوە و بە هەموو پەرلەمان و پلە تایبەتەکانی کوردستان ویستمان مووچە نیوە بکەین شتێکی زۆر کەم کاریگەری لەسەر داهات هەبوو، بەڵام وا خراپ تەفسیر کراوە پلە تایبەت، دەوڵەمەند، بزنسمان لەو وڵاتە ناوی زڕاوە، بە ئەنقەست و بە بێ هۆ، فەرمانبەری پلە تایبەت ئەوەی لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئیش ئەکات ڕەنگە زیاتر لە هەموو خەڵك تووشی کێشە ببێ، لەبەر کێشەی زەویوزار، بۆیە ئەگەر پێتان وایە هەر زیادە لای ئەبەین، بەڵام ئەو فەرمانبەرانەی پلە تایبەت، بریکاری وەزیرە، ڕاوێژکارە، بەڕێوەبەری گشتییە، قایمقامە، قایمەقامی قەزایەك مەعقول نییە مافی نەبێ دەمانچەك هەڵگرێ، لەولاوە کەسی تەجاوزەکەی رووخێنراوە یەك بێ تەعدای لێ بکات نەتوانی دیفاع لە خۆی بکات، بۆیە ئەو بابەتە ژمارەیان باوەڕ ناکەم بە هەمووی لە هەزار نەفەر تێپەر بکات، پێتان خۆشە لای ئەبەین، بەڵام بمینێتەوە مەسلەحەت ترە، ئەکرێ قیودی بۆ زیاد بکەین، بەڵام ئەبێ هەبێ، بڕگەیەکمان هەبوو لە پرۆژە یاسای خۆمان کە پێشنیارمان کردبوو لە حکومەت لابراوە لێرە، نووسیومانە ئەوانەی لە بەندی یەکەمی ئەو ماددەیە، قەسدمان ئەو شەش بڕگەیە، مافی هەڵگرتنی چەکیان ئەمێنێتەوە لە دوای خانەنشین بوون بەو مەرجەی

بەڵگەنامەیەکی بێ بەرامبەریان بۆ رێکبخرێ هەتا لە ژیانن، یەعنی ناکرێ ئەو برادەرە وەزیرە دوای ئەوەی خانەنشین بم ئیتر تا هەتایە بێ مۆڵەت، پارەی رسوومات وەرناگیرێ، بەڵام مۆڵەتی بۆ دروست ئەکەم، ئەو برگەیە ئەبی زیاد بکرێتەوە، هەڵگیراوە لە پرۆژەی ئێمە ئەبێ زیاد بکرێتەوە، دوو، بابەتی تر ئیزافە کراوە ئەوەی باسی ئەو حوکمە بەسەر ئەفسەرانی هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە بە پلەی موقەدەم، بەڕێزان ئەوە غەدرێکی گەورەیە لە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە و پاراستن و زانیاری و دژە تیرۆر و ئەو هێزانەی بەشدارن لە پاراستنی ئەو وڵاتە، ناویان لێرە بێتن، پێویست ناکات، ئەوانە خۆیان یاسای خۆیان هەیە، رێنمایی خۆیان هەیە، لە وەزارەتی ناوخۆ پۆلیسێك یا ئەفسەرێك بە پلەی نەقیب خانەنشین بێ دەمانچەکەی ئەکەینە هەدیە، بەبێ ئەولاو ئەولا، لە پای ئەو خزمەتە لە نەقیبەوە، ئینجا پێشمەرگە رەنگە لە مولازمییەوە بیدریتێ، ئەو بابەتە حەق نییە تێکەڵ بکرێ، خزمەت و دڵسۆزی ئەو خەڵکە، ئێمە نەمانووسیوە، نازانم لە لیژنەی کە موناقەشە کرا گوتمان ئەو بابەتە باسی نەکرێ، بەڵام دیسان ئیزافە کراوەتەوە، تکام وایە لایبەن هەر ئەوەندە خەتی یەکەم بمێنێتەوە تاکو دوای خانەنیشن کردنیان ئەمینێ، بەڵام بەو مەرجەی ئەوەی بەڵگەنامەیەکیان بۆ ئامادە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پەخش نییە ئەگەر مجال بدەن (٢ تا ٣) دەقە، قسەی من گرنگە موتەعەلیقە بە ئامادە کردنی راپۆرت، مادده (٤٢) لە پەیڕەوی ناوخۆ برگەی دوو ئەڵێ وەزیری پەیوەندیدار ئەتوانێ لە کۆبوونەوەی لیژنەکان ئامادە بێ، کاتی گفتوگۆی بابەتێك ئەکرێ کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتەکەی و ئەتوانی ستافی وەزارەت لەگەڵ خۆی بینی بۆ کۆبوونەوە، هەروەها تێروانینەکانیشیان لە راپۆرت جێگیر ئەکرێ بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ، بۆ ئاماژەم بەو ماددەیە دا؟ ناچمە مەوزوعی بابەتی موبادەرەی تەشریعی کە لەسەر ئاستی وڵاتە هەرەپێشکەوتوو و دیموکراسیەکان چۆنییەتی میکانیزمی تەشریعی و پرۆژەکانی حکومەت کە دێنە پەرلەمان و تەقدیمی پەرلەمان ئەکرێ، ئەو بابەتە زۆر دوور و درێژە، بەس لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتە گرنگی دانە بە رای حکومەت، بە تایبەت ئەو پرۆژانەی کە حکومەت تەقدیمی ئەکات، بەپێی ئەو ماددەیە ئێمە لەبەرامبەر کێشەیەکی گەورەین، پەخش نییە بە وازیحی لێرە ئەڵێم، بۆ لیژنەی ناوخۆ پێویستە کە راپۆرت ئامادە ئەکرێ جەنابی وەزیری ناوخۆ بەشدار بووە لەو کۆبوونەوە، بەپێی پەیڕەو پێویستە تێبینی وەزیری مەعنی وەربگیرێ، ئێستا راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ دێت، بەخیلافی پەیڕەو چەندین تێبینی تێدایە کە فەلسەفەی یاساکەش ئەگۆڕێ، کە دێتە لیژنەی یاسایی تەجروبەمان هەیە لەگەڵ رێزم بۆ لیژنەی ناوخۆ، لەسەر پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییەکانیش تووشی تەشەنوجات ئەبین، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، ئەمڕۆش

ئەو سیناریۆیە جارێکی تر دووبارە بوویەوە. بەپێی پەیڕەو بێت دیفاع لە حکومەت ناکەم، بەس ملکەچم بە پەیڕەو، ماددەی پەیڕەوی وایە، زۆر تەبیعیە با لەناو جەلسە ئەندامی پەرلەمان حەقی هەیە زۆربەی گفتوگۆکان کە کرا ئێستا مەبەستم ئەوە نییە بەڕێز وەزیری ناوخۆ، هەر وەزیرێك بێ خۆی ئەو تێبینیانەی کە پێیان ئەکرێ وەری ئەگرن، ئاساییە ئەتوانن لە هەندێ ماددە دەستکاری بکەین، بەڵام کە لیژنەیەکی مەعنی راپۆرتەکە ئەنێرێ، ئێمە وەکو لیژنە ئێستا چی بکەم، ئێستا (١٣) تێبینی لیژنەی ناوخۆ وەرمانگرتییە لەو راپۆرتە، خۆم سەرۆکی لیژنەم قەناعەتم بەو (١٣) تێبینیەش نییە، ئەوە راستییە، لیژنەی یاسایش شاهیدە، بەس لەبەرچی، بۆ ئەوەی سیراع و ناخۆشی دروست نەبێ لە نێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی تر، ئێمە مەجبوورین ئەو ئیشە ئەکەین، بەڕێز وەزیر راست ئەکات لەسەر ئەو ماددەیە تێیدا نییە، بەڵام نامانەوێ تووشی کێشە بین، بەراستی ناپەیڕەویشە، وەکو برا بچووکتان مەبەستم نییە ئەندام پەرلەمان رای نییە، بە عەکسەوە هەندێ شت هەیە بۆ ناو جەلسە بێ و حکومەتیش رازی بێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە مەبەستی کاك بژار گەیشتم تەنیا لیژنەی ناوخۆ نییە مەبەستی، بەڵام ئێمە زۆر مەشغول بووین، هەتا داواشمان کرد حالەتی زۆر پەلەی پێ نەدرێ، پەلە کردن ئەوەی دروست کرد و خۆشمان گلەییمان لە پرۆژە یاساکە هەیە، ناکرێ بڵێین ئێمە یان لیژنەی یاسایی هەڵە بووین، بەس ئەم حاڵەتی پەلەیە بۆ جارانی تر بە هیچ یاسایەك نەدرێ، ئێمە پەکمان نەکەوتوە لەسەر هەندێ بابەت، تا ئێستا یاسای چەکمان ئیش پێ نەکردووە، خێر بوو ئەو یاسای چەکە ئەوەندە پەلە بوو، هەر ئێستاش بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە هەر ناتوانی بە یەکجار دەستی پێ بکەی، بە هیوام بۆ جاری تر لە هیچ لیژنەیەك پەلە نەکرێ بۆ ئەوەی بتوانین بە جوانی دیراسەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پێدانی سیفەی ئیستیعجال بەشێکە لە پەیڕەو، زۆر ئاساییە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ فراکسیۆن و لیژنەکان هەماهەنگی ئەکەن، بەڵام سیفەی ئیستیعجال نابێ ببێتە هۆی کەموکوڕی لە یاسایەك کە دەرئەچێ، پێشم وایە کۆبوونەوەی زۆر باش کراوە، چوار کۆبوونەوەی بۆ کراوە، ئێستاش خوێندنەوەی دووەمە، هەموو تێبینی و سەرنجەکان بۆ دەوڵەمەند کردنییەتی، دواتر لە ئامادە کردنی راپۆرت لیژنەی تایبەتمەند تەوافوق لەسەر ئەو خاڵانە بکەن لە وەرگرتنی تێبینی، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێز وەزیریش کە لێرەیە، بچنە سەر ماددەی (٨) فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

١ ئەفسەر و كارمەندی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و ئەفسەر و پێشمەرگە لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەتوانن چەكی ئاگرین و تفاق دەستدار بكەن یان هەڵگرن.

٢- پێویستە ئەفسەر و كارمەندی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و پێشمەرگە لە دوای كۆتایی هاتنی ئەركەكانیان چەكەكانیان رادەستی شوێنی هەڵگرتنیان مشاجب بكەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ (كاك باڵانبۆ، كاك هێڤیدار، سەرچنار خان، كاك یاسین، كاك عوسمان، كاك رزگار، كاك علی، كاك هاوڕێ، كاك سەركۆ)، فەرموو كاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٨) دووەم ئەڵێ مساجب، مساجب چییە، خۆی مەرجەبە، یان ئەو وشەیە دەستكاری بكرێ، وشەیەكی سەیرە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عوسمان سێدەری.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) بڕگەی یەك ئەوەی بۆ زیاد بكرێ كە ئەنجومەنی ئاسایش و پاراستنی بۆ زیاد بكرێ، لەبەر ئەوەی ئەوانیش تابعی هێزەكانی ناوخۆن، بەڵام ئەنجومەنێكی سەربەخۆن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) دووەم، پێویستە تەسلیم بكرێ، ئەگەر هاتوو هەر لەگەڵ خۆی هێنا؟ چ ئیجرائاتی لەگەڵ ئەكرێ، موخالەفەیە، بەڵام ئەو هەموو شەڕە رووئەدات، دوو رۆژی تر سەری ساڵە لە ئاسمانی هەولێر پڕ ئەبێ لە یاری ئاگرین، دواتر ئەڵێن ئەوەندە كەسە مردوون، چی ئیجرائات هەیە، خاڵی دووەم كۆتایی پێویستە بگەڕێنیتەوە، ئەگەر نەگەڕایەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی دوو تێبینیم هەیە، نووسراوە پێویستە ئەفسەر و كارمەندی هێزی ئاسایش و ناوخۆ و پێشمەرگە لە دوای كۆتایی هاتنی ئەركەكانیان چەكەكانیان رادەستی شوێنی هەڵگرتن

بکەن، خۆ ئەو ئەرکە هەر کۆتایی نایەت، ئەبێ بڵێ دەوامی فەرمی، دوای ئەوەی دەوای فەرمی تەواو بوو بخرێتە مەشجەب، بەڵام وەکو ئەرك ئەوە هەر لە ئەستۆیانە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هاوڕێ.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم، دێری دووەم، وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ ئەتوانن چەکی ئاگرین یان تفاقیان پێ بێ، بۆخۆی وەزیری ناوخۆ ئاماژەی پێدا، بە ڕێنمایی چەکیان پێیە، ئەگەر لە ئەرك بن بڕیارە چەکیان پێ بێ، خۆ ناکرێ لە رەبایەك بە دارلاستیك بێ، بۆ گرتنی سجن بە داری پۆلیسی هاتووچۆ بێ، پێم وایە ئەو ماددەیە زیادەیە، لەبەر ئەوەی لە بڕگەی دوو خۆی جوابی بڕگەی یەکەمی داوەتەوە، ئەڵێ پێویستە ئەفسەر و کارمەندی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ و پێشمەرگە لە دوای کۆتایی هاتنی ئەرك چەك رادەستی شوێنی هەڵگرتنیان مەسجەف بکەن، رەشبینیش نیم، پێم وابێ قانوونەکە بۆ بنبڕکردنی چەکە، بەڵام ئەزانین ئاسان نییە بنبڕکردنی چەك، ئەوانەی کارمەندی دەوڵەتن ئەتوانی بە ڕێنمایی چەکیان لێ وەرگریتەوە، قەناعەتم وایە دوای دەوامیش ئەگەر چەکیان لێ وەرگریتەوە وەك ئەوەیە لە کاتێکدا بازاڕی رەشی چەکت کۆنترۆڵ نەکردبێ و چەکت لە خەڵك وەرنەگرتبێتەوە و کارمەندی خۆت بنێریتە ناو خەڵك بێ چەك پێم وایە پێچەوانەیە، ماددەکەش زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو موتەعاریزە لەگەڵ ئەوەی ئەڵێ پێویستە ئەفسەر و کارمەندی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، لێرە ئەڵێ پێویستە ئەفسەر لە کاتی کۆتایی هاتنی ئەرکەکانیان چەکەکانیان رادەستی شوێنی هەڵگرتن بکەن، ئەگەر سەیری بکەی لە ماددەی (٧) ئەڵێ ئەفسەری هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و موقەدەم بۆی هەیە چەکی پێ بێ، ناکرێ لە هیچ قانوونێك ئەفسەرێك بەرپرسی بنەکەیەکە، بەرێوەبەری پۆلیسە، ناکرێ سەعات دوو دەمانچەکەی دابنێ، یان ئەفسەرێکی نەهێشتنی تاوان جاری وایە سەعات (١٢) و (١)ی شەو حالەتێکی دزی کردنە، تەقە کردنە، ناکرێ بگەڕێتەوە بۆ شوێنی دەوامی دەمانچەکە هەڵگری ئینجا بچێ، ئەو ماددەیە ناوی ئەفسەر ئەبێ دەربکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم باسی ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ تا ئەخیر ئەکات، لێرە حاڵەتێك هەیە، ئەو پێشمەرگانەی لەو جێگەیان، قۆڵەجۆن، یان مەخمور، لە شوێنی ئەرکەکەشیان و

دەوامیشیان دێنەوە بۆ ماڵ ڕێگەکەش مەترسییە، چۆن ئەکرێ چەکی بکەی، باشتر وایە بڵێین چەکی قورس لەگەڵ خۆیان نەهێننەوە، ئەگەر بێی خۆی چەك بکەی هاوڕێیانیش وتیان، چۆن ئەکرێ چەك دابنێ و بێ چەك بگەڕێتەوە کە ڕێگەکەش مەترسییە، لە گەرمیان حاڵەت بینراوە لە کۆلەج و لە شێخ باوە خەڵك شەهید بووە، پێم باشە تەنیا ئەوە بکرێ چەکی قورس نەهێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علی.

**بەڕێز عەلی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز ئەکەم وەزیری ناوخۆ بەرچاومان ڕۆشن بکات، ئەمەوێ بەراوردێك بکەم، ئەفسەری عەمید یان عەقید ئەگەر تەقاعود ببێ لە تەقاعودی بۆی هەیە چەکی پێ بێت، بەڵام لە زمنی دەوام ئەو ماوەی عوتلەیەتی ئەبێ چەك دابنێ، هەست ناکەی تەزارووبە؟ لەوانەیە لەو کاتە جولەی زیاتر بێ، دەرچوونی زیاتر بێ، لە کاتی تەقاعودی مرۆڤ کەمتر پێویستی بەوە ئەبێ، لە دەوام ئەگەڕێتەوە ئەبێ چەکی دابنێ، هەست ناکەی تەزارووبە؟ بۆ لەوکاتە پێی بێ بۆ لەو کاتە نەبێ، لە ڕووی عەمەلیشەوە واقیع بین ئامر فەموجە، عەمیدە، عەقیدە، ئەستەمە چەك دابنێن، بۆ شتێ دابنێین نەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بە تایبەتی لەوانەیە هێزەکانی ناوخۆ و مونەزەم تر بن، بۆ نموونە بەراورد بە پێشمەرگە و ئامر فەوج و لیواو ئەوانەی دەرەوەی سنوورەکان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو داوا ئەکەم مەشاجی بکرێ بە جبەخانە، پشتگیری قسەکانی کاك عەلیش ئەکەم، بە جدی لە کاتی دەوام چەکیان جبەخانەکانیان دابنێن، بەڵام ئێمە هەموومان باش وەزعی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەزانین، باوەڕ ناکەم لە ٢٠% ی یەکە سەربازییەکان جبەخانەی پێویستیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن چەکیان تێدا هەڵگرن، ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، ئەگەر لە وەحدەیەك لە جەبهەکانی پێشەوە ئەو چەکانە دانرابن، بە داخەوە لەو ماوەی پێش ئێستا تیرۆرستانی داعش هێرشیان کردە سەر هەندێ جێگەوە، ئەگەر تۆ مولزەمی بکەی ئەو چەکە لەوێ دابنێ کە درا بەسەریان ئەو کات کێ بەرپرسیار ئەبێ، ئەوە ئەبێ دیراسە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن تێکەڵییەك دروست ئەبێ لە نێوان ئەرك و بابەتی چەك هەڵگرتن و مۆڵەت دان بە ئەفسەر و کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەڕێزان ڕوون نییە ئەڵێین هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

جگە لە پێشمەرگە هەموو هێزەکانی تر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆییە، بە ئاژانسی پاراستن و زانیارییەوە، بە دژە تیرۆرەوە، بە ئاسایشەوە، ئەوانە بە پێی یاسای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ ئەکرێ، بۆیە پێویست ناکات ئەو مەوزوعە جێگەی نیگەرانی بێ، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە پێکدێ لە سێ چوار کۆڵەگەی سەرەکی، ئەوانە بەشێکن لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئەگەر یاسایەکی تر دەرچوو بۆ ئەو هێزانە ئەو کاتە ئەتوانین ناوێکی تری لێ بنێین، بەڵام ئێستا لە چوارچێوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆن، بابەتی مەشاج بیکەنە جبەخانە، زۆر جوانە، بڕگەی یەك ئایا زیادە یان دووبارەیە، خۆی ئەکید کردنە لەسەر ئەوەی ئەتوانن هەڵیبگرن ئەو چەکە، لە کاتی ئەرك، بڕگەی دووەم بۆ ئەوەیە ئەو ئەرکە تەواو بوو ناتوانن هەڵیبگرن، پرسیار ئەکەی ئایا عەمەلییە، بۆ ئێستای کوردستان نەخێر، ئێمە لە شەڕی چەند لایەنەین، بەڵام ئەو یاسایە بۆ ئەمڕۆ دانارێژین، بۆ ئەمساڵیش نییە، بەلای کەمەوە بۆ خولێکی پەرلەمانی ئەو یاسایە ئیشی پێ بکرێ، بۆیە تکایە لێکدانەوەکان لەسەر واقیعی تاڵی نا رێکخراو لێکدانەوەی بۆ نەکرێ کە ئەگونجێ یان نا، ئێستا لە هێزەکانی ناوخۆ تا حەدێکی زۆر کۆنترۆڵی چەکی فەرمی ئەکرێ، بەڵام لە هێزی پێشمەرگە لەگەڵتانم سنووری هەرەشە و مەترسی لەسەر هێزی پێشمەرگە تەنیا خاڵی کۆنتاکت نییە لەگەڵ هێڵی دوژمن یان هێڵی هەڕەشە، بەڵام ئەبێ رۆژی بێ ئەم بابەتە جێ بەجێ بکەین، هەر جوڵەیەکی بەتالیۆن یا لیوایەك وەکو هەموو وڵاتێکی ئارام ئەبێ بە فەرمان بێ، ئامر فەوجێك حەقی نییە سریەیەك لەگەڵ خۆی بجوڵێنی بە بێ رەزامەندی ئامر لیوا، ئامر لیوا حەقی نییە سریە بێ رەزامەندی فەرماندەی خۆی، تا ئەخیر، کێشەمان لێرە هەیە لەو یاسای چەك نییە، ئەبێ پێشمەرگە رێك بخرێ، ئالییەتی رێکخستنەوەی پێشمەرگە باشتر بکەین، ئینجا ئەو یاسایە لەسەری جێبەجێ ئەبێ، ئەگەر بەو شێوەی ئێستا بێ نەك ئەو یاسایە هیچ یاسایەك لەسەریان جێبەجێ نابێ، بۆیە ئەبێ هەوڵ بدەین پرۆسەی یەکگرتنەوە رێکبخرێ، لەو کاتە کێشەیەك دروست نابێ، بارەگای لیوای ئێمە لەگەڵ خەتی ئەمامی یەکە، ئەبێ بارەگای لیوا لە پشتەوە هێڵی تەماس بێ، لەوی مەسجەب ئەبێ، هەتا ئەفسەری پۆلیس، بۆی نییە کلانشینکۆف بباتە ماڵ، بۆی نییە دەمانچە ببات، ئەو ئەفسەرە واقیعیە، ئەو چەکە لە جباخانەی بنکەی پۆلیس بەجێ بێڵی، ئەگەر بە شەو شتی روویدا ئەو برادەرە لە ماڵەوە مەسئول نییە، خەڵکی تر هەیە لە ئەرکە ئەو مەسئولە، بابەتەکە خۆمان لە خۆمانی قورس ئەکەین، ئەمانەوەی شت چاك بکەین، بەڵام کە دێتە سەر دەرکردنی یاسا خۆمان دونیایەك رێگری بۆ خۆمان دروست ئەکەین ئەڵێین نابێ، کێ شتێکی مەعقول نییە، ئێمەین، وەزیرین، پەرلەمانتار، پلە تایبەتین، ئەفسەرین، ئەوانەین، ئەگەرنا شتەکان ئاساییە، ئەو بابەتە وەکو خۆی بێ لەگەڵ گۆڕینی وشەی مەشاجب بکرێت بە جبەخانە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (٩).

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

١ ئەگەر مۆڵەت دراو بە دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین هەواڵی بزربوونی یان لەناوچوونی مۆڵەتەکەی یان بزربوونی ئەو چەکەی مۆڵەتەکەی پێ دراوە بدات ئەوا پێویستە دەسەڵاتی مۆڵەت دان داوا لە پۆلیس بکات لەو بارەییەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات.
٢- ئەگەر بزربوون یان لە ناوچوونی مۆڵەت سەلمێنرا ئەوا مۆڵەتێکی نوێ ئەدرێتە خاوەنەکەی وەك جێگرەوەی بزربوو، هەمان ژمارەی مۆڵەتی پێشووی لەسەر ئەبێ، هەمان ئەو زانیارییانەی تێیدا هاتبوون لە خۆی ئەگرێ بەرامبەر بە رەسمێك کە دوو هێندەی رەسمی پێدانی مۆڵەت بێ.
٣- ئەگەر بزربوون یان لە ناوچوونی چەکی ئاگرین سەلمێنرا ئەوا پێویستە خاوەنەکەی مۆڵەتەکە رادەستی دەسەڵاتی مۆڵەتدان بکاتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی و لە دوای تێپەربوونی یەك ساڵ بەسەر رێیکەوتی بزربوون یان لەناوچوونەکە سەر لە نوێ مۆڵەتی نوێی پێ ئەدرێتەوە.
٤- ئەگەر دەرکەوت هەواڵ دان بە بزربوون یان لەناوچوونی مۆڵەت یان بزربوونی چەك راست نییە ئەوا پێویستە دەسەڵاتی مۆڵەت دان مۆڵەت دراو رەوانەی دادوەری لێکۆڵینەوە بکات بۆ گرتنەبەری رێککاری یاسایی پێویست و پێویستە دادگاش لە کاتی حوکمدان بە تاوانبار کردنی هەواڵدەر دەسەڵاتی مۆڵەتدان ئاگادار بکاتەوە و لەو بارەش مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاوە دائەنرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك باڵانبۆ، کاك دکتۆر محی الدین، کاك هاورێ)، فەرموو کاك دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەم لەسەر بڕگەی سێیە، دوای ئەوەی کەسی مۆڵەت دراو چەکە ئاگرینیەکەی وون ئەکات مۆڵەتەکەی هەڵئەوەشێتەوە، بەڵام دوای تێپەربوونی ساڵێك مۆڵەتێکی نوێی پێ ئەدرێ، پێم وایە ساڵێك زۆرە، کەسانێك هەن پێویستیان پێی هەیە، ئەپرسم ئایا ئەو مۆڵەتە نوێیە لە دوای بەدەست هێنانی یان دەست خستنی چەکێکی نوێیە کە ژمارەکە و جۆرەکەی وەکو بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئاماژەی پێ کرد لەو شوێنەی ئەیکڕێ داتا و زانیاری یان فۆرمێکی پێ ئەدرێ بە کڕینی ئەو چەکە، یان چۆن لەسەر چ ئەساسێك مۆڵەتەکەی بۆ نوێ ئەکرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هاورێ.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩) چوار بڕگەیە، پرسیارە لای من چ حیکمەتێك هەیە کەسی بڕوات لە بنکەیەکی پۆلیس بڵێ چەکم ون کردووە؟ بۆ راست نەکات، بۆ بڵێ مۆڵەتم ون کردووە، ئەگەر ونی نەکردبێ، دواتر یەك ساڵ زۆر نیبە؟ زۆربەی دامودەزگاکان خەڵك گیری خواردووە بە دەست رۆتینیات، بۆیە یەکسال هاتووچۆی مەحکەمە و پۆلیس بکات، بۆ نەڵێ مانگێك ئەگەر قەرارە چەکی ون کردبێ، بۆ لە مانگێك نەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز بالانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم باسی دەستداری کردن و ون بوون ئەکات، ئەزانین بنکەی پۆلیسی ون بوون هەیە، ئەگەر کەسانێك شتێکی ئاسایشیان لێ ون بێ رەنگە بنکەی پۆلیسی ون بووەکان ئاگادار ئەکەن، رێککاری یاسایی ئەگرنە بەر، چ پێویستە دەسەڵاتی مۆڵەت دان پۆلیس راسپێری لە کاتێکدا خۆی هەیە، پشتگیری کاك هاورێش ئەکەم، لە بڕگەی دوو، هێشتان ساغ نەبۆتەوە، زۆر جار هەیە ئینسان جزدانی پڕە لە پارە لێی ئەکەوێ، خەڵك دزی لێ ئەکرێ، ئەم کەسە ئەو لەدەست دانە بە دەست خۆی نەبووە چ پێویستە سزای بدەی لە بیدایەتەوە دوو هێندەی لێ بسەنێ، لە خاڵی دوو، ئەو کەسە لەوانەیە دز چووبێتە ماڵەکەی چەکەکەی بردبێ، لافاو هاتبێ هەوییەکەی یان چەکەکەی بردبێ، یەکسەر یەك ساڵی تر بخەیتە سەری لەوانەیە زەروور بێ، لەو (٣) بڕگە سزات بۆ داناوە، لە بڕگەی چوار ئەڵێ ئەگەر ئیسپات بوو خۆی ئەو شتەی فەوتاندووە، رەوانەی دادگای ئەکرێ و ئەوکات رێککاری یاسایی خۆی ئەگریتە بەر، پێم باشە هەر سێ سزاکەی بڕگەی یەك و دوو و سێ لابرێ و جی بهێڵدری بۆ ئەو کاتەی شتەکە یەکلایی ئەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز رێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە زۆر گرنگە وەکو خۆی بمێنێ، پەیوەستە بە رێککاری کەم کردنەوەی تاوان بەوەی کەسێك چەکێکی مۆڵەت دراو بزر بکات بە مەعنای ئەوە نییە بزری بکات، کەسێك ئەیفرۆشی بە قاچاغ یان ئەیدات بە کەسێکی تر ئەڵێ من ئەو چەکەم بزر کردووە و ئەمەوێ مۆڵەتێکی ترم بدەنێ بۆ چەکێکی تر، ئەوە دیاردەی قاچاغ و دزی لە حکومەت بەو شێوەیە ئەکرێ، کەسێ چەکەکەی وا ئەڵێ حادیسەیەکی دزیش دروست ئەکات و شەو دز هاتووە، بەڵام بەڵگەی نییە، رەنگە خۆی فرۆشتبێتی بە کەسێك تاوانبار و قاچاغچی، ناکرێ بە ئاسانی، باسی چەك ئەکەین، باسی شتی خۆشی ئەو دونیایە ناکەین، چەك یانی کوشتن و بریندار کردنە، سنوور دابنێین بۆ بنبڕکردنی چەك، ئەو برادەرەی مۆڵەتی هەیە و خۆی ناساند و وتی بزرم کردووە، ئەبێ بیسەلمێنێ، نەیسلماند خۆی تاوانبارە، ئەبێ وەکو خۆی بمێنێ ئەو سێ بڕگەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

وەزیر یان ئەو کەسەی کە رایئەسپێرێ ئەتوانن لە هەر بارێکی پێویست مۆڵەتەکانی دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین لە هەرێم یان لە بەشێکی رابگرێ بۆ ئەو ماوەی کە لە بڕیارەکە دیاری ئەکرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (سەرچنار خان، کاك بالانبۆ، کاك هێڤیدار، کاك کاروان، کاك هاوڕێ، کاك سەرکۆ، خەدیجە خان، کاك عمر)، فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارکم لا دروست بووە، کاتی زروفێکی ئیستیسنائی روو ئەدات ئاژاوەیەکە، رووداوێکە، ئایا لەو زروفە خەڵك داوای مۆڵەت ئەکات؟ ئەگەر زروفێکی ئاوا بێتە پێش هەموو خەڵك چەك هەڵئەگرێ، پێم وایە ئەگەر بەڕێز وەزیر وەڵامێك بداتەوە، ئەسل ئەوەیە ئیقافی عەمەل بە مۆڵەت بکرێ نەك پێشکەش کردنی مۆڵەت ڕابگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکم هەیە، ئەو سەلاحیەتەی دراوە بە وەزیر لەو حاڵەتە کە ئەتوانێ مۆڵەتەکانی چەکی ئاگرین هەم هەڵگرتن و هەم مۆڵەتەکەشی لە هەرێم، هەموو هەرێم یان بەشێکی هیناویەتی، حاڵەتی تەوارییە کە لە سەلاحیەتی پەرلەمانە، نابێ وەزیرێك یان وەزارەتێك ئەو سەلاحیەتەی بە تەنیا پێ بدرێ، بە رای من ئەگەر کرا شتێکی ئاوابێ ئەبێ بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیر یان ئەو کەسەی رائەسپێرێ ئەتوانێ لە هەر بارێکی پێویست دا، پێناسەی ئەو بارە پێویستە جەنابی وەزیر پێمان خۆشە باس بکرێ، ئایا لە رووی کۆمەڵایەتییە، لە چ حالەتێکدا؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هاوڕێ.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکان سەرچنار خان و کاك هێڤیدار کردیان، پشتیوانیان ئەکەم، لەگەڵ ئەوە وەزیر یان ئەو کەسەی رایئەسپێری، ئەو کەسە کێیە، ئەتوانن لە هەر بارێکی پێویست، ئەو پێویستییە

چییە کە وەزیر بتوانێ ئەوە بکات، وەزیری ناوخۆ قسەیەکی کرد ئەڵێ چەك بریندار کردن و کوشتنە، قەناعەتم وایە هەموو جار وا نییە، هەرێمی کوردستان نەبوونی چەکی پێویست گرفتە لە هەموو لایەك پەلامار بدرێین، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە موتلەقیەکی زۆری تێدایە، وەك ئەوەیە یاساکە چووە بواری جێ بەجێ کردنەوە، وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ بەپێی ئەو ماددەیە لە هەر بارێك خۆی لێکدانەوەی بۆ بکات کە پێویستە یاساکە رابگرێ، تەنانەت ماوەکەش دیاری نەکراوە، ئەکرێ دە ساڵیش رایبگرێ، ئەڵێ لە هەمووی هەرێم، ئەو یاسایە بۆ دەرکرا ئەگەر ماددەیەکی تێدایە ئەوەندە دەسەڵاتی رەها ئەدات بە وەزیر، بۆیە پشتگیری قسەکانی سەرچنار خان ئەکەم، بەشێك لە قسەکانی کاك هێڤیداریش، لە هەر بارێکی پێویست، پێویستی بە تەحلیل هەیە، لە بەشێکی رابگرێ ئەگەر ماددەکە هەر مایەوە بکرێتە پارێزگایەك، ئەگەر زەروور بێ بمێنێتەوە لە ماوەیەك لە شەش مانگ تێنەپەڕێ، قابیلی ئەوە بێ لە یەکجار درێژ نەکرێتەوە، ئەوە باشترە، بەس مەبدەئیەن لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڵێ وەزیر یان ئەو کەسەی رایئەسپێری، وەزیر رایئەسپێری، یانی وەزیری وەزارەتی ناوخۆ ئەمڕۆ کاك رێبەرە لەوانەیە ساڵێکی تر کەسێکی تر بێ، ئەکرێ وەزیر موەزەفێك دابنێ، یان کارمەندێك، لێرە تەشخیس نەکراوە، وەزارەتی ناوخۆ دوو بریکاری وەزیری هەیە، یانی ئەگەر زیادیش نەکرێ لە ئایندە، بۆ ئەوەی دیاری بکرێ ئەو کەسە لە دوای وەزیرەوە سەلاحیەتەکەی چی بێ، پشتیوانی قسەکانی کاك هێڤیدار و کاك هاوڕێ ئەکەم کە ئەو ماوەی لە بارێکی پێویستە، ئەکرێ وەزیر یا ئەو کەسەی رایئەسپێرێ لە حالەتێك بێنێتە پێشەوە بڵێ ئەوە وەزیری وەزارەتی پێشمەرگە چەك ئەکرێ، یان مۆڵەتەکە رائەگیرێ، ئەگەر روون کردنەوە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەتەواوی پشتیوانی قسەکانی سەرچنار خان ئەکەم لەگەڵ ئەو روون کردنەوەیە، ئەوەی کاك هاوڕێ و برادەران باسیان کرد، باری پێویست حاڵەتی تاریئە، تەنیا دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم و

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بەلامەوە سەیرە کە ئەو هەموو سەلاحیەتە رەهایە بدرێ بە وەزیر لەگەڵ رێزم، چونکە ئەوە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بدرێ بە وەزیر، لە بارێکی نا ئاسایی، باری نا ئاسایی وەکو چی؟ وەکو کاك عومەر وتی کاتەکەش تەحدید نەکراوە، بە ماددەیەکی خەتەری ئەبینم، پێم وایە ئەو ماددەیە پێویست نییە، ماددەی شەش باسی هەڵوەشانەوەی مۆڵەت ئەکات، بەڵام راگرتنی مۆڵەت لە بەشێك یان هەموو کوردستان پێویستە پەرلەمان یان حکومەت یان سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ دراوە بە وەزیر؟ پێم باشە ئەو ماددەیە لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز بالانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی خاتوو سەرچنار و ئەوانەش دەربارەی ئەو دەسەڵاتە قسەیان کردووە، پێم وایە ئەو دەسەڵاتە بدرێ بە ئەنجومەنی وەزیران، کاك هێڤیداریش باسی کرد حاڵەتی پێویست دیاری بکرێ، ئەوەشی رایئەسپێرێ وابزانم ئەگەر هەڵە نەبم پێشتر خۆی وتی لە یاسا کۆنەکە پارێزگارەکان، لەوەش هەر بە هەمان شێوە، لەگەڵ ئەمانەش پێم باشە ماددەی (١٦)ی یاسا کۆنەکە وەکو خۆی هەڵگیرێ و بیهێنن لێرە بکرێتە ماددەی (١١)و لە دوای ئەوە ماددەکانی تر وەکو خۆی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەریز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

وەزیر یان ئەو کەسەی رایئەسپێرێ، ئەو کەسە تەعبیر لە کەسایەتی ئەکات، نەك وەك پێگەیەکی حوکمی یان حیزبی یان هەر حاڵەتێکی تری هەبێ، بۆیە پێویستە کەسەکە دیاری بکرێ ئەگەر ماددەکە بمێنێتەوە، لە هەمان کات پشتگیری مامۆستا عمر و کاك کاروان ئەکەم بە هەڵگرتنی ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێ روون کردنەوە بدەم لەسەر ئەو ماددەیە، بەپێی ئەو ماددەیە مەبەست بەڕێز وەزیر یان سەلاحیەت ئەدرێتە وەزیر، وەزیر سەلاحیەتی ئەوەی درایتێ مۆڵەتی چەك بدات، هەمان شت دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە مۆڵەتی چەکدان رابگرێ، خۆ ناچی حالەی تەواری رابگەیەنێ کە

دەسـەڵاتی سـەرۆکایەتی هەرێـم بـێ، تەنیـا مۆڵەتـدانی چەکە و وەرگـرتنەوەی مۆڵەتـدانی چەکە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە ئەو ماددەیەش دەستکاری کراوە و وەکو ئەوەی ئـێمە پێشـنیارمان کردبـوو لە پـرۆژە یاسـای خۆمـان دەسـتکاری کـراوە، باسـمان لەوە کردبـوو کە وەزیـر ئەم دەسـەڵاتە نـادات بە کەس، تەنیـا وەزیرە، هیچ کەسـێکی تـر نیـیە، ئەوە زیـاد کـراوە، ناشـبێ زیـاد بکـرێ، تەنیـا دەسـەڵاتی وەزیـرە، چـونکە ئەو کەسـانە مۆڵەتیـان داوە، ئەگەر پێویسـت بـوو لە حاڵەتێـك پێویسـت بـێ ئاسایشـی هەرێمی کوردستان لە بەشێك لە هەرێم یان هەمووی وا بخـوازێ کە ئـێمە ئەو مۆڵەتـانە رابگـرین بزانن جیاوازی نێوان چەکی مـۆڵەت، نەك فەرمـی، چەکە پۆلیسـە نە ئاسـایش و نە پێشـمەرگەیە، هیچ کەسێك ناتوانێ بە بریارێك ئەو چەکە فەرمییانە رابگـرێ، بەڵکـو ئەوە راگرتنـی مـۆڵەتی ئەو چەکانەیە کە بەو یاسایە دراوە، بۆ ئەوەی بەرچاوتان روون بێ، نە راگەیانـدنی حـاڵەی تەواریـیە، نە وەرگرتنـی دەسـەڵاتی سـەرۆکایەتی هەرێـمە و نە ئەنجـومەنی وەزیـرانە، وەزیرێـك رێـگەی پێدراوە ئەو دەسەڵاتانە بدات، بەپێی ئەو یاسایە ئەتوانم ئەو دەسەڵاتانە بدەم بە کەسێکی تـر بە کاتی مۆڵەتدان، بەڵام بۆ راگرتنی ئەوە رەنگە هەر کەسێك ئەو دەسەڵاتەی هەبێ خـراپ بەکـاربێ، ئەبێ کاریگەری لەسەر ئاسایشی ناوچەیەك هەبێ، ئەو دەسەڵاتە ئەبێ لای وەزیری ناوخۆ بێ مـن بـم یـان هەر بەرێزێکـی تـر، ئەبـێ وەکـو خـۆی بمێنـێ، بەڵام گۆڕانکـاری تێـدا بکـرێ وەکـو ئـێمە پێشـنیارمان کـردووە، وەزیـر، گوتوومـانە بە عەرەبـیەکەی شـتێکمان نووسـیوە بە کـوردییەکەی شتێکی تر دەرچـووە، ئەوە ئـێمە وتوومـانە (للـوزیر ان یقـرر ایقـاف مـنح اجـازات حیـازة و حمـل صلاحا ناري، في جمیع انحاء اقلیم او في جزء منه للمدة التي یعینها فـي القـرار عنـد حصـول مـا یـدعو لاتخـاذ هـذا اجـراء)، ئەوە حـالەت تەواری نیـیە، بـابەتێکی زۆر جیـاوازە لەگـڵ ئەوەی لێـرە نووسـراوە، یەعنـی زۆر جیـاوازە لەوەی لێـرە هـاتووە، تکـایە ئەو بـابەتە وەکـو خـۆی لـێ بکـرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامی بەڕێز وەزیر روونە، بچنە سەر ماددەی (١١).

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

وەزیر ئەتوانێ مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەك بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بـداتە کەسـی بیانی.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك دکتۆر محی الدین، کاك مەم برهان، بدریە خان، کاك هـاورێ، کـاك بـاڵانبۆ)، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (١١) وەزیر ئەتوانێ مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەك بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بداتە کەسی بیانی، بێگانە، ئەگەر دیقەت بدەن بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە ماددەی (٥) کۆمەڵێك مەرجی داناوە بۆ ئەوەی مۆڵەت ببەخشێ، لەناو هیچ لە مەرجەکان بێگانە نەهاتووە، بۆ نموونە پاسەوانی کۆنسوڵخانەکان یان بەرپرسانی بێگانە یان راوێژکاری حکومەت ئەوانەی بێگانەن، بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٥) ئەو مەرجانەی دایناوە نەهاتووە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەو ماددەیە بسریتەوە و لێرە بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ ماددەی (٥) بەو شێوەیە کە ئەڵێ ئەبێ مەرجی مۆڵەت پێدان چییە و ئەو کەسەی کە داوایەك پێشکەش ئەکات مۆڵەتی چەکی بدرێتێ، بێگانە بێت و نیشتەجێ هەرێم بێت و وەزارەت بە شایستەی مۆڵەت پێدانی بزانێ، ئیتر وەزارەت زانی وەزارەتی ناوخۆییە و تۆماتیك وەزیرە، بەو شێوەیە بوو بە مەرجێك ئیتر تۆماتیك ئەگەر ماددەی (١١) هەڵگرین ئیشکال دروست نابێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك سەرنجم هەیە لەسەر ئەو دەستەواژەیە، بەس ئەپرسم ئایا کۆمپانیا بیانییەکان ئەچنە ژێر باری ئەو یاسایە یان بە هەمان یاسای کۆمپانیا ئەمنییەکان ئەبن بۆ پێدانی مۆڵەتی چەك یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هاوڕێ.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماددەی (٥) لە ژوورەوە نەبووم، نازانم لە ماددەی (٥) یان ماددەکانی تر جۆری چەکەکەی دیاری کردبێ، ئەپرسم چ جۆرە چەکێك؟ بیانی کێیە؟ رەنگە ئێستا کاك رێبەر وەزیری ناوخۆییە، بەڵام دۆخێك بێتە پێش کەسێ لەو حیزبە نوێیانە وەزیری ناوخۆ بێ، کەسی بیانی ئەبێ چەك دیاری بکرێ، بە لێبووردنەوە هەست ئەکەی یاساکە زۆر هینی پێوەیە، خۆشەویستی دەسەڵاتی زۆر پێوەیە، هەمووی لە وەزارەت چڕ کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رای کاك مەم بورهانم هەبوو، پشتگیری ئەکەم، پاشگرێك زیاد بکرێ، وەزیر ئەتوانێ مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەك بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بداتە کەسی بیانی بە هەمان مۆڵەتە توندەکانی هەڵگرتنی چەك، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بالانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك مەم و بدریە خان ئەکەم، پێم وایە ئەو ماددەیە زۆر ئالۆزە، ئەزانین یەکێ ئەمریکی لێرەیە، ئەتوانین ئیجازە بە ئەمریکی یان تورکی بدەین، لەبەر ئەوە قورسە، کە وتمان ئەوانە ناکرێ بۆ هەندێ کەس جێ بەجێ بکرێ بۆ هەندێ نا، ئەو ماددەیە زیادە و ئەبێ لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز رێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەسی بیانی وازیحە، کەسێ خەڵکی عێراق نەبێت، دێتە ئێرە پێویستی بەوەیە چەکی هەبێ، لە جیاتی ئەوەی پەنا بباتە بەر قاچاغچییەك چەکی بۆ دابین بکات، ئێمە بە پێی یاسا رێکی ئەخەین کە بە هەمان مەرجی مۆڵەتی چەك کە بوو بە نیشتەجێ بێ، ئەڵێین عێراقی بێ و نیشتەجێی کوردستان بێ، ئەگەر بیانی بێ و نیشتەجێی کوردستان بێ، داوای چەکی کرد ئەبێ فەقەرەیەك هەبێ رێکی بخات، ئەو مەرجانەی چەکی پێ ئەدرێ بە عیراقییەك و هەر کەسێکی تری هەرێم هەمان مەرجی لەسەر جێ بەجێ ئەکرێ، ئەو کەسە بیانییە ئەگەر لێرەیە ئەگەر تاوانێکی ئەنجام دابێ لە دەرەوە، ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ گرێدراوین بە پۆلیسی نێودەوڵەتی، نیتۆرکی ئینتەرپۆل لای ئێمە هەیە، هەر کەسێك تاوانێکی ئەنجام دابێ بە کلیکێك چیکی ئەکەین بزانین ئەو شەخسە پێشخانی تاوانی هەیە یا نا، یا لە وڵاتان ئێمە نوێنەرایەتیمان هەیە، کۆنسوڵخانەی وڵاتان لێرەیە، ئەگەر هاووڵاتی ئەو وڵاتەیە لێی ئەپرسین، ئەو کەسە داوای شتێکی وا ئەکات ئێوە هیچ کێشەتان لەگەڵی هەیە؟ دەستگا ئەمنییەکانی ئێمە پەیوەندی ئاست بەرزیان هەیە لەگەڵ دەزگاکانی وڵاتان، بۆیە ئەو بابەتە رێککاری پێدانی مۆڵەت هەمان ئەو رێککارەیە، بەڵام کەسەکە بیانییە، ناکرێ شتێکی نوێ بنووسین، پێم وایە وەکو خۆی بێ، هیچ پەیوەندی بە سوپا و لایەنی چەکداری نییە، وەکو خۆی بێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (١٢) گفتوگۆ ئەکەین، ئینجا مۆڵەتێك وەرئەگرین، فەرموو ماددەی (١٢).

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢):

١ هەر کەسێك لە ماوەی (٦٠) رۆژ لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە هەواڵ بدات لەسەر دەستداری چەکێکی بێ مۆڵەت لە سزا ئەبورێت و دەسەڵاتی مۆڵەتدان ئەتوانێ بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەتی پێ بدات.

٢- له حاڵەتی ڕەزامەندی نەدان بە پێدانی مۆڵەت ئەوا چەکەکە بۆ بەرژەوەندی خاوەنەکەی بە زیاد کردنی ئاشکرا لەلایەن دەسەڵاتی مۆڵەتدانەوە ئەفرۆشرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك دابان، شیرین خان، کاك باڵانبۆ، کاك بژار، کاك عمر)، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم، لە حاڵەتی ڕەزامەندی نەدان بە پێدانی مۆڵەت، واتە کەسێك کە چەك ئەکرێ لە شوێنێکی مۆڵەتدار بۆ ئەوەی ڕەزامەندی وەزارەت وەرگرێ بۆ ئەوەی مۆڵەتەکەی هەبێ و پێی نادرێ، ئەو کەسە تاوانی نەکردووە تا وەزارەتی ناوخۆ موسادەرەی چەکەکەی بکات و لە زیاد کردنی ئاشکرا بیفرۆشرێ، ئەکرێ ئەوە ڕاست بکرێتەوە، لە حاڵەتی ڕەزامەندی نێوان بە پێدانی مۆڵەت ئەو کەسە ناتوانێ ببێتە خاوەنی چەك، هەر ئەوەندە کافییە، ئەو مسادەرە کردنە و ئەو دەست بەسەردانی گرتنی چەکە و فرۆشتنی بۆ کەسێکە تاوانی کردبێ، چەکی کڕیوە لە شوێنێکی مۆڵەتدار ڕەزامەندی وەرنەگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، لە حالەتی ڕەزامەندی نەدان بە پێدانی مۆڵەت چەك بۆ بەرژەوەندی خاوەنی بە زیاد کردنی ئاشکرا ئەفرۆشرێ، داوای ڕوون کردنەوە لە بەڕێز وەزیر ئەکەم، لە حاڵەتی ڕەزامەندی نەدان بۆ چی؟ نموونە، لە ماددەی (٥) مەرجی پێدانی مۆڵەت دیاری کراوە، ئەکرێ هۆکارێکی تایبەت هەبێ ڕەزامەندی نەدرێ، یان وای لێ بکرێ، لە حاڵەتی ڕەزامەندی نەدان بە هۆی نەبوونی مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماوەیە بە کەم ئەزانم، دوای دەرچوونی یاساکەش زۆر گرنگە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵیدا هەوڵێکی ڕۆشنبیری گشتی بدات کە بابەتی بوونی چەك بەبێ مۆڵەت چەند مەترسییە، چۆن سزا ئەدرێن، ماوەکەش بکرێ بە (١٨٠) ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە هاتووە لەلایەن دەسەڵاتی مۆڵەتدانەوە ئەفرۆشرێ، دەسەڵاتی مۆڵەتدانیش بەڕێز وەزیر خۆیەتی یان پارێزگارە یان قایمقامێکە، بە زیاد کردنی ئاشکرا ئەو موزایەدەیە ڕێککاری زۆری

هەیە، بەڕێز وەزیر خۆی یان مجافیز بێ ئەو ئیشە پێیـان ئەدرێ هەم مەجالیـان نیـیە، ئەم ئسـوڵ و رێککاری مـوزایەدەی عەلەنـی زۆر بەر فـراوانە، لەبەر ئەوە ئەگەر مەبەسـتیان ئەو دەسـەڵاتەیە هەم بەڕێز وەزیر بە تەعلیمـات ئەتـوانێ لیـژنەیەك، چـونکە وەزیـر خـۆی چـۆن مـوزایەدە بکـات؟ ئەبێ لە رێگەی لیژنەیەك بێ کە بە رێنمایی لای وەزیر عیلاج ئەکرێ، یـان ئەگەر هەر ئامـاژەی پـێ ئەدەین بە زیاد کردنی ئاشـکرا بـاس نەکەیـن بڵێـین لەلایەن دەسـەڵاتی مۆڵەتـدانەوە، ئەوە خـۆی قەواعید عامەیە، ئسوڵی موزایەدە و چۆنییەتی فرۆشتن دیارە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

پێش ئەوەی باس لەو ماددەیە بکەم، ئەمەوێ ئەوە بڵێم بەو پرۆژە یاسـایە مانـدوو بـووین، بەڵام لە بەیـانییەوە موناقەشـە ئەکەیـن هەرچـی ئەکەیـن بەڕێـز وەزیـر ئەڵـێ وەکـو خـۆی بـێ، کەوایە موناقەشەی بۆ چییە؟ پێم باشە هەر پرۆژەیەك لە حکومەتەوە هات هـیچ موناقەشـە نەکـرێ، لەو مــاددەیە بــڕگەی دوو ئەڵــێ لە حــالەتی رەزامەنــدی نەدان بە پێــدانی مــۆڵەت چەکەکە بــۆ بەرژەوەندی خاوەنی بە زیاد کردنی ئاشکرا، زیـاد کردنـی ئاشـکرا لە نێـوانی کـێ؟ بـۆ دەوڵەمەنـد کردنی مەجموعەیەك کەسە، سبەینێ ئیجـازە بە چـوار کەس ئەدەن لە چـوار شـار، چـوار دوکـانی چەك فرۆشتن دائەنرێ ئەو کاتە چەکێك باوی ملیۆنێك بێ لە مـوزایەدە (٢٠٠) هەزاری پـێ ئەدەن، هاووڵاتییەك بیەوێ مۆڵەت دەربێنێ و چەك بکـڕێتەوە بە ملیۆنێـك پێـی ئەفرۆشـنەوە، پێویسـتە یان بە نرخی رۆژ دیاری بکرێ یان نرخی لەسەر دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز رێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەکید ئەکەمەوە کاتێ پرۆژەکە ئەخوێنـدرێتەوە تکـایە وورد بـن لە خوێنـدنەوە، بـۆ ئەوەی لە مەفهومی بڕگەکە وازیح بێ بـۆ بەڕێزتـان، ئەڵـێ هەر کەسـێك لە مـاوەی (٦٠) رۆژ لە دوای بەرکـار بوونی ئەو یاسایە، هەواڵ بدات لەسەر دەستداری چەکێکی بـێ مـۆڵەت، ئێسـتا هەمـوو ماڵەکـان پڕی چەکە، هەر هـاووڵاتییەك لە دوای دەرچـوونی ئەو یاسـایە بێـت خـۆی هەواڵ بـدات بڵـێ ئەم چەکەم هەیە، مەبەسـت ئەوە نیـیە چەکێـك مـۆڵەت دراوە دواتـر ئەیهێنـین دەسـتگیری ئەکەیـن، مـوزایەدە، مەبەسـت ئەوە نیـیە، دوای ئەو یاسـایە کە دەرچـوو (٦٠) رۆژ دانـراوە، ئەگەر (٦٠) رۆژ کەمە ئەتوانن بکەینە (١٢٠) رۆژ، بکەینە (١٨٠)، بۆ ئەوەی کـات لەبەر هـاووڵاتی هەبـێ بڕیـار بـدات ئەو چەکەی بێ مۆڵەتە و بە شێوازێکی دەسـتی کەوتـووە بیهێنـێ خـۆی و چەکەکەی مـوعەریفی بکات و بڵێ هاتووم چەکەکەم بۆ بکەن بە مـۆڵەت، بەڵام بـڕگەی دوو ئەڵـێ ئەگەر ئەو کەسـە یـان شـایەنی ئەوە نەبـوو مـۆڵەتی پـێ بـدرێ، کەسـی بـوو رەفتـار و رەوشـتی یـان پاشـخانی هەیە، کەمئەنـدامە، مەرجـی هەڵگرتنـی چەکـی نەبـوو، لێـی حیجـز نـاکرێ، ئەو چەکەی بـۆ ئەفرۆشـین،

مەبەست ئەوە نییە وەزیر یـان بریکـار یـان مـودیر عـام، ئەڵـێ دەسـەڵاتی مـۆڵەت دانە، وەزارەت لیـژنەی تـایبەتی هەیە بـۆ ئەوەی رایبگەیەنـێ چەکـیکە، دووە، سـەدە، خـۆ بـۆ هەر هـاووڵاتییەك مـوزادەیەك نـاکەین، رەنـگە (١٠٠) حـاڵەتی وا کـۆبێتەوە ئینجـا ئەکەیـنە مـوزایەدە، هەر چەکێـك چەندی پێ ئەدرێ، هەوڵ ئەدەین زۆرترین پارە بکات بۆ ئەوەی ئەو کەسەی خۆی هەواڵی لەسـەر خۆی داوە زەرەری پێ نەکەوێ، بابەتەکە پێچەوانەی ئەوەیە بەڕێزتان باسی ئەکەن، ئەوە مافێـك نییە لە خەڵك زەوت بکەین، مـافێکی پـێ ئەدەیـن ئەوەی هەیەتـی بیکـاتە فەرمـی، ئەگەر نەیبـوو زەوت ناکرێ ئەفرۆشـرێ، ئەو بابەتـانەی لێـرە بـاس کـراون وەکـو حکـومەتی هەرێـم رازی بـووین چەندین خاڵ گۆرانکاری بکـرێ، چەنـدین دەسـتەواژە بگـۆڕین، لە چەنـد شـوێنی کە تێبینـی ئێـوە باش بوون ئێمە پشـتگیریمان کـردووە، مەسـەلەکە حکـومەت و پەرلەمـان نیـیە، مەسـەلە ئەوەیە یاسایەك لە هەرێم بەرکار بێ کە قابیلی جێ بەجێ کردن بێ، حکومەت بتوانێ جێ بەجێ بکـات، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان شتی بڕیار لەسەر بدات مـن نـاتوانم وەکـو دەسـەڵاتی جـێ بەجێکـار جێبەجی بکەم، ئیتر گفتوگۆ مانای نییە، ئەو بابەتەمان لە ئەنجومەنی وەزیـران گفتوگـۆ کـردووە، بردوومانەتە ئەنجومەنی شورا، هێناومـانەتە پەرلەمـان، خوێنـدنەوەی یەکەمـی بـۆ کـراوە، چـۆتە لیژنەی ناوخۆ، هاتووم زیاتر لە شەش کاتژمیر لە لیژنەی نـاوخۆ بـووم، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان ئامادە بووە، لیـژنەی یاسـایی دیراسـەی کـردووە، دوای ئەو هەمـوو گفتوگـۆیە دێـمە ئیـرە رۆحـی یاساکە بگۆڕی مولزەمم دیفاع لە پرۆژەی خۆم بکەم سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەعات (٧) دەست پێ ئەکەینەوە.

## دوای پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانێ.**

مادده (١٣):

یەکەم:

١-هەرکەسێك قاچاخچییەتی بە چەکی ئاگرین یان پارچەکانی یان تفاق بکات، یان دروستی بکات یان بەبێ مۆڵەت بازرگانی پێوە بکات ئەوا بە زیندانی کردن سزا دەدرێت.

٢- هەرکەسێك قاچاخچی یەتی بە چەکی بکات جەنگی یان پارچەکانی یان تفاق بکات یان دروستی بکات یان بازرگانی پێوە بکات ئەوا بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت سزا دەدرێت.

٣- لە حاڵەتەکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەم دووەمی ئەم ماددەیەدا ئەگەر تاوانەکانی کە مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی تیرۆرستی یان تێکدانی ئاسایشی گشتی یان پاڵپشتی کردنی هەر یاخی بوونێك دژ بە هەرێم ئەنجامدرا بێت سزاکە دەبێتە لە سێدارەدان یان زیندانی کردنی هەتاهەتایە.

٤- خاڵی یەکەم هەرکەسێك تاوانی کوشتن ئەنجام بدات یان دەست بکات بە ئەنجامدانی شروع بە چەکێکی بێدەنگ ئەوا سزاکە دەبێتە لە سێدارەدان.

دووەم: هەرکەسێك یەکێك لەو کردەوانەی لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٢) ئەم یاسایەی هاتوونە ئەنجام بدات ئەوا زیندانی هەتاهەتای سزا دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٣) بەڕێزان ئەوەی دەیەوێت قسەبکات ناوەکان بنووسن، بەڕێزان ناوەکانتان دەخوێنمەوە (سەرکۆ ئازاد حسین، هاورێ بناء محمد، کاروان عبدالرحمن عبدالله، دابان محمد حسین، رزگار عیسی سوار، ڕۆژان ابراهیم علی، باڵانبۆ محمد علی، خدیجە عمر طه، جلال محمد عبدالله، سەرچنار احمد محمود، مەم اسکندر مەم، روبینە اویملك عزیز، ظاهر محمد علی)، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) ئەوەی کە باس دەکرێت هەم لە ماددەی یەکەم کە باس لەوە دەکات هەر کەسێك قاچاخچیەتی بەچەکی ئاگرین یان لە پارچەکانی یان تفاق بەس بە زیندانی کردن، ئەمە زیندانی کردنەکەی تێدا دیاری نەکراوە سزادەدرێت، خاڵی دووەم وسێ یەم وچوارەم ئەمەی کە ئەمان باسی دەکات لەم ماددەیە یەعنی سزای جینایە، یەعنی سزا لە عقوباتی یاسای سزادانی عێراقی

هەیە لە بەچەك بە کوشتن، من لەگەڵ ئەوەم ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت لابرێـت بە تەواوەتـی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هاوڕێ.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٣) بـڕگەی چـوارەم هەر کەسێك تـاوانی کۆشـتن ئەنجـام بـدات یـان دەسـت بکـات بە ئەنجامدانی شروع بە چەکێکی بێدەنگ ئەوا سزاکەی دەبێتە لە سێدارەدان، وە خـاڵی دووەم هەر کەسێك یەکێك لەو کـردەوانەی لە بـڕگەی دووەم مـاددەی دووی ئەم یاسـایەدا هـاتووە ئەنجـامی بدات ئەوا بە زیندانی هەتاهەتای سزا دەدرێت، دیسان ئەمە لە قانوون و عقوباتی عێراقی دیـاری کراوە وە پشتیوانی ڕاکەی کاك سەرکۆ دەکەم، بۆیە کە ئەم ماددەیە هەر لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) بڕگەی سێیەم قسەم لەسەری هەیە، حاڵەتەکـانی بـڕگەی هـاتووە لە بـڕگەی یەکەم و دووەم ئەو ماددانە... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوێمان لە دەنگت نییە توزێك مایکەکە نزیك بەوە.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

...لە حالەتەکانی ماددەی (١٣) بڕگەی سێ یەم لە حالەتەکانی هاتووە لە بـڕگەی یەکەم و دووەمـی ئەم مـاددەیەدا ئەگەر تاوانەکـانی بە مەبەسـتی ئەنجامـدانی کـاری تیرۆرسـتی یـان تێکـدانی ئاسایشـی گشـتی یـان پاڵپشـتی کردنـی هەر یـاخی بوونێـك دژی هەرێـم ئەنجامـدرابێت، سـزاکە ئەبێتە لە سێدارەدان یـان زینـدانی کردنـی هەتاهەتـای، ئێمە یاسـای تیرۆرمـان هەیە، یاسـایەکی ترمان هەیە ئەتوانین ئیعتمادی بخەینەسەر ئەم ماددەکە یاسـاکە زیـادە لێـرە وە دوای ئەوە کـاری تیرۆرستی یان یاخی بوون کێ دیاری ئەکـات، کە ئەمە کـارێکی تیرۆرسـتی یە یـان یـاخی بـوونە ئەم ماددەیە مەترسیدارە، داواکارم لابرێت یان ئەم خاڵە لابرێت لە ماددەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) لە بڕگەی سێ یەم منیش پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە هەڵگیرێت لە یاسـاکە کە وەکـو هاوڕێیان باسییان کرد، ئەم عقوباتە لە عقوباتی عێراقی یاسایی عێراقیدا هەیە، پێویسـت ناکـات لێرەدا هەبێت، بۆیە پشتگیری لە هەوڕێیان دەکەم بۆ هەڵگرتنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شێخ ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) یەکەم: هەر کەسێك قاچاخچیەتی بە ئاگرین یان پارچەکانی یان تفاق بکات یا تەندروستی بکات یان بەبێ مۆڵەت بازرگانی پێوە بکات، ئەوا بە زیندانی کردن سزا دەدرێت، لێرە پێم باشە ماوەی زیندانیەکە دیاری بکرێت چەندە، خاڵی چوارەم هەرکەسێك تاوانی کوشتن ئەنجام بدات یان دەست بکات بە ئەنجامدانی شروع بە چەکی بێ دەنگ ئەوا سزاکەی دەبێتە لە سێدارەدان، پێم باشە شروع و تاوانەکەی لێك جودا بکرێتەوە، چونکە هەمووومان دەزانین شروع نیوەی عقوبەی تاوانە ئەسلیەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روبینە خان.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا لەلایەن شێخ ظاهر پشتگیری لێدەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم ئەو زیندانی کردنە، منیش مولاحەزەم هەبوو لەسەری، دەکرێت دیاری بکرێت هەر ئەوا بە مەتلەقی نەیەت، بڕگەی دووەم دەڵێت هەرکەسێك قاچاخچیەتی بە چەکی جەنگی یان پارچەکانی یان تفاق پارچەکانیش هەر زیادەکە، تۆ پێناسەی تفاق دەکەی ئەڵێی باس لە پارچەکانیش کراوە زۆرە ئەم ناوە هاتۆتەوە پارچەکانی هەمووی لابرێت کە باسی تفاق کرا، پارچەکانیش دەگرێتەوە ئەو دە ساڵەشی کە دانراوە هەست دەکەم ئەم سزا خەیاڵیانە، یەعنی دزینی ماڵی میری ماددەی (٤٤٤) عقوبات هێشتا ئەو ئاسنتر دەکات، یەعنی ناکرێت تۆ یەکسەر دە ساڵ و هەشت ساڵ و هەتاهەتای کە ئەمانەی کە بە دوای هێناوە، دەبێت ووردەکارییەك لەو سزانە بکرێ، پێم وایە ئەو سزایانە زۆر قورس دەکات لەم ماددەیە دانراوە، بڕگەی سێیەم ئەم یاسایە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرمان هەیە، پێویست ناکات ئەمە هەڵبگیرێت. بڕگەی چوارەم ئێرە یەعنی مولاحەزەیەکی قانوونیم هەیە لەسەری، هەر کەسێك تاوانی کۆشتن ئەنجام بدات یان دەست بکات بە ئەنجامدانی شروع بەئەنجامدانی شروع بە چەکێکی بێدەنگ ئەوا سزاکەی دەبێتە لە سێدارەدان، دیارە لە قانوونی عقوباتە ئێمە لە کیتابی یەکەم لە یاسای سزاکان ڕێکخراوە ئەمە کە مەرجەعی هەموو قانوونە سزاکانە، عقوبەی شروع لەگەڵ عقوبەی جەریمەکان زۆر جیاوازە لە یەکتری ناکرێت تۆ بێ ئەم دووانە هەردووکیان وەکو یەك هاوتا بکەیت و لە سێدارە دانیش دابنێت، پاشان ئێمە باس لە هەرکەسێك تاوانی کۆشتن تاوانی

کۆشتن، دیارە نابێت لەم یاسایە جێی نابێتەوە دەچێتەوە بۆ قانوونی عقوبات کە ماددەی (٤٠٦)، ئەوانە باس دەکات قەتلی عام، بەڵام دەکرێت بووترێت مەسەلەن ئەگەر تاوانی کوشتن بە چەکێکی بێدەنگ کرد ئەوا سزاکەی توندتر دەبێت، یەعنی ئەو زەرفە توندەکانی بەکار هێنا ئەما بۆ تاوانەکە، ناکرێت لێرە باس بکرێت، دەبێت بگەرێتەوە بۆ قانوونی عقوبات. خاڵێکی تر هەر بڕگەی سێ یەم خاڵی ئەخیری هەرکەسێك لەو کردارانەی بڕگەی دووەمی ماددەی دووی ئەم یاسایە ئەنجامداوە زیندانی هەتاهەتای سزا دەدرێت، یەعنی هەر دەپرسم ئەم جەریمەیەی هی ئەوەیە تۆ عقوبەی بەبێ ئەوەی هیچ قوناغ بەندیەك بکەیت یەکسەر بێیت بۆ عقوبەی هەتاهەتای لەبەر ئەوە پێویستە، یەعنی ووردەکارییەکی تر لە بڕی عقوبەکانە بکرێتەوەو دارشتنێکی باشی بۆی بکرێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە هیوادارم کە کاتم پێ بدەیت ماددەیەکی یەکجار حەساسە لایەنی کەم کە بتوانین روونی کەیەنەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من هەست دەکەم ئەم ماددەیە بەراستی جۆرێکە بەراستی شتێکی زۆر سەیرە بەلامەوە کە لەم یاسایەدا هەیە. ئەسڵەن بە تایبەتی خاڵی دووەم یەکسەر خۆی قانوونی عقوباتی سێ ساڵی دیاری کردووە لە دە ساڵەوە دەست پێدەکات، جارێ ماوە ئەمە زرووفێکی مووشەدەدەیە بێ ئەوەی کە تۆ بزانی چۆنە ئەمە هەر زیادەیە پێویست ناکات کە ئەم قانوونی عقوباتی عێراقیمان هەیە لە هەرێمی کوردستان و کاری پێدەکرێت ئەمە بۆچی ئەمە یەك. دووەم لە بڕگەی سێ هاتووە دەڵێت کارێکی تیرۆرستی تێکدانی ئاسایشی گشتی پاڵپشتی بوونی هەریاخی بونێك زحمەت نەبێت جەنابی وەزیری ناوخۆ وە هەر بەڕێزکی تری ئەم قاعەیە بتوانێ تەعریفێکی ئەمانەمان بۆ بکات لەکام یاسای بەرکاری هەرێمی کوردستان تەعریف کراوە نەك نەکراون، کەواتە تەعریقەکەی دەکرێت هەرچییەك بێت، کەواتە هەر کەسێك موستەهدەفە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من شتێك دەڵێم کەس بەهیچ وەری نەگرێت ئێمە لە دۆسیەی گیراوانی بادینان لەێ بووین ئەو بەڕێزانە ماددەیەکی هاوشێوەی ئەمە سزا دەدران، لەکاتێکدا کە هیچیان لەسەر نەبوو. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم ماددەیە ماددەیەکی مەترسیدارە کار دەکاتە سەر ئاسایشی ئەمنی هەرێمی کوردستان وە خەتەرێکە بەسەر ژیانی هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە، لە کاتێکدا کە دووبارە یاسای بەرکار هەیە پێویست بەم ماددەیە نییە. ئەمە بڕگەی چوارەمیشی باسی تاوانی کوشتن دەکات بە تەواوی پشتیوانی خاتوو سەرچنار دەکەم، ئێمە قانوونی عقوباتی عێراقیمان هەیە بۆ دووبارە لێرە ئاماژە پێکراوە واشنیە دەڵێت یان کەواتە بژاردەیەکە لە بەینیان دا پێویست ناکات هەمان بێت موختەسەن. بڕگەی سێیەمی، من بە تەواوی پشتیوانی ئەو برادەرانە دەکەم کە لابرێت وە بە ئیزافەی دەزانم وە ئەمە خەتەرێکی گەورە دروست دەکات وە دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئەمە بڕواتە بواری جێبەجێ کردن دەکرێت بە هەر جۆرە بەکاربێن، لەگەڵ رێزم بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ رەنگە

ئەمنیەتـی زۆر زۆر بـاش بێـت، رەنـگە زۆر باشـی بەکـار بێنێـت، بەڵام دڵنیـام بەغەڵەت تەفسـیر دەکرێت زۆر مەترسی دارە تکایە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هـاوڕای ئەو هەمـوو بەڕێـزانەم کە دەڵـێن بـڕگەی سـێ یەم لابرێـت، چـونکە ئـێمە یاسـای تیرۆرمـان هەیە ئەو بـایەتە لەو یاسـایە روونکـراوەتەوە و سـزاکانی بـۆ دیـاری کـراوە، وە بـڕگەی چوارەمیش هاوڕای سەرچنار خانم وە پشتیوانی قسەکانی دەکەم و وە پشیتوانی کـاك هـاوڕێ و کاك سەرکۆ کاك کاروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای ئەوەی پشـتیوانی لە بـۆ چوونەکـانی سـەرچنار خـان و کـاك کـاروان و هەمـوو ئەنـدامە بەڕێزانە دەکەم کە پێداگیریان کرد لەسەر لادانی لایەنـی کەم بـڕگەی سـێ یەم، منـیش پـێم وایە بڕگەی سێ یەم یاسای بەرەنگاربوونەوەی توقاندن تیرۆر ماناى لە ٢٠٠٦ وە دەرچـووە چ پێویسـت بەوە دەکـات لێـرە دووبـارە بێـتەو حوکمەکـانی لەسـەر ئەو یاسـایە بـوو سـەرەڕای ئەو کێشـە ئەشـکالییەتی ئەو یاسـایەی بەرەنگـاربوونەوەی تیـرۆر ئەو لێشـاوی چەم لاسـتیکەی کـانەیە کە تێایەتی، کە رۆژنامە نووسیشی تا (١٥) ساڵ پێی حوکم دەدرێت، ئەمە ئیشکالیەتێك لەناو یاسـای خـۆی لێـوە لە ئەشـکالیەتی لە دڵ رەقـی بەرامـبەر بە ئەو ئەزمـوونەی کە لە هەرێمـی کوردسـتان هەیە. جا بۆیە ئەو چەمکانەی مەسەلەی ئاسایشی گشتی یاخی بوون دژ بە هەرێم ئەمـانە چەنـد گەلیکی لاسیتکین ترسمان دەبێت کە لە داهاتوویدا خراب بەکار بهێنـدرێن تەئـویلی خـارپی بـۆی بکرێت، بۆیە لابردنی ماددەی بڕگەی سێ یەم بە پێویست دەزانم یەك. دوو بڕگەی چوارەمی یـان خـاڵی یەکەمیـان لەبەرئەوەی قـانوون یاسـای سـزاکانی عێرقیـان ژمـارەی (١١١) سـاڵی ١٩٦٩ مـان هەیە و مەسـەلە (٤٠٦، ٤٠٥) هەمـووی ئەوانەی کە پەیوەنـدارن بە حـوکمی کوشـتن وە ئەو سـزایانەی ترشـیان لە ناویاسـایە بە تەواوەتـی روونکـراوەتەوە، بـۆیە داوادەکەم خـاڵی یەکەمـی بڕگەی چوارەمیش دیلیت بکرێت لە ناو ئەم پرۆژە یاسایە وە نەبێت بە خەتەرێـك بـۆ داهـاتوو لە هەرێمی کوردستان وە ئاسایشی هەرێم بکەوێتە بەردەم هەرەشەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من زۆرینەیان لەلایەن سەرچنار خان و كاك كاروان و كاك مەم كران، من پشتگیری تەواویان دەكەم و پێم وایە بەراستی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٣) زیادە لە یاسای بەركارەكانی هەرێمی كوردستان موعالجەی ئەم حالەتانە كراوە، كە تاوانن سەرەڕای ئەوانەی ئەو بەركارانەش هەندێكیان مولاحەزەیان لەسەرە بەتایبەت پەیوەندیدارەكانی سەر بە ئاسایشی گشتی یان یاخی بوون تیرۆر ئەمانە گیروگرفتیان هەیە، بۆیە من پشتگیری قسەكانی سەرچنارخان و كاك كاروان و كاك مەم دەكەم ئەم بڕگەی سێ یەمە زیادە پێویست ناكات لە ماددەیە هەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە قسەكانی من لەلایەن زۆر لەو بەڕێزانە كرا، بۆیە پشتگیری لە قسەكانی كاك مەم و سەرچنار خان دەكەم، لابردنی بڕگەی سێ یەم لەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) پشتوان لە هەڤاڵان كاك كاروان وكاك سەركۆ وكاك هاورێ وكاك مەم وسەرجەم هەڤاڵانی تردەكەم ئەم ماددەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ملا ناصر هەموو ماددەكە لابرێت.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی.:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی سێ و لەگەڵ بڕگەی چوار لەم ماددەیە لابرێت، ئەگەر لە ماددەی دوو هەر دابنیرێت دە ساڵەكەش زۆرە كەم بكرێتەوە بۆ (٥) ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان پشتیوانی بۆچوونەکەی سەرچنار خان و هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم داوای لابردنی بڕگەی سێ یەم و چوارەمیان کرد، بۆ لێرە قسە لەسەر مەبەستە، واتە نییەت نییەت تەفسیر هەڵدەگرێت، چونکە یەعنی عەمەلییەکە نەدراوە، ئێمە کۆمەڵە حالەتی واقیعیە بە خوێندنەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ نموونە ئێمە لە هەندێك مەراحلدا وەکو هێزێکی سیاسی ترسمان هەبووە بێنە سەرمان یان ئەگەری هاتنی سەر سەرمان هەبووە، خەڵك هاتووە خۆی چەکدار کردووە ئەوەی کردووە چەکی داوە بەم بڕادەرە بەو ماددەیە دەتوانی هەمووی لە سێدارە دەیت، بەم ماددەیە مەسەلەن کاك رزگار نموونەیەکی زیندووە لەبەر دەممانە لە ئەگەری تەزویرو سندوقی ئینتخاباتە، سندوقی بردووە تەزویر کراوە و لە حالەتێکی وا ئێ کەسوکارەکانیشی چەکییان هێناوە، ئەویش چەکی هێناوە بەرووداوە بە واقیعی کوردستان، ئێستا بەم ماددەیە ئەمە تەفسیر هەڵدەگرێت، دوو کە قانونی عقوباتی عێراقیمان هەیە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرمان هەیە حەقی خۆمانە تێبینیمان هەبێت، من ڕێز لە نییەتی هەموو ئەم نییەتە پاکانە بگرن، لەوانە ئەمە بە نییەتێکی پاك کەوە کرابێت لە بۆ جەنابی وەزیرە، لە بۆ ئەمەیە دەبێتە حاکم دوو ساڵی تر چوار ساڵی تر، یەعنی ترسی ئەوەمان هەیە بۆ نموونە من چەکم هەیە یەکێکی تریش چەکی هەیە، لەوانەیە چوار پێنج گەنج بە تەبیعی چەکیان هەبێت بێ مۆڵەتیش بێت، شەو لە تۆڕەبوونێکا لە ئینفیعالێکا نامەیەکی سەوتی دەنێریت، نییەتی بەس وانییە، حاڵی ئەم حکومەتە بەس رووخانە خۆی بەجدیشی نییە ئێ بەپێی ماددە دەتوانین بیکەین بە یاخی بوون، فیعلەن چەکیش یان هەیە بێ مۆڵەتیشە بەربرێنیشی کردووە و دیکۆمێنتیشی هەیە، بۆیە کە گەشتینە نییەت، بۆیە پێشنیار دەکەین ئێمە بڕگەی سێ یەم چوارەمیش مادەم لە یاسا و کاری تری بەرکارا هەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی منیش لەسەر بڕگەی سێ یەم لە ماددەی (١٣) هەبوو، بۆیە پشتیوانی تەواوی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە پێشنیاری هەڵگرتنی بڕگەی سێ یەمیان کردووە لە ماددەی (١٣)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بڕگەی سێ یەم لەم ماددەیە هەڵبگیرێت لابدرێت وە پشتوانی لە هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە ئەو پێشنیارەیان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێرای پشتگیری کردن لە کاك سەرکۆ وکاك هاوڕێ وکاك دابان وکاك ڕزگار وکاك شیخ ظاهر و سەرچنار خان وکاك کاروان ورۆژان خان وکاك مەم وکاك عمر وکاك جلال وشیرین خان وشایان خان، ئەم ماددیە سەرجەم بە ئەوە ئەبینم کە کەموکوڕییەکی زۆری تێدایە.

یەکەم ئێمە لە بیدایەتی ئەم یاسایە ئاماژەمان بەوەدا تائێستاش ڕوون نییە چەکی ئاگرین چیە و چەکی جەنگی چیە جارێ پێویستە پێناسەیەکی ڕوون بۆ چەکی ئاگرین و چەکی جەنگی بکرێت ئەو کاتەی بێت لێرە حوکمی لەسەر بدرێت، تۆ ئەگەر یەکێك قاچاخچی بەو دووانەوە بکات دەتوانێت کامیان سووك بێت ئەوەی بەسەر بخەیت، رقی لێبیت دەتوانی کامیان بەسەر بخەیت.

لەبەر ئەوە چەکی جەنگی و چەکی ئاگرین ڕوون نییە لە ماددەی سێ یەم ئەگەر دیقەتێکی تەوای یاسای تیرۆر بدەن ماددەی یەکەمی ئەمە سەرجەمی لەناو یاسای تیرۆر دەرهێنراوە، خاڵی سێ یەم کە تۆ خۆت یاسایەکت هەبێت وە یاسایەکەت بەرکار بێت، یەعنی چ پێویست دەکات ناوی ئەو یاسایە لە یاسایەکی تردا بهێنریتەوە، لەبەر ئەمە، ئەمە سەرجەمی زیادە تۆ یاسای تیرۆرت هەیە ووشەی تیرۆرت بۆ هێناوە بۆ ئێرە تێرۆر لە یاسایەکی کەم مەعملەی لەگەڵ دەکرێت، نەك لەگەڵ ئەم یاسایە.

لەبەر ئەوە دەبێت بە هەمان شێوە لابرێت، من سەرم سور ئەمێنێت تاوان بە چەکی بێ دەنگ عقوبەکەی ئیعدامە، ئەی بەچەکی بەدەنگدەر چییە؟ ئەیبەی دەعوەتی دەکەی، یەعنی ئەوەش هەر زیادەیە لێرە، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە خاڵی یەکەم و دووەمیش هەر دەبێت پێناسەکانی چاك بکرێت، خاڵی سێ یەم و چوارەمیشی هەر زیادە، بۆیە لە یاسای تیرۆردا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئێمەش لە ئەنجومەنی وەزیران ئەم بابەتەمان زۆر گفتۆگوکرد وە زۆرێك لە وەزیران جەنابی سەرۆکی حکومەت وجەنابی جێگر زۆربەی بەڕێزان لەوێ لەسەر ئەم بابەتە گفتۆگویەکی تێرو تەسەلمان کرد وە بەعزێك گوتیان لە یاساکان بوونی هەیە بۆ تیکرار دەکرێت، بۆچی تەسەلاتێکی تر دەدرێت بەم یاسایە.

ئێمە ئەوەمان هێشتەوە دواتر بۆ تەئکید کردن بەرێز د. ڤالا راسپێدراوە وە دکتۆرێکی یاسایش کە ئەم بابەتە یەك لابکاتەوە کە ئایا لە یاسایەکانی هەرێمی کوردستان یان یاسای عقوباتی عێراقی باس لەم بابەتە کراوە، دوای لێکۆڵینەوەو بابەتێکی زۆر بە تەئکیدەوە گەیشتینە ئەو

قەناعەتە كە لەهیچ یاسایەكی هەرێم و عێراق باس لەم سزایانە نەكراوە و باس لەم تاوانانەش نەكراوە، سزا بۆ تاوان دادەنرێت تاوانەكە لە یاسایەكانی عێراق باس نەكراوە.
من حەز دەكەم ئەوە بەرێزانەی باس لە یاسا و دەقی سزاكان دەكەن بڕگەیەكم پێ بڵێن لە كۆی یاسای عێراقی یان هەرێمی كوردستان ئاماژە بەو تاوانە دەكات وە بەو سزایە كراوە نییە، ئێمە كە ئەوەمان زیاد كردووە ئیجازە هەبێتن دواتر ئێوە چی دەڵێن و ئەم بابەتە لە هیچ شوێنێك باس نەكراوە وە من داوادەكەم د. ڤالا لە رووی یاساییەوە زیاتر بۆ بەرێزتان شی بكاتەوە، ئێمە خۆمان حەریسین لەسەر ئەوە كە تیكرار لە یاسایەكان نەبێت، چ پێویست دەكات كە ئەمە لە سزاكان هەیە باس بكرێت، بەڵام بابەتی قاچاخچیەتی چەك لە یاساكانی عێراقی باس نەكراوە.
دواتر بڕگەی یەكەم باس لە چەكی ئاگرین دەكات، ئێمە لەسەرەتای ئەم جەلەسەیە روونمان كردەوە چەكی ئاگرین مەبەستمان حەفت پوین شەست دوو نۆ ملی مەترە، چۆن جیا ناكرێتەوە؟ چەكی ئاگرین كێ دەڵێت جیا نەكراوەتەوە زۆر بە روونی لە یاسایەكە جیامان كردۆتەوە، چەكی جەنگیش لە دەمانچەیەكەوە تاكو چەكی ئەتۆم و بالیۆجی و باسكراوە كە دەڵێن ئەمانەش شموڵی هەموو چەكی جەنگی دەكات، بۆیە ئەزانی دەبێت لەم بابەتانە ووردبین دەستەواژە یاساكان ئەگەر لە شوێنێك هەیە عەرزی پەرلەمان بكرێتن، ئێمەش نامانەوێت تیكرار ببێتن، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین تكرار نەبێت، بەڵام لە شوێنێك ئەگەر هەبوو مەمنون سوپاستان دەكەین.
بابەتی بڕگەی سێ یەم واتە نەتان كردووە، مەسەلەی تیرۆر ئەوانە نازانم بۆ كە هەر ناوی تیرۆر دێتن یەعنی جۆرێك لە حەساسیەت دروست دەبێتن، تیرۆر تیرۆرە مەرج نییە تیرۆرستێك لە دەرەوە بێتن، تیرۆرستێك لەم حەفتەی رابردوو چەندین تیرۆرستمان گرتوون وخەڵكی كوردستانن و خۆكوژیشیان ئەنجام داوە چوونەتە شوێنیكی تر خۆیان ئینتحار كردووەو كوردن، یەعنی بابەتەكە جدییە ئێمە لە ئەزموونەوە ئەو شتانە دەڵێین نەكو دەمانەوێت شتێك بكەین ئەمە من ئەمڕۆ من لە وەزارەتی ناوخۆم سبەی یەكێك لە ئێوە رەنگە لە وێ بێتن.
لە یاسای تیرۆر باسی ئەم بابەتە نەكراوە ئەگەر لێی ووردببنەوە دەڵێت بڕگەی سێ یەم دەڵێت ئەو حاڵەتەی لە بڕگەی یەكەم و دووەم و ببێتە هۆكاری ئەنجامدانی كارێكی تیرۆرستی یان تێكدانی ئاسایشی گشتی یان پاڵپشتی بوونی هەر یاخی بوونێك لای ئێمە زۆر وازح و روونە، هەركەسێك و هەر گرووپێك ئەمە دژی هەرێمی كوردستان بكات لە یاسای تیرۆر ئاماژەی پێ نەكراوە كە ئەم بڕگەی قاچاخچیەتی تێدایە، راستە لە یاسای تیرۆر باسی تێكدانی ئارامی دەكات، یان دەبێت سزاكەی دیار بێتن، بەڵام لەوێ باسی قاچاخچیەتی چەك نییە، لێرە ئێمە مەبەستمان باسی چەكی قاچاخچیەتییە لە بابەتی چەكی بێدەنگ، من ئەمە بۆ بەرێز د. ڤالا بەجێ دێڵم كە شروع و ئەنجامدانەكە لە رووی یاساییەو زیاتر ڕوون بكاتەوە، بەڵام ئەمە تەئكیدە لەوەی چەكی بێدەنگ مەترسیەكەی زیاترە لەوەی لە چەكێكی ئاسایی، من هەر ئەوەم هەیە ئەگەر ئیجازە هەبێتن د. ڤالا زیاتر روونكردنەوە بداتن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرمووو دكتۆرە ڤالا.

**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەنـدامانی بەرێـزی پەرلەمـان. وەکـو بەرێـز وەزیـری نـاوخۆ ئیشـارەتی دا ئـێمە لەبەردەم چەنـد مـاددەیەکین کە وەکـو (کـذا طـابع العقـابي) وەکـو مـولحەقێکی لێـدێت بـۆ قـانوونی عقوبـات و هەمـوو ئەو قانوونـانەی تـر کە هەن مەبـدەئێك حـوکمی قـانوونی عقوبـات و قـانوون و ئیچـافی تـابعیی عیقـابی دەکـات ئەوەیـش ئەوەیە (لا جریمـة و لا عقوبـة الا بـنص) کە دەڵێـت (لا عقـوبە ولاجریمە الا بنص) هەموو جریمەیەك تەحدیدی ئەرکانەکانی کراوەو وەعقوبەکانی بۆی تەحدیـد کراوە، ئەو ماددەیەی کە تەحدیدی ئەرکانەکان دەکات مەحکەمە ئەوەی تەتبیق دەکـات، رووکنـی ماددی و رووکنی مەعنەوی وە هەروەها رووکنی مەحەلە لە هەندێك جەریمەو دەسـت دەکـات بە تەتبیـق کردنـی لەسـەر ئەو کەیسـەی کە لە پێشـیەتی، ناتوانێـت ئەو داهێنـان بکـات بە هـیچ شێوەیەك ئەوە قانوونی تیـرۆرە لەبەر دەستمانە هەمـوو مراجعـات کـراوەتەوە، ئایـا مـاددەیەکی تێدایە تەهریب بێت، ئیعدامی تێدابێ، ئەگەر ئەمن و ئامانی ئاسـایش بێـت سـجنی هەتاهەتـای و تێدایە و سجنی موەقەتی تێدایە، هەموو حاڵەتەکانیشـی ژمـاردووە بە (١، ٢، ٣، ٤) مەحـکەمە ئەو حالەتـانە تەتبیـق دەکـاتن و وەکـو خـۆی لەسـەر ئەو کەیسـانەی کە لەبەر دەسـتییەتی، هەمـووی دیراسـە بـکەن ئەگەر حـالەتێکی تێـدابوو کە عەمەلـیەی ئیراهـابەکە بە ئەسـلیحەی مـوهەرەب کرابێت، ئەمە لێرانە هەڵی دەگرین.
ئەسـلیحەی تەهریـب کـراوە ئەسـلەحەکە بە قاچـاخ هـاتووە بـۆ نـاو هەرێـم، ئەوە بـۆ خـۆی جەریمەیەکە دوایش کە بەقاچاخیش هێناویـانەو ئینجـاش بـۆ تێکـدانی ئەمـن ئاسایشـی هەرێـم بەکاری هێناوە، ئەوە بۆ خۆی بـوو بە دوو جەریـمە، ئەگەر تەنـزیم کـراوە لەنـاو قـانوونی ئیرهـاب ئـێمەش حەزمـان لە تکـرار نیـیە هەڵیـدەگرین، ئەگەر هەیە لە نـاو قـانوونی عقوبـات کە لە سـاڵی ١٩٦٩نووسراوە ئەسڵەن زاهیرەی چەك لەو موچتەمەعـانەی کە ئەو نیزامـانەی حوکمیـان کـردووە هیچ ماڵێك نەبووە چەکی هەبێت، هیچ کەسێك نەبووە حاملی چەك بێت لە دەوڵەت خۆی زیـاتر، یەعنـی وابـوو نیزامەکـان وابـوون، ئێسـتا لە هەمـوو ماڵێـك چەك هەیە، لە قـانوونی تیـرۆر وەکـو گـوتم نیـیە لە هـیچ مـاددەیەك نیـیە بڵێـت تەهریبـی پێـی کردبـێ و تیـرۆری پـێ ئەنجـام دابێـت، بگەڕێینەوە سەر قانوونی عقوباتیش بەهەمان شێوە تێیدا نییە.
مەسـەلەن شـروع و ئەنجامـدانی جەریـمە، شـروع بەرێـزان ئەوەیە کە ئەتـۆ تـاوانەکەی ئەنجـام دەدەی بەڵام (خابة اثر الجریمـة لسـبب خـارج عـن الارادة الجـاني) یەعنـی سـیلاحەکەت هێنـاوە نیەتت هەیە وئیرادەت هەیە ودەتەوێت بیکوژی، بەڵام کە دەی تەقێنـی یـان نـاڕوات یـان سـیلاح گوللەی تێدا نییە، ئەتو حوکم و ئیرادەی حاکم لەگەڵ حوکم و ئیرادە ئیش دەکات، یەعنـی (خابـة اثر الجریمة لسبب خـارج عـن ارادة جـاني) هەمـان عقـوبەی ئیرتیکـابی جـریمەیە، خـۆ قـانوونی عقوبـات هەیە، ئەمـن ئیختیساسـم جینۆسـایدە ئەوەی جینۆسـایدی کـردووە و ئەوەی کە شـروع دەکات لە ئیرتکاب کردنی جریمەی جیۆوساید هیچ فەرقی نییە لە عقوبەکە، بۆ؟ چونکە جـانی بە خـۆی کە ئیـرادەی هەبـووە ئیرتیکـابی جەریـمەکەی بکـات، بەڵام (خابـة اثـر الجریمـة لـم یتحقـق

نتیجة جریمة لسبب خارج عن ارادة الجاني)، یەعنی نەك جانی بە خۆی، بەڵام فەشەل بەو ئیشەی هات کە جانی دەیویست بیکاتن.
بۆیە لە مەسەلەی شروعیش هیچ کێشەیەکمان نییە لە هەر شوێنێك ئەو ئەرکانانەی کە ئێمە لەو ماددانەی دامانناوە ئەگەر هەبوو لە قەوانینی موتەبق و قەوانینی نافز لە هەرێمی کوردستان لێرانە هەڵیگرن، چونکە ئاخیر قسە بۆ پەرلەمانە هەر پرۆژەیەك کە دێتن زۆر جار ئەوەش دەڵێن کە وەزیرەکان دەڵێن ئێمە لە گەڵین و وەکو خۆی بڕواتن و هەموو وەزیرێك حەقی خۆیەتی بڵێت ئەمە وەکو حکومەت لەگەڵین وپرۆژەکە وەکو خۆی بڕوا، بەڵام بەڕێزان ئاخیر کەلیمە لە تەشریع کردن بۆ پەرلەمانە، پەرلەمان بڕیار دەدات ئایا تەعدیل دەکات یان وەکو خۆی بەڕێ دەکات، ئینجا دێینە سەر بابەتی ئیستیخدام کردنی سیلاحی کاتم، بەراستی ئەمە ئەوەمان تەنزیم نەکردبوو دیارە لە پەرلەمان دوای دیراسەی ئەوانیش دیراسەیان کردبوو.
موناقشەی ئێمە بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە لە عێراقیش قانوونێك هەیە و لەو ساڵانە دەرچووە تەنزیمی کوشتن و ئەو حالەتانەی کردووە بە چەکی کاتم، هەر خۆی لە خۆی دا کاتم کردنی چەك جەریمەیە، یەعنی پێش ئەوەی کەسێکی پێ بکوژی هەر کە چەکت بێ دەنگ کرد ئەتۆ جەریمەیەکت ئەنجام داوە، ئینجا کە بەکاریشت هێنا لە ئەنجامدانی جەریمەیەکی دیکە ئەوە جەریمەیەکی دیکەیە، یانی خۆی لە خۆیدا بێ دەنگ کردنی ئەسلیحە جەریمەیە لە هەرشوینێکی کە قانوونی عقوبات هەیە لەهەر قانوونێکی (کذا طابع العقابي) هەیە ئاخیر قسە بۆ پەرلەمانی بەڕێزەو هەڵیگرن، ئەکەر نیشە دەبێت بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی مەحاکم بەتایبەتی مەحاکمی جینایات لە گەڵ نصوص و لەگەڵ ئەرکانەکان کار دەکات و، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەو بەشەی کە ئەنجامدانی یان بابڵێین تەهریب کردنی چەك بۆ مەبەستی کاری تیرۆرستی، لە راستیدا لە ناو قانوونی تیرۆرو تۆقاندا نییە، تەنیزم نەکراوە ئەو بەشەی پەیوەندی بە شروعەوە هەیە، پرسیارە ئەساسەکە ئەوەیە لە ماددەی (٣١)ی عقوبات بە وازحی هاتووە دەڵێت ئەگەر ئەسڵی جەریمەکە بەتەواوەتی روویدا عقوبەکەی ئیعدام بێ، شروعەکەی موئەبەدە، ئەگەر جەریمەکە بەتەواوەتی روویدا عقوبەکەی موئەبەد بێت شروعەکەی (١٥) ساڵە ئیلا ئاخیری، پرسیارەکە ئەوەیە ئەمە لادانە لەم قاعیدە عامە کە پرسیاری لە راستیدا ئی هەموومانەوە پرسیاری ئەندامانی پەرلەمانیشە سەبارەت بە بەکارهێنانی شتێك کە وا لە چەکەکە ئەکا کاتم بێت.
بەڵێ ئێمە لە پەرلەمان داوامان کرد تەنزیم کرێت، خۆی لە پرۆژەکەیان نەبوو و لەراستیشدا دەبێت تەنزیم بکرێت، چونکە کەسێك چەکێکی پێیە بۆ بێدەنگی دەکات دیارە دەیەوێت شتێکی پێی بکات، بۆ ئەوەی خەڵك گوێی لە دەنگی چەکەکەی نەبێت، بەڕێزان پێویست بە موناقشە ناکات قەراری دوای بۆ پەرلەمانە، قەراری کۆتایی بۆ پەرلەمانە، بەڕێزان کاك کاروان بەبێ مۆڵەت قسە مەکە لەناو ئەم پەیڕەوە دەڵێت کە موناقشەی قانوون دەکرێت، هەر ماددەیەك ئەندامی پەرلەمان قسە دەکات وەزیریش کە پەیوەندیدارە قسە دەکات، ئێستا ئێوە قسەتان کرد بەڕێز وەزیریش قسەی کرد دەنگدان لە ساحەی پەرلەمانە، دەتانەوێت چی لابدەن، یەك پرسیار

بەرێـزان قسـەی کـردووە سـەرچنارخان بەڵـێ داواتـان کـردووە مـاددەکە لابـدرێت، کـاك یاسـین برادەران بەرێزان داواتان کردووە ماددەکە لابدرێت، بەرێـزان لادانـی مـاددەکە یەکێـك دەبێـت لە بژاردەکانی کە ئەخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ دەنگدان، بەڵێ بەرێزان باشـە جـارێ بـا لە بڕگە ئاسانەکەوە دەست پێکەین کە ناکرێت عقوبەی شـروع و جەریـمەی تـام وەکـو یەك بێـت، بـا لێرەوە دەست پێبکەین، بەرێز وەزیری ناوخۆ بەرێز وەزیری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان بـا لە ئاسانەکەوە دەست پێبکەین.

**بەرێز رێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێـرە ئەم بابەتەمـان رێـك خسـتووە بەم شـێوەیەی کە هـاتووە، ئەگەر یەك نـاگرێتەوە لەگەڵ بنەمـا یاسـاکانی یاسـای سـزادانی عێراقـی، لەگەڵ دەسـتور، لەگەڵ ئەو یاسـایانەی کـارپێکراون، کێشـەم لەگەڵ ئەوە نیـیە، بەراسـتیش شـروع ببێـتە هەتاهەتـای، یەعنـی ئەوە مەوزوعێـك نیـیە بڵێین بیکەینە قەزییە ئەگەر کوشتنی لێی دروست نەبوو بیکەنە هەتاهەتـای، ئەم بـابەتە بـۆ ئێـوە بەجـێ دێڵـین بـۆ بەرێـزان لە پەرلەمـان، ئـێمە کێشـەمان لەگەڵ ئەوە نیـیە، بەڵام بابەتەکـانی تـر یەعنــی حەزدەکەم بە ووردی ئەو یاســایانە دیراســەت بکــرێن و جەنابیشــت وەکــو ســەرۆکی پەرلەمـان خـۆت لە دانیشـتنەکە بـووی وخۆشـت تەئکیـدت کـردۆتەوە کە ئەم بـابەتە چارەسـەر نەکراوە لە شوێنی تر ئەمەی تر کە چارەسەر کراوە، ئێمە نامانەوێت دووبارە بگەڕێینەوە، چـونکە ئێمە دەسـەڵاتی جێبەجـێ کـردنین، ئەوە داداگـایە ئەو یاسـایانەو ئەم سـزایانە جێبەجـێ دەکـات ئێمە نین، ئێمە دەمانەوێت شتێك رێکبخەین کە داداگا بۆشایەکی یاسـایی لەبەر دەسـت نەبێـتن، ئەوەی د. ڤـالا باسـی کـرد ئەمە بۆشـاییەکە ئەم بۆشـاییە لە کـوێ پڕکـراوەتەوە، ئـێمە پشـتگیری دەعـی ئێـوە دەکەیـن، ئەگەریـش نیـیە پشـتگیری ئەو مـاددەیە بـکەن کە وەکـو خـۆی بێـتن ئەو گۆڕانکـارییەی کە پێویستیشـە ئـێمە لاریمـان نیـیە لەسـەر ئەوەی کە بەجۆرێـك دەربچێـت کە خزمەتی جێبەجێ کردنی یاسا بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دێینە سەر بـڕگەی سـێ یەم دەمەوێـت بگەیـنە ئیتفـاق، یەك یەك بـۆی دەڕۆیـن یەکلایـی بـنەوە لەسـەر ئەوەی کە تەهریـب کردنـی چەك بـۆ مەبەسـتی تیـرۆر وتێکـدانی ئاسایشـی یـاخی بـوون تەنـزیم نەکـراوە، باشـە یەك یەك دێیـنە سـەر موسـەلیحەکان، تکـایە بـا بگەیـنە ئیتفـاق، بەرێـزان یەکەمیــان تیــرۆر بــا لەکــاری تیرۆرسـتیەوە دەســت پــێ بکەیــن، ئشـکالتان هەیە لەگەڵ کـاری تیرۆرستی بە قانوون تەنزیم کراوە مەجالی هـیچ ئیشـتیباهێکی تێـدا نیـیە، بەڵـێ تەنـزیم کـراوە، یەعنـی ئێـوە نـاتوانن بڵێن کـاری تیرۆرسـتی مـوعەرەف نیـیە مـوعەرەفە بە قـانوون دێـنە سـەر تێکدانی ئاسایش و یاخی بوون، ئەم دووانە نە ئەزانـن بەرێـزان لە ووتەی ئەم خـولەی پەرلەمـان هەیە ئـێمە هەرچیمـان کـردووە بە ئیتیفـاق کردوومـانە، لێمـان گەڕێـن بـا ئیتیفـاق بکەیـن، بەرێـز وەزیـری نـاوخۆ تەعریفتـان بـۆ تێکـدانی ئاسـایش لەگەڵ یـاخی بـوون چییە،دکتـۆر مـن دەزانـم

نیزامی وەردەگری کاك ڕێبەر خۆی حەز دەکات ڕێکەوین، خۆی دەتوانێ دیفاع لە خۆی بکات، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتە بەراستی ئیشی وەزیر نییە ئەم بابەتانە تەعریف بکات، ئەمە لە دادگایە، دادگا ئەم بابەتە یەکلایی دەکاتەوە نەك وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو وازحە، دەچینە سەر ماددەیەکی تر بەڕێزان ئێستا بەپێی ئەم پەیڕەوی ناوخۆییە بەڕێزتان قسەتان کرد و وورد ووردیشمان کردەوە دەڵێت تەعریف لای من نییە، لەلای قازییە، سوڵتەی تەقدیری قازییە، ئایا ئەمە تێکدانە یان تێکدان نییە، یاخی بوونە یان نا، وەکو بژاردەیەك لابردنی بڕگەی سێ یەم دەچێتە ناو بژاردەکان، ماددەی دوای ئەوە ناتوانن ئەوە پرسیار کەن، ئەوە پرسیار نییە.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤):

یەکەم: دادگا حوکم بەو سزایانە لە ماددەی (١٣) ئەم یاسایەدا هاتوون دەدات سەرباری ئەو پێبژاردەی فەرمانگەی گومرگییەکان بەپێی یاسای گومرگی بەرکار لە هەرێم دەیسەپێنێت.

دووەم: ئەگەر دادگا حوکمێك دەربکات بە سزایەك لەو سزایانەی کە لە ماددەکانی (١٣، ١٥) ئەم یاسایەدا هاتوون ئەوا پێویستە لە هەمان کاتدا حوکم بدات بە دەست بەسەرداگرتنی چەکەکەو مۆڵەتەکەی و تفاقەکەی و هەر هۆکارێکی گواستنەوە کە لە ئەنجامدانی تاوانەکە بەکار هێندراون لەگەڵ ڕەچاوکردنی حاڵەتی خاوەن هۆکاری گواستنەوەو نیاز پاك، ئەمەش جگە لەو دۆسیە گومرگیانەی کە فەرمانگەکانی گومرگ تایبەتمەندن بە سەپاندنی سزای دەستبەسەر داگرتن.

سێ یەم:

١ -ئەگەر دەسەڵاتی گومرگی تایبەت تایبەتمەند بڕیاریدا بەدەستبەسەر داگرتنی چەکی جەنگی قاچاخ یان پارچەکانی یان تفاقی یان تفەنگی ئاسایی قاچاخ یان تقاقی و بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەرگرت، ئەوە چەکی سووك دەبێتە مۆڵکی وەزارەتی ناوخۆ، ئەگەر چەکەکان ناوەندو قورس بن دەبێتە مولکی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ پێدانی پاداشت بۆ هەوڵدەرانەی بەشدار بوون لە ئاشکرا کردنی تاوانەکە بەپێی یاسا.

٢ -ئەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری دا بە دەست بەسەرداگرتنی چەکی جەنگی بە قاچاخ نەبردراو یان پارچەکانی یان تفاقی و بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەرگرت ئەوەی ئەو چەکانەی باسکراو پارچەو تفاقەکانیان دەبنە مولکی وەزارەتی پێشمەرگە.

٣ -ئەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری دا بە دەست بەسەردا گرتنی چەکی بە ئاگرینی بە قاچاخ و نەبڕدراو یان پارچەکان یان تفاقی و بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەرگرت ئەوا دەبنە مولّکی وەزارەتی ناوخۆ.

چوارەم:

١ -لەکاتی دۆزینەوەی چەك و پارچەکانی تفاق یان تفەنگی ئاسایی قاچاخ و دەمانچەی قاچاخ و پارچەکانیان و تفاقیان و لە نزیکترین لایەنی سەربازی دەسەپێن دەسپێردرێن ولایەنی سەربازیش هەڵدەستێت بە هێنانی ئەم چەکانە لەبەردەم لایەنی تایبەتمەند بۆ تێڕوانین لە دۆسیەکە ئەگەر پێویستی کرد.

٢ -لە کاتی دۆزینەوەی چەکی ئاگرینی قاچاخی نەبردارو پارچەکانی تفاقیان ئەوە بە نزیکترین بنکەی پۆلیسی لەو ناوچەیەی کە چەکەکانی تێدا دۆزراوەتەوە دەسپێردرێن بەو مەرجانەی بنکەی پۆلیس ئەم چەکانەی لەبەردەم دادگا یان دەسەڵاتی گومرگی تایبەتمەند بە تێروانین لە دۆسیەکەدا ئامادە بکات هەرکاتێك پێویست بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان کاك پێشەوا ئێمە موناقشەی قانوون دەکەین، بەبێ مۆڵەتیش کەس لە خۆیەوە قسە نەکات، کاك پێشەوا ناتوانی بیکەی، کاکە ناتوانی چۆن دەتوانی قسە بکەی لەخۆتەوە قسە مەکە کاکە، ئەویش ناتوانێت لە خۆیەوە قسە بکات هیچ کامتان قسە مەکەن، بەرێزان حوریەتێکی شەخسی خۆیەتی حەقییەتی بایکۆت دەکات ئارەزووی خۆیەتی، پەیڕەو حەقی پێداوە تەواو ئیحترامی ئەو وەردەگرین، کێ قسەی لەسەر دەکات نابیت قسەی لەسەر بکەی، کاك سەرکۆ بەرێزان بەسە کاك پێشەوا بەسە، فەرموو هلز خان باشە گیان دەبەسە مالتان ئاوابێت بەسە، بەرێزان رێزی ئەو رەفیقانەتان بگرن کە قەراریان داوە بایکۆت بکەن، ئێوە حەقێکی پەیڕەوی خۆتانە مومارسەی بکەن فەرموون گیان کەی وویستی بێتە ژوورەو ئەتوانن بێنە ژوورەوە، فەرموون ماددەی (١٤) کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات، دەرگاکە دابخەن. کاروان عبدالرحمن عبدالله، لیزا فەلەك الدین صابر، کاك باڵانبۆ محمد علی فەرموو،

**بەریز بالانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو سێ جار هەر ئاماژەم لەسەر چەکی ئاگرین و چەکی جەنگی کرد، وابزانم نە لە بیدایەت گەشتینە نەتیجە ونە لێرەش دەگەینە نەتیجە، من بەهیوام بتوانین پێناسەیەك بۆ چەکی ئاگرین و چەکی جەنگی بکەین، چونکە وەکو ئاماژەمان پێدا کە ئەو چەکانە هەمووی چەکی ئاگرینن وئەوەی بە باڕوت ئیشی بکات چەکی ئاگرینە، ئەوەشی کە لەمەیدانی شەڕە من نازانم بۆچی ئەم شتە بەش کراوە، مەبەست لە بەشکردنی ئەم بابەتە چییە؟ خۆی ئەمە ئەگەر بە هەمووموانەوە هەوڵبدەین پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئەم بابەتە بدۆزینەوە، ئەگەر ئەم چەکە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بێت هەر هی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ وەزارەتی ناوخۆی بێت هەر هی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەوەی لێرە گرنگە بۆ ئێمە گرنگ ئەوەیە یاسایەکی پوخت و جوان دەربکەین کە رەزامەند بن لەسەری، من لە ماددەی یەکەم قسەم لەسەر ئەم

بـابەتە کـرد وتـم هۆکـاری بەش کردنـی ئەم دوو چەکە چەکـی جەنگـی و چەکـی ئـاگرین بـۆ ئەو بەشکردنەیە کە لەو ماددەیەی (١٤)دا هاتووە، هیچ مەخسـەدێکی تـری تێـدا نیـیە، لەبەر ئەوە مـن ئێستاش داوا دەکەم هەوڵبدرێت پێناسەکانی یەکەم راست بکرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فەلەك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی چوارەم لە ماددەی (١٤) تێبینم هەیە لەسەر خاڵی یەکەم و دووەم، کاتێك دەڵێـت لە کاتی دۆزینەوەی هەر چەکێك دەبێتن لە نزیکتیرن لایەنی سەربازی بسپێردرێت، لە دواتر من پێم باشـە ئەو کەسـەی کە دەیـدۆزێتەو پاداشـت بکرێـت، لەگەڵ پێـدانی پاداشـت بەو هەوڵـدارانەی هەوڵی دۆزینەوەیان داوە ئەوەشی بۆی زیاد بکرێت، چـونکە کاتێـك رەنـگە کەسێك بیـدۆزێتەوە نەیدا یاخود لەلای خۆی هەڵیگرێت بەشێوەیەك لەشێوەکان مامەڵەی پێی بکـات، بـۆیە ئەگەر ئەو پاداشـتەی بـۆی زیـاد بکرێـت هەم بـۆ خـاڵی یەکەم هەم بـۆ خـاڵی دووەم لە بـڕگەی چـوارەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە تەواوکەری مـاددەی (١٣)یە بـڕگەی یەکەمـی بەتـایبەت کاتێـك کە بـاس لەوە دەکـات کە دادگاکان بەم یاسایە حوکم دەدەن، یاخود ئەم سزایە جێبەجـێ دەکەن، خـۆی لە ئەساسـدا ئـێمە ئەشـکالمان لەسـەر ئەوەی نیـیە کە بەراسـتی ئەمە لەسـەر تەهـریبە، ئـێمە کێشـەمان لەسـەر تەعریفاتە، دووبارە کە ئەمە خۆی لێرە هەیە و خۆی دووبارە پێشنیازدەکەم لێـرەش لابرێـت، ئەم مـاددەیە بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان تکـادەکەم هەر یاسـایەکە هەڵگـرن ودانیشـتنەکە هەڵگـرن، تاسازانێکی لەسەر دروست دەکەن تا لایەنی کەم لێـك تێگەیشـتنێك لە بەینـی لێژنەکـان دروسـت دەبێـت و لەبەینـی لێژنەکـان و پەرلەمـان و جەنـابی وەزیـری نـاوخۆش، بـۆ ئەوەی کە بتـوانین بگەینە نەتیجەیەکی باش، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان تکایە ئـێمە کێشـەمان لەسـەر تەعریفـاتە ئەم تەعریفاتە دووبارە بەهەر شـێوەیەك تەهریـب نیـیە، بەڵـێ تەواو هـاوڕای د. ڤـاڵام لەوەی کە ئەمە تەهریبە و تەعریف نەکراوە لە شوێنی تر ئعتیادیە، بەڵی منیش هاوڕام بەڵام ئەی زحمەت نەبێـت پێم ناڵێیت تەعریفی تری تێکدانی ئاسایشـی گشـتی و پاڵپشـتی کردنـی یـاخی بـوون چیـیە؟ ئـێ کاکە وەڵڵا دەکرێت خۆ فشار دەربێن، کاکە وەڵڵا دەکرێـت هەرکەسـێکی تربێـت دەبێـت چەکێکـی تر بخرێتە شـوێنێکەوە، دووبـارە لەگەڵ نیەتـی باشـم بەڵام هەبـوونی بەم چەمکـانە، بەو چەمـکە قورسـانە، بەم تەعریفاتـانە کە ئـێمە بینومـانە لە بەرکـارکردنی یاسـایەکانی هەرێمـی کوردسـتان دەزانم ئاکامی زۆر خراپی دەبێت، دووبارە مـن ئەنـدامی پەرلەمـانی کوردسـتانم حەسـانەم هەیە رەنگە کەسوکارەکەم رەنگە خەڵکی تر، بەڵام ئەمە بۆ خەڵکـی کوردسـتان خەتەرە ئـێ تـۆ هـاتووی

لێـره دووبـاره تەئكیـد دەكەیەوە تیكـراری دەكەیەوە كە بەڵـێ بـابێن بە مەحكەمەكـان ئەمـانە جێبەجـێ بـكەن، بـۆیە پێشـنیاز دەكەم ئەمەش هەمـان تەواوكەری ئەو مـاددەیە و لابرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ من یەك پرسیارم هەیە، چەكی ئاسایی و چەكی مام ناوەندو چەكـی سـووك و چەكی قورس تەعریفی ئەمانە بە ڕێنمایی ڕێك دەخەن بەڕێزتان.

**بەڕیز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پرسیارەكەی جەنابت دەست پێی بكەین، تەبعەن ئێمە لێرە باسكراوە كە چەكـی ئـاگرین چیـیە وەچەكی جەنگی چییە، لە چەكی ئاگرین ئەمانە چەكـی سـووكن دەمـانچەو كەلاشـینكۆف و ئـێم فۆرو ئەوانەی كە حەفت پۆین (٦٢) لەگەڵ نۆ ملیم، ئەمـانە چەكـی سـووكن كە لەم عەیـارە زیـاتر بۆ دەبێتە چەكی مام ناوەنـد، دواتـر هەرچـی گەورەتربێـت دەبێـتە چەكـی قـورس، ئینجـا جـۆری چەكەكان دەگۆڕێت لە قورس و سووك و ئەمانە دەبێت بە چەكی نەوعی تر كە بڵێـین بـایلۆجی و جەرسۆمی و ئەتۆمی و لێزەری و ئەو چەكـانەیە، بـۆیە ناكرێـت لێـرە ئەمە بكرێـت بـاس بكرێـت، دەكرێـت لە ڕێنماییەكـان ئەم بابەتـانە زیـاتر قسـەی لەسـەر بكرێـت و ڕوونكـردنەوەی زیـاتر لە ڕێنمایی بدرێت، بابەتی دیسان پێناسەی چەكی ئاگرین من یەعنی نازانم ئەوە چەند جارێكە ئێمە ئەم پرسـیارە دەكرێـت و جوابیشـی دەدرێـتەوە هەمـوو چەكێـك ئـاگری هەیە ڕاسـتە، هەمـوو چەكێـك ئـاگری لێـی دەچێـت، بەڵام ئـێمە لێـرە لە چوارچێـوەی مۆڵەتـدانی چەكـی ئـاگرینین كە عەیـارەكەی حەفـت پـوین (٦٢) و(٩) ملـیمە، ئەمەیە مەوزوعەكە ئەگەر نە تـۆپێكیش چەكـی ئـاگرینە، دەمـانچەیەكیش چەكـی ئـاگرینە، بەڵام لێـرە چەكـی ئاگرینمـان پێناسـە كـردیە بەوەی حەفت پـوین (٦٢) ملیم لەگەڵ دەمـانچەی (٩) ملـیم، بـۆیە ئەم بـابەتە یەكلایـی بـۆتەوە، بـابەتی ئەوەی كەسی هەوڵدەر پاداشت بكـرێتن لە مـاددەیەك لە ماددەكـان باسـی لێـوە كـراوە كە ئەوەی هەواڵدەر ئەگەر لێرە پێویست بەوە دەكات لە ماددەی چوارەم زیاد بكرێـت شـتێكی زۆر ئاسـاییە، بۆ ئەوەی هانی خەڵـك بـدەن ئەم جـۆرە چەكـانە ئاگاداری دامودەزگـانی سـەربازی نـاوخۆ بـكەن، پێمـان وایە ئەمە زەروورەتـێكە ئەبـێ هەبێـتن لەنـاو یاسـایەكە وەكـو خـۆی بمێنـتەوە ئەو بەم گۆڕانكارییانەی باسم كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی (١٥) فەرموو.

**بەڕیز خدیجە عمر طە:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥):

یەكەم: هەركەسێك بەبێ مۆڵەتی دەسەڵاتی مۆڵەتـدان دەسـتداری چەكێكـی ئـاگرین یـان جەنـگ یان تفاقی یان دەستدار بێتن هەڵبگرێت یان بفرۆشێت یان چەكی بكاتە دەستی پێـوە بكـات ئەو

بەند كردنی بۆ ماوەی یەك ساڵ كەمتر نەبێت ولە سێ ساڵ زیاتر نەبێت بەپێی بژاردنێك كە لە دوو ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.
دووەم: هەركەسێك مۆڵەتدا بێتن هەڵگرتنی چەكی ئاگرین لە كاتی بەشداركردنی لە خۆپێشاندان یان گردبوونەوە ئەوە بەند كردنی بۆ ماوەی (٣) ساڵ كەمتر نەبێت بە پێی بژاردنێك كە لە پێنج ملیۆن دینار كەمتر نەبێتن و لە دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت، سزاكە دەبێتە زیندانی كردن ئەگەر چەكەكەی بە بێ مۆڵەت هەڵگرتبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر ئەو ماددەیە كێ قسەی هەیە بەرێزان، چیا حمید شریف، لیزا فلك الدین صابر، كاروان عبدالرحمن عبدالله، كاك عثمان كریم سوارە فەرموو.

**بەرێز عثمان كریم سوارە:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥) برگەی دووەم كە هەر كەسێك مۆڵەتدار بێت بۆ هەڵگرتنی چەكی ئاگرین ولە كاتی بەشداری كردنی لە خۆ پیشاندان یان گردبوونەوە هەڵی بگرێت ئەوا بە بەندكردن بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ كەمتر نەبێت بەپێی بژاردنێك كە لە پێنج ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و سزاكە دەبێتە زیندانی كردن ئەگەر چەكەكە بەبێ مۆڵەت هەڵی گرتبێت، من پێم وایە ئەم برگەیە سزاكە زۆرە، سێ ساڵەكە لایەنی كەم بكرێتە شەش مانگ كەمتر نەبێت و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت، لەبەر ئەوە لیرَە لە غرامەكەش پێم وایە غرامەكەش زۆرە پێنج ملیۆن دینار بۆ دە ملیۆن دینار، ئەمەش پێم وایە بكرێت بە یەك ملیۆن كەمتر نەبێت و لە سێ ملیۆن زیاتر نەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە لەو موچتەمەعەی ئێستاین لە ژینگەی كە ئێستا تێداین دەبێت موراعاتی دۆخی وڵاتەكەی خۆمان و هەرێمەكەی خۆمان بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك چیا.

**بەرێز چیا حمید شریف:**

**بەرێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

تێبینیامن سەر خالا ئێكەم بۆ وێرێ ێی نقیسیو پێنج ملیۆن دینار بەس نوقتە صفرەك ژێ كێمە پێنج سەد هەزار هاتییە نقیسین، هیڤیدارم صفرەك لێ بێتە زێدە كرن چونكی پێنج سەد هەزارە تێبینیا من ئەو كۆ ئەڤ دوو ملیونە زۆر كێمە بژاردە ئەگەر بێت بیتە پێنج ملیۆن دینار، چونكە ئەو سیلاحەیە خاچاخچیەتی پێ تێتە كرن و تێتە هەڵگرتن گەلەك جارا چەكی زێدەترە دوو ملیۆن دینارا یان پێنج ملیۆن دینارە، بۆیە ئەز پێشینار دكەم بژاردەی ئێكێ ژ دوو ملیۆن دینارا ببێتە پێنج ملیۆن دینار هەلبژاردا دووێ كە هەتا پێنج ملیۆن دینار ببێتە دە ملیۆن دینار، هەر خالا دووێدا تێت هەمان سزا كە پێنج ملیۆن دینار ببێتە دو ملیون دینار وە خالا دووێدا زێدەترە كە دە ملیۆن دینارە ببێتە بیست ملیۆن دینار هندی زێدەتر ببیتن سزا باشترە، چونكە دا جارەك دی دەستی ڤی كاری نە هێتە كرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە ئەمەش وەکو ماددەکانی تر من تێبینم هەیە کە حەزدەکەم لە گوشەنیگایەکی یەکجار ئەمنییەوە سەیری ئەم پرۆژە یاسایە کراوە، لێرەدا هاتنی ووشەی خۆپیشاندان والله کەسێك کە خۆپیشاندان بکات ناچێت دەمانچە هەڵگرێت و تفەنگ هەڵگرێت و ئێم فۆری پێ بێت و خۆپیشاندەر پێویستی بەوە نییە، چونکە پیشاندەر خۆی دەڕوا جا حەزدەکەی من قسە ناکەم باشە هیچ کێشە نییە، واللەی ئەگەر من قسەم پێی ببڕی وەڵاهی مایکە دایخە لیزا خان کاتی قسەکردنی خۆمە، کاتێك دەتوانی نوقتەی نیزامی وەربگیری جوابدەیەوە ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسە بکە، بەڕێزان بە حەساسیەتەو قسە مەکەن، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەم زۆر بە هادئی کردووە، نازانم بۆ بە وشەی خۆپیشاندەر تێکدەچن ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سلێمانیش خۆپیشاندان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆپیشاندان لە سلێمانیش هەیە سەرۆکی پەرلەمان، با ووردبین بین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ووشەی خۆپیشاندەر بۆ لێرە بەکاربهێنرێت کەسێك کە خۆپیشاندەر دەکات بڕوات مۆڵەت وەربگیرێت، یان داوای حەقێکی زۆر ئاسایی خۆی دەکات، نازانم بۆ تەوقعمان وایە دەمانچەی پێ بێت و ئێم فۆری پێ بێت و چەکێ پێی بێت کەلاشینکۆفی پێ بێت و بەراستی حەقە ووشەی خۆ پیشاندە لێرە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بڕگەیەکی تر بۆ ماددەی (١٥) زیاد بکرێت دیاریدەیەك لە هەرێمی کوردستان هەیە کە لە کاتی ئاهەنگەکاندا یاخود لە کاتی یاری وەرزشییەکاندا کاتێك سەرکەوتنێك بەدەست دەهێندرێت یان بۆنەیەك هەیە نەوروز ئەوا زۆر جار تەقەی عیشوانی دەکرێت، ئەمەش بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی زۆرجار هاووڵاتییانمان یان بریندار بوونیان وزیان گەیاندن، بۆیە پێم باشە ئەگەر بکرێت سزایەکیش بۆ ئەو کەسانەی کە بەو جۆرە مامەلە دەکەن بدرێت سزایان بۆ بدرێت، سزاکە بەجێ دەهێڵم بۆ کەسانی پسپۆر کە سزاکەی چەند بێت، بەڵام بڕگەکەم

دارشتووه بەم شێوەیە ئەگەر بێتو سێ یەم بۆی زیاد بکرێت هەر کەسێ مۆڵەتدراو بێت بە هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و لە کاتی بەشداریکرنی لە هەر بۆنەیەکی تایبەت بەمەبەستی دەربڕینی خۆشی هەستا بە بەکارهێنانی چەکی ئاگرین بە شێوەیەکی هەرەمەکی ئەوا سزا بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتە ڕێکخستنی زیاترە بۆ توندکردنی سزایەکان بێجگە لە سزای زیندانی کردن و بەند کردن بۆ ئەوەی سزایەکی ماددیشی تێدا بێتن هەندێك پێیان وایە سزای ماددیەکە زۆرە، هەندێك دەڵێن کەمە، بە ڕایی ئێمە ئەمە لە ناوەڕاستی ئەم بابەتە بێتن هەرچی زیاد بکرێتن، یەعنی توندکردنی سزایە، بەڵام دەبێت شتێکی وابێتن کە کەسێك پێی بدرێت، یەعنی ئێمە واناکەین کەسبەی کەسێك لەسەر تاوانێك ڕەنگە کێشەیەکی تری یەکجار زۆر گەورە بۆ خێزانەکەی دروست ببێت، بەڵام دەبێت شتێکی مەعقول بێتن ئەمە ڕەدعە ئەوە نییە کە تێکشکاندنی ئەم کەسەو تێکشکاندنی شیرازی خێزانی بێتن، بۆیە پێنج ملیۆن دینار بە دە ملیۆن دینار، یان پێنج ملیۆن دینار بە دوو ملیۆن دینار، بە تەسەوری من شتێکی مەعقولە دەستکاری نەکرێتن و وەکو خۆی تێپەڕێتن و بە بێ دەستکاری، ئەگەر ئەوەی لیزا خان باسی دەکاتن موعالەجە نەکرا بێتن لە شوێنی تر لە یاسای تر پێم باشە چارەسەرێکی گونجاوی بۆی بدۆزرێتەوە، نازانم لە شوێنێك موعالەجە کراوە خۆی جەریمەیەکە، بەڵام ئەمەی کە یەکێکە لە کێشەکان کە زۆر لە بۆنەکان ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەگەر چارەسەر نەکرابێتن پێشنیارێکی باشەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، ماددەی (١٦) بەڕێزان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦):

یەکەم:

١ -ئەگەر مۆڵەتدراو داواکاری نوێ کردنەوەی مۆڵەتی یان هەڵگرتنی چەکەکە لەو ماوەیەی کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایەدا هاتووە پێشکەش نەکات پێ بژاردنێك بە بڕی (٣٠٠) هەزار دینار سزا دەدرێت.

٢ -ئەگەر ماوەی هاتوو لە بڕگەی دووەم ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە کۆتایی هات مۆڵەت پێدراو داواکاری نوێ کردنەوەی مۆڵەتی پێشکەش نەکرد سەرباری لێوەرگرتنەوەی مۆڵەتەکە جارێکی تر مۆڵەتی پێنادرێتەوە.

دووەم:

١ -ئەگەر مۆڵەتدراو بە چاك كردنەوەی چەكی ئاگرین لەو ماوەیەی كە لەبڕگەی دووەمی ماددەی (٥) ئەم یاسایەدا هاتووە داواكاری نوێ كردنەوەی مۆڵەتەكەی پێشكەشی دەسەڵاتی مۆڵەتدان نەكات بەپێ بژاردنێك (٧٥٠) هەزار دینار سزا دەدرێت.
٢ -لە حالەتی پێشكەش نەكردنی داواكاری نوێ كردنەوەی مۆڵەت تا ئەو كاتەی ماوەكەی بەسەر دەچێت ئەوا شوێن كارەكەی دادەخرێت و ڕێگەی پێنادرێت بۆ ماوەی سێ مانگ كاربكات وە ئەكەر لەو ماوەیەدا سەرپێچیەكەی بەردەوام بێت ئەوا بە شێوەی هەمیشەیی شوێن كارەكەی دادەخرێت و مۆلەتەكەشی بە هەڵوەشاوە دادەنرێت.

سێیەم:
١ -ئەگەر مۆڵەت درا بەكردنەوەی شوێنی فرۆشتنی چەك لەو ماوەیەی كە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥) ئەم یاسایەدا هاتووە داواكاری نوێ كردنەوەی مۆڵەتەكەی پێشكەشی دەسەڵاتی مۆڵەتدان نەكات بەپێ بژاردنێك بە بڕی یەك ملیۆن دینار سزا دەدرێت.
٢ -ئەگەر دوو لە حالەتی پێشكەش نەكردنی داواكاری نوێ كردنەوەی مۆڵەت ئەو كاتەی ماوەكەی بەسەر دەچێت ئەوا شوێن كارەكە دادەخرێت و ڕێگای پێنادرێت بۆ ماوەی سێ مانگ كاربكات ئەگەر لەو ماوەیەدا سەرپێچییەكەی بەردەوام بێت ئەوا بە شێوەیەكی هەمیشەی شوێن كارەكەی دادەخرێت و مۆڵەتەكەشی بە هەڵوەشاوە دادەنرێت و ئەو چەكانەی لە شوێن كارەكەدان مولكی خاوەن مۆڵەتن دەستیان بەسەردا دەگیرێت و ئەو چەكانەشی هی كەسانی دیكەن ئەگەر مۆڵەت درا بن رادەستی خاوەنەكەیان دەكرێنەوە و بەپێچەوانەوە بەزیاد كردنی ئاشكرا لەلایەن دەسەڵات مۆڵەت دانەوە دەفرۆشرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس ماددەی (١٦) كێ قسە دەكات، بالانبۆ محمد علی، هیڤیدار احمد سلێمان، محی الدین حسن یوسف، فەرموو كاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ماددەی شازدەم یەكەم یەعنی بڕگەی یەكەم دووەم ئێمە وانەكەین نێو خەڵكی كە فێری ئیشكە بووە دوكانی مۆڵەتەكەی كردووتەوە، خەڵك دەچێتە لای با بكەوینە بیانووی لە ڕێگەی قانوونەكە وابكەین كە كابرا دوكانەكەی خۆی قەپات بكات، ئەمن لە ڕووی ئیقتیصادیەكەوە تەماشای دەكەم، كابرا فێر بووە چەند عائیلەیەك بە ئیش دەخاتن مۆڵەت قەپات نەكەن و خەلكەكە چۆن فێری قانوون بێتن با سزاكە با پارە بێت، یەعنی دوو هێندە و سێ هێندە سزا بدرێت، بەڵام مۆڵەتەكەی لێی نەسەندرێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە ئیشەكەی جارێك وای كرد فێری سزا بۆ پارەكەی دا جارێكی تر دەچێت لە كاتی خۆی نوێ دەكاتەوە و ئەگەر هاتوو سەرپێچییەكەی زۆر گەورە بوو حكومەت خۆی قەرار دەدات قەپات بكات، بەڵام من لەگەڵ ئەوەم قەپات نەكرێت مۆڵەتەكەی لێ نەسەندرێتەوە، بەڵام سزاكەی بۆی دابنرێتن، ئەمن لە ئەلمانیا بووم دكتۆرە كابرا لە ترافیكلایەتەكەی تێپەری بە پیادە كە ترافیك سۆر بوو سزادرا،

کابرا لە ئەوروپا بە پارە فێر بووە قانوون جێ بەجێ دەکات، یەعنی لەبەر پارەکە بۆ ئەوەوی پارە نەدات جا ئەگەر پارەکەی لەسەری تووند کرد مەجبورە نوێ کردنەکەی لە کاتی خۆی دا نوێ بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدين.

**بەڕێز محی الدين حسن يوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەبڕگەی یەکەم و دووەم باس لەوە دەکات کە ئەگەر لە ماوەی لە بڕگەی دووی ماددە پێنج کە (٣٠) ڕۆژ دانراوە بۆ نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکەی، ئەگەر پێشکەشی نەکرد بڕی بە پێبژاردەی (٣٠٠) هەزار دینار، پێم وایە دەبێت ئەو ماوەیەی کە لە ڕابردووشدا داواکرا درێژ بکرێتەوە.

پێم وایە دەبێت ئەگەر عوزری مەشروع هەبوو هۆکارێکی ڕەوا هەبوو لە پێشکەش نەکردنی داواکارییەکەی لە ماوەی دیاری کراودا، پێم وایە لە اعمالی مشروعە لەبەر چاو بگیرێت بۆ ئەوەی کە ئەو پێبژاردنەش (٣٠٠) هەزار دینارە خۆی هەر مۆڵەتەکەش (٨٠) هەزار دانراوە لە پاشکۆی نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکان، پێم وایە بکرێتە دوو بەرامبەر، واتە (١٦٠) هەزار دینار بێت لە باتی (٣٠٠) هەزار دینار، بە هەمان شێوەش هەر ئەوەی بڕگەی دووەمیش لە هەمان ئەو ماددەیە کە باس لە ئەوە دەکات، پێم وایە یەعنی هۆکاری ڕەوایە یاخود عوزری مەشروعی بەرچاو بگیرێت کەسێك کە لەکاتی خۆی مۆڵەتەکە کە نوێ ناکاتەوە ئەگەر عوزرێکی مەشروعییە ئەو کاتە پێویستە عقوبەی لەسەر جێبەجی کاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کەس ماوە قسە بکات، بەڵێ فەرموو بالانبۆ.

**بەڕێز بالأنبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) بڕگەی یەکەم بڕی (٣٠٠) هەزار دینار دیاری کراوە بۆ ئەو کەسەی کە ئەگەر لەو ماوەیەدا مۆڵەتەکەی تازە نەکاتەوە، بەس نازانم من بیرم لەوە نەکردۆتەوە لە وانەیە خۆیان بیریان لەوە کردۆتەوە لە پەیڕەو چۆن دادەنێن، بەس ئەم کەسە وا لە نیەتییەتی یەعنی براو ئیجازەکەی تازە بکاتەو بەس تووشی کێشەیەك دەبێت مەعقول نییە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ تەخیر بێ و تۆ (٣٠) هەزار دیناری لێی سەنی و هەموو مانگەکەش تەخیر بێت هەر (٣٠٠) هەزار دیناری لێی سەنی.

ئەمە هەقە یەعنی ڕێز بەندیەکی بۆی بکرێت لە کەمەوە بۆ زۆر بەپێی دواکەوتنەکەی، نەك بۆ ڕۆژێك و (٣٠) ڕۆژەکەی هەمووی وەکو یەك حیسابی لەسەر بکرێت و دوای ئەوەش نازانم بۆ مۆڵەت پێدان ئەڵێت جارێکی تر مۆڵەتی پێ نادرێتەوە، یەعنی زۆر جار هەیە کە کابرا لەوانەیە تووشی کێشەیەك بێت خۆ ئەمە تاوانێکی نەکردووە ئەمە موخالەفەیە دەتوانی غەرامەکەی لەسەردانی، بەس ئەگەر چەکەکە هاتوو تاوانێکی پێکرا، یەعنی تاوانی تەخیربوونی بۆ نموونە تۆ تازەکردنەوەی هینەکە بۆ ئەم کەسە بخەیتە حاڵەتێکەوە کە نەتوانێت جارێکی دیکە چەك

وەرگـرێتەوە، ئەم یاسـایە بـاوەڕکەن ئەمەنە توونـدکراوە وەکـو یاسـی تەجـاوزی بڵێـین ئەو زەوییـانەی لێـیە کە یەعنـی کە زەوییەکـانی شـارەوانی تەجاوزیـان کـردیە بـۆ سـەری ئەمەنەش توونـد کـراوە، یەك کەس نایێـت بەدەم ئەم یاسـایەوە، ئێسـتاش ببیـنەوە یەعنـی هەوڵ بـدرێت یاسـاکە نەختێـك مرونەتـی تیابێـت، بـۆ ئەوەی وورده وورده خەڵـك رابێـت لەسـەر ئەوەی کە لە چەك دوور کەوێتەوە، نە ئێمە بمانەوێت بە زەخت دووری بخەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی (١٧).

**بەرێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١٧...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە کاك نزار، مولاحەزهیەکم لەسەر هەیە بەرێز وەزیری ناوخۆ بڕگەی دووەم خـاڵی دوو لە مـاددەی (٣) لە کۆتـاییەکە دەڵێـت کە ئەو چەکـانەی کە لە شـوێنکارەکە دان و مـۆڵکی خـاوەن مـۆڵەتن، ئـێمە ئەگەر بەرێـزت لە بیـرت بێـت لە کۆبوونەوەکەمـان کە هـاوبەش بـووین لەگەڵ هەردوو لێژنەو بەرێزیشت حازربوی باسی ئەوەمان کرد کە مولکیەتی چەك تەنزیم نـاکەین، بەس حیازەتی تەنزیم دەکەین، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەو مولکە بیکەینە حیازە بڕگەی سێ یەم خـاڵی دووەم لاپەرە (١٧) دەکات لە ئەخیرەکەیە و ئەو چەکانەی لە شوێنکارەکەدان و ئا لەوێـوە مـولکی خاوەن مۆڵەتن ئێمە ووتمان وەکو عێراق مولکیەت تەنزیم ناکەین حیـازە زیـاتر تەنـزیم دەکەیـن، ئەو مولکیەتە لە دەستداری خـاوەن مـۆڵەت دان، بـۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کە لە دینـامییەکە بێـت کە لە بیداییەتی مەشروعەکەوە هـاتووە هەر لەناکـاو ئەو مـولکە هـاتووتە نـاو مـاددەیەکەوە توزێـك ناڕێکی یەکی دروست کردووە.

**بەرێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەوانە مولکی ئەم کەسەنین بە عیـوانی موڵـك، چـونکە بەڵام خـۆی مـافی پێـدراوە کە هەی بێتن لەبەر دەستی بێتن ئینجا ئەگەر ڕێـك بخـرێتن بە بەوی کە بە دەسـتە واژەیەك بە تەسـەوری من شتێکی ئاساییە، چونکە کە ئەوانە نەبوونەتە مولکە ئەو .

**بەڕێز: د. ڕێواز فائێق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وازحە زۆر سوپاس، ماددەی (١٧) بخوێنەوە.

**بەرێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧):

هەرکەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئەم ماددە یاسایە بکات جگە لە حوکمەکـانی مـاددەی (١٣، ١٤، ١٥، ١٦) بە بەند کردن و بە پێ بژاردنێك لە (٢٥٠) هەزار دینار کەمتـر نەبێـت و لە (٥٠٠) هەزار دینـار زیاتر نەبێت یان لە یەکێك لەم دوو سزایانە سزا دەدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی (١٧) کێ قسەی هەیە، ماددەی (١٨).

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨):

یەکەم: لە ماوەی یەك ساڵ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایەوە بەرامبەر قەرەبوویەك کە ئەنجومەنی وەزیران دیاری دەکات سەرجەم ژوورەکانی ئەو چەکە جەنگیانەی کە لە دەستی کەس و لایەنەکاندان لێیان دەسەندرێتەوەو دەبنە موڵکی وەزارەتی پێشمەرگە.

دووەم: پێویستە لەسەر هاووڵاتییان ئەو چەکانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەلای نزیکترین بنکەی پۆلیس یان لایەنی تەرخانکراو تۆماربکەن یان مەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

سێ یەم: وەزیر ڕێنمایی لێ سەندنەوەی چەکە جەنگیەکان و تۆمار کردنی چەکە ئاگرینەکان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە دەردەکات.

چوارەم: دەسەڵاتی مۆڵەتدان دەتوانێت مۆڵەتەکانی دەستداری یان هەڵگرتنی ئەو چەکانەی بە پێی بڕگەی سێ یەمی ئەم ماددەیە تۆمار کراون بدات لە کاتی هاتنەدی ئەو مەرج و ڕێگاسازیانە لەم یاسایەدا هاتوون وە بە پێچەوانەوە دەکرێت دەسەڵاتی مۆڵەتدان ئەو چەکە ئاگرینانە تۆمارکراوانە مۆڵەتی پێ نادرێت بۆ بەرژەوەندی خاوەنەکانیان بفرۆشرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کێ قسەی هەیە. لقمان حمد حاجی، کاروان عبدالرحیم عبدالله، بالانبۆ محمد علی، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕیز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) بڕگەی سێ یەم وەزیر ڕێنمایی لەسەر لێ سەندنەوەی چەکی جەنگییەکان تۆمار کردنی چەکە ئاگرینەکان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایەدا دەردەکات، چەکە جەنگییەکان بە پلەی یەکەم تایبەتە بەو وەزارەتی پێشمەرگەوە، پێشنیارەکەم وەزیری ناوخۆ وەزیری پێشمەرگە بە هەماهنگی ڕێنمایی لێ سەندنەوەی چەکی جەنگییەکان و تاکۆتایی تەواو بێت ئەوە تەسبیت بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕیز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) بڕگەی یەکەم باس لە کەس و لایەنەکان دەکات کە چەکەکانیان لێی دەسەندرێتەوە، بەس پێناسەی ئەو کەس و لایەنە نەکراوە ئەو کەس و لایەنەی کە چەکەکانیان لێ دەسێندرێتەوە ئەمە کێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) بڕگەی سێ من پێشنیاز دەکەم لەسەر ڕوونکردنەوەکەی بەر بنەمای ڕوونکردنەوەکەی جەنابی وەزیر کە خۆی فەرمووی چەکی جەنگی پەیوەستە بە وەزارەتی پێشمەرگەوە، پێشنیاز دەکەم لێرەوە وەزیری پێشمەرگەش زیاد بکرێت، وەکو ئەوەی ڕۆژان خان ئاماژەی پێکرد، هەماهەنگی لە بەینی هەردوو وەزارەت ئەو پرسە چارەسەر بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك لوقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٨) بڕگەی سێیەم منیش پشتیوانی ئەو ڕەئیەیەم کە هەردوو وەزارەت ڕێنمایی پێویست دەربکەن وە (٣٠) ڕۆژیش کەمە لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ ڕێنمایی دەربکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتە باس لەو چەکە جەنگیانە دەکات کە ئێستا لە دەستی خەڵکن، ئێستا کۆمەڵێکی زۆری خەڵك چەکی سووك و قورس و مام ناوەندیان هەیە لە ماڵێ وە لە کێشەیەکی کۆمەڵاییەتی یان لە بەینی دوو عەشیرەت یان ناوچەیەك یان گوندێك دەبینی چەکی قورس و سووك و مام ناوەند بەکار هاتووە و لێکەوتەی زۆر خراپی هەبووە، بۆ ئەوەی ئێمە فرسەتێك بدەین بەو خەڵکە ماوەی سالێکمان داناوە کە ئەوانەی دێن ئەو چەکانە ڕادەستی حکومەت دەکەن، ئەمانە ئەبێت قەرەبوو بکرێنەوە، ئەم قەرەبوو کردنەوەیە پارەیە دەبێت ئەنجومەنی وەزیران قەرەبووەکە دیار بکاتن کە لە بەرامبەری ئەو چەکانەی وەری دەگرین چیان پێدەدرێتەوە.

بۆیە بابەتی بڕگەی سێ یەم کە بەڕێزان دەڵێن ئەمانە پەیوەستە بە وەزارەتی پێشمەرگە، ئەم بابەتە هیچ پەیوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگە وە نییە، چونکە چەکێکی بەربڵاوە لە دەستی خەڵکێك کە نە پێشمەرگەیە نە ئاسایشە نە شتێکی فەرمییە، ئەم چەکانە وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی پێ دەردەکات بۆ چۆنییەتی مامەڵە کردن و وەرگرتنەوەی ئەو چەکانە لە ماددەکانی پێشوو باسمان لە وێوە کردووە، چەکی مام ناوەندو چەکی قورس دەگەرێتەوە بۆ وەزارەتی

پێشــمەرگە، ئــێمە کە ڕێنمــای دەردەکەیــن لەســەر ئەوە بنەمــایە ئەو چەکــانەی جەنگــی کە کۆدەکرێتەوە یەکسەر لە وەزارەتی ناوخۆ ڕادەستی وەزارەتـی پێشـمەرگە دەکرێـت وە ڕێنمـایەك لەلایەن دوو وەزارەتەوە دەرناچێت.
بە ڕای من بەڕێزان ڕێنمـایی لەلایەن وەزارەتـێکەوە دەردەچێـت، چـونکە یەك وەزارەت جێبەجـێ دەکـات ئەگەر وەزارەتـی پێشـمەرگە بـۆ خـۆی ڕێنمـایەکی تـر دەربکـات، بەڵام پەیوەنـدی بەو مەوزوعەوە نییە، ئەمە دیاریدەی چەك وەزارەتـی پێشـمەرگە تەرف نیـیە تێـدا، وەزارەتـی نـاوخۆ تەرفە تێدا، چۆن لە سەنگەرەکان وەزارەتی نـاوخۆ بڕیـاری لـێ نـادات هەتـا هێزەکـانی وەزارەتـی نــاوخۆ کە بەرگــری وفریــاکەوتنی زێرەڤــانین لەکــاتی شــەردا دەکەونە بــن ئمــوری وەزراەتــی پێشمەرگە، وەزارەتـی نـاوخۆ هـیچ دەسـەڵاتێکی لەسـەر ئەو هێـزانە نیـیە لە کـاتی شـەڕ، بەڵام لە ڕووی ئیدارییەو سەر بە ئێمەن ئەمە (٧) ساڵە زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن لەبـن فەرمانـدەی وەزارەتی پێشمەرگەن، ئێمە حەقمان لەوە نییە بۆ کوێیان دەبن وچییان لێدەکەن چ ئەرکیـان پـێ دەسـپێرن، بـۆیە ئەرکەکـان لێـك جیـاوازن وەزارەتـی پێشـمەرگە ئەرکـی خـۆی هەیە، وەزارەتـی ناوخۆش ئەرکی خۆی هەیە وەکو خۆی بمێنتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس ماددەی (١٩).

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩):

یەکەم: وەزیــر ڕێنمــایی تــایبەت بە دەســتداری و هەڵگرتنــی چەکــی برینــدارکەرو یــان چەکــی ڕوشەنکەر گواستنەوەیان یان دروست کردنیـان یـان چاککردنەوەیـان یـان هاووردەکردنیـان یـان بازرگانی پێوە کردنیان دەردەکات.
دووەم: وەزیر ڕێنمایی پێـدانی مـۆڵەتی دەسـتداری هەڵگرتنـی چەکـی چەکـی ئـاگرین و تفـاقی و مۆڵەتی چاککردنەوەی چەکی ئـاگرین و مـۆڵەتی کـردنەوەی شـوێنی فرۆشـتنی چەکـی ئـاگرین و تفاقی دەردەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە بەڕێزان لەسەر ئەو ماددەیە. والله یەك پرسیارم هەیە من بەڕێز وەزیـری نـاوخۆ فەرق چییە لە بەینی بڕگەی دووەم و ماددەی (١٩) لەگەڵ بڕگەی ماددەی چوار.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٩) لەگەڵ بڕگەی سێ یەم ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماددەی چوار بەڵێ مۆڵەتەکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم مـاددەیە و ڕێکارەکـانی پێـدانیان بە ڕێنمــاییەك ڕێــك دەخەن لەلایەن وەزیــرەوە دەردەچێــت، لە مــاددەی (١٩)ش دەڵێــت وەزیــر

ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقی و مۆڵەتی چاککردنەوەو ئیلا ئاخیریی دەردەکات فەرقیان چییە.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە بەراستی ئێمە لە ماددەی چوار باسی ئەوەمان کردبوو کە ڕێنمایی دەردەکات دواتر لە لێژنە دراسەت کرا، بەڕێزان پێشنیاریان کرد کە لە شوێنێکی تر ئیشارەتی کرد ئەمە دووبارە بوونەوەیە بەراستی، ئینجا دەبێت لە شوێنێك ئاماژەی پێ بکرێتن لە لێژنە پێشنیاری ئەوە کرا بۆچی لێرە و لێرە نییە، دیارە لە کاتی داڕشتنەوەی راپۆرتەکە لە دوو شوێن نووسراوە ئەگەر نا یەك شتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، یەکێکیان دەهێڵینەوە ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

ئیجازە هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەی چۆن؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لە بابەتی شروع کرا بۆ ئەوەی تێنەپەڕێت لەسەرمان وە دڵنیاتان کەینەوە کە هیچ موخالەفەیەك لە مەبادیئەی عامەو بۆ ئەو مەبەدیئانە نەکرایە کە لەناو قانوونی عقوباتی عێراقیدا هەیە ماددەی (٣١) (يعاقب علي شروع في جناية والجنح بالعقوبات التالية مالم ينص القانون الي خيلاف ذالك) واتە هەر کاتێك کە قانوونێك دەرچوو ئەو قانوونەی عقوبەی جەریمەکە و شروعی وەکو یەك لێکرد قانوونی عقوبات ڕێگای پێداوە، بەڵام ئەگەر قانوونە کە هیچ ئیشارەتی پێنەدابوو دەگەڕێنەوە سەر مبادء عامەی قانوونی عقوبات، ئەوەی کە ئێمە لێرە تەئکیدمان لەسەر کردووتەوە، لەبەر ختورەتی بەکارهێنانی چەکی کاتم ئەوە بووە کە بە نەصی قانوون تەئکید بکەینەوە کە هەم جەریمەکەو هەم شروع لەبۆ ئیرتیکابی جەریمە کە نەفسی عقوبەیە، تەنها ویستم ئەو دڵنیایە بدەم کە هیچ پێچەوانەی مەبەدیئەی عامە لە ناو قانوونی عقوبات نەکراوە لە ناو ئەو پرۆژەیە لە یاسایەکە دا، زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکەت بەڵێ ڕاستە، ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠):

چەکی ئاسەواری یادگاری و سمبوڵی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بە دەردەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کێ قسەی هەیە، بەراستی یەعنی بە کاك دکتۆریشم گوت، یەعنی گوتم هێندەك مولاحەزەم هەیە ئەگەر پێویست بکات دەڕۆمە خوارەوە، بەڵام دەمەوێت قسەم هەبێت، بەڵێ قسە بکە کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتریش داوای ئەوەم کردبوو کە تکایە پێناسەی چەکی ئاسەوارو یادگاری بکرێت، بەڵام لەم یاسایەدا نییە، نازانم پێوەرچییە بۆ چەکی ئاسەواری و یادگاری سمبۆل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ شێنواری چەك بێت یان هەر شتێك بێت تەعریف کراوە لە ناو یاسای شوێنەوارە، هەموو شتێك لە ناو یاسای شوێنەوارە تەعریف کراوە، ئەو دووانەی تر دەمێنەوە پرسیارێکم هەیە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەگەر بەڕێزتان تەئکیدم لەبیرتە لە کۆبووەنەوەمان لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ ئیتافاقمان کرد، بەڵام نازانم دواتر بۆ دانەنرا قسەمان لەسەر ئەوە بوو کە ئەو دوو مەرجەی کە لەناو تەعریفەکە هاتوون ڕەنگە بۆ هەندێك لە چەکی قورس بێت، مەسەلەن بۆ نموونە کەسێك کە چەکێکی باوکی لەلایە باوکی شەهیدە بۆ ئەوەی کە لە حوکمەکانی قانوونەکە دەربکرێت لە مەسەلەی مۆڵەت وەرگرتنەوە دەبێت وای لێبکات کە بە کەڵکی فیشەك تەقاندن نەیەت، یان کەسێك کە بۆ نموونە دەمانچەیەکی وەرگرتووە لە بارزانی نەمر یان یان لە سەرۆك مام جلال یان لە هەر کەسێکی تر، یان چەکێکی وەرگرتووە ڕەنگە نەیەوێت مەرجەکانی ئەو تەعریفەی کە لەناو یاسایەکەدا هاتووە لەسەری جێبەجێ بکرێت، بۆیە کە لە کارکردن کار بخرێت بەڵکو ئعتیادی بێت لەلای یان مۆڵەت وەربگرێت، ئەگەر بەڕێزتان بیرتان بێت ئەو کاتەی تەنها شتێکمان بۆی زیاد کرد ئەویش ئەوەبوو کە چەکی ئاسەواری و یادگاری و سمبۆلی لە حوکمەکانی ئەم یاسایانە بەدەر ئەکرێن، ئەگەر ئەو مەرجەنەیان تێدابوو کە لە بڕگەی نۆیەمی ماددەی یەکی ئەم یاسایەدا هاتبوون بە پێچەوانەوە دەبێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مۆڵەتیان بۆیان وەربگیرێت، واتە ئەگەر بە کەڵکی تەقاندن هات بەکارهێنان هات دەبێت مۆڵەت وەربگرێت، خۆ ئەگەر ڕازی بوو بە مەرجەکانی ئەوەی کە لە کار بخرێت ئاساییە ئەگەر مۆڵەت وەرنەگرێت نازانم ڕای جەنابتان.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ جەنابت ئەم بابەتە دەبێت ڕێك بخرێت و لەوێش گفتۆگومان کرد، دەبێت ئەم بڕگەیە ڕێك بخرێت وەکو ئەوەی جەنابت باست کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڵێ ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە پێناسەكانە ئاماژەم پێدا كە چەكی ئاسەواری و پێشتر لەو یاسایە كە ئێستا بەركارە ئەوەی ژمارەی (١٦) ساڵی ١٩٩٣ ئاماژەی پێدراوە نەوتراوە لەكار بخرێت ئەو چەكەیە بە كەڵكی ئەوە نییە كاربكات و، لە ماددەی (٣) ئاماژەم بەوەدا هەربۆ ڕێكخستن بڕگەی دووەم خاڵێك بۆی زیاد بكرێت چەكی ئاسەواری یان یادگارییەكان یان سمبۆلی ئەوانەی كە لای ئاسایین، پێویستە بۆ یەك جار تۆمار بكرێن و مۆڵەتیان پێ بدرێت، یەعنی بە نموونە من چەكی باوكی خۆم هەیە شەهیدە سەرۆك مام جلال داوییەتی پێ دەكرێت من هەموو ساڵێك ئەم چەكە لە ماڵەوەیەو وەكو یادگاری دامناوە، هەموو ساڵێك من بیبەم مۆڵەتی پێ دەركەم، یەعنی ناكرێت من بەكاری ناهێنم و بەڵام دەشكرێت من هەموو ساڵێك ئەم چەكە بەرم مۆڵەتی بۆ دەركەمەوە، ئەمە لە یاساكەی پێشتر ئاماژەی پێنەداوە، یەعنی ئەو یاسایەی كە ئێستا بەركارە ئاماژەی پێنەداوە لە كار كەوتبێت، من ناش هێم ئەو چەكە دەستكاری بكەم، یەعنی وای لێبكەم كە كار نەكات، بۆیە بۆ ڕێكخستنەوەی یەكجار ئەگەر تۆمار بكرێت تۆماری ئەو چەكانەی كە بەكاردێن و لە كار نەكەوتوون دیاری بكرێن و لە پێناسەكەشە من جارێك ئاماژەم پێدا كە ئەو مەرجەی تێدا نەمێنێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان كاك د. زێدان.

**بەڕێز زێدان رشيد خان اودل:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ووشەی ئاسەواری ووشەكە عەربیە، ئێمە دەتوانین ووشەی شوێنەوار بەكار بهێنین، هەم لە ماددەی یەكەمیش و لێرە فەراغێك هەیە ئێمە لە كوردستاندا زۆربەی چەكەكانمان كە لە بواری ئاسەواری تەمەنیان نە گەشتووتە (٢٠٠) ساڵ بەشی هەرە زۆریان، بۆیە دەبێت ووشەی چەكی شوێنەواری و كەلەپووری بەكاربێنین، چونكە بەشێكی زۆر شمشێرو خەنجەرو شتمان هەیە كەلەپوورن وپێویستە موزەخانەیەكی تایبەتیشیان هەبێت، بۆیە ووشەی كەلەپووری لە هەر بڕگە لە ماددەی یەكەم ولێرەش ئیزافە بكرێت باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (٢١).

**بەڕێز ڕۆژان ابرهيم على:**
**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

بورە واللە ماددە یەك تەعریفا چەكێ ئاسەوارییە، ئەگەر ئەو تێبینیاتە گوتی موخالەفە لەگەڵ ڤێ ماددێ بەس بۆ پرۆتوكۆلیدا ئاماژە پێ بێت كرنێ یا تێداهەی بەو مەرجەی شیاوی گوللە هاوێشتن نەبێتن مەعنا وێ لازمە ڤێ ماددێ ژی بگوڕن، ئەگەر وەكی جەنابێ تە ئاماژە پێكری وە كەیفامن هات راستی تەژی ئاخیری دەردێ مەزانی توب خۆ دگەڵ وەزیری كومبون یاكری وە تۆ لڤێرێ پرسیار كەی ئەم لێژانا قانوونی عادەتەن ئاخڤن تۆ رەخنێ مە گری، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستی ئەم شتانەمان بە لیژنەی لەگەڵ ئەوەی کە لەسەری ڕێکەوتین لە کۆبوونەوەکە، دەبوایە لێژنەی ناوخۆ لەناو ڕاپۆرتەکە دایاننابا و بیاناردبا بۆ لێژنەی یاسایی، یەعنی هیچ زەمبی ئێمەی تێدانییە قسەکەت تەنها لەسەر ئەوەیە خەڵك چەکی یادگاری و سمبولی هەیە و نایەوێت لە ئیشکردن بکەوێت، بەڵێ مادده (٢١).

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١):

ئەوە بڕە پارەیانەی لەو ڕسم و پێبژاردنانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەسکەوتن وەك داهاتێك بۆ گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت بەو مەرجەی ٣٠% بۆ وەزارەتی ناوخۆ تەرخان بکرێت بۆ مەبەستی پەرەپێدانی دامەزراوەکانی وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، عبدالناصر احمد علی، بالانبۆ محمد علی.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١):

ئەو بڕە پارانەی لە ڕەسم و پێبژاردنانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەست دەکەون وەکو داهاتێك بۆ گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێن بەو مەرجەی ٣٠% بۆ وەزارەتی ناوخۆ تەرخان بکرێت بۆ مەبەستی پەرەپێدانی دامەزراوەکانی وەزارەت، بۆیە من پێم زۆرە ئەم بڕە لە ٣٠% لەبەر ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ بوودجەی باشی هەیە و لەگەڵ دەسەڵاتی غەرامەی هاتووچوشی هەیە بۆ دامەزراوەکان، زۆر سوپاس. دەکرێت بکرێتە ٥%.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١) تەبعەن ئەو لە ٣٠% من ناڵێم زۆرە کەمە، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەت کورتهێنانی هەیە هەمووی پێم باشە بگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت، وەزارەتی ناوخۆش خوا نەیبڕێت سەرچاوەیەکیان هەیە با ئەمانەی بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، وەزیری ناوخۆ دەتەوێت قسەی بکەی.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوای ٥٠% مان کردبوو، بەڵام لەبەر خاتری خاتران لە ئەنجومەنی وەزیران کردمانە ٣٠%، لەوەش کەمتر تەنازولی لێناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس ماددەی (٢٢).

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٢):

یاسای چەکی ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣ هەڵدەوەشێندرێتەوە و ئەو ڕێنماییانەی بەپێی ئەو یاسایە دەرچوون بەرکار دەمێنتەوە ئەگەر ناکۆك نەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە تاوەکو دەرچوونی ئەوەی جێگەی دەگرێتەوە یان هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ حەسیبە خان فەرموون.

**بەڕێز حسيبە سعيد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (٢٢) و ماددەی (٢٣) ئەگەر لە دوای دێت دیقەت بدەین لە ماددەی (٢٢) ئەڵێت لە یاسای ژمارە (١٦) ساڵ ١٩٩٣ هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئەو ڕێنماییانە بە پێی یاسا دەرچوون بەرکار دەمێنێتەوە ئەگەر ناکۆك نەبن و لە ماددەی (٢٣) دەڵێت کار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت، یەعنی لێرەدا دووبارە پەسەندی ئەوەی کردەوە و پێشتریش ئێمە یاسامان هەبووە هەرکاتێك کە یاسایەکی نوێ دەرچووە ڕاستەوخۆ ڕێنماییەکانیش هەڵوەشێندراوەتەوە، ماددەیەك هەبووە کە ئاماژە پێ ئەکاتن کە پێویستە وەزیر بۆ ئاسان بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێنمایی نوێ دەربکات، پێم باشە یەعنی کە ماددەی (٢٢) کە مادەم هەڵوەشێندراوەی تێدایە باس لە ڕێنماییەکان نەکرێتن ماددەیەك زیاد بکرێتن و بۆ ڕێنمایی دەرکردن لەلایەن بەڕێز خودی وەزیرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤) بڵێین لە یاسای کە ئێستا بەرکارە باسی لەوە کردووە کە فەرمانبەری حکومەت بۆی هەیە چەك و تەقەمەنی حکومەتی لەلا بێت و لە ئەنجامی وون بوونی بە پێنچ قات غەرامەی پێ دەکرێتەوە، گەلێك دۆسیەی لەو بابەتەمان هەیە لە دادگاکان، لێرە ئێمە باسی هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا کۆنە دەکەین، مەصیری ئەوانە چی لێدێت و ئایا بۆ لەمەولا ئەگەر کەسێك دەمانچەی وەزارەتی ناخۆی لایە، هی وەزارەتی پێشمەرگەی لایە، هی دائیرەیەکی دیکەیە کە پێویستە لەلای بێت ئەم چەکە ئەفەوتێت چۆن موعامەلەی لەگەڵ دەکەن و چۆن غەرامەی دەکرێت، مەصیری پێشوو چی لێدێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتە باس لە چەکی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە ناکات، باس لەو چەکانە دەکات کە مۆڵەتی پێدەدرێتن ئەوەی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە چەکی فەرمینە بەدەر لەو چەکە فەرمییە پۆلیس و ئاسایش و پێمشەرگە بیانەوێت چەکێکی تریان هەبێتن، دەبێت مۆڵەتی بۆی وەربگرێتن، بۆیە تکام وایە جیاکاری بکرێت لە نێوان ئەم دوو شتە، بابەتی ئەوەی کە ڕێنماییەکان چۆن کاری پێدەکرێ و یاسایەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە، ئێ نابێت بۆشاییەك هەبێتن لە ماوەی بڵاوبوونەوەی ئەم یاسایە کە دەردەچێت لە پەرلەمان، لەو کاتە ئێمە بە چی بابەتە خۆ دەبێت بڕیارێك هەبێتن یان ئەبێت ڕابگرین، یان ئەبێت کاری پێبکەین، یەکێك داوای مۆڵەت دەکات، یەکێك داوای نوێ کردنەوە دەکات سزاێکە دەبێت ڕێنماییەکە کە کار پێکراو بێت و ئەم یاسایەش دانی پێدادەنێت هەتا وەکو ڕێنمایی نوێ دەردەچێتن وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٢٣).

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی کە ماددەی (٢٣) بخوێنینەوە پێویستە ماددەیەکی تر بە زنجیرەی (٢٣) زیاد بکەین کە ماددەیەکی پرۆتوکۆلییە، بەم شێوەیە پێویستە:

ماددەی (٢٣):

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، یەعنی ئەوەش لە هەموو یاسایەکاندا هەیە وەکو ماددەیەکی پرۆتوکۆلی پێویستە ئەویش لێرە زیاد بکرێت.

ماددەی (٢٤):

کار بە دەقی هیچ یاسایەك و بڕیارێك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایەق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوسن خان دەیەوێت قسە بکات فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەیەکم هەیە لێژنەی ناوخۆ لە بەراستی لام دروست بووە، یەعنی بەرپرسی لێژنەی ناوخۆ حزوری نییە بۆچی وە بە نسبەت کاك بالانبۆش کە ئەندامی لێژنەی ناخۆیە لەراستیدا ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو پەرلەمانێك پێشنیازی هەبووە، یەعنی نازانم دەترسم ئەوە ببێتە خویەك، چونکە

ئەمە چەندین ساعەت دانیشتووینە یەعنی ئەو راپۆرتەیان ئامادە کردووە ئەگەر وابێت ئەوا دەترسم ببێتە خویەك و هەموو لێژنەکان هەموو یاساکان دووبارە ببێتەوە، بۆیە واباشترە یەعنی ئێمە بەنسبەت ئەوانەی کە راپۆرتێك یان یاسایەك حازر دەکەن پێشنیارەکانی خۆمان لەو لێژنەیە، یەعنی تەرح کەین نەك ئەوەی کە بێین لەوێ مەسەلەن هەموو پێشنیارەکان دووبارە بکەینەوە و ئەوە بکەین ئەدی ئەو دانیشتنانەی لێژنە بۆچی یە ئەگەر بڕیار بێت هەمووجار دووبارە بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سەرۆکی لێژنەی ناوخۆ داوای مۆڵەتی کردووە و لێرە نییە و کاك باڵانبۆش بیەوێ دەرفەتی ئەدەین کە ئەو رۆژە بایکۆتی کۆبوونەوەکەی کرد، لە کۆبوونەوەی بابڵێین ئێمە موناقشەمان کرد لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئامادە نەبوو، لەبەر ئەوە ئەگینا لەراستیا ئەو هیچ ماددەیەك نییە لەناو پەیڕەوە رێگامان پێ بدات ئێمە بڵێین ئەندام نابێت قسە بکات، ئەمە زیاتر مەسەلەیەکی جەنتلمانی و ئەوەیە لە بەینی ئەندامانی لێژنە خۆیان بڵێن یەللا ئیتفاق ئەکەین و ئێمە قسە ناکەین، گوێ لە ئەندامانی تر دەگرین و ئەگینا ئێمە لە خولی پێشوو موستەحیل بوو رێگەمان پێ بدرێت بەتایبەتی ئەوانەی سەر مەنەصەکە، بۆ ئەوەی بتوانین قسە بکەین، یەعنی هەر خۆمان ئەگینا ئەی تۆ لە لێژنە نی ئیتر قسەمان نەئەکرد، بەس ئیتر لێرە تازە وا هاتووە بەڵێ ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی کە ماددەیەکی ترمان زیاد کرد کە ماددەی (٢٣) دەبێتە ماددەی (٢٤): کار بەدەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەوە ماددەیە، بەڵێ فەرموو کام ماددە مایکەکەت پێکە ئەوەی کە ووتی پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئێ ئەوە ئێستا ناتوانین بڵێن زیاد کرا، نەدەتوانین بڵێین زیاد نەکرا، دوای لێژنەکان قەرار دەدەن و پەرلەمان قەرار ئەدات، بەڵێ دوای ئەوە هۆکارەکانی دەرچوونمان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤):

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی واقیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێزحسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم یاسایەدا لەم ماددەیەدا من پێشنیار ئەکەم ئەم یاسایە دوای (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان دا جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن: حوکمەکانی یاسای چەك ژمارە (١٦) ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ پێش هاتەکانی قۆناغی ئێستا ناگونجێت بەمەبەستی ڕێکخستنەوەو گونجاندنی دەستداری هەڵگرتنی چەك و تفاق و کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەیان لە سایەی ئەو گۆڕانکارییانەی ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

کێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەکان، بەڵێ دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا پێشنیاری داڕشتنەوەی هۆیەکانی واختۆکارەکانی دەرچوونی دەکەم بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی مۆڵەت و دەستداری و هەڵگرتنی چەك و تفاق و کڕین و فرۆشتن و چاککردەنەوەیان کە بگونجێت لەگەڵ ئەو قۆناغ و گۆڕانکارییەی کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت ئەم یاسایە دەرچووێندرا، چونکە ئەمە لە ماددەی یەکەم قانوونەکامان ئیلغامانکردووە پێویست ناکات لێرە دووبارە سیاغەی ئەو بابەتە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرجەم ئەو لێژنانەی کە ڕاپۆرتی دەنگدانتان لەلایە لە دوای پشووی سەری ساڵ ڕاپۆرتەکانتان ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی کە وەکو پابەندبوونێك لە پەیڕەو ئێمە دانیشتنێکی نائاسایی ئەبێ بکەین بۆ ئەو ڕاپۆرتانە دەنگیان لەسەر بدرێت و بەڕێزتان لە ئێستاوە تا وەکو نۆی مانگ ئەتوانن پشووی سەری ساڵ وەربگرن و زۆر زۆر سوپاسی ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین و بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین.

| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |